چالاكیێن كۆنفرانسێ زانستیێ نیڤدەولەتیێ سیێ

# شۆرەشا ئەیلوولێ وەرچەرخانەك د دیرۆكا سیاسی یا كوردی دا

ئینسكلۆپیدیا پارتی دیموكراتی كوردستان
سەنتەرێ بێشكجی بۆ ڤەكولینێن مرۆڤایەتی
سەنتەرێ ڤەكولینێن جینوسایدێ

زنجیره پەرتوكێن ٦٠ سالیا شۆرەشا ئەیلوولێ (١٩٦١ - ١٩٧٥)

# (20)

كۆنفرانسێ زانستییێ نیڤدەولەتی
شۆرەشا ئەیلوولێ وەرچەرخانەك د دیرۆكا سیاسی یا كوردی دا
١٩٦١/٩/١١ - ١٩٧٥/٣/٦

چالاکیێن کۆنفرانسێ زانستیێ نیڤدەولەتیێ سیێ
کۆمەکا ڤەکولەران

# شۆرەشا ئەیلوولێ وەرچەرخانەك
# د دیرۆکا سیاسی یا کوردی دا

أعمال المؤتمر العلمي الدولي الثالث
مجموعة باحثين

# ثورة أيلول منعطف في التاريخ
# السياسي الكوردى

بەرهەڤکرن و سەرپەرشتیکرن - الاعداد والاشراف
پ. د. نشوان شکری عبد الله
پ. هـ. د سالم جاسم حاجی
د. ازاد سالم محمد

دهۆك - 2021

- **ناڤ و نیشانێ پەرتووکێ:** چالاکیێن کۆنفرانسێ زانستیێ نیڤدەولەتیێ سیێ
شۆرەشا ئەیلوولێ وەرچەرخانەك د دیرۆکا سیاسی یا کوردی دا
- **نڤێسین:** کۆمەکا ڤەکولەران
- **بەرهەڤکرن و سەرپەرشتیکرن:** پ. د. نشوان شکری عبد الله - پ. هـ. د سالم جاسم حاجی
د. ازاد سالم محمد
- **پێداچوونا زمانی:** سەنتەرێ بێشکچی بۆ ڤەکولینێن مرۆڤایەتی – زانکۆیا دهۆک
- **دەرهێنانا هونەری:** خالد توفیق ئامێدی
- **دەرهێنانا هونەری یا بەرگی:** ناسر منبەری
- **وەشانگەر:** ئینسکلۆپیدیا پارتی دیموکراتی کوردستان و زانکۆیا دهۆک
- **ژمارا سپاردنێ:** ل پەرتووکخانێت پارێزگەها دهۆکێ (D/٢٤٨١/٢١) ل ٢٠٢١/٨/١٠

مافێن چاپ © و بەلاڤکرنێ بۆ زانکۆیا دهۆك و ئینسکلۆپیدیا پارتی دیموکراتی کوردستان دپاراستینە

uod.ac/besikci-center
besikci.center.uod.ac
Besikci center for humanities studies BCHS
+964 750 736 27 97

سەنتەرێ بێشکچی بۆ ڤەکۆلینێن مرۆڤایەتی / زانکۆیا دهۆك -کومەلگەها زانکۆیێ -
جادا زاخۆ ٣٨ - ئاڤاهیێ پەرتوکخانا مەلبەندی - قاتێ سیێ

# چالاكيێن كۆنفرانسی

## كۆنفرانسێ زانستيێ نيڤدەولەتيێ سيێ

## ب هەلكەفتا سالڤەگەرا (٦٠) يا شۆرەشا ئەيلوولێ

**شۆرەشا ئەيلوولێ وەرچەرخانەك د ديرۆكا سياسی يا كوردی دا**

**( ١٩٧٥/٣/٦ - ١٩٦١/٩/١١)**

**زانكۆيا دهۆك**

**11 - ١٢/ ئەيلوول/ ٢٠٢١**

# أعمال المؤتمر

## المؤتمر العلمي الدولي الثالث

## بمناسبة الذكرى السنوية الـ (٦٠) لثورة / أيلول

### ثورة أيلول منعطف في التاريخ السياسي الكوردي

**(١٩٦١/٩/١١ - ١٩٧٥/٣/٦)**

جامعة دهوك

١١ - ١٢/أيلول/ ٢٠٢١

# Proceding Conference

## The Third International Conference

## On The 60$^{th}$ Anniversary of Aylul (September) Revolution

Aylul (September) Revolution is a Turning Point

in Kurdish Political History

11/9/1961 -6/3/1975

Duhok University

September 11-12, 2021

# شۆڕشی ئەیلوول، شۆڕشی بەها و بڕوابەخۆبوون

شۆڕشی ئەیلوول بە ڕابەرایەتیی جەنابی بارزانیی نەمر، یەکێکە لە گرنگترین قۆناغەکانی مێژووی خەباتی هاوچەرخی گەلی کوردستان. ڕەهەندە سیاسی و فکری و جیۆگرافی و سەربازی و جەماوەری و کۆمەڵایەتییەکانی شۆڕشی ئەیلوول بەرفراوان و قووڵ و کاریگەرن و لە هەمانکاتیشدا هەڵگری وانە و ئەزموونی زۆر گەورەن بۆ گەلی ستەملێکراوی کوردستان. ئەو شۆڕشە تەکان و بازدانێکی گەورە بوو بە ئاراستەی گەشەی سیاسی و بەرزبوونەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی و دروستبوونی بڕوابەخۆبوون لە لای مرۆڤی کورد. شۆڕشی ئەیلوول بۆیە گرنگ و کاریگەر و وەرچەرخانێکی مێژووییە چونکە لە سنووری هۆز و دەڤەر و ناوچە و کاتێکی دیاریکراودا نەمایەوە بەڵکو سەرتاسەری کوردستانی گرتەوە و ڕەگ و ڕیشەی بە قووڵی لەناو کۆمەڵگەی کوردەواری و شار و دێهاتەکان داکوتا و کاریگەریشی لەسەر بزاڤی کورد لە پارچەکانی تری کوردستانیش بەجێ هێشت.

لە شۆڕشی ئەیلوولدا بەها سیاسییەکان و شۆڕشی چەکداری و ڕێکخستن و کاری حیزبایەتی و بەڕێوەبردن و چالاکیی ڕێکخراوەیی و جەماوەری و تەنانەت خزمەتکردنی زمان و فەرهەنگ و چاپەمەنی لەناو گەلی کوردستاندا هێز و تینی تازەیان وەرگرت و بوونە بەشێك لە بەرنامە و ستراتیژی سەرکردایەتیی شۆڕش. لە شۆڕشی ئەیلوولدا بەردی بناغەی کرانەوە ڕووی جیهان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی گەلی کوردستان لەگەڵ جیهانی دەوروبەردا دانران ئەویش لە چوارچێوەی خەبات بۆ وەرگرتنەوەی ئەو مافانەی بە زوڵم لە گەلی کوردستان زەوت کرا بوون.

شۆڕشی ئەیلوول شۆڕشێکی کوردستانی بوو، لە هەمانکاتیشدا شۆڕشێکی عێراقی بوو. دروشمی سەرەکیی شۆڕش دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بوو. شۆڕشی ئەیلوول ببووە پەناگەیەکیش بۆ خەڵکی تێکۆشەر و خەباتگێڕی عێراقی. ئەم شۆڕشە مەزنە تەنانەت بۆ چرکەساتێکیش تووشی تەون و داوی ئایدیۆلۆژیایی بەرتەسك و شۆڤینیەت و خۆسەپاندن نەبوو. هیچ کات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، پشتی بە تیرۆر و تۆقاندن نەبەست و ڕێگەی نەدا ناکۆکییە سیاسییەکانی لەگەڵ حکوومەتەکانی عێراق شێوەی ناکۆکی تایفی و نەتەوەیی وەربگرێت و بۆ ناو کۆمەڵگەی عێراقی و کوردستانی شۆڕ ببێتەوە. هەر بۆیەشە لەناو ڕیزەکانی شۆڕشی ئەیلوولدا جگە لە کورد، پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی تریش چالاکانە بەشدار بوون. هەر ئەوەش وایکرد لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا چەمك و بەهاکانی پێکەوەژیان و لێبوردەیی لەناو گەلی کوردستاندا قووڵتر ببنەوە.

لە شۆڕشی ئەیلوولدا کورد توانی لە گۆڕەپانی شەڕ و ئاشتی و دانوستاندندا بە چاوکراوەیی و ژیری بەرگری بکات و قسە لەسەر ماف و داواکانی بکات. بە درێژایی شۆڕشی ئەیلوول هێزی پێشمەرگەی

کوردستان یەك دەنگ و یەكڕیز، بە ئیرادەیەكی پۆڵایین و بە خوێنی خۆی لە بست بە بستی خاكی کوردستاندا داستان و قارەمانەتیی بێهەژماری تۆمار کرد و هەر ئەو بەرگری و قوربانیدانە بوو ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقی ئەو کاتی ناچار دەکرد بێنە سەر مێزی گفتوگۆ. شەڕ و بەرگری و سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە لەبەرانبەر سوپای پڕچەکی عێراقدا هەمیشە مایەی سەرسوڕمانی شارەزایانی بواری سەربازی بوو.

گەورەترین دەستکەوتی سیاسی و یاسایی و مێژوویی شۆڕشی ئەیلوول، بەیاننامەی یازدەی ئازاری ١٩٧٠ بوو. بۆ یەکەمجار بوو لەدوای داگیرکاری و دابەشکردنی بە زۆری کوردستان، گەلی کوردستان لە ڕێگەی خەباتی سیاسی و چەکداری و جەماوەرییەوە بتوانێ حکوومەتی عێراقی ناچار بکات دان بە بەشێك لە مافەکانیدا بنێت. ئەگەرچی شۆڕشی ئەیلوول لە ئەنجامی پیلانگێڕییەکی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی تووشی نسکۆیەکی سیاسی هات، بەڵام بەها و ئامانج و هێزی شۆڕشی ئەیلوول کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر مرۆڤی کورد بەجێهێشتبوو کە پاش ماوەیەکی کەم لەدوای نسکۆ، شۆڕش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستانی عێراق بەهێز و ئومێدێکی تازەترەوە لە خەبات و تێکۆشانی خۆی بەردەوام بوو و گەیشتە قۆناغێکی تر و خەباتێکی نوێ کە دەرئەنجام و درێژکراوەی شۆڕشی ئەیلوول بوو و دەستکەوتی گەورەی بۆ گەلی کوردستان بەدیهێنا.

**مسعود بارزانی**

## دەستپێك:

دەستپێکێن چەرخێ بیستێ دهێنە هژمارتن دەستپێکا ئێکێ یا پەیدابوونا بزاڤێن رزگاریخوازی و هزرێن نەتەوەیی و لادان و ژناڤبرنا ئمبراتوریات و پێکئینانا دەولەتێن نەتەوەیی ل دەڤەرا رۆژهەلاتا ناڤین. کورد ژی وەك نەتەوێن سەرەکی بەشەکن ژ ئەڤێ دەڤەرێ، دەست ب درۆستکرنا رێکخستنێن سیاسی، جڤاکی، رەوشەنبیری و پیشەیی کرن، ئارمانج ژێ بدەستڤەئینا مافێن نەتەوەیی.

پشتی شەرێ جیهانیێ ئێکێ کورد ب بزاڤ و شۆرەشا رابوون، لێ ئەو بزاڤ و شۆرەشێن چەکداری د ماوە کورت بوون و گەلەك ڤەنەکێشان، و نەگەهشتنە ئارمانجێن خۆ، دەولەتێن هەرێمی (تورکیا، ئیران، عیراق، سوریا) و هەروەسا دەولەتێن زلهێز وەك ئەمریکا و بریتانیا و ئێکەتیا سوڤێتی وەسا هزر دکرن کو کورد وەك دۆز بدۆماهیك هاتیە و ب ئەوێ پاشەرۆژا رەش یێ کو وان بۆ دارێشتی رازی بووینە و ب ڤی رەنگی لژێر دەستهەلاتا هەر چوار دەولەتێن داگیرکەرێن کوردستانێ هاتنە دابەشکرن. هەر کەسێ بەرپە رێ رۆژنامەگەری و راگەهاندنا ئەوی سەردەمی ڤەکەت و ببینیت دێ بۆ رۆن وئاشکەرا بیت ئەوان پێشبینیکریە کۆ دۆزا کوردان بوویە رابردوو و ب دۆماهیك هاتیە و دووبارە کورد سەرێ خۆ هەلنادەنە ڤە.

لێ شۆرەشا ئەیلۆلێ ئەوا رویدانێن وێ ل ١١ ئەیلوولا سالا ١٩٦١ ب سەرکێشیا مەلا مستەفا بارزانی سەرهلدای دهێتە هژمارتن ژ گرنگترین شۆرەشێن کوردی د چەرخێ بیستێ دا. ب دەستپێکرنا شۆرەشا ئە یلوولێ کەتوارێ رۆژهەلاتا ناڤەراست تۆشی حێبەتیەکێ کر، ژبەر کۆ وەسا دهاتە هزرکرن کۆ کیشا کوردی یا ب دۆماهیك هاتی، و ل هەمان دەم دا ببوو مەترسیەك بۆ هەر چوار دەولەتێن داگیرکەر یێن کو کوردستان دناڤبەرا خۆ دا دابەشکری. چۆنکی نە شۆرەشەکا دەمکی بوویە و دێ بوریت، بەلکۆ پالپشتەك بوویە بۆ کوردان ژبۆ ب دەستڤەئینانا مافێن نەتەوایەتی یێن رەوا و یا دویر نینە ژ راستیێ ئە گەر بێژین کۆ شۆرەشا ئەیلوولێ ئەوا ل کوردستانا عیراقێ سەرهلدای کوردان ژ هەر چوار پارچێن کوردستانێ بەشداری تێدا کریە، لەوا بوویە ئەگەر شۆرەش ژ چارچووڤێ خۆ یێ نافخوویی و ناوچەیی دەرباز ببیت بۆ شۆرەشەکا چەکداری و سەرتاسەری کۆ هەمی دەڤەرێن کوردستانا باشۆر بخۆڤە گرتبوون، ئارمانجا وێ داخازکرن و بدەستڤەئینانا مافێن نەتەوایەتی بۆ کوردان: وەك ناسنامە و زمان و سینۆران، ژبەر ڤێ چەندێ شۆرەشا ئەیلوولێ یا جیاواز بوویە ب چەند سالۆخەتەکا ژ شورەشێن دیتر یێن کوردی وەك:

1. درێژترین شۆرەشا کوردی بوویە د دیرۆکا بزاڤا سیاسی و چەکداری یا کوردی دا.
2. ئێکەم شۆرەش بوویە شیایە جۆگرافیا کوردستانا باشۆر هەمیێ بخۆڤە بگریت.
3. ئێکەمین شورەشا کوردی بوویە ژ رێکخستنەکا سیاسی یا مودێرن هاتیە برێڤەبرن.

4. ژ هەمی تەخێن جڤاکی و سیاسی و رەوشەنبیری یێن کوردی بەشداری تێدا کریە.
5. کارتێکرنا خۆ لسەر پارچێن دیتر یێن کوردستانێ هەبوویە.
6. شۆرەش ژلایێ دبلۆماسی ڤە شیایە پەیوەندیان دگەل چەند دەولەت و بزاڤێن سیاسی یێن عیراقی و هەرێمی و جیهانی درۆست بکەت.
7. تا رادەکی شیایە دەنگێ کوردان بگەهینتە رایا گشتی یا جیهانی.

## ئارمانجێن کۆنفرانسی:

1. دوکیومێنتکرنا رویدانێن شۆرەشا ئەیلوولێ و ڤەدیتن و ڤەکۆلینکرنا لایەنێ وێ یێ سیاسی، دیرۆکی، جڤاکی، ئابووری و راگەهاندن.
2. ڤەکۆلین و بەرچاڤکرنا گرنگترین دەستکەفتێن شۆرەشێ.
3. هاندانا ڤەکۆلەران ژبۆ پێشکێشکرنا ڤەکۆلینێن ئەکادیمی لسەر کاودانێن کوردستانا عیراقێ د ماوێ شۆرەشێ دا.
4. بەرچاڤکرن ودیارکرنا رۆلێ تەخێن جڤاکی د پالپشتیکرنا شۆرەشێ دا.
5. هاندانا نڤێسین و تۆمارکرنا دیرۆکا زارەکی یا شۆرەشێ.

## تەوەرێن کۆنفراسی:

**تەوەرێ ئێکێ:** رویدانێن بەری شۆرەشێ

1. تێگەهێ هزری: هزرا سیاسی و نەتەوەیی یا کوردی بەری شۆرەشێ.
2. دیارکرن و بەرچاڤکرنا رۆلێ مەلا مستەفا بارزانی د بزاڤا سیاسی یا کوردی دا.
3. ئەگەر و هۆکارێن پەیدابوونا شۆرەشا ئەیلوولێ.

**تەوەرێ دووێ:** لایەنێ جڤاکی و ئابووری و کارگێری یی شورەشێ.

1. رێکخستنێن کارگێری و دادی ل دەڤەرێن ژێر دەستهەلاتا شۆرەشێ.
2. لایەنێ جڤاکی، ئابووری، رەوشەنبیری، پەروەردەیی و خزمەتگۆزارییێن ساخلەمی ل دە ڤەرێن. ژێر دەستهەلاتا شۆرەشێ.
3. رۆلێ تەخێن جڤاکی، سیاسی و رەوشەنبیری د شۆرەشا ئەیلوولێ دا.
4. رۆلێ ئافرەتێ د پشتەڤانیکرنا شۆرەشێ دا.

**تەوەرێ سیێ:** لایەنێن لەشکەری یێن شۆرەشێ

1. پێکهاتێن لەشکەری یێن شۆرەشێ (پێشمەرگەه).

2. ژێدەرێن شۆرەشێ ژلایێ ئازۆقەی و کەل و پەلێن دیتر.
3. هەر شەش شەرێن شۆرەشێ (١٩٦٢، ١٩٦٣، ١٩٦٥، ١٩٦٦، ١٩٦٩، ١٩٧٤).
4. چوونا چەند تەخەکێن جڤاکی بۆ لایێ حکۆمەتا عیراقێ و شەرکرن دژی شۆرەشێ.

**تەوەرێ چوارێ:** شۆرەش و راگەهاندن

1. رۆلێ راگەهاندنێ د شۆرەشا ئەیلوولێ دا ... راگەهاندنا شۆرەشێ، راگەهاندنا عیراقی، هەرێمی و نێڤدەولەتی.
2. شۆرەش د گۆتار و نڤێسینێن رۆژنامەڤانێن بیانی دا ئەوێن شیاین بگەهنە جهێن شۆرەشێ و چاڤپێکەفتن دگەل سەرکێشێ شۆرەشێ.

**تەوەرێ پێنجێ:** بیردانك و دیرۆکا شۆرەشێ

1. شۆرەش د بیاڤێ ئەکادیمی دا.
2. شۆرەش د بیرهاتنێن پێشمەرگێن بەشداری تێدا کرین.
3. شۆرەش دبیرهاتنێن مەزنە سەرکردێن لەشکەرێ عیراقێ.
4. دیرۆکا زارەکی یا شۆرەشا ئەیلوولێ.
5. ئەرشیفێ شۆرەشێ (دەستنڤیس و بەلگەنامە).

**تەوەرێ شەشێ:** هەلویستێ هەریمی و نیڤدەولەتی ژ شۆرەشێ

**تەوەرێ حەفتێ:** دان و ستاندن دگەل حکۆماتێن عیراقێ یێن لدویف ئێك و رێکەفتناما 11/ ئادارا سالا 1970.

**تەوەرێ هەشتێ:** هۆکارێن بووینە ئەگەرێ شکستنا شۆرشا ئەیلوولێ و کارتێکرنا وێ لسەر کەتوارێ کوردی ل کوردستانێ.

# لیژنێن کۆنفرانسی:

## لیژنا زانستی

| **<u>ناڤ</u>** | **<u>زانکۆ</u>** |
|---|---|
| پ.د. عبدالفتاح علی البوتانی/ سەرۆك | ئەکادیمیا کوردی - هەولێر |
| پ.د. نشوان شکری عبدالله / ئەندام | زانکۆیا دهۆك |
| پ.د. محمد إحسان/ ئەندام | کولیژا لەندەن یا کینگز |
| پ.د. هوکر طاهر توفیق/ ئەندام | زانکۆیا زاخۆ |
| پ.د. فرهاد إبراهیم سیدر/ ئەندام | زانکۆیا إیرفورت - ئەلمانیا |
| پ.د. شیرزاد زکریا محمد/ ئەندام | زانکۆیا زاخۆ |
| پ.هـ.د. فریدون رحمانی/ ئەندام | زانکۆیا یورك – کەنەدا |
| پ.هـ.د.حسین شینهانلی أوغلو/ ئەندام | زانکۆیا عنتاب - تورکیا |
| پ.هـ.د. حبیب إبراهیم/ ئەندام | پەیمانگەها ڤەکۆلینێن رۆژنامەڤانی/ زانکۆیا رۆر بوخوم - ئەلمانیا |
| د. کاتارینا لانگێ/ ئەندام | سەنتەرێ لایبنیز بۆ ڤەکۆلینێن رۆژهەلاتا نوی - بەرلین |
| د. سالم جاسم حاجی/ ئەندام | زانکۆیا دهۆك |
| د. ازاد سالم محمد / ئەندام | زانکۆیا دهۆك |

## لیژنا ئامادەکاری

| **<u>ناڤ</u>** | **<u>زانکۆ</u>** |
|---|---|
| پ.د. نشوان شکری عبدالله / سەروك | زانکۆیا دهۆك |
| إبراهیم محمود/ ئەندام | زانکۆیا دهۆك |
| د. أکرم فتاح سلیم / ئەندام | زانکۆیا دهۆك |
| د. کوثر محمد علی / ئەندام | زانکۆیا دهۆك |
| عطم مصطفی عبدالقادر / ئەندام | زانکۆیا دهۆك |
| عزالدین ناسو/ ئەندام | زانکۆیا دهۆك |
| عادل حسن رشید / ئەندام | زانکۆیا دهۆك |
| م.هـ.شمال خمو خچر/ ئەندام | زانکۆیا دهۆك |
| خالد توفیق محمد / ئەندام | زانکۆیا دهۆك |
| مصلح حمزه حسن/ ئەندام | زانکۆیا دهۆك |
| ولات توفیق/ ئەندام | زانکۆیا دهۆك |

## ليژنا دويفچچوونا تەوەران

| ناڤ | زانكۆ |
| --- | --- |
| د. سالم جاسم حاجي / سەروك | زانكۆيا دهۆك |
| پ.د. نشوان شكري عبدالله/ ئەندام | زانكۆيا دهۆك |
| پ.ھ.د. سعيد خديدا علو / ئەندام | زانكۆيا دهۆك |
| د. آزاد سالم محمد / ئەندام | زانكۆيا دهۆك |
| د. وجيه عفدو علي / ئەندام | زانكۆيا دهۆك |
| م. أحمد محمد عبدو / ئەندام | زانكۆيا دهۆك |
| سامي سالم محمد / ئەندام | زانكۆيا دهۆك |
| إبراهيم خليل موسى/ ئەندام | زانكۆيا دهۆك |

ئامادەكارێن كۆنفرانسى

# پێڕست


ڕۆلی حەمەڕەشیدخانی بانە لە پشتیوانی مستەفا بارزانی لە شۆڕشی ئەیلولدا

پ.د. کەیوان ئازاد ئەنوەر........................................................ ٢١

کاریگەری نەفت لە سەر ڕێککەوتننامەی (١١) ئاداری ساڵی ١٩٧٠ توێژینەوێکی شیکارییە

پ.د.ئازاد شکور صالح ........................................................ ٥٣

شۆڕشی ئەیلول لە ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا (١٩٦١ – ١٩٧٥)

م. فاروق محەمەد محەمەد ئەمین ، م. ی. ئیدریس محمد محمود ........................ ١٠١

وێنەی کورد و شۆڕشی ئەیلول لە ڕۆژنامەگەری ئەڵمانی دا لێکدانەوەیەکی زانستی بابەتیانە لە گوتارەکانی هەفتەنامە دی تسایت ((Die Zeit

أحمد طارق جميل........................................................ ١٣٧

رول و قوربانیێت خەلکێ گوندێ بابیرێ د شورەشا ئەیلولێ دا (١٩٦١ - ١٩٧٥)

پ. هـ. د. حكيم عبدالرحمن زبير بابيرى........................................................ ١٧٧

ئاراستە و شوناسی نیشتمانی لە بیری سیاسی مستەفا بارزانی (١٩٠٣-١٩٧٩)

پ.ی.د. ئاراس اسماعیل خضر ، م. قارەمان حەیدەر ڕەحمان ، م.ی. نەوشیروان شەریف سەعید ........................................................ ٢٠٥

عیسمەت شریف وانلی نوێنەری شۆرشی ئەیلوول لە ئەوروپا ١٩٦٤-١٩٧٥

پ.د. ئیسماعیل محمد حصاف ، م. هاوکار کریم حمەشریف ........................ ٢٣٣

هەلۆیستێ ئەمریکا ژ شۆرەشا ئەیلۆلێ ١٩٧٢-١٩٧٥

کاروان صالح وەیسی ........................................................ ٢٥٥

هەڵویستێ ئیسرائیلێ بەرانبەر شورەشا ئەیلوولێ١٩٦٣ - ١٩٧٥

روژین چلبی منیر ........................................................ ٢٨٧

رەهەندێن ناسیۆنالیزمێ د شۆرەشا ئەیلۆلێ دا(١٩٦١-١٩٧٥)

سەفین رەشید عەلی ........................................................ ٣١١

ڕێکخستن و مۆبیلیزەکرنا بزاڤا رزگاریخوازی د کۆنتێکستا ناسیۆنالیزمێ دا: شۆرشا ئەیلوولێ (١٩٦١-١٩٧٥) وەك نموونە
**پ. ه. د. هەوار خلیل تاهر** ........................................ ٣٣١
شۆڕشی ئەیلوول لە ژمارە (یەکی) گۆڤاری "دەنگی کوردستان" لێکۆڵینەوەیەکە لە ناوەرۆکی گۆڤارەکە
**پ. د. ئازاد عوبێد ساڵح** ........................................ ٣٥٣
ثورة ١١ أيلول ١٩٦١ في كتابات ومذكرات عدد من كبار ضباط الجيش العراقي ١١ أيلول ١٩٦١ - ١١ آذار ١٩٧٠ "دراسة اولية"
**أ.د. عبدالفتاح علي البوتاني**........................................ ٣٧١
اتفاقية اذار سنة ١٩٧٠دراسة تحليلية لابعادها التأريخية والجغرافية
**أ.د. خليل اسماعيل محمد** ........................................ ٤١٣
الفكر السياسى لثورة أيلول ١٩٦١-١٩٧٥ دراسة تحليلية
**د. عبدالرحمن كريم درويش**........................................ ٤٣١
معركة هندرين فى المصادر الكردية والعراقية دراسة تحليلية مقارنة
**أ.د. فرست مرعي** ........................................ ٤٥٧
القضية الكردية فى ظل المفاوضات للمدة (١٩٦٥-١٩٧٥)
**أ.م. د أيمن عبد عون** ........................................ ٤٩٣
سياسة الحكومة الإيرانية تجاه اندلاع الثورة الكوردية فى العراق (١٩٦١- ١٩٦٣م)
**ابتهاج بنت عادل القاسمي** ........................................ ٥١٥
ملا مصطفى البارزاني وثورة أيلول في الأفلام الوثائقية التلفزيونية (ملا مصطفى البارزانى) و (البارزانى الخالد) أنموذجاً
**د.كوثر محمد علي جبارة** ........................................ ٥٤١
**سياسة الحكومة التركية تجاه تطورات القضية الكردية فى العراق ١٩٥٨-١٩٦٣م**
عمر محمد صالح محمد ........................................ ٥٧٣

## کورتە ڤەکۆلین(أوراق بحثية)


شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و ڕەنگدانەوەی لە هونەری میللی کوردیدا .. !

**ئەسعەد عەدۆ** ........................................................................ ٥٩٩

بزاڤی میدیایی سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول دامەزراندن و پێشەنگی ١٩٦١-١٩٧٥

**پ.ی.د. محمد خدر مولود** ........................................................................ ٦٠٧

کۆمەلا خوێندکارێن کورد ل ئەوروپا

**م. عارف رشدي** ........................................................................ ٦٢٩

ناكۆكی وململانێ ناوخۆییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی -عێراق لەماوەی شۆڕشی ئەیلولدا

**د. چنار سەعد عەبدوڵلا** ........................................................................ ٦٤٧

حول تغطية الصحافة الغربية والعربية لثورة أيلول (١٩٦١) الكوردستانية في العراق

**شێرکو حبیب** ........................................................................ ٦٦٣

سينما ثورة أيلول حوارات وتحليل

**د. كوثر محمدعلي جبارة** ........................................................................ ٦٨٣

The psychological warfare tactics during the September revolution 1961-1975

**Dr. Habeeb Ibrahim**.......................................................... 1

# ڕۆڵی حەمەڕەشیدخانی بانە لە پشتیوانی مستەفا بارزانی لە شۆڕشی ئەیلولدا

پ.د. کەیوان ئازاد ئەنوەر

مامۆستای بەشی مێژوو لە زانکۆی سولەیمانی

Kaiwan.anwer@univsul.edu.iq

**پوختە:**

یەکێك لە لایەنە بەهێزەکانی شۆڕشی ئەیلول لەنێوان ساڵانی (١٩٦١-١٩٧٥ز)دا پشتیوانیکردنی چەندین کەسایەتی دیاری نێو کۆمەڵگای کوردی بوو لە سەرکردە و ڕێبەری شۆڕشەکە (مستەفا بارزانی). ئەو کەسایەتیانە سەرباری ئەوەی هێزێکی مرۆیی و مەعنەوییان بە شۆڕشەکە بەخشی، سەرکردە و ڕێبەری شۆڕشەکەشیان لەماوەی (١٤) ساڵی تەمەنی شۆڕشدا تەنیا نەکرد. هەربۆیە بێ خستنەڕووی ڕۆڵی هەریەك لەو کەسایەتی و سەرۆك هۆز و سەرۆك خێڵە شۆڕشگێڕانە، ئەستەمە لە واقیعەتی ئەو شۆڕشە و ئەو ماوەیە تێبگەین، کە پێدا تێپەڕی. یەکێك لەو کەسایەتییە دیارانەش (حەمەڕەشیدخانی بانە) بوو. ئەو کەسایەتییەی بەر لە شۆڕش و دەسپێکی لە (١١ی ئەیلولی١٩٦١ز)، تا ئەو کاتەی لە (٤ی کانوونی یەکەمی١٩٧٤ز) کۆچی دوایی کرد، بۆ یەك ساتیش پشتی نەکردە سەرکردەی شۆڕشەکە.

لێرەوە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنێکی سێیەمین کۆنفرانسی زانستی زانکۆی دهۆك، کە لەلایەن (سەنتەری بێشکچی بۆ توێژینەوەی مرۆیی) ئەنجام دەدرێت، ناونیشانی توێژینەوەکەمان بە (ڕۆلی حەمەڕەشیدخانی بانە لە پشتیوانی مستەفا بارزانی لە شۆڕشی ئەیلولدا) چەسپاند. بۆ ئەو مەبەستەش توێژینەوەکەمان بۆ (سێ) تەوەر دابەشکرد. لە تەوەری یەکەم باسمان لە ژیان و کەسایەتی (حەمەڕەشیدخانی بانە) کردووە، تا هەڵایسانی شۆڕشی ئەیلول، لەپاڵ تیشك خستنەسەر شۆڕشی ئەیلول لە نێوان ساڵانی (١٩٦١-١٩٧٥ز)دا. لە تەوەری دووەمیشدا تیشکمان خستۆتەسەر مێژووی پەیوەندی (مستەفا بارزانی و حەمەڕەشیدخانی بانە) پێش شۆڕش و لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا. دوا تەوەریش، کە تەوەری سێیەمە بۆ ڕۆڵی (حەمەڕەشیدخانی بانە لەو شۆڕشە و پشتیوانی بۆ سەرکردە و ڕێبەری شۆڕشەکە تەرخانکراوە، لەگەڵ ئەو ئەنجامانەی توێژەر لە ئاستانەی ئەم توێژینەوەیە پێگەیشتووە، لەگەڵ خستنەڕووی ئەو سەرچاو و دیکۆمێنت و وێنانەی بۆ ئەم توێژینەوە سوودی لێوەرگیراوە.

وشەسەرکییەکان: بارزانی ، ئەیلوول ، شورەش ، حەمەڕەشیدخانی ، مەلا مستەفا

## پێشەکی

(حەمەڕەشیدخانی بانە) بە یەکێك لە کەسایەتییەکانی مێژووی هاوچەرخی کورد دادەنرێت، کە مێژوویەکی دۆستایەتی لەگەڵ (مستەفا بارزانی) هەبوو. ئەو سەرباری ئەوەی وەك سەرکردەیەکی دیاری خۆرهەڵاتی کوردستان ناسراو لەساڵانی (١٩٢٥-١٩٢٨ز)و (١٩٤١-١٩٤٤ز) سەرکردایەتی

جوڵانەوەیەکی چەکداری لە دژی ڕژێمی پادشایەتی ئێران کرد و دواتر بەشداری لە کۆماری کوردستاندا کرد لە (مەهاباد)و پلەی (جنراڵ)ی پێدرا، بەڵام لەنێوانساڵانی (١٩٦١-١٩٧٤ز) وەك پشتیوانێکی گەورەی (مستەفا بارزانی) لە شۆڕشی ئەیلول و پێشمەرگەیەکی ئەو شۆڕشە هاتە نێوناوان. ئەوەش لەلایەك بۆ ئەو هەستە کوردایەتی گەڕایەوە، کە ناوبراو هەیبوو. لەلایەکی دیکەوە بۆئەو متمانەیە گەڕایەوە، کە بە (مستەفا بارزانی) هەیبوو لە سەرکردایەتیکردنی شۆڕشی ئەیلولدا. ئەو مێژوو و پەیوەندییەش ئێمەی هاندا، توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر (ڕۆڵی حەمەڕەشیدخانی بانە لە پشتیوانی مستەفا بارزانی لە شۆڕشی ئەیلولدا) ئامادە بکەین. ئامانج لەو کارەشمان خزمەتکردن بوو بە سێیەمین کۆنفرانسی زانستی زانکۆی دهۆك، کە لەلایەن (سەنتەری بێشکچی بۆ توێژینەوەی مرۆیی) بۆ یادی پەنجا ساڵەی شۆڕشی ئەیلول کاریان لەسەر کرد، تا کەلێنێك لە مێژووی ئەو شۆڕشە پڕ بکاتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش توێژینەوەکەمان بۆ (سێ) تەوەر دابەشکرد. تەوەری یەکەممان بۆ ژیان و کەسایەتی (حەمەڕەشیدخانی بانە)و تیشك خستنەسەر شۆڕشی ئەیلول لە نێوان ساڵانی (١٩٦١-١٩٧٥ز)دا تەرخانکرد. تەوەری دووەمیش بۆ مێژووی پەیوەندی (مستەفا بارزانی و حەمەڕەشیدخانی بانە) پێش شۆڕش و لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا دیاریکرا. دوا تەوەریش، کە تەوەری سێیەمە بۆ ڕۆڵی (حەمەڕەشیدخانی بانە لەو شۆڕشە و پشتیوانی بۆ سەرکردە و ڕێبەری شۆڕشەکە تەرخانکرا. بەو ەیوایەی کارێکی زانستیمان پێشکەشی ئەو کۆنفرانسە زانستییە کردبێت و جێگای قبوڵکردنیان بێت.

## تەوەری یەکەم: ژیان و کەسایەتی (حەمەڕەشیدخانی بانە و هەڵایسانی شۆڕشی ئەیلول)

### ١- ژیان و کەسایەتی (حەمەڕەشیدخانی بانە)

(حەمەڕەشیدخان کوڕی قادرخان کوڕی عەبدوڵلابەگ کوری بارام بەگ کوڕی سلێمان بەگ)و لە بەگزادەکانی بانەیە((ملا رسول کوخه مامی: فتح دلاوران بانه، دەستنووس، لل٢-٣؛ قانع، دەستنووس، ل٣، چاوپێکەوتنی حاجی کەریم بەگی کانی ناو، (٢٥تشرینی دووەمی١٩٩٤)). بە چەند پشتێك دەگەڕێتەوە سەر (سلێمان بەگی بانە)( کوخه مامی، لل٢-٣). ساڵی (١٨٨٩ز) لە گوندی (شیوەگوێزان)ی سەر بە ناوچەی پێنجوێن لەدایکبووە. لە تەمەنی (حەوت) ساڵیدا خراوەتە بەرخوێندن و لای مامۆستایانی ئایینی ناوچەکە و لە حوجرەی مزگەوتی گوندەکانی (شیوەگوێزان، وێنە، نەنۆر) فێری خویندنی ئایینی بووە. لەپاڵ خوێندنیش و بەپێی نەریتی ئەو ڕۆژگارەی کۆمەڵگای کوردی، فێری ئەسپسواری و ڕاوکردن و بەکارەێنانی خەنجەر و تاپڕ و یانزە تیر و تفەنگ بووە(قانع، لل٣-٤)و بە (کوڕی چیا) ناسراوە(قازی ڕەحیم، مخگوگە، ص١٨). دوای کۆچی دوایی (قادرخان)ی باوکیشی لەساڵی (١٩٢٥ز) ئەرکی سەرپەرشتیکردنی بنەماڵەکەی کەوتە ئەستۆ ((چاوپێکەوتنی مەجیدخانی کوڕی حەمەڕەشیدخان، (١٧ی تشرینی یەکەمی١٩٩٣) )).

یەکەم دەرکەوتنی بۆ ساڵی (١٩٢٥ز) دەگەڕێتەوە، کاتێك هێزێکی سووپای ئێران بە فەرماندەیی (سەرهەنگ مەهدی قولیخان) بە هاوکاری هۆزە کوردییەکانی (مەنگوور، دیبوکری، مامەش)ی ناوچەی موکریانی، کە ژمارەیان (دوو هەزار) کەس دەبوو(موحسینی خالیدی١٣٩٩ه.ش، ل٥٠)، پەلاماری (گوندی وێنە)ی سەر بە ناوچەی پێنجوێنی سەر سنووریاندا، بەڵام (حەمەڕەشیدخان) بە هێزێکی (یانزە) کەسی ڕوبەڕووی بوویەوەو ناچار بە پاشەکشەی کردن((چاوپێکەوتنی میرزا سدیقی فەقێ مەحمودی چنگیانی، (٣١ی تەمموزی١٩٩٢ز)؛ چاوپێکەوتنی حاجی کەریم بەگی کانی ناو،(٢٥تشرینی دووەمی١٩٩٤ز)؛ چاوپێکەوتنی حەمەئەمین بەگی باراوا، (٢٨تشرینی دووەمی١٩٩٤) )).

ئەو ڕووداو و سەرکەوتنە ەانیدا پەلاماری شاری (بانە) بدات. هەربۆیە لەساڵی (١٩٢٦ز) بە هاوکاری بەگزادەکانی بانە پەلاماری شارەکەیدا. جاری یەکەم لەساڵی (١٩٢٦ز) سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام لە هاوینی ساڵی (١٩٢٧ز)ودوای ئەوەی هۆزی پشدەر لە شاڵاوێکدا پەلاماری شاری (سەردەشت)یانداو ئەو شارەیان دوای گەمارۆیەکی یەك مانگی کۆنترۆڵ کرد(توکلی١٣٦٣ه.ش، لل١٨٣-١٨٤). لە گرتنی شاری بانەشدا سەرکەوتوو بوو. هێزەکەی سووپای ئێرانیش لەو سنوورە بۆ شاری (سەقز) پاشەکشەی کرد(توکلی، ل١٨٤). دوای یەك ساڵ جارێکیتر سووپای ئێران شارەکەی گرتەوەو هێزەکەی (حەمەڕەشیدخان)یش ناچار بە پاشەکشەکرد بۆ ناوچەی پێنجوێن.

ئەو ڕووداوانە ناڕەزایی دەوڵەتی ئێرانیان هێنایە سەر دەوڵەتی ئێراق و لە میوانداریيەکدا لەلایەن (ئەحمەد توفیق) موتەسەریفی سلێمانی فرمانی دووخستنەوەی بۆ لیوای موسڵدا. ئەوە بوو لەنێوان ساڵانی (١٩٣٢-١٩٣٣ز) بۆ هەردوو شاری (موسڵ و ئامێدی) دوورخرایەوە(قانع، لل٥-٦؛ چاوپێکەوتنی مەجیدخانی کوڕی حەمەڕەشیدخان). دوای (دوو) ساڵ دوورخراوەیش دواجار لە (ناوەڕاستی مانگی تەمموزی١٩٣٣ز) لەسەر داوای فەرمانداری ئامێدی لە دەسەڵاتدارانی ئێراق و لەسەر کەفالەتی (شێخ لەتیفی حەفید و حەمەی ئەورەحمان ئاغا) ئازادکراو بۆ زێدی خۆی لە ناوچەی پێنجوێن و گوندی وێنە گەڕایەوە(ئەحمەد باوەر٢٠١٠، ل٤٢).

دوای (سێ) ساڵ و بەهۆی مەترسی بۆ سەر سنوورەکانی دەوڵەتی ئێران لەنێوان ساڵانی (١٩٣٦-١٩٣٧ز) جارێکی تر لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراق داواکراو لەسلێمانی زیندانیکرا، بەڵام دواتر بە هەوڵی (کۆمەڵەی برایەتی)و دوای شکاندنی زیندانەکە ڕزگاری بوو وە گەڕایەوە ناوچە سنوورییەکان((میرزا موحەمەد ئەمین مەنگوڕی ٢٠٠٠، ا/١٨٩-١٩٠؛ کەریم زەند٢٠٠٤، ل١٥٧؛ فؤاد عارف فی حوار صحفی، (الاتحاد)، (١٩٩٨/٧/٢٥)، ص٥)). دیارە بەهۆی ئەوەشی لە زیندان ڕزگاربوو، مەحال بوو بگەڕێتەوە گوندەکەی. ئەمەو جگە لەوەی ماڵ و باخەکەی لە گوندی (وێنە) لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراقەوە تێکدرابوو، هەربۆیە لە ناوچە سنوورییەکان مایەوە، تا سەرقاڵی هەردوو دەوڵەتی پادشایەتی عێراق و ئێرانی بە جەنگی دووەمی جیهانییەوە قۆستەوەو درەفەتی پێدا گوندی (دارۆخان) لەو دیو گوندی (وێنە) ئاوەدان بکاتەوە(قازی رحیم، ل١٣؛ چاوپێکەوتنی مەجیدخانی کوڕی حەمەڕەشیدخان).

ئەو گۆڕانکارییەشی بەهۆی جەنگی دووەمی جیهانییەوە هاتە ئارا، دەرفەتی پێدا بە پشتیوانی هۆز و کەسایەتییەکانی ناوچەکانی (بانە، سەردەشت، سەقز) دەست بە چەند جوڵانەوەیەکی چەکداری بکات و شارەکانی (بانە، سەردەشت، سەقز) بگرێت و دەستی بگاتە شارەکانی (دیواندەر و مەریوان)یش. ئەم جوڵانەوەیە لەنێوان ساڵانی (١٩٤١-١٩٤٤ز) خایاند((ملا رسول کوخە مامی، دەستنووس، لل٤٢-٤٧)؛ جریان اردوکشیهای کردستان، (اگلاعات)، (١٣٢٣/٩/٩ه.ش، ص٣؛ مەنگوڕ، ١٩٢/١-٢٠٠؛ حسن ارفع، ١٣٨٢ه.ش، صص١٠٧-١١٠)).

لە ساڵی (١٩٤٦ز)یش پەیوەندی بە کۆماری کوردستانەوە کرد و پلەی جنراڵی پێدراو کرایە فەرماندەیی هێزەکانی بۆکان و مەنتیقە، کە بارەگاکەی (گوندی سەرا) بوو(ویلیام ایغلتن٢٠١٢، صص١٣٥-١٣٦؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین٢٠٠٦، ل١٨٠). لەو ماوەیەشداو تا ئەو کاتەی لە (٢ی ئابی١٩٤٦ز) بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ (پێشەوا قازی موحەممەد) لەسەر ئاراستەی گفتوگۆکانی (تاران-مەهاباد) وازی لە کۆمار هێناو گەڕایەوە گوندەکەی خۆی لە (دارۆخان)(مەنگوڕی، ٩١/١-١٥١)؛ چاوپێکەوتنی مەجیدخانی کوڕی حەمەڕەشیدخان))، ڕۆڵی لە پاراستنی سنووری خۆرهەڵاتی کۆماردا هەبوو لە ڕووی سووپای دەوڵەتی ئێراندا، کە بنکەکەی شاری (سەقز) بوو(د. کەیوان ئازاد ئەنوەر، لل١٢٠-١٢٨). بەهۆی بەشداریکردنیشی لە کۆمارو بەهۆی ئەوەی دوای وازهێنانی گەڕایەوە زێدی خۆی لە گوندی (دارۆخان)، لەلایەن دەسەڵاتدارانی ڕژێمی پادشایەتی دەستگیرکراو لەساڵی (١٩٤٧ز) بۆ شاری (رومادی) دوورخرایەوە. ساڵی (١٩٥٠ز)ش هێنرایەوە شاری (کەرکوك)و تا (٨ی تەممووزی١٩٥٨ز) بە دوورخراوەیەی لەوێ مایەوە(د. کەیوان ئازاد ئەنوەر، لل١٤٩-١٥٥).

لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ساڵی (١٩٥٨ز) عێراق و رووخانی ڕژێمی پادشایەتی و هاتنەسەر کاری ڕژێمی کۆماری لە (١٤ی تەممووزی١٩٥٨ز)، پشتیوانی لەو گۆڕانکارییە سیاسییەی عێراق کرد و لە (٢٧ی مایسی١٩٥٩ز) لەگەڵ پۆلێك کەسایەتی سنووری ناوچەی پێنجوێن سەردانی (عەبدولکەریم قاسم)یان لە بەغداد کرد و لە کۆشکی کۆماری پێشوازیان لێکرا((جریده الجمهوریه، (١٩٥٩/٥/٢٨)؛ چاوپێکەوتنی مەحمود بەگی گوڵێ، (٨ی تەممووزی١٩٩٢) )). دواتر گەڕانەوە ناوچە و گوندی خۆیان و تا ئەو کاتەی لە (٤ی کانوونی یەکەمی١٩٧٤ز) کۆچی دوایی کرد لەوێ مایەوە(ئازاد ئەنوەر حەمەڕەشیدخان، بیرەوەرییەکانی ساڵانی (١٩٥٩-١٩٧٤).

ماوەتەوە بڵێین، لەڕووی خێزانییەوە لە ماوەی ژیانیدا (چوار) ژنی بە ناوەکانی (نەجیبە سلێمان، سەکینە سەید ڕەزا، عەدلە حەمە ساڵح، تەلیعە حەمە ساڵح) هێنا. لەوانەیش (دوو) کوڕی بە ناوەکانی (مەجید/١٩٢٢-١٩٩٤ز)و (ئەنوەر/١٩٢٤-٢٠١٠ز)و (سێ) کچی بەناوەکانی (فاتیمە/١٩٢٦-١٩٨٧ز)، (حەفسە/١٩٢٨-١٩٨٩ز)، (بەهێ/١٩٢٨-١٩٨٩ز) بووە(مەنگوڕی، ١٨٨/١). لە رووی کەسایەتیشەوە خاوەنی چەندین خەسڵەت بوو، لەوانە لە شەڕدا لە ڕیزی پێشەوەو هێزەکانی بوو، لە هیچ شەڕێکیشدا لە دوای هێزەکەیەوە نەبوو. هەروەها ڕێزی هەموو کەس بەبێ جیاوازی تەمەن و ئاستی کۆمەڵایەتی و

پێگەی سیاسی گرتووە. خۆشی لە کەس بە گەورەتر نەزانیووەو هەستی خۆبەزلزان تێدا نەبووە. بیرو هۆشیشی بەهێز بووە، واتە هەرگیز کەس و شوێنێکی بیر نەدەچووە، کە پێشتر بینبووی و یان ناسیبووی. ووتەیەکیشی بیر نەدەچووە، کە پێشتر بۆی کرابێت. لە قسەکردنیشدا ورد و نەرم و هێمن و نەرم و لەسەرخۆ بوو. تەنیا لەبەرامبەر ناحەق و کاری ناڕەوا ناشایستەدا توندو قسە ڕەق بوو((چاوپێکەوتنی مەجیدخانی کوڕی حەمەڕەشیدخان؛ چاوپێکەوتنی میرزا سدیقی فەقێ مەحمودی چنگیانی، چاوپێکەوتنی حاجی کەریم بەگی کانی ناو؛ چاوپێکەوتنی حەمەئەمین بەگی باراوا، چاوپێکەوتنی ئازاد ئەنوەر حەمەڕەشیدخان، (١٥ی ئابی١٩٩٨) )).

## ٢. هەڵایسانی شۆڕشی ئەیلول (١٩٦١-١٩٧٥ز)

(شۆڕشی ئەیلول) لە قۆناغی مێژووی هاوچەرخدا لە درێژترین شۆڕشەکانی کورد بوو لە سەرتاسەری کوردستان لە سەدەی بیستەمدا. هەڵگیرساندنی ئەو شۆڕشەش وابەستە بوو بەبێ بەڵێنی (عەبدولکەریم قاسم)، بەو بەڵێن و مافانەی پێشتر و لەکاتی سەرکەوتنی کودەتاکەیدا لە (١٤ی تەمووزی١٩٥٨ز) بە کوردیدا بوو(مجید خدوری١٩٧٤، صص٣٣٦-٣٣٨). واتە ئەگەر ناوبراو و حکومەتەکەی تەنیا مافەکانی کوردیان لە ماددەی سێیەمی دەستووری کاتی عێراق((جریده الجمهوریه، (٢٨ تموز١٩٥٨)، ص١؛ الوقائع العراقیه، (٢٨ تموز١٩٥٨)، ص١)) جێبەجێ کردایە و کوردیان لەپاڵ عەرەب بە هاوبەشی دەسەڵات لە عێراق قبوڵ کردایە، هەرگیز کوردی باشووری کوردستان و سەرکردایەتییە سیاسییەکەی بیریان لە شۆڕش و خەباتی چەکداری دژی ئەو دەسەڵاتە نەدەکردەوە. لەلایەکی دیکەوە یەکێك لەو هۆکارانەی نەك زەمینەی هەڵگیرساندنی شۆڕشی پێش خست، بەڵکو سەرۆك خێڵ و سەرۆك هۆزەکانی لە دەوری (مستەفا بارزانی) کۆکردەوە، یاسای ژمارە (٣٠) چاککردنی کشتوکاڵ بوو، کە لە (٣٠ی ئەیلولی١٩٥٨ز) دەرچوو، وە لە (٢٣ی کانوونی دووەمی١٩٦١ز) هەموار کرایەوە. بەهۆی ئەو یاساشەوە مافی خاوەنداری بەشێك لە زەوییەکانی لە خاوەن موڵك و سەرۆك خێڵ و سەرۆك هۆزەکان سەندرایەوە بە جوتیاران درا(کریس کۆچیرا،٢٠٠٤، ل٣٨٤، محەمەد باقی سەعید،٢٠١٦، ل٤٢). ئەوەش ناڕەزایی سەرۆك خێڵ و سەرۆك هۆزکانی عێراقی بە عەرەب و کورد و پێکهاتەکانەوە لێکەوتەوە(شەریف هەژاری٢٠١٦، ل٢٥؛ کۆچیرا، ل٣٨٤). ئەمەو جگە لە چەندین کێشەی ناوچە کوردنشینەکان لەوانە: پەراوێزخستنی ناوچەکانیان و ئاورنەدانەوە لە ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئەو ناوچانە، لەگەڵ ئاوڕنەدانەوە لە پێشخستنی پرۆسەی خوێندن هەوڵەکانی بۆ لەکارخستنی کاری ڕێکخراوە کوردییەکان(محمد امین دوغان١٩٦٢، ص١٧٤؛ ماجد عبدالرچا١٩٧٥، ص٥٦؛ حامد محمود عیسی١٩٩٢، ص١٩٠). تەنانەت حکومەتی عێراق بەوەشەوە نەوەستا، بەڵکو لە سەرەتای مانگی ئەیلولی ساڵی (١٩٦١ز) کەوتە بۆمبارانکردنی چەند ناوچەکانی کوردستان(عیسمەت شەریف وانلی و ئەوانی تر١٩٩٨، ل٢٨٣؛ د. فریدوون نوری ٢٠٠٧، ل٢٧٤). ئەو ڕووداوە و ناڕەزاییانەی خاوەن موڵك و سەرۆك هۆز و سەرۆك خێڵەکانی کورد لەسەر یاسای ژمارە (٣٠) چاککردنی کشتوکاڵ، هەردوو شەڕی

(دەربەندیخان و دەربەندی بازیان) لە (١١ی ئەیلولی١٩٦١ز) لێکەوتەوە(مسعود بارزانی٢٠١٢، ٣٦/١/٣؛ محەمەد باقی سەعید، ل٤٤؛ سەلاح ڕەشید٢٠١٧، ١٧٣/١). بەدوایدا کاردانەوەی حکومەتی عێراق هاتەسەر بۆمبارانکردنی چەند ناوچەیەکی کوردستان لە سەرەتای مانگی ئەیلولی ساڵی (١٩٦١ز)دا( عیسمەت شەریف و ئەوانی تر١٩٩٨، ل٢٨٣؛ د. فریدوون نوری٢٠٠٧، ل٢٧٤)، بە بۆمبارانکردنی گوندی (بارزان)  لە (١٦ی ئەیلولی١٩٦١ز)دا(بارزانی٢٠٠٤، ٣٨/١/٣)، چونکە مەڵبەند و زێدی (مستەفا بارزانی) بوو(وصفی حسین ردینی، ٢٠٠٧، ص١١؛ هوشیار مڤفر علی امین٢٠١٣، ص٣٠). بەو شێوەیەش شۆڕشی ئەیلول سەری هەڵداو (چواردە) ساڵی تەمەنی لەگەڵ (چوار) دەسەڵاتداری عێراق بەڕێکرد.

## تەوەری دووەم

## مێژووی پەیوەندی (مستەفا بارزانی و حەمەڕەشیدخانی بانە)

### ١.مێژووی پەیوەندییان پێش شۆڕشی ئەیلول

مێژووی پەیوەندی (حەمەڕەشیدخان) بە (مستەفا بارزانی)یەوە بۆ پێش شۆڕشی ئەیلول دەگەڕێتەوە. دیارە ئەگەرچی سەرەتای ئەو پەیوەندییە زۆر ڕوون نییە، بەڵام هەندێك ئاماژە بۆ ئەوە دەچن، کە سەرەتای ناسین و پەیوەندیان بۆ ساڵانی دوورخرانەوەی (حەمەڕەشیدخان) بۆ هەردوو شاری (موسڵ و ئامێدی) دەگەڕێتەوە. کاتێك لە شاری (موسڵ) دەستبەسەر بوو، نێردراوی (مستەفا بارزانی) هاتۆتە لای و پشتیوانی و هاوکاری خۆی و بارزانییەکانی پێ ڕاگەیاندووە. کاتێکیش بۆ شاری (ئامێدی) دوورخراوەتەوەو بە نهێنی سەردانی کردووە و پێ ڕاگەیاندوە، کە ئەو لەنێو شار و ناوچە و هۆزی خۆیەتی و ئامادەی هەموو پشتیوان و هاوکاریەکییەتی((چاوپێکەوتنی مەجیدخانی حەمەڕەشیدخان ، چاوپێکەوتنی حەمەساڵح بەگی کوڕی قادرخان، (٢١ی ئابی١٩٩٨ز) )). ئەم پەیوەندییەش وەك سەرەتا دەستی پێکرد و تەنیا لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا مایەوە، چونکە لەلایەك (حەمەڕەشیدخان) دوورخرابوویەوەو لەژێر چاودێریدا بوو، لەلایەکی دیکەوە (مستەفا بارزانی)ش گەنجێکی (سی) ساڵ و لەژێر فرمانی (شێخ ئەحمەدی بارزان)ی برایدا بوو، بۆیە هەر هەوڵێکی لەو کاتەدا لەلایەن خودانی بارزانەوە دەدرا، بەڵام خاڵی گرنگ ئەوە بوو، کە ئەوە سەرەتاییەکی باش بوو بۆ پەیوەندییەکانی داهاتوو.

کاتێکیش (مستەفا بارزانی) لەساڵی (١٩٤٠ز) بۆ شاری (سولەیمانی) دووخرایەوەو تا (١٢ی تەممووزی١٩٤٣ز) تێدا مایەوە(بارزانی٢٠١٢، ٩٧/١-١٠١). لەو ماوەیەش پەیامی (حەمەڕەشیدخان) لە گوندی (دارۆخان) گەیشتە (مستەفا بارزانی)(چاوپێکەوتنی حەمەساڵح بەگ کوڕی قادرخان). تەنانەت کاتێك (حەمەڕەشیدخان) لەنێوان ساڵانی (١٩٤١-١٩٤٤ز) سەرکردایەتی جوڵانەوەیەکی ڕزگاریخوازی لە خۆرهەڵاتی کوردستان کرد(کوخه مامی، لل٤٢-٤٧؛ ارفع، لل١٠٧-١١٠؛ توکلی، لل١٩٤-٢١٣)، ئامادەی

نیشاندا بۆ هەر پشتیوانییەك. تەنات بەپێ گێڕانەوەكانی شاتحالآنی سەردەمەكە (حەمەڕەشیدخان) هاوكاری (مستەفا بارزانی)و بارزانییەكانی هاوڕێی كردووە بۆ دەربازبوون لە ناوچە سنوورییەكانی بانە و سەردەشتەوە بۆ ناوچەی موكریان(چاوپێكەوتنی حاجی كەریم بەگی كانی ناو، حەمەسالّح بەگ كوڕی قادرخان)، تا ئەوەی گەیشتە شاری (مەهاباد)و میوانی (حاجی بابەشێخ) بوو. دواتر گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی (بارزان)( بارزانی٢٠١٢، ١٠١/١).

پەیوەندی دواتریان لە كۆماری كوردستان بووە، كاتێك هەردووكیان پەیوەندییان بەو كۆمارەوە كرد و پلەی جنراڵیان پێدرا(ایغلتن، لل١٣٥-١٣٦؛ سەعیدی هومایۆن٢٠٠٧، ل٥٤؛ نەوشیروان مستەفا، ل١٨٠). لەوێش (مستەفا بارزانی) كرایە فەرماندەیی تەواوی هێزەكانی بارزانی و (حەمەڕەشیدخانی بانە)ش كرایە فەرماندەی هێزەكانی بۆكان و دەوربەری(پاشكۆی بەلگەنامەكان، بەڵگەنامەی ژمارە-١-٢). ئەوەی لەو كۆمارەدا جێگای باس بوو، كە هەر (چوار) لكەكەی سەر بە فەرماندەیی بۆكان و دەوروبەری لە هێزەكانی بارزانی و سەر بە (جنراڵ مستەفا بارزانی) بوون. واتە بەشێكی زۆری هێزەكانی بارزانی كەوتبوونە سنووری دەسەڵاتی (جنراڵ حەمەڕەشیدخان) (پاشكۆی بەلگەنامەكان، بەڵگەنامەی ژمارە-٣). ئەو پەیوەندییەش تا (٢ی ئابی١٩٤٦ز) درێژەیی كێشا، چونكە دوای ئەو بڕیارە (جنراڵ حەمەڕەشیدخانی بانە) وازی لە كۆمار هێناو گەڕایەوە گوندەكەی خۆی لە (دارۆخان)(د. كەیوان ئازاد ئەنوەر، لل١٣٩-١٤٠)و (جنراڵ مستەفا بارزانی) لە كۆمار مایەوە، تا ڕووخانی لە (١٧ی كانوونی یەكەمی١٩٤٦ز)(نەوشیروان مستەفا ئەمین، ل٢٧٩؛ مەحموودی مەلا عززەت٢٠٠١، ٣٠٧.). بە دوایدا بۆ ماوەی (یانزە) ساڵ ئاوارەیی یەكێتی سۆڤیەت بوو(د. عبدالفتاح البوتانی٢٠٠٤، ص١٧٩). هەرچی (حەمەڕەشیدخان)یە لەنێوان ساڵانی (١٩٤٦-١٩٥٠) بۆ شاری (رومادی)و لەنێوان ساڵانی (١٩٥٠-١٩٥٨ز) بۆ شاری (كەركوك) دوورخرایەوە((د. كەیوان ئازاد ئەنوەر، لل١٤٩-١٥٥). بەڵگەنامەیەك، كە پەیوەندی نێوان هەردوو فەرماندەی كۆمار دەردەخات لەسەرووبەندی دوا ڕۆژەكانی كۆماری كوردستاندا، نامەیەكی (حەمەڕەشیدخان)ە بۆ (مەجیدخانی كوڕی)، تێدا باسی لەوە كردووە، كە هەواڵی پێگەیشتووە دەوڵەتی ئێران پیلانی لەسەر رادەستكردنەوەی (مستەفا بارزانی) داوە بە دەوڵەتی عێراق، خۆ ئەگەر ئەو هەواڵە ڕاست بێت، ئەوا ئەمیش لەلایەن دەوڵەتی پادشایەتی عێراقەوە ڕادەستی دەوڵەتی ئێران دەكرێتەوە. بەوەش مەرگی نزیك دەبێتەوە، بۆیە هیوای خواستووە دەوڵەتی ئێران ئەو كارە نەكات و نەگاتە ئەو ئاستە، تا ئەمیش پارێزراو بێت(پاشكۆی بەڵگەنامەكان، بەڵگەنامەی ژمارە-٤). وەك پێشتر ئاماژەشمان پێدا پێشبینییەكانی (حەمەڕەشیدخان)و ئەو هەوڵانەی پێی گەیشتبوو پێچەوانە گەڕا، بەوەی (مستەفا بارزانی)و هاوڕێیانی بە سەركەوتوویی گەیشتنە (یەكێتی سۆڤیەت)و ڕزگاریان بوو(البوتانی، ص١٧٩). (حەمەڕەشیدخان)یش لە شاری (ڕومادی) مایەوە و رادەستی دەوڵەتی ئێران نەكرایەوە(د. كەیوان ئازاد ئەنوەر، لل١٤٩-١٥٢). بەو شێوەیە پەیوەندییەكان پچڕاند، تا لە شۆڕشی ئەیلولدا یەكیان

گرتەوە. (مستەفا بارزانی) وەك سەرکردەی شۆڕش و (حەمەڕەشیدخان)یش وەك پێشمەرگەیەگی پشتیوانی ڕێبەری شۆڕشەکە، تا کۆچی دوایی کردنی.

## ٢. مێژووی پەیوەندیان لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا

مێژووی پەیوەندیان لە شۆڕشی ئەیلولدا بۆ سەرەتای دەستپێکردنی دەگەڕێتەوە، ئەوەش کاتێك لەسەر داوای (مستەفای بارزانی) سەرۆك خێڵ و سەرۆك هۆزەکانی کورد لە (١١ی ئەیلولی١٩٦١ز)، ڕووبەڕووی ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم) بوونەوە(مەنگوری، ٢٩/٢)، یەکێك لەوان (حەمەڕەشیدخانی بانە) بوو( ئازاد ئەنوەر حەمەڕەشیدخان، بیرەوەرییەکانی مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١)و یەکەمین وێستگەش (شەڕی دەربەندیخان) بوو(د. کەیوان ئازاد ئەنوەر، ل١٦٦)، بەڵام ئەو پەیوەندییە بەشێوەی داواکاری و ڕاستەوخۆ نەبوو، بەڵکو لە ڕێگای ناوچەی پێنجوێنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بوو((چاوپێکەوتی قوباد ئەنوەر حەمەڕەشیدخان، (٢٠٢١/٥/٢٢) )).

وێستگەی دووەمیش بە شێوەی ڕاستەوخۆ دیداری هەردوولایان بوو لە شارۆچکەی (کۆیە) بۆ بەشداریکردن لەو کۆبووونەوە جەماوەرییەی شاری کۆیە)((چاوپێکەوتنی سەلاحەددینی موەتەدی، (٢٠٢١/٣/١٨ز)، چاوپێکەوتنی بیستون عەلی کەریم، (٢٠٢١/٣/٢٨) ))، کە لە تەوەری سێیەمدا سەرنجی دەخەینە پاڵ.

دوای ئەوەشی ململانێکانی نێوان سەرکردایەتی پارتی و مەکتەبی سیاسی لە سەرەتایی ساڵی (١٩٦٤ز) گەیشتە بنبەست، (حەمەرەشیدخان) بە یاوەری هەریەك لە (حەمەساڵح بەگی برای، ئەنوەربەگی کوڕی، حەمە ئاغا، مەحموود بەگی گۆڵێ، حەمەئەمین بەگی باراوا، ڕەشیدبەگی باراوا، ئازادی ئەنوەربەگ) سەردانی (مستەفا بارزانی) لەگوندی (سەنگەسەر)ی نزیك شارۆچکەی (قەڵادزێ) کرد. لە (١٥ی نیسان)یش لە گوندی (سەنگەسەر) چاویان بە (مستەفا بارزانی) کەوت. لەو چاوپێکەوتنەشدا لەسەر بارودۆخی کوردستان و هەلومەرج و تواناکانی شۆڕش و جیابوونەوەی باڵی (ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێیانی)  قسە و باس کرا، کە (مستەفا بارزانی) بە توندی دژایەتی کارەکەیانی کرد و بە هەوڵێکی نەیارانی کورد پێناسەی کرد. ئەمەو داوای لە (حەمەڕەشیدخان) کرد لەو بارەوە هاوکاری شۆڕش بکات، بەڵام (حەمەڕشیدخان) داوای لە (مستەفا بارزانی) کرد، کە واز لە دژایەتیکردنیان بهێنێت و لاپەڕەیەکی نوێیان لەگەڵدا بکاتەوە. دواجار (مستەفا بارزانی) لەسەر داوای (حەمەڕەشیدخان) بڕیاریدا ئەگەر ئەوان واز لە دژایەتیکردن و تێکدانی ڕیزەکانی شۆڕش بهێنن، پەلامار نادرێن، بەڵام ئەگەر وایان نەکرد، ئەوا لێیان دەدرێت. بەوەش هەوڵەکەی شوێنی خۆی گرت و کۆتایی بە سەردانەکەی هێناو گەڕایەوە بۆ زێدی خۆی(ئازاد ئەنوەر حەمەڕەشیدخان، بیرەوەرییەکانی مانگی نیسانی ساڵی١٩٦٤).

وێستگەی دواتریش میوانداری (حەمەڕەشیدخان) بوو بۆ کۆنگرەی شەشەمی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەن خودی (مستەفا بارزانی)یەوە، کە لە (٧ی تەممووزی١٩٦٤ز) لە شارۆچکەی

(قەڵادزێ) بە ئامادەبوونی (٤٥٠) ئەندام بەسترا(بارزانی٢٠٠٤، ١٧٨/١/٣-١٧٩؛ ئیبراهیم جەلال، لل١٦٠-١٦٤). بۆ ئەو کۆنگرەیەش هەریەك لە (مەجیدخان و ئەنوەر بەگی کوڕی و عەلی خانە بەگ و ئازاد و قوباد کوڕانی ئەنوەر بەگ) یاوەری (حەمەڕەشیدخان) بوون. بۆ کۆنگرەکەش تەنیا (حەمەڕەشیدخان) بەشداری کرد و تێدا پشتیوانی بۆ کۆنگرەکە و سەرکەوتنی (مستەفا بارزانی) نیشاندا. لەماوەی مانەوەشیان لەوێ لە گوندی (بوسکێن) میوانی (شێخ حوسێنی بۆسکین) بوون و (سێ) رۆژ لەوێ مانەوە(ئازاد ئەنوەر حەمەڕەشیدخان، بیرەوەرییەکانی مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٦٤؛ چاوپێکەوتنی قوبادی ئەنوەر بەگ).

لەلایەکی دیکەوە (مستەفا بارزانی) بەمەبەستی لەنزیکەوە ئاگاداربوون لە بارودۆخ و تەندروستی (حەمەڕەشیدخان) لە بەرواری (٢٥ی تەمموزی١٩٦٤ز) سەردانی شارۆچکەی (پێنجوێن) کرد، تا لەوێوە سەردانی گوندی (دارۆخان) بکات. کاتێکیش ئەم هەواڵە گەیشتە (حەمەڕەشیدخان) هەردوو کوڕەکەی (مەجیدخان و ئەنوەربەگ)ی لە بەرواری (٢٧ی تەمموز) ناردە شارۆچکەی (پێنجوێن)، تا پێشوازی لێ بکەن. دواتر کاتژمێر (٤)ی عەسری ڕۆژی دواتر (مستەفا بارزانی) لەگەڵ (٣٥٠) کەسایەتی و پێشمەرگە گەیشتنە گوندی (دارۆخان). لەو سەردانەشیدا هەریەك لە (سلێمان ئاغای سندی، تۆفیق میراو، شێخ حسێنی بۆسکێن) یاوەری بوون. ئەمەو (مستەفا بارزانی) تا (١ی ئابی١٩٦١ز) لە لای (حەمەڕەشیدخان) مانەوە((چاوپێکەوتنی مەسعود بارزانی، (٣ی ئەیلولی٢٠١٣) )).

لەکاتی مانەوەی (مستەفا بارزانی) لە گوندی (ساوجی) سەر بە شارستانی (مەریوان)ی خۆرهەڵاتی کوردستان لە وەرزی پاییزی ساڵی (١٩٦٥ز)، تا سەرەتای زستانی هەمان ساڵ(بارزانی٢٠٠٤، ٢٠٧/١/٣)، لەسەر داوای (حەمەڕەشیدخان) هەریەك لە (مەحموود بەگی گۆڵێ و کوێخا فارسی بیستان و ئەمین بەگی سیاگوێز) لەپاڵ (ئەنوەر بەگی کوڕی و عەلی خانە بەگ و قوبادی ئەنوەر بەگ) نێردرانە لای، تا لەخزمتیدا بن و بمێننەوە(پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ عەلی خانە بەگ، (٢٠٢٠/١٢/٤)؛ چاوپێکەوتنی قوبادی ئەنوەر بەگ).

دیارە (حەمەڕەشیدخان) وەك کەسایەتییەکی ناسراوی سەردەمەکە، کاتێك لە ڕێگای ڕاگەیاندنەکانی ناوخۆی و دەرەوە هەواڵی (بەیاننامەی ئازاری١٩٧٠ز) بیست، بووە مایەی خوشحاڵی، بەوەی هیوا و ئامانجەکانی (نۆ) ساڵی تەمەنی شۆڕشی ئەیلول هاتۆتە دی و بەهەدەر نەچووە. دوای ئەوەشی بە تەواوی بڕگەکانی ئاگادارکرا، چەند تێبینییەکی لەسەر هەندێك لەو بڕگانە لا دروست بوو، بۆیە پێی باش بوو سەردانێکی (مستەفا بارزانی) بکات، تا لەلایەك پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنە لە ڕێبەری شۆڕشەکە بکات. لەلایەکی دیکەوە بۆچوونی خۆی لەسەر ئەو بڕگانە پێ ڕابگەیەنێت. بە تایبەت دانانی ماوەی (چوار) ساڵ بۆ جێبەجێکردنی هەر (پانزە) بڕگەکەی بەیاننامەکە، چونکە لای وابوو دانانی (چوار) ساڵ بۆ ئەو کارە جگە لە خۆدزینەوەی حکومەت لە مافەکانی کورد و شۆڕش و کات کوشتن هیچی دی نییە. هەر بۆیە لە بەرواری (٢ی کانوونی دووەمی١٩٧١ز) بە یاوەری (حەمەئەمین خانی برای، مەجیدخانی

کوڕی، ئازاد و قوبادی کوڕەزای)، گوندی (دارۆخان)یان بەرەو (گەڵاڵە) بارەگای سەرکردایەتی شۆڕش بەجێهێشت. لە (٥ی کانوونی دووەم) گەیشتنە (گەڵاڵە) و سەرەتا لەلایەن (د.مەحموود عوسمان) و دواتر لەلایەن (ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی) ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازیان لێکرا. کاتژمێر (١٢،٣٠)ی شەویش لەلایەن (مستەفا بارزانی)ی پێشوازیکران. دوای پشوویەکی کەم دانیشتنی نەێنی نێوان (بارزانی و حەمەڕەشیدخان) دەستی پێکرد، کە (دوو) کاتژمێری خایاند(ئازاد ئەنوەر حەمەڕەشیدخان، بیرەوەرییەکانی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی١٩٧١ز). وەك دواتریش خودی (حەمەڕەشیدخان) بەشێکی کەمی دانیشتنەکەی بۆ براو کوڕ و کوڕەزاکانی گێڕاوەتەوە، ئاماژەی بەوە داوە، کە لەو دانیشتنەدا باس لە ناوەڕۆکی ڕێکەوتنامەکە و تێڕوانینی حکومەت بۆی و بۆچوونی بارزانی دەربارەی و بۆچوونەکانی خۆیشی دەربارەی کراوە. هەر لەو بارەوە (مستەفا بارزانی) باسی لەوە کردووە، کە لەم قۆناغەدا لەوە زیاتر دەستەبەر نابێت، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە، کە خەبات کۆتایی هاتووە و ڕژێمی بەعیسش وازی لە پیلان و نەخشەی تێکدەرانە هێناوە و ئامادەیی جێبەجێکردنی تەواوی خاڵەکانی ڕێکەوتنامەکەیە، بەڵام سەرباری ئەوانەش لای وابووە، کە حکومەت ناتوانێت کات بە کورد بکوژێت، چونکە کوردیش ڕەوایەتی خەبات و وورەی پۆڵاینی هێزی پێشمەرگەی هەیە. هەروەها پشتیوانی خۆی و بنەماڵە و کەسوکار و ناوچەکەی بۆ (مستەفا بارزانی)و شۆڕشەکە دەربڕی. بە دوای ئەو دیدارەشدا بە هەمان ئەو ڕێگەیەی لێوەی هاتبوون بۆ زێدەی خۆیان گەڕاونەتەوە(ئازاد ئەنوەر حەمەڕەشیدخان، بیرەوەرییەکانی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی١٩٧١).

ئەوەی جێگای باسە لە ماوەی (چوار) ساڵی گفتوگۆ پێشڕەوییەکی وەها بە ڕێکەوتنامەکە نەکرا، کە جێگای ئومێدی کورد و شۆڕشەکەی بێت. بە ئاستێك حکومەتی ئێراق لە پیادەکردنی سیاستەکانی ڕاگواستن درێغی نەکرد، تا ئەوەی لە (١٦ی حوزەیرانی١٩٧٢ز) پیلانێکی لە دژی (مستەفا بارزانی) داڕشت، بەڵام هەوڵەکەی سەکەوتوو نەبوو(ئازاد ئەنوەر حەمەڕەشیدخان، بیرەوەرییەکانی مانگی حوزەیرانی ساڵی١٩٧٢). بۆ ئەم ڕووداوەش (حەمەڕەشیدخان) دەستەیەکی نوێنەرایەتی نارده لای بارزانی، کە لە (حەمەئەمین خانی برای، ئەنوەربەگی کوڕی، مەحموود بەگی گۆلی، ئازادی ئەنوەربەگ) پێکهاتبوون. نوێنەرانی (حەمەڕەشیدخان) لە (٩ی حوزەیرانی١٩٧٢ز) سەردانی (مستەفا بارزانی)یان لە (حاجی ئۆمەران) کرد و نامەیەکی (حەمەڕەشیدخان) یان دایە دەست (بارزانی)، کە تێدا هاتبوو بە کمالی سروروەوە هەواڵی نەجات بوونتانم لەو کارە دوشمنکاریەی حکومەتی ئێراق پێ گەیشت. زۆر خۆشحاڵ بووم کە جارێکی تر خوا بە شۆڕشی کوردی بەخشیتەوە. لە خوا گلەبی سەلامەتیت لە نقشەی دوشمنکاری بەعسی یەکان داواکارم. هەندێك سفارش هەیە حمەامین خان عەرزت دەکا"(ئازاد ئەنوەر حەمەڕەشیدخان، بیرەوەرییەکانی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٢). لەو ڕوونکردنەوەی (حەمەئەمین خان) داوای (حەمەڕەشیدخان)ی خستبووە بەردەم (مستەفا بارزانی)، کە جارێکی تر بە یاسای چاککردنی کشتوکاڵدا بچێتەوە و کارێك بکات، کە مافی خاوەن موڵکەکان ڕەچاو بکات. ئەمەو ئەو

سزایەی دەرحەق بە هەردوو کوڕەکەی (مەجیدخان و ئەنوەربەگ) دەریکردووە، بەوەی بۆ ناوچەی هەورامان و گوندی (تەوێڵە) دوورخراونەتەوە، لاببات، چونکە ئەو تاوانەی بۆ ئەوان دروستکراوە بەوەی دژی بەرژەوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کار دەکەن. لەبەرامبەری ئەو سەردانەدا (مستەفا بارزانی) ڕێز و سڵاوی خۆی گەیاندۆتە (حەمەڕەشیدخان)و بڕیاری بە نوێنەرەکانی دابوو، کە کار بۆ ڕچاوکردنی بەرژەوەندی خاوەن موڵکەکان بکات و کۆتایی بە دوورخستنەوەی هەردوو کوڕەکانی بهێنێت(چاوچێکەوتنی مەحمود بەگی گوڵێ، ئازاد ئەنوەر حەمەڕەشیدخان، بیرەوەرییەکانی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٢).

ئەوەشی جێگای باسە نوێنەرەکانی (حەمەڕەشیدخان) ماوەیەك بوو گەیشتبوونەوە ناوچەی خۆیان کاتێك هەواڵی پیلانێکی تری حکومەتی ئێراق لە دژی (مستەفا بارزانی) گەیشتە گوندی (دارۆخان). ئەوەش دوای ئەوەی لەسەر بڕیاری (سەددام حوسێن)و بە نەخشەی (نازم گوزار)ی بەڕێوبەری موخابەراتی ئێراق بەهۆی چەند پیاوێکی ئایینی نەخشەیەکی خۆتەقاندنەوە لە (٢٩ی ئەیلولی١٩٧٢ز) بۆ (مستەفا بارزانی) دانرا، بەڵام ئەمجارەشیان پیلانەکە شکستی هێنا(چاوچێکەوتنی مەحمود بەگی گوڵێ، (٨ی تەمموزی١٩٩٢ز).

دوا هەوڵەکانی (حەمەڕەشیدخان)یش لە پشتیوانیکردن لە شۆڕش و سەرکردایەتییەکەی دوای سەردانی (فوئاد عارف و ئازادی کوڕی) بوو بۆگوندی (دارۆخان) لە (١٤ی حوزەیرانی١٩٧٤ز) بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك بۆ ئایندەی شۆڕشەکە. لەسەر راسپاردەی (فوئاد عارف)یش بۆ ڕۆژی دواتر شاندێکی لە (مەجیدخان و ئازادی ئەنوەربەگ) لە ڕێگای (بانە-سەردەشت-خانە-حاجی ئۆمەران) نارده لای سەرکردایەتی شۆڕش. ئەوە بوو شاندەکە لە (١٦ی حوزەیران)و لە (دەربەند) چاویان بە (موحەممەد عەزیز) کەوت. بۆ رۆژی دواتر  لە (حاجی ئۆمەران) چاویان بە (ئیدریس بارزانی) لە (١٨ی حوزەیران)یش چاویان بە (عەلی عەبدوڵلا) کەوت. لە (٢١ی حوزەیران)یش چاویان بە (د.مەحموود عوسمان) کەوت و دواتر بۆ دووەمین جار (ئیدریس بارزانی)یان بینی. لەو سەردانەشیاندا پەیامی (حەمەڕەشیدخان)یان گەیاندە (مستەفا بارزانی). بۆ ڕۆژی دواتریش لە ڕێگای (نەغەدە-سابڵاخ-سەقز-بانە) گەڕانەوە گوندی (وێنە)و دواتر (دارۆخان). لە وەڵامی ئەو هەوڵەی (حەمەڕەشیدخان)و پشتیوانی لە شۆڕشی ئەیلول و ڕێبەرەکەی ڕژێمی بەعس لە (٢٦ی حوزەیران) گوندی (وێنە)ی بۆردومان کرد و بۆ ڕۆژی دواتریش گوندی (دارۆخان)ی بۆردومان کرد(ئازاد ئەنوەر حەمەڕەشیدخان، بیرەوەرییەکانی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٤).

## تەوەری سێیەم

## ڕۆڵی (حەمەڕەشیدخانی بانە) لە شۆڕشی ئەیلول و پشتیوانی بۆ (مستەفا بارزانی)

### ١.ڕۆڵی (حەمەڕەشیدخانی بانە) لە شۆڕشە ئەیلولدا

یەکەمین وێستگەی خەبات و ڕۆڵ لەو شۆڕشەدا بۆ سەرکردایەتیکردنی ئەو هێزەی دەگەڕێتەوە، کە لە سنووری ناوچەی پێنجوێنەوە ڕووی کردە شارۆچکەی (دەربەندیخان)و چیای زمناکۆ بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی سووپای عێراق بێتەوە(چاوپێکەوتنی میرزا سدیقی فەقێ مەحمود چنگیانی)، ١٠ی حوزەیرانی١٩٩٨). ئەو بەشدارییەشی لەسەر داوای (مستەفا بارزانی) بوو بۆ سەرۆك خێڵ و سەرۆك هۆز و کەسایەتییەکان و ماولاتیانی کورد، تا پشتیوانی لە شۆڕش بکەن و ڕووبەڕووی سووپای عێراق ببنەوە(د. کەیوان ئازاد ئەنوەر، ل١٦٦). لەم چوارچێوەیەدا لەسنووری قەزای پێنجوێن بەشێك لە سەرۆك هۆزو تیرەو کەسایەتییەکان، کە ژمارەیان (٢٥٠) کەس دەبوو، لەژێر سەرکردایەتی(حەمەرەشیدخان) خۆیان گەیاندە و چیای زمناکۆو نزیك شارۆچکەی (دەربەندیخان) بوونەوە(عەبدوللا ئەحمەد ڕەسوڵ پشدەری١٩٩٧، ١٩/١-٢٠؛ مەنگوری، ٢٩/٢). بە گەیشتنیان توانیان دەست بەسەر (بەنداوی دەربەندیخان)دا بگرن، بەڵام بەهۆی شاڵاوێکی گەورەی حکومەتەوە و لەسەر بڕیاری (مستەفا بارزانی) هەموو هێزەکان کشانەوە(چاوپێکەوتنی میرزا سدیقی فەقێ مەحمود چنگیانی). لەو شەڕەشدا چەکدارێکی (حەمەڕەشیدخان) بە ناوی (مستەفا موحەممەد شەریف)ی خەڵکی گوندی (سوراو) شەهید بوو. ئەوەش یەکەمین بەشداری (حەمەڕەشیدخان)و بنەماڵەکەی بوو لەو شۆڕشەدا(پشدەری، ٢٣/١-٢٤).

وێستگەی دووەمیشی ئازادکردنی شارۆچکەی (پێنجوێن) بوو لە سەرەتای وەرزی بەهاری ساڵی (١٩٦١ز)دا. ئەویش کاتێك(مستەفا بارزانی) ڕێبەری شۆڕش لە نامەیەکدا بەهۆی (عەباسی مەمەند ئاغا)وە ئاراستەی (میرزا سدیقی فەقێ مەحموودی چنگیانی) لێپرسراوی ناوچەی پێنجوێنی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد، داوا لە (حەمەڕەشیدخان) کردبوو، بۆ ئازادکردنی شارۆچکەی پێنجوێن هاوکاری شۆڕش بکات، بەڵام بەهۆی باران بارینی زۆر و بەرزبوونەوەی ئاستی چەمی سووراو، (میرزا سدیق) نەیتوانیبوو پەیامەکەی بگەیەنێتە (حەمەڕەشیدخان)(چاوپێکەوتنی میرزا سدیقی فەقێ مەحمود چنگیانی). هەربۆیە دواتر (مام جەلال) ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی داواکەی (مستەفا بارزانی) گەیاندە (حەمەڕەشیدخان). ئەویش لە ڕێگەی ناوچەی (شارباژێر)ەوە سەردانی گوندی (دارۆخان)ی کرد، تا ڕاستەوخۆ چاوی بە (حەمەڕەشیدخان) بکەوێت و بەڵێنی هاوکاری و پشتیوانی بۆ ئازادکردنی شارۆچکەی پێنجوێن لێوەربگرێت. لەم بارەوە (مام جەلال) گەیشتنی خۆی بە گوندی (دارۆخان)و پێشوازی و پشتیوانیکردنی بۆ شۆڕش لەلایەن (حەمەڕەشیدخان) وەها دەگێڕێتەوە دوای ئەوەی بە کەڵك وەرگرتن لە کەش و هەوای سەرکەوتووی پێشمەرگانە و مەعنەویاتی بەرزی خەڵك و وورەی

پێشمەرگە، ڕوومان کردە ناوچەی پێنجوێن بۆ ڕزگارکردنی. لەوێ دەبوایە ەێزی عەشایەر و پیاوماقوڵان ڕابکێشین بەلای خۆماندا. کلیلی سەرکەوتنیش لە گیرفانی خوالێخۆشبوو حەمەڕەشیدخاندا بوو، کە لە جمهوریەتی کوردستانی مەهابادیشدا ڕوتبەی ژەنەڕاڵی پێ بەخشرابوو، شان بە شانی شەهید سەیفی قازی و خوالێخۆشبوو ژەنەڕال مستەفا بارزانی و عومەرخانی شکاك. بۆ ڕازیکردنی حەمەڕەشیدخانیش پێویستمان بە ڕازیکردنی خوالێخۆشبوو مەجیدخانی کوڕی هەبوو"((مام جەلال، (٢٠٠٠/٢/٢٦)، لە یادی دۆستی دێرینمان خوالێخۆشبوو مەجیدخان دا، (کوردستانی نوێ)، ل١)). هەروەها نووسیوویەتی مەجیدخانیش ئەرکی ڕازی کردنی خانی خستە ئەستۆی خۆی، بۆیە ئێمەش بە دڵنیاییەوە بەڕێ کەوتین بەرەو ناوچەی پێنجوێن، شەهیدی نەمر مەلا رسوڵ و چەندین کادیری پێشمەرگانەی ترم لەگەڵدا بوون. ئەوسا بە پێ دەڕۆیشتین، نە ڕێگەی ئۆتۆمبیل هەبوو، نە ئۆتۆمبیلمان هەبوو، وەزعیماڵیشمان زۆر خراپ بوو، جلمان شڕ بوو، زۆریش پێڵاو دڕاو و پێڵاو خراپ بووین، من خۆم پێڵاوەکەم دڕابوو، ژێرەکەی داپچڕابوو  بە پەت بەستبوومەوە، لەوەش ئەو کەڵکەم وەرگرت کە پێشمەرگەی پێ هیور بکەمەوە هەر کاتێك پێشمەرگەیەکی پێڵاو شڕ دەهات و پارەمان نەبوو پێڵاوی بۆ بکڕین بەوە دڵم دەدایەوە کە دەمگووت وەرە پێڵاوەکانمان بگۆڕینەوە!! ئەویش کە پێڵاوە شڕەکەی دەدیت ڕازی دەبوو. بەڵام هەروا بێ جل و پێڵاو نەماینەوە! کە نزیك بووینەوە لە دێ یەکەی خوالێخۆشبوو حەمەڕەشیدخان، خوالێخۆشبوو مەجیدخان بە پیرمانەوە ەاتبوو زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکردین و ڕێنوێنی کردین هەتا ناو دێ یەکە و لەوێش بۆ دیوەخانی حەمەڕەشیدخانی خوالێ بوردوو، ڕۆژەکەی باران بوو، هەموومان تەڕ بووبووین... سەبارەت بە شڕی پێڵاومان هەموو پینەکانمان قوڕاووی بووبوون بۆیە کە خان لە دیوەخان هاتە دەرو پێشوازی گەرمی لێکردین و پاشان دەستی منی گرت و بەرامبەر ژووری دیوەخانەکەی کە مافوری فەڕشی نایابی ئێرانی تێدا ڕاخڕابوو، من ڕووم نەدەهات بەو تەڕی و پێ قوڕاویەوە بچمە ژووەرەوە، بۆیە داوای لێ بوردنم لە خان کرد کە ڕێگەمان بدات بچینە مزگەوت قاچمان بشۆین و خۆمان ووشك بکەینەوە ئینجا بێنەوە، بەڵام خوالێخۆشبوو حەمەڕەشیدخان ڕازی نەبوو ئەمری کرد مەسینە ئامادە کران و قاچمان لەبەر شوشت و ئێمەی ناچار کرد بچینە ژووری دیوەخانە گەرم و گووڕ و ڕازاوەکەیەوە! لەوێش هەر خۆمان وشك کردەوە هەم خۆمان حەسانەوە. مەجیدخانی خوالێخۆشبوو هەر لە دەرەوی دێ کەیانەوە کە ئێمەی وا بەم وەزعە دیتبوو، سوارێکی نارد بوو بۆ پێنجوێن لەوێ پتر لە سەد و پەنجا جووت پێڵاوی ڕاسپاردبوو بۆمان کڕابوو شەو پێمان گەیشت و بەسەرماندا دابەشکران. خانیش منی خەڵات کرد شاڵێکی باشی کوردی و دەستکێشێك و قەمسەڵەیەك. لە دیوەخانەکەشیا خزمتێکی باشیان کردین و خواردنێکی شاهانەیان بۆ هێنایین چەندین جۆری پڵاو و گۆشت، شلەی کوردی و ئێرانی بۆمان ساز کرا بوو. منیش کوڕانم هاندا لە وەرامی داوای خاندا کە وەك ماڵی خۆمان رفتار بکەین وشەرم نەکەین لە خواردندا...خان زۆر ڕێزی گرتین و پێ ڕاگەیاندین کە ئەنوەربەگی کوڕی بە دەیان چەکدارەوە ئامادە کراوە بۆ هاوکاری کردنمان. راشی سپاردووە خەرجی

سەرۆك و پیاوماقوڵێك هەیە و خۆی بە کورد بزانێت دەبێ هاوکارمان بێ. دوای نان خواردن خان بە جێی هێشتین تاکو بحەسێتەوە، بەڵام خوالێخۆشبوو مەجیدخانی دۆستم مایەوە و مژەی پێدام کە هەموو ئەرکەکانی خۆی بەدی هێناوە و چەند سەد چەکدارێکی عەشایەری ئامادەکردووە بۆ بەشداربوون لە گەڵمان بۆ ئازادکردنی پێنجوێن"(مام جەلال، ل٢).

هەوڵەکەی (مام جەلال) سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەوەی (حەمەڕەشیدخان) هێزێکی (٢٨٠) چەکداری ئامادەکرد، تا لە دۆڵی شلێرەوە بگاتە شاری (پێنجوێن)و بە هاوکاری هێزەکەی شۆڕش بکات گەمارۆدانی شارەکە. دواتر پەیوەندی بە بەرپرسانی شارەکە و لە نێویشیاندا (مەعاون کەمالی شێخ غەریب)ی بەڕێوبەری پۆلیسی قەزای پێنجوێن کرا، تا خۆیان بە دەست شۆڕشەوە بدەن. لە بەرامبەردا (مەعاون کەمال) ئەوەی ڕاگەیاند، کە ئەو خۆی بە دەست کەسەوە نادات، جگە لە (حەمەڕەشیدخان)نەبێت. ئەوە بوو داواکەی (مەعاون کەمال) نێردرا بۆ (حەمەڕەشیدخان)و ئەویش بە خۆی هێزێکی تایبەتەوە بەرەو دەروازەی خۆرهەڵاتی شارەکە بەڕێکەوت و (مەعاون کەمال)ی لێ ئاگادار کرا. لە وەڵامدا (مەعاون کەمال) داوای یەك هەفتە مۆڵەتی لە (حەمەڕەشیدخان) کرد، بەڵام ئەو ماوەیە بۆ (سێ) هەفتە درێژ کرایەوە. سەرئەنجام لە (٢٤ی مایسی١٩٦٢ز) شارەکە دوای گەمارۆیەکی (چوار) هەفتەیی و خۆبەدەستەوەدانی بەڕێوبەری پۆلیسی قەزای پێنجوێن بە (حەمەڕەشیدخان) ئازادکرا. بەمەش هێزی پێشمەرگە چوونە ناو شارەکەوە و دەستیان بەسەر تەواوی شارەکەدا گرت و بڕی (١١هەزار) دینار و (٦هەزار) فیشەك و (شەش) ڕەشاش دەسکەوتی شۆڕش بوو. ئەمەو جگە لە بەدیلگیرانی (١٧٢) پۆلیس(مەنگوری، ٤٣/٢). هەموو ئەو پارەو دەسکەوتانەش بەهۆی (جەمالی میرزا سەعید)و بە ئاگاداری و داوای(حەمەڕەشیدخان) نێردرایە گوندی (بناوەسووتە)، تا بدرێتە شۆڕش. هەر لەو پارەیەش مووچەی (سێ) مانگی پۆلیسەکانی پێنجوێن درا(مەنگوری، ٤٣/٢؛ چاوپێکەوتنی جەلالی مەحمودی فەقێ ڕەحیم، ١٩٩٨/١٠/٤ز). دیارە ئەگەرچی ئازادکردنی شارۆچکەی پێنجوێن درێژەی نەکێشا، بەڵکو بۆ ڕۆژی دواتر بەهۆی هێزێکی گەورەی سووپای ئێراق، کە لە (سێ) فەوج پێکهاتبوون گەیشتنەوە ناو شارو بە (١٥٠) کوژراو و (٧٠) بریندار، شارەکەیان گرتەوە، بەڵام ئازادکردنی و ئەو دەسکەوتانەی بەدیهاتن بۆ ئەو دەمەی شۆڕش کەم نەبوون(مەنگوری، ٤٣/٢).

دوای ئەو ڕووداوە بەهۆی شکانی قاچی چەپی لە (٢٢ی تەمموززی١٩٦٤ز) لە باخەکەی خۆیدا لە گوندی (دارۆخان)( ئازاد ئەنوەر حەمەڕەشیدخان، بیرەوەرییەکانی مانگی تەمموززی ساڵی ١٩٦٤ز)، ڕۆڵەکەی  بووە ڕۆڵێکی ناڕاستەوخۆ. بەهۆی ئەوەی نەیتوانی ڕاستەوخۆ ڕۆڵی لە ڕووداوەکان و بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی سووپای عێراق هەبێت، بەڵکو لە ڕێگای هەردوو کوڕەکەی (مەجید خان و ئەنوەربەگ)و کوڕەزاکانی (بەختیاری مەجیدخان و نەژادی ئەنوەر بەگ) ئەو ڕۆڵەیان گێڕا(چاوپێکەوتنەکانی میررزا سدیقی فەقێ مەحمود و مەجیدخانی حەمەڕەشیدخان).

## ٢. پشتیوانی (حەمەڕەشیدخانی بانە) بۆ سەرکردەی شۆڕش (مستەفا بارزانی)

سەرباری ئەو ڕۆڵەی لە دەسپێکی شۆڕشی ئەیلول ۆ خودی شۆڕشەکە و بۆ ڕێبەرەکەی هەیبوو، تا کۆتایی تەمەنی پشتیوانێکی سیاسی و مەعنەوی بوو. یەکێك لەو هەڵوێستانەشی پشتیوانی بوو لە ڕێبەری شۆڕشەکە لە (کۆنفرانسی کۆیە).

(کۆنفڕانسی کۆیە) کەوتە دوای کوژرانی (زەعیم عەبدولکەریم قاسم)و هاتنەسەر کارە بەعسییەکان بۆ دەسەڵات لە (٨ی شوباتی١٩٦٣ز)(ندیم احمد الیاس١٩٧٥؛ صص٣٩-٣٧٠؛ د. علی سعید کریم، ل٩٩؛ درك کینان١٩٩٩، ل٨٦؛ بارزانی٢٠٠٤، ١٠٢/١/٣-١٠٣)و ڕاگەیاندنی (پرۆژەی لامەرکەزی) لەلایەن دەسەڵاتی نوێوە لە (٩ی ئازاری١٩٦٣ز)(مەنگوری، ٢٩/٢). ئامانجی کۆنفڕانسەکەش گفتوگۆ بوو، سەبارەت بەم پرۆژەیەو تێڕوانینی سەرکردایەتی شۆڕش لێی. بۆ ئەو کۆنفڕانسە (حەمەڕەشیدخان) بە سەرۆکایەتی شاندێکی بەگزادەکانی ناوچەی پێنجوێن، کە لە (حەوت) کەس پێکەاتبوون، بەشداریان کردو بەرواری (١٦ی ئازاری١٩٦٣ز) گەیشتنە شارۆچکەکە و لەلایەن (کاکە زیادی کۆیە) میوانداری کران و تا (٢٢ ئازار) مانەوە. لەو ماوەیەشدا (سێ) جار لەگەڵ (مستەفا بارزانی) کۆبوویەوەو پرسەکانی شۆڕشی ئەیلول و هەڵوێستی حکومەتی عێراق و سەرۆك خێڵ و سەرۆك هۆز و کەسایەتییەکانی کورد و بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستانیان تاوتوێکرد. لەو کۆنفڕانسەدا وەك یەکەم کەسایەتی کورد پشتیوانی لە (مستەفا بارزانی) کرد و پرۆژەی لامەرکەزی حکومەتی عێراقی(پاشکۆی بەڵگەنامەکان، بەڵگەنامەی ژمارە-٥)، ڕەتکردەوە(بارزانی٢٠٠٤، ١٠٨/١/٣؛ چاوپێکەوتنی سەلاحەددینی موهتەدی).

کۆنفرانسەکە لەنێوان ڕۆژانی (١٨-٢٤ی ئازاری١٩٦٣ز) ئەنجامدرا. تێدا سەرکردایەتی شۆڕشی و بەرپرسە باڵاکانی پارتی و سەرۆك هۆزە دیارەکانی کوردستانی ئێراق بەشداربوون، کە یەکێك لەوان (حەمەڕەشیدخان) بوو. دیارە ئەو بەر لە گەیشتنی (مستەفا بارزانی) گەیشتبووە ئەوێ و کۆنفرانسەکەش لە ماڵی (کاکە زیادی کۆیە) لە بەرواری (١٨ی ئازار) دەستی پێکرد و (٢٢ی ئازار) کۆتایی پێهات. (حەمەڕەشیدخان)یش لە یەکەم ڕۆژی کۆبونەوەکە پشتیوانی خۆی بۆ (مستەفا بارزانی)و شۆڕشەکە ڕایگەیاند و چووە پاڵ سەرۆکەکەی بۆ ڕەتکردنەوەی پرۆژە لامەرکەزییەکەی حکومەتی ئێراق. ئەو پرۆژەییەی لەلایەن بەشێکی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی وەك هەنگاوێك بۆ چارەسەری کێشەکانیان لەگەڵ دەسەڵاتی نوێ قبوڵکرا (مسعود بارزانی٢٠٠٤، ١٠٨/١/٣). ئەوەش بەهۆی ئەوەی لە کۆبوونەوەکە (دوو) بۆچوون هەبوون، ئەوانیش دژایەتیکردن و ڕەتکردنەوەی یان قبوڵکردنی و بەدەنگەوەچوونی. لایەنگرانی بۆچوونی یەکەم، لەلایەن (مستەفا بارزانی)یەوە پشتیوانیکراو زۆربەی سەرۆك هۆز و کەسایەتییە دیارەکانی کوردو لەنێویشاندا (حەمەڕەشیدخانی بانە) پشتیوانی بوون، پێیان وابوو، کە ئەم پرۆژەیە هیچی بۆ کورد تێدا نییە و ئامانجی حکومەت تەنیا کات کوشتنە، بەڵام بۆچوونی دووەم پێیان وابوو، کە قبوڵکردنی ئەو پرۆژەیە سەرەتایەکە بۆ هەنگاوی باشتر و گەیشتن بە مافی زیاتر بۆ کوردی عێراق(ئازاد ئەنوەر حەمەڕەشیدخان، بیرەوەرییەکانی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٦٣). ئەوە بوو

دوای چەندین دانیشتن و گفتوگۆی تێروتەسەل لە ماوەی (چوار) ڕۆژدا، ئەندامانی بەشداربوو لە ڕۆژی (٢٤ی ئازار) ڕاگەیەنراوێکیان بڵاوکردەوە و تێدا گەیشتنە ئەوەی، کە سەرەتا نێردراوێك بنێرنە لای حکومەتی ئێراق بۆ زانینی دوا هەڵوێستی ئەوان، دواتر بڕیار لەسەر ڕەتکردنەوەی پرۆژەکە و شەڕکردن بدرێت. سەرۆکایەتی ئەو شاندەش بە (مام جەلال) ئەندامی مەکتەبی سیاسی سپێردرا. شاندەکەش (٣٠ی ئازار) گەیشتە (بەغداد)، بەڵام ئەنجامێکی وەهای بەدەست نەهێنا(مەنگوڕی، ٢/٥٥-٥٦؛ بارزانی٢٠٠٤، ١٠٨/١/٣، ئیبراهیم جەلال، ل٩٣-١٠٠).

ئەو ڕووداوانە (مستەفا بارزانی)یان گەیاندە ئەوەی جارێکی تر، کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای عێراق و ئەو سەرۆك خێڵ و سەرۆك هۆزانەی کورد چوونە بوونە پاڵ حکومەت و لە دژی شۆڕش کورد وەستابوونەوە، پەیوەندی بەو کەسایەتی و سەرۆك خێڵ و سەرۆك هۆزانەی کورد بگات، کە چاوەڕوانی بەردەوامیدان بە شۆڕش و خەباتی لێدەکردن. لەم ڕووەوە لە (٢٤ی مایسی١٩٦٣ز) نوێنەری تایبەتی خۆی نارد بووە لای (حەمەڕەشیدخان) بۆ پشتیوانیکردن لە شۆڕش و شەڕ لە دژی حکومەتی ئێراق. نێردراوەکان لە هەریەك لە (عەلی عەسکەری و مەعاون کەمال) پێکهاتبوون. ئەوانیش دوای ئەوەی گەیشتنە گوندی (دارۆخان)و چاویان بە (حەمەڕەشیدخان) کەوت، ئەو بەڵێنەیان لێوەرگرت، کە هاوکاری شۆڕش بکات. بۆ ئەو مەبەستە هێزێکی لە ئەندامانی بنەماڵەکەی و کەسایەتییەکانی ناوچەکە کۆکردەوە. هێزەکەش ڕۆژی (٣٠ی حوزەیران)دا پەلاماری شاری پێنجوێن)یاندا و بۆ ڕۆژی دواتر ئازادیان کرد و بووە بەشێك لە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش(ئازاد ئەنوەر حەمەڕەشیدخان، بیرەوەرییەکانی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣).

کاتێکیش (عەبدولسەلام عارف) بە کودەتایەك لە (١٨ی تشرینی دووەمی١٩٦٣ز)دا سەرجەم بەعسییەکانی لەدەسەڵات دوورخستەوە(شیرزاد زکریا محمد٢٠٠٦م، ص٣٥٧؛ ئیبراهیم جەلال، ١٩٩٨ز، ل١٢٣)و لە (٦ی شوباتی١٩٦٤ز)یشدا بانگەوازی شەڕ وەستاندنی لە دژی کوردەکان ڕاگەیاند(ۆ.باڵانجە. ئەدگار، ١٩٧٣ا.ج، پ١١٦.). هەروەك پێشوو (دوو) بۆچوونی جیاوازی لەنێو سەرکردایەتی پارتی و شۆڕش هێنایە ئارا. (مستەفا بارزانی)و بەشێك لە سەرکردایەتی پارتی داواکەی حکومەتی عێراقیان قبوڵکرد و بەشێکی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە پێشتر لەگەڵ قبوڵکردنی پرۆژە لامەرکەزییەکە بوون، ئەمجارە ئاشتی و وەستاندنی شەڕیان ڕەتکردەوە(ئیبراهیم جەلال، ل١٢٤)، بەڵام (حەمەڕەشیدخان) سەرباری بۆچوونی لەسەر ئاشتییەکە، پشتیوانی لە (مستەفا بارزانی) کرد و پشتی تێنەکرد(ئازاد ئەنوەر حەمەڕەشیدخان، بیرەوەرییەکانی مانگی تشرینی یەکەم و کانوونی یەکەمی، ساڵی١٩٦٣). لەم بارەشەوە پەیامێکی لە بەرواری (١١ی شوباتی١٩٦٤ز)دا ناردە لای (مستەفا بارزانی)و تێدا هاتبوو لێم ڕوونە ئەم ڕێکەوتنە بێ قەید وشەرتە بۆ هاتنی (مەلا مستەفا) بۆ ناوچەی پشدەر و بیتوێن و عشائرانی میراودەلی و پشدەر دەگەڕێتەوە، چونکە ئەوان اجباریان کردووە لەگەڵ حکومەتدا

ڕێك بکەوێت بە حجەتی ئەوەی، کە عالم ماڵی سووتاو و لێقەوماوە، دەرحەق بەوەش لە پشتمانم"(ئازاد ئەنوەر حەمەڕەشیدخان، بیرەوەرییەکانی مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٦٤).

ئەو ڕووداوە سەرەتاییەکی نوێ بوو بۆ قۆناغێکی ترسناکی پەرتەوازەیی کورد دروستکرد. ئەوەش بەوەی ڕێزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی بە تەواوی دووچاری جیابوونەوە و لەبەریەك هەڵوەشان کرد. بەتایبەت دوای ئەوەی چەقی ململانێکان شار و ناوچەی سولەیمانی بوو، بۆیە ئەم ڕووداوە لە خودی (حەمەڕەشیدخان)و پێگەی دەسەڵاتی لە ناوچەی پێنجوێن دوور نەبوو، بۆیە دەبوا هەڵوێستێکی هەبێت، بەڵام بەهۆی سەرهەڵدانی چەندین کێشە بۆ کوردەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان، بەهۆی سیاسەتی تاکڕەوی (موحەممەد ڕەزا شای پەهلەوی) لە دژی کوردەکان، ئاغایانی (گەورك و جوانمەردی سەقز) لە ناوچەی خۆیان هەڵاتن و پەنایان بۆ لای (حەمەڕەشیدخان) هێنا(ئازاد ئەنوەر حەمەڕەشیدخان، بیرەوەرییەکانی مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٦٤). ئەوەش وایکرد هەوڵەکانی بۆ ماوەیەکی تر دوا بکەوێت، چونکە نەدەکرا لە ئاست ئەو ڕووداوانەی خۆرهەڵاتی کوردستان و پشتیوانی لە سەرۆك هۆز و کەسایەتییە سیاسییەکانی ئەو بەشەی کوردستان، کە خۆیشی یەکێك بوون لەوان بێ هەڵوێست بێت.

دوای ئەوەی ململانێکان قوڵتر بوونەوە و باڵی مەکتەبی سیاسی توندتر کەوتنە ڕەخنەگرتن لە (مستەفا بارزانی)و سەرکردایەتییەکەی و بە سەرکردایەتییەکی هۆزایەتی دواکەوتوو پێناسەیان کرد، بۆیە دواجار (مستەفا بارزانی) بڕیاری لێدانی یەکجارەکەیانیدا. لەم بوارەشدا وەك وەرگرتنی ئەو بەڵێنەی پێشتر لە (حەمەڕەشیدخان)ی بۆ لێدانی ئەوان وەرگرتبوو، لە (١٠ی تەمموزی١٩٦٤ز) هێزێکی بە سەرکردایەتی (لوقمان بارزانی) نارده گوندی (دارۆخان) ناوچەی پێنجوێن. بەویشدا پەیامی خۆی نارده لای (حەمەڕەشید خان)و داوای هاوکاریکردنی بۆ لێدانی هێزەکانی باڵی مەکتەبی سیاسی لە ناوچەی شارباژێر لێکرد. ئەوە بوو بۆ ڕۆژی دواتر (لوقمان بارزانی) و هێزێکی بارزانی بە هاوکاری ەێزێکی ناوچەی شلێر و ناوخوان لەسەر داوای (حەمەڕەشیدخان) بەرەو ناوچەی شارباژێر بەڕێکەوتن بۆ دەرکردنی هێزەکانی مەکتەبی سیاسی لەو ناوچانە. دواجار لە (١٢ی تەمموزی١٩٦٤ز) بارەگای باڵی مەکتەبی سیاسی لە گوندی (ماوەت) دەستی بەسەردا گیرا(ئازاد ئەنوەر حەمەڕەشیدخان، بیرەوەرییەکانی مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٦٤) لە ڕۆژی (٢٤ی تەمموز)یش دوا دەستەی هێزی (عەریف مەجید شوانی) لە باڵی مەکتەبی سیاسی و لەبەرامبەر ەێزەکانی سەرکردایەتی شۆڕش تێکشکان و ئاودیوی وڵاتی ئێران کران، تا دواجار لە شاری (هەمەدان) دانران و مافی پەنابەریان لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە پێدرا(ئازاد ئەنوەر حەمەڕەشیدخان، بیرەوەرییەکانی مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٦٤؛ بارزانی، ١٨٠/١/-١٨١).

لە دووەمین هەوڵی ناوخۆییداو لە (٣١ی ئابی١٩٦٤ز)دا (حەمەڕەشیدخان) داوای لە (مستەفا بارزانی)کرد، لێبوردنی بۆ باڵی مەکتەبی سیاسی دەربکات. بۆ ئەو مەبەستەش سەردانی ئەوی لە

شارۆچکەی (چوارتا) کرد(ئازاد ئەنوەر حەمەڕەشیدخان، بیرەوەرییەکانی مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٦٤ز). (مستەفا بارزانی)یش ئەو داوایەی قبوڵکرد. بە دوایدا (حەمەڕەشیدخان) لە (١ی ئەیلول) بە یاوەری (عەباس ئاغای پشدەر و ساڵح یوسفی و عەبدوڵلا ئاغای سیوەیل) سەردانی شاری (سولەیمانی)یان کرد، تا زەمینەسازی بۆ ئەو لێبوردنەوە بڕەخسێنن. دواتر گەڕایەوە گوندی (دارۆخان) و پەیامەکەی (مستەفا بارزانی) ئاراستەی مام جەلال و هاوڕێیانی کرد. (نۆ) ڕۆژ دواتر (شێخ موحەممەدی هەرسین) بەرپرسی لقی چواری پارتی سەردانی گوندی (وێنە) کرد، تا ئەنجامی لێبوردنەکەی (مستەفا بارزانی)و زەمینەسازییەکان بگەینەنێتە (حەمەڕەشیدخان). بە دوای ئەویش لە (١٢ی ئەیلول) هەر یەك لە (سەیدا ساڵح یوسفی و عەلی عەبدوڵلا و مەحموود بەگی گۆڵێ) لە گوندی (گۆڵێ)وە هاتنە (دارۆخان) بۆ دیداری (حەمەڕەشیدخان)( ئازاد ئەنوەر حەمەڕەشیدخان: بیرەوەرییەکانی مانگی ئەیلولی ساڵی١٩٦٤).

سەرئەنجامی هەوڵەکەش بەوە گەیشت، کە لە (١٨ی ئەیلول)دا (عومەر دەبابە) وەك نێردراوی باڵی مەکتەبی سیاسی، هاتە گوندی (کێلە)ی ناوچەی شارباژێر بۆ گفتوگۆ لەگەڵ نێردراوی (مستەفا بارزانی). دواتر (حەمەڕەشیدخان) داوای زیادکردنی ئەندامەکانیان کرد. ئەوە بوو لە (٢٠ی ئەیلولی١٩٦٤ز) هەریەك لە (عومەر دەبابە، شێخ ڕۆوف، مولازم سوبحی، ڕەحمانە ڕووتە) هاتن بۆ گوندی (وێنە)، تا بە نێوەندی (حەمەڕەشیدخان) دانیشتنێك لەگەڵ نوێنەرانی (مستەفا بارزانی) سەرکردەی شۆڕش ئەنجام بدەن، بەڵام ئەم هەوڵەش بێ ئەنجام ما(ئازاد ئەنوەر حەمەڕەشیدخان، بیرەوەرییەکانی مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٦٤).

دوا بە دوای کوژرانی (عەبدولسەلام عارف)و هاتنە سەرکاری براکەی (عەبدولرەحمان عارف)ی برای، قۆناغێکی تر لە ململانێ و دووبەرەکی دەستی پێکرد. ئەوە بوو لە هاوینی ئەو ساڵەدا و دوای دەرکردنی بەیاننامەی (٢٩یحوزەیرانی١٩٦٦ز) لەلایەن سەرۆك وەزیرانی ئێراق (عەبدولرەحمان بەزاز)(ندیم احمد الیاس، ل٤٢-٤٦)، قۆناغێکی تری شەڕی (کورد بە کورد) هاتە ئارا. لەم ململانێیەدا (حەمەڕەشیدخان) پشتیوانی لە (مستەفا بارزانی) کرد دژ بەو بەرەیەی چووبوونە پاڵ حکومەتی عێراق و لە (بەکرەجۆ)وە سەنگەریان لە شۆڕشی ئەیلول و کورد گرتبوو(ئیبراهیم جەلال، ل٢٠٠بەدوا).

(حەمەڕەشیدخان) وەك کەسایەتییەکی دیاری شۆڕشی ئەیلول و پشتیوانێکی ڕاستەقینەی ئەو دووبەرەکییەی نێوان دوو باڵەکەی (سەرکردایەتی پارتی و مەکتەبی سیاسی) پێ گران و قورس بوو، بۆیە هەوڵێکی زۆریدا لەیەکیان نزیك بکاتەوە، بەڵام هەموو هەوڵەکان بێ ئەنجام بوون. ئا لەو کاتانەدا، کە ڕیزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لەم بەشەی کوردستان پەرتەوازەیی و دووبەرەکی تێکەوتبوو، نەخشە و پلانێکی دەوڵەتی ئێران ویستی زیاتر ئەو دووبەرەکییە قوڵتر بکاتەوە. ئەوەش بەوەی ناوچەی پێنجوێن و دۆڵی شلێر لە شۆڕشی ئەیلول و ئەو دووبەرە ململانێیە دابڕێت. ئەوەش دوای ئەوەی (مەجیدخانی کوڕی حەمەڕەشیدخان) لە مانگی (ئابی١٩٦٦ز) سەردانی شاری (تاران)ی

پایەختی ئێرانی کردبوو، لەلایەن لێپرسراوی گشتی خۆرئاوای ئێرانی دەزگای ساواك بە ناوی (تیسمار مەنسوور پوور) داوای لێکرابوو، کە ئەگەر (حەمەڕەشیدخان) لە ناوچەکەی خۆی بەرەیەکی نوێ بۆ خەبات بکاتەوە، ئەوا حکومەتی ئێران ئامادەیی هەموو هاوکاری و پشتیوانییەکی بۆ دەکات. بە پێی ئەم نامەیە، کە بۆ (٢٦ی ئابی ١٩٦٦ز) دەگەڕێتەوە، ئامادەیی تەواوی حکومەتی ئێران بۆ ئەو کارە گیراوەتەبەر(پاشکۆی بەڵگەنامەکان، بەڵگەنامەی ژمارە-٦)، بەڵام ئەوەی جێگای بایەخە ئەوەیە، کە دوای گەیشتنی نامەکەی (مەجیدخان) بە باوکی، بە توندی ڕەتکرایەوە و بە کوڕەکەی ڕاگەیاند، کە با ئەوەی دەوڵەتی ئێران لەگەڵ من دەیکات، لەگەڵ (مستەفا بارزانی) بیکات، ئەگەر ئەو خەمی کوردی ئەم بەشەی کوردستانییەتی. خۆ ئەگەر خەمی منی هەیە ئەوا خەمی منیش خەمی بارزانییە"(ئازاد ئەنوەر حەمەڕەشیدخان، بیرەوەرییەکانی مانگی ئابی ساڵی ١٩٦٦). بەمەش ئەو هەوڵەی دەوڵەتی ئێران بۆ زیاتر قوڵبوونەوەی ناکۆکیی نێوان ڕیزەکانی شۆڕش شکستی هێنا.

## ئەنجام

لە کۆی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. (حەمەڕەشیدخان) بە یەکێك لەو کەسایەتیانەی کورد دادەنرێت، کە لە ماوەی (٨٥) ساڵی تەمەنی لە خەباتی چەکداری بۆ دەستبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد کۆڵی نەدا و خەباتی کرد.

٢. مێژووی پەیوەندی (حەمەڕەشیدخانی بانە)و (مستەفا بارزانی) بۆ ساڵی (١٩٣٢ز) دەگەڕێتەوە، کاتێك (حەمەڕەشیدخان) لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە بۆ لیوای موسڵ دوورخرایەوە. لەو سنوورەشەوە (مستەفا بارزانی) پەیوەندی پێوەکرد و پشتیوانی و هاوکاری پێ ڕاگەیاند و لەماوەی (دوو) ساڵی مانەوەی پشتیوانی بوو.

٣. هەردوو سەرکردەی کورد لە کۆماری کوردستان بەشداریان کرد و پلەی جنراڵیان پێدراو، بە ئاستێك کاری فەرماندەیی هەردووکیان تێکەڵ بە یەك کرا. (جنراڵ مستەفا بارزانی) کرایە فەرماندەیی تەواوی هێزەکانی بارزانی لە کۆمار، کە ئەو هێزانە کەوتبوونە سنووری فەرماندەیی (جنراڵ حەمەڕەشیدخان)، بۆیە بەدرێژایی مانەوەی(جنراڵ حەمەڕەشیدخان) لە کۆمار هاوکار و پشتیوان و یەك هەڵوێست بوون.

٤. هەردوو سەرکردەی کورد بەهۆی بەشداریان لە کۆماری کوردستان دووچاری ئاوارەیی بوون. (مستەفا بارزانی) بۆ ماوەی (١١) ساڵ ئاوارەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران بوو. هەرچی (حەمەڕەشیدخان)یە لەو ماوەیەدا ئاوارەیی شارەکانی (ڕومادی و کەرکوك) بوو، بەڵام دوورخرانەوەی (مستەفا بارزانی) کاریگەرتر بوو، چونکە بەهێز و توانای خۆی و دوای سەرکردایەتیکردنی (٥٠٠) پێشمەرگەی بارزانی، توانی بگاتە یەکێتی سۆڤیەت، لەکاتێکدا دوورخرانەوەی (حەمەڕەشیدخان) لە نێو خودی خاکی عێراقدا بوو.

٥. لەگەڵ ڕووخاندنی ڕژێمی پادشایەتی لەساڵی (١٩٥٨ز)دا هەردوولا خۆشحاڵیان دەربری و بوونە پشتیوانی رژێمی کۆماری و ئەو گۆڕانکارییەی عێراق، تا ئەوەی هەردوولایان سەردانی (زەعیم عەبدولکەریم قاسم)یان کرد و پشتیوانیان بۆ دەربڕی.
٦. کاتێك (عەبدولکەریم قاسم) لەو بەڵێنانەی بە کوردی دابوو پەشیمان بوویەوە، ڕوووبەڕی وەستان، بەڵام لە قۆناغەدا، کە هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلولی تێکەوت، (مستەفا بارزانی) وەك سەرۆك و ڕێبەری شۆڕشی ئەیلول دەرکەوت و (حەمەڕەشیدخان) وەك پیشمەرگەیەکی پشتیوان بۆ شۆڕشەکە و ڕێبەرەکەی دەرکەوت.
٧. لە هەوڵێکی دەوڵەتی پادشایەتی ئێران بۆ درزخستنە نێو ڕێزەکانی شۆڕشی ئەیلول و دوای گەڕانەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی بۆ لای دەوڵەتی عێراق، وویستی کەڵك لە (حەمەڕەشیدخانی بانە) وەك کەسایەتییەکی دیاری نێو شۆڕش وەربگرێت، تا لە دژی (مستەفا بارزانی) بوەستێت، بەڵام (حەمەڕەشیدخان) ئەو داوایەی ڕەتکردەوە و دەستی لە پشتیوانی شۆڕشی ئەیلول و ڕێبەرەکەی بەرنەدا. ئامانجی دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێرانیش ئەوە بوو، تا لەکاتی نەگەڕانەوەی (مستەفا بارزانی) بۆ داواکانی بە (حەمەڕەشیدخانی بانە) لێ بدات، بەڵام ئەو پیلانە سەرکەوتوو نەبوو.
٨. لە ماوەی (١٤) ساڵی تەمەنی شۆڕشەکەدا بۆ یەك ساتیش (حەمەڕەشیدخان) پشتی نەکردە شۆڕش و ڕێبەرەکەی. تەنانەت لە کۆنفرانسی کۆیە، کە کۆتایی زستانی ساڵی (١٩٦٣ز) لە شارۆچکەی (کۆیە) بەسترا، وەخت بوو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی و شۆڕشەکە دووچاری لێکترازان بێت، پشتیوانی لە ڕێبەری شۆڕشەکە ڕاگەیاند. دوای دروستبوونی لێکترازانیش ناوبراو پشتیوانی (مستەفا بارزانی)و شۆڕشەکەی کرد دژ بە باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی، تا ئەو کاتەی لە (٤ی کانوونی یەکەمی١٩٧٤ز) کۆچی دوایی کرد.

## پاشکۆی ژمارە (١)[1]

بروار ١٣٢٥/٢/١٨ هێزی دیموکراتی کورستان

لکی بۆکان

بۆ: فرماندەی بەرزی هێزی بۆکان و سرا جنرال مایور محمد رشیدخان

لە: فرماندەی کل هێزی بارزان جنرال مصگفی بارزانی

موضوع/ قضیە ی دیبوکری

١.لە سایەی همەتی هەمو لایەك وە لطف و مرحمتی حضرتي پیشەوای معظم کاری عشیرەتی دیبوکری وە اغایانی ایلخانی زادە تەواو بو وە ایستا اغایانی محمود اغای ایلخانی زادە وە کورانی محمود اغا و حاجی بایز اغا لە بۆکان لای منن وە لەبەر ئەوەی حاجی بایز اغا زۆر نخوشە اجازەی نەهاتنیم داوە وە ایستا خوم چاوەروانی تشریف هینانەوەی حضرتي پیشەوا دەکەم کە اغایان بچنە خزمتی وە اظهاري دەستی اطاعت دریژکردن بۆ دولەتی جمهوریەتی کوردستان وە حضرةتي پیشەوا.

٢.عدەیەك لە عشیرەتی زرزا حال حاضر لە هەردوو دیی ناچیتە و دیی وشتەپەن. ئەگەر ئەم عدەیە هاتون کە لە جبهەدا اشتراك بکەن دستور بفرمون کە حرکت بکەن چونکی من امرم دا کە لشکری دیبوکری بلاوە بکات وە فعلا بلاوەیان کرد. ایجاب بەعدە ناکات کە لەو دو دییە بن.

ئیمزا

ژنرال

فرماندەی کل هێزی بارزانیان

مصطفي بارزانی

رونوس: بۆ فرماندەیی هێزی دیموکراتی بۆکان

دستور بفرمون کە ئەو عدەیە لەگەڵ اهالیدا بە کمالی روحی برایەتیەوە رفتار بکەن

(١) مەحموودی مەلا عززەت: س.پ، ٨٣١

## پاشکۆی ژمارە (٢)[١]

دائرەی فرماندەی تەواوی هیزی بارزانی جنرال مایور مصطفي بارزانی لە بۆکان

موضوع: لشکری زرزا و مانەوەیان لەو ناوە

اشارەیە بە نوسراوی ژمارە ١٠ لە رۆژی ١٣٢٥/٢/١٨

بۆ لە خصوصی اغایانی ایلخانی زادە و بلاوکردنەوەی کومگیان تشکری حسیات و همتی بەرزتان ئەکەین بۆ مسئلەی لشکری زرزا کە رەوانەی جبهە بکری. لەم وەختەدا جیگا زۆر تژیق و کورە باوەر ناکەم لەبەر عدەی بارزانی ئەو دیەاتانە عدەی تر هلبگری. و بۆ تامین جیگا و فرصی اقامتیان لەو زووانە ترتیبیان ئەکەین. بەلام تکایە تبلیغ یان بفرمون هەتا دستوری پانی هەر لەو دیهاتانەدا رابویرن ئیمزا.

فرماندەی هیزی بۆکان و منگقە لە سەرا

## پاشکۆی ژمارە (٣)[٢]

پێکەاتەی وەزارەتی هێزی کۆماری کوردستان

* پێشەوا قازی موحەممەد: سەرۆکی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.
* جنڕاڵ حەمەحوسێن خانی سەیفی قازی: وەزیری جەنگ و جێگری هێزی پێشمەرگەی کوردستان.
* جنڕاڵ مستەفا بارزانی: فەرماندەی تەواوی هێزەکانی بارزانی لە کۆماری کوردستان.
* جنڕاڵ عەمر خانی شوکاك: فەرماندەی گشتی هێزەکانی سووپا.
* جنڕاڵ حەمەڕەشیدخانی بانە: فەرماندەی هێزەکانی بۆکان و دەوروبەری.
* ئەحمەدی فاروقی: جێگری فەرماندەی هێزەکانی بۆکان و دەوروبەری.
* پات پۆلکۆنیك مستەفا خۆشناو: فەرماندەی لکی یەکی هێزەکانی بۆکان و دەوروبەری.
* ئەفسەر شانازی خۆشەوی خەلیل: فەرماندەی سریەی یەك.
* ئەفسەر شانازی سەعیدی وەلی بەگ: فەرماندەی سریەی دوو.
* ئەفسەر شانازی مستۆ جەنگیر: فەرماندەی سریەی سێ.
* پات پۆلکۆنیك میرحاج ئەحمەد: فەرماندەی لکی دووی هێزەکانی بۆکان و دەوروبەری.
* ئەفسەر شانازی ساکورە: فەرماندەی سریەی یەك.
* ئەفسەر شانازی حەیدەر عارف بەگ: فەرماندەی سریەی دوو.
* ئەفسەر شانازی ساڵح کانی لەنجی: فەرماندەی سریەی سێ.

---

(١) مەحموودی مەلا عززەت: س.پ، ٨٦١

(٢) ئەم لیستە کاری توێژەر، کە دوای گەڕانەوە بۆ چەندین سەرچاوە ئامادەی کردووە.

* پات پۆلکۆنیك عەبدولکەیم حەوێزی: فەرماندەی لکی سێی هێزەکانی بۆکان و دەوروبەری.
* ئەفسەر شانازی موحەممەد ئەمین میرخان: فەرماندەی سریەی یەك.
* ئەفسەر شانازی مامەند مەسیح: فەرماندەی سریەی دوو.
* ئەفسەر شانازی فارس کانی بۆتی: فەرماندەی سریەی سێ.
* پات پۆلکۆنیك نوری ئەحمەد تەها: فەرماندەی لکی یەکی هێزەکانی بۆکان و دەوروبەری.
* ئەفسەر شانازی وەهاب عەلی ئاغا: فەرماندەی سریەی یەك.
* ئەفسەر شانازی .........: فەرماندەی سریەی دوو.
* ئەفسەر شانازی .........: فەرماندەی سریەی سێ.
* پات پۆلکۆنیك موحەممەد مەحموود قودسی: وەکیلی فەرماندەی ەێزەکانی بارزانی لە فەرماندەیی بۆکان و دەوروبەری.
* کاپیتان عەزیزی سدیقی: سەرکردەی هێزەکانی ناوەندی (بازرسی وەزارەتی هێز).
* عەلی بەگی شێرزاد: فەرماندەی هێزی چڵی ناوەند.
* موحەممەد ئەمین خان: فەرماندەی هێزی قەبغلۆ.
* ئیسماعیل زادە: فەرماندەی هێزی گەڵوەن.
* مەجیدخانی حەمەڕەشیدخان: فەرماندەی هێزی بانە-لکی یەك.
* موحەممەد سدیق خان: فەرماندەی هێزی بانە-لکی دوو.
* کەریم موحەممەدی: جێگری فەرماندەی هێزەکانی بانە.
* موحەممەدی حەیدەری: فەرماندەی هێزی بنەماڵەی حەیدەری.
* ئەحمەد ئاغای عەباسی: فەرماندەی هێزی بنەماڵەی عەباسی.
* عەبدوڵلا بەگی سەرحەدی: فەرماندەی هێزی بنەماڵەی سەرحەدی.

## پاشکۆری ژمارە (٤)(١)

## نامەی حەمەڕەشیدخان بۆ مەجیدخانی کوڕی

عەزیزم مەجید..انشا الله صحتان بە راحتی منە و منیش کەیفی ایوە صحتم هەیە. عزیزم نوسراوی مورخە ١٩٤٧/١/١ تانم وەرگرت لە صحتان کیف خوش بووم وە صحتی نەخوشیەکەت نوسیبوو انشا الله چاك ئەبن بەڵام پاریز زۆر لازمە لە سەرما و خواردن، ایستا کە عصری ١/٢ خەبەرم وەرگرت کە مامە بلە( ) دیت بڵام هیشتا نگەیشتوە. عزیزم نوسیبووت وەزع اگوریت و ان شا الله بۆ ایمە باش دبی. دوینی لە روزنامەی الاخباردا یعنی روزی ١٩٤٧/١/١خویندمەوە الی حکومەتی ایران فکری نی یە مڵا مستەفا تسلیم بە عیراق بکاتەوە و منیش تعجبم کرد کە نم بیستبوە ملا تسلیم بە ایران بو بی جا

(١) لە ئەرشیفی تایبەتی (مەجیدخانی کوڕی حەمەڕەشیدخان) وەرگیراوە.

امجاره قسه لەو موچوعه بکەین اگر ملا تسلیم به ایران ببی و ایران نیداتەوە به عراق ایتر ایمه موفق ابین و اگر تسلیم بکریتەوە اوە ایتر فاتحه بو ارواحی من بو بخوینه ام خصوصه ایا تسلیم بوه یان رویشتوه هرچیت زانی بوم بنوسه ایتر اوا من له پنای خدا دانیشتوم و ایوەش به خدا اسپیرم بزانین عاقبت چون ابی".

## پاشکۆی ژماره (٥)[١]

## پرۆژەی حکومەتی بەغداد بۆ بەڕێوبردنی لامەرکەزی

## (٩ی ئازاری ١٩٦٣ز)

**پێشەکی:-** ئەو پرۆژەیەی حکومەتی ناوەندی له (٩یئازاری١٩٦٣ز)دا بۆ بەرێوبردنی کاروباری وڵاتی ئێراق دەریکردووە، بۆ (٦) پارێزگا دابەشکراوە. هەر یەکە لەو پارێزگایانەش، تا ڕادەیەکی باش مافی سەربەستی کارکردن و بەرێوبڕدنی کارەکانیان پێدراوە، بەڵام له ژێر چاودێری حکومەتی ناوەندیدا دەمێنێتەوە.

لەم پرۆژەیەدا هەر پارێزگایەك له لیوایەك یان چەند لیوایەك پێکهاتووە، که مەڵبەندێکی سەرەکی هەیە. ناوی پارێزگاش به ناوی بنکه سەرەکیەکەوە ناونراوە. کاروبارەکانی ئەو پارێزگایەش لەلایەن ئەنجومەنێکەوە بەرێوە دەچێت، کە (ئەنجومەنی پارێزگا)یە و (پارێزگار)یش سەرۆکی ئەو ئەنجومەنەیە. کاروبارەکانی بەشە کارگێڕییەکانی پارێزگاش لەلایەن چەند ئەنجومەنێکەوە بەرێوە دەچێت وەك (ئەنجومەنی لیوا، ئەنجومەنی شارستان، ئەنجومەنی ناوچە، ئەنجومەنی گوند).

(پارێزگار)یش به بڕیارێکی کۆماری دادەنرێت و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاشە. لێپرساوانی دام ودەزگاکانی پارێزگاش، ئەندامی ئەو ئەنجومەنەن. ئەوانیش یان له رێگای دەنگدانی نهێنی یان له ڕێگای ئەنجومەنی وەزیران دادەنرێن و کاروبارەکانی پارێزگا بەرێوە دەبەن.

**بەشەکان و دەسەڵاتەکانی هەرپارێزگایەك و ئەنجومەنەکەی:-**

پڕۆژەکە دەسەڵاتی داوەتە ئەنجومەنی پارێزگا. ئەو ئەنجومەنەش دەزگایەکی مەعنەوییە، کە دەسەڵاتی خەرجکردنی سەرجەم دارایی و سامانی ەاوڵاتیانی سنووری دەسەڵاتیان هەیە. ئەوەش لەسەر ئەو بروایەی ئەو موڵك و سامانانە ەی دەوڵەتن. ئەمەو سەرەڕای ئەوەی لەسەر ئەنجومەن پێویستە کارەکانی (پەروەردە و فێرکردن و شارەوانی و گوندنشینی و ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن و پەرەپێدان و بازرگانی و تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی و کشتوکاڵ و ئاودێری) جێبەجێبکات. به واتایەکی تر لەسەر ئەنجومەن پێویستە کاروباری پارێزگاکە بەرێوەبەرێت. هەروەها دەزگا

---

(١) نەوزەر رەشید: ناکۆکی لەسەر زەعامەت، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك - سلێمانی، هەرێمی کوردستانی ئێراق-ئێراق، ٢٠٠٣ز، لل ٦٤ ٦٨.

بەرێوبەرایەتییە جوراوجۆرەکانیش بە باشترین شێوازو بە توانایەکی تەواو، کە لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتدا بگونجێت بەرێوە ببات.

لە دەسەڵاتی ئەنجومەندایشدایە، ڕژێمێکی ناوخۆیی بۆ پارێزگاکە پیادە بکات. بەو مەرجەی لەگەڵ یاساکانی دەوڵەتدا بگونجێت، کە لە دەستووردا هاتووە. هەریەکیش لە بەشە کارگێرییە جیاوازەکان وابەستە بە وەزیرێکی دیاریکراو دەکرێن. بۆ نموونە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن بە (وەزارەتی پەروەردەو فێرکردن) ببەسترێتەوەو بۆ ڕاپەراندنی کاروبارەکانی بەرێوبەرایەتییەکانیشی بودجەی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت.

بودجەی پارێزگاش بۆ بڕیاردان لەسەری، پێشکەش بە دەوڵەت دەکرێت و دەدرێت بە وەزیرە پەیوەندی دارەکان، تا پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی پێ جێبەجێ بکات. هەروەها لەسەر ئەنجومەن پێویستە لەو ڕژێمە ناوخۆیەیی خۆییدا نەخشەی کۆبوونەوەکانی و کاروبارەکانی و تۆمارەکانی دیاری بکات. ئەنجومەنی ڕاپەراندنیش، کە بریارەکانی ئەنجومەنی پارێزگا جێبەجێ دەکات، هەموو دەسەڵاتێکی ئەنجومەنی پارێزگای پێدراوە. تەنانەت بریکاری ئەنجومەنی پارێزگایە لە کاتی ئامادەنەبوونی یان کۆنەبونەوەی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کارێك یان پڕۆژەیەك. ئەمەو هەروەها ئەنجومەنی ڕاپەراندن، مافی کارمەندان و دامەزراندنی کارمەند و کارگوزار و گواستنەوەیانی لە سنووری پارێزگادا هەیە. لەگەڵ دەست نیشانکردنی پڕۆژەی نوێ و بودجەی پێویست بۆ ئەو پڕۆژانە. سەرەڕای جێبەجێکردن و ڕێکخستنی سەرجەم دارایی پارێزگا و ووردەکارییەکانی تر.

دەسکەوتەکانی پارێزگاش بریتین لە (باجەکانی خانوبەرە و زەوییەکان و دوکان و بازارەکانی شارەوانی). ئەو باجانەش یاساکانی دەوڵەت دیاری دەکەن. سەرەڕای باجەکانی (کرێی ڕێگاوبان و هاتوچۆ و دەسکەوتەکانی پارێزگا)، کە لە دەرئەنجامی ڕێکخستنی دەسکەوتەکانی بودجەی دەوڵەت دیاری دەکرێن. هەر لەو داراییەش مووچەی فەرمانبەران و کارگوزاران و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای لێدەدرێت. پادشان بودجەی ئەو پڕۆژانەی لێ دابین دەکرێت، کە پارێزگاکان پێویستیانە. ئەویش بە پێی نەخشەیەکی دارێژراو کاری بۆ دەکرێت.

بەپێی دەستووریش ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی وەستاندن و لابردن و دەستکاریکردنی هەر بریارێکی هەیە، کە ئەنجومەنی پارێزگا دەریدەکات. بۆ ئەم مەبەستەش کار بە یاسای بەرێوبەرایەتییە خۆجێییەتیەکانی ژمارە (١٦) ی ساڵی (١٩٤٥ز) دەکرێت، تا ئەو ڕادەیەیی پێچەوانەی یاساکانی بەرێوبەرایتی پارێزگا نوێیەکان نەبێت.

**پێکهاتەی پارێزگاکان:-** پڕۆژەکە ئێراقی بۆ (شەش) پارێزگا دابەش کردووە، کە ئەمانەن:

١. پارێزگای موسڵ:- بنکەکەی شاری موسڵە و لە لیوای موسڵ پێکهاتووە.

٢. پارێزگای کەرکوك:- بنکەکەی شاری کەرکوکە و لە لیوای کەرکوك جگە لە شارستانی (چەمچەماڵ) پێکهاتووە.

٣. پارێزگای سولەیمانی:- بنکەکەی شاری سولەیمانییە و لە لیواکانی (هەولێر و سولەیمانی) و (لیوای دهۆك)، کە لە شارستانەکانی (زاخۆ و دهۆك و ئامێدی و ئاکرێ و زێبار)ی سەر لیوای موسڵ پێکهاتووە لەگەڵ شارستانی (چەمچەماڵ) پێکهاتووە.

٤. پارێزگای بەغداد:- بنکەکەی شاری بەغدایە و لە لیواکانی (بەغداد، رومادی، دیالە، کوت) پێکهاتووە.

٥. پارێزگای حیللە:- بنکەکەی شاری حیللەیە و لە لیواکانی (حیللە، دیوانیە، نەجەف، کەربەلا) پێکهاتووە.

٦. پارێزگا بەسرە:- بنکەکەی شاری بەسرەیە و لە لیواکانی (بەسرە، عەمارە، ناسریە) پێکهاتووە.

زمانی کوردی:- پرۆژەکە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی بە زمانی ڕەسمی پارێزگای سولەیمانی دادەنێت. زمانی خوێندن لە قۆناغەکانی خوێندنی (سەرەتایی و ناوەندی) زمانی کوردییە و زمانی عەرەبی زمانی دووەمە، بەڵام لە قۆناغەکانی (ئامادەیی و زانکۆ)کان (زمانی عەرەبی) زمانی خوێندن دەبێت.

## پاشکۆی ژمارە (٦)( )[١]

## نامەی مەجیدخان بۆ حەمەڕەشیدخان

بۆ حضوري حضرت خانی معظم

عرچ دست ماچ کردنم تقدیم ئەکم انشاواللە باشی و سلامتیت

وقت صرف ئەفرمون

قربان ایمەیش الحمدللە صحتمان باشە وتداویمان باش هەیە ئەم رۆ ٨/٢٦ تمسار منصورپور ناردی بەدواما زۆر لطفي نواند و زۆر اظهاري شخصیتی خانی کرد لە صداقت و شەامەت. ووتی ئەوەی خانم دی پیم وت چی مساعدت ئەوەی بی کەین. خانیش وتی بە شخصیکی تری بکەن یانی بارزانی من ئەم قصەیم دوجار بە بارزانی ووتوە ومن مگمئنی چمننیم هەیە بەرابر خان وامید ئەکم خانیش وفا بە وعدی خۆی بکات بۆ امنیتی حدود لە پاشان کە هەلسام وتی رجام وایە لە گەرانەوە تا احتراماتی خالصانە خالصانە تقدیم بە خان بکەیت بۆ موچوعی اشەکە من بوت داوا ئەکم طبعا موافقت ئەکەن...برقیە ئەکەم بۆ بانە....

---

(١) لە ئەرشیفی تایبەتی (مەجیدخانی کوڕی حەمەڕەشیدخان) وەرگیراوە.

# سەرچاوەکان

## یەکەم: بەڵگەنامەکان:


١.جوڵانەوەی نەتەوەیی باشوری کوردستان (١٩٦١-١٩٧٧) لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا (٢٠١٦). ئامادەکردن و ساغکردنەوەی لە ئەرشیفی نەتەوەیی بەریتانیا: شەریف هەژاری، وەرگێڕانی: پاسار شێرکۆ. تاران: چاپخانەی پەنجەرە.


## دووەم: بیرەوەرییەکان:


٢. ئازاد ئەنوەر حەمەڕەشیدخان. بیرەوەرییەکانی ئازاد ئەنوەر حەمەڕەشیدخان، ساڵانی (١٩٦١-١٩٧٤).


## سێیەم:دەستنووسەکان:


٣. زەند، کەریم. بیرەوەرییەکانی زەند، دەستنووس.

٤. قانع، شێخ موحەممەدی شێخ عەبدولقادری دۆڵاشە. مێژووی بەگزادەکانی بانە، دەستنووس.

٥. کوخە مامی، ملا رسول. فتح دلاوران بانە، دەستنووس.


چوارەم: بە زمانی عەرەبی:


٦. الياس، نديم احمد (١٩٧٥). المسالة الكردية- مواقف و منجزات. بغداد.

٧. ايغلتن، ويليام (٢٠١٢). جمهورية مهاباد-جمهورية ١٩٤٦الكوردية، ترجمة و تعليق: جرجيس فتح الله.اربيل: دار اراس للطباعة والنشر.

٨. البوتاني، د. عبدالفتاح (٢٠٠٤). الحركة القومية الكوردية التحررية-دراسات و وثائق، تقديم: الاستاذ الدكتور خليل علي مراد. دهوك:، دار سبيريز للطباعة والنشر.

٩. خدوري، مجيد (١٩٧٤). العراق الجمهوري.بيروت: الدار المتحدة للنشر.

١٠. دوغان، محمد امين (١٩٦٢). الحقيقة كما رأيته في العراق. بيروت.

١١. رديني، وصفي حسين (٢٠٠٧). البارزاني الخالد في المصادر العربية والاوروبية والفارسية والتركية والكردية. دهوك: دار سبيريز للطباعة والنشر.

١٢. سعيد، د.علي كريم (١٩٩٩). عراق ٨ شباط١٩٦٣ من حوار المفاهيم الي حوار الدم-مراجعات في ذاكرة طالب شبيب. بيروت: دار الكنوز الادبية.

١٣. عبدالرضا، ماجد (١٩٧٥)، القضية الكردية. بغداد: منشورات الفكر الجديد.

١٤. عيسي، حامد محمود (١٩٩٢). المشكلة الكردية في الشرق الاسط منذ بدايته حتي سنة١٩٩١. القاهرة: مكتبة مدبولي.

١٥. فوزي، احمد (١٩٦٠). أين الحقيقة في مصرع عبدالكريم قاسم. بغداد.

١٦. محمد، شيرزاد زكريا (٢٠٠٦). الحركة القومية الكردية في كردستان العراق٨ شباط١٩٦٣-١٧تموز١٩٦٨. دهوك: دار سبيرز للطباعة والنشر.

١٧. هوشيار مظفر علي امين (٢٠١٣)، الزعيم مصطفي البارزاني. أربيل: مطبعة الثقافة.

## پێنجەم: بە زمانی کوردی:

١٨. ئەمین، نەوشیروان مستەفا (٢٠٠٦). حکومەتی کوردستان- کورد لە گەمەی سۆڤیەتدا، سلێمانی.
١٩. ئەنوەر، د. کەیوان ئازاد (٢٠١٤). حەمەڕەشیدخانی بانە. تاران: چاپخانەی تاران.
٢٠. بارزانی، مسعود (٢٠٠٤-٢٠١٣). بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد. هەولێر: چاپخانەی دەزگای ئاراس.
٢١. باوەڕ، ئەحمەد محەمەد ناسر (٢٠١٠). دۆزی کورد لە پەیوەندییەکانی عێراق-ئێراندا (١٩٣٧-١٩٤٧). سلێمانی.
٢٢. پشدەری، عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسوڵ (١٩٩٧). یاداشتەکانی ژیانم-شۆڕشی ئەیلول ساڵی ١٩٦١ دژی ڕژێمی قاسم، هەولێر.
٢٣. جەلال، ئیبراهیم (١٩٩٨). خوارووی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول-بنیاتنان و هەڵتەکاندن (١٩٦١-١٩٧٥ز). سلێمانی: چاپخانەی ژیار.
٢٤. ڕەشید، سەڵاح (٢٠١٧). مام جەلال-دیاری تەمەن لەلاویەتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری. سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.
٢٥. زەند، کەریم (٢٠٠٤). گەشت- تۆماری تەمەن (٣).سلێمانی.
٢٦. سەعید، محەمەد باقی (٢٠١٦). بیروەری دەربارەی تاوانەکانی زەعیم سدیق و ئینزباتخانە-گرتوخانەی سەربازی سلێمانی لە ساڵانی ١٩٦١ بە دواوە. سلێمانی.
٣٧. کۆچیرا، کریس (٢٠٠٤). کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا، وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف. سلێمانی: چاپخانەی شڤان.
٢٨. مەنگوڕی، میرزا موحەمەد ئەمین (٢٠٠٠). بەسەرهاتی سیاسی کورد لە ١٩١٤ هەتا ١٩٥٨ز. سلێمانی: چاپخانەی ڕوون.
٢٩. مەلا قادر، محەمەد (٢٠٠٧). خەباتنامە-کورتە مێژووی پارتی و کەلتووری بارزانی نەمر. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
٣٠. مەلا عززەت، مەحموودی (٢٠٠١). جەمەوریەتی کوردستان. سلێمانی: چاپ و ئوفسێتی سەردەم.
٣١. نوری، د.فریدون (٢٠١٧). بزافی بارزانی. هەولێر: لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس.
٣٢. هومایۆن، سەعیدی (٢٠٠٧). پێشەوای ڕابوون-بیرەوەرییەکانی سەعیدی هومایۆن، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: هاشمی سەلیمی، وەڕگێڕانی: ڕەسوول سوڵتانی. هەولێر: دەزگای ئاراس.
٣٣. وانلی، عیسمەت شەریف و ئەوانی تر (١٩٩٨). گەلێکی پەرژموردە و نیشتمانێکی پەرت، وەرگێڕانی: م.گۆمەیی. ستۆکهۆڵم.

## شەشەم: بە زمانی فارسی:

٣٤. ارفع، حسن (١٣٨٢هـ.ش). کردها یك بررسی تاریخی و سیاسی، به کوشش و ویرایش: د.محمد رئوف مرادی. تهران: نشر انا.
٣٥. توکلی، محمد رووف (١٣٦٣هـ.ش). جغرافیا و تاریخ بانه کردستان. تهران

حەوتەم: بە زمانی  ئینگلیزی:

36. O. Ballance. Edgar (1972A.C). The Kurdish Revolt 1960-1970. London.


## هەشتەم: بڵاوکراوەکان:

### ا. ڕۆژنامەکان:

### ١.بە زمانی عەرەبی:


٣٧. ازاد صيق محمد (١٩٩٨/٧/٢٥). فؤاد عاف في حوار صحفي. أسبوعية الاتحاد. العدد (٢٧٧). السليمانية.

٣٨. جريدة الجمورية، العدد (١٠)، (١٩٥٨/٧/٢٨)، بغداد، العراق، ص١.

٣٩. جريدة الجهورية، العدد (٢٦٨)، (١٩٥٨/٥/٢٨)، بغداد، العراق، ص١.

٤٠. الوقائع العراقية، العدد (٢)، في (٢٨ تموز١٩٥٨)، ص١,٢.


### بە زمانی کوردی:


٤١. جەلال، مام (٢٠٠٠/٢/٢٦). لە یادی دۆستی دێرینمان خوالێخۆشبوو مەجیدخان دا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ. ژمارە (٢٠٨٣). ڕۆژی (شەممە). سلێمانی. ل١.

٤٢. خالیدی، موحسین (١٣٩٩هـ.ش) ڕوانینێك بۆ کوردستان-بانە٢، گۆڤاری سروە، ژمارە (١١٧). مەهاباد.


### ٣. بە زمانی فارسی:


٤٣. مقال (١٣٢٣/٩/٩هـ.ش). جریان اردوکشیهای کردستان، روزنامه اگلاعات، شماره (٥٥٧٨). تهران.


### ب. گۆڤارەکان:


٤٤. خالیدی، موحسین (١٣٩٩هـ.ش) ڕوانینێك بۆ کوردستان-بانە٢. گۆڤاری سروە. ژمارە (١١٧). مەهاباد.


## نۆیەم: چاوپێکەوتنەکان:

ا. چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ:


٤٥. چاوپێکەوتنی بیستون عەلی کەریم- پیشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول و مامۆستای زانکۆی خانەنشین(٢٠٢١/٣/٢٨). سولەیمانی.

٤٦. چاوپێکەوتنی چنگیانی، میرزا سدیقی فەقێ مەحمود (١٠ی حوزەیرانی١٩٩٨). سلێمانی.

٤٧. چاوپێکەوتنی خان، ئازاد ئەنوەر حەمەڕەشید (١٥ی ئابی١٩٩٨). سلێمانی).

٤٨. چاوپێکەوتنی خان، حەمەساڵح بەگی کوڕی قادر (٢١ی ئابی١٩٩٨ز). بانە.

٤٩. چاوپێکەوتنی خان، قوباد ئەنوەر حەمەڕەشید (٢٢ی مایسی٢٠٢١). سلێمانی.

٥٠. چاوپێکەوتنی خان، مەجید کوڕی حەمەڕەشید (١٧ی تشرینی یەکەمی١٩٩٣). میهرشەهر.

٥١. چاوپێکەوتنی عەلی، دکتۆر عارف موحەممەد (٨ی ئازاری٢٠٢١). سولەیمانی.

٥٢. چاوپێکەوتنی فەقێ ڕەحیم، جەلالی مەحمود (١٩٩٨/١٠/٤ز). سلێمانی.

٥٣. چاوپێکەوتنی کانی ناو، حاجی کەریم بەگ (٢٥تشرینی دووەمی١٩٩٤ز). بانە.
٥٤. چاوپێکەوتنی گۆڵێ، مەحمود بەگ (٨ی تەمموزی١٩٩٢). سلێمانی.
٥٥. چاوپێکەوتنی موهتەدی، سەلاحەددین - لەنێوان ساڵانی (١٩٦٢-١٩٦٤) نووسەری نامە فارسییەکانی مستەفا بارزانی بووە (٢٠٢١/٣/١٨ز). سولەیمانی.

**ب. پەیوەندی تەلەفۆنی:**

٥٦. پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ عەلی خانە بەگ، لە ڕۆژی (هەینی) بەرواری (٢٠٢٠/١٢/٤)

# دور محمد رشيدخان بانه في مساندة مصطفى البارزاني في ثورة أيلول

**ملخص :**

تعود قوة ثورة ايلول مابين أعوام (١٩٦١-١٩٧٥م) الي مساندة العديد من الشخصيات و رؤوساو العشائر والقبائل الكردية للثورة ولقائده (مصطفي البارزاني). هؤلاو الذين وقفوا بجانبه علي مدي (١٤) سنة من عمر الثورة ساندوه بكل ما لديهم من الامكانيات. أحدي أهم الشخصيات التي وقف بجانب زعيم الثورة منذ اندلاعه حتي وفاته في (١٩٧٤/١٢/٤م) هو (محمد رشيدخان بانه).

من هنا ومن أجل أعداد بحث للمؤتمر العلمي الثالث (لمركز بيشكجي للدراسات الانسانية) في جامعة دهوك، قمنا بأعداد بحثنا هذا تحت عنوان(دور محمد رشيدخان بانه في مساندة مصطفي البارزاني في ثورة ايلول). وقسمنا البحث الي ثلاث محاور. ففي المحور الاول تطرقنا الي حياة وشخصية (محمد رشيد خان بانه) منذ ولادته سنة (١٨٨٩م) الي أندلاع ثورة ايلول في (١٩٦١/٩/١١م). وخصصنا المحور الثاني للعلاقات الثنائية مابين (مصطفي البارزاني و محمد رشيدخان بانه). اما في المحور الثالث والاخير فقد تطرقنا الي دوره في ثورة ايلول. وأنهينا بحثنا هذا بعدة نتائج وصل اليها الباحث مع الاشارة الي اهم المصادر والوثائق التي أستخدم في هذا البحث ومن الله التوفيق.

# The role of Muhammad Rashid Khan Bana in supporting Mustafa Barzani in the September Revolution

**Abstract:**

**The strength of the September Revolution between the years (1961-1975 AD) was due to the support of many personalities and heads of clans and Kurdish tribes for the revolution and its leader (Mustafa Barzani). Those who stood by it during the (14) years of the revolution. One of the most important figures who stood by the leader of the revolution since his outbreak until his death on (4/12/1974 AD) is (Muhammad Rashid Khan Ban).**

**From here, and in order to prepare a paper for the third scientific conference (of the Bishkji Center for Human Studies) at the University of duhok, we prepared our research under the title**

**(The role of Muhammad Rashid Khan is in supporting Mustafa Barzani in the September Revolution).**

**In the first axis, we touched upon the life and personality of (Muhammad Rashid Khan Banh) from his birth in (1889AD) until the outbreak of the September Revolution on (9/11/1961 AD). We devoted the second axis to bilateral relations (Mustafa Barzani and Muhammad Rashid Khan Banh). As for the third and last axis, we touched upon the role of Muhammad Rashid Khan in the September revolution. We ended this research with several results reached by the researcher, with reference to the most important sources and documents that were used in this research, and God grant success.**

# کاریگەری نەفت لە سەر رێککەوتننامەی (١١) ئاداری ساڵی ١٩٧٠
# توێژینەوێکی شیکارییە


پ.د.ئازاد شکور صالح

زانکۆی سەلاحەددین -کۆلێژی یاسا

azad.salih1@su.edu.krd



## پوختە

دەستپێکی گفتوگۆکان نێوان سەرکردایەتی شۆرشی کورد و حکوومەتی عیراق دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٦٩ و سەرەتای ساڵی ١٩٧٠، وە دوای درێژە کێشانی بۆ ماوەی چەند مانگێك سەرنجام بەیاننامەی (١١ی ئادار) ڕاگەینرا.کە بە گوێرەیەوە حیزبی بەعسی دەسەڵاتدار بە مافەکانی گەلی کورد وە ئۆتۆنۆمی پێدان، بەڵام بە بۆچوونی کورد لە جێگای ئاواتەکانیان نەبوو، وە کە بنەرەتی کێشەکە بریتی بوو لە سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی وە سەرژمێری دانیشتوان کە بە گوێرەیەوە ناوچەکانی زۆرینەی دانیشتوانی کورد پێکدەهێننندیاری دەکات، وە کێشەی کەرکوك .

هەروەك ئاشکرایە نەفت لە ڕۆژگاری ئەمرۆ و دوێنی و سبەی بە ماددەیێکی ستراتیژی بنەڕەتی کاریگەر هەژمار دەکرێت لە هەردوو کاتی شەڕ و ئاشتی بە بێ جیاوازی، وە سەبارەت بە کوردستانی عیراق نەفت ڕۆڵێکی نەرێنی (نەگەتیفی ) گێراوە لە دیاری کردنی چارەنووسی کورد لەم پارچەیەدا.

وە شایەنی باسە لە ماوەی شۆرشی ئەیلولی مەزن کە دەکەوێتە نێوان رێککەوتی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ تا ئاداری ساڵی ١٩٧٥ ، کە نەفت بەشێوەیێکی ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ هۆکاری سەرەکی سەرنەکەوتنی ئەو دان وستانانە بووە کە لە نێوان سەرکردایەتی شۆرشی کورد و حکومەتی عیراقی ئەو کات ئەنجام دراون بە تایبەتی لە دوای ساڵی ١٩٦٨ و دواتر وە بە تایبەتی نەفت هەژماردەکرێت بە بەربەستی سەرەکی و هۆکاری راستەوخۆی (تا ڕادەیێك شاراوە) بۆ سەرنەکەوتنی رێککەوتننامەی (١١) ئاداری سالی ١٩٧٠ کەواتە نەفت ئەگەر تاکە هۆش نەبێت، ئەوا بە هۆیەکی سەرەکی دروست بوونی کیشەی تر وەك پرۆسەی ڕاگوێزانی کورد (تعریب کردنی) لە ناوچە نەوتییەکانی، وەك (کەرکووك، موسڵ، خانەقین، زومار وناوچەکانی هەولێرو دهۆك) دادەنرێت خۆی دەبینێتەوە لە ڕەگە مێژووەکەی کێشەی کەرکووك و گرنگیە ستراتیژی ونەوتییەکەی و بە عەرەبکردنی، وەهەروەها سیاسەتی ڕاگوێزانی کورد و نیشتەجێ کردنی عەرەبی هاوردە لە شوێنەکانیان و سوربوون وپێ داگرتنی حکومەتەکانی عیراق لە سەر ئەو دان وستانەی کە لە گەڵ بزاڤی کوردایەتی دا کراوەلە سەر مانەوەی ناوچە نەفتییەکان لە ژێر هەژموونی خۆیان و دوورخستنەوەی دەسەڵاتی کورد لەو ناوچانەدا، بۆیە لە ڕوانگەی ئەمەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد دەتوانین بڵێن کە نەفت دوێنێ و ئەمرۆ و لە داهاتووشدا بە بەربەستَکی هەرە سەرکیەکانی سەرکەوتنی هەر دان وستانێك وە هەروەها یەکێکە لە ئاستەنگە گرنگەکانی بەردەم چارسەرکردنی دۆزی ڕەوای کوردستانی عیراق.

## پێشەکی

**١- پرسی تۆێژینەوە:**

نەفت لە ڕۆژگاری ئەمرۆ و دوێنی و سبەی بە ماددەیێکی ستراتیژی بنەڕەتی کاریگەر هەژمار دەکرێت لە هەردوو کاتی شەڕ و ئاشتی بە بێ جیاوازی، وە بە توخمێکی سەرەکی توخمەکانی پەرەپێدانی پیشەسازی و ئابووری دەژمێردرێت. وە سەبارەت بە کوردستانی عیراق نەفت ڕۆڵێکی نەرێنی (نەگەتیفی ) گێراوە لە دیاری کردنی چارەنووسی کورد لەم پارچەیەدا، وە لە ڕۆژگاری ئەمرۆشدا ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێرێت کە ناتوانرێت بە هیچ شێوەیێك فەرامۆش بکرێت. کەس گومانی نیە کە نەفت لە ڕابردوو هۆیەکی سەرەکی بووە لە دابەش کردنی نیشتمانی کوردستان وە پارچە پارچەکردنی لە نێوان چوار دەوڵەت و لکاندنی کوردستانی باشوور (ویلایەتی موسڵ) بە دەوڵەتی عیراقەوە کە لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم دامەزراوە، دیسان نەفت سەبارەت بە بەدەستهێنانی مافەکانی کورد ، پاش لکاندنی کوردستانی باشوور بە عیراقەوە رۆڵێکی نەرێنی هەبووە هەر بەو هۆیەوە بوو کە دەوڵەتە هەرێمییەکان و ئیمپریالیەکان بۆ سەرکوت کردنی شۆرش و ڕاپەرینەکانی کوردان، هاوکاری حکوومەتی ناوندیان کردووە .

وە شایەنی باسە لە ماوەی شۆرشی ئەیلولی مەزن کە دەکەوێتە نێوان رێککەوتی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ تا ئاداری ساڵی ١٩٧٥ ، کە نەفت بەشێوەیێکی ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ هۆکاری سەرەکی سەرنەکەوتنی ئەو دان وستانانە بووە کە لە نێوان سەرکردایەتی شۆرشی کورد و حکومەتی عیراقی ئەو کات ئەنجام دراون بە تایبەتی لە دوای ساڵی ١٩٦٨ و دواتر وە بە تایبەتی نەفت هەژماردەکرێت بە بەربەستی سەرەکی و هۆکاری راستەوخۆی (تا ڕادەیێك شاراوە) بۆ سەرنەکەوتنی رێککەوتننامەی (١١) ئاداری سالی ١٩٧٠ کەواتە نەفت ئەگەر تاکە هۆش نەبێت، ئەوا بە هۆیەکی سەرەکی دروست بوونی کیشەی تر وەك پرۆسەی ڕاگوێزانی کورد (تعریب کردنی) لە ناوچە نەوتییەکانی، وەك (کەرکووك، موسڵ، خانەقین، زومار وناوچەکانی هەولێرو دهۆك) دادەنرێت خۆی دەبینێتەوە لە ڕەگە مێژووەکەی کێشەی کەرکووك و گرنگییە ستراتیژی ونەوتییەکەی و بە عەرەبکردنی، وەهەروەها سیاسەتی ڕاگوێزانی کورد و نیشتەجێ کردنی عەرەبی هاوردە لە شوێنەکانیان و سوڕبوون وپێ داگرتنی حکومەتەکانی عیراق لە سەر ئەو دان وستانەی کە لە گەڵ بزاڤی کوردایەتی دا کراوەلە سەر مانەوەی ناوچە نەفتییەکان لە ژێر هەژمونی خۆیان و دوورخستنەوەی دەسەڵاتی کورد لەو ناوچانەدا، وە دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە تا ئیستاش سیاسەتی ڕاگوێزان و بە عەربکردن بەردەوامی هەیە لە لایەن حکومەتی عیراق کە کار گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە لە هەرشوێنێکی خاکی کوردستان بیرێك یان چاڵگەیێکی نەفتی تیایدا دۆزرابێتەوە ئەوا ئەم شوێنانەیان بە ناوچەیێکی دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستان هەژمار کردووە. بۆیە لە ڕوانگەی ئەمەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد دەتوانین بڵێن کە نەفت دوێنێ و ئەمرۆ و لە

داهاتووشدا بە بەربەستَکی هەرە سەرکیەکانی سەرکەوتنی هەر دان وستانێك وە هەروەها یەکێکە لە ئاستەنگە گرنگەکانی بەردەم  چارسەرکردنی دۆزی ڕەوای کوردستانی عیراق.

**٢- گرینگی توێژینەوە:**

گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کە نەفت یەکێکە لە سەرچاوە سروشتییەکانی گرنگی کوردستان و عیراق، وەهەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقەوە لە ساڵی ١٩٢١، نەقت رۆلێکی گرنگی لە ژیاتی سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی کوردستان وعیراقدا گێڕاوە، وە هەروەها ڕۆڵی سەرەکی لە دان وستانەکانی رێککەوتننامەی (١١) ئاداری ساڵی ١٩٧٠ هەبووە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ، وە هەروەها گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدا خۆی دەنوێنێت کە پەیوەندی ڕاستەوانەی نێوان نەفت وگرتنەبەری سیاسەتی ڕاگوێزانی کورد و نیشتەجێ کردنی عەرەبی هاوردە لە شوێنەکانیان ئاشکرا دەکات، وە سورڕبوون وپێ داگرتنی حکومەتەکانی عیراق لە سەر ئەو دان وستانەی کە لە گەڵ بزاڤی کوردایەتی دا کراوەلە سەر مانەوەی ناوچە نەوتییەکان لە ژێر هەژموونی خۆیان و دوورخستنەوەی دەسەڵاتی کورد لەو ناوچانەدا. هەروەها سوود وەرگرتن لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی نەفت لە داهاتوودا لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

**٣- ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا تایبەتە بە کاریگەری نەوت لە سەر دان وستانەکان و خودی رێککەوتننامەی (١١) ئاداری ساڵی ١٩٧٠و دەستنیشانکردنی کاریگەریی نەفت لە سەر گرتنەبەری سیاسەتی ڕاگوێزانی کورد و نیشتەجێ کردنی عەرەبی هاوردە لە شوێنەکانیان لە لایەن حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق. بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجەش چەند پرسیارێك دەوروژێنین و کار لە سەر وەڵامدانەوەیان دەکەین، وێرای روونکردنەوەی هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرامبەر سەرجەم پرسەکانی پێوست بە نەوتی هەرێمی کوردستانی عیراق  لە هەندێك قوناغی جیاوازی خەباتی رزگاریخوازی کورد.

**٤- ئاستنگەکانی توێژینەوە:**

ئاستەنگی سەرەکی بەردەم ئەم توێژینەوە، نەبوونی توێژینەوەی پێشینە لەو بوارەدا، کە بە گوێرەی زانیاری ڤەکۆلەر ئەوە یەکەم جارە لە سەر ئەو بابەتە توێژینەوە دەنووسرێت، ئەمە وایکرد کە ئاستەنگی نەبوونی یان کەمی و زەحمەت بە دەستکەوتنی سەرچاوەی زانستی وە بە تایبەتی سەرچاوەی قانونی لەم بوارەدا، بۆیە ناچار بووین زیاتر پشت بە لێکدانەوەو وشرۆڤەکردنەکانی خۆمان ببەستین، کە دیارە ئەمە لایەنێکی پۆزەیتڤانەی هەیە و هاوکاتیش لە سەڕەرۆیی و کەم وکورتی ئەکادیمی بە دوور نابیت.

**٥- چوارچێوەی توێژینەوە:**

چوارچێوەی ئەم توێژینەوە خۆی لە دیاری کردنی ڕۆڵی نەفت دەبینێ لە چارەنووسی سیاسی کوردستان – عیراق   وە بە تایبەتی باسەکانی توێژینەوەکە دەخوولێتەوە لە بازنەی دیاریکردنی

کاریگەریەکانی نەفت لە سەر دان وستانەکانی ڕێککەوتننامەی (١١) ئاداری ساڵی ١٩٧٠. وە هەروەها گرتنەبەری سیاسەتی ڕاگوێزانی کورد و نیشتەجێ کردنی عەرەبی هاوردە لە شوێنەکانیان.

**٦- ڕێبازی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەدا ڕێبازی شیکاری و ڕێبازی مێژووی مان گرتۆتە بەر، کە ڕێبازی شیکاری بۆ شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی کاریگەریەکانی نەفت لە سەر دان وستانەکان وبرگە یاسایەکانی پەیوەندار بە ڕێککەوتننامەی (١١) ئاداری ساڵی ١٩٧٠ وهەروەها شیکاریکردنی دەقە یاسایەکانی پەیوەندار بە بابەتی توێژینەوەکە لە. وە هەروەها شیکردنەوەی کاریگەری نەوت لە سەر پیادەکردنی سیاسەتی ڕاگوێزانی کورد و نیشتەجێ کردنی عەرەبی هاوردە لە شوێنەکانیان لە لایەن حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق. وە ڕێبازی مێژوویی مان گرتۆتە بەر تاوەکو لە ژێر ڕۆشنایی مێژوودا ڕووداوەکانی دوێنێ و ئەمرۆ شیبکەینەوە.

**٧- کێشەی (گرفتی) توێژینەوە:**

کێشەی توێژینەوەکە خۆی لەوەدا دەنوێنێت کە تا چ ڕادەیێك نەقت کاریگەری هەبووە لە سەر لە بار بردن و سەرنەکەوتنی ڕێککەوتننامەی (١١) ئاداری ساڵی ١٩٧٠ وە هەروەها لە سەر ڕەوتی دان وستانەکانی نێوان هەردوو لایەن، وە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە توێژینەوەکە دەیان ورژێنێت وەکو: - ئایا بە خۆمالی کردنی نەفت لە لایەن حکومەتی ئەو کاتی عیراق لە ساڵی ١٩٧٢ کاریگەری هەبووە لە سەر ڕەوتی دان وستانەکانی نێوان هەردوو لایەن؟ - ئایا نەفت تاکە هۆکار بووە بۆ تێکچوون وسەرنەکەوتنی دان وستانەکانی نێوان هەردوو لایەن؟ - ئایا هۆکاری ناوەخۆیی و دەرەکی تا چەند کاریگەریان هەبووە لە سەر ڕەوتی دان وستانەکان ؟ - ئایا تاچ ڕادەیێك برگەکانی ڕێککەوتننامەی (١١) ئاداری ساڵی ١٩٧٠ وە دەقە یاسایەکانی پەیوەندار بە بابەتی توێژینەوەکە بە شێوازێکی قانونی دروست و بێ لایەن داڕێژراون کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندیان هەبووە بە نەفتەوە وە ئایا بوونە لەمپەر لە بەردەم دان وستانەکان وە کاریگەریان هەبووە لە سەر لە بار بردن و سەرنەکەوتنی ڕێککەوتننامەی (١١) ئاداری ساڵی ١٩٧٠ ؟. - ئایا ئەو ناوچە کوردستانیانەی کە نەفت بە ڕێژەیێکی بەرچاو تیاندا بوونی هەیە بوونتە لەمپەر لە بەردەم دان وستانەکان وە تا چەند کاریگەریان هەبووە لە سەر ڕەوت و ئەنجامەکانی دان وستانەکان؟ وە چۆن؟ وە ئایا نەفت تا چەند کاریگەری هەبووە لە سەر گرتنەبەری سیاسەتی ڕاگوێزانی کورد و نیشتەجێ کردنی عەرەبی هاوردە لە شوێنەکانیان لە لایەن حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق بە تایبەت ئەو شوینانەی کە نەوتیان تێدایە وەك ناوچەکانی ( کەرکوك – موسڵ – خانەقین - زوومار- مەخمور و کەندیناوە – شێخان وهتد... ) وە هەروەها هەوڵی گۆرینی دیمۆگرافیان دراوە لە لایەن حکومەتی عیراق وە؟.

**٨- گریمانەی تۆێژینەوە:**

گریمانەکان بە شێوەیێك لە شێوەکان ئەو پرسیارانەن کە لە سەرەتای هەر باسێکدا لە لای توێژەری گەڵالە دەبن. کە ئەمانیش بریتین لە:

1. ئایا نەفت تاکە هۆکار بووە بۆ تێکچوون وسەرنەکەوتنی دان وستانەکانی نێوان هەردوو لایەن؟
2. ئایا بە خۆمالی کردنی نەفت لە لایەن حکومەتی ئەو کاتی عیراق لە ساڵی ١٩٧٢ کاریگەری هەبووە لە سەر ڕەوتی دان وستانەکانی نێوان هەردوو لایەن؟
3. ئایا هۆکاری ناوەخۆیی و دەرەکی تا چەند کاریگەریان هەبووە لە سەر ڕەوتی دان وستانەکان ؟.
4. ئایا ئەو ناوچە کوردستانیانەی کە نەفت بە ڕێژەیێکی بەرچاو تیاندا بوونی هەیە بوونتە لەمپەر لە بەردەم  دان وستانەکان وە تا چەند کاریگەریان هەبووە لە سەر ڕەوت و ئەنجامەکانی دان وستانەکان؟ وە چۆن؟
5. ئایا نەفت تا چەند کاریگەری هەبووە لە سەر گرتنەبەری سیاسەتی ڕاگوێزانی کورد و نیشتەجێ کردنی عەرەبی هاوردە لە شوێنەکانیان لە لایەن حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق بە تایبەت ئەو شوینانەی کە نەفتیان تێدایەوەك ناوچەکانی ( کەرکوك – موسڵ – خانەقین - زوومار- مەخمور و کەندیناوە – شێخان وهتد...  ) وە هەروەها هەوڵی گۆرینی دیمۆگرافیان دراوە لە لایەن حکومەتی عیراق وە؟.

**٩-پلانی توێژینەوە:**

بۆ ئەوەی تیشك بخەینە سەر هەموو لایەنەکانی توێژینەوەکە وا پێویست دەکات کە توێژینەوەکە دابەش بکەین بۆ دوو باس ( مبحپ)، لە باسی یەکەمدا تیشك دەخەینە سەر کاریگەری نەفت لە سەر دان وستانەکانی رێککەوتننامەی (١١) ئاداری ساڵی  ١٩٧٠ . وە باسی دووەم تەرخان دەکەین بۆ کاریگەری نەفت لە سەر گرتنەبەری سیاسەتی ڕاگوێزانی کورد و نیشتەجێ کردنی عەرەبی هاوردە لە شوێنەکانیان. بە کۆتاییەك  توێژینەوەکە کۆتایی پێ هێنراوە  کە بەخستنە ڕووی چەند سەرئەنجامێك و چەند پێشنیارێك، کە نۆێژینەوەکە پێی گەیشتووە. وە دواجار لیستێك بۆ ئەو سەرچاوانە کراوەتەوە کە لەم تۆێژینەوەیەدا سوودیان لێ وەرگیراوە.

## باسی یەکەم: کاریگەری نەفت لە سەر دان وستانەکانی رێککەوتننامەی (١١) ئاداری ساڵی ١٩٧٠

**ڕاڤەکردن و دابەش کردن:**

هەروەك ئاشکرایە کە نەفت لە ڕۆژگاری دوێنێ وئەمرۆدا کەرستەیێکی ستراتیژی وگرینگ بووە وە رۆڵی تایبەتی هەبووە لە سەقامگیری سیاسی، وە لە هەمان کاتدا دوو ئامانجی قانونی و سیاسی هەبووە وە لە دیوە سیاسی یەکەی هەردەم پرۆسەی دەرهێنان و فرۆشتنی نەفتی هەرێمی کوردستان یەکێك

بووە لە دۆسیە هەڵپسێردراوەکانی کێشەی  نێوان کورد و حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق لە سەر ئاستی ناوەخۆ جگە لە کاریگەریەکانی نەفت لە سەر ئاستی وولاتانی بیانی وئەقلیمی و هاوسێ لە سەر دان وستانەکانی وکێشەکانی نێوان کورد و حکومەتی ناوەند لە عیراق هەبووە. وە لەبەر بوونی تەنگژەی متمانە بە یەك نەبوون لە نێوان لایەنەکانی دان وستانکار هەردەم کێشەکە بە هەڵپسێردراوی ماوەتەوە وە قووڵتر بۆتەوە وە لە ئەنجامدا نەگەیشتۆنەتە ڕێکەوتن. بۆیە پێویست دەکات ئەم باسە دابەش **بکەین** بۆ دوو داواکاری  کە لە داواکاری یەکەم  باس لە کاریگەری نەفت لە سەر ئاستی ناوەخۆ بکەین لە سەر دان وستانەکانی ڕێککەوتننامەی (١١) ئاداری ساڵی ١٩٧٠، وە لە داواکاری دووەم باس لە کاریگەری نەفت لە سەر ئاستی وولاتانی بیانی وئەقلیمی و هاوسێ بکەین لە سەر دان وستانەکانی ڕێککەوتننامەی (١١) ئاداری ساڵی ١٩٧٠.

## داواکاری یەکەم: کاریگەری نەفت لە ئاستی ناوەخۆ لە سەر دان وستانەکانی ڕێککەوتننامەی (١١) ئاداری ساڵی ١٩٧٠

مێژووی کۆن ونوێ ئەو ڕاستیەمان بۆ دووپات دەکاتەوە کە نەفت کاریگەری سەرەکی وگەورەی هەبووە لە سەر هەموو ئەو کێشە و ململانێ و داگیرکاری وجوولانەوەی ئازادیخوازیانە وشۆرش و دان وستانانە لە کوردستان هاتوونەتە کایەوە، کە دەست بەسەرداگرتنی نەفت ئامانجی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و شاراوەو و ئاشکرای داگیرکەرانی کوردستان بووە. بۆیە ئامانجی سەرەکی ئەو داواکارییە تایبەتە بە تیشکخستنە سەر ڕۆڵی نەفتی کوردستان و دەستنیشانکردنی کاریگەری لە سەر ژیانی سیاسی کوردستان و عیراق کە هەردەم رۆڵی سەرەکی هەبووە لە ئەنجام و چارەنووسی ئەو دان وستانانەی چ بە نهێنی و چ بە ئاشکرا گرێدراون سەبارەت بە چارەنووسی کوردستانی باشوور ولکاندنی بە دەوڵەتی تازە دامەزراوی عیراقەوە. وە بە تایبەتی باس لە کاریگەری نەفت لە سەر دان وستانەکانی شۆرشی ئەیلول  بکەین کە دەکەوێتە نێوان ساڵانی (١٩٦١- ١٩٧٥). وە بە تایبەتی تر ئاماژە بەو دانوستانانەی  لە نێوان سەرکردایەتی شۆرشی کورد و حکومەتی عیراق ئەنجام دەدران بکەین  بە تایبەتیش دوای سالی ١٩٦٨ و دواتر . بۆیە پێویستە ئەم داواکارییە دابەش بکەین بۆ دوو لقی سەربەخۆ کە لە لقی یەکەم تایبەت دەکەین بۆ باسکردن لە کاریگەری نەفت وەکو هۆکارێکی سەرەکی بۆ دستپێکردی دان وستانەکان وە لە لقی دووەم باس لە گرفت وکۆسپی سەرەکی دان وستانەکان بکەین کە ناسراوبوو بە (گرێی کەرکوك) یان ڕوونتر (نەفتی کەرکووك) کە ببوە بەربەستێکی سەخت بۆ هەر تێگەیشتنێك لە نێوان هەردوولایەن.

## لقی یەکەم : نەفت وەکو هۆکارێکی سەرەکی بۆ دستپێکردنی دان وستانەکان

مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە باس لە دەستنیشانکردنی چۆنیەتی و هۆکارە سەرتاییەکانی دەست پێکردنی دان وستانەکان وە چۆنیەتی بەرێوەچوونی ڕەوتی دان و ستانەکان بکەین ، کە ئەمانەش لە چەند خاڵك باس دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم : هۆکارە سەرتاییەکانی دەست پێکردنی دان وستانەکان**

پاش بڕیاری لکاندنی کوردستانی باشوور بە دەوڵەتی عیراقەوە(1)، لە لایەن ڕژێمی پاشایەتی حوکمڕانەوە مافی ڕۆشنبیری وسیاسی پێ ڕەوانەبینرا بوو، بۆیە گەلی کورد لەم بەشەی کوردستاندا دەستە وئەژنۆ دانەنیشتووە، بەڵکو بەردەوام لە جەنگ و وتێکۆشان وخەبات وشۆرش و ڕاپەرین وململانێدا بووە بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی، وە شۆرشی ئەیلول بە دیارترینیان هە ژماردەکرێت، کە جگە لە بوونی کۆمەڵێك فاکتەر و هۆکاری تر بەڵام بە پلەی یەکەم بە ئامانج نەگەیشتنی ئەم شۆرشە بۆ نەوتی کوردستان دەگەرێتەوە(2). کە هۆکاڕی نەفت لە گریمانەی تۆێژینەوەکەماندا سەرچاوە دەگرێ کە جگە لە پلان رێژکردن ونەخشەسازی و پڕاکتیزەکردنی سیاسەتەکانی دەوڵەتانی هاوسێ وئەقلیمییە ئەوا بەشێکی سەرەکیش بووە لە سیاسەتی پلاندارێژراوی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی دەوڵەتی عیراق بووە ئەو دەوڵەتەی لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم دامەزراوە وە دواتر ناوی لێنرا عیراق کە نەفت ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە بە ئەنجام نەگەیشتنی دان وستانەکان وە نەگەیشتنی کورد بە مافەکانی وە هەروەها هەوڵە بەردەوامەکانی حکوومەتی ناوەندی بۆ دەست بەسەرکردنی ناوچە پڕ لە نەوتیەکانی کوردستان و سووربوونی لە سەر دورخستنەوەی دەسەڵاتی کوردی لێانەوە کە ئەم سیاسەتەش لەوە سەرچاوەی گرتبوو کە حکومەتە یە ك لە دوای یەکەکانی عیراق لەوە دڵنیابوون کەکاریگەری نەفت وەك هۆکارێکی ئابووری - سیاسی لە دواڕۆژدا دەبێتە فاکتەرێکی سەرەکی لە جیابوونەوەی کوردستان و دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لە دواڕۆژدا .

جگە لە هەبوونی چەند هۆکار و پاڵنەری تر لە دەستپێکردنەوەی دان وستان لە نێوان شۆرشی کورد و حکومەتی عیراق لە ساڵی ١٩٧٠، دەکرێ هۆکارە سەرکیەکان بگەرێنینەوە بۆ چەند پێشهات و ڕووداو و بڕیاری دروستی سەرکردایەتی شۆرشی کورد، وە بە تایبەتی لە دوای ڕێکەوتی (١٠- ١١- ١٩٦٨) لە ئاکامی سەرنەکەوتنی گفتوگۆ لە نێوان هەردوولایەن ئەوا شەڕ ی نێوانیان دەستی پێکردەوە، هەر وەك کاردانەوێکی حەکیمانەی شۆرش ئەوا مستەفا بارزانی بریاریدا هێرش بکاتە سەر بەرژەوەندییە حکومییەکان، ئەوەبوو لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٨ دا لە لایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێرش

(١) بۆ زیاتر بڕوانە: د.ئازاد نەقشبەندی، کێشەی موسڵ یان کێشەی نەوت، گۆڤاری مەتین،خولی ٣، ژمارە(٥٧)، ١٩٩٦تشریتی یەکەم. لا لا ٢٥٥

(٢) بۆ زیاتر بڕوانە: نەوتی کوردستانی عیراق، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، ١٩٩٨، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندیی دیراسات وتۆژینەوە، دیراسەی ژمارە(٣٢) ،لالا: ٤٥ ٤٦

کرایە سەر هێڵی شەمەندەفەری نێوان بەغداد – کەرکووك[1] .دوای ئەوەش هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێرشێکی گەورەوە و سەرکەوتوویان کردە سەر دامەزراوە نەفتیەکانی کەرکوك لە ڕێکەوتی (شەوی ٢/١ – ئاداری ساڵ ١٩٦٩ ) وە زیانی گەورەی ماددی و مەعنەویان پێگەیاند کە بووە هەواڵی سەرەکی و مایەی سەرنج ڕاکێشانبی میدیا جیهانیەکانی ئەو کات وە سەرەڕای ئەمەش حکوومەتی عیراقی تووشی شۆك کرد چونکە ئەم ناوچەیە بەهێزێکی زۆر و بە شێوەیێکی زۆر توند وتۆل پارێزراوبوو لە لایەن دەسەڵاتەوە[2]. وە هەر ئەم ڕووداوە بووە خاڵێکی وەرچەرخان لە گۆرینی بۆچوونی دەسەڵاتدارانی ڕژێمی بەعس وە واز لە شەر بهێنن وە بگەڕێنەوە سەر مێزی دان وستانەکان، وە لێرەدا بە ڕوونی کاریگەری نەفت بە دیار دەکەوێت لە سەر دەست پێکردنەوەی دان وستانەکان .

وە هەروەها سەبارەت بە بارگرانی ئابووری عیراق لەو کات هۆکارێکی بنەرەتی و پاڵنەرێکی سەرەکی بوو کە وا لە بغداد بکات ناچار بێت هەڵبژاردەی دان وستان پەسند بکات لە گەڵ سەرکردایەتی شۆرشی کوردستان، ئەمەش بە ڕوونی ئاماژەی پێکراوبوو لە توێژینەوەیێك کە بڵاوکرابۆوە لە لایەن گۆڤاری ( New Middle East ( بەریتانی کە شەڕی عیراق دژ بە کورد، تێچووەکەی نزیکەی (٣٠%) بوودجەی عیراق بووە بۆ ساڵی ١٩٦٩ [3].

ئەوەو جگە لە بوونی هۆکاری سیاسی لە ناوەخۆی عیراق وەك سەرنەکەوتنی کودەتای ژمارەیێك لە سەرۆك ئەفسەرانی سەربازی و سیاسی[4]. سەرباری زیادبوونی ڕۆڵی ئۆپۆزیسۆن کە خۆی دەنواند لە هەریەکە لە حیزبی شیوعی و نەتەوەییەکان و کورد ئەمەش وای کرد کە حکومەت خێراتر ڕێگای ئاشتی هەڵبژێرێت لە گەڵ کورد.

وە هەروەها دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە حکومەتی عیراق لەو ماوەیە هێرش و پەلاماری زۆری کردە سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دانیشتوانی سیڤیلی ناوچەی جیاجیا لە کوردستان ، وە حکومەتی عیراق سەرباری ئەو هەموو هەوڵ وکردەوە شەڕانگێزەکانی، نەوەك هەر نەیتوانی لە هەوڵە سەربازییەکانی بۆ دامرکاندنەوەی شۆرشی کورد سەرکەوتن بە دەست بهێنێ ، بەڵکو سەربازانی عیراق تێکشکان لە هەموو هێرشەکان . وە سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە لە هەموو بەرەکانی شەر، هەر ئەمەش هۆکارێکی ناوەخۆی گرینگ بوو بۆ ڕێکەوتن و پەسندکردنی دان وستان،

---

(١) بۆ زیاتر بڕوانە : د. سعد ناجي جواد، العراق و المسألة الكوردية، ١٩٥٨ ١٩٧٠، لندن، ١٩٩٠، لا ١٥٥. وە بڕوانە على سنجاري ، الحركة التحررية الكوردية (مواقف وأراو)ط ١، مطبعة خەبات، دهۆك، ١٩٩٧، لا: ٧٨.

(٢) بۆ زیاتر بڕوانە :د. عبدالخالق ناصر العامری، البرزاني مصطفي و القضية الكوردية في العراق ١٩٣١ ١٩٧٥ط ١، دار الجواهري للنشر والتوزيع، بغداد ،٢٠١٧ص ١ ٨ ٢. وە فەریدون عبدالرحیم عەبدوڵا، بارودۆخی سیاسی کوردستان – عێراق، لە( ١ ی مارتی ١٩٧٠- ١ ی مارتی ١٩٧٤)، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە –هەولێر، ٢٠٠٨، لا ٣٥

(3) New Middle East, p25, London 1970.

(٤) بۆ زیاتر سەیری: مەسعود بارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكوردية ٣، اربيل ٢٠٠٢، ص ٢٢٣

وەدەبێت ئەوە لە یاد نەکەین کە ئاماژە بە لێدوانێکی (حردان تکریتی) جێگری سەرۆك کۆمار و وەزیری بەرگری لە حکومەتی بەعس لە ساڵی ١٩٦٨، کە باس لە بارودۆخی پێش واژووکردنی رێکەوتننامەی یازدەی ئادار دەکات وە دەڵێت: ( لە راستیدا کوردەکان توانیان بە خۆراگری وئازایەتیان ، حکومەتی بەغدا ناچار بکەن (چۆك دابنێت) وە پەنا ببات بەرەو دان وستان، بەو ڕادەیەی کە ترسمان لا دروست ببوو کە درێژەدان بە جەنگ ببێتە هۆی لە دەستدانی فەرمانڕەوایی مان لە عیراق و دواتر کەوتنی بەغداد، وە تێکرایی ژمارەی کوژرانی سەربازانی عیراقی پێش چەند مانگێك لە ڕاگەیاندنی بەیانی (١١ ئادار) گەیشتبووە (٣٢٥) کوژراوو وبریندار هەفتانە، وە هەروەها لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێت ( مەبەستمان لە دان وستان کە هەموو سازشێك بۆ مەلا مستەفا بکەین کە دەیویستن، وەك هەوڵدانێك بۆ گەمارۆدانی، بەڵام ئەو بەهێز و ژیرتر بوو، بۆیە مەرجێکی دانا لە بەندێکی نهێنی لە بەندەکانی بەیانی ی (١١ ئادار) ئەویش مانەوەی (٢٥٠٠٠) سەرباز لە پێشمەرگە لە ژێر خزمەتی چەکدارییەوە، ئێمەش پێمان دا)[1] . وە بۆیە بە ناچاری بڕیاری دەستپێکردنی گفتوگۆمان دا تاوەکو هەڵێکی گوونجاومان دەست بکەوێت بۆ درێژەدان و مانەوەمان لە دەسەڵاتدا.

**دووەم: چۆنیەتی بە رێوەچوونی ڕەوتی دان و ستانەکان.**

هەموو ئەو هۆکار و بارودۆخانەی کە لە پێشووتر ئاماژەمان پێکرد پاڵنەر بوون بۆ ئەوەی وا لە سەدام حوسین بکات کە بە هێزترین کەسایەتی بوو لە دەسەڵاتی بەعس لە ساڵی ١٩٦٨ -١٩٦٩ ، کە هەموو گرانی خۆی بخاتە گڕ لە پێناوی گەیشتن بە ڕێکەوتنێك بۆ ئەم کێشەیە.

وە لە ئێوارەی ڕۆژی یازدەی ئادار لە ساڵی ١٩٧٠ (ئەحمەد حەسەن بەکر) سەرۆك کۆمار و سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی شۆرش بەشی ئاشکرای لە رێکەوتنەکەی ڕایگەیاند وە بەیانی ئۆتۆنۆمی وا ناساند ، کە رێکەوتننامەکە پێکهاتووە لە (١٥) پازدە بەند وە تیایدا دان بە نەتەوەی کورد دەنێت، وە رێگە بە بەکارهێنانی زمانی کوردی دەدرێت لە بواری پەروەردە و خوێندن وفێرکردن ، وە بەشداری کورد لە حکومەتی ناوەندی بە گوێرەی ڕێژەیان لە ژمارەی دانیشتوان وە دەبێت جێگری سەرۆك کۆمار کوردبێت[2]. بەڵام کێشە بنەڕەتیەکان کە جێگای ناکۆکی یە لە نێوان هەردوولا، وەکو سەربەئەوبوونی شاری کەرکووك، ڕووبەر و سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی، وە دوارۆژی پێکهاتەی هێزی پێشمەرگە، وە شێوازی بەشداریکردنی کورد لە حوکمرانی، ئەمانە لە هاوپێچی نهێنی نووسراونەتەوە ، کە لە (١٢) دوازدە بەند پێکهاتبووکە باس لە ئەنجامدانی سەرژمێری دانیشتووان دەکات بۆ دیاریکردنی ڕووبەر و سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی ، کە ئەم ڕێکەوتنامەیە جێ بە جێ دەکرێت بۆ ماوەێکی تەجریبی

(١) رۆژنامەی (الناس) بغداد، ژمارە(٣١٢) لە رێکەوتی( ١٦ ٨ ٢٠٠١)، من اوراق توما توماس.

(٢) بەیانی ١١ئادار بۆ ساڵی ١٩٧٠، وەزارەتی ڕۆشەنبیری بڵاوکردنەوە، بەغداد.

كە ماوەکەی چوار ساڵە، کە لە کۆتاییدا دروستبوونی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ڕادەگەیەنرێت بە شێوەیکی کۆتایی [1].

کەواتە ڕێککەوتننامەی (١١) ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، لە (٢٧) بیست و حەفت بەند پێکهاتبوو، واتە (١٥) بەندی ئاشکرا، وە (١٢) بەندی نهێنی[2]. وە لە بەندی (١١) ی هاوپێچی نهێنی فەرمی ڕێککەوتننامەی (١١) ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠دا هاتبووکە دەڵێت ( ئەم هاوپێچە نهێنی یە ڕێك دەخرێت لە یەك دانەی ڕەسەن وە ...هەردوولا واژووی لە سەر دەکەن وەك ئەوەی لە ناوەڕۆکی بەندە کەدا هاتووە ...وە دادەنرێت وەك ئەمانەت اە لای بەڕێز سەرۆکی کۆمار بۆ گەڕانەوە بۆی لە کاتی پێویست). ئەم بەندە بە ڕوونی نیەت خراپی و بەد نیازی لایەنی دانوستکاری حکومەت بە دیار دەخات، ئەمە لە لایەك.

وە لە لاێکی دیکە هەر لە سەرەتای جێ بەجێکردنەکەدا گوومان ونیەتی خراپ بەدی دەکرا لە لایەن رژێمی بەعسەوە، هەروەك لە ووتەێکی (حردان تکریتی) بو ڕوونی بەدی دەکرێت کە دەڵێت (ناتوانین هەموو خاڵ وبەندەکانی ڕێکەوتننامەی ئادار جێ بەجێ بکەین چونکە جێبە جێکردنی بە شێوەی تەواو مانای بەخشینی گەورەترین کێڵگەی نەوتییە بە کوردەکان، کە ئەویش کێڵگەی کەرکوکە[3]. کەواتە واژووکردنی دەسەڵات لە سەر ڕێکەوتننامەکە تەنها بۆ بەسەر بردنی کاتە، وە کۆتایی هێنانە بە شۆرش.

لێرەدا بەڕوونی بە دیار دەکەوێت کە ڕێکەوتننامەی (١١ ئادار) هەر لە سەرەتاوە وە لە کاتی لە دایك بوونیەوە تۆوی سەرنەکەوتنی لە گەڵ خۆی و لە نێو بەندەکانی ڕێکەوتننامەکە هەڵگرتبوو.

وە هەروەها جێگای ئاماژە پێکردنە کە ناوەرۆکی یەکێك لە بەندەکانی ڕێکەوتننامەکە بریتی بوو لەوەی کە دەڵێت( کە وەبەرهێنانی سەرچاوە سروشتی یەکان لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەبێت لە چوارچێوەی کۆماری عیراقی بێت).

کەواتە ئەگەر بە ووردی سەیر بکەین دەبینین خالی سەرەکی ناکۆکی نێوان هەردوو لایەن بریتی یە لە نەفت و ئەو ناوچانەی کە دەوڵەمەندن بە نەفت، بە دیاری کراوی شاری کەرکوك .

وە لە ساڵی ١٩٧١ پاش هەرس هێنانی هەوڵی تیرۆرکردنی مەلا مستەفا بارزانی لە لایەن رژێمی بەعسەوە ئەوا پەیوەندی نێوان هەردوولای بردە دۆخێکی ئاڵۆز ئەمە لە لایەك[4].

---

(١) علي السنجاري، القضية الكوردية وحزب البعث الاشتراكي، العراق،دهؤك،٢٠٠٦، لا ١٨٧

(٢) عبدالحميد علي سعيد البرزنجي، دور ثورة أيلول( ١٩٦١ ١٩٧٥) في حركة التغير الَاجتماعي، الطبعة الَاولي، ٢٠٠٧، دار سپێرز للطباعة والنشر ، دهؤك- كوردستان- العراقص ٢٠٢

(٣) عبدالفتاح علي البوتاني، ملا مصطفي البارزاني قائد الثورة الكوردية وملهماَ، جامعة دهؤك، مركز الابحاث العلمية والدراسات الكوردية، دهؤك، ٢٠١٢م، ٧ ٣

(٤) مەسعود بارزانی، البارزاني والحركة التحررية الكورديةج ٣، سەرچاوەی پێشووترلا ٢٦١

وە لە لایێکی تر لەو کات عیراق دووچاری  بارگرانی ئابووری ببو، وە دەسەڵات لەوە تێگەیشتبوو کە ناتوانێت بچێتە نێو هیچ شەڕێکی چارەنووسازی سەرکەوتوو لە گەڵ کۆمپانیاکانی نەفت کە وولاَتانی ڕۆژئاوا لە پشتیانە بە بێ بە دەستهێنانی پاڵپشتی حیزبی شیوعی عیراقی وە حیزبی دیموکراتی کوردستانی و هێزە نیشتمانیەکانی تر.، پاش ئەوەی پەیوەندی باش ببو لەگەڵ یەکێتی سۆفیەت ، وە هەروەها بەعس لەوە حاڵی ببوو کە پێویستە بارودۆخی ناوەخۆی وولاَت باش بکات وە وولاَت ئامادەبکات بۆ بەرنگاربوونەوەی کۆمپانیاکانی نەفتی(١) . وە هەرڕوەها ئەو کەم بەرهەم هێنانە دژوارەی نەفت لە ساڵی ١٩٧٢ ئەوە ڕوون دەکاتەوە  کە ئەم بەرهەم هێنانە کەمە بە سروشتی خۆی کاریگەری گەورەی هەبوو لە پەیوەندی نێوان حکومەتی عیراق و کۆمپانیایە بیانیەکانی کە لە عیراق کاردەکەن  وە لە ساڵانی ١٩٧١ و١٩٧٢ دا تێچونێکی زەبەلاحی بە خۆەوە بینیبوو کە ئەمەش بە خودی خۆی کاریگەرێکی نێگەتیفی بە سەر بەرهەمهێنانی نەفتی کوردستانی عیراق دا هەبوو وە لە ساڵی ١٩٧٢ دابەزینێکی تۆمار کرد کە بەراورد بە  ساڵی ١٩٧٠ دا جیاوازییەکەی بە (٣٧%) مەزەندە دەکرێت(٢). ٢

بۆیە دەتوانین بە شێوەێکی گشتی بڵێن کە ڕەوتی دان وستانەکان بەرز و نزمی واتە گەرم وگوڕی و ساردی بە خۆیەوە دەبینی ماوە ماوە ئەویش وەکو یاری کات بە سەر بردن بوو بەرامبەر جێبەجێکردنی ڕێکەوتنامەکە وە هەروەها ڕەوتی دان وستانەکان بە گوێرەی پێشهات و بەرژەوەندی خۆیان مەبەستم (بەرژەوەندی ڕژێمی بەعس) ئاراستە دەکرد و دەگوزەراند. هەر کاتێك بارودۆخیان نالەبار بووایە وە پێویستی بکردبایە ئەوە گەرم وگووڕ دەبوون ئەگەر نا بە پێچەوانەوە ڕەفتاریان دەکرد.

## لقی دووەم:  کاریگەری کەرکووك (نەفتی کەرکووك)  لە سەر ڕەوتی دان وستانەکان

لێرەدا باس لە گرفت وکۆسپی سەرەکی دان وستانەکان دەکەین کە ناسراوبوو بە (گرێی کەرکوك) یان ڕوونتر (نەفتی کەرکووك) کە ببوە بەربەستێکی سەخت لە بەردەم هەر تێگەیشتنێك و پێشەوەچوونێك لە سەر ڕەوتی دان وستانەکان بە گشتی. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەوەی لە سەرەوە خستمانە ڕوو پێویست دەکات لەم لقەدا باس لە هەڵکەوتنی جوگرافی و ئابووری کەرکوك بکەین وە هەروەها کاریگەری نەفتی کەرکوك لە سەر ڕەوتی دانوستانی نێوان سەرکردایەتی شۆرشی کورد و حکومەتی عیراق بکەین ، بۆ ئەوەی بەڕوونی ئاماژە بە هەموو لایەنەکانی ئەو بابەتە بکەین. پێویست دەکات ئەم لقە دابەش بکەین بۆ چەند خاڵێك کە بەم شێوەیەی حوارەوە:

(١) أدمون غريب، الحركة القومية الكوردية، بيروت، ١٩٧٣لا ٦٨.

(٢) بۆ زیاتر بڕوانە: نەوتی کوردستانی عیراق، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، ١٩٩٧، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندیی دیراسات وتۆژینەوە، دیراسەی ژمارە(٣١)لا ٦٩

**یەکەم: گرینگی هەڵکەوتەی جوگرافی وئابووری کەرکوك.**

ناوچەی کەرکووك دەکەوێتە نێوان چیاکانی زاگرۆس و هەردوو زێ ی زابی بچووك و زێ ی دجلە وە زنجیرە چیای حەمرین و زێ ی سیروان ، کە بە بەشێکی ڕەسنی جوگرافیا و مێژووی کوردستان دادەنرێت[1].

هەر لەم ڕوانگەیەوە زانا و جوگرافیاناسی فەرهنگی (إقلیمس یوسف داود . ١٨٢٩- ١٩٠٧) لە کتێبەکەی بە ناونیشانی (کورتکراوەێکی بچووك لە جوگرافیا) کە چاپ کراوە لە ساڵی (١٨٦١ لە موسڵ لە لاپەرە (٧٤) دا) نووسیوەیەتی کە ( شاری کەرکوك و بدلیس وهەولێر و سیێرت، بریتین لە گەورە شارەکانی کوردستان[2].

وە هەروەها دانیشتوانی کەرکوك دابەش دەبن بۆ سێ ڕەگەز ئەمانیش (کورد- عەرەب- تورکمان) بەڵام زۆربەی هەرەزۆری دانیشتوانەکەی کوردن وە ڕێژەی کورد (٦٥%) ی دانیشتوانی گشت پارێزگاکە پێك دەهێنێت بەڵام تەنها ناو شاری کەرکوك ڕێژەی کورد تیایدا (٥٢%) پێکدەهێنێت[3]. لە لایەکی تر سەرژمێری دانیشتوانی عیراق بۆ ساڵی ١٩٥٧ ئاماژە بەوە دەکات کەدانیشتوانی شاری کەرکوك پێکدێت لە زۆرینەی کوردی کە ڕێژەکەی(٥٥%) لە کاتێکدا ڕێژەی عەرەب (٣٠%) و ڕێژەی تورکمان (١٤%) بوو.

وە دابەشبوونی ڕێژەی دانیشتوانی شاری کەرکوك لە ڕووی نەتەوەییەوە بە پێی سەرژمێری لێژنەی کۆمەلەی گەلان بەم جۆرە بوو: کورد(٦٣%)، تورکمان(١٩%)، عەرەب( ١٨%)، سەرژمێریەکانی حکومەتی عیراقیش ئەم ڕاستییە دووپات دەکەنەوە، کە ڕێژەی زۆری دانیشتوانی شاری کەرکوك کورد بوونەو ڕێژەکەش بەم شێوەیە بوو: کورد(٥٩,٩%)، تورکمان (٣٢%)، عەرەب(١٩,٥%)[4].

ئەو ڕێژانەی لە سەرەوە خستمانە ڕوو کە سەرجەم بەڵگەنامە جوگرافیایی و مێژووییەکان ئاماژەی بۆ دەکەن ئەوە ڕاستییە دەسەلمێنێت کە هیچ گوومان لە کوردستانیەتی و کوردیتی زەوی وگەلی لیوای کەرکوك نیە.

وە گرینگی ئابووری کەرکوك لەوە بە دیار دەکەوێت کە سەرباری لەوەی خاکەکەی دەوڵەمەندە بە سامانی نەوت ئەوا زۆربەی خاکەکەی خاکێکی کشتوکاڵی دێمییە کە بە شێوەێکی بنەرەتی پشت بە ئاوی باران دەبەستێت، هەروەها ئاوی کوردان بۆ خزمەتی پرۆژەکانی نەوت لە شاری کەرکوك

(١) عبدالفتاح علي بوتاني، كركوك في السالنمات العثمانية، مجلة جامعة دهؤك، العدد ٢ المجلد ٥ ،دهؤك، ديسمبر ٢٠٠٢، لا لا ١٢١

(٢) كمال مظهر، كركوك و توابعها، حكم التاريخ و الضمير، دراسة وثائقية عن القضية الكوردية في العراق ج ١، السليمانية، ٢٠٠٤ ص ٢

(٣) عبدالرزاق الحسني، العراق قديماً و حديثاً ط ٤، ص ٢٢٠

(٤) لێڤى نامق الجاف، كركزك- لمحات تأريخية ، مطبعة خةبات، اربيل، ١٩٩٢، ص ٩

بەکارهێنرا، بەمەش دەرامەتێکی کوردی بە دەرامەتێکی کوردی دیکە لە باربردرا[1]. وە هەرٛوەها دەوڵەمەندە بە کانزا جگە لە نەفت وەکو کبریت و مس و خوێ و هتد، وە لە ساڵی ١٩٢٧ وە نەفت بەرهەم دەهێنرێت لە کەرکوك وە ژێرخانێکی نەوتی یەکجار گەورەی هەیە سەرەرای ئەوەی رێژەیەکی گەورەی لە کۆی هەموو نەوتی بەرهەمهێنراەی عیراق پێکدەهێنێت، بۆنموونە کۆی گشتی بەرهەمهێنانی نەفت لە ساڵی ١٩٧٤ گەیشتە نزیکەی (٦٢) ملیون تەن وە لە ساڵی ١٩٧٩ گەیشتە نزیکەی (١٠٠) ملیون تەن وە لە ساڵی ١٩٨٧ گەیشتە (١٢٦) ملیون تەن، وە نرخی فرۆشتنی یەك بەرمیل نەفتی کەرکوك بەرزترە لە نرخی فرۆشتنی یەك بەرمیل نەوتی باشووری عیراق نەك تەنیا لە بەر باشی جۆری نەوتی کەرکوك بەراورد لە گەڵ نەوتی باشوور وە لە بەربوونی هۆکاری هونەری، وەتێکرایی تێچوونی دۆزینەوە و بەرهمهێنانی یەك بەرمیل نەفت لە ناوچەی کەرکوك نزمترین تێکرایی تێچوونی نەوتە لە جیهاندا بەهۆی سیما جیۆلۆجی وجوگرافیە باشەکانی ئەم چاڵگانەوە[2]. ئەم بەڵگانەی لە سەرەوە خستمانە روو ئەو راستییە دەسەلمێنێت کە ناوچەی کەرکوك گرنگترین وگەورەترین ناوچەی نەفتییە لە عیراق. سەرەرای بوونی گرینگی ئیستراتیژی ناوچەی کەرکوك لە رووی ئابووری و سەربازی وکارگێری هەربۆیە هەردەم شوێنی تەماعی وگرینگپێدانی دەوڵەتە دراوسێ و هێزی جیهانی و ئیقلیمی تر بووە ، وە بە تایبەت دۆزینەوەی نەفت بەو برە زۆرە زیاتر پاڵنەر بوو کە ململانێکی بەهێز لە نێوان ئەو لایەن وهێزاتە درووست ببێت وە ببنە سەرچاوەی نەهامەتی و ئازار و ماڵوێرانی بۆ خەڵکی کەرکوك و ناوچەکە و هەموو گەلی کوردستان کە تا رۆژگاری ئەمرۆشمان بەردەوامە.

**دووەم: کاریگەری نەفتی کەرکوك لە سەر رەوتی دانوستانی نێوان سەرکردایەتی شۆرشی کورد و حکومەتی عیراق.**

هەروەك لای هەمووان ئاشکرایە کە بە ئامانج نەگەیشتنی زۆربەی شۆرش و راپەرینەکانی گەلی کورد لە رابردوو وئێستادا بە پلەی یەکەم هۆکارەکەی دەگەرێتەوە بۆ نەفتی کوردستان بە گشتی و تەفتی کەرکوك بە تایبەتی، ئەویش لەبەر دەست هەڵنەگرتنی حکومەتی ناوەندی لە ناوچەکانی نەفت و سووربونی لە سەر مانەوەیان لە ژێر دەستی خۆیدا لە سەرجەم ئەو دان وستانانەی لە نێوان حکومەت و بزاڤی رزگاریخوازی کورد کراون و دوورخستنەوەی دەسەڵاتی کورد و پیادەکردنی پرۆسەی

(١) محمەد عەبدوڵلاعونەر، رۆڵی ئاوی کوردان لە بەعەرەبکردنی کەرکوك، تۆێژینەوەیکە لە گۆڤاری سەنتەری برایەتی بلاوکراوەتەوە، تایبەتە بە کۆنفراسی زانستی – ئەکادیمی کەرکوك لە( ٣ ٥ی نیسانی ٢٠٠١کوردستان -هەولێر) ژمارە ٢٠) ساڵی ٢٠٠١لا ١٤٠

(٢) د ئازاد نەقشبەندی، کاریگەریی نەوتی کەرکوك لە سەر راگۆێزانی کورد لە کەرکوك و بەعەربکردنی، تۆێژینەوێکە لە گۆڤاری سەنتەری برایەتی بلاوکراوەتەوە، ژمارە( ٢٠) ساڵی ٢٠٠١، سەرچاوەی پێشووتر، لالا ٢٥ ٢٦

به عەرەب کردنی ناوچە نەوتییەکان ، هەربەوهۆیەوە شەڕ لە نێوان حکومەت و بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد دەستی پێکردۆتەوە.

وە هەروەها حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق درکیان بەوە کردووە کە گەڕاندنەوەی ناوچە نەفتییەکان وە دان پێنان بەو مافە بەگەلی کورد دەبێتە خاڵێکی ئەرێنی بەهێزی ئابووری و سیاسی لە بەرژەوەندی گەلی کورد وە ڕێگا خۆشکەر دەبێت بۆ بە دەست هێنانی پاڵپشتی سیاسی بۆ کورد وە بیرکردنەوەیان لە جیابوونەوە لە عیراق وە دواتر پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان. بۆیە هەردەم کۆسپ و تەگەرەیان خستۆتە پێش هەر ڕێکەوتنێك لەم بارەیەوە.

وە لەم بارەیەوە سەرکردایەتی شۆرشی کورد ، لە کۆنگرەی نیشتمانی کۆیە، کە لە دوای ئاگربەستی نێوان سەرکردایەتی شۆرشی کورد و حکومەتی عیراق ی ئەو کات  هاتبووە ئاراوە، بۆ یەکمجار بە شێوەیکی ئاشکرا ئاماژە بەوە کرا کە پارێزگای کەرکوك بەشێکە لە کوردستان، وە بووە داواکارێکی بنچینەیی  شاندی دانوستکاری کورد لە هەر دان وستانێك کە دواتر لە گەڵ حکوومەت هاتە کایەوە.

وە بە تایبەتی دوای هاتنەوەی بەعس بۆ دەسەڵات لە ساڵی ١٩٦٨ دا، دیسان کێشەی کەرکوك کەوتەوە پێش هەموو داواکارییەکانی دیکەی شۆرشی کورد، وە بە شێوەیکی تایبەت مەبەست لە سەر بەئەوبوونی پارێزگای کەرکوك بوو کە ببوە باسی سەرەکی وە مشتومڕی گەرمی نێوان هەردوو لایەن، وە لە ماوەی دانوستاندنی پێش ڕێککەوتنامەی (١١) ی ئاداری ١٩٧٠ لە نێوان سەرکردایەتی شۆرشی کورد و جکومەتی عیراقیدا زۆر دان وستان و گووت و وێژ و قسەو باسی توند لە سەر پارێزگای کەرکوك دروست بوو، بارزانی نەمریش بە شەخسی زیاتر لە جارێك لەو وتووێژە توندانەدا بەشداری کرد و گەلێ هەڵوێستی مێژوویی بەرچاوی لەو بارەیەوە تۆمارکرد. وە لە ناوەرۆکی ڕێکەوتنامەکە دا هاتبوو کە پارێزگا کوردیەکان لە ناوچەیەکی ئیداری یەکگرتوودا یەك بخرێن  وسەرژمێری دانیشتوانیش لەو ناوچانەدا بکرێت کە هێشتا یەکلانەبۆنەتەوە وەك (کورکوك – خانەقین- مەندەلی – شەنگار- ....) وە دوای تێپەربوونی سالێك بە سەر ئەو ڕێکەوتنامە بۆ دەستنبشانکردنی شێوەی نەتەوایەتی ئەو ناوچانەو دواتریش ئەو شارەی کە زۆرینەی کورد دەرچوو بخرێتە سەر ناوچەی ئیدارە یەککگرتووە کوردییەکان و بوودجەیکی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت بە مەبەستی گەشەسەندنی ئابووری، وە پاش چوار سالیش واتە لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ بە ناوچەی ئۆتۆنۆمییەوە بلکێندرێ، بۆ ئەم مەبەستەش پشت بە سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ ببەسترێ، کەچی حکوومەتی عیراق بەردەوام بوو لە خۆدزینەوە و دواخستنی ئەو بابەتە بە مەبەستی سوود لە کات وەرگرتن  وە ئەنجام نەدانی چونکە ئەو زووتر ئەو ڕاستیەی دەزانی کەوا ئەنجامەکەی لە بەرژەوەندی ئەودا نابێت، هەر ئەوەش بوو زیاتر حکومەتی عیراقی هاندا کە لە ماوەی دواتر کردەوەی ڕەگەزپەرستی و چەندین جۆر وشێوازی جیا جیا توندتر بکات.

وە بە پوختی: کەرکوك کرۆك و کێشەی بنچینەیی نێوان حکومەتی عیراقی وسەرکردایەتی شۆرشی کورد بووە، ئەمەش  لێرەدا پرسیارێك دێنێتە ئاراوە پرسیارەکەش ئەوەیە، ئایا  نەوتی کەرکوك ڕۆڵی

سەرەکی هەبووە لە سەرنەکەوتنی دان وستانەکانی ڕێکەوتنامەی (١١) ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠؟ لە وەڵامدا دەڵێین بەڵی چونکە کەرکوك لە بەر گرینگی ستراتیژی وشوێن کەوتە جوگرافیەکەی کە دەکەوێتە سەر درێژکراوەی ئەو هێڵەی کە تیایدا دانیشتوانی کورد و عەرەبی عیراق بە یەکەوە دەگەیەنێت، وە هەوروەها ناوچەی کەرکوك بە دەوڵەمەندترین ژێنگەی سامانی نەوتی دادەنرێت وە هەر بۆیە بەگەورەترین یەدەگی نەوتی لەخۆدەگرێت، وە کۆی یەدەگی نەوتی کوردستان و عیراق بە ڕێژەیکی بەرز پێکدەهێنێت ، وە ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە یەدەگی چەسپاوی چاڵگە نەوتییەکانی کەرکوك بەڕێژەی (٩٨،٧٨%) یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت، وە لێکۆڵینەوە نوێیەکانیش دەریان خستووە کە پتر لە نیوەی یەدەگی نەوتی عیراقیش لە کوردستانی عیراق دایە، دیارە کەرکوکیش خاوەنی بەشی شێرە لەم یەدەگە نەفتییەی کوردستان، لەبەر ئەم هۆکارانە ی سەرەوە خستمانە ڕوو وە هەروەها ڕووداوەکانی کۆن ونوێی ناوچەی کەرکوك بە بەڵگە دەیسەلمێنن کە چۆن نەوتی کەرکوك ڕۆڵێکی نێگەتیفانەی لە ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردی کەرکوکی گێراوە[1]، وە هەر لە بەر ئەم هۆکارانەو وە هەبوونی هەندێك هۆکاری ناوەخۆیی وە دەرکی تر حکومەتی عیراق هەرگیز نەی توانیوە رێکەوتن بکات لە سەر گەڕاندنەوە و لکاندنی کەرکوك بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئەمە لە لایەك، وە لە لاێکی تر ئەو هەڵوێستە جێگیر و نەگۆڕانەی سەرکردایەتی کورد وە بە تایبەتی و لە سەرووی هەموان سەرۆك (مستەفا بارزانی) بوو سەبارەت بە کورد و کوردستانیەتی کەرکوك، واتە نەفت هۆکاری سەرەکی بوو لە نەگەیشتن بە چارەسەرێکی هەمیشەیی دۆزی کورد لە عیراقدا، وە هەروها بە گرێکۆرەی چارەسەری ناکۆکی نیوان هەردوولای دانوستانکار لە سەر دەستنیشانکردنی ناوچە کوردییەکان بوو وە بە تایبەتی پارێزگای کەرکوك و بەعەرەبکردنی ناوچە نەفتییەکانی کەرکوك پێشتر و ئێستاش هۆکارێکی سەرەکی نەگەیشتنە رێکەوتن وسەرنەکەوتنی ڕێکەوتنامەی (١١) ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ بوو ، وە زێدەڕۆیش نیە ئەگەر بڵێین ئەم هۆکارە بە هۆکاری سەرەکی هەڵگیرسانەوەی شەڕی نێوان شۆرشی کورد و حکومەتی عیراق دادەنرێت لە ساڵی ١٩٧٤ .

## داواکاری دووەم: کاریگەری نەفت لە سەر ئاستی وولاتانی بیانی وئەقلیمی و هاوسێ بکەین لە سەر دان وستانەکانی رێککەوتننامەی (١١) ئاداری ساڵی ١٩٧٠.

پاش ئەوەی لە پێشووتر لە داواکاری یەکەم باس لە کاریگەری نەفت لە سەر ئاستی ناوەخۆمان کرد لە سەر دان وستانەکانی رێککەوتننامەی (١١) ئاداری ساڵی ١٩٧٠، ئەوا شان بە شانی ئەو کاریگەریانەی نەفت لە سەر ئاستی ناوخۆ، ئەوا نەفت کاریگەری هەبووە لە سەر ئاستی وولاتانی بیانی وئەقلیمی وهاوسێ لە سەر دان وستانەکانی رێککەوتننامەی (١١) ئاداری ساڵی ١٩٧٠، وە بە تایبەتی

---

(١) بۆ زیاتر سەیری: د. ازاد نەقشبەندی، کاریگەریی نەوتی کەرکوك....، سەرچاوەی پێشووتر، لالا ٢٧ ٢٨

پاش بریاری خۆماڵی کردنی نەفت لە ڕێکەوتی (١٩٧٢/٦/١) لە لایەن حکومەتی عیراقیەوە، وە بۆ باسکردنی ئەم بابە تە پێویست دەکات ئەم داواکارییە دابەش بکەین بۆ دوو لق کە یەکەمیان تەرخان بکەین بۆ کاریگەری نەوت لە سەر ئاستی وڵاتانی هاوسێ لە سەر دان وستانەکانی رێککەوتننامەی (١١) ئاداری ساڵی ١٩٧٠ ، وە دووەمیان بۆ کاریگەری نەوت لە سەر ئاستی وولاتانی بیانی وئەقلیمی لە سەر دان وستانەکانی رێککەوتننامەی (١١) ئاداری ساڵی ١٩٧٠ ، بەم شێوەی خوارەوە:

## لقی یەکەم : کاریگەری نەفت و خۆماڵی کردنی لە سەر ئاستی وڵاتانی هاوسێ لە سەر دان وستانەکانی رێککەوتننامەی (١١) ئاداری ١٩٧٠.

هەبوونی ڕێژەی زۆری نەفت لە خاکی کوردستان وە بە تایبەتی لە شاری کەرکوك وە دۆزینەوەی نەوت تیایدا، ئەوا فاکتەری نەفت بووە هۆی وەرچەرخانێکی گەورە بە پلەی (١٨٠) بە سەر کێشەی کورد داهێنا لە ڕوانگەی وولاتانی زلهێز وهەرێمی بە گشتی وە وولاتانی هاوسێ بە تایبەتی، وە بە چەندین شێوە لێکدانەوە وحیسابی بۆ دەکرا، بە تایبەتی لە لایەن وولاتانی ئێران و ئەمریکا و یەکیەتی سۆفییەت.

وە پێش ئەوەی بچینە نێو قوولایی باسی ئەم لقە لە توێژینەوەکەمان پێویستە ئاماژە بە بەیانی خۆمالی کردنی نەفت بکەین لە ساڵی ١٩٧٢ لە لایەن حکومەتی عیراقەوە چونکە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لە سەر هەڵوێستی وولاتانی زلهێز و هاوسێ و ناوچەکە وە کاردانەوەیان بەرامبەر ئەو بریارە وە هەڵوێستیان بەرامبەر کێشەی کورد و شۆرشی ئەیلول و ڕێکەوتنامەی ١١ ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠. بۆیە پێویست دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە ڕوونی بکەینەوە.

**- خۆماڵی کردنی نەفت لە ساڵی ١٩٧٢:**

خۆماڵی کردنی نەفت بریتی بوو لەو پرۆسەیەی کە لە ڕێکەوتی (١-٦-١٩٧٢) لە لایەن حکومەتی عیراقەوە پیادە کرا ، بە گوێرەیەوە وە لە ئەنجامدا کۆمپانیای نەفتی عیراق لە دەست ئینگیلزەکان دەرهێنراو بوو بەموڵکی عیراق، بەڵام بەعسیەکان کە ئەم نەوتەیان کەوتە ژێر دەست لە جیاتی ئەوەی بۆ خزمەتی گەلی عیراق بەکاری بهێنن بەڵام بە پێچەوانەوە دایان بە گوللەو تۆپ وە پێی ڕووبەڕووی گەلی عیراق بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی بوونەوە،

بێگومان پرۆسەی خۆماڵی کردنی نەفت ئەوە نەبێت شتێکی تازە بێت بەڵکو لە دەمێکەوە بوو هەوڵی بۆ دراوە وە نەخشەی بۆ کێشرابوو، وە بەعسییەکان زۆر بە وورياييەوە کارەکانیان جێ بە جێ دەکرد، دەیانزانی کارێکی وەها پێویستی بە بەرەیێکی ناوەخۆی توند وتۆڵ هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش لە ڕێکەوتی (١٤-٥-١٩٧٢) حیزبی بەعس خۆی لە هەردوو حیزبی شیوعی عیراقی و پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر نزیك کردەوە، ئەوە بوو بۆ یەکەم جار دووئەندامی شیوعی کرد بە وەزیر لە بەغدا بە

ناوەکانی( عامر عبدالله ، مکرم تالەبانی) لە هەمان کاتدا بەرەیێکی ناوەخۆی بەناوی ( بەرەی نیشتمانی پێشکەوتوو) لە هەر سێ حیزبەکی پێکهێنا ([1]).

وە سەبارەت بە هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێش دەرچوونی بریارەکە پشتگیری خۆی بۆ بریاری خۆماڵی کردنی نەفت دەربڕی، وە ئەم هەنگاوەی پەسند کرد([2]) .

وە خۆماڵیکردنی کۆمپانیای نەفتیەکان، کاریگەری لە بارودۆخی ناوچە نەوتییەکانی کەرکوکیش کردبوو، بۆیە سەرۆك مستەفا بارزانی، بۆ ناچارکردنی بە دابەشکردنی داهاتی نەفت بە پێی ڕێژەی دانیشتوان وەك لە بەندی (١٤) ڕێکەوتنامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ دا هاتبوو دووپات کردەوە، وە فشاری خستە سەر ڕژێمی عیراق، بەعسیش کە لە نیازی کورد بۆ داواکردنی کەرکوك ئاگادار بوو، بە بیانووی ئەوەی کە تەنیا حکومەتی نیشتمانی دەتوانێت بڕیار لە سەر دابەش کردنی سامانێکی نیشتمانی وەکو داهاتی نەفت بدات، ملی بۆ ئەو داخوازییە نەدا ([3]).

لە لایێکی ترەوە دوای خۆماڵی کردنی نەفتی کەرکوك، بەعس دروشمی (نەقتی عەرەب بۆ عەرەب) یان( نەفتی خۆمان بۆ خۆمان) ی زۆر دووبارە دەکردەوە، ئەمەش نیازێکی پلانڕێژی بەعس بوو وە بە شێك بوو لە سیاسەتی بە عەربکردن کە لە هەندێ ناوچەی کوردستاندا گرتبوویە بەر، وە بە تایبەتی گرێدانی ئەو درووشمانەش بە نەفتی کەرکووکەوە بەلای جووڵانەوەی رزگاریخوازی کوردستان، دوورکەوتنەوە بوو لە ڕاستی([4]) .

وە حکومەتی عیراق دوای ئەوەی کۆمپانیای نەفتی عیراقی بە تەواوی کەوتە ژێر کۆنترۆلیەوە پاشان دەستی کرد بە هەڵکندنی بیرە نەفتی نوێ ، ئەوەبوو لە ڕێکەوتی (٢-٨-١٩٧٢) واتە دوو مانگ دوای خۆماڵی کردنی نەفت کاری هەڵکەندنی یەکەم بیرە نەفتی تەواو کرد وە ناو لەو بیرە نرا بیری (ئاشتی و دۆستایەتی)، وە شایەنی باسە قووڵی بیرەکە(٥٥٠) مەتر بوو وە بەرهەمی ڕۆژانەی دەگەیشتە نزیکەی (٦٠٠٠٠) شەست هەزار بەرمیل، وە یەکەم کەشتی بارهەڵگری نەفتیش کەشتێکی یۆگسلافی بوو کە لە ڕێکەوتی (٧-٨-١٩٧٢) یەکەم باری نەوتی کەرکوکی هەڵگرت([5]).

وە لەو کاتەی کە خۆماڵی کردنی نەفت ڕویدا لە ساڵی ١٩٧٢، وە لەو ماوەیەی کە ئاشتی فەراهام بوو (د.سعد ناجی ) دەڵێت (( مستەفا بارزانی لە لێدوانێکی بۆ ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست بە ئیدارەی

---

(١) فەرهاد حەمزە محه مەد ، مێژووی نەوتی کەرکوك، ، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران-سلیمانی- ٢٠١٢، لا لا ٤٥ ٤٦

(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: نەوتی کوردستانی عیراق، مەکتەبی ناوەندی دیراسات و لێکۆلینەوە-پارتی دیموکراتی کوردستان – مەکتەبی سیاسی-بەشی دووەم، چاپی یەکەم، ژمارە(٣٢ )، ١٩٩٨، لالا ٨٣ ٨٦ وە هەروەها: ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە( ١٠٤٩ ) لە ( ٢ ٦ ١٩٧٢) وە ڕۆژنانەی (کادیر) ژمارە( ١٦ ) لە ئەیلولی ساڵی ١٩٧٢، لا ١٩

(٣) فەریدون عبدالرحیم، سەرچاوەی پێشوو، لا لا ٢٢٦ ٢٢٧

(٤) ڕۆژنانەی (کادیر) ژمارە( ١٦ ) لە ئەیلولی ساڵی ١٩٧٢، لا ٢٥

(٥) فەرهاد حەمزە محه مەد ، مێژووی نەوتی کەرکوك، ، سەرچاوەی پێشووتر، ، لا ٥٠

ئەمریکی ڕاگەیاند کە ئەو ئامادەیە بڕیارەکانی سەبارەت بە خۆماڵی کردنی نەفت هە ڵبوەشێنێتەوە ئەگەر حکومەتی ئەمیرکی یارمەتی بدات لە گۆرینی ڕژێم لە عیراق .

وە هەروەها بە پێی قانونی پەسندکردنی ڕێککەوتننامەی مۆرکراوی نێوان حکومەتی کۆماری عیراق و کۆمەڵەکانی کۆمپانیای نەفت ژمارە(٢٨) لە ڕێکەوتی (١-٣-١٩٧٣)، کۆتایی بە جیاوگەی (أمتیاز) کۆمپانیای نەفتی موسلی سنووردار هێنا بە کۆتایی هاتنی ئەم جیاوگەش دەسەڵات و سەروەری عیراق بە سەر تەواوی نەفتی کوردستان دا گەڕایەوە وە حکومەتی عیراق بووە تاکە لایەنی زاڵ بووی سەر نەفتی کوردستان- عیراق[١].

کەواتە قۆناخی دوای خۆماڵی کردنی کۆمپانیای نەفتی عیراق لە ١-٦-١٩٧٢ وە ڕێککەوتننامەی (١-٣-١٩٧٣) بە قۆناخی دەست ڕۆیشتووی تەواوی عیراق بە سەر پرۆسەکانی وەبەرهێنانی نەفت دادەنرێت، وە دەست ڕۆیشتووی تەواوی عیراق بە سەر بەرهەمی هێنانی نەفتی کوردستانی عیراق بە مانای بەستنەوەی بەرهەمهێنان بە ئابوورییەکان دێت وە بە گۆێرەی بەرژەوەندییەکانی عیراق ڕێڕەو دەکرێت، وەهەروەها بەوەش لێکدەدرێتەوە کە بەرهەم هێنان کاریگەری دەبێت لە سەر شەڕەکانی عیراق و پەیوەندییە دەرەکییەکانی عێراپەوە، واتە عیراق توانی توانای خۆی ببوژێنتەوە لە دوای خۆماڵیکردنی نەفت، چونکە حکومەتی عیراق بە خۆماڵی کردنی نەفت توانیان پارەێکی زۆر بە دەست بهێنن بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی فرۆشتنی نەفت بۆ دەیان جار زیاتر لە نرخی پێشووتری وە بە تایبەتی لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤، کە یارمەتی دەر بوو بۆ گرێدانی سەفەقاتی گەورە لە گرێبەستی کرینی چەك وتەقەمەنی، وە هەروەها حکومەتی عیراق توانی هەندێك ڕێکاری باش بگرێتە بەر کە پەیوەست بوون بە ئاستی بژێوی خەڵك ، وەك زیادکردنی مووچەی فەرمانبەران، وە دابەزاندنی نرخی سووتەمەنی هەموو ئەو کارانە لە پێناو ڕاکێشانی سۆزی هاووڵاتیان و لایەنگری گەل بۆ خۆی[٢].

لە میانەی ئەوەی لە سەرەوە خستمانە ڕوو، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە خۆماڵی کردنی نەفت بە پشتیوانی یەکێتی سۆفیەت و بەرەی شیوعیەت سەرکەوتنی بە دەست هێنا وە هەر بە پشتیوانی و چەك و تەقەمەنی ئەوانیش قەڵاچۆی گەلی عیراق و گەلی کورد بە تایبەتی ئەنجام درا.

هەروەها سەرکەوتنی بڕیاری خۆماڵی کردنی نەفت بووە جێگای نیگەرانی ژمارەێك لە وڵاتان بە تایبەتی ئیران و ئەمریکا وولاتانی ئەوروپی تر . وە لە م لقەدا، وە بۆ ئەوەی تۆێژینەوەکەمان زۆر درێژ نەبێتەوە تەنها باس لە ڕۆلی ئیران دەکەین.

(١) نەوتی کوردستانی عیراق، بەشی یەکەمچ ١ ١٩٩٧، دیراسەی ژمارە( ٣١)، سەرچاوەی پێشووتر، لا ٢٣

(٢) عبدالحمید علی سعید البرزنجی، دور ثورة أیلول( ١٩٦١ ١٩٧٥) في حركة التغیر الآجتماعي ، سەرچاوەی پێشووتر، لا ٢١٤

**- ئیران :**

له بەر ئەوەی نەتەوەی کورد بەشێکی بەرچاوی دانیشتوانی ئیران پێك دەهێنن ، وەهەروەها لەبەر ئەوەی کوردستانی ئیران هەردەم مەیدانی شۆرشگێری بووە بۆ هەموو گەلی کورد بۆیە حکومەتی ئیران هەمیشە نیەتی شارەوەی خۆی لەوە بەدی دەکرد کە هەرگیز لە گەل سەرکەوتنی شۆرشەکانی کورد نەبووە وە لە هەمان کاتد هەردەم وەکو کارتێکی فشار بە کاری هێناوە دژی نەیارەکانی وە لە کاتی تەنگانە پشتی لێکردوون.

لە گەڵ هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلول ، وە بەهۆی بەرفراوانبوونی کار و چالاکیەکانی و شەری بەرگری و رزگاری وە نەبوونی هاوسەنگی هێز لە نێوان هێزی شۆرشی کوردستان و حکومەتی عیراق ، وە لە پێناو راگرتنی هاوسەنگی و تەرازووی هێز سەرکردایەتی سیاسی کورد ناچاربووە کە پەیوەندی دیبلۆماسی لە گەل وولاتانی دەرەوە ببەستێت وە بە تایبەتی وولاتانی هاوسێ وهاوسنوور وە بە تایبەتی ئێران کە گرنگێکی زۆر تایبەتی وە فاکتەرێکی جیۆپۆلۆتیکی و سەربازی کاریگەری هەبووە لە سەرکەوتنی شۆرشی ئەیلول، وە سەرتای پەیوەندیەکان لە گەڵ ئێران دەگەرشێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٢ کە هەردوولا نۆێنەریان بۆ لای یەکتر نارد[١].

بەڵام حکومەتی ئیران هەردەم حەزیان لە سەرکەوتنی هیچ لایەك نەبووە نە شۆرشی کورد نە حکومەتی عیراقی وە تەنانەت یارمەتی هەردوو لایەنیان داوە لە یەك کاتدا بە مەبەست وە لە پێناو زیان پێگەیاندن ماندووکردنیان وە بۆ ئەوەی بە شەری نێوانیان خەریك بن. وە هەروەها یارمەتیەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ شۆرشی کورد بە پێی هەڵوێستی شا بەرامبەر حکومەتی عیراق لە هەڵکشان و داکشاندا بووە. وە یارمەتیەکانی بەردەوام بوو هەتا بەیانی رێککەوتننامەی (١١) ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، وە شاه بەو هەواڵە زۆر توورە بوو چونکە پێچەوانەی ئارەزووەکانی ئەو بوون ، وە لە ڕێگای شێخ بابا علی وە نامەێکی گرینگی بۆ بارزانی نارد کە پوختەکەی ئەوەبوو کە حکومەتی ئیران ئامادەیە هەموو داواکارییەکانی بارزانی جێبەجێ بکات ئەگەر هاتوو پاشگەز ببێتەوە لە بەستنی ئەو رێککەوتننامەیە[٢].

بارزانی نەمر متمانەی زۆری بە حکومەتی ئێران وشاه نەبوو بۆیە هەردەم بە گوومان وئاگاییەوە مامەلەی لە گەڵ کردووە ، وە هەر بۆیە بارزانی داواکەی شاه ی ڕەتکردەوە، وە مەبەستی ئیران لە بەردەوامبوونی شەڕ یۆ یێ توانا کردنی ڕژێمی بەعس بوو ، تاکو لە بەرامبەر ڕژێمی شاه سازش لە سەر کێشە سنووریەکان بکات هەروەك لە ساڵی ١٩٧٥ لە رێککەوتننامەی جەزائیر کردی ئەمە لە لایەك ، وە لە لایکی تر دەسەلاتدارانی ئیران ترسی ئەوەشیان هەبوو کە ئەگەر شۆرشی کورد لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عیراقدا لە ئەنجامی گفتوگۆ لە گەڵ ڕژێمی بەعس بە ئامانجەکانی خۆی بگات ، ئەوا ئەو

---

(١) فەریەدون عبدالرحیم، سەرچاوەی پێشووتر، لا ١٤٣

(٢) بۆ زیاتر بڕوانە: مسعود بارزانی ، البارزاني و الحركة التحررية الكوردية ج ٢، لا لا ٢٢٦ ٢٢٧

هەلومەرجە کاردەکاتە سەر جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئیرانیش وە هانیان دەدات کە تێکۆشانیان پتەوتر بکەن لەو پێناوەدا.

دوای بە ئاکام گەیشتنی گفتوگۆی نێوان سەرکردایەتی شۆرشی کوردستان و حکومەتی عیراق و ڕاگەیاندنی بەیاننامەی (١١) ی ئادار پەیوەندی نێوان جووڵانەوەی رزگاریخوازی کورد و ڕژێمی ئیران ڕووی لە گرژی کرد، چونکە ئیران بە توندی دژی ئەم بەیان نامەیە وەستابویەوە، بەڵام ژیری و دووربینی مستەفا بارزانی لە لایەك و بێ متمانەیی وبێ باوەریشی بەرامبەر بەعسیەکان لە لاێکی دیکەوە، نەیهێشت پەیوەندی سیاسی لە گەڵ ئیران بپچرێت[١].

هەرچەندە لە پاشان پەیوەندی نێوانیان گەشەی سەند بەڵام مستەفا بارزانی زۆر بە وورياوە مامەڵەی لە گەڵ ئیران دەکرد ،وە بە تایبەتی پاش خۆماڵی کردنی کۆمپانیاکانی نەفت لە عیراق لە ساڵی ١٩٧٢ کە هەریەك لە ئیران و تورکیا و ئەمریکاو و بەریتانیا و ووڵاتانی تری عەرەبی دڵ خۆش نەبوون نە بە بەیانی رێککەوتننامەی (١١) ئادار نە بە بڕیاری خۆماڵی کردنی نەفت چونکە ئەم هەنگاوانانەیان هەژمار دەکرد کە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەوانە وە هەروەها لە هەمان کاتدا ئەم هەنگاوانە دەبێتە مایەی بەهێزکردنی ڕژێمی بەعس لە عیراق، بۆیە ئەمریکا هاتە سەر هێڵ وە بریاری دا لە ڕێگەی ئیرانەوە یارمەتی شۆرشی کورد بدات ، هەر ئەم هەنگاوەش وای کرد کە متمانەێکی ڕووکەش لە لایەن مستەفا بارزانی دروست ببێت وە بارزانی دلنەوایی خوی بدات و خۆی رازی بکات کە شاە تازە ناتوانێت پاشگەزببێتەوە لە هەڵویستەکانی بەڵام لە کۆتاییدا وا دەرنەچوو وە شاە لە ساڵی ١٩٧٥ رێککەوتننامەی جەزائیری مۆر کرد. کە بووە هۆی نسکۆ وهەرەس هێنانی شۆرشی ئەیلول. وە بە دەستهێنانی ئەوەی عیراق دەیویست وە بێ ئەوەی ئەمریکا هیچ نارازیبوونێك پیشان بدات لە سەر ئەو رێککەوتننامەیە .

وە لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە پاڵپشتی ئەمریکی و ئیرانی بۆ کوردانی عیراق لەوە سەرچاوە دەگرێت کە بە هیوای سوود وەرگرتن لەو بارودۆخەی نێوان کورد و حکومەتی عیراق کە مایەی چارەسەرکردن نیە، وە هەروها کە دەبێتە لاوازکردنی عیراق لە سەر دەستی کورد، کە ڕەتیان دەکردەوە دەستبەرداری ئەو ئۆتۆنۆمیە ناتەواوە ببن، واتە لە خەمخۆری و ئارەزووی ئەمریکا و ئیران دا نەبوو بۆ سەرکەوتنی شۆرشی کوردان، یان بۆ خزمەتی دوارۆژی کورداانیان بێت[٢].

وە لە ساڵی ١٩٧٣ دیارە گفتوگۆی نیوان کورد و حکومەتی عیراق هەندێك گرژی و ساردی لێ بەدی دەکرا، بە تایبەتی لە سەر دیاری کردنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە کوردستان وە بە تایبەتی کەرکووك ، وە لە درێژەی گفتوگۆکانی نێوانیان وە لە میانە ی کوبوونەوەێکی نێوان ئیدریس بارزانی و سەدام حوسین ئەوا سەدام حوسین داوای ڕازی بوونی لایەنی کوردی کردبوو لە سەر ئەو پرۆژە

(١) بۆ زیاتر بڕوانە: فەریدون عبدالرحیم عەبدوڵا، بارودۆخی سیاسی کوردستان ، سەرچاوەی پێشوو، لا لا ١٤٦ ١٤٨

(٢) لە ڕاپۆرتی لێژنەی بایك بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکی، کە وەرگیراوە لە (دیفید مکدول) مێژووی نۆی ی کوردان ، لە وەرگێرانی (راج ال محمد)، دار الفارابی، بیروت، ٢٠٠٣، لا ٤٩٩

یاسایەی کە عیراق ئامادەی کردبوو وە کە تییایدا داوا لە کوردان کرابوو کە سازش لە کەرکوك و و شنگار و خانەقین و زوممار و هەندێك ناوچەی تر کرابوو ، وە بە ئیدریس بارزانی ڕاگەیاند کە ناچاریان نەکەن کە تەنازوول بۆ شاە ی ئیران بکەن وە هەروەها گووتی ئەگەر کیانی عیراق دوچاری مەترسێك ببێتەوە ئەوە تەنازوول لە سەر شەتوولعەرب دەکەین بۆ ڕەواندنەوەی ئەو مەترسییە کە ئەوەش دەبێتە مایەی بە جێهێشتنی برینێکی قووڵ لە دڵماندا، وە ئێوە باجێکی گەورە دەدەن وە بەرپرسیارەتیەکە دەکەوێتە ئەستۆی ئێوە. وە لە وەڵامدا ئیدریس بارزانی گووتی باشتر نیە سازش بۆ میللەتی خۆتان بکەن نەوەك بۆ شا ی ئێران، وە وا باشترە بە ویژدانی خۆتان دابچنەوە پێش ئەوەی دەست بە جەنگ بکەنەوە وە هەروەها متمانەی هەموو کەلی عیراق لە دەست دەدەن ، وە دوای هاتە سەر کێشەی کەرکوك وە گووتی سازش کردن و دەستبەرداری کەرکوك و و شنگار و خانەقین هەرگیز قبوول نەکراوە وە ناتوانین قبولی بکەین بە هیچ شێوەێك بۆیە وا باشترە بیر لە ڕێگەچارەی تر بکەنەوە بۆ ئەوەی شەر ڕوونەداتەوە بۆیە داواتان لێ دەکەین کە بیر لە چارەسەرێك بکەنەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە وە چەند پێشنیارێکی لە چەند خاڵێك خستە ڕوو() بەڵام سەدام وەڵامی دایەوە گووتی ئەم پێشنیارانە قبوول کراو نین تەنها ڕێگە چارە ئەوەیە کە بە ئۆتۆنۆمی ڕازی بن بەو شێوەیەی کە دامان ناوە وە ماوەی (١٥) ڕۆژتان لە پێشە وە ئەوەی ڕەتی بکاتەوە ئەوا بە دوژمنی خۆمانی هەژماردەکەین.

وە لە ڕێکەوتی (٩-٣- ١٩٧٤) ئیدریس بارزانی لە گەڵ شاندی هاوەڵی گەڕایەوە کوردستان وە دەستکرا بە سازدانی چەند کۆبوونەوێك()، وە مستەفا بارزانی لەم بارەیەوە گووتی()، (خودا شاهیدە کە من ڕقم لە جەنگە، چونکە شەر خراپترین ڕێگەچارەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ، بەڵام ڕژێمی بەعس هیچ ڕێگە چارەێکی تری بۆ بەجێ نەهێشتووین ، وە پێشنیارەکەیان تەنها ئەو مانایە دەدات کە تەنازوول لە کەرکووك و ناوچەکانی تر بکەین، کە ئەمەش مەحاڵە ، یان سەربەخۆدەبین و مافی چارەی خۆنووسین بە دەست دەهێنین ئەگەر خودا بۆمان فەرەهام بکات یان هەموومان تێ دەچین، چونکە من حەز ناکەم لە دواڕۆژدا کوردێك تف لە گۆرەکەم بکات وە بڵێت (بۆ کەرکووکت فرۆشت) .

وە لێرەدا پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی گرینگ بکەین کە ئەویش ئەوەیە کە کەرکووك بووەگرێکۆرەی سەرەکی وە ئەو تاشە بەردە گەورەیە بوو کە بەر دانوستانەکانی ساڵی١٩٧٤ کەوت وە دانوستانەکانی لە سەر وورد وخاش بوو، وە بووە هۆی هەڵگیرسانەوەی شەڕێکی خوێناوی لە نێوان گەلی کورد بە سەرکردایەتی بارزانی و حکومەتی عیراق کە ڕژێمی بەعس سەرکردایەتی دەکرد. وە هۆکارە سەرکیکەی ناکۆکی لە سەر کەرکووك خۆی لەوە دا دەبینیەوە کە کەرکووك ناوچەێکی دەوڵەمەند بوو بە نەفت

---

(١) بۆ زیاتر بڕوانە: د . عبدالخالق ناصر العامری ، سەرچاوەی پێشووتر، لا لا ٣١١ ٣١٢

(٢) کوردەکان و سەددام حوسین لە دۆکۆمێنتە نەهێنیەکانی ئەمریکی ، ڕۆژنامەی ( الاتجاه الاخر)، ڕێکەوتی ٣ ١ ٢٠٠٢) ڕۆژی شەمە، ژمارە( ٩٣٠)، لا ٢٤

(٣) وریا الجاف، مكانة كركوك عند البارزاني الخالد من منشورات اللجنة لإحياو مئوية البارزاني ، هەولێر، کوردستان، ٢٠٠٣، ص ٩٢٣. و فؤاد قاسم الامير العراق بين مطرقة صدام وسندان الولايات المتحدة، دار الملاك، ٢٠٠٤

بۆیە حکومەتی عیراق زۆر حیسابی بۆ دوارۆژی کوردستان  دەکرد وە لە کاتێك ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

## لقی دووەم: کاریگەری نەفت و خۆماڵی کردنی لە سەر ئاستی وڵاتانی بیانی زلهێز لە سەر دان وستانەکانی ڕێککەوتننامەی (١١) ئاداری ١٩٧٠.

وە بۆ ئەوەی تۆێژیتەوەکەمان زۆر درێژ نەبێتەوە تەنها باس لە ڕۆلی وولایتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکەین.

**- وولایتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا:**

وە لە م لقەدا، وە بۆ ئەوەی تۆێژیتەوەکەمان زۆر درێژ نەبێتەوە، تەنها باس لە ڕۆڵی ئەمریکا دەکەین، چونکە ئەمریکا وەك زلهێزێکی سیاسی خاوەن بەرژەوەندی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، هەر لە گەل سەرەتای سەرهەڵدانی شۆرشی ئەیلول  بە بایەخێکی زۆرەوە لە ڕێگەی باڵێۆزخانەکانی لە بەغداد و وولاتانی دەوروبەر چاودێری ووردی گۆرانکارییەکانی دەکرد کە بەهۆی شۆرشەکەوە لە عیراق دەهاتنە ئارا، وە بە تایبەتی پاش سەردانی سەددام حوسین وەك کەسی دووەم لە دەسەڵات لە عیراق وە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی شۆرش بە سەرۆکایەتی شاندێکی حیزبی و حکومی بۆ یەکیەتی سۆفیەت لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٧٢ ، وە پاشان سەردانی (الكسی كوسجين) سەرۆك وەزیرانی یەکیەتی سۆفیەتی  بەدوا داهات بۆ بەغداد کە لە میانەی سەردانەکەی واژوو کرا لە سەر پەیمانامەی دۆستایەتی و هەمەهانگی لە نێوان عیراق و یەکیەتی سۆفیەت لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٧٢.(). وە ١
پێدانی چەك بە  سوپای عیراق وە ئەمەش بۆ هۆی بە هێزبوونی سوپای عیراق  وە  هاوسەنگی لە نێوان هێزەکانی کورد و ڕژێمی بەعس نەما، وە هەر بەهامەهەنگی یەکیەتی سۆفیەت عیراق توانی سەرکەوتوو بێت لە خۆماڵی کردنی کۆمپانیای نەفتی عیراق، واتە نزیك بوونەوەی عیراق لە بلۆکی ڕۆژهەڵات کە ئەم هەنگاوە زۆر بێزارکەر بوو بۆ وولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وە هەروەها بۆ ئیران ، کە ئەمە بووەهۆکارێکی سەرەکی بوو لە بریاردانی ئەمریکا بۆ ئەوەی بێتە سەر هێڵی بەرنگاربوونەوەی ڕژێمی عیراقی لە دەرگای کێشەی کوردەوە، وە هەروەها لە بە یەکگەیشتنی ترسی ئێران لەوەی کە توانای سەربازی عیراق بەرزببێتەوە وە لە گەڵ ستراتیژیەتی ئەمریکا ئەوەیە کە لاوازکردنی هەر دەوڵەتێکە کە نزیك ببێتەوەلە یەکێەتی سۆفییەت(). هەربۆیە لەو کاتەدا بەهۆی هاوکاری ئێران پەیوەندی نێوان ئیسرائیل و کورد دروست بوو، وە هەروەها هەموو ئەو هۆکارانەی

(١) حامد محمود عيسي ، المشكلة الكوردية في الشرق الاوسطى ٢٠ ٢

(٢) بۆ زیاتر بڕوانە: عبدالخالق ناصر العامرى، عب، البرزاني المصطفي و القضية الكوردية في العراق،، سەرچاوەی پێشووتر، لالا ٤٩٦ ٥٠١

سەرەوە وە دوابد دوای ڕاپۆرتی بایك( ) ،وە بۆ بەدەستهێنانی یارمەتی و کۆمەك و پشتگیری ئەمریکا لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ۱۹۷۱ وە لە مانگی ئاداری ساڵی ۱۹۷۲ شا ی ئیران هانای بۆ (نیکسۆن) ی سەرۆکی ئەمریکا برد ، کە بۆ یارمەتی دانی شۆرشی کورد هاوکاری بکات( )، هەموو ئەو هۆکارانەی لە سەرەوە خستمانە ڕوو وای لە نیکسۆن کرد لە ڕێکەوتی ۳۰-۳۱ ی /۱۹۷۲/۵ بچێتە سەردانی شای ئیران لە تاران.، کە پرسی لاوازکردنی ڕژێمی عیراق و هاوکاریکردنی دارایی جووڵانەوەی کورد بووە بابەتێکی گرینگی گفتوگۆی نێوانیان بوو( )، وە نیکسۆن لەو سەردانەیدا پرسی کوردی هێنابووە نێو خشتەی کارەکانی وە باسی لێوە کرد. و بایەخ وگرینگی بیر و کانگا نەفتیەکانی ناوچەکەی و ئەگەری هێرش کردنە سەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکای خستبووە بەر باس ، بەڵام کیسنجەر کە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بوو وە یاوەری سەرۆکەکەی بوو لەو سەردانەدا، هەموو هزر و بیری لە لای چۆنیەتی لاوازکردنی هەژموونی سۆفیەتی بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست( ). ٤

لەو کاتدا ئەمریکا دەیویست شۆرشی کورد وەکو کارتێکی فشار بۆ لاوازکردنی ڕژیمی عیراق بەکاربهێنێ، بۆیە لە گەڵ ئێران ڕێککەوت کە لە ڕێگەی ئەوانەوە مامەڵەو هاوکاری کورد بکات ( ). ٥

دوابەدوای گەڕانەوەی نیکسۆن و کیسنجەر لە سەردانی تارانەوە بۆ واشنتۆن، رژێمی عیراق (کۆمپانیای نەفتی عیراق- (I.P.C) ی خۆماڵی کرد کە ماوەێکی زۆر بوو لە لایەن کۆمپانیا نەوتیەکانی بەریتانیا و هۆڵەندا و ئەمریکا و فەرەنسا خاوەنداریەتی دەکرا، ئەوەش پاڵنەرێکی دیکە بوو بۆ ئەمریکا کە بۆ ڕێگەگرتن لە هاتنە ناوەوەی یەکیەتی سۆفیەت بۆ ناو یەکێك لە گەورەترین وولاتی بەرهەمهێنی نەفت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست،

بەڵام یارمەتیەکانی ئەمریکا بۆ کورد ڕاستەوخۆ نەبوو بەڵکوو لە ڕێگای ئیرانەوە بوو وە هەروەها بە شیوەی پێویست نەبوو وە هەروەها بە ڕێك و پێکی و لە کاتی گوونجاونەدەگەیشتە دەستی کورد، وە هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کاربەدەستانی ئەمریکا و ئیران مەبەستیان سەرکەوتنی شۆرشی کەرد نەبووە لە بنەڕەتدا بەڵکوو ئەوان لە پێناوی لاوازکردنی ڕژێمی عیراق کۆمەکی کوردیان دەکرد، نەوەك لە پێناوی بەدیهێنانی مافە سیاسیەکانی گەلی کوردستان، چونکە ئەگەر کورد سەرکەوتنی یەکجارەکی بەدەست بهێنابایە ، ئەوا هیچ دەرفەتێکیان نەدەما، کورد وەك کارتێکی فشار بەکاربهێنن. وە متمانەی کورد بە بەڵێنی زارەکی ئەمریکا هەڵەێکی سیاسی زۆر گەورە بوو ، چونکە بە درێژایی ساڵی

---

(١) بۆ زیاتر لە سەر ناوەڕۆکی ئەم ڕاپۆرتە سەیری: فەریدون عبدالرحیم، سەرچاوەی پێشووتر، لە پەراوێزی لا ١٦٢

(2)Henry Kissinger, Years of RenewalThe Comcluding Volume of his memoris, New York, 1999,p.581.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بروانە: Henry Kissinger، سەرچاوەی پێشووتر ، لا لا ٥٨١ ٥٨٣

(٤) گوینتەر دێشنەر، کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدرلێکراو ، وەرگێرانی: حمەکەریم عارف، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشەنبیری، هەولێر، ١٩٩٩، لا لا ٢٣٥ ٢٣٦

(٥) فەریدون عبدالرحیم، سەرچاوەی پێشووتر،لا ١٦٥

١٩٧٤ ئەمریکا پەیوەندی و گفتوگۆی لە گەڵ رژێمی عیراق هەبوو وە تەنانەت دواتر ڕۆلیشیان لە رێککەوتننامەی جەزائیر دا هەبوو کە ساڵی ١٩٧٥ لە نێوان شا ی ئێران و سەدام حوسین مۆرکرا[1]، بێگوومان ئەو جۆرە بڕوابوون وتیچڕوانینە ش بەرامبەر هەر ووڵاتێك بێت تەواو هەڵەبووە، لە بەرئەوەی لە پەیوەندی سیاسیدا بە تایبەتی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیدا هەرلایەنێك بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆی لە بەر چاو دەگرێت نەوەك هی بەرامبەرەکەی ، بۆیە دەبوایە هەموو ئەگەرەکان لە بەر چاو بگیرابان ، دواتریش مستەفا بارزانی لە دوای نسکۆی شۆرشی کوردستان لە ئاداری ساڵی ١٩٧٥ دانی نا بە هەڵەکەی و گووتی (حکومەتی ئەمریکی بە فەرمی هیچ ڕیککەوتنێك و گەرەنتێکی نەداینێ، کەچی ئێمە لەو بڕوایەدا بووین کە هەرگیز ئەمریکا دەستمان لێ بەرنادا ، بەڵام ئێستا هەست دەکەین کە چەند هەڵەێکی گەورەمان کردووە[2].

لە کۆی ئەوانەی خستمانە ڕوو لەو باسەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەووەکە نەفت ڕۆڵێکی خراپی بۆ سەر چارەنووسی سیاسی گەلی کورد هەبووە وە هەروەها ڕێگر بووە لە بەردەم بە ئامانج گەیشتنی دانوستانەکانی ڕێککەوتننامەی (١١) ئاداری ١٩٧٠ نێوان سەرکردایەتی شۆرشی کورد و حکومەتی عیراق، وە هۆێکی سەرەکی بووە لە هۆیەکانی سەرنەکەوتنی شۆرشی ئەیلولدا، وە بەم جۆرە بەرژەوەندییە نەفتیەکان کاریگەری بەهێزیان هەبووە لە سەر ووڵاتە زلهێزەکان وە بە هۆیەوە کە چاو لە ماف و داواکارییەکانی گەلی کوردستان بپۆشن وە پشت لە شۆرشی کورد بکەن و بەڵێن و پەیمانەکانیان نەگەیننە سەر، وە ئەمەش پێشتر هۆی سەرەکی لە ناوبردنی حکومەتەکەی شێخ مەحموود بووە، وە هەروەها لە پەیمانی سیفەردا سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بەرجەستە ببوو لە پەیمانی لۆزاندا کرا بەقوربانی بەرژەوەندی نەوتی دەوڵەتە زلهێزەکان وە زیندە بە چاڵ کرا، هەر لەو کاتانەش بوو بریاردرا کە بۆ ماوەی (٥٠) ساڵ (١٠%) پشکی نەوتی ولایەتی موسل لە لایەن عیراقەوە بدرێتی و لەوەش دڵنیاکرایەوە کە دەوڵەتی کوردی دروست ناکرێ[3].

## باسی دووەم: کاریگەری نەفت لە سەر گرتنەبەری سیاسەتی ڕاگوێزانی کورد و نیشتەجێ کردنی عەرەبی هاوردە لە شوێنەکانیان

نەفت ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی سیاسی گەلی کوردستان و عیراقدا بە گشتی گێراوە، هەروەك لە باسی یەکەم بۆمان ڕوون بۆوە کە نەفت بە گشتی و نەفتی کەرکوك بە تایبەتی ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پارتی دیموکراتی کوردستان(سەرکردایەتی کاتی)،هەڵسەنگاندنی شۆرشی ئەیلول بەرنامەی نوی ێ ی پارتی دیموکراتی کوردستان) ڕاپۆرتی سیاسی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە لایەن کۆنفراسی پارتی یەوە لە( ١ ١١ ١٥) ی ئابی ١٩٧٦ پەسند کراوە، لا لا ٥٨ ٥٧

(٢) بۆ زیاتر بڕوانە: جوناتان راندڵ، امه فی شقاق (دروب کوردستان کما سلکتهاگ ١، دار النهارللنشر، بیروت، ١٩٩٧، لا ٢٠٨

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: نەوتی کوردستانی عیراقچ ١، ژمارە( ٢ ٣)، ١٩٩٨، سەرچاوەی پێشووترەلا ٢ ٩

سەرنەکەوتنی دان وستانەکانی ڕێککەوتننامەی (١١) ئاداری ١٩٧٠ نێوان سەرکردایەتی شۆرشی کورد و حکومەتی عیراق. وەمە لە لایەك، وە لە لایێکی دیکەوە پرسی ڕاگوێزانی کورد لە ناوچەکانی کەرکووك و خانەقین و شنگار و زوومار و مەخموور و کەندێناوە ....کە دەوڵەمەندن بە کانگاو بیری نەوت ، دیسان نەوت هۆکاری سەرەکی بووە لە بە ئامانج نەگەیشتن و جێ بەجێ نەکردنی بەندەکانی سەر بە دیارکردنی ناوچە کوردستانیەکان وە سەرنەکەوتنی دان وستان و گفتوگۆیەکانی

ڕێککەوتننامەی (١١) ئاداری ١٩٧٠ نێوان سەرکردایەتی شۆرشی کورد و حکومەتی عیراق، بۆیە ئامانجە سەرەکی ئەم باسەمان تایبەتە بە ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی نەفت وە دەستنیشانکردنی کاریگەریی لە سەر ڕاگوێزانی کورد و بەعەربکردنی وە سەرنەکەوتنی دان وستانەکان . بۆیە وا پێویست دەکات ئەم باسە دابەش بکەین بۆ دوو داواکاری، لە داواکاری یەکەم باس لە کاریگەری نەفت بکەین لە جێ بەجێ نەکردنی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی (١١) ئاداری ١٩٧٠ سەر بە دیاری کردنی ناوچە کوردستانیەکان وە سەرنەکەوتنی دان وستانەکان. وە لە داواکاری دووەم باس لە پرۆسەی ڕاگوێزانی کورد و بەعەربکردنی ناوچە کوردستانیەکان نیشتەجێ کردنی عەرەبی هاوردە لە شوێنەکانیان و کۆمپانیا نەفتیەکان بکەین.

## داواکاری یەکەم: کاریگەری نەفت لە جێ بەجێ نەکردنی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی (١١) ئاداری ١٩٧٠ سەر بە دیاری کردنی ناوچە کوردستانیەکان

هەروەك لە پێشووتر ئاماژەمان پێکرد کە کەواتە ڕێککەوتننامەی (١١) ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، لە (٢٧) بیست و حەفت بەند پێکهاتبوو، واتە (١٥) بەندی ئاشکرا، وە (١٢) بەندی نهێنی، هەر زوو هەندێك لەو بەندانە چوونە بواری جێبەجێ کردن، بەڵام هەندێ بەندی تر بە هەڵپسێراوی مانەوە وە حکومەتی عیراقی سڵی و خۆدزینەوەی دەکرد لە جێبەجێ کردنیان بە مەبەستی بە سەربردنی کات، وە ئەو بەندانەی کە ببونە بابەتی ناکۆکی بنەرەتی لە نێوان هەردوو لایەن، بە دیاری کراوی سێ پرسی سەرەکی بوون ئەمانیش بریتی بوون لە:

١- سنووری جوگرافی کوردستان کە دەکەوێتە ناوچەی ئۆتۆنۆمی.
٢- دواڕۆژی پێکهاتەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.
٣- شێوازی بەشداریکردنی کورد لە حوکمرانی عیراق .[١]

ئەوە خاڵەی کە زۆر گرینگ و پەیوەستە بە بابەتی ئەو باسەی تۆێژینەوەکەمان بریتی لە خاڵی یەکەم واتە دیاریکردنی سنووری جوگرافی کوردستان کە دەکەوێتە ناوچەی ئۆتۆنۆمی، هەر زوو حکومەتی عیراق کەوتە پیلان ڕێژی بۆ جێبەجێ نەکردنی ئەو خاڵ یان بەو شێوەیەی کە ئەو دەیخوازێت، واتە بە دابرین وکەمکردنەوەی ئەو شار و شوێن وگوند وناوچانە لە دانیشتوانی کورد بە

(١) عبدالحمید علي سعيد البرزنجي، دور ثورة أيلول في حركة التغير الأجتماعي، سەرچاوەی پێشووتر، لا ٢٠٢، لا ٢٠٢

مەبەستی کەم کردنەوەی سنوردارکردنی ژمارەی ڕێژەی دانیشتوانی کورد، وە سیاسەتی حکوومەت و بەعس لەم بارەیەو خۆی لە سێ ڕێگای جیاواز دەنواند ئەویش : یەکەمیان بەعەرەبکردن و دووەمیان ڕاگواستنی دانیشتوانی کورد لە ناوچە کوردییەکانی کە ناوچەی کێشە لەسەر بوون وە هێنانی عەرەب بۆ شوێنەکانیان وە هەروەها دەرکردن وگواستنەوەی کرێکارانی کورد لە کۆمپانیا ودەزگا نەفتیەکان وە سێەمیشان قڕکردن بوو، وە ئەمانەش بە گرتنە بەری شێوازی جۆراوجۆر وەك کۆکردنەوەی گوندەکان و روخاندنیان وە هەروەها گواستنەوەی ئیداری بۆ ئیدارەی ناحیە و قەزاکانی سەر بەکەرکوك و شارە کوردییەکانی تر بۆ سەر ئیدارەی پارێزگا کانی هاوسێ ی وەك وتکریت و موسل و دیالی .... .

وە دەبێت ئەوڕاستیە بگوترێت، کە ڕێککەوتننامەی(١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ ) لە ڕووی یاساییەوە، بەو هەموو کەم کورتی یەوە بایەخ وسەنگ و بەهای خۆی هەبووە وە وەکو بنەمایێکی قانونی بۆ چارسەرکردنی پرسی کورد لە عیراقدا دادەنرێت، وە لە سەر ئاستی ناوەخۆی بە سەرکەوتنێك بۆ گەلی کورد وعەرەب وەك یەك هەژماردەکرا، وە هەروەها لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیشدا، بەهۆی چاودێری و سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی یەکیەتی سۆفییەت لە دان وستانەکانی نێوان شۆرشی کورد و حکومەتی عیراق بۆ ریکەوتن و کەیشتن بە ڕێکەوتنی کۆتایی پر بایەخ بوو ، وەئەو ڕۆڵەی یەکیەتی سۆفییەت دەیبینی کە جەمسەرێکی بەهێزی ئەو سەردەمی جیهان بوو ، گەورەیی و ڕەوایی کێشەی کوردی بە گشتی دەسەلماند، وە کاریگەری شۆرشی مەزنی ئەیلولی بە تایبەتی دەردەخست.

وە لە گەڵ باسکردنی لایەنە پۆزەتیڤ و باشیەکانی ڕێککەوتننامەکە، ناکرێ خۆمان لە لایەنی خستنە ڕووی کەم و کوڕی خاڵ ودارشتنە نێگەتیفەکانی بەندەکانی ڕێککەوتننامەکە بە دوور بگرین وە دەبێت تێبینی و ڕەخنەی خۆمان دیاری بکەین. چونکە حکومەتی عیراق ئەو کات لە بەر ئەو شکستە گەورە سەربازیانەی دووچاری ببۆوە لە بارودۆخیچی زۆر خراپ بوو، ئەگەر شاندی دانوستانی کوردی لە ڕووی قانونی شارەزاییان هەبووایە وە ووردتر و دووربینانەتر دەقی بەندەکانیان دابرشتبایە دەتوانرا دەسکەوتی سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و جوگرافی و ئابووری و ڕۆشەنبیری زیاتر و باشتر لە ناو ڕێککەوتننامەکە جێگیر بکردبایە. یەکەم ڕەخنەمان لە سەر ئەو ڕێککەوتننامەیە ئەوەیە کە ناتوانین لە ڕووی قانونی یەوە ئەو بەڵگەنامەیە بە ڕێککەوتننامە هەژماربکەین، چونکە تەنها بەناوی (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆرش) ی عیراق دەرچووە و شێوەی بەیاننامەی وەرگرتووە، وە هیچ دانەێك نیە کە لە سەری نووسرابێت ڕێککەوتننامە و وە بەواژو و ناوی هەردوولایەن بڵاوکرابێتەوە، تەنانەت هاوپێچە فەرمی نهێنی ڕێککەوتننامەکە بە یەك دانە واژوو کرابوو وە لە لایەنی کوردی بوونی نەبوو کە ئەمە خۆی لە خۆیدا دەیسەلمێنَت کە سیفەتی ڕێککەوتننامەی نەبووە هەموو ئەمانە لە لایەك، وە لە لایەکی تر دەبوایە دەقەکان بە شێوەی مادده و بەند و بەش بنووسرابوایە کە ئەم جۆرە دارشتنەی بۆ نەکراوە کە لە قانون و ڕێککەوتننامەکان پیادە دەکرێت ، کەواتە دەتوانین بڵێن لە ڕووی نووسینی شێوازی یەوە (شکلی) وە کەم وکورتی هەیە وە شێوازیش (شکل) بەشێکە لە ڕووی بابەتی

یەوە (موچوعی) وە ، وە هەروەها حکومەت زارەوەی (بەیان نامەی) بەکارهێناوە نەوەك ڕێککەوتننامە. تا خۆی لە ئاسەوارە قانونی یەکەی بدزێتەوە لە دوا ڕۆژدا ئەمەشیان بە ئەنقەست و ژیرانە ئەنجام داوە لە بەرژەوەندی خۆیان. چونکە کاتێك پێی دەگوترێت ڕێککەوتننامە ئەگەر هەردوو لایەن واژوویان لە سەر کردبێت ئەوا نیشانەی دان پێنانە بە یەکتری، بەڵام ئەگەر یەك لەیەن بە تەنها بڵاوی کردبێتەوەئەوا هەر هەمان لایەنیش لە چۆنیەتی و ئاسەواری جێبەجێکردنەکە سەر پشکە[1]. وە ئەوەش ئەوە ناگەیێنێت کە سەرکردایەتی کورد هەوڵی نەداوە ئەنجامی گفتوگۆکان بە ناوی ڕێککەوتننامە یان بەیاننامەی هاوبەش بڵاوبکرێتەوە، لە کاتێك حکومەتی عیراق وای بۆ دەچوو کە بەیاننامەی هاوبەش لە نێوان دوو دەوڵەتدا ئەنجام دەدرێت، نەوەك لە نێوان دوو لایەنی نێوخۆیی لە هەمان وڵاتدا.

وە خاڵێکی نری گرینگ ئەوەیە کە هەر قانونێك یان ڕێککەوتننامەێك دەبێت پێشەکی یان (دیباجەێکی) هەبێت کە بە بەشێکی گرینگ وناوەڕۆکی و جیانەبۆوەی ڕێککەوتننامەکە دادەنرێت، وە هەر لەم بارەیەوە شاندی حکومەت بە شاندی کوردیان ڕاگەیاندووە لە کۆتای تەواو بوونی گفتوگۆکان وە پێان گووتون کە ئەم بەیاننامەیە پێویستە پێشەکێکی بۆ بنووسرێتەوە جا ئێوە ڕازی دەبن ئێمە ئەم پێشەکییەی بۆ بنووسینەوە؟ ئێمەش گوتمان : بەڵی: بەڵام ئێمە نەمان دەزانی ئەم پێشەکیە بەو شێوەیە دادەڕێژن، ئەوەش سادەیی وبێ ئاگایی وساکاری نا شارەزایی وکەم زانیاری قانونی شاندی کوردی بە دەردەخات بەرامبەر گرینگی رۆڵی پێشەکی(دیباجە)، لە هەر بەیاننامە و ڕێککەوتننامەیکدا، چونکە پێشەکیکە بە ڕوونی جگە لە نیشاندانی مەیلی نەتەوەییانەی عەرەب و هەنگاوە تاکتیکیەکانی پێشتری بەعس بەرامبەر کورد هیچی تری نەدەبەخشێ. چونکە لە پێشەکیکە هیچ کورتە ئاماژەێك بە مێژووی کێشەی ڕوا و ڕاستەقینەی کوردی لە عیراق نەکراوە[2].

وە بۆیە پێویست دەکات سەرەتا گرنگترین ئەو بەندانە بخەینە ڕوو کە بە کرۆکی بەندەکانی ڕێککەوتنامەی(١١) ی ئادار هەژماردەکرێت کە پەیوەندیدار بێت بە بابەتی ئەم داواکاریەمان لەو تۆێژینەوەیەدا، کە بریتی بوو لە دانپێنان بە بوونی شەرعی و قانونی کیانی نەتەوەی کورد لە عیراق ، بە گرینگترین بەندی ڕێککەوتننامەکە دادەنرێت کە لە بەندی دەیەمی ڕێککەوتننامە ئاشکراکراوەکەدا هاتووە، وە لەبەندی یەکەمی هاوپێچی فەرمی نهێنی ڕێککەوتننامە یەکەدا هاتووە. وە هەروەها پرسی سەرەکی کە جێگای ناکۆکی هەردوو لایەنی دانوستکار بوو ، کە ئەویش سەر بە ئەوبوونی شاری کەرکوك و هەندێك ناوچەی تری کوردستان بوو وەك خانەقین وشەنگال و شێخان و... هتد وە سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی بوو، وە بۆ ئەم مەبەستە لە بەندی نۆیەمی هاوپێچی فەرمی نهێنی ڕێککەوتننامەیەکەدا هاتووە وە دەڵت( سەرژمێری گشتی دانیشتوان لە عیراق بەڕێوەدەچێت لە ماوەی

---

(١) مارف عومەر گوڵ، کێشەی کەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتی گەلی کوردچ ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩، لا ٧٤

(٢) بۆ زیاتر سەیری : فە ریدون عەبدوالرحیم، سەرچاوەی پێشووتر، لا لا ٧٩ ٨٠

یەك ساڵ لە ڕێکەوتی دەرچوونی یان ڕاگەیاندنی ئەم ڕێککەوتننامە. وە بە گوێرەی ئەنجامی ئەم سەرژمێریە ڕووبەر و سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی دیاری دەکرێت، کە ئەویش دەبێت لە ماوەی چوار ساڵ ئەم ڕێککەوتننامەیە جێبەجێبکرێت. وە ئەم دەقە دەبوایە تایبەتمەندی خۆی پێبدرێت وە ماوەکەی نەبسترابایەوە بە ماوەی چوار ساڵی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەیەکە، تا نیەتی ڕاستەقینەی حکومەت بە دیار بکەوتبایە بۆ لایەنی کوردی، وە لێرەدا ئەوەمان بیر دەهێنێتەوە کە شاندی دانوستکاری کورد هەمان هەڵەیان دووبارە کردەوە لە ماددەی (١٤٠) ی دەستووری عیراقی بۆ ساڵی ٢٠٠٥ سەبارەت بە سەرژمێری و دیاری کردنی ناوچە کوردستانیەکان. وە هەروەها ڕێژەی بەشداری کردنی کورد لە حوکمڕانی عیراق بەو ڕێژەیە دیاری دەکرێت کە ئەنجامی سەرژمێریەکە پێ ی دەگات[1]. بەڵام جارێکی تر لە بەندی پازدەمی ڕێککەوتننامەکەدا هاتووە دەڵێت(گەلی کورد بەشداری لە دەسەڵاتی تەشریعی(قانوندانان) دەکات بە گوێرەی دانیشتوانی لە دانیشتوانی عیراق). کەواتە لە دەقی ئەم بەندە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە بە هیچ شێوەیێك ئاماژە بە ئەنجامی ڕێژەی ژمارەی ئەو سەرژمێریە نەکراوەکە لە داهاتوو ئەنجام دەدرێت وەهەروەها پشت بەچ ڕیژەیەك دەبەستێت وە بۆرشێژەی دانیشتوانی عیراق بۆ کام ساڵ، ئەمەش فێلك بووە لە فێڵەکانی ڕژێم وە هەروەها وەکو دەرچەیێکی قانونی ئەم بەندەی لە ڕێککەوتننامەکەدا داڕشتووە، وە لە هەمان کاتدا لە گەل بەندی دووەمی ڕێککەوتننامەکەدا ناکۆکە وە هەروەها لە بەندی هەشتەمی ڕێککەوتننامەکەدا هاتووە دەڵێت( گەڕاندنەوەی دانیشتوانی گووندەکانی عەرەب و کورد بۆ شوێنەکانی پێشووتری خۆیان، بەڵام سەبارەت بە دانیشتوانی ئەو گوندانەی دەکەوێتە ئەو ناوچانەی کە ناکرێت بکرێتە ناوچەی نیشتەجێکردن، وە حکومەت استملاکیان دەکات بە مەبەستی بەرژەوەندی گشتی وە بە گوێرەی قانون، ئەوا نیشتەجێ دەکرێن لە ناوچەکانی هاوسێ وە قەرەبوودەکرێنەوە بەرامبەر ئەو زیانانەی کە پێان گەیشتووە بەو هۆیەوە). ئەو دەقە دەقێکی قانونی وورد نیە وە چوارچێوەکەی بە تەواوی دیاری نەکراوە بۆیە دەبوایە لایەنی کوردی ژیرانەتر بوایە لە دارشتنی ئەم بەندە، چونکە بە پێی ئەم بەند حکومەت دەست کراوە دەبێت کە لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا بە ئارەزووی خوی ئەو ناوچانەی ئارەزووی بێت استملاکیان بکات ئەمە لە لایەك. بەڵام لە لاێکی تر سووربوونی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد دەردەخات کە ئامادەنەبووە دەستبەرداری یەك بستە خاکی کوردستان بێت وە بە گیان ومآڵ بەرگری لە خاکی کوردستانی کردووە وە لە گەڵ حکوومەتی عیراق هەوڵیداوە ئەو بۆچوونەی خۆی بچەسپێنێ کە دەبێت ئەو ناوچانەی کوردستان بخرێنەوە سەر خاکی کوردستان وە ئەو عارەبانەی هێنراوەتە سەر گوندەکانی کوردان بگێڕدرێنەوە شوێنی خۆیان کە ئەو ناوچانە بەشێکی ڕەسەنی خاکی کوردستانن[2].

---

(١) سەیری بەندی دووەم بکە لە ڕێککەوتننامە ئاشکرای( ١١) ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠

(٢) مسعود البارزانی، الحرکة التحرریة الکوردیةچ ٣،لا ٢٩٦، وە هەروەها سەیری: غە فوور مە خمووری ، بە عەرەبکردنی کوردستان، هەولێر ٠باشووری کوردستان، ٢٠٠٢، لا لا ٣٣ ٣٤

وە هەروەها لە بەندی سێزدەم دەڵێت( هەمواری قانونی پارێزگاکان دەکرێت بە شێوەیێك کە بگونجێت لە گەڵ ئەم ڕێککەوتننامەیە) وەئەم دەقە زۆر دەقێکی گشتگیرە وە دەبوایە ووردتر باسی لێوە بکرابایە وەئاماژەی بە ناوی پارێزگاکانی کە دەکەونە ناوچەی ئۆتۆنۆمی وەکوو کەرکوك بە تایبەتی و موسل و دیالی بکردبایە. چونکە دەقێکی زۆر لاستیکی یەوە دەکرێت لێکدانەوەی زۆر و جیاواز هەڵبگرێت.

وە هەروەها لە دێری کۆتایی بەندی چواردەمی ڕێککەوتننامەکەدا هاتووە دەڵێت( ..... وە وەبەرهێنانی سامانە سرووشتیەکان لەو ناوچەیە (واتە ناوچەی ئۆتۆنۆمی) لە پسپۆری دەسەڵاتی کۆماری عیراقە بە سرووشتی بارەکە) ، لەم بەندەی سەرەوە بە ڕوونی ئەومان بۆ بە دیاردەکەوێت کە وەبەرهێنان لە بواری نەفت و هەموو سامانە سرووشتیەکانی تر وە کە هەموو پرۆسەکانی دەرهێنان و فرۆشتنی نەفت و گەڕاندنەوەی داهاتەکەی لە دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی دا دەبێت کە دەڵت بە سرووشتی خۆی کە هەر ئەوهایە، واتە لە دوور و نزیکەو کورد هیچ دەسەڵاتێکی لە سەر پرۆسەی وەبەرهێنانی نەفت نابێت بە هیچ جۆرێك. هەتا لە ناوچەکانی سەر بە سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی. ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ڕژێمی بەعس بە هیچ شێوەیێك نەی ویستووە کورد بەشدار بێت لە پرسی نەفت و سیاسەتی ئابووری وە وەکو پرسێکی ستراتیژی و هەستیار مامەڵەی لە گەڵ کردووە وە حیسابی سیاسی و جوگرافی دواڕۆژی بۆ کردووە . تاوەکو ناوچەی ئۆتۆنۆمی نەبێتە خاوەن سەرچاوەی دارایی سەربەخۆ لە دەوڵەت، کە لە ئەسلدا سەرچاوەی دارایی یەکێکە لە کۆڵگە بنەڕەتیەکانی سیستەمی ئۆتۆنۆمی وە دەبێتە هۆی بەهێزکردن و پتەوکردنی قەوارەی ئۆتۆنۆمی، وە بۆ سەرکەوتنی ئەو قەوارەیە دەبێت سەربەخۆ بیت وە بە ئاگابێت لە هەڵس و کەوت کردن بە سەرچاوە دارییەکان[١]، وە پێویستە خاوەن بودجەی داهات و خەرجی سەربەخۆ بێت لە بودجەی گشتی دەوڵەت[٢]. کە وا دیارە ڕژێمی بەعس خوازیار نەبووە ئەو قەوارەیە واتە ناوچەی ئۆتۆنۆمی قەوارەیێکی بە هێز و نموونەیێکی سەرکەوتوو بێت.

جا لە ژێر ڕۆشنایی ئەوەی لە سەرەوە خستمانە ڕوو، دەبوایە شاندی دانوستکاری کوردی زۆر ژیرانە مامەڵەی لە گەڵ ئەو بەندە هەستیارە بکردبایە، وە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان بە هیچ شێوەیێك بە ناوەڕۆکی بەندی (١٤) لە بەیاننامەکە ڕازی نەبووایە وە دەبوایە پێداگری کردبایە لە سەر دەسەڵاتپێدانیان بۆ بەکارهێنانی نەفت و سامانە سرووشتیەکانی تری سنووری ئۆتۆنۆمی لە خاکی کوردستان ، وەك سەرچاوەیێکی دارایی بەهێز.

---

(١) محمد الهماوندي، الفدرالية والحكم الذاتي و اللامركزية الأدارية الأقليمية (دراسة مقارنة)ط ٢، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠١، لا ١٥٧

(٢) عادل حسين شبع، الحكم الذاتي اسسه النظرية والتتطبيقية، رسالة ماجستير مقدمةالي كلية القانون والسياسة، جامعة بغداد، ١٩٧٧، ص ١٥٨

دەبێ ئەوە لە یاد نەکەین، کە بێ گوومان هەر قانونێك یان ڕێککەوتننامەیێك تا سیفەتی قانونی وەربگرێت وجێبەجێبکرێت.، ئەوا دەبێت دووڕێکار ببرێت: ئەوانیش (دەرچواندن- بڵاوکردنەوە لە گۆڤاری وەقائیعی عیراقی) ، بەڵام لە لایەن هەمووان ئاشکرایە، کە ئەم بەیاننامەیە لە لایەن یەك لایەنەوە(ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی) عیراق ڕاگەیندرا، وە لە ڕۆژنامەی (الوقائع العراقیە) کە ڕۆژنامەی فەرمیی کۆماری عیراقە بلاو نەکرایەوە، کە لە کاتێکدا کە ئاشکرایە زۆربەی قانون وبەیاننامە و ڕێککەوتننامەکان و سیستەم وبڕیارەکانی تەشریعی و فەرمی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی تیدا بڵاودەکرایەوە، ئەمەش بە کەم وکورتیەکی قانونی زەق دادەنرێت وە خاڵێکی گرینگی قانونیە دەبوایە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان هەڵوێستی هەبوایە وە ڕەخنەی توندی لێبگرتبایە ، بۆیە بڵاونەکردنەوەی بەیاننامەی (١١ ی ئادار) لەو ڕۆژنامەیە بە داخەوە کە ئەم خاڵە ئاسەواری قانونی نێگەتیفانەی هەبووە وە وەك کەلێنێکی قانونی لە سەر ڕێککەوتنننامەکە هەژماردەکرێت.

## داواکاری دووەم: پرۆسەی ڕاگوێزانی کورد و بەعەربکردنی ناوچە کوردستانیەکان نیشتەجێ کردنی عەرەبی هاوردە لە شوێنەکانیان لە کۆمپانیا نەفتیەکان

هاتنی عەرەب بۆ کوردستان ئەگەرچی ڕەگ و ڕیشەیێکی قووڵی مێژوویی هەیە وە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ هاتنی ئیسلام بۆ ناوچەکە، وە لەو کاتەوە شەپۆلەکانی داگیرکردنی و ئەنفالکردنی ئیسلامی بۆ سەر خاکی پیرۆزی کوردستان دەستی پێکرد، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەفتەمی زاینیدا کە پاڵی بە خێلە عەرەبەکانی جەزیرەی عەرەبی نا بچنە (عیراق) کە ئەو کات بە وولاتی نێوان دوو ڕووبارکە ناسرابوو، و دواتر داگیرکردنی خاکی کوردستان، وە بە گرینگترین فاکتەر دادەنرێت بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای نەتەوەیی وئاینی دانیشتوانی کوردستان[1] وەنیشتەجێکردنیان کە پێش دروستبوونی دەوڵەتی عیراقیە بە هۆکاری ئابووری و یان کۆمەلایەتی بوو لە ئەسڵدا بەڵام لە ژێر پەردەی بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام پەردە پۆشکرا، هەر ئەمەشیان دەتوانین پشت بەو نامەیە ببەستین کە تەمەنی نامەکە زیاترە لە (١٣٠٠) ساڵ لە مەوبەرە، وە ئەو نامەیە لە مەلیکی ساسانیەکانی زەردەشتی (یزدکورد ی سێ یەم ) بۆ خەلیفەی موسڵمانەکان (عومەری کوری خەتاب) نێردراوە کاتێك کە عومەر داوای لێکردووە ببێتە ئیسلام[2]، وە ناوەرۆکی نامەکە بەم شێوەیە نووسراوە کە ڕێك دەگونجێت

---

(١) بۆ زیاتر بڕوانە: هەریەك لە: خلیل اسماعیل محمد، کوردستان العراق بین الاحتواء القومي والانفتاح الدولي، مطبعة جامعة صلاح الدین، اربیل، ٢٠٢٠، لا ٢٨ ٢٩. وة صالح أحمد العلي، معالم العراق العمرانیة، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٩، لا ٢٦

(٢) ئەو نامەیە وەکو خۆی بە بێ کەم کردنەوەی هیچ ووشەیێك ، وە ئەو نامەیە وەرگێردراوە وە پارێزراوە وە لە مۆزەخانەی لەندەن دانراوە .

له گەڵ ڕتکردنەوە و بەرپەچدانەوەی میللەتی کورد بەرامبەر سیاسەتی بەعربکردن و وێرانکردن بە درێژایی مێژوو لەو سەردەمەوە  تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان.

بەڵام لە سەدەی بیستەم چەند پڕۆسەیەکی پلان داڕێژراو ئەنجامدرا وە نیشتەجێکردنی بە خۆیەوە بینی، ئەوەش بە مەبەستی گۆڕانی واقیعی نەتەوەیی دانیشتوانی لە عیراق، بۆ بەرژەوەندی عەرەب.

لە گەڵ بەرنگاربوونەوەی کورد بەرامبەر سیاسەتی بە عەرەب کردن و هێنانی عەرەب لە بیابانەوە بۆداگیر کردنی  ناوچە کوردستانیەکان ، کە ئەم سیاسەتەش درێژەی هەیە تا ڕۆژگاری ئەمرۆمان هەرجارەوە بە ناوێك وە لە ژێر سیناریۆیێکی چەوتی نارەوادا، کەمەبەستە سەرکیە شارەوەکەی خزمەت و بەرژەوەندی کەمینەی عەرەبی ناوچەکەیە وتێکەڵبونی لە گەڵ  نەتەوەی ناوچەکە و سرینەوەی سیمای کوردبوونی ناوچەکەیە[1].

بۆیە دەتوانین بڵێین کە پڕۆسەی ڕاگوێزانی کورد لە ناوچە کوردستانیەکان و بە عەربکردنی پڕۆسەیەکە هەر لە پێش وە لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقەوە دەستی پێکردووە وە بەردەوامە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، وە بۆتە درووشمی هەموو حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق، ئەگەر چی ئاستی جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیە و سروشتی و ڕێ وشوێنەکانی لە حکومەتێکەوە بۆ حکومەتێکی تر جیاواز بووە، هەر لە ساڵانی ١٩٥٩ یۆ پەیڕەوکردنی سیاستە چەوتەکەی سەرەتا شاری کەرکوکیان بە ئامانج گرت، وە دواتر تێکدانی ئەو گوندە کوردانەی کە لە ناوچە نەفتییەکان نزیك بوون و ڕاگوێزانی خەڵکەکەی وە هۆزی عەربیان هێنا شوێنەکانیان وە زەوی کشتوکاڵیان بە سەر دابەشکردن ، وە هەروەها ئەو ناوچانەی دەکەوتە نێوان زوومار – شەنگال بە عەربکران و خەیڵی عەربیان بۆ هێنرا[2]، ئەمانە وجگە لە وێرانکردنی دەیان گوندی کوردستان و کوشتنی ژمارەیێکی زۆر لە خەڵکی سیڤیل[3]. وە هەروەها لە ساڵی ١٩٦٣ دا ئەو گوندانەی کە نزیکی کەرکوك بە تایبەت بیرە نەفتیەکان بوون کە ژمارەیان (١٣)گووند بوون تێکدران ، لەوانەش گووندەکانی(سۆنەگوڵی، یارولی، هەنجیرە، قوتان، قوشقایە، شۆڕاو،باجوان....هتد) هەروەها گووندەکانی دەوروبەری شارۆچکەی دووبز هەر لەو ساڵەدا ڕاگوێزران و هۆزی عەرەبی بەدوویان (البدو) هێنرا شوێنیان کە (عواس صدید) سەرپەرشتی دەکردن[4]. وە ڕژێمی بەعس بەم شێوەیە بەردوام بوو لە کاری خۆی تاوەکو (١١-٣-١٩٧٠). وە دواتر لە ساڵی

(١) یۆ زاتر بڕوانە: د. خلیل اسماعیل محمد، ڕەهەندی نەتەوەیی نیشتەجێبوونی عەرەب لە پارێزگای کەرکووکدا، توێژینەوەیێکە لە گۆڤاری سەنتەری برایەتی بڵاوکراوەتەوە، ژمارە(٢٠)، هاوینی ٢٠٠١، لالا ٢٠٥ ٢٠٦

(٢) ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عیراق وسێکوچکەی بە عسیان : تەرحیل تەعریب تەبعیسچ ٢، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٩، لا ٢٣٧

(٣) بڕوانە: د.مارف عومەرگوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد لە بەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتانچ ٢، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی ٢٠٠٣،لا ٢١

(٤) نوری تالەبانی، منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها القومي، لا لا ٥٦ ٥٧

١٩٧٤ دا بیست وچوار (٢٤) گوندی کوردانیان لە ناحیەی زوومار ڕوخاندو تەعریبیان کردن، ئەو گوندانەی کە خێڵە ڕەسەنەکانی کوردان (هسنیان- موسا ڕەش- میران) لێی دەژیان[١].

وە بەتایبەتی لە ماوەی دانوستانی ڕێککەوتننامەی (١١ یئاداری) ساڵی ١٩٧٠ لە شۆرشی ئەیلول، وە بە دیاری کراوی، دوای ڕاگەیاندنی بەیاننامەی (١١) ی ئادار، ڕژێمی بەعس لە پەنای بارودۆخی ئاشتییەوە، دووبارە سیاسەتەکانی خۆی بەرامبەر گەلی کورد پیادەکرد. گفتوگۆ و ئاشتەوایشیان لە گەڵ سەرکردایەتی شۆرشی کوردستان تەنیا تاکتیك بوو، تا بە ئاسانی ستراتیژیەتی خۆیان بە ئامانج بگەینن.

لە کاتی ئاهەنگ گێرانی ڕاگەیاندنی بەیاننامەی (١١ ی ئادار)، وە بە دیاری کراوی لە ڕێکەوتی(١٩-٣-١٩٧٠) پەیامنێرێکی ڕۆژنامەی ئەهرامی میسری لە پارێزگاری کەرکوکی ئەو کاتی پرسی بوو، ئایا سەرژمێری[٢] ئەنجام دەدەن ؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتبووی: (هەتا کاتی ئەو سەرژمێریە دێت، پێکهاتەی دیمۆگرافی کوردستان دەگۆردرێت[٣]. بە بێ هێچ گومانێك، ئەو وەڵامە مەبەستی نیاز خراپی بەعسی بە ڕوون و ئاشکرایی دەرخستبوو، کە ئەویش یریتی بوو لە بە ئەنجام گەیاندنی پرۆسەی ڕاگواستنی کورد بوو لە سەر کارو بار و خاکی خۆیان و هێنانی عەرەب بۆ شوێنی ئەوان. وە هەروەها لە درێژەی بە جێ گەیاندنی بەرنامە بۆ دارێژراوەکەیان دوای چەند مانگێك لە ڕاگەیاندنی بەیاننامەی(١١ ی ئادار) ڕژێمی بەعس بە بیانووی جۆراوجۆر، چەند کرێکاری کوردی کارگە حکومییەکانی لە سەر کار لابرد. بۆ نموونە بەڕێوەبەری کۆمپانیای رۆنە ڕووەکییەکان کە کورد بوو بە بیانووی نەبوونی ڕەگەزنامە ی عیراقی، وە هەروەها (٤٠) کرێکاری کوردی لە سەر کار لابرد[٤]، بەعس ، دەیویست هەرچۆنێك بێت دوای ڕاگەیاندنی بەیاننامەی(١١ ی ئادار)، شاری کەرکوك لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دابڕێت وە مەبەستە سەرکیەکەش ئەوە بوو کە شاری کەرکوك شارێکی دەوڵەمەند بوو بە نەوت بە پلە یەك وە بە پلە دوو دەوڵەمەندە بە ئاو وە هەروەها خاکەکەی بە پیتە بۆ کشتوکاڵ، چونکە دەسەڵاتی بەعس زۆر لە نیاز و مەرامەکانی خۆی دەربارەی کەرکوك دەشاردەوە، هەندێك دەوڵەتانی عەرەبی وەك سوریا و هی تر ئەو پڕوپاگەندانە دەرچووبون کە گوایە ئەگەر کەرکوك ببێتە بەشێك لەکوردستانی خاوەن ئۆتۆنۆمی ئەوا سامانی نەوتی لە دەست نیشتمانی عەرەبی دەچێتە لە هەمان کاتیشدا دەبێتە ڕێگا خۆشکەرێك بۆ جیابوونەوەی کورد، بەڵام دیاربوو ئەوان ئاگایان لەوە نەبوو کە بەعس لە ژێرەوە چی لەبن سەردایە ( خەیاڵدایە ) وە چۆن بە نهێنی کاری خۆی دەکات. وا دیار بوو بە عس بە جۆرێکی دیکە نەخشەی بۆ کێشابوو ، وە لە وەڵامی بەرپرسێکی عیراقی کە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بووە، دەڵت

---

(١) بۆ زیاتربڕوانە: نەوتی کوردستانی عیراق، مەکنەبی ناوەندی دیراسات و لێکۆلینەوە-.بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشووتر،لالا ٥١ ٥٩

(٢) بە پێی خاڵی( ١٤) لە بەیاننامەی ( ١١ی ئادار) دەبوایە سەرژمێرێکی گشتی ئەنجام بدرێت بۆ دەستنیشانکردنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی.

(٣) پارتی دیموکراتی کوردستان (سەرکردایەتی کاتی)، س. پ. ، لا ٦٢

(٤) ڕۆژنامەی (التآخی) ، ژمارە ( ٤٩٣)، لە ڕێکەوتی ٢٣ ٧ ١٩٧٠

(ئێمە هەر لە ساڵی (١٩٧٠) دا هەڵوێستی سەرکردایتیمان ئاشکرابوو، بەئەوەی کە کەرکووك ناکەوێتە چوارچێوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ، چونکە ئەگەر بکەوتبایە ناو ئەو سنوورە، ئەوا دەبووە سەرەتایەك بۆ قۆناخی دابڕان، بەوەی کە یاری نەوت و کودەتای نێودەوڵەتی دەکەوتە نێو بابەتی کێشەی یەکپارچەیی نیشتمانی، واتە دوورخستنەوەی ئەو شارە لە سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئەوەی دابین کرد کە کودەتای دابەشبوون نەمینێ و ئەوەش بە بەرژەوەندی گشتی دەزانین)[1].

هەر بۆ ئەم مەبەستەش سەدان کرێکاری کورد کە لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوك کاریان دەکرد لە بەر چالاکی سیاسیان (واتە لە بەر ئەوەی پارتی بوون) دەرکران، هەروەها ژمارەیێکی زۆری ئەو کوردانەی کە لە لقە جیاجیاکانی کۆمپانیای نەوت کاریان دەکرد بۆ ناوچەکانی دیکەی دەرەوەی شارەکە گواسترانەوە، وە دەرەبەگ و تیرە عەرەبەکانیش بە پارەو زەوی هان دەدران بۆ ئەوەی لە ناو شارەکە نیشتەجێ بن .

وە هەروەها چالگە نەوتییەکانی کەندێناوە چونکە درێژە پێدەری چاڵگەی نەوتی کەرکووکە(باباگوڕگوڕ)کە بە سێەمین ناوچەی نەوتی جیهان دادەنرێت لە دوای چاڵگەی بەرەکاتی کویتی و چاڵگەی ئەلغۆرانی سعودی ، وە سێەمین جۆری نەوتی هەرە باشە دوای باکوری تیکساس. کە لە تەپۆڵکەکانی (جەوەڵەبۆر) ی کەرکوك دەست پێ دەکات وە لە دەوروبەری شارۆچکەی گۆێر تەواو دەبێ. بۆیە خەڵکەکەی وە دانیشتوانی ئەو ناوچانەش بە دوور نەبوون لە شاڵاوی ڕاگواستن و تەعریب کردنی ناوچەکانیان وە هێنانی عەرەبی هاوردە بۆ شوێنەکانیان. هەرچەندە کەندیناوە و گوێر لە ڕووی ئیدارییەوە لە ئەسلدا سەر بە پارێزگای هەولێرە بەڵام لە ڕووی کاروباری نەفت دەرهێنان دا سەر بە کۆمپانیای نەوتی عیراق بووە کە کەرکوك ناوندییەتی.

داگیرکەرانی کوردستان وە ڕژێمی عیراق ئەو ڕاستیە باش دەزانن و هەرسیان کردووە کە نەفت سەرچاوەیێکی ئابووری بەهێز و پتەوە وە زەمینە خۆشکەرە بۆ بڕیاردانی قەوارەیێکی سیاسی سەربەخۆی کوردستانی، بۆیە نەوت لە هەرکۆێیەکی باشووری کوردستاندابێت ئەوا ڕاگواستن و بەعەرەبکردنی ئەو ناوچەیە لە قووڵایی تۆری سیاسەتی بەعسی ڕەگەزپەرست دەربازی نەبووە وە دوورو نزیك دەیانیگرتەوە. وە ئەمڕۆش حکومەتی عیراقی هەمان بەرنامە جێبەجێ دەکات، بە تایبەتی (٦٤%) ی یەدەگی نەوتی عیراق لە باشوری کوردستاندایە[2]، بە پێی سیاسەتەکانی دەوڵەتی عیراقی( پاشاییەتی و کۆماری) هەموو نواناکانیان بەکارهێناوەیۆ بەرهەمهێنانی زۆرینەی نەوت لە باشووری کوردستان (لیترێکی لێ کەم بێتەوە بۆ عیراق هەر قازانجە) ، زانیارییەکان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە ئەو برە

(١) جەرجیس فەتحوڵلا، شاری کەرکوك، کێشە لە سەر پێکهاتەی ڕەگەزی (ئێتی) و هەوڵدان بۆ بە عەرەبکردنی.، توێژینەوەیێکە لە کۆنفراسی زانستی - ئەکادیمی کەرکوك لە( ٣ ٥ ٤ ٢٠٠١) بەسترابوو، وە لە گۆڤاری سەنتەری برایەتی بلاوکراوەتەوە، ژمارە( ٢٠) لە هاوینی ساڵی ٢٠٠١، لا ٢٦٥

(٢) ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عیراق وسێکوچکەی بە عسیانج ٢، سەرچاوەی پێشووتر، لا ٢٢

پارەیەی عیراق لە نێوان ساڵانی(١٩٣١- ١٩٩٠) لە داهاتی نەفتی باشوری کوردستان بە دەستی هێناوە دەگاتە ڕێژەی (٦٣,٣٤%) لە کۆی هەناردەی نەوتی عیراق بەدەستی هێناوە[1].

وە هەروەها ناوچەی مەخموور و کەندێناوە جگە لەوەی ناوچەیێکی کشتوکاڵی گرینگە کە دەتوانێت ببێتە سەبەتەی خۆراکی دانەوێڵەی گەنم و جۆ بۆ هەموو عیراق، ئەوا ناوچەیێکی ستراتیژی و نەوتاوییە و تەواوکەری حەوزی نەوتی کەرکووکە و پتر لە (١٥٠) چاڵە نەوتی تێدایە، هەندێکی نەفتی لە بەرهەم دەهێنرێت وە هەندێکی تری تا ئیستاش هەر بەداخراوی ماوەتەوە و نەوتی لێ دەرناهێنرێت[2].

ڕژێمی بەعس گرینگی ئەو ناوچانەی باش دەزانی هەر بۆیە بە ئامانجی گرتبوون وە نەی دەویست بە هیچ شێوەیێك بکەونە ناو سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان.، بۆیە پرۆسەی دەرکردن وڕاگواستن وتەعریب کردنی بەششێوەیێکی وەحشیگەرانەی ڕێك وپێك ئەنجام دەدا. و هەروەها بە دەیەها ڕەبیەی و تاوەری سەربازی لە سەر بەرزایی و گردۆڵکە نزیکەکانی ناوچە نەفتییەکان دروست کردبوون کە ئەم شوێنانە وەك و پشتێنەی ئەمنی دانابوو ، وە هەروەها مەڵبەندە نەفتییەکانیان کردە سوپاگەی گەورەی سەربازیی.

وە هەروەها لە ساڵی ١٩٧٣ دا بە هەزاران کەس لە خەڵکی ناوچەکانی کەرکووك و خانەقین و شێخان و ئاکرێ و زوومار و کەندێناوە و ...هتد ،وە دەیان و سەدان گووندی کوردی وێران کران و ڕووخێندران یان خەڵکی عەرەبی لێ نیشتەجێکرا بە تایبەت ئەو گوندانەی نزیك ناوچەی نەوتی و بیرە نەوتییەکان بوون، ئەمانە هەموو لە ئەنجامی سیاسەتی بە عەرەبکردن بوو وە ئاوارەی ناوچەکانی دیکەی کوردستان بوون.

وە لەم بارەیەوە حکومەتی عیراق هەوڵی گۆرینی دیمۆگرافیایی شاری کەرکوکی دا بۆیە هەڵستا بە لادان ودەرکردنی ژمارەیێکی زۆری کرێکارانی بە نەتەوە کورد کە کاریان دەکرد لە دامەزراوە و کۆمپانیا نەفتیەکانی کەرکوك، وە گواستنەوەی بە شیکی تر لەو کرێکارە کوردانە بۆ دامەزراوەی نەفتی تر لە دەرەوەی شاری کەرکوك، هەروەها هینانی فەرمانبەر وکرێکاری عەرەب بۆ جێگەی ئەو کرێکار وفەرمانبەرە کوردە دەرکراوانە، وە هەر سەبارەت بەم بابەتەوە لە کاتی سەردانی کردنی یەرپرسێکی گەورەی حکومەتی عیراقی ئەو کات بۆ یولگاریا وە لە میانەی بەشداری کردنی لە کۆبونەوەیێکی فراواند لە زانکۆی سۆفیا لە بولگاریا لە شوباتی ساڵی ١٩٧٤ڕێکخرابوو وە لە وەڵامی پرسیارێك کە ئاراستەی کرابوو, کە ئایا راستە حکومەتی عیراق کرێکارە کوردەکانی کۆمپانیای نەوتیی عیراقی دەرکردووە؟ زۆر

(١) کاوە نادر، کەندێناوە لە نێوان ڕاگواستن و بەعەرەبکردندا، چاپخانەی مەحوی /هەولێر ، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی میدیا،ژمارە( ٢١)، ٢٠٠١، لا ٢٢

(٢) کاوە نادر، سەرچاوەی پێشووتر، لا١٢.

بە ڕاشکاوانە وەڵامی دایەوە گوتی ) ئێمە لە بەر نەوتی کەرکوك ئامادەین نەك تەنها کرێکارە کوردەکانی کۆمپانیای نەوتی کەرکوك بەڵکو هەموو کوردی کەرکوك دەربکەین)[1].

هەر چۆنێك بێت لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی بەیاننامەی (١١ ی ئادار) دیاری کردبوو، پرۆسەی گۆرینی دانیشتوانی ناوچە کوردستانیەکانی نزیك چالگە نەفتیەکان وە بە تایبەتی شاری کەرکوك هەر لە سەرەتاوە ئاشکرابوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی چەندین ڕووداوی توند وتیژی وئاژاوە لە لایەن دەزگا دەسەڵاتدارە سەرکوتکەرەکانی ئەمنی و مخابراتی و حزبی بۆ دەرپەراندنی پارتییە چالاکەکان وخەڵکانی نیشتمان پەروەر دەستی پێکرد،

لە ساڵی (١٩٧٢) هەموو شتێك بۆ خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانی ئاشکرابوو، هەر بۆیە لە یەکێك لە دانیشتنەکان لە گەڵ شاندی ڕژێمی بەعس ، بارزانی ئاوری لە میوانەکەی دایەوە بە تەوسەوە کە بە ناوی(مرتچی عبدالباقی الحدیپی) وەزیری دەرەوەی عیراق بوو لەو کات، وە پێی گووت) شاری کەرکوك تەواو گۆردرا، کەوا تە ئیتر پێویست بە سەر ژمێری ناکات، چونکەئەنجامی سەرژمێریەکە تەنها بە ڵگەیەك دەبێ لە سەر ئەوەی کە ئێمە لە ڕاستی لامان داوە. هەر لێرەدا دەتوانین بڵێین لە سەرەتاوە قبولکردنی سەرژمێری فەرمی دوای ڕاگەیاندنی بەیاننامەکە، بۆ دەست نیشانکردنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی بە پێی خاڵی (١٤) ی بەیاننامەکە، گەورەترین کەم وکوری و هەڵەبوو ،وە دەبوایە سەرکردایەتی کورد ، دیاریکردنی سنووری جوگرافیی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بکردبایە مەرجی حاشا هەڵنەگر( defact) و دوانەخراوی پێش وەختەی ڕاگەیاندنی بەیاننامەی (١١ ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ . کەواتە دەتوانین بڵێین ئەو ئۆتۆنۆمییەی نەتەوەی کورد، لە قالبێکی کەسیدا دارێژرابوو، نەوەك هەرێمی(خاك)[2]، هەر لەم بارەیەوە دوای ڕاگەیاندنی بەیاننامەکەش سەدام حسین لە دیدارێکدا لە گەڵ پەیامنێری ڕۆژنامەی (لۆمۆند) ی فەرەنسی گوتبووی (حکومەتی عیراق و حیزبی بەعس ئۆتۆنۆمیان بە خەڵك داوە، نەوەك خاك . بەمەش ڕۆوی سیاسەتی ڕاستەقینەی خۆیان ئاشکراکرد.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە ڕژێمی بەعس لە پێشوتریش هەوڵی دابوو گۆرنکاری لە سنووری جوگرافی کوردستان بکات، بە بەڵگەی ئەوەی بڕیارێکی دەرکردبوو لە ڕێکەوتی(٢٧-٥-١٩٦٩) بۆ بە پارێزگاکردنی شاری دهۆك، کە لە یەکخستنی قەزاو شارۆچکە کوردییەکانی سەر بە پارێزگای موسڵ پێکهێنرا[4]. لێرەدا دەبێ ئەوە لە یاد نەکەین کە بە پارێزگاکردنی دهۆك داخوازێکی لە مێژینەی

---

(١) ازاد نەقشبەندی، کاریگەریی نەوتی کەرکوك لە سەر ڕاگۆیزانی کورد لە کەرکوك و بەعەربکردنی، سەرچاوەی پێشووتر، لا ٢٩. ، ئە

(٢) بۆ زانیاری سەبارەت بە شێوازەکانی ئۆتۆنۆمی زیاتر بڕوانە: عبدالعلیم محمد، مفهوم الحکم الذاتي في القانون الدولي- دراسة مقارنة لبعض الأنماط والمشكلات- ، مطبوعات مركز الدراسات السياسية و الأستراتيجية بالأهرام ، ١٩٩٤،لا ١٦٤.

(٣) بۆ زیاتر بڕوانە: عەبدوڵلا کەریم مەحمود، ڕەشەبای ژەهر وئەنفال، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، لە لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشەنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٣،لا ١٦

(٤) ئەو بڕیارە بڵاوکراوەتەوە لە : الجمهورية العراقية ، القرارات العامة لمجلس قيادة الثورة ١٩٦٨-١٩٧٧، المجلد الثاني، لا ٥٠٥

جووڵانەوەی رزگاریخوازی کورد بووە، بەڵام مەبەستی ڕژێمی بەعس لە دەرکردنی ئەو بڕیارە بە دەست هێنانی دوو بەرژەوەندی بوو لە هەمان کاتدا، کورد گووتەنی (بە بەردێك دوو چۆلەکە بکوژێت). کە یەکێکیان بە مەبەستی گۆڕین و سڕینەوەی سیمای کوردبوونی شاری موسڵ بوو( ). وە دووەمیان ئامادەسازی بوو بۆ هەرئەگەرێکی داهاتوو تاوەکو لە کاتی دانوستان لە گەڵ سەرکردایەتی شۆرشی کوردستان، گفتوگۆ لە سەر کوردبوونی شاری موسڵ نەکرێت، وە هەروەها دەتوانین بڵێن سەرباری ئەو دوو بەرژەوەندیە حکومەتی عیراق چاوی لە ناوچەکانی (عین زالە و زوومار وشێخان ) بوو کە دەی زانی ناوچەی دەوڵەمەندن بە نەفت، کەواتە نەفتیش هۆکار بووە جگە لەو دوومەبەستەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکردن، بۆ ئەوەی ئەو شوێنانە نەکەونە ناو سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان. هەر ئەو نیاز و مەرازانەشیان ، لە گفتوگۆکانی دانوستانەکانی ساڵی ١٩٧٠ دا بۆ هاتە دی.

پیادەکردنی سیاسەتی تەعریب دەرئەنجامی زۆر خراپی لێکەوتەوە بۆ کورد، ئەویش دابەزینی ڕێژەی دانیشتوانی کورد و بەرزبوونەوەی ڕێژەی دانیشتوانی عەرەب لە ناوچە نەفتییەکان ، هەرچەندە تا ئێستاش بە گشتی تێکرایی ڕێژەی دانیشتوانی کورد بەرزترە بەراورد بە نەتەوەکانی تری ناوچەکە، بەڵام سەرژمێرییەکان ئاماژە بە دابەزینی بەردەوامی ئەم تێکڕایانە ی ژمارەی کورد لە ناوچە نەفتییەکانی کوردستانی عیراق دەکەن بەرامبەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی عەرەب لەو ناوچانە( )، لەم بارەیەوە سەرۆك بارزانی لە میانەی ئەو دیمانەیەی کە سەرنووسەری رۆژنامەی(عەربولیوەم) ی ئوردنی لە گەلچی دا سازدا، دووپاتی لەو ڕاستیە کردەوە، لە میانەی وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارەی کە ئایا کێشەی پارێزگای کەرکوك کەحکومەتی ناوەندی نایەوەی بخرێتە سەر ناوچەی کوردی یەکێکە لە ناکۆکیەکانی نێوان بزاڤی کورد وحکومەتی ناوەندی ، بارزانی گووتی( بێ گوومان لەم ناکۆکیانەدا کەرکوك خاڵی سەرەکیە)( ). ٣

لەسەر هەموو ئەوانەی لەمەوپێش خستمانە ڕوو، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بەشێکی زۆری ئەو ناوچانەی کە پێشووتر لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە بە هۆی هەبوونی نەفتەوە ڕووبەڕوی وێرانکردن کراونەتەوە، تەنانەت پانتاییەکی بەرفراوان لە ناوچەکانی نەفتی خەڵکەکەی ڕووبەڕوی و ڕاگواستن و تەعریب کردن و کارەساتی ئەنفال بوونەتەوە.

بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٨٠ نۆ گووندی سنووری کێڵگەی نەفتی تەقتەق لە لایەن حکومەتی عیراقەوە تەختی زەوی کران وە دانیشتوانەکەی ڕاپێچی شاری هەولێر کران، وە ناوچەکەش وەکو ناوچەیێکی

(١) سەبارەت بە کوردبوونی شاری موسڵ بڕوانە: خليل اسماعيل محمد، اتجاهات الآستيطان العربي في محافظة نينوي وأثره علي تكوين القومي للسكان، بحث منشور في مجلة (مةتين) ، مجلة سياسية- ثقافية، العدد( ١٢٥)، حزيران، ٢٠٠٢، لا ١ ٩ ١٠٣-.وة د.خليل اسماعيل محمد ،كوردستان العراق بين الآحتواو القومي والآنفتاح الدولي ، سەرچاوەی پێشووتر ، لا لا ٣ ٣١٢، وة لالا ٢ ٥٨٥

(٢) دابەزینی ئەم رشێژەیە بەڵگەیێکی رشوونی سیاسەتی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانە بۆ تەعریب کردنی ناوچە نەفتییەکان ، بۆ زیاتر برشوانە: خليل اسماعيل محمد، البعد القومي للتغيرات في الحدود الأدارية لمحافظة كركوك-١٩٩٧،لا ٢٢

(٣) ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە( ٨٧٥ لە ڕێکەوتی _ ٢٢ ٥ ١٩٩٨)، لا ٣

قەدەخەکراو ڕاگەیانرا، وە هەروەها ناوچەکانی نەوتی لە سنووری قەزای مەخموور و کەندێناوەش[١] بارودۆخێکی باشتریان نەبوو ، وە سەرباری هەوڵەکانی تەعریبکردنی ئەو ناوچە نەفتیانە لە هەمانکاتدا هیچ خزمەتگوزارییەکیان پێشکەش نەکراوە،

واتە دەتوانین بڵێین کە بەشێك لە ناوچەکانی نەفتی لە هەرێمی کوردستان دووجار زیانمەندبوون ، جارێك بەهۆی سیاسەتی ڕژێمی بەعسی عیراق و جارێك بەهۆی ئەو زیانانەی لە ئەنجامی چالاکی نەفت و گاز لە لایون حکومەتی هەرێمەوە بەشێوەی نەرێنی بەسەریاندا دەشکێتەوە. وە بەم شێوەیە ناوچەکانی نەفتی لە هەرێمی کوردستان نەك هەر بنیات نەنراونەتەوە بەڵکو خزمەتگوزارییەکانی سەرەتاییان بۆ دابین نەکراوە[٢].

وە لەو ڕووەوە دەردەکەوێت کە حکوومەتی هەرێم هیچ پلانێکی لەو ڕووەوە نیە، وە پەرلەمانیش هیچ بەهاناوە چوونێکی بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی قانونی نەفت وگاز ی ژمارە (٢٢) ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەرێمی کوردستان نەبووە، بەمەش خەڵکی ناوچەکانی نەفتی  هیچ متمانەێکیان بە وەبەرهێنانی پرۆسەی نەفت نیە ودروشمی (نەوت بۆ دەسەلات و دووکەڵ بۆ خەڵك و پیس بوون بۆ ژینگە) بەرز بکەنەوە.

ئەگەر ئەمە حاڵی ناوچەکانی نەفتی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بێت، ئەوا دەبێت حاڵی ناوچەکانی نەفتی کە دەکەونە نێو ماددەی (١٤٠) ی دەستووری عیراقی،  وەك ناوندرا (ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان) چۆن بێت. کە پێویستە بە هاوبەشی بەڕێوەببرێن لە نێوان حکوومەتی ئیتحادی عیراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان، تا یەکلاکردنەوەی سنووری کارگێری ئەو ناوچانە، بەوەی دەکەونە سنووری جوگرافی هەرێمی کوردستان یان نەو .

وەك دەڵێن مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، دیسان شاندی دانوستکاری کورد لە ساڵی ٢٠٠٤-٢٠٠٥ لە نووسینەوەی دەستووری عیراق ، دووبارە کەوتنەوە هەمان هەڵەی مێژووی کە لە مەوپێش لە شیکردنەوەی بەندی (١٤) ی بەیاننامەی ئادار بەدرێژی ڕوونمانکردەوە(). کە نەیانتوانی جیاوازی لە نێوان خاك ونەتەوە و نەفت  بکەن لە دانوستانەکانیان تا بگرە دانوستانەکانی ئەو دواییەی حکومەتی هەرێم لە گەڵ حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عیراقی پاش ساڵی ٢٠٠٥ ئەنجامدراوە.

لە ساڵانی دوای ڕووخانی بەعس لە عیراق، بارودۆخەکە لەو ناوچانەدا گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە، لە تەنیشت وەزارەتی نەفتی عیراقدا وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

---

(١) بڕوانە، کاوە نادر، کەندێناوە لە نێوان ڕاگواستن و بەعەرەبکردندا، سەرچاوەی پێشووتر، لا ٣٨و دواتر.
(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ڕێبین فەتاح، نەوت وخەڵك لە پەراوێزی نەوت و سیاسەتدا، چاپی یەکەم، بێ ئاماژە کردن بە شوێنی چاپ کردن، ٢٠١٤،لا  ٢٩ ٣٠
(٣) سەیری داواکاری دووەم لە باسی دووەم لەم توێژینەوەیەدا بکە.

ئامادەیی هەیە و نەفت وگاز بەرهەم دەهێنێت ،وە تا هەندێك گرێبەستیشی ئەنجامداوە لە گەڵ هەندێك کۆمپانیای نەفتی(١).

لێرەدا پرسیارێکی گرینگ دەورژێندرێت، ئایا ئامادەیی حکومەتی هەرێم لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ، توانیویەتی ئاراستەی ستراتیژی چالاکییەکانی نەفت لە (نەفتەوە بۆ خەڵك) بگۆرێت؟

بەو مانایەی کە ئایا لە ئێستای کارکردنی حکوومەتی هەرێم لە ناوچە دابڕێنراوەکاندا، لە تەنیشت چالاکی پرۆسەکانی نەفت وگازدا، خاوەنداریەتی لە خەڵکی ناوچەکە دەکرێت یان تەنها خاوەندارێتییەکە لە نەفت و گازی ناوچەکە دەکرێت؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، دەڵێن لەوتەی حکوومەتی هەرێم لە پرۆژەکانی نەفتی ناوچە دابڕێنراوەکاندا کار دەکات، هێشتا هیچ پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری لەو ناوچانە جێبەجێ نەکردووە ، بۆ نموونە ، لەکۆی گوندەکانی سنووری کێڵگەی نەفتی خورمەڵە کە یەکێك لە کێڵگە گەورەکانی حکوومەتی هەرێمە ، تەنانەت لە یەك لەو گوندانەش بنکەیێکی بچووکی تەندروستی نیە:

لە میانەی ئەوەی لە سەرەوە خستمانە ڕوو، دەتوانین بڵێن چالاکییەکانی حکوومەتی هەرێم لە ناوچە دابڕێنراوەکاندا بە درێژکراوەی هەمان سیاسەتی پیادەکراوی قۆناخەکانی پێشوو دابنرێت(٢)، کە ئامانجی چالاکیەکان نەفتی ناوچەکەیە نەوەك خەڵکی ناوچەکە، واتە حکوومەتی هەرێمیش تەنها خاوندارێتی نەفتی ناوچەکەی کردووە نەوەك خەڵکی ناوچەکە(٣).

کەواتە دەبێ حکوومەتی هەرێم یە سوود وەرگرتن لەو هەموو ئەزموونەی ڕابردوو، کە لە دانوستانەکانی ساڵانی ١٩٧٠ وە تاوەکو ئێستا، پێویستە ستراتیژی چالاکیەکانی لە تەنیا نەفت بۆ خاك و خەڵك بگۆرێت، وە بیکاتە پرەنسیپ لە هەموو دانوستانەکانی داهاتوو وە داکۆکی لێ بکات، واتە ستراتیژێك لە پێناو خەڵکدا بایەخ بە نەفت بدات نەوەك پێچەوانەکەی، وە دەبێت بەلایەنی کەم بەشێك لە داهاتی نەفتی ناوچەکە لە خزمەتگوزارییەکانی سەرەتایی وەك ئاو، ڕێگەوبان، قوتابخانە، بنکەی تەندروستی ....هتد. خەرج بکات. بەپێچەوانەوە ناکرێت حکوومەتی هەرێم خاوەنداریەتی نەفتی ناوچەکە بکات وە خەڵکەکەی پەراوێز بکات. واتە دەرهێنانی نەفتەکە بە مافی خۆی بزانێت و گرنگی دان بە خەڵکەکەی بخاتە ئەستۆی حکوومەتی بەغداوە، بەمانایێکی تر ناکرێت حکوومەتی هەرێم نەفتەکە بە کوردستانی بزانێت و خەڵکەکەی بە عەرەبستان، و خاکەکەی بە عیراق ڕاسپێرێت، کە لە کاتێکدا خەبات و خوێنی زۆری لەو پێناوە ڕێشتووە، هەر بۆ نموونە سازش نەکردنی مستەفا بارزانی لە سەر کەرکوك و ناوچەکانی تری کوردستانی شۆرشی ئەیلولی کردە قوربانی، وە نابێت گووتە

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: رێبین فەتاح، نەوت وخەڵك لە پەراوێزی نەوت و سیاسەتدا، سەرچاوەی پێشووتر،لا ٣١

(٢) نزیك لەو مانایە: بڕوانە :نەوتی کوردستانی عیراق، مەکنەبی ناوەندی دیراسات و لێکۆلینەوە، سەرچاوەی پێشووتر، ٨٦

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: رێبین فەتاح، سەرچاوەی پێشووتر، لا لا ٣٢ ٣٣.

مێژوویەکەی (ئەگەر کەرکووك یە ك کوردیشی تێدا مابێت هەر کوردستانیە) لە یاد بکەین، بۆیە پێویست دەکات لەمەو دوا سیاسەت و ستراتیژیەتی دانوستانەکان لەم بارەیەو بگۆڕێت ، وە هەمان هەڵەی پێشووتر دووبارە نەکاتەوە وەلە پێناو بەرژەوندی دارایی و کاتی نەفت، خاکی کوردستان نەکاتە قوربانی ولە یادی نەکات و فەرامۆش نەکات یان بە لایەنی کەمەوە سیاسەتێکی هاوتەریب بگرێتە بەر، وە هاوسەنگی ڕابگرێت لە نێوان خاك ونەفت،

واتە دەتوانین بڵێین پیادەکردنی سیاسەتی تەعریب و دان نەنان بە کوردستانێتی ناوچە نەفتییەکان ، پێشتر و ئێستاش هۆکارێکی سەرەکی نەگەیشتنە بە چارەسەرێکی هەمیشەیی دۆزی کورد لە عیراقدا. بەڵام پرسیارە گرینگەکە لێرەدا ئەوەیە ئاخۆ کوردان بۆ خزمەتی کێشەکەیان لە توانایاندا هەیە سامانی نەتەوایەتیان (ئاو ، نەوت...) بخەنە گەڕ؟

## کۆتایی

لە کۆتایی توێژینەوکەمان گەیشتن بە چەند دەرئەنجامێك و پێشنیارێك کە بەم شێوەی خوارەوە دەیخەینە ڕوو:

**أ- سەرئەنجامەکان:**

١- دەستپێکی گفتوگۆکان نێوان سەرکردایەتی شۆرشی کورد و حکوومەتی عیراق دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٦٩ و سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ وە دوای درێژە کێشانی بۆ ماوەی چەند مانگێك سەرنجام بەیاننامەی (١١ی ئادار) ڕاگەینرا.

٢- هۆکارە سەرەکیەکانی دەستپێکردنی گفتوگۆ لە نێوان هەردوولا ئەگەر لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆئەو فشارە گەورەی لە سەر سوپای عیراق هەبوو وەهەروەها شکستە مەزنەکانی سەربازی سوپای عیراق لە سەر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کەحکومەتی عیراق زیان و کوژراوی زوریان هەبوو ڕۆژانە ، بەڵام لە تەك ئەوەوە ڕژێمی بەعس تاکتیك و فێڵ و ئامانجی خۆی لە پەنا ئاشتی دەپێکا، جگە بۆ بە سەر بردنی کات و خۆ بە هێزکردن وپرچەك کردن بوو .

٣- بارگرانی ئابووری عیراق لەو کات هۆکارێکی بنەڕەتی و پاڵنەرێکی سەرەکی بوو کە وا لە بغداد بکات ناچار بێت هەڵبژاردەی دان وستان پەسند بکات لە گەڵ سەرکردایەتی شۆرشی کوردستان، ئەمەش بە ڕوونی ئاماژەی پێکراوبوو لە توێژینەوەیێك کە بڵاوکرابۆوە لە لایەن گۆڤاری ( New Middle East) بەریتانی کە شەڕی عیراق دژ بە کورد، تێچووەکەی نزیکەی (٣٠%) بوودجەی عیراق بووە بۆ ساڵی ١٩٦٩.

٤- نەفت و کشتوکاڵ و ئاو سێ هۆکاری سەرەکی بوون بۆ ڕاگواستنی کورد لە ناوچە نەفتییەکانی کوردستان و تەعریب کردنی .

٥- نەفت هۆکاری سەرەکی بوو لە دان پێنەنانی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق بە دیارکردنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی و بە تایبەتی شاری کەرکووك وە جێبەجێکردنی بەندی (١٤) بەیاننامەی (١١ ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠) .

٦- داگیرکەرانی کوردستان وە ڕژێمی عیراق ئەو ڕاستیە باش دەزانن و هەرسیان کردووە کە نەفت سەرچاوەیکی ئابووری بەهێز و پتەوە وە زەمینە خۆشکەرە بۆ بڕیاردانی قەوارەیکی سیاسی سەربەخۆی کوردستانی، بۆیە نەوت لە هەرکۆییەکی باشووری کوردستاندابێت ئەوا ڕاگواستن و بەعەرەبکردنی ئەو ناوچەیە لە قووڵایی تۆری سیاسەتی بەعسی ڕەگەزپەرست دەربازی نەبووە وە دوورو نزیك دەیانیگرتەوە.

٧- هەبوونی ڕێژەی زۆری نەوت لە خاکی کوردستان وە بە تایبەتی لە شاری کەرکوك وە دۆزینەوەی نەوت تیایدا، ئەوا فاکتەری نەوت بووە هۆی وەرچەرخانێکی گەورە بە پلەی (١٨٠) بە سەر کێشەی کورد داهێنا لە ڕوانگەی ووڵاتانی زلهێز وهەرێمی بە گشتی وە ووڵاتانی هاوسێ بە تایبەتی، وە بە چەندین شێوە لێکدانەوە وحیسابی بۆ دەکرا . بە تایبەتی لە لایەن ووڵاتانی ئێران و ئەمریکا و یەکیەتی سۆفییەت.

٨- دوای خۆماڵی کردنی نەفتی کەرکوك، بەعس دروشمی (نەفتی عەرەب بۆ عەرەب) یان( نەفتی خۆمان بۆ خۆمان) ی زۆر دووبارە دەکردەوە، ئەمەش نیازێکی پلانڕێژی بەعس بوو وە بە شێك بوو لە سیاسەتی بە عەربکردن کە لە هەندێ ناوچەی کوردستاندا گرتبوویە بەر، وە بە تایبەتی گرێدانی ئەو درووشمانەش بە نەفتی کەرکووکەوە بەلای جووڵانەوەی رزگاریخوازی کوردستان، دوورکەوتنەوە بوو لە ڕاستی.

٩- خۆماڵیکردنی کۆمپانیای نەفتیەکان، کاریگەری لە بارودۆخی ناوچە نەوتییەکانی کەرکوکیش کردبوو، بۆیە سەرۆك مستەفا بارزانی، بۆ ناچارکردنی بە دابەشکردنی داهاتی نەفت بە پێی ڕێژەی دانیشتوان وەك لە بەندی (١٤) ڕێکەوتنامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ دا هاتبوو دووپات کردەوە، وە فشاری خستە سەر ڕژێمی عیراق، بەعسیش کە لە نیازی کورد بۆ داواکردنی کەرکوك ئاگادار بوو، بە بیانووی ئەوەی کە تەنیا حکومەتی نیشتمانی دەتوانێت بڕیار لە سەر دابەش کردنی سامانێکی نیشتمانی وەکو داهاتی نەفت بدات، ملی بۆ ئەو داخوازییە نەدا.

١٠- قۆناخی دوای خۆماڵی کردنی کۆمپانیای نەوتی عیراق لە ١-٦-١٩٧٢ وە ڕێککەوتننامەی (١-٣-١٩٧٣) بە قۆناخی دەست ڕۆیشتووی تەواوی عیراق بە سەر پرۆسەکانی وەبەرهێنانی نەوت دادەنرێت، وە دەست ڕۆیشتووی تەواوی عیراق بە سەر بەرهەمی هێنانی نەوتی کوردستانی عیراق بە مانای بەستنەوەی بەرهەمهێنان بە ئابوورییەکان دێت وە بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی عیراق رێڕەو دەکرێت، واتە عیراق توانی توانای خۆی ببوژێنتەوە لە دوای خۆماڵیکردنی نەوت، چونکە حکومەتی عیراق بە خۆماڵی کردنی نەفت توانیان پارەیکی زۆر بە دەست بهێنن بە هۆی

بەرزبوونەوەی نرخی فرۆشتنی نەفت بۆ دەیان جار زیاتر لە نرخی پێشووتری وە بە تایبەتی لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤، کە یارمەتی دەر بوو بۆ گرێدانی سەفەقاتی گەورە لە گرێبەستی کرینی چەك وتەقەمەنی ، وە هەروەها حکومەتی عیراق توانی هەندێك ڕێکاری باش بگرێتە بەر کە پەیوەست بوون بە ئاستی بژێوی خەڵك ، وەك زیادکردنی مووچەی فەرمانبەران، وە دابەزاندنی نرخی سووتەمەنی هەموو ئەو کارانە لە پێناو ڕاکێشانی سۆزی هاووڵاتیان و لایەنگری گەل بۆ خۆی.

١١- پاڵپشتی ئەمریکی و ئیرانی بۆ کوردانی عیراق لەوە سەرچاوە دەگرێت کە بە هیوای سوود وەرگرتن لەو بارودۆخەی نێوان کورد و حکومەتی عیراق کە مایەی چارەسەرکردن نیە، وە هەروها کە دەبێتە لاوازکردنی عیراق لە سەر دەستی کورد، کە ڕەتیان دەکردەوە دەستبەرداری ئەو ئۆتۆنۆمیە ناتەواوە بن، واتە لە خەمخۆری و ئارەزووی ئەمریکا و ئیران دا نەبوو بۆ سەرکەوتنی شۆرشی کوردان، یان بۆ خزمەتی دواڕۆژی کورادانیان بێت.

١٢- کەرکووك بووەگرێکۆرەی سەرەکی وە ئەو تاشە بەردە گەورەیە بوو کە بەر دانوستانەکانی ساڵی١٩٧٤ کەوت وە دانوستانەکانی لە سەر وورد وخاش بوو، وە بووە هۆی هەڵگیرسانەوەی شەڕێکی خوێناوی لە نێوان گەلی کورد و حکومەتی عیراق. وە هۆکارە سەرکیەکەی ناکۆکی لە سەر کەرکووك خۆی لەوە دا دەبینیەوە کە کەرکووك ناوچەیێکی دەوڵەمەند بوو بە نەفت بۆیە حکومەتی عیراق زۆر حیسابی بۆ دواڕۆژی کوردستان دەکرد وە لە کاتێك ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

١٣- کۆمەڵە هۆکارێك وای لە نیکسۆن کرد لە ڕێکەوتی ٣٠-٣١ ی ١٩٧٢/٥/ بچێتە سەردانی شای ئیران لە تاران،. کە پرسی لاوازکردنی ڕژێمی عیراق و هاوکاریکردنی دارایی جووڵانەوەی کورد بووە بابەتێکی گرینگی گفتوگۆی نێوانیان بوو، وە نیکسۆن لەو سەردانەیدا پرسی کوردی هێنابووە نێو خشتەی کارەکانی وە باسی لێوە کرد. و بایەخ وگرینگی بیر و کانگا نەفتیەکانی ناوچەکەی و ئەگەری هێرش کردنە سەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکای خستبووە بەر باس.

١٤- ڕێککەوتننامەی (١١) ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، لە (٢٧) بیست و حەفت بەند پێکهاتبوو، واتە (١٥) بەندی ئاشکرا، وە (١٢) بەندی نهێنی، هەر زوو هەندێك لەو بەندانە چوونە بواری جێبەجێ کردن، بەڵام هەندێ بەندی تر بە هەڵپسێراوی مانەوە وە حکومەتی عیراقی سڵی و خۆدزینەوەی دەکرد لە جێبەجێ کردنیان بە مەبەستی بە سەربردنی کات، وە ئەو بەندانەی کە ببونە بابەتی ناکۆکی بنەرەتی لە نێوان هەردوو لایەن، بە دیاری کراوی سێ پرسی سەرەکی بوون ئەمانیش بریتی بوون لە:

أ- سنووری جوگرافی کوردستان کە دەکەوێتە ناوچەی ئۆتۆنۆمی.

ب- دواڕۆژی پێکهاتەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

ت- شێوازی بەشداریکردنی کورد لە حوکمرانی عیراق.

**ب- پێشنیارەکان:**

١- توێژینەوەکە بە ڕوونی دەری دەخات کە مستەفا بارزانی وسەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان لە دان وستانەکانی ڕێککەوتننامەی (١١ی ئادار) ی ساڵی ١٩٧٠ نەك هەر بۆ وەستاندنی سیاسەتی بەعەرەبکردنی کوردستان بەڵکو بۆ سڕینەوەی شوێنەوارەکانی بە عەرەبکردنی کوردستانیش کاریان کردووە، چونکە بە عەرەبکردنی کوردستان هەرەشەیێکی گەورەیە لە سەر ئێستا و ئایندەی ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان . بۆیە پێشنیار دەکەین تابکرێت بە زووترین کات ئەم کێشەیە چارسەربکرێت، چونکە کات بەفیڕۆدان لە بەرژەوەندی کورد نیە.

٢- ڕاگواستنی گوندە سنوورییەکانی کوردستان بە مەبەستی لێکدابڕانی کوردی پارچە داگیرکراوەکانی کوردستان و نەهێشتنی قووڵاییە مێژوویی و جوگرافی و کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوەی کورد بووە، لە هەر یەك لە پارچەکاندا. وە لەهەمان کاتدا بە مەبەستی بە دەست هێنان و داگیرکردنی کێڵگە نەفتییە هاوبەشەکانی سەر سنوور بوو. بۆیە پێشنیار دەکەین بۆ لایەنی پەیوەندار کەبەزووترین کات ئەم کێشەیە یەکلابکاتەوە.

٣- ناکرێت لە ڕووی قانونییەوە ئەو بەڵگەنامەیە بە ڕێککەوتننامە هەژماربکەین، چونکە تەنها بەناوی (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) ی عیراق دەرچووە و شێوەی بەیاننامەی وەرگرتووە، وە هیچ دانەیێك نیە کە لە سەری نووسرابێت ڕێککەوتننامە و وە بەواژۆ و ناوی هەردوولایەن بڵاوکرابێتەوە، تەنانەت هاوپێچە فەرمی نهێنی ڕێککەوتننامەکە بە یەك دانە واژوو کرابوو وە لە لایەنی کوردی بوونی نەبوو کە ئەمە خۆی لە خۆیدا دەیسەلمێنَت کە سیفەتی ڕێککەوتننامەی نەبووە هەموو ئەمانە لە لایەك، وە لە لایەکی تر دەبوایە دەقەکان بە شێوەی مادده و بەند و بەش بنووسرابوایە کە ئەم جۆرە دارشتنەی بۆ نەکراوە کە لە قانون و ڕێککەوتننامەکان پیادە دەکرێت، کەواتە دەتوانین بڵێن لە ڕووی نووسینی شێوازی یەوە (شکلی) وە کەم وکورتی هەیە وە شێوازیش (شکل) بەشێکە لە ڕووی بابەتی یەوە (موچوعی) وە ، وە هەروەها حکومەت زارەوەی (بەیان نامەی) بەکارهێناوە نەوەك ڕێککەوتننامە. تا خۆی لە ئاسەوارە قانونی یەکەی بدزێتەوە لە دوا ڕۆژدا ئەمەشیان بە ئەنقەست و ژیرانە ئەنجام داوە لە بەرژەوەندی خۆیان. چونکە کاتێك پێی دەگوترێت ڕێککەوتننامە ئەگەر هەردوو لایەن واژوویان لە سەر کردبێت ئەوا نیشانەی دان پێنانە بە یەکتری، بەڵام ئەگەر یەك لەیەن بە تەنها بڵاوی کردبێتەوەئەوا هەر هەمان لایەنیش لە چۆنیەتی و ئاسەواری جێبەجێکردنەکە سەر پشکە.بۆیە پێشنیار دەکەین لەمەودوا لە دان وستانەکان کەسانی قانونی شارەزا و پسپۆر ئامادەییان هەبێت.

٤- پیادەکردنی سیاسەتی تەعریب دەرئەنجامی زۆر خراپی لێکەوتەوە بۆ کورد، ئەویش دابەزینی ڕێژەی دانیشتوانی کورد و بەرزبوونەوەی ڕێژەی دانیشتوانی عەرەب لە ناوچە نەفتییەکان، هەرچەندە تا ئێستاش بە گشتی تێکرایی ڕێژەی دانیشتوانی کورد بەرزترە بەراورد بە نەتەوەکانی تری ناوچەکە،

بەلام سەرژمێرییەکان ئاماژە بە دابەزینی بەردەوامی ئەم تێکڕایانە ی ژمارەی کورد لە ناوچە نەفتییەکانی کوردستانی عیراق دەکەن بەرامبەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی عەرەب لەو ناوچانە. بۆیە دەبێت بە زووترین کات ئەم کێشەیە یەکلابکرێتەوە.

٥- توێژینەوەکە گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە حکوومەتی هەرێم هیچ پلانێکی لەو ڕووەوە نیە، وە پەرلەمانیش هیچ بەهاناوە چوونێکی بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی قانونی نەفت وگاز ی ژمارە (٢٢) ی ساڵی ٢٠٠٧ی هەرێمی کوردستان نەبووە، بەمەش خەڵکی ناوچەکانی نەفتی  هیچ متمانەیێکیان بە وەبەرهێنانی پرۆسەی نەفت نیە ، تا کار گەیشتە ئەوەی ودروشمی (نەوت بۆ دەسەلات و دووکەڵ بۆ خەڵك و پیس بوون بۆ ژینگە) بەرز بکەنەوە. بۆیە پێشنیار دەکەین کە لایەنی پەیوەندار بەخێرایی پلانی پێویست ئامادە بکات.

٦-  وەك دەڵێن مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، دیسان شاندی دانوستکاری کورد لە ساڵی ٢٠٠٤-٢٠٠٥ لە نووسینەوەی دەستووری عیراق، دووبارە کەوتنەوە هەمان هەڵەی مێژووی کە لە مەوپێش لە شیکردنەوەی بەندی (١٤) ی بەیاننامەی ئادار بەدرێژی ڕووڠانکردەوە. کە نەیانتوانی جیاوازی لە نێوان خاك ونەتەوە و نەفت  بکەن لە دانوستانەکانیان تا بگرە دانوستانەکانی ئەو دواییەی حکومەتی هەرێم لە گەڵ حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عیراقی پاش ساڵی ٢٠٠٥ ئەنجامدراوە. بۆیە پێویستە ئەم هەڵەیە راستبکرێتەوە.

٧- دەتوانین بڵێن چالاکییەکانی حکوومەتی هەرێم لە ناوچە دابڕێنراوەکاندا بە درێژکراوەی هەمان سیاسەتی پیادەکراوی قۆناخەکانی پێشوو دادەنرێت،. کە ئامانجی چالاکیەکان نەفتی ناوچەکەیە نەوەك خەڵکی ناوچەکە، واتە حکوومەتی هەرێمیش تەنها خاوندارێتی نەفتی ناوچەکەی کردووە نەوەك خەڵکی ناوچەکە، وەهیچ خزمەتگوزارێکی پێشکەش نەکردوون. بۆیە پێشنیار دەکەین کە لایەنی پەیوەندار بەخێرایی خزمەتگوزاریان پێشکەش بکات.

٨- دەبێ حکوومەتی هەرێم یە سوود وەرگرتن لەو هەموو ئەزموونەی ڕابردوو، کە لە دانوستانەکانی ساڵانی ١٩٧٠ وە تاوەکو ئێستا، پێویستە ستراتیژی چالاکیەکانی لە تەنیا نەفت بۆ خاك و خەڵك بگۆرێت، وە بیکاتە پرەنسیپ لە هەموو دانوستانەکانی داهاتوو وە داکۆکی لێ بکات، واتە ستراتیژێك لە پێناو خەڵکدا بایەخ بە نەفت بدات نەوەك پێچەوانەکەی، وە دەبێت بەلایەنی کەم بەشێك لە داهاتی نەفتی ناوچەکە لە خزمەتگوزارییەکانی سەرەتایی وەك ئاو، ڕێگەوبان، قوتابخانە، بنکەی تەندروستی ....هتد. خەرج بکات. بەپێچەوانەوە ناکرێت حکوومەتی هەرێم خاوەنداریەتی نەفتی ناوچەکە بکات وە خەڵکەکەی پەراوێز بکات. واتە دەرهێنانی نەفتەکە بە مافی خۆی بزانێت و گرنگی دان بە خەڵکەکەی  بخاتە ئەستۆی حکوومەتی بەغداوە، بەماناێکی تر ناکرێت حکوومەتی هەرێم نەفتەکە بە کوردستانی بزانێت و خەڵکەکەی بە عەرەبستان، و خاکەکەی بە عیراق ڕاسپێرێت، کە لە کاتێکدا خەبات و خوێنی زۆری لەو پێناوە ڕێشتووە، هەر بۆ ڠوونە سازش نەکردنی مستەفا

بارزانی له سەر کەرکووك و ناوچەکانی تری کوردستانی شۆرشی ئەیلولی کردە قوربانی، وە نابێت گووتە مێژوویەکەی (ئەگەر کەرکووك یە ك کوردیشی تێدا مابێت هەر کوردستانیە) لە یاد بکەین، بۆیە پێشنیار دەکەین لەمەو دوا سیاسەت و ستراتیژیەتی دانوستانەکان لەم بارەیەو بگۆرێت ، وە هەمان هەڵەی پێشووتر دووبارە نەکاتەوە وەلە پێناو بەرژەوندی دارایی و کاتی نەفت، خاکی کوردستان نەکاتە قوربانی ولە یادی نەکات و فەرامۆش نەکات یان بە لایەنی کەمەوە سیاسەتێکی هاوتەریب بگرێتە بەر، وە هاوسەنگی ڕابگرێت لە نێوان خاك ونەفت.

## سەرچاوەکان

### ـ سەرچاوە کانی زمانی کوردی :


**١- ئازاد نەقشبەندی، کێشەی موسڵ یان کێشەی نەوت، گۆڤاری مەتین،خولی ٣، ژمارە(٥٧)، تشرینی یەکەم-١٩٩٦.**

**٢- ئازاد نەقشبەندی، کاریگەریی نەوتی کەرکوك لە سەر ڕاگۆێزانی کورد لە کەرکوك و بەعەربکردنی، توێژینەوێکە لە گۆڤاری سەنتەری برایەتی بلاوکراوەتەوە، تایبەتە بە کۆنفراسی زانستی – ئەکادیمی کەرکوك لە (٣-٥ ی نیسانی ٢٠٠١ کوردستان -هەولێر) ژمارە (٢٠) ساڵی ٢٠٠١.**

**٣- ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عیراق وسێکوچکەی بە عسیان : تەرحیل تەعریب تەبعیس،چ٢، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٩.**

**٤- جەرجیس فەتحوڵڵا، شاری کەرکوك، کێشە لە سەر پێکهاتەی ڕەگەزی (ئێتنی) و هەوڵدان بۆ بە عەرەبکردنی.، توێژینەوەێکە لە کۆنفراسی زانستی – ئەکادیمی کەرکوك لە (٣-٥ /٢٠٠١/٤) بەسترابوو، وە لە گۆڤاری سەنتەری برایەتی بلاوکراوەتەوە، ژمارە(٢٠) لە هاوینی ساڵی ٢٠٠١.**

**٥- خلیل اسماعیل محمد، ڕەهەندی نەتەوەیی نیشتەجێبوونی عەرەب لە پارێزگای کەرکووکدا، توێژینەوەێکە لە گۆڤاری سەنتەری برایەتی بڵاوکراوەتەوە، ژمارە(٢٠) ، هاوینی ٢٠٠١.**

**٦- ڕێبین فەتاح، نەوت وخەڵك لە پەراوێزی نەوت و سیاسەتدا، چاپی یەکەم، بێ ئاماژە کردن بە شوێنی چاپ کردن، ٢٠١٤.**

**٧- ڕاپۆرتی سیاسی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە لایەن کۆنفراسی پارتی یەوە لە (١١-١٥) ی ئابی ١٩٧٦ پەسند کراوە.**

**٨- عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، ڕەشەبای ژەهر وئەنفال، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، لە لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشەنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٣.**

**٩- غە فوور مە خمووری ، بە عەرەبکردنی کوردستان، هەولێر ٠ باشووری کوردستان، ٢٠٠٢.**

**١٠- فەرهاد حەمزە محە مەد ، مێژووی نەوتی کەرکوك، ، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران-سلیمانی-٢٠١٢.**

**١١- فەریدون عبدالرحیم عەبدوڵا، بارودۆخی سیاسی کوردستان -غێراق، لە (١١ی مارتی ١٩٧٠- ١١ی مارتی ١٩٧٤) ، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە – هەولێر، ٢٠٠٨.**

١٢- گوینتەر دێشنەر، کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدرلێکراو ، وەرگێرانی: حمەکەریم عارف، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشەنبیری، هەولێر، ١٩٩٩
١٣- کاوە نادر، کەندێناوە لە نێوان ڕاگواستن و بەعەرەبکردندا، چاپخانەی مەحوی /هەولێر ، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی میدیا،ژمارە (٢١) ، ٢٠٠١.
١٤- مارف عومەر گوڵ، کێشەی کەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتی گەلی کورد، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩.
١٥- مارف عومەرگوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد لە بەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا،چ٢، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی،٢٠٠٣.
١٦- نەوتی کوردستانی عیراق، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، ١٩٩٧، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندیی دیراسات وتۆژینەوە، دیراسەی ژمارە(٣١).
١٧- نەوتی کوردستانی عیراق، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، ١٩٩٨، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندیی دیراسات وتۆژینەوە، دیراسەی ژمارە(٣٢).

## - سەرچاوەکانی زمانی عەرەبی:

١- أدمون غريب، الحركة القومية الكوردية، بيروت، ١٩٧٣.
٢- الجمهورية العراقية ، القرارات العامة لمجلس قيادة الثورة -١٩٦٨- ١٩٧٧.، المجلد الثاني.
٣- جوناتان راندلَ، امة في شقاق (دروب كوردستان كما سلكتها) ط١، دار النهارللنشر، بيروت، ١٩٩٧.
٤- حامد محمود عيسي ، المشكلة الكوردية في الشرق الاوسط.
٥- خليل اسماعيل محمد، البعد للتغيرات في الحدود الَادارية لمحافظة كركوك-١٩٩٧.
٦- خليل اسماعيل محمد، كوردستان العراق بين الَاحتواو القومي والَانفتاح الدولي، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠٢٠.
٧- خليل اسماعيل محمد، اتجاهات الَاستيطان العربي في محافظة نينوي وأثره علي تكوين القومي للسكان، بحث منشور في مجلة (مةتين) ، مجلة سياسية- ثقافية، العدد(١٢٥)، حزيران، ٢٠٠٢.
٨- ديفيد مكدول ، تاريخ الحديث للَاكراد ، لة وةرطيَراني (راج ال محمد)، دار الفارابي، بيروت، ٢٠٠٣.
٩- سعد ناجي جواد، العراق و المسألة الكوردية، ١٩٥٨-١٩٧٠، لندن، ١٩٩٠.
١٠- صالح أحمد العلي، معالم العراق العمرانية، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٩.
١١- عادل حسين شبع، الحكم الذاتي اسسه النظرية والتتطبيقية، رسالة ماجستيرمقدمة الي كلية القانون والسياسة، جامعة بغداد، ١٩٧٧.
١٢- عبدالفتاح علي البوتاني، ملا مصطفي البارزاني قائد الثورة الكوردية وملهماً، جامعة دهؤك، مركز الابحاث العلمية والدراسات الكوردية، دهؤك، ٢٠١٢.
١٣- عبدالفتاح علي بوتاني، كركوك في السالنمات العثمانية، مجلة جامعة دهؤك، العدد(٢) المجلد(٥) ،دهؤك، ديسمبر ،٢٠٠٢.
١٤- عبدالحميد علي سعيد البرزنجي، دور ثورة أيلول (١٩٦١-١٩٧٥) في حركة التغير الَاجتماعي، الطبعة الَاولي، ٢٠٠٧، دار سثيَرز للطباعة والنشر ، دهؤك- كوردستان- العراق.

١٥- عبدالعليم محمد، مفهوم الحكم الذاتي في القانون الدولي- دراسة مقارنة لبعض الآنماط والمشكلات- ، مطبوعات مركز الدراسات السياسية و الآستراتيجية بالآهرام ، ١٩٩٤.
١٦- عبدالرزاق الحسني، العراق قديماَو حديثاَ، ط٤، ص ٢٢٠.
١٧- عبدالخالق ناصر العامري، الرزاني مصطفي و القضية الكوردية في العراق ١٩٣١-١٩٧٥، ط١، دار الجواهري للنشر والتوزيع، بغداد ، ٢٠١٧.
١٨- علي سنجاري ، الحركة التحررية الكوردية (مواقف وأراو) ،ط١، مطبعة خةبات، دهؤك، ١٩٩٧.
١٩- علي السنجاري، القضية الكوردية وحزب البعث الاشتراكي، العراق،دهؤك، ٢٠٠٦.
٢٠- فؤاد قاسم الآمير العراق بين مطرقة صدام وسندان الولايات المتحدة، دار الملاك، ٢٠٠٤.
٢١- كمال مظهر، كركوك و توابعها، حكم التاريخ و الضمير، دراسة وثائقية عن القضية الكوردية في العراق، ج١، السليمانية، ٢٠٠٤.
٢٢- لێڤى نامق الجاف، كركزك- لمحات تأريخية ، مطبعة خةبات، اربيل، ١٩٩٢.
٢٣- محمد الهماوندي، الفدرالية والحكم الذاتي و اللامركزية الآدارية الآقليمية (دراسة مقارنة)، ط٢، مطبعة وزارة التربية، اربيل ، ٢٠٠١.
٢٤- مسعود بارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكوردية، ط٣، اربيل،٢٠٠٢.
٢٥- نوري تالةباني، منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها القومي.
٢٦- وريا الجاف، مكانة كركوك عند البارزاني الخالد من منشورات اللجنة لإحياو مئوية البارزاني ، هەولێر ، كوردستان، ٢٠٠٣.

## - ڕۆژنامەکان:

١- ڕۆژنامەی (التأخی) ، ژمارە ( ٤٩٣) ، لە ڕێکەوتی ٢٣-٧-١٩٧٠.
٢- ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە (١٠٤٩) لە (٢-٦-١٩٧٢) .
٣- ڕۆژنانەی (کادیر) ژمارە(١٦) لە ئەیلولی ساڵی ١٩٧٢.
٤- ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە(٨٧٥، لە ڕێکەوتی _٢٢-٥-١٩٩٨).
٥- ڕۆژنامەی (الناس) بغداد، ژمارە (٣١٢) لە ڕێکەوتی (١٦-٨-٢٠٠١) ، من اوراق توما توماس
٦- کوردەکان و سەددام حوسین لە دۆکۆمێنتە نەهێنیەکانی ئەمریکی ، ڕۆژنامەی ( الآتجاه الآخر)، ڕێکەوتی(٣-١-٢٠٠٢).

## - المصادر باللغة الآنكليزية:

1. **Henry Kissinger, Years of RenewalThe Comcluding Volume of his memoris, New York, 1999.**
2. **New Middle East, p25,London 1970.**

# تأثير النفط على اتفاقية (١١) آذار لعام ١٩٧٠
# بحث تحليلي


## ملخص:

يرجع بداية التفاوض بين قيادة الثورة الكوردية و الحكومة العراقية الي نهاية سنة ١٩٦٩ و بدايات سنة ١٩٧٠، و التي طال لعدة الآشهر وثم تمخض عنه وفي عام ١٩٧٠ بيان (١١ اذار)، بموجبه أعترف حزب البعث الحاكم في العراق بالحقوق الكوردية وأعطاهم حكماً ذاتياَ، إلا أنه بنظر الكورد لم يلبِّ طموحاتهم ، وكانت أساس المشكلة هو حدود منطقة الحكم الذاتي لكوردستان و الآحصاو السكاني الذي يحدد مناطق الآكثرية السكانية للكورد و مشكلة كركوك الحويصة.

و يجب ان لا ننسي ايضاً الدور الآستعماري الذي سيطر علي القرار السياسي في العراق. و كانت من مصلحته استمرار الخلافات بين ابناو الشعب العراقي، لآستمرار وجوده في المنطقة، خاصة بعد ظهور النفط في المنطقة.

ممالاشك فيه، فأن النفط تعد في يومنا الحاضر والماضي و المستقبل مادة الآستراتيجية و اساسية وفعالة في اوقات الحرب و السلم علي السوا و، وبالنسبة لكوردستان العراق فأن النفط كان له دوراَ سلبياَ في تحديد مصير الكورد في هذه البقعة.

والجدير بالذكر، في فترة ثورة أيلول المجيدة الواقعة بين (ايلول /١٩٦١- ١٩٧٥/١١)، والتي يعتبر النفط العامل الرئيسي المباشر و غير المباشر لفشل المفاوضات الدائرة بين قيادة الثورة الكوردية و الحكومة العراقية وبالتالي الي عدم التوصل لآتفاق النهائي.

علية يمكن القول، فإذا كان النفط ليس العامل الوحيد، فأنه يمكن اعتبارة العامل الرئيسي لنشوو المشاكل و المنازعات أخري، مثل عمليات التهجير القسري والتعريب المناطق و القري الكوردية الغنية والقريبة من مكامن و الحقول النفط، مثل (كركوك- موصل- خانقين- زومار- والمناطق اخري من محافظتي اربيل و دهوك) ، و اصرار الحكومات العراقية في مفاوضاته علي عدم شمول تلك المناطق النفطية ضمن حدود منطقة الحكم الذاتي، و إبقائه ضمن سيطرة الحكومة المركزية و استبعاد السلطة الكوردية في تلك المناطق، و بالآخص محافظة الكركوك الغنية بالنفط و ذات موقع الاستراتيجي.

ومن خلال كل ما سبق ، يمكننا القول بانه يعتبر النفط في الماضي و الحاضر و في المستقبل بمثابة حجر العثرة امام نجاح اية المفاوضات، وكذلك يبقي النفط من أحدي العقبات الرئيسة امام اي حل او تسوية لقضية الكوردية المشروعة في كوردستان -العراق.


# The Effect of Oil on the March 11, 1970 Agreement
# Analytical Research


## Abstract

**The beginning of negotiations between the leadership of the Kurdish revolution and the Iraqi government dates back to the end of 1969 and the beginning of 1970, which lasted for several months and then resulted in a statement (March 11), according to which the ruling Baath Party in Iraq recognized Kurdish rights and gave them autonomy, except In the eyes of the Kurds, it did not meet their aspirations, and the basis of the problem was the borders of the autonomous region of**

**Kurdistan and the census that defines the areas of the majority population of the Kurds and the problem of Kirkuk al-Hawiseh.**

**And we should not forget also the colonial role that dominated the political decision in Iraq. And it was in his interest to continue the differences between the Iraqi people, for his continued presence in the region, especially after the emergence of oil in the region.**

**Undoubtedly, oil is nowadays, past and future a strategic, basic and effective material in times of war and peace alike. As for Iraqi Kurdistan, oil played a negative role in determining the fate of the Kurds in this spot.**

**It is worth mentioning, during the glorious September revolution that occurred between (September 1961 - 11/1975), that oil is the main direct and indirect factor for the failure of the ongoing negotiations between the leadership of the Kurdish revolution and the Iraqi government, and consequently the failure to reach a final agreement.**

**It can be said, if oil is not the only factor, then it can be considered the main factor for the emergence of other problems and disputes, such as forced displacement and Arabization of the rich Kurdish areas and villages close to oil reservoirs and fields, such as (Kirkuk - Mosul - Khanaqin - Zumar - and the regions Others from the governorates of Erbil and Dohuk), and the insistence of the Iraqi governments in its negotiations not to include those oil areas within the borders of the autonomous region, and to keep it within the control of the central government and to exclude the Kurdish authority in those areas, especially the oil-rich and strategically located Kirkuk governorate. .**

**Through all of the above, we can say that oil is considered in the past, present and future as a stumbling block to the success of any negotiations, and also oil remains one of the main obstacles to any solution or settlement of the legitimate Kurdish issue in Kurdistan-Iraq.**

# شۆڕشی ئەیلول لە ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا
# (1961 – 1975)

م. فاروق محەمەد محەمەد ئەمین

زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ سیدصادق، بەشی مێژوو

faruq.mohammed@univsul.edu.iq

م. ی. ئیدریس محمد محمود

پەیمانگەی ڕاهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەیی سلێمانی

siwayli@yahoo.com

**پوختە:**

لە سەدەی بیست چەندین شۆڕش لە پارچەکانی کوردستان بەرپابوون، بەڵام هیچ لەو شۆڕشانە هێندەی ئەیلول درێژخایەن و کاریگەر نەبووە، ئەمەش دەخوازێت لە ڕەهەند و بواری جیاوازەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، بە سەرنجدان لە بەرژەوەندییە هەرێمییەکانی وڵاتانی ناوچەکە، بە تایبەت ئەوانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە و جەمسەربەندی هەردوو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لەو دەمەدا، توێژینەوە لە ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتی و کاریگەری ئەو ململانێیە لەسەر شۆڕشی ئەیلول و بە پێچەوانەوە گرنگی گەورەی هەیە، لەو نێوەندەدا ئەم توێژینەوە بە ئامانجی خستەڕووی ئەو کاریگەریە و جۆری پەیوەندی شۆڕشی ئەیلول و سەرکردایەتییەکەی لەگەڵ وڵاتانی هەرێمی و هەردوو جەمسەری بلۆکی ڕۆژهەڵات (یەکێتی سۆڤییەت) و بلۆکی ڕۆژئاوا (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا) ئەنجامدراوە.

توێژەران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە، ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و شیکاریان بەکارهێناوە، لەبەر گونجاوی لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکە، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی پرسیاری توێژینەوە کە خۆیدەبینێتەوە لە:

1. پەیوەندی شۆڕشی ئەیلول و سەرکردایەتییەکەی لەگەڵ وڵاتانی هەرێمی لە چ ئاستێکدا بووە؟.
2. پەیوەندی شۆڕشی ئەیلول و سەرکردایەتییەکەی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە چ ئاستێکدا بووە؟.
3. کاریگەری ئەو پەیوەندییانە لەسەر ڕێگوزەر (مسیرة)ی شۆرشی ئەیلول چی بوو؟.

توێژینەوەکە بە چەند دەرئەنجامێك گەیشتووە، لەوانە:

1. سەرکردایەتی شۆرشی ئەیلول هەوڵیداوە پەیوەندی لەگەڵ زۆرترین وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی ببەستێت و لەبەرژەوەندی خۆی سودیان لێوەربگرێت.
2. سیاسەتی ئەو وڵاتانەی یارمەتی مادی و مەعنەوی شۆڕشیان داوە سیاسەتێکی تاکتیکی بووە، نەك ستراتیژی، مەبەستیان بەکارهێنانی کورد لە ململانێ هەرێمی نێودەوڵتیەکاندا بووە وەك کارتی فشار لەبەرامبەر نەیارەکانیاندا.

کلیلە وشە: پەیوەندییەکان، شۆرشی ئەیلول، بارزانی، هەرێمی، نێودەوڵەتی.

## پێشەکیی

لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨) و دابەشکردنی کوردستان بە سەر هەر یەك لە تورکیا، ئێران، عێراق و سوریادا، گەلی کورد لە هەریەك لەو پارچانەدا و لە باشوری کوردستان بەتایبەتی کەوتە خەباتی بێ پسانەوە لە پێناو بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی و مافی چارەنوسی خۆیدا.

شۆڕشی ئەیلول یەکێك لە درێژترین و دیارترین شۆڕش و تێکۆشانەکانی نەتەوەی کوردە لە مێژووی هاوچەرخیدا. پەیوەندییە دەرەکییەکانی شۆڕش کاریگەری دیاریان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی شۆڕش و پەرەگرتن و دواجار سەرئەنجامی شۆڕشی ئەیلول هەبوو، سەرکردەکانی شۆڕشی ئەیلول و لەسەرو هەموویانەوە مەلا مستەفا بارزانی (١٩٠٣-١٩٧٩) هەستی بە گرنگی ئەوە پەیوەندییانە کردبوو بۆیە لەو پێناوەدا لە هەوڵی بێوچان بەردەوامبوو.

هاوکات هەڵایسانی شۆڕشی ئەیلول لەساتەوەختێکی مێژوویی جەنگی سارددا بوو کە جیهان پێیدا تێدەپەڕی، وڵاتانی جیهان و ناوچەکە بەسەر هەردوو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا دابەشبوبوون، شۆرشی ئەیلولیش لە پریشکی ئاگری ئەو جەنگە بەدەر نەبوو و بوو بە بەشێك لە ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتی و پاشان قوبانی ئەو جەنگ و ململانێیە.

ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنەرووی راستی و دروستی پەیوەندییەکانی شۆرشی ئەیلولە لەگەڵ وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی و شوێنی باشوری کوردستان و شۆرشەکەیەتی لەنێوەندی بەریەککەوتنی ئەو پەیوەندی و ململانێیانەدا.

لە داڕشتن و ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا سود لە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و شیکاری وەرگیراوە، کە خۆی لە کۆکردنەوەی سەرچاوەی رەسەن و دروست و کۆکردنەوەی زانیارییەکان و هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردن و شیکردنەوەی هەموو ئەو زانیارییە کۆکراوانە و بەراوردکردن و دوواجار یەکلاییکردنەوەیاندا بینیوەتەوە.

گرفتەکانی توێژینەوەکە پەیوەستە بە بەڵگەنامەکانی پەیوەندیدار بە بابەتەکە، لە ئامادەنەبوونی ئەرشیفێکی نیشتمانی و ئاوەڵانەبوونی دەرگای ئەرشیفی لایەنە سیاسییەکان و کەسایەتییە سیاسییەکان بەرووی توێژەراندا، ئەوەش وایکردووە کە دەستگەیشتنی توێژەران بە بەڵگەنامەکانی ئەو پەیوەندییانە کارێکی دژوار و ئەستەم بێت.

توێژینەوەکە لە دەروازە و دووبەشی سەرەکی و ئەنجام پێکهاتووە، هەریەك لە بەشەکانیش بەسەر چەند باسێکدا دابەشکراوە، لە دەروازەدا بە پوختی باس لە هۆکارەکانی هەڵایسانی شەرشی ئەیلول کراوە، بەشی یەکەم بەناونیشانی (شۆرشی ئەیلول لە ململانێی وڵاتانی هەرێمیدا) بەسەر سێ باسدا دابەشکراوە، لە باسی یەکەمدا هەوڵدراوە باس لە شۆڕشی ئەیلول لە ململانێی نێوان ئێران و عێراقدا بکرێت، باسی دووەمیش تەرخان کراوە بۆ باسکردنی پەیوەندییەکانی شۆرشی ئەیلول و تورکیا، هەرچی باسی سێیەمیشە تەرخان کراوە بۆ قسەکردن لەسەر پەیوەندییەکانی شۆرشی ئەیلول و ئیسرائیل. بەشی

دووەمی توێژینەوەکە بەناونیشانی (شۆڕشی ئەیلول لە ململانێی نێودەوڵەتیدا)، بەسەر دوو باسدا دابەشکراوە، لە باسی یەکەمدا باس لە پەیوەندییەکانی شۆڕشی ئەیلول و یەکێتی سۆڤیەت کراوە، لە باسی دووەمیشدا تیشك خراوەتە سەر پەیوەندییەکانی شۆڕشی ئەیلول و ئەمەریکا. لە کۆتایی توێژنەوەکەشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لەمیانەی توێژینەکەدا توێژەران پێی گەیشتووین بە چەند خاڵێك خراوەتەڕوو.

ئەم توێژینەوەیە بە پشتبەستن بە چەندین سەرچاوەی گرنگ و ڕەسەن بە زمانە جیاوازەکان ئەنجامداوە، لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەی کە سودێکی زۆری لێوەرگیراوە بریتین لە هەریەك لە کتێبی (سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراق ١٩٦١-١٩٧٥)ی نازناز محەمەد عەبدولقادر، کتێبی (خواروی کوردستانو شۆڕشی ئەیلول بنیاتنانو هەڵتەکاندن ١٩٦١-١٩٧٥)ی ئیبراهیم جەلال، کتێبی (الموساد فی العراق ودول الجوار انهیار الامال الاسرائیلیة والکردیة)ی شلومو نکدیمون، هەروەك لە کتێبی سەرکردە سیاسییەکان کەڵکی زۆر لە پەرتوکی (بارزانیو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١-١٩٧٥)ی مسعود بارزانی وەرگیراوە، لە یاداشتەکانیشدا سود لە کتێبی (نهێنیەکانی پەیمانی شومی ئەلجەزائیر ١٩٧٥)ی عیسی پەژمان وەرگیراوە، وێرای چەندین سەرچاوەی گرنگی تر.

## دەروازە: هۆکارەکانی هەڵایسانی شۆڕشی ئەیلول

بەرەبەیانی ڕۆژی ١٤ تەمموزی ١٩٥٨ لە ئێزگەی رادیۆی بەغداد مژدەی سەرکەوتنی شۆڕش بە سەرپەرشتی ئەفسەرە ئازادیخوازەکان و روخاندنی رژێمی پاشایەتی و هاتنە کایەی کۆماری ڕاگەیەنرا[١]. پاشان گەمارۆی کۆشکی پاشایەتی درا و مەلیك فەیسەڵی دووەم و وەسی و تەواوی خانەوادەی پاشایەتی کوژران[٢]. ئەفسەراڵی کورد کە ڕێژەیەکی بەرچاویان لە سوپای عێراقی پێکدەهێنا هەر لە سەرەتای دروستبوونی ڕێکخراواکانی ئەفسەرە ئازادیخوازەکانەوە پەیوەندیان پێوە کردوون و لەم شۆڕشەدا بەشداربوون[٣].

لەدوای ڕاگەیاندنی شۆڕش بە کەمتر لە کاتژمێرێك پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکوك بروسکەیەکی پیرۆزباییان بۆ سەرکردایەتی شۆڕش نارد و پشتیوانی خۆیان بۆ شۆڕش دەربڕی و

(١)مەهدی محمد قادر: پێشهاتە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥ ١٩٥٨، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ٣٣٨.

(٢) فیبی مار: مێژووی نوێی عێراق، وەرگێرانی حەمە شەریف حەمە غەریبو شێرکۆ ئەحمەد حەوێز، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١. ل ١٣٧

(٣) مەهدی محەمەد قادر: سەرچاوەی پێشوول ٣٣٠

خوازیاربوون ببێتە سەرەتای سەردەمێکی نوێی پەیوەندی عەرەبی کوردی ، هەر لە[1] یەکەم رۆژی ڕاگەیاندنی شۆڕشدا جەماوەری سلێمانی، کەرکوك، هەولێر، کۆیە، دهۆك و زاخۆ خۆپیشاندانیان ئەنجامدا بۆ جەختکردنەوە لەسەر پاڵپیشتیکردنی شۆڕش، جەماوەری کورد فشاریان خستە سەر چەکدارەکانی سوپا و پۆلیس، بە تایبەتی لە کەرکوك و سلێمانی بۆ ڕاگەیاندنی لایەنگرییان بۆ سیستەمی نوێ، هاوکات هەڵوێستی کورد گرنگیەکی گەورەی هەبوو لە پوچەڵکردنەوەی پیلانە داگیرکارییەکانی دژ بە شۆڕش[2].

حکومەتی کۆماری هەستا بە گرتنەبەری چەند ڕێوشوێنێك لە بەرژەوەندی کورد لەوانە:

شۆڕش دەستوری بنەرەتی (پاشایەتی) هەڵوەشاندەوەو لە جێگەیدا لە ٢٧ تەمموز ١٩٥٨ (دەستوری کاتی عێراق) ی راگەیاند، کە (٢٠) مادەی لەخۆ دەگرت[3] لە دەقی ماددەی سێی دەستوری کاتی عێراقدا هاتووە کە "عەرەب و کورد لەم نیشتمانەدا هاوبەشن و ئەم دەستورە دان بە مافە نەتەوەییەکانیاندا دەنێت لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا" ئەوەش هەنگاوێ بوو کە لە قانونی بنەرەتی دەستوری سەردەمی پاشایەتیدا بوونی نەبوو[4]. بەڵام لە مادەی دووی هەمان دەستوردا هاتبوو، کە "عێراق بەشێکە لە ئومەی عەرەبی"[5]. ئەمەش بە پێچەوانەی خواستی کورد و دژیەك بوو لەگەڵ ماددەی سێی دەستوردا.

لە ٦ تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ مەلا مستەفا بارزانی گەڕایەوە و گەیشتە بەغداد، لە رۆژی دواتردا سەردانی عبدالکریم قاسم سەرۆك وەزیرانی عێراقی (١٩٥٨-١٩٦٣) کرد و دوای دەربڕینی سوپاسگوزاری رایگەیاند کە خۆی بە سەربازێکی شۆڕشی تەمموز دەزانێت لەژێر فەرمانی زەعیمدا، لە بەرامبەردا قاسم رێزی لە خۆیی و بنەماڵەکەی گرت[6]. وێرای چەندین دەستکەوتی تری شۆڕش لەبەرژەوەندی کورد[7].

(١) جەلال تاڵەبانی: کوردستانو بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، وەرگێڕانی، ح-ا، کتێبخانەی جەمالی عەلی باپیر، ٢٠١١، ٢٨١

(٢) مێڤان عارف بادی: موقف الاحزاب السياسية العراقية من القضية الكوردية ١٩٤٦ ١٩٧٠)، الطبعة الاولى، مطبعه خانی، دهوك، ٢٠٠٨، ١٦٤ ١٦٥

(٣) میڤان عارف بادی: المصدر السابق، ل ١٦٤

(٤) عبدالخالق حسين: ثورة ١٤تموز ١٩٥٨العراقية و عبدالكريم قاسم، الطبعة الاولى، دار الحصاد للنشر والتوزيع، دمشق، ٢٠٠٣ی ٠٠ ١ ١٠١١

(٥) ايوب بارزانی: الحركة التحررية الكوردية و الصراع القوى الاقليمية والدولية ١٩٥٨ ١٩٧٥، دار نشر حقائق المشرق، جنيفل ١٨

(٦) واحید عومەر محێدین: دانوستانەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردو حکومەتەکانی عێراق( ١٩٢١ ١٩٦٨)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦ ٨٢

(٧) بۆ زانیاری زیاتر لەوبارەوە بروانە میڤان عارف بادی: المصدر السابق ١٦٧

له سەرەتادا پەیوەندی نێوان شۆڕش و بزوتنەوەی کوردی لەلایەك و پەیوەندی نێوان عەبدولکەریم قاسم و مەلامستەفا لەلایەکی تر باش و پتەو بوو([1])، بۆیە پارتی پشتگیری حکومەتەکەی قاسمی دەکرد دژی رکابەر و نەیارانی رژێمەکەی([2]).

له سەرەتای ساڵی ١٩٦٠ پەیوەندییەکانی نێوان کورد و حکومەتی عێراقی بەرەو گرژی و ئاڵۆزی دەڕۆیشت، لایەنی کوردی زیاتر پێداگری لەسەر داخوازییەکانی دەکرد و له بەرامبەریشدا حکومەت له هەڵوێستەکانیدا توندتر دەبوو([3])، ئەوەش له ئەنجامی ئەوەی شۆڕشی تەموز دەستیکرد بە لادان له ڕێڕەوی خۆی و دورخستنەوە و دژایەتیکردنی کەسانی پێشکەوتووخواز([4]).

حکومەتی قاسم تا دەهات له مافەکانی کورد پاشگەز دەبۆوە([5])، لەلایەکیْ ترەوە نەیارانی کورد و بزووتنەوەی کوردی و شۆڤێنیەکانی ناو حکومەتەکەی قاسم، بە پەیوەندی نێوان حکومەتی عێراق و کورد خۆشحاڵ نەبوون و ئاستەنگیان له نێوانیاندا دادەنا، کاریان دەکرد بۆ جێبەجێنەکردنی ئەو ماف و بەڵێنانەی شۆڕش بە کوردی دابوو، بە تایبەتی ماددەی سێی دەستوری کاتی([6]).

بارزانی لەسەر بانگهێشتی سۆڤێت بۆ سەردانی مۆسکۆ بە بۆنەی ئاهەنگی یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەر له تشرینی یەکەمی ١٩٦٠ بەغدای بەجێهێشت و له کانونی دووەمی ١٩٦١ گەڕایەوە بۆ بەغداد([7])، بارزانی لەگەڵ هاتنەوەی هەوڵیدا چاوی بە قاسم بکەوێت, بەڵام بەهۆی بەدەنگەوە نەهاتنی قاسم تا مانگی شوبات نەیتوانی چاوی پێی بکەوێت و هەوڵی ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانیدا لەگەڵی بەڵام بێ ئەنجام بوو، بۆیە له مانگی ئازاردا گەڕایەوە بۆ بارزان([8]).

هەروەها ڕۆژی ٣ ئاداری١٩٦١ بڕیاری گرتنی ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی بە تۆمەتی کوشتنی (صدیق میران) سەرۆك عەشیرەتی خۆشناو دەرچوو([9])، هەر له مانگی ئازاری ١٩٦١ حاکمی گشتی سەربازیی له بەغداد فەرمانی گرتنی بۆ هەریەك له جەلال تاڵەبانی و عومەر مستەفا ئەندامانی

---

(١) عبدالخالق حسين: المصدر السابق، ١٠٢

(٢) میڤان عارف بادی: المصدر السابق، ٦٧ ١٦٨١

(3) واحید عومەر محێدین: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨

(4) مەعد فەیاز: بەشێك له بیرەوەریەکانی مام جەلال، وەرگێڕانی سۆران عەلی، چاپی، یەکەم، له بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك، کەرکوك، ٢٠٠٩، ل١٦٨

(٥) مەعد فەیاز: سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٨

(6) عبدالخالق حسين: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣

(7) شکیب عقراوی: سنوات المحنة فی کردستان. أهم الحوادث السیاسیة والعسکریة فی کردستان والعراق من ١٩٥٨الی ١٩٨٠، الطبعە الاولی، مطبعە منارة، أربیل، ٢٠٠٧، ٣ ٥ ٥٤

(8) مسعود بارزانی: بارزانیو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ ١٩٧٥، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٣٠

(9) ئیبراهیم جەلال: خواروی کوردستانو شۆرشی ئەیلول بنیاتنانو هەڵتەکاندن ١٩٦١ ١٩٧٥، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی شێنێ، ١٩٩٨، ل٧٦؛ شکیب عقراوی: المصدر السابق، ٦٥

مەکتەبی سیاسی دەرکرد و هەر لەهەمان مانگدا دەسەڵاتدارانی حکومەت ساڵح یوسفی بەرپرسی لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستانیان لە موسڵ دەستگیر کرد()[1].

پەیوەندی و ناکۆکیەکانی نێوان کورد و حکومەتەکەی قاسم ڕۆژبەرۆژ زیاتر بەرەو ئاڵۆزی دەچوو، حکومەت فشارەکانی بۆسەر گەلی کورد و پارتی توندتر دەبوو، لە مانگی حوزەیرانی ۱۹٦۱ جگە لە هەردوو شاری بەغداد و سلێمانی سەرجەم بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بڕیاری حکومەت داخران و هاوکات چەندین ئەندام و بەرپرسی پارتی دەستگیر کران()[2].

لە ساڵی ۱۹٦۱ ئاڵۆزی نێوان جکومەتی عێراق و کورد گەیشتە لوتکە، قاسم هێزە چەکدارەکانی کۆکردەوە بە مەبەستی لێدانی ئەو گردبوونەوە سەربازیانەی لە کوردستاندا ڕوویاندا وەك ناڕەزاییەك لە دژی باجی زەوی و سیاسەتی فەرمانرەوایی قاسم، لە بەرامبەردا بۆ هێورکردنەوەی ڕەوشەکە و وازهێنانی حکومەت لەم سیاسەتە هەڵەیەی و گرتنەبەری سیاسەتێکی دیموکراتیانە، مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ۲۰ تەممووزی۱۹٦۱ یاداشتێکی پێشکەشی سەرۆك وەزیران کرد()[3].

حکومەت نەك هەر بەدەنگ ئەم یاداشتەوە نەهات و ڕەتیکردەوە، بەڵکو هەستا بە بەهێزکردنی ناوەندە سەربازی و سوپاییەکانی لە کوردستاندا، لە مانگی ئابی ۱۹٦۱دا چەند فیرقەو هێزی سەربازی زیاتری بۆ کوردستان گواستەوە()[4].

لە بەرامبەر ئەم لەشکرکێشیەی حکومەتدا، پارتی پەنای بردە بەر شێوازێکی هێمنانە و مەدەنیانە بۆ بەئاگاهێنانەوەی قاسم و پیشاندانی هێزی جەماوەری و هاوکاری گەلی کورد بۆ پارتی، داوایکرد لە ڕۆژی ٦ ئەیلولدا لە یادی ڕاپەڕینی ٦ ئەیلولی ۱۹۳۰ مانگرتنێکی سیاسی گشتی لە کوردستاندا ئەنجامبدرێت، مانگرتنەکە هەموو ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە و سەرکەوتنی بە دەستهێنا()[5]. هاوکات لەگەڵ ئەم مانگرتنەدا چەند هۆزێکی کوردی لە ناوچەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی بەبێ ڕەزامەندی پارتی دەستیان بە خۆپیشاندانی چەکداری کرد()[6].

قاسم لەجیاتی گوێگرتن لە داواکانی کورد و لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی مانگرتنەکە، بە پێچەوانەی خواستی وەزارەتی ناوخۆ، لە ۹ ئەیلولی ۱۹٦۱ فەرمانیکرد بە لێدانی گردبونەوەکانی کورد لە دەربەندیخان و بۆردومانکردنی بە تۆپ و هێزی ئاسمانی()[7]، پاشان لە ۱۱ ئەیلولی ۱۹٦۱ هێزی ئاسمانی

---

1) شکیب عقراوی: المصدر السابق، ص ٦٥٦ ٤
2) ئیبراهیم جەلال: سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧
3) جەلال تاڵەبانی: سەرچاوە پێشوو، ل ٩٣ ٢
4) ئیبراهیم جەلال: سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٨
5) جەلال تاڵەبانی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٣
6) ئیبراهیم جەلال: سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٩
7) عبدالفتاح علی البوتانی: موقف الاحزاب السیاسیة العراقیة من القضیة الکوردیة ١٩٤٦-١٩٧٠، الطبعة الاولی، مطبعة خانی، دهوك، ٢٠٠٧، ص ٩٨ ٢.

حکومەتی عێراق بۆردومانی گردبوونەوەکانی شۆڕشگێڕانی کوردی لە دەربەندی بازیان و دۆڵی خەلەکان و دەوروپشتی دهۆك کرد()، لە پەرچەکرداری ئەم هێرشەی حکومەتی عێراقدا و بۆ بەرگریکردن لە هاووڵاتیان و مافەکانی گەلی کورد، جوڵانەوەی چەکداری هەڵگیرسا کە بەشۆڕشی ئەیلول ناسرا(). دوا ٢
جار لە ١٩٦١/٩/٢٦ حکومەتی قاسم بە تەواوی بڕیاری هەڵوەشاندنەوە و قەدەغەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند(). ٣

## بەشی یەکەم: شۆڕشی ئەیلول لە ململانێی وڵاتانی هەرێمیدا

### باسی یەکەم: شۆڕشی ئەیلول لە ململانێی نێوان ئێران و عێراقدا

کۆتایهێنان بە ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق و ئەو گۆڕانکارییە چەپڕەوانەیەی لە حکومەتی قاسمدا ڕوویدا و زیادبوونی کاریگەری سۆڤیەت لە عێراقدا، بوونە مایەی نیگەرانی شای ئێران و پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران بە خێرایی بەرەو تێکچوون دەچوون()، لە کاریگەرییە خراپەکانی شۆڕش لەسەر محەمەد رەزا شا (١٩٤١- ١٩٧٩)و حکومەتی ئێران ترس بوو لە گواستنەوەی شۆڕش بۆ ئێران و گۆڕینی رژێمی حکومڕانی لەو وڵاتەدا، چونکە ئێران لە پەنجاکانی سەدەی رابردوودا بەدەست پێکدادنی ناوخۆییەوە دەیناڵاند، بەتایبەتی کە رژێمی ئێران لەسەر هەمان بنەمای رژێمی پاشایەتی پیشووی عێراق بوو(). محەمەد٥ رەزا شای ئێران لە چاوپێکەوتنێکدا لە تشرینی دووەمی ١٩٥٩ رایگەیاند "ڕووبارێك کە سنوری دوو وڵاتە ناکرێ تەنیا یەك لایەن کەڵکی لێ وەربگرێ" و لە وەڵامدا عەبدولکەریم قاسم وتی "ڕێکەوتننامەی ١٩٣٧ بەسەر عێراقدا سەپێندراوە و عێراق وەك بەخشش نزیکەی پێنج کیلۆمەتر لە ڕووباری شەتولعەرەبی بە دراوسێکەی داوە"( ). بۆیە هەڵریەك لەو دوو وڵاتە لە یەکتر دڕدۆنگ بوون، ئەگەرچی لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول حکومەتی ئێران بە نیازی هیچ هاوکارییەکی شۆڕش نەبوو، تەنانەت سنورەکانیشی بەڕوویاندا داخستبوو، هەروەها خوازیاری دامرکاندنەوەی ئەو شۆڕشە بوو چونکە لەلایەن بارزانیەوە سەرپەرشتی دەکرا و ئێران پێی وا بوو بارزانیەکان لایەنگری سۆڤێتن(). بۆیە ٧

1) مسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، بەشی یەکەم،ل ٣٦
2) جەلال تاڵەبانی: سەرچاوەی پێشوو،ل ٣٠٤
3) ئیبراهیم جەلال: سەرچاوەی پێشوو،ل ٨٣
4) فیبی مار: سەرچاوەی پێشوو،ل ١٧٥
5) سعید خدیدە علو: العلاقات العراقیە الایرانیە واثرها فی القضیة الکوردیة فی العراق ١٤تموز ١٩٥٨- ٨شباط ١٩٦٣، الطبعة الاولی، مطبعة حجی هاشم، اربیل، ٢٠٠٦،ص ١٧
6) وەرگیراوە لە نازناز محەمەد عەبدولفادر: سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەییی کورد لە کوردستانی عێراق ١٩٦١ ١٩٧٥، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨،ل ٣٣
7) د. کەمال مەزهەر: کوردو کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیادا، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی گرین گلۆری، لوبنان، ٢٠٠٩،ل ٣٧٥

دوای دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول ئێران سوپای هێنایە سەر سنور لەلای پێنجوێن، بە پارتی ڕاگەیاند کە ئێمە بۆ شەڕی ئێوە نەهاتوین، بەڵکو گرفتی تایبەتی خۆمان لە عێراقدا هەیە([1]).

جیاوازییەکی سیاسەتی قاسم بە بەراورد لەگەڵ سیاسەتی سەردەمی پاشایەتی ئەوەبوو کە پێداگری لەسەر بەرژەوەندییەکانی عەرەب دەکرد لە کەنداودا و داوای عەرەبستان (خوزستان)ی دەکرد، ئەمەش زیاتر ئێرانی نیگەران کرد([2])، بۆیە ئەمە پاڵی بە ئێرانەوە نا بیر لەو کارتانە بکاتەوە کە دەتوانێت وەك فشار دژی حکومەتی عێراق بە کاریان بهێنێت، بڕیاریدا پەیوەندی بە شۆڕشی کوردەوە بکات و لە ململانێی لەگەڵ عێراق لێی سوودمەندبێت([3]).

ئێران لە کۆتایی تشرینی یەکەمی ١٩٦٢ لە ڕێگەی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە پەیوەندی بەسەرکردایەتی شۆڕشەوە کرد داوی کرد شاندێك بە نوێنەرایەتی شۆڕش بۆ ئێران بنێرێت([4]). هەروەك ئامادەیی خۆی بۆ هەموو هاوکارییەکی مادی و سەربازی و تەندروستی دەربڕی، ئەمەش بەلای سەرکردەکانی شۆڕشەوە بە سەرکەوتنێکی گەورە لێکدرایەوە لەبەر هەژاری شۆڕش لەڕووی پێداویستیەکانەوە([5])، لەسەر داوای بارزانی و مەکتەب سیاسی، ئیبراهیم ئەحمەد بە مەبەستی بینینی شا بۆ تاران چوو، هەرچەندە نەیتوانی شا ببینێ بەڵام ١٠٠ هەزار دینار و هەندێك تفەنگ دەستکەوتی ئەم سەردانە بوو بۆ شۆڕش([6]).

حکومەتی ئێران لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کورد، جگە لەوەی دەیویست سود لە شۆڕشی ئەیلول وەرگرێت لە ململانێی لەگەڵ عێراق و وەکو کارتێکی فشار بەکاریبێنێت، چەند ئامانجێکی تریشی هەبوو، لەوانە باشتر کۆنترۆڵکردنی کوردستانی ئێران و ڕێگری لە پەیوەندی و هاوکاری کوردستانی ئێران بۆ شۆڕش، کە بەبێ دەستوەردان لە کاروباری شۆڕش نەیدەتوانی ئەوکارە بکات، هەروەها ئامانجێکی تر دروستکردنی ناکۆکی و دوو بەرەکی بوو لەناو شۆڕشدا یاخود، قوڵکردنەوە و گەورەکردنی ناکۆکی نێوان دوو باڵەکەی شۆڕش لە کاتی ڕوودانیدا([7])، لەوبارەیەوە مەسعود بارزانی دەڵێت "شا لە یارمەتیدانی شۆڕشدا دوو ئامانجی هەبوو: یەکەمیان ئەوە بوو شۆڕش دژی ڕژێمی قاسم بوو کە شا ڕقی لێی بوو و بەشومی دەزانی بۆخۆی. دووەمیش بۆ ئەوە بوو ڕێگەی خەبات لە ڕووی گەلی ئێران بگرێ"([8]).

---

1) حوسێن محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ (برایم ئەحمەد) دا، چاپی سێیەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٢، ٥٥

2) فیبی مار: سەرچاوەی پێشوول ١٧٦

3) تشارلز تریب: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی عێراق، وەرگێڕانی محەمەد حوسێنو عەبدولقادر کەلهور، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠، ل ٢٠٩

4) سعید خدیده علو: المصدر السابق، ص ٢٢٤

5) عەبدوڵڵا ئەحمەد ڕەسول پشدەری: شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١دژی ڕژێمی قاسم، بەشی دووەم، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، سلێمانی، ٢٠٠٧ل ١٤٠ ١٤١

6) حوسێن محەمەد عەزیز: سەرچاوەی پێشوول ٥٦

7) نازناز محەمەد عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوول ١١٥ ١١٦

8) مسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، بەشی دووەمل ٢٠٣

عیسا پژمان سەرکردەی دیاری ساواك باس لەوە دەكات كە بە محەمەد ڕەزا شای وتوە "ئەگەر ئەو "بارزانی" و رابەرانی دیكەی پارتی دیموكراتی كوردستانی عێراق ڕەزامەند پێشنیازی ئێمە وەرگرن بەسوودی ئێمەیەو دەتوانین زۆریان كەڵك لێ وەربگرین ئێمە لەسەرەتاوە هەندێكیان كۆمەك دەكەین، ئەگەر باش جوڵانەوە، یارمەتیان دەدەین، دەنا لێیان دەبڕین، تازە ئەگەر چەند دانە تفەنگی بڕنەوو كە هەزاران لەوانە لە ئەنبارەكاندا بێ كەڵك كەوتبوون، یا چەند ملیۆن فیشەك و كەمێكیش پارە. ئەوەندە بۆ ئیمە گرنگ نییە لەو بابەتەوە یارمەتیان بدەین. ئەمە تاقیكردنەوەیەكە تابزانین چەندیان كەڵك لێوەردەگرین"[1].

حكومەتی ئێران وریایانە مامەڵەی لەگەڵ كورد و سەركردەكانی شۆڕشی ئەیلول دەكرد، لە دەرفەت دەگەڕا كە بەرژەوەندییەكانی بەدیبێت و شۆڕشی ئەیلول لەباربات، هەربۆیە رووخاندنی حكومەتی عەبدولكەریم قاسم و كوشتن و ڕاوەدونانی شیوعیەكان لەلایەن بەعسیەكانەوە لە ١٩٦٣ بووە مایەی خۆشحاڵی شای ئێران، ئەمەش وای لە شا كرد هەوڵبدات پەیوەندی بە بەعسەوە بكات و هانی حكومەتی بەعسیدا بۆ هێرشكردنە سەر كوردستان، لەو دەمەدا شا خوازیاری لاوازبوونی شۆڕشی كورد بوو نەك لەناوچوونی[2].

ئێران خۆشحاڵ بوو بە شەڕی حكومەتی عێراق دژی كورد، چونكە ئەمە دەبووە هۆی وێرانبوونی هەموو عێراق و لاوازبونی سوپاكەی، كە ئێران خوازیار بوو وڵاتانی عەرەبی خاوەن سوپایەكی بەهێز نەبن و لەڕووی ئابووریشەوە لاواز بن، لەلایەكی ترەوە دەیویست درز بخاتە نێوان وڵاتانی عەرەبی، بە تایبەتی كە سەرۆك كۆماری میسر جەمال عەبدولناسر(١٩١٨- ١٩٧٠)، دژی شەڕی كورد بوو و سەرزەنشتی رژێمی بەعسی دەكرد[3]، هەروەها لە كاتی سەردانی وەفدی كوردیدا بۆ میسر جەلال تاڵەبانی و فوءاد عارف لە لەدانیشتنێكی تایبەتدا لە ٢٣ شوباتی ١٩٦٣ چاویان بە جەمال عەبدولناسر دەكەوێت و بە ئۆتۆنۆمی بۆ كورد رازی دەبێت و ئامادەیی خۆی بۆ واژۆكردن لەسەر پرۆژەی ئۆتۆنۆمی دەبڕی لە حاڵەتی رێكەوتنی هەردوولا لەسەری[4]، دواشی لێكردبوون كە شەڕ دەست پێنەكەنەوە و دەرفەتێك بدەن بە حكومەتی عێراق، ئاگاداریشی كردبونەوە دەرفەت نەدەنە شای ئێران چونكە كێشەی كورد دەقۆزێتەوە[5] ، لەلایەگی ترەوە ئێران لە عەبدولسەلام محەمەد عارف سەرۆك كۆماری عێراق (١٩٦٣-١٩٦٦) نیگەران بوو لەسەر نزیك بوونەوەی لە عەبدولناسر و هەوڵدانی بۆ دروستكردنی بەرەیەكی یەكگرتووی عەرەبی[6].

---

1) عیسی پەژمان: نهێنیەكانی پەیمانی شومی ئەلجەزائیر ١٩٧٥، وەرگێرانی ناصری ئیبراهیمی، سوئید، ١٩٩٧،ل ٣ ٥.
2) شكیب عقراوی: سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٩
3) نازناز محەمەد عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوول ٢٢ ١
4) عبدالجلیل صالح موسی: جمال عبدالناصر والقضیه الكوردیه فی العراق ١٩٥٢-١٩٧٠، الطبعة الاولی، مطبعة محافظة دهوك، دهوك، ٢٠١٣،ل ٦٤ ١ ١٦٥
5) مەعد فەیاز: سەرچاوەی پێشوول ٩ ٨ ١
6) نازناز محەمەد عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوول ٢٢ ١

کاتێك ڕژێمی بەعس لەساڵی ١٩٦٣ ئابڵوقەی ئابووری خستە سەر کوردستان و شەڕ لە ١٠ حوزەیرانی ١٩٦٣ بە توندی دەستیپێکردەوە، ئێران سنورەکانی بە ڕووی کوردستاندا کردەوە و پێداویستیەکانی ژیانی خۆیان لە بازارەکانی ئێراندا دابین دەکرد، ئەمەش کاریگەری لە سەر بەرەوپێشبردنی پەیوەندیەکانی نێوان شۆڕش و ئێران هەبوو[1].

ئێران دژی ڕاگرتنی شەڕ بوو، لە دوای گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن بەعسیەکانەوە، ئامادەی خۆی بۆ هەموو هاوکارییەك پیشاندا بەو مەرجەی پارتی شەڕ ڕانەگرێت، ئەم هەڵوێستەشی لەگەڵ مەکتەب سیاسیدا یەکیدەگرتەوە کە دژی ئاگربەستی بێ مەرج بوو لەلایەن بارزانیەوە، ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی نێوان ئێران و مەکتەب سیاسی هەبوو، بۆ ئاسانکردنی ئەم پەیوەندییە ئێران لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٦٣ (عیسا پژمان) بە نوێنەری خۆی لەگەڵ کارمەندێکی تری ساواك بە ناوی (عەباس بێ سیم) بۆ ماوەت ناردو لە نزیك بارەگای مەکتەب سیاسی بارەگایان دانا[2].

شەڕ و هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر کوردستان تا ١٨ تشرینی دووەمی ١٩٦٣ بەردەوامبوو، تا دەرفەت بۆ عارف ڕەخسا بە کودەتایەکی سەربازیی کۆتایی بە دەسەڵاتی بەعسیەکان بهێنێت و دەسەڵاتی بۆ خۆی قۆرخ کرد و حکومەتێکی نوێی بە سەرۆکایەتی تاهیر یەحیا پێکهێنا[3]. دانوستاندن لە نێوان حکومەتی نوێ و کورد دەستیپێکردەوە و بەردەوامبوو تا ڕێکەوتنی ١٠ شوباتی ١٩٦٤ی نێوان هەردوولای لێکەوتەوە[4]. دوای ڕاگەیاندنی ڕێکەوتنامەی نێوان عەبدوسەلام عارف و مەلا مستەفا ناکۆکیەکانی نێوان دوو باڵەکەی پارتی بە ئاشکرا دەرکەوت و بووە هۆی لێکترازان و دابەشبوونی شۆڕشی کورد، بارزانی لەگەڵ ڕێکەوتنامەی ١٠ ی شوبات و باڵی مەکتەب سیاسیش لە دژی بوو[5].

لە بارەی ناکۆکی بارزانی و باڵی مەکتەبی سیاسیی، ئیبراهیم ئەحمەد دەڵێت "سەرانی حکومەتی عێراق، تورکیا و ئەمریکا، دەستێکی زۆریان لە دروستکردن یان قوڵکردنەوەی دووبەرەکیەکەدا هەبوو، بەڵام دەستی ئێران زۆر زیاتر بوو"[6].

ئێران سیاسەتێکی دوفاقی بەرامبەر هەردو باڵەکەی پارتی گرتەبەر، لەلایەك یارمەتی باڵی مەکتەب سیاسی دەدا، لەلایەکی ترەوە لە هەوڵی دروستکردنی پەیوندی دۆستانەدا لەگەڵ بارزانیدا بوو[7]، بە تایبەتی لە دوای شکستی باڵی مەکتەب سیاسی لە بەرامبەر باڵی بارزانیدا و پەنا بردنیان بۆ ئێران و

---

1) ئیبراهیم جەلال: سەرچاوەی پێشوول ١٨٩
2) ئیبراهیم جەلال: سەرچاوەی پێشوول ١٨٩ ١٩٠
3) واحید عومەر محێدین: سەرچاوەی پێشوول ٢١٣
4) هەمان سەرچاوەل ٢١٤ ٢١٧
5) ایوب بارزانی: المصدر السابق ١٩٥.
6) حوسێن محەمەد عەزیز: سەرچاوەی پێشوول ٥٧
7) ئامانج حەسەن ئەحمەد: برایم ئەحمەد ڕۆڵی لە بزاڤی رزگاریخوازیو رووناکبیریی گەلی کورددا ١٩١٤ ٢٠٠٠، چاپخانەی ڕەنج، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٩ل ٢٧

نیشتەجێبوونیان لەوێ[1]. لەگەڵ بەردەوامی شۆڕش پەیوەندی ئێران لەگەڵ باڵی بارزانی بەرەوپێشر ڕۆیشت، لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ عەبدولوەهاب ئەتروشی لە سەرەتاوە و پاش ماوەیەکیش شەمسەدین موفتی بووە نوێنەری بارزانی لە تاران، لەلایەن ئێرانیشەوە (تیمسار پاکرەوان) بە نوێنەر دەستنیشانکرا[2].

لە ئەنجامی جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکانی حکومەت و بەبنبەستگەیشتنی دانوستانەکانی نێوانیان لە شوباتی ١٩٦٥ سەرلەنوێ شەڕ لە نێوان حکومەتی عێراقی و کوردا هەڵگیرسایەوە[3]، ئێرانیش دەستیکرد بە یارمەتیدانی شۆرش بە ناردنی کۆمەکی سەربازیی، وێڕای چارەسەرکردنی بریندارەکان لە نەخۆشخانەکانی ئێراندا[4].

دوای گیانلەدەستدانی عەبدولسەلام عارف و بوونی عەبدوڕەحمان عارف بە سەرۆك کۆماری عێراق (١٩٦٦- ١٩٦٨) لە ١٧ نیسانی ١٩٦٦، لەگەڵ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق بەسەرۆکایەتی عەبدوڕەحمان بەزاز (١٩١٣- ١٩٧٣)، بەهەمان شێوەی حکومەتەکانی پێش خۆی لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد کەوتە دانووستاندنو لە ئەنجامدا بەیاننامەی ٢٩ حوزەیرانی ١٩٦٦ لێکەوتەوە، ئەمەش دوای ڕێکەوتنی عەبدوڕەحمان بەزاز لەگەڵ هەردوو باڵی مەکتەب سیاسی و بارزانی[5]، ڕێکەوتنەکە بووە مایەتی دژایەتی و توڕەبوونی ئێران، لە کاردانەوەیدا شای ئێران بڕیاری داخستنی سنورەکانی بە ڕووی ناوچەکانی شۆڕشدا دا[6].

دوای کودەتای ١٧-٣٠ تەمموزی ١٩٦٨ حکومەتی بەعس هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ ئێراندا دا، بۆ ئەو مەبەستە چەند کۆبوونەوەیەك لە نێوانیاندا ئەنجامدرا، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی سنوری نێوانیان، بەڵام نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك[7]، لە ساڵی ١٩٦٩ جارێکی تر ناکۆکیەکان سەریان هەڵدایەوە و عێراق ڕایگەیاند شەتولعەرەب بەشێکە لە ناوچەی قەڵەمڕەوی عێراق، ئێرانیش لەلایەن خۆیەوە ڕێکەوتننامەی سنوری ١٩٣٧ هەڵوەشاندەوە[8].

لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٩دا حکومەتی عێراق هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر ناوچەکانی شۆڕش[9]، ئەمەش بووە مایەی نیگەرانی ئێران و دەستی بە هاوکاری شۆڕش بە چەك و تەقەمەنی کرد ، لە ١ ئازاری ١٩٦٩ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بە هاوەن و تۆپ و بە یارمەتی شارەزایانی ئێرانی

---

1) ئیبراهیم جەلال: سەرچاوەی پێشوول ١٩٥

2) هەمان سەرچاوەل ٢١٠

3) واحید عومەر محێدین: سەرچاوەی پێشوول ٢٦٩

4) مسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، هبەشی یەکەمل ١٩٠ ١٩١

5) واحید عومەر محێدین: سەرچاوەی پێشوول ٢٧٧-٢٨٣

6) نازناز محەمەد عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوول ١٥٤

7) سۆزان کەریم مستەفا: بەعسیزمو کورد ١٩٤٧-١٩٧٥، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو پەخشی حەمدی، مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)، سلێمانی، ٢٠٠٧ل ٢٩١

8) نازناز محەمەد عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوول ٣٥

9) هەمان سەرچاوەل ١٦٤

کۆمپانیای نەوتی کەرکوکیان تۆپباران کرد[1]، زیانێکی زۆریان بە حکومەت گەیاند کە بە چەندین ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرا، وێڕای ئەوەی بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك دەرهێنانی نەوت ڕاگیرا[2]. هەر لەۆ سەروبەندەدا شای ئێران بڕیاریدا کودەتا لە عێراقدا ئەنجامبدات، بۆ ئەو مەبەستە هەریەك لە بارزانی و د. مەحمود عوسمان لەسەر بانگهێشتی شا سەردانی ئێرانیان کرد، بە سەرپەرشتی ئێرانیەکان بەشداری چەند کۆبونەوەیەکیان لەگەڵ هەریەك لە عەبدولغەنی راوی و عەبدولڕەزاق نایف کرد، بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ کودەتای سەربازیی[3]، دوای ئەۆە جارێکی تریش لە ١١ تشرینی یەکەمی ١٩٦٩ لە حاجی ئۆمەران چاویان بە بارزانی کەوت، بەڵام دوای چەند هەفتەیەك ناکۆکی کەوتە نێوان عەبدولغەنی و عەبدولرەزاق، عەبدولرەزاق گەرایەوە بۆ ئوردون و بارزانیش پەیوەندی لەگەڵ عەبدولغەنی پچڕاند، ئەمەش دوای ئەوەی بارزانی هەستیکرد هیچ چارەسەرێکیان بۆ پرسی کورد پێ نییە، سەرئەنجام هەوڵی کودەتا سەرنەکەوت[4].

دوای چەندین دانوستان و وتوێژ، دواجار بەیاننامەی ١١ ئازاری ١٩٧٠ لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکومەتی عێراق واژۆ کرا، شای ئێران دژی ڕێکەوتنەکە بوو، لە پێناو بەرگرتن لێی هەموو هەوڵێکی خۆیدا، تەنانەت لەکاتی دانوستانەکان ئامادەیی دەربڕی بە هاوکاری ئەمریکا هەموو پێداویستیەکانی شۆڕشی کورد و بارزانی دابین بکات، تەنیا ئەم ڕێکەوتنە واژۆ نەکرێت[5]، بەمەش دەیوست کارتێکی گرنگی وەکو شۆڕشی ئەیلول لە دەست خۆیدا بهێنێتەوە و لە ململانێی لەگەڵ عێراق بەکاریبێنێت.

دوای بەستنی پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری ٩ نیسان ١٩٧٢ لە نێوان سۆڤیەت و عێراق، عێراق و ئێران بوون بە دوو جەمسەی تەواو دژ بەیەك لە ناوچەکەدا، زیادبوونی قەڵەمڕەوی سۆڤیەت لە عێراق بەهۆی ئەو پەیمانەوە بووە مایەی زۆرتربوونی مەترسی شا، بۆیە شا دەیویست سوودی زیاتر لە شۆڕشی ئەیلول وەربگرێت بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی پەیمانی سۆڤیەت و عێراق و شکستپێهێنانی، لەو چوارچێوەدا ئێران بڕیاریدا بەشێوەیەکی بەرفراوانتر هاوکاری شۆڕش بکات[6]، لەو ماوەشدا بەغداد و تاران ببونە دوو ناوەندی داڵدەدان و هاوکاری و پشتگیری ئۆپۆزسیۆن و نەیارانی یەکتری[7].

ڕێکەوتنی یانزەی ئازار نەبووە مایەی بەدەستهێنانی تەواوی مافەکانی کورد و ئامانجەکانی شۆڕشی ئەیلول، حکومەتی عێراق لە دەرفەت دەگەڕا خۆی لە جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکە بدزێتەوە و کۆتایی بە شۆڕش بێنێت و دەستکەوتەکانی لەبارببات، لەو ماوەشدا ئێران پارێزگاریی لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ

1) ئیبراهیم جەلال: سەرچاوەی پێشوول ٢ ٧ ٢
2) موحسین دزەیی: وێستگەکانی ژیانم، وەرگێڕانی ئیسماعیل بەرزنجی، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩ ی ٢٠٠
3) شکیب عقراوی: المصدر السابقص ٧٥ ٢
4) نازناز محەمەد عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوول ١ ٧ ١
5) نازناز محەمەد عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوول ١ ٧ ٩
6) شکیب عقراوی: المصدر السابقص ٢٨ ٣
7) نازناز محەمەد عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوول ١ ٧ ٤

سەرکردەکانی شۆڕش کرد، هاوکاری و کۆمەکی شۆڕشی دەکرد، لە مانگی کانونی دووەمی ١٩٧٤ تا مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵ مانگانە ٢٠ ملیۆن تومەن و لە مانگی تەمموزیش تا ساڵی ١٩٧٥ دوو بەرابەر هاوکاری شۆڕشی دەکرد، واتە دوو ملیۆن دینار بەنرخی ئەو کات[1]، لەگەڵ هەڵایسانەوەی شەڕیش، لە ڕووی سەربازییەوە ئێران بە ئاشکرا کەوتە یارمەتیدانی شۆڕشی ئەیلول و تۆپخانەیەکی پێکهاتوو لە ١٢ تۆپی ١٥٥ ملم بە ٤٠٠ سەربازی ئێرانیەوە لە کوردستان لە نزیك بارەگای بارزانیەوە جێگیر کران و بەردەوام تۆبارانی سەربازگە و هێزەکانی حکومەتیان دەکرد، وێرای ئەوەی لە خاکی ئێرانیشەوە چەکە دژە هەواییەکان موشەکی زەوی بە ئاسمانیان دژی فرۆکەکانی عێراق بەکاردەهێنا[2].

مەسعود بارزانی لەسەر هاتنی ئەو یارمەتیە سەربازیانە دەڵێت "خۆزگە نەگەیشتایە، بە هاتنی ئەم موشەك و تۆپانە پێشمەرگە پشتیان لێکردەوە و هەموو پشت پێ بەستنێکی خۆیان خستە سەر ئەم موشەك و تۆپانە کە لە کاتی تەنگانە و پێویستی پێبووندا دەرکەوت هیچ سودێکیان نییە، چونکە رۆڵێکی کاریگەریان نەبینی"[3].

هەر دەربارەی شەڕی ئەو ساڵە، نەوشیروان مستەفا دەڵێت "جەنگی ١٩٧٤-١٩٧٥ی کورد-بەعس ئەگەر چی لە نێوان هێزە چەکدارەکانی کورد و جەیشی عێراقی دا بوو، لەسەر ئەرزی کوردستان ئەکرا، لە پێناو ئامانجە نەتەوەییەکانی گەلی کوردا بوو، بەڵام لە راستی دا ململانێی سیاسی-جەنگی، ئێران-عێراق بو، هێزەکانی کورد بە چەك و ئیمکانیاتی ئێرانی ئەجەنگان و بەعس بە چەکی روسی و ئیمکانیاتی نەوتی کەرکوك، لەم ململانێیەدا عێراق باڵادەستی بەسەر کوردا و، ئێران باڵا دەستی بەسەر عێراق دا هەبوو"[4].

هەرچەندە لە واقیعدا جەنگێکی بەرفراوان هەڵگیرسابوو، بەڵام لەپشت پەردەوە و دوور لە ئاگاداری کورد، ئێران سەرقاڵی مامەڵەبوو بە شۆڕشی ئەیلولەوە، پاش چەند هەوڵێکی دیپلۆماسی لەلایەن شا حسێن بن تەلال شای ئوردن و ئەنوەر سادات سەرۆك کۆماری میسر[5] و وڵاتی تورکیاش زەمینەیان ساز کرد بۆ بەستنی رێکەوتنێك لە نیوان عێراق و ئێران و کۆتایهێنان بە ململانێی نێوانیان[6]، ئەمەش پاش رەزامەندی و هاندانی هەریەك لە ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوان عێراق و ئێران بە شێوەیەکی ئاشتیانە[7].

---

1) هەمان سەرچاوە، ل ٣٠٤
2) ئیبراهیم جەلال: سەرچاوەی پێشووڵ ٢٥ ٤
3) مسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، بەشی دووەمڵ ٩ ٥ ١
4) نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەنای دانوبەوە بۆ خڕی ناو زەنگ دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٥ ١٩٧٨، ١٩٩٧، ٢ ٣
5) بیتر جی. لامبرت: الولایات المتحده والکورد دراسه حالات عن تعهدات الولایات المتحده، ت، مرکز الدراسات الکوردیه وحفظ الوثائق/ جامعه دهوك، الطبعه الاولی، مقبعه خانی، دهوك، ٢٠٠٨ص ٣ ٨
6) عەلی تەتەر نێروەیی: بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە ساڵانی جەنگی عێراق ئێراندا ١٩٨٠ ١٩٨٨، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨ل ٩ ٢
7) نەوشیروان مستەفا ئەمین: سەرچاوەی پێشووڵ ٥ ٢

سەرئەنجام لە رۆژی ٦ ئازاری ١٩٧٥ ڕێکەوتننامەی جەزائیر لە نێوان (سەدام حسێن) جێگری سەرۆك کۆماری عێراق و (محەمەد رەزا) شای ئێران بە ئامادەبوونی (هەواری بومدین)ی سەرۆکی جەزائیر لە پەراوێزی کۆبونەوەی ڕێکخراوی ئۆپێك لە وڵاتی جەزائیر واژۆ کرا[1]، بە پێی ئەم ڕێکەوتننامەیە عێراق دەستبەرداری نیوەی شەتولعەرەب و زەویە کێشەلەسەرە سنوریەکانی خۆی بوو لە بەرامبەر بڕینی پشتگیری ئێران بۆ شۆڕشی ئەیلول و لەناوبردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد[2].

ڕۆژی ٦ ئازاری ١٩٧٥ بە گەیشتنەوەی شا بۆ تاران بەستنی ڕێکەوتننامەکە راگەیەنرا و پاشان فەرمانیکرد بە کشاندنەوەی سەرجەم پاتری و تۆپ و موشەکەکان لە کوردستان، بۆ رۆژی دواتر بێ ئاگادارکردنەوەی سەرکردایەتی سیاسی کورد دەست بە جێبەجێکردنی ئەو پلانە کرا[3].

دوای چەند رۆژ چاوەروانی بارزانی لە تاران لە ١١ ئازاری ١٩٧٥ چاوی بە شاکەوت، شا بە ئەنقەست رۆژی ١١ ئازاری بۆ ئەو چاوپێکەوتنە دیاری کردبوو وەك تۆڵە سەندنەوەیەك لە شۆڕش و لە بارزانی، کە ئەو ڕۆژە یادی واژۆکردنی ڕێکەوتننامەی ١١ ئازاری ١٩٧٠ بوو کە شا پێی رازی نەبوو[4]، شا لەو کۆبونەوەیەدا سێ بژارەی خستە بەردەم بارزانی، یەکەم: عێراق لەسەر داواکاری شا لێبوردنی گشتی بۆ هەمووان دەرکردووە و دەتوانن بگەڕێنەوە، دووەم: لە ئێران ببنە پەنابەر، سێیەم: دەتوانن شەڕ بکەن بەڵام ئێمە هیچ یارمەتیەکتان نادەین و لە کۆتایی مانگی ئازاردا سنور دادەخەین[5].

دوای گەڕانەوەی بارزانی لە ١٣ ئازار بۆ کوردستان، بۆ بڕیاردان لە چارەنوسی شۆڕش و دیاریکردنی هەڵوێستی سەرکردایەتی شۆڕش بەرامبەر بە ڕێکەوتننامەی جەزائیر، کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و سەرکردەکانی شۆڕش دەستپێکرد، تا ١٩ ئازار بەردەوامبوو[6]، بارزانی تا ١٩ ئازاری ١٩٧٥ بڕیاری بە بەردەوامبوونی شۆرش دابوو، بەڵام دواجار لە شەوی ١٩ ئازار بارزانی بڕیاری کۆتاییهێنان بە شۆڕش و خەباتی چەکداری و کشانەوەی بۆ ئێراندا[7].

بە سەرنجدان لە ڕێگوزەری ڕووداوەکان، ڕووندەبێتەوە کە پرسی کورد و شۆڕشی ئەیلول کرابووە بەشێك لە ململانێی نێوان ئێران و عێراق، بە درێژایی ساڵانی شۆڕش ئێران لە پەنجەرەی بەرژەوەندی خۆیەوە دەیڕوانیە شۆرشەکە و خوازیاربووە وەك کارتێکی فشار لە ململانێیدا لەگەڵ عێراق بەکاریبێنێت، دواجاریش ئەم کارتە عێراقی ناچارکرد دەستبەرداری بەشێکی شەتولعەرەب و خاکەکەی ببێت، دەرئەنجام شۆڕشی ئەیلول بووە قوربانی ململانێی نێوان ئەو دوو وڵاتە.

1) سەلام عەبدولکەریم: ژیانی سیاسی لە باشوری کوردستان ١٩٧٥ ١٩٩١، چاپی یەکەم، چاپو بڵاوکردنەوەی چوارچرا، ٢٠١١ی ٢٦٥

2) هەمان سەرچاوەل ٢٤

3) مسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، بەشی دووەم، ل ١٧٠

4) هەمان سەرچاوەو لاپەڕە ؛ موحسن دزەیی: سەرچاوەی پێشووڵ ٣٣٩

5) موحسین دزەیی: سەرچاوەی پێشووڵ ٣٤٠

6) نەوشیروان مستەفا ئەمین: سەرچاوەی پێشووڵ ٣٠

7) سەلام عەبدولکەریم: سەرچاوەی پێشووڵ ٢٦

## باسی دووەم: پەیوەندییەکانی شۆڕشی ئەیلول و تورکیا

سیاسەتی تورکیا لەسەر بنەمای دژایەتی و بەرنگاربوونەوەی هەر چالاکییەکی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەناوخۆی وڵاتەکەیدا یاخود لە وڵاتانی دراوسێیدا دارێژرابوو( )، بۆیە مەترسییەکانی تورکیا دوای لەناوبردنی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق زیانربوو، بەتایبەتی کە لە دەستوری کاتیشدا کورد و عەرەبی وەك دوو نەتەوەی هاوبەش لە عێراقدا ناساندبوو( ). [2]

بۆیە حکومەتی تورکیا و عێراق لە نێوان خۆیاندا زانیاری ئاسایشیان لەسەر چالاکی پارتەکان لە ناوچە سنوورییەکاندا ئاڵوگۆڕ دەکرد، تورکیا هاوکاری حکومەتی عێراقی دەکرد لە داڵدەدانی ژمارەیەکی زۆر پەنابەری نەیاری مەلا مستەفا بارزانی. تورکیا دەترسا لە ڕوودانی هەر جوڵانەوەیەکی کوردی و پەیوەندی نێوان کوردی عێراق و کوردی ناو تورکیا، لەبەرئەوە ئەنقەرە کۆمەڵێك ڕێوشوێنی توندی گرتەبەر بە ئامانجی:

١. دورخستنەوەی کوردانی ناو تورکیا لە کاریگەرییەکانی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە عێراق.

٢. داخستنی دەرگا لەبەردەم هاوکارییەکان چ هاوکاری جبەخانەیی و سەربازیی یان هاوکاری مرۆیی و بابەتی خواردەمەنی( ). [3]

بارزانی هەستی بە گرنگی و کاریگەری تورکیا لەسەر جوڵانەوەی کوردیی کردبوو، لەبەر ئەوە چەندین جار لە ڕێگەی ناردنی وەفد و نامەوە هەوڵیداوە پەیوەندی لەگەڵ تورکیادا دروست بکات، بەڵام تورکیا وەڵامیان نەداوەتەوە( ). هەر لەو چوارچێوەدا لە ١٩٦٣ وەفدێکی کوردی چوو بۆ باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغداد بۆ داواکردنی هاوکاری لە بەریتانیا بە ڕونکردنەوەی ئامانجی ئاشتییانەی جوڵانەوەی کوردیی لە عێراق لەلای ئێران و تورکیا و دڵنیاکردنەوەیان لە دەستێوەرنەدانی کوردی عێراق لە کاروبارياندا. پەرچەکرداری تورکیا بەرامبەر ئەو هەنگاوە نوێیە هەمان هەڵوێستی دژایەتی پێشوی تورکیا بوو بۆ هەر چارەسەرێکی ئاشتییانەی پرسی کوردی، ڕۆژنامە فەرمییەکانی تورکیا دەستیانکرد بە هەڵمەتێکی پروپاگەندە بۆسەر دانوستاندنەکانی کورد و حکومەتی عێراق بۆ گۆڕینی ڕێرەوی ڕووداوەکان. ڕۆژنامەکانی تورکیا ئەم هەنگاوەیان بە مەترسی دانا، نەك بە تەنها لەسەر تورکیا، بەڵکو لەسەر ئێران و عێراقیش( )، ڕۆژنامەی (دنیا) لە تورکیا لە ڕۆژی ٨ حوزەیرانی ١٩٦٣دا زۆر بە ڕاشکاوانە

---

1) سۆزان کەریم مستەفا: سەرچاوەی پێشوول ٢ ٩ ٥

2) هەمان سەرچاوەل ٧ ٩ ٢ ٢٩٨

3) تلار على امين: موقف تركيا من القضية الكردية فى العراق ١٩٣٧ ١٩٧٥، مطبعة بينايى، السليمانية، ٢٠١١ ص ٤ ٨ ٢ ٢٨٥

4) نفس المصدرص ٢ ٥ ٣

5) نفس المصدرص ٢ ١ ٣ ٣١٣

نووسیبوی: "ئێمە یەك مەترسیمان لەسەرە و ڕووبەڕووی یەك هەڕەشە دەبینەوە، ... ئێران و تورکیا و عێراق یەك چارەنووسیان هەیە و پێویستە هاوکاری یەکتر بکەن"[1]. بە کردەوەش تورکیا لە ساڵی ١٩٦٣ هاوکاری ئاسمانی لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا کرد دژی شۆڕشی ئەیلول[2].

هەندێك لە سەرچاوەکان باس لە پلانێك بەناوی "پلانی پڵنگ" دەکەن، کە بریتی بوو لەوەی دوای دەستخستنی کات و کۆتایی دانوستان، عێراق داوای یارمەتی لە پەیمانی سەنتۆ بکات و سوپای عێراق هێرش بکاتە سەر کورد و پاشەکشەیان پێبکات تا سنورەکان، لەوێ هێزی ئاسمانی ئێران و تورکیا لە کورد بدەن و کۆتایی بە شۆرشی کورد بهێنن[3]. بەڵام دیارە ئەو پلانە جێبەجێنەکراوە.

لە ساڵی ١٩٦٥ پەیوەندییە ئابووری و بازرگانی و رۆشنبیرییەکانی نێوان تورکیاو عێراق بەرەو پێش دەچێت، هاوکات بەرپرسانی هەردوو وڵات گەیشتنە تاوتوێکردنی بەرژەوەندییەکانی نێوانیان پەیوەست بە کوردانی نەیاریان کە لەناوچەکانی سەرسنووری نێوانیاندا هەبوون[4].

لە ٣ تەمموزی ١٩٦٦داو تەنها دوای چوار ڕۆژ لە دەرکردنی بەیاننامەی ٢٩ حوزەیرانی ١٩٦٦، بەزاز سەردانی تورکیای کرد و دەسەڵاتدارانی تورکیای دڵنیاکردەوە لەوەی هیچ لەو بەڵێنانەی بە کوردی داوە جێبەجێ ناکات، ئەمەشی بە مەبەستی ڕاکێشانی تورکیا بەلای خۆیدا بوو[5].

لەساڵی ١٩٦٧ مستەفا بارزانی بە هەوڵێکی تر هەستا و لە ڕێگەی عیسمەت شەریف وانلی نوێنەری تایبەتی بارزانی لە دەرەوە، نامەیەکی بۆ سەرۆك کۆماری تورکیا جەودت سونای نارد، بەڵام دوای ماوەیەك نامەکە گەڕێنرایەوە و حکومەتی تورکی نەیکردەوە چونکە بەدانانان بە کوردی دادەنا[6].

لەدوای دەرکردنی بەیاننامەی یانزەی ئازار، تورکیا سەرکۆنەی بەیانەکەی کرد و بێزاری و ناڕازیبوونی خۆی بەرامبەر ناوەرۆکی ڕێکەوتنی کورد و حکومەتی عێراق دەربڕی، هەروەك بەیانی ئازار کاریگەری ئاشکرای هەبوو لەسەر گرژبوونی پەیوەندیەکانی عێراق و تورکیا، بۆیە تورکیا هەموو ڕێگەیەکی گرتەبەر بۆ داخستنی سنورەکانی لەگەڵ عێراقدا و ڕێگریکردن لە پەیوەندی کوردی تورکیا بە کوردی عێراقەوە[7].

هەروەها لەسەر داوای وەزیری دەرەوەی عێراق، وەزیری دەرەوەی تورکیا سەردانی بەغدای کرد، بەوەش ئامادەیی تورکیا بۆ هاوکای عێراق دەرکەوت کاتێك لە ١١ تەموزی ١٩٧٠ ووتی: "سەردانەکەی

---

1) وەرگیراوە لە سۆزان کەریم مستەفا: سەرچاوەی پێشوول ٢ ٩ ٨
2) مسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، بەشی دووەمل ٢ ٠ ٦
3) وەرگیراوە لە نازناز محەمەد عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوول ٢ ١ ٠ ١٢١ ١
4) سۆزان کەریم مستەفا: سەرچاوەی پێشوول ٢ ٩ ٨ ٢٩٩
5) جەمال نەبەز: کوردستان و شۆرشەکەی، چاپی سێیەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧ل ١ ٨ ٠
6) تلار علی امین: المصدر السابق ٢ ٥ ٣.
7) نفس المصدو ٦ ٠ ٣-٣٦١

هەل و دەرفەتی هاریکاری هەردوو وولاتی خۆشتر کردو هێمنی و ئاسایشی لەنێوچەکەدا مسۆگەر کرد"[1].

پاش دەستپێکردنەوەی هێرشی حکومەتی بەعس بۆسەر کوردستان لە ١٩٧٤، بەتایبەتی دوای ئەوەی زیاتر لە ١٠٠ هەزار کورد پەنایان بردە بەر سنورەکان بە هۆی دەستپێکردنەوەی شەڕ و تۆپبارانی چڕ لەلایەن فرۆکەکانی عێراقەوە، تورکیا سنورەکانی داخست و کاری بۆ داخستنی سنورەکانی ئێران دەکرد. هەوڵەکانی تورکیا بەردەوامبوو بۆ شکستپێهێنانی شۆڕشی ئەیلول کاتێك لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٤ هەستا بە گرێدانی کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵی بۆ نوێنەرانی عێراق، ئێران و تورکیا لە ئیستەنبول[2].

بە گشتیی تورکیا هاوشێوەی وڵاتانی تر لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی روانیویەتییە شۆڕشی ئەیلول و دۆزی کورد و هەر سەرکەوتن و بەدیهاتنی مافێکی کوردی لە باشووری کوردستان بە مەترسی بۆسەر خۆی دەزانی، بۆیە وێڕای هەوڵی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ تورکیا، ئەو وڵاتە نەك وەڵامی ئەرێنی نەبووە بەڵکو لەسەر ئاستی سیاسیی و سەربازی تەقەلای داوە ئەو شۆڕشە لەبار ببات و کۆتایی پێبهێنێت، ئەمەش دەرخەری ئەو راستییەیە کە چۆن ئەو شۆڕشە لەبەردەم مەترسی و ئاستەنگی ململانێ و بەرژەوەندی هەرێمیدا بووە.

## باسی سێیەم: پەیوەندییەکانی شۆرشی ئەیلول و ئیسرائیل

سیاسەتی حکومەتی عێراق و نزیکبوونەوەی لە جەمال عەبدولناسر و هەوڵدان بۆ دروستکردنی بەرەیەکی یەکگرتووی عەرەبی، نیگەرانی وڵاتانی نا عەرەبی لە ناوچەکەدا لێکەوتەوە، بە تایبەتی ئێران و ئیسرائیل[3]، ئەوان دەیانویست لە ناکۆکی و ململانێیان لەگەڵ عێراق و وڵاتانی تری عەرەبی سوود لە کورد و شۆڕشی ئەیلول وەرگرن، بۆیە پەیوەندی بە سەرکردایەتی شۆرشی ئەیلولەوە دەکەن بە مەبەستی پێدانی کۆمەك و هاوکاریکردنی، هەڵبەتە ئیسرائیل بایەخی ستراتیجی جیۆپۆلەتیکی کوردستان و گرنگی شۆرشی ئەیلولی دەزانی، بۆیە دوای هەڵگیرسانی شۆرش دەستپێشخەری کرد و پەیوەندیان بە سەرکردایەتی شۆرشەوە کرد[4]، لە ساڵی ١٩٦٣ حکومەتی ئیسرائیل لە نامەیەکدا کە بۆ مەلا مستەفا بارزانی دەنێرێت داوای دامەزراندنی پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵدا دەکات، لە وەڵامی نامەکەدا ئیبراهیم ئەحمەد چەند داواکارییەك دەخاتە بەردەم ئیسرائیل بۆ یارمەتیدانی شۆڕش لەوانە: دە هەزار

(1) وەرگیراوە لە جەمال نەبەز: سەرچاوەی پێشوول ٢١٣

(2) تلار علی امین: المصدر السابقص ٣٧٥.

(3) نازناز محەمەد عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوول ١٢٢

(4) مسعود بارزانی: بارزانیو بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد شۆرشی ئەیلو ١٩٦١ ١٩٧٥، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤ل ٢١٣ ٢١٤

تفەنگ، تۆپ، راجیمە، مین، دەزگای پەیوەندی، وێستگەیەکی بەهێزی ڕادیۆ، پارە، مەشقپێکردنی شارەزایانی تەقینەوە و تەکنیککاری رادیۆ[1].

دەوترێت لە ساڵی ١٩٦٣ ئێران و ئیسرائیل بە نهێنی رێکەوتوون لەسەر هەوڵدان بۆ لاوازکردنی حکومەتی عێراق بە هاوکاریکردنی پارتی دیموکراتی کوردستانی بە رابەرایەتی مەلا مستەفا بارزانی کە لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا لە حاڵەتی جەنگدا بوو[2].

بێگومان لە دروستکردنی پەیوەندی نێوان کورد و ئیسرائیل هەریەکەیان ئامانج و بەرژەوەندی خۆیان هەبوو. ئامانج و بەرژەوەندی ئیسرائیل لەوەدابوو سوپای عێراق یان بەشێکی بە شەڕی کوردەوە سەرقاڵ بکرێت تا لە کاتی ڕوودانی شەر لە نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبیدا، عێراق نەتوانێت سوپا بنێرێت بۆ هێڵەکانی رووبەرووبوونەوە لەگەڵ ئیسرائیل[3]. ئەمەش هەروا دەرچوو، رێژەیەکی بەرچاوی سوپای عێراق بە شەڕی کوردەوە سەرقاڵ بوو زیانێکی زۆریشی بەرکەوت[4].

لەلایەکی ترەوە یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانی ئیسرائیل کردنەوەی دەروازەیەك بوو بۆ ئەو جووانەی لە عێراق مابوونەوە تا بەرەو ئیسرائیل کۆچ بکەن، کە ئیسرائیل بۆ ئەو کۆچکردنە هانیدەدان[5]. بۆیە لەبەرامبەر ئەو هاوکارییەی ئیسرائیل پێشکەشی کوردی دەکرد، یارمەتی جووەکانی عێراقیان دەدا لە هەڵاتنیان بۆ ئیسرائیل، ئەوەش بە رەزامەندی و سەرپەرشتی بارزانی بوو[6]. لەوەشدا ساواکی ئێران هاوکاری تێپەڕبوونی جووە عێراقیەکانی دەکرد پاش ئەوەی لە رێگەی کوردستانەوە دەگەیشتنە شاری ورمێ، دواتر رێکخراوەکانی جوو هەڵدەستان بە گواستنەوە و نیشتەجێکردنیان لە ئیسرائیل[7].

بارزانیش لەو باوەڕەدابوو کە کاریگەری ئیسرائیل لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەتوانێت لایەنگری ئەمریکا بۆ شۆڕشی کورد دەستەبەربکات[8]. بە کردەوەش لە قۆناغی دواتردا ئیسرائیل رۆڵێکی گەورەی بینی لە دروستکردنی ئەو پەیوەندییەدا[9].

لە ١٩٦٣ وەفدێکی چوار کەسی ئیسرائیلی بە سەرپەرشتی ساواك و لەلایەن عیسا پژمانەوە بە نهێنی هێنرانە باشوری کوردستان، چاویان بە مەلا مستەفا کەوت و لەلایەن بارزانیەوە بە گەرمی پێشوازییان

---

1) شلومو نكديمون: الموساد في العراق ودول الجوار انهيار الامال الاسرائيلية والكردية، ترجمة بدرعقيلي، الطبعة الثانية، دار الجليل للنسر، عمان، ٢٠٠٤، ص ١٠٠

2) کامران طارمی: تحلیلی بر سیاست های امنیت ملی ایران در قبال منطقه خاورمیانه در دوران حکومت محمد رضا پهلوی ١٩٦٢ ١٩٧٩، مجله دانشکده حقوق و علوم سیاسی، دانشگاه تهران، دوره ٤٩، ١٣٧٩، ص ١٣٧

3) مسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، بەشی دووەم، ل ٢١٤

4) کامران طارمی: مصدر پیشین، ص ١٣٨.

5) ایوب بارزانی: المصدر السابق، ص ٢٣٥.

6) شلومو نكديمون: المصدر السابق، ص ٢٥٨

7) ایوب بارزانی: المصدر السابق، ص ٢٣٥.

8) مسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، بەشی دووەم، ل ٢١٥

9) ایوب بارزانی: المصدر السابق، ص ٤٣٩

لێکرا[1]. لە لایەکی ترەوە هەر لە هەمانساڵدا (١٩٦٣) پەیوەندییەکانی هەردولا بەرەو پێشچوونیان بەخۆوە بینی، لە باڵیۆزخانەی ئیسرائیل لە پاریس بە نهێنی جەلال تاڵەبانی و شەمعون پیرس بە میانگیری کامەران بەدرخان چاویان بە یەکتر کەوت[2]. پاش ئەوە وەفدێك بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامێتی عومەر مستەفا و عەزیز شەمزینی لە ڕێگەی ئێرانەوە بۆ ئیسرائیل چوون، لای خۆیەوە ئێران ڕێگەی بۆ تێپەربوونی یارمەتی لە ئیسرائیلەوە بۆ شۆڕش بە خاکی خۆیدا کردەوە[3].

ئەوەبوو لە ١٥ نیسانی ١٩٦٥ حکومەتی ئیسرائیلی بڕیاریدا بە پلەی یەکەم گرنگی بە کێشەی کورد بدات، دوای چەند ڕۆژێك دەست بە ناردنی چەند بارێك چەك بۆ کورد کرا، کە لەلایەن موساد و لە ڕێگەی ئێرانەوە و هەواڵگری ئێرانی (ساواك) ئەرکی گواستنەوەی گرتە ئەستۆ[4].

لە ئایاری ١٩٦٥ دێڤید کەمحی (ئەفسەری موساد) بە نوێنەرایەتی حکومەتی ئیسرائیل بە سەردانێك گەیشتە باشووری کوردستان و دەستیکرد بە ڕێکخستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ شۆڕش و ناردنی یارمەتی سوپایی و تەکنیکی ئیسرائیل لە چوارچێوەیەکی سنورداردا دەستی پێکرد. هەرچەندە ئیسرائیل دەیتوانی ڕۆڵی زیاتر بگێڕێت بەڵام تەنها کۆمەکییەکی سنوورداری شۆڕشی دەکرد تا شەڕ لە کوردستان بەردەوامبێت و کۆتایی نەیەت، ئەوەش لەپێناو بەدیهاتنی ئامانجی ئیسرائیل، کە سوپای عێراق لە کوردستان جێگیربێت و بەشەڕەوە سەرقاڵ بێت و لە بەرەکانی شەری فەلەستین دووربێت[5].

لە حوزەیرانی ١٩٦٦ وەفدێکی تری ئیسرائیلی هاتە باشووری کوردستان کە پێکهاتبوون لە: حاییم لفکوف، ئەلیشع روئی و مقدو ئەرییە یغف، بارزانی بە گەرمی پێشوازی لێکردن، هەرچەندە پێش گەیشتنیان حکومەتی عێراقی لە ٢١ حوزەیراندا کۆتایهاتنی جەنگی لە کوردستان ڕاگەیاندبوو و وەفدێکی سەربازی هاتبوو بۆ لای بارزانی بۆ داواکردنی دانوستان. بۆیە ئیسرائیلیەکان بارزانیان هاندا بە دانوستان ڕازی نەبێت، بەڵام بارزانی بە دانوستان ڕازی بوو[6].

لە ئەیلولی ١٩٦٦ ئەرییە ئلیاف بە هاوڕێیەتی ٣ دکتۆر (د. ئوری فرند، د. بیسح سیغل، پزیشکی ددان د. دوف ئیتسکوفتس) سەردانی کوردستانی کرد، هەروەك ٣ پەرستاریش یاوەریان بوون و لەگەڵ خۆیاندا نەخۆشخانەیەکی مەیدانی پێشکەوتوویان بە دیاری لە ئیسرائیلەوە هێنابوو، لە حاجی ئۆمەران دایانمەزراند[7]، بارزانیش خەنجەرێکی کوردی بە (ئلیاف)دا بە دیاری بۆ سەرۆکی کنیستی ئیسرائیلی (کاریش لوز) نارد[8]. هەر لە ساڵی ١٩٦٦ بە هاوکاری موسادی ئیسرائیلی دەزگای هەواڵگری (پاراستن)

---

1) عیسی پەژمان: سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٦ ٧٧

2) مسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، بەشی دووەم،ل ٢ ١ ٤

3) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

4) شلومو نكديمون: المصدر السابق، ص ١٢٠

5) مسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، بەشی دووەم،ل ٢ ١ ٤

6) شلومو نكديمون: مصدر السابق،ص ٦٥ ١ ١٦٦

7) عمار علی السمر: المصدر السابق، شمال العراق ١٩٥٨ ١٩٧٥دراسه تحليليه، الطبعه الاولی، المركز العربی للابحاث ودراسه السياسات، بيروت، ٢٠١٢، ص ٣٠٩ ٣١٠

8) فاضل البراك: مصطفی بارزانی الاسطورة والحقيقة، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٩،ص ٢٠٩ ٢١٠

دامەزرا، کە مەسعود بارزانی بەرپرسی بوو و خولی راهێنانی چڕوپڕیان لە کوردستان و ئیسرائیل بینیبوو[1].

بەر لە دەستپێکی شەڕی عەرەب ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٦٧ حاجی شاکر دووری و نازم عاسی شێخی خێڵی عوبێد، پاشان لە پێنجی حوزەیرانیشدا وەفدێکی فەرمی کە لە (لیوا روکن حەموودی مەهدی بریکاری سەرۆك ئەرکانی سوپا و لیوا روکن ئیبراهیم ئەنساری فەرماندەی فیرقەی دوو و لیوا روکن کەمار مسەفا عەلەمدار سەرۆکی لیژنەی باڵای ئاشتی و لیوا روکن زەکی حوسێن حیلمی فەرماندەی فیرقەی یەك) پێکهاتبوون، سەردانی بارزانی لەگەڵاڵە دەکەن و داوای لێدەکەن لە کاتی ناردنی سوپای عێراق بۆ ئوردن بۆ شەری عەرەب ئیسرائیل، هێزی پێشمەرگە هیچ چالاکییەك ئەنجامنەدات، هەروەها داوای لێدەکەن هێزێکی پێنج هەزار پێشمەرگەیی بنێرێت تا بچێتە پاڵ ئەو هێزەی عێراق، وەك بەڵگەی هاوکاری نێوان هەردوولا. سەبارەت بە داواکاری یەکەم بارزانی بەڵێنیان پێدەدات و دەڵێت: "لەوە دڵنیابن کەوا پێشمەرگە لە دژی سوپای عێراق هیچ ناکات". بەڵام داواکاری دووەمیان رەتدەکاتەوە[2]. هەرچەندە ئیسرائیلیش داوای لە بارزانی کرد بەرەیەکی جەنگی نوێ دژی عێراق بکاتەوە رێگری لێبکات لە ناردنی هێزەکانی بۆ بەرەکانی جەنگ لەگەڵ ئیسرائیل[3]. لە جەنگی شەش رۆژەی عەرەب- ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٦٧، ئیسرائیل کەلوپەلی سەربازی روسی لە سوپای وڵاتانی عەرەبی دەستبەسەرداگرت، دواتر بەشێك لەو چەکانەی لە رێگەی ئێرانەوە بە کورد دا. لەپاڵ ئەوەشدا ئیسرائیل راهێنانی سەربازی لەسەر خاکی ئێران بە کوردەکانی عێراق دەکرد و مانگانە ٥٠٠ هەزار دۆلاری بۆ خەرجی جەنگ لەگەڵ عێراق، بە بارزانی دەدا[4].

پەیوەندییەکانی کورد و ئیسرائیل رۆژ لە دوای رۆژ لە گەشەسەندندا بوو، بارزانی یەکەم سەردانی بۆ ئیسرائیل لە نیسانی ١٩٦٨ بە هاوڕێیەتی مەحمود عوسمان و شەمسەدین موفتی و چەند سەرکردەیەکی تر ئەنجامدا، لەو سەردانەدا چاوی بە سەرۆکی ئیسرائیل و سەرۆك وەزیران لیفی ئەشکوك و وەزیری بەرگری موشی دایان و سەرۆکی موساد و چەند کەسێکی تر لە بەرپرسانی ئیسرائیلی کەوت[5].

بە پێی بەڵگەنامەیەکی نهێنی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی ئەمریکا (CIA) لە ٩ ئازاری ١٩٧٠، رۆژی ٤ و ٥ ئازاری ١٩٧٠ سامی سنجاری و ئەمیر قاسمی (شەمسەدین موفتی) لە تاران لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی ئیسرائیل کۆبونەوەتەوە. کاربەدەستە ئیسرائیلیەکان نوێنەرە کوردەکانیان هاندا بۆ ئەوەی لە باشووری کوردستان شەڕ لەگەڵ بەغدا دەستپێبکەنەوە و بەڵێنیان پێدان ئیسرائیل چەکی دژەفرۆکە و تۆپ و هاوەنیان بداتێ. لە گفتوگۆکانی رۆژی دواتردا ئیسرائیلیەکان بەڵێنیاندا لە رێگەی ئێرانەوە تانك و

---

1) صلاح الخرسان: التيارات السياسيه فى كردستان العراق، قراءة فى ملفات الحركات ولأحزاب الكرديه فى العراق ١٩٤٦ ٢٠٠١، الطبعة الاولى، مؤسسة البلاغ، بيروت، ٢٠٠١، ص ١٦٠

2) مسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، بەشی یەکەمل ٢٣٩ ٢٤٠

3) شلومو نكديمون: المصدر السابق، ص ١٩٧.

4) كامران طارمی: مصدر پیشیص ٣٧ ١٣٨١

5) شلومو نكديمون: المصدر السابق، ص ٢٠٥ ٢٠٧

پسپۆڕی بەکارهێنانی تانك بە کورد بدەن، بە مەرجێك دەبێت هێزەکانی پێشمەرگە هەوڵ بدەن لانیکەم دەستبەسەر دوو تانکی هێزەکانی عێراقدا بگرن بۆ ئەوەی وا نیشان بدرێت ئەو تانکانەی کە ئیسرائیل بە کوردی داوە، کورد خۆیان لە هێزەکانی عێراقیان سەندووە و دەستیان بەسەردا گرتووە[1].

دوای بەیانی ئازار سەرکردایەتی شۆرشی ئەیلول پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل پاراست و هاوکار بوو لە کۆچی نهێنی جووەکانی عێراق بۆ ئیسرائیل[2]. بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٩٧١ (تسفی زامیر) سەرۆکی موسادی ئیسرائیلی لەوکاتەدا، بە مەبەستی ڕێکخستنی کاروباری ڕاهێنەران و شارەزا سەربازییەکانی ئیسرائیل کە لە کوردستان کاریان دەکرد سەردانی کوردستانی کرد[3]. لە ئەیلولی ١٩٧٣ بارزانی بۆ جاری دووەم سەردانی ئیسرائیلی کرد و لەگەڵ وەزیری دەرەوە و بەرگری و سەرۆکی حکومەتی ئیسرائیلی کۆبووەوە و بارزانیان دڵنیا کردوە کە ئیسرائیل واز لە پشتگیری کورد ناهێنێت[4].

هەر لە چوارچێوەی هاوکاری ئیسرائیل بۆ شۆڕشی ئەیلول، لەلایەن ئەفسەران و شارەزایانی ئیسرائیلی لەنێوان ساڵانی ١٩٧٣-١٩٧٥ چەند خولێکی مەشق و ڕاهێنانی تایبەت بۆ کورد لە چەند شارو ناوچەیەکی جیاوازی ئێران کرانەوە کە چەند کەس و بەرپرسانی پاراستن و ئەندامانی پارتی بەشدارییان تێداکرد.[5].

وەك دەبینین پەیوەندی کورد و ئیسرائیل لە ماوەی شۆڕشی ئەیلول لە ئاستێکی بەهێزدا بوو، بەڵام ئەمیش وەکو پەیوەندی وڵاتانی تر لەلایەکەوە وابەستەی ململانێی هەرێمی عەرەب ئیسرائیل و لە لایەکی تریشەوە وابەستەی بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل بە ئێرانەوە بوو، بۆیە دوای ڕێکەوتننامەی جەزائیر نوێنەرانی موساد لە کوردستان لە تارانەوە فەرمانیان پێگەیشت کوردستان بەجێبهێڵن و بەخێرایی بۆ تاران بگەڕێنەوە[6]. مەسعود بارزانی دەڵێت: "من باوەڕم وایە ئیسرائیل هەر لە پێشەوە ئاگای لە پیلانەکەی جەزائیر بووە، ئەگەر نیازی پاك بووایە دەیتوانی لە ڕێگەی بەکارهێنانی قسەڕەوایی بێ سنووری خۆیەوە لای سیاسەتوانە ئەمەریکاییەکان شای ئێران ناچار بکا واز لەکردنی ئەو خیانەتە بهێنێ، بەڵام هیچی لەم بوارەدا نەکرد و لە ئاست ئەو گۆڕانەی بەسەر سیاسەتی ئەمەریکادا هات بۆ خۆی هەر تەماشای دەکرد"[7].

1) وریا رەحمانی: شۆرشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا، چاپی یەکەم، تاران، ٢٠١٣، ل ٢٤٤
2) عمار علی السمر: المصدر السابق، ص ٣٧٦
3) فاضل البراك: المصدر السابق، ص ٢١٩
4) شلومو نكديمون: المصدر السابق، ص ٢٧٨
5) فاضل البراك: المصدر السابق، ص ٢٢٦-٢٢٧
6) ايوب بارزانی: المصدر السابق، ص ٥٠٨.
7) مسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، بەشی دووەم، ل ٢١٦

## بەشی دووەم: شۆڕشی ئەیلول لە ململانێی نێودەوڵەتیدا

## باسی یەکەم: پەیوەندییەکانی شۆڕشی ئەیلول و یەکێتی سۆڤیەت

رووخانی رژێمی پاشایەتی و نزیکبوونەوەی شیوعییەکان لە قاسم، عێراقی خستە بازنەی بەرژەوەندی و پەیوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەتەوە، بۆیە ئەو وڵاتە دەیوست پارێزگاری لە سەقامگیری سیاسیی لە عێراق لە بەرژەوەندی خۆی بکات، لەو چوارچێوەشدا یەکێتی سۆڤیەت دژی ناکۆکی و تێکچونی پەیوەندی نێوان عەبدولکەریم قاسم و سەرکردایەتی کورد بوو، پێی وابوو کە تەقینەوەی ناکۆکی نێوانیان ئەنجامێکی خراپی لەسەر عێراق و بەرژەوەندییەکانی سۆڤیەت لە عێراق دەبێت[1]، قاسم لەو کاتەدا بۆ بەهێزکردنی سوپای عێراقی لە ڕووی چەك و تەقەمەنی و فڕۆکە و پێداویستیە سەربازییەکانەوە پشتی بە یەکێتی سۆڤیەت دەبەست، بەمەش عێراق ببووە بازاڕێکی باش بۆ ساغکردنەوەی چەکی سۆڤێتی[2]، بۆیە سۆڤیەت سیاسەتێکی دوولایەنەی گرتەبەر و یارمەتی هەردوولای کورد و قاسمی دەدا تا هیچ لایەکیان لە ناو نەچێت[3].

لە کاتی سەردانی بارزانیدا بۆ سۆڤیەت، بەڵێنیان پێدا بوو کە هاوکاری گەلی کورد بکەن و بە فڕۆکە چەك و تەقەمەنی بۆ بنێرن بۆ ئەو شوێنەی کە بارزانی بۆیان دیاریدەکات، بەڵام ئەم بەڵێنە لەبەر هۆکاری سیاسی و تەکنیکی جێبەجێنەکرا، لەبریدا بڕێك پارە تەرخان کرا تاوەکو شۆڕش خۆی لەڕێی قاچاخچیەکانەوە چەکی پێ بکڕێ[4]، باڵیۆزخانەی سۆڤیەت لە بەغداد ئەڵقەی پەیوەندی نێوان مۆسکۆ و بارزانی بوو، لە ڕێگەی (ناسکۆڤی) سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانەکەوە ئەو پارەیەی تەرخان دەکرا دەگەیشتە دەستی باوەڕپێکراوێکی بارزانی، کە بارزانی خۆی دەستنیشانی کردبوو[5]. ئەم پەیۆەندییەی نیوان کورد و سۆڤیەت لەگەڵ خواستەکانی پارتیدا یەکیدەگرتەوە، کە هەمیشە داوایدەکرد پەیوەندییەکانی لەگەڵ بلۆکی ڕۆژهەڵات بە گشتی و یەکێتی سۆڤیەت و چینی میللیدا بەهێز و پتەو بێت[6].

لەگەڵ هاتنەسەرکاری حوکمی بەعسیەکان لە ٨ شوباتی ١٩٦٣ دەستیان بە هەڵمەتێکی خوێناوی دژی ئەندامانی حزبی شیوعی کرد، بەمەش ئاستی پەیوەندیەکانی عێراق لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت بۆ

---

1) شکیب عقراوی: المصدر السابق، ص ٤٥

2) نفس المصدر، ٣٥

3) شکیب عقراوی: المصدر السابق، ص ٦٥

4) مسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، بەشی یەکەم، ل ٣٠

5) هەمان سەرچاوە، ل ٣٠-٣١

6) جەلال تاڵەبانی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٥

خاڵی سفر دابەزی[1]، سەدان شیوعی بە ناچاری هەڵاتن و پەنایان بۆ کوردستان هێنا و بارزانیش داڵدەی دان[2].

هەڵوێستی سۆڤیەت دوای هاتنەسەرکاری بەعسیەکان بەرامبەر بە کورد ئەرێنی و دۆستانە بوو[3]، یەکێك لە هۆکارەکانی ڕاوەدونان و ڕەشەکوژی شیوعیەکان لەلایەن بەعسیەکان و داڵدەدانیان لەلایەن بارزانیەوە بوو[4]، هەر لەۆ ماوەیەدا دوو وەفدی کورد یەکەمیان بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی و دووەمیان بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەد لەسەر بانگهێشتی یەکێتی سۆڤیەت سەردانی مۆسکۆیان کرد، سەرکردەکانی سۆڤیەت پشتیوانی ماددی و مەعنەوی خۆیان بۆ خەباتی کورد پیشاندا، لە بەرامبەردا داوایان لە کورد کرد یارمەتی حزبی شیوعی بدات بۆ رزگاربوون لەو کارەساتەی تێی کەوتبوون[5].

لە ٣ تەمموزی ١٩٦٣ لەسەر ئاماژەی سۆڤیەت نوێنەری مەنگۆلیا لە کۆمەڵەی گەلان بە فەرمی داوایکرد سیاسەتی قڕکردن کە حکومەتی عێراق دژی گەلی کورد پیادەی دەکات بخرێتە کارنامەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بە مەبەستی تاوتوێکردن و لێکۆڵینەوەی، بەڵام پاش ماوەیەك لە ژێر فشاری وڵاتانی عەرەبیدا و لەسەر داوای مۆسکۆ داواکەی خۆی کشاندەوە[6].

یەکێتی سۆڤیەت دژی هەوڵی عێراق و وڵاتانی دراوسێی بەرامبەر قڕکردنی کورد وەستایەوە، لە ٩ تەمموزی ١٩٦٣ "گرومیکۆ" وەزیری دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت هەڕەشەیەکی بۆ عێراق، ئێران، تورکیا و سوریا نارد و ڕاشکاوانە وتی "یەکێتی سۆڤیەت هەرگیز ڕازی نابێ و لە ئاستی ئەو کردەوەگەلە قەڵاچۆکارییەدا دەستەوەستان ناوەستێ کە ڕژێمی عێراق لەم شەڕەیدا دەیکات"[7]. هەر لە ١١ هەمان مانگدا نوێنەری سۆڤیەت لە ئەنجومەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری جنیف داوایکرد پرسی سیاسەتی قڕکردنی گەلی کورد لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بخرێتە کارنامەوە، پاش گفتوگۆیەکی زۆر ئەم داوایە لەلایەن فەرەنسا، بەریتانیا، ویلایەتە یەکگرتووەکان، هیند، ئوردن و چەند وڵاتێکی ترەوە رەتکرایەوە[8].

جەنگی کوردستان لە ١٠ حوزەیرانی ١٩٦٣ بۆ ١٨ تشرینی دووەمی ١٩٦٣ بەردەوامبوو، تا دەرفەت بۆ عەبدوسەلام عارف ڕەخسا بە کودەتایەکی سەربازی کۆتایی بە دەسەڵاتی بەعسیەکان بهێنێت و دەسەڵاتی بۆ خۆی قۆرخ کرد و حکومەتێکی نوێی بەسەرۆکایەتی تاهیر یەحیا پێکهێنا[9]. دانوستانڎن لە

---

1) ایوب بارزانی: المصدر السابق، ص ٢١٢.
2) کوردۆ عەلی: سۆڤیەت و بزوتنەوەی نشتمانی کورد، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ٢٠٠٩، ل ١١٥
3) ئیبراهیم جەلال: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٢
4) نازناز محەمەد عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٢
5) ئیبراهیم جەلال: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٢
6) مسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، بەشی دووەم، ل ٢٠٧؛ ایوب بارزانی: المصدر السابق، ص ٢١٧
7) مسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، بەشی دووەم، ل ٢٠٧
8) ایوب بارزانی: المصدر السابق، ص ٢٢٠
9) واحید عومەر محێدین: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٣

نێوان حکومەتی نوێ و کورد دەستی پێکردەوە و بەردەوامبوو تا ڕێکەوتنی ١٠ شوباتی ١٩٦٤ نێوان هەردوولای لێکەوەتەوە[1].

هەڵبەتە لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٤ سۆڤیەت ناوبژیوانی نێوان حکومەتی عێراق و بارزانی کرد، لە مانگی شوباتدا ئەم ڕێکەوتنەی لێکەوتەوە، بۆیە سۆڤیەت بە هەموو شێوەیەك پشتگیری لەو ڕێکەوتنە دەکرد[2]، نیکیتا خرۆشۆڤ سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت (١٩٥٥-١٩٦٤) بروسکەی پیرۆزبایی بۆ هەریەك لە عارف و بارزانی نارد[3]. لە ئەنجامی جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکانی حکومەت لە شوباتی ١٩٦٥سەرلەنوێ شەڕ لە نێوان حکومەتی عێراق و کورد هەڵگیرسایەوە[4].

ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ٢٩ حوزەیرانی ١٩٦٦ بووە مایەی خۆشحاڵی و ڕەزامەندی یەکێتی سۆڤیەت، پاش چەند ڕۆژێك بەزاز سەردانی مۆسکۆی کرد و ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی عێراق و سۆڤیەت.

بەعسیەکان لە ١٧ تەممووزی ١٩٦٨ دا کودەتایان ئەنجامدا و عەبدورەحمان عارف-یان لە سەر دەسەڵات لابرد، لە ٣٠ تەممووزی ١٩٦٨ کودەتایەکی تریان ئەنجامدا و هەستان بە دورخستنەوەی ئەوانەی کودەتای یەکەمیان لەگەڵ ئەنجامدا بوون و لە دەرەوەی حیزبی بەعس بوون[5]. لە بەیانی یەکەمی بەعسدا بەڵێنی بەهێزکردنی پەیوەندییان لەگەڵ سۆڤیەتدا دابوو[6]، هەروەها سوربونی خۆیان لەسەر چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد ڕاگەیاند[7].

لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی ناکۆکی نێوان عێراق و ئێران لە بەهاری ١٩٦٩ یارمەتیەکی سەربازی زۆر لەلایەن سۆڤیەتەوە بۆ عێراق ڕەوانەکراو پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و وڵاتانی سۆسیالستی بەگشتی بەرەوپێش چوو[8]، دیارە لەو دەمەدا ئێران لە بازنەی بلۆکی ڕۆژئاوادا دەسوڕایەوە و سۆڤیەتیش دەیوست پێگەی خۆی لە عێراق بەهێز بکات.

سۆڤیەت بە ڕێکەوتنی ١١ ئازاری ١٩٧٠ نێوان کورد و عێراق خۆشحاڵ بوو، پێداگری سۆڤیەت هۆکارێك بوو بۆ هاندانی ڕژێمی عێراق بۆ داواکردنی ڕێکەوتن و ئاشتی[9]، هەر لە سەرەتای دانوستانەوە نوێنەری یەکێتی سۆڤیەت یەگڤینی پریماگۆڤ (١٩٢٩-٢٠١٥) هەستا بە ڕۆڵی ناوبژیوانی و

1) هەمان سەرچاوەی ٢١٧ ٢ ١٤

2) کوردۆ عەلی: سەرچاوەی پێشوول ١ ١ ٧

3) هەمان سەرچاوەی ١ ٢ ٧

4) واحید عومەر محێدین: سەرچاوەی پێشوول ٢ ٦ ٩

5) نازناز محەمەد عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوول ١ ٦ ٣

6) سۆزان کەریم مستەفا: سەرچاوەی پێشوول ١ ٩ ٩

7) عبدالفتاح علی البوتانی: المصدر السابق ٠ ٤ ١.

8) نفس المصدر ١ ٦ ٣

9) نازناز محەمەد عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوول ١ ٧ ٨

سەردانی بەغداد و بارزانی کرد بە مەبەستی دانوستان و گەیشتن بە ڕێکەوتن[1]. لە دوایٔ ڕاگەیاندنی ڕێکەوتنەکەش بە خۆشحاڵیەوە پێشوازی لەم ڕێکەوتنە کرد[2].

دوای هاتنەسەرکاری پارتی بەعس، پەیوەندیەکان و لێکنزیکبونەوەی عێراق و سۆڤێت لە بەهێزبووندا بوو، سۆڤیەت دەیویست پێگەی خۆی بەهێز بکات و سود لە عێراق وەرگرێت لە ململانێی لەگەڵ بلۆکی ڕۆژئاوا، وەفدێکی سۆڤێت لە ٧ نیسانی ١٩٧٢ دا بە سەرۆکایەتی "ئەلیکسی کۆسگین" ی سەرۆك وەزیرانی سۆڤێت گەیشتە بەغداد و لە ٩ نیساندا پەیمانی دۆستایەتی و هاوکارییان بۆ ماوەی ١٥ ساڵ واژۆ کرد، وێڕای ئەوەی دەستی لە پەترۆڵی عێراق گیرکرد، هەروەها نزیکەی هەموو چەك و تفاقی جەنگی عێراق لە سۆڤێت دەکڕدرا. لە بەرامبەر ئەمەشدا چاوپۆشی لە جێبەجێکردنی ڕێکەوتنی یانزەی ئازار کرد[3].

ئەوەی وایکرد سۆڤیەت زیاتر گرنگی بەعێراق بدات دەرکردنی سۆڤیەت بوو لە میسر لەلایەن ساداتەوە لە ساڵی ١٩٧٢، بەمەش زیاتر خۆی لە عێراق نزیککردەوە بە تایبەتی پاش ئەوەی دڵنیابوو ڕێژەیەکی زۆر یەدەکی نەوت لە عێراقدا هەیە[4].

ئەم پەیمانە نیشانەی گۆرانی سیاسەتی سۆڤیەت بوو بەرامبەر بە عێراق، تا ئەو کاتە هەوڵیدەدا لە نێوان کورد و ڕژێمی عێراقدا هاوسەنگی ڕابگرێت، بەڵام پاش بەستنی پەیوەندی لەگەڵ عێراق لە پرسەکانی تر لەلای گرنگتر بوو. حکومەتیش کوردی بە یەکێك لە کۆسپەکانی بەردەمی دەزانی دەیویست کورد لە ململانێکەدا بە تەنیا بهێڵێتەوە و سۆڤیەت و حزبی شیوعی لە کورد دوور بخاتەوە[5].

یەکێیی سۆڤیەت کاری دەدکرد بۆ دروستکرنی بەرەیەك لە نێوان حزبی بەعس شیوعی و کورد، لە چوارچێوەی پاڵپشتیکردنی لە دەوڵەتی عێراق[6]، بە هەوڵ و فشاری یەکێتی سۆڤیەت حزبی شیوعی ڕازی بوو بەشداریکرد لە بەرەی نیشتمانی پێشکەوتنخوازدا، لە بەرامبەریشدا بە دوو وەزیر لە حکومەتدا بەشداری پێکرا[7]. هاوکات سۆڤیەت فشاری دەخستە سەر پارتی تا ڕازی بکات بۆ بەشداریکردن لەو بەرەیەدا، بەڵام پارتی داواکەی (کۆسگین)ی ڕەتکردەوە و بەشداری نەکرد، لە لەلایەکی تریشەوە دەزگای هەواڵگری سۆڤیەت لە دروستبوونی پەیوەندی کورد و ئەمریکا ئاگادار بوو، بۆیە پەیوەندی و یارمەتیەکانی سۆڤیەت بۆ کورد بڕدرا، کە هەر لە ساڵی ١٩٦١ تا ١٩٧٢ بەردەوام هاتووە و لە چارەکە

1) شکیب عقراوی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٣ ٢٦٤
2) سۆزان کەریم مستەفا: سەرچاوەی پێشوول ٢١٦
3) هەمان سەرچاوە، ل ٣٠١
4) نازناز محەمەد عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوول ١٩٩
5) کوردۆ عەلی: سەرچاوەی پێشوول ٣ ٣ ١
6) نازناز محەمەد عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوول ١٦٣
7) شکیب عقراوی: المصدر السابقص ٤٥ ٣

ملیۆنێك دۆلارەوە دەستی پێکردووە تا لە ساڵی ١٩٧٢ گەیشتە یەك ملیۆن دۆلار()، وەك دەبینین کورد لە نێوان ململانێی نێودەوڵەتی هەردوو بلۆکی رۆژهەڵات و رۆژئاواد بوو، رەنگە بێتوانایی لە راگرتنی هاوسەنگی لە نێوان ئەو دوو بلۆکە وای کردبێت دواجار کورد بەلای بلۆکی رۆژئاوادا بشکێتەوە.

لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٧٤ دا دانوستانی نێوان حکومەت و نوێنەرانی کورد کۆتایی هات، ٣ ڕۆژ دواتر حکومەتی ناوەندی تاك لایەنە لە ٢٦ ئازاری ١٩٧٣ یاسای ئۆتۆنۆمی راگەیاند()، شەڕ بە قورسی دەستی پێکردەوە و تا ساڵی ١٩٧٥ بەردەوامبوو(). ٣

سۆڤیەت هەوڵیدا رێگە لە سەرهەڵدانی شەڕ بگرێتەوە، چونکە سەرهەڵدانەوەی شەڕ لە بەرژەوەندی سۆڤیەت نەبوو، سەرکەوتنی کورد مانای سەرکەوتنی بلۆکی ڕۆژئاوا بوو بەسەر بلۆکی رۆژهەڵات (سۆڤیەت)دا، بۆ ئەو مەبەستە گەشتەکانی بریماکۆف بۆ شاری بەغداد بەردەوامبوو، بەڵام ئەنجامێکی ئەرێنی لێنەکەوتەوە()، لە لایەکی تریشەوە سۆڤیەت لە عێراق دڵنیانەبوو لە کاتی سەکەوتنیدا و بەو داهاتە زۆرەی لە نەوت بەدەستی دێنێت بە هەمان شێوەی میسر پشتی تێنەکات و باردۆخی ناوچەکە گرژ نەبێت()، لەگەڵ ئەوەشدا سۆڤیەت بەردەوامبوو لە یارمەتیدانی عێراق و پێشکەوتووترین چەکی خۆی پێدا، وەك فرۆکەی tu22 سۆخۆی و میگی ٢٥ و تۆپی ١٣٠ ملم و ١٥٢ ملم موشەکی سام و تانکی T62 کە دوایین جۆری تانکی سۆڤیەت بوو. وێرای ئەوەی ئەفسەر و کادیری بواری سوپا و فرۆکەوانی هاوکاری سوپای عێراق و سەرپەرشتی ئەو بۆردومانانەی کوردستانیان دەکرد(). ٦

بە شێوەیەکی گشتی سەرهەڵدانەی جەنگ لە کاتێکدا بوو کە کورد پشتیوانی یەکێتی سۆڤیەت و حزبی شیوعی لە دەستدابوو، بە هۆی دژایەتی پارتی بۆ شیوعیەکان و قەدەغەکردنی چالاکیەکانیان بەهۆی چوونی شیوعی بۆ ناو بەرەی نیشتمانی و نزیکبوونەوەی زیاتری پارتی لە ئێران و هاوپەیمانەکانی لە بلۆکی رۆژئاوا()، دواجاریش شۆڕشی ئەیلول لە نێوان ئەم ململانێیەدا تووشی نسکۆ هات و هیچکام لە بلۆکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا رێگریان لەو نسکۆیە نەگرت.

## باسی دووەم: پەیوەندییەکانی شۆڕشی ئەیلول و ئەمەریکا

مستەفا بارزانی هەر لە سەرەتاوە پێی وابوو دەبێت پشتیوانی یەك لە دوو زلهێزەکەی جیهان (ئەمریکا و سۆڤیەت) بەدەست بهێنێت، لەوکاتەی لە سۆڤیەت گەڕابووەوە هەرچەندە پارێزگاری لە

---

1) مسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، بەشی دووەمل ٢٠٨

2) هەمان سەرچاوەل ٤٠٤

3) نازناز محەمەد عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوول ٢٠٤

4) شکیب عقراوی: المصدر السابقص ٥٦ ٣

5) نازناز محەمەد عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوول ٢٠٣

6) سۆزان کەریم مستەفا: سەرچاوەی پێشوول ٣٠٤

7) ایوب بارزانی: المصدر السابقص ٥٣ ٣.

پەیوەندی لەگەڵ سۆڤییەت کردبوو، بەڵام هاوکات بە نهێنی هەوڵی بەدەستهێنانی پشتیوانی ئەمریکای دا، بارزانی ئەم کارەی بە (ئەحمەد تۆفیق) سپارد، ئەویش دووجار هەوڵیدا، جارێك لەرێی تارانەوە جارەکەی تر لەڕێی بەیروتەوە، ئەوەبوو دواجار توانی ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی (دانا ئادەمز شمیدت) لەگەڵ خۆی بهێنێتە کوردستان، شمیدت چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ مستەفا بارزانی ئەنجامدا، لەو چاوپێکەوتنەدا، بارزانی ڕەخنەی خۆی ئاراستەی کاربەدەستانی ئەمریکی و سۆڤیەتی کرد، بەوەی لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیاندا هیچ ئاوڕێك لە گەلانی ژێردەستە نادەنەوە[1].

لەو کاتەدا، دبلۆماتە ئەمریکییەکان پێیان وابوو بەپێی ئەو پابەندبوون و بەرژەوەندییانەی ئەمریکا لەگەڵ تورکیا و ئێران هەیەتی، نەك ناتوانن یارمەتی کورد بدەن، بەڵکو ناتوانن تەنانەت هاوسۆزی خۆشیان بۆ کورد دەرببڕن. لەگەڵ ئەوەدا ئەو کوردە بارزانییانەی دوای دوانزە ساڵ لە یەکێتی سۆڤیەت گەڕابوونەوە، ئەمریکا وەك بەکرێگیراوی سۆڤیەت سەیری دەکردن[2].

هەر لە سەرەتای دەستپێکی شۆڕشی ئەیلولەوە، پارتی لە هەوڵدابوو پاڵپشتی ئەمەریکا بەدەستبێنێت، یەکێك لە بەڵگەنامە ئەمریکییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بەرپرسی کاروباری بەغدای پارتی، لە ڕێکەوتی ١٨ ئەیلولدا داوای هاوکاری و پاڵپشتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای بە پارە و چەك بۆ شۆڕشەکەیان کردووە، بەڵام ئەم کاربەدەستەی (پ. د. ك) لەوە ئاگادارکرایەوە کە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی و ئەمەریکا سەبارەت بە کورد هیچ گۆرانێکی بەسەردا نەهاتووە. بەپێی یاداشتنامەیەکی کاربەدەستی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا (ڕۆبێرت سترۆنگ) بۆ وەزیری دەرەوە لە ڕێکەوتی ١١ ئەیلول ١٩٦٢ لە بارەی هەڵوێستی گشتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەبارەت بە کێشەی کورد لەناو عێراقدا بە کێشەیەکی ناوخۆیی دەزانێت و دەبێت هەر لە ئاستی ناوخۆیی چارەسەر بکرێت. دواتر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەمەریکا بەهیچ شێوەیەك پشتیوانی لە جوڵانەوەی کوردەکان دژی حکومەتی عێراقی ناکات[3]، وەك دەبینین لەو قۆناغەدا ئەمەریکا لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانیدا کە لەگەڵ دۆستەکانی ئێران و تورکیا هەیبوو نەیویستووە هیچ پاڵپشتییەکی دۆزی کورد بکات، چونکە هەر بە ئامانج گەیشتنێکی کورد لە عێراق کاریگەری راستەوخۆی لەسەر جوڵانەوەی کورد لە ئێران و تورکیا دەبێت.

لە ٨ شوباتی ساڵی ١٩٦٣ بەعسیەکان بە هاوکاری و پاڵپشتی ئەمریکا لە ڕێگەی ئەنجامدانی کودەتایەکی سەربازییەوە کۆتاییان بە فەرمانڕەوایی قاسم هێنا و عەبدوسەلام عارف بوو بە سەرۆك کۆماری عێراق[4]، شۆڕشی کورد یەکێك بوو لەو هۆکارە کاریگەر و گرنگانەی بووە هۆی ڕوخانی ڕژێمی

---

(١) گۆران ئیبراهیم سالّح: دۆزی کورد لە پەیوەندییەکانی ئەمریکاو عێراقدا ٦/ ئازاری ١٩٧٥- ٢/ ئابی ١٩٩٠، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣، ل ٥٣ ٥٤

(٢) گۆران ئیبراهیم سالّح: سەرچاوەی پێشوول ٥ ٤

(٣) هەمان سەرچاوەی ل ٤ ٥٥٥

(٤) ایوب بارزانی: المصدر السابق ٣ ١ ٢.

عەبدولکەریم قاسم[١]، لەدوای گودەتاکەشەوە هەریەك لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا لە ١٠ شوبات و یەکێتی سۆڤیەتیش لە ١١ شوباتدا بە فەرمی دانیان بە حکومەتی نوێی عێراقدا نا[٢].

هەرچەندە هەوڵەکانی پێشوو ئەنجامێکی ئەوتۆی لێنەکەوتەوە، بەڵام بارزانی هەر لە هەوڵدان بەردەوام بوو تا پاڵپشتی ئەمەریکا بۆ شۆڕشی ئەیلول بەدەستبێت، لەو چوارچێوەدا لە نیسانی ١٩٦٣ مستەفا بارزانی لە ڕێگەی جەلال تاڵەبانییەوە باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغدا ئاگادار دەکاتەوە لەوەی کە داوای پەیوەندی دۆستانە و یارمەتی شۆڕشی کورد لە ئەمریکا دەکات، هەروەها خوازیارە لەگەڵ نوێنەری ئەمریکا چاویان بە یەکتر بکەوێت، بەڵام لە وەڵامدا باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا بە جەلال تاڵەبانی وت "ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کێشەی کورد بە کێشەیەکی نێوخۆیی عێراق دەزانێت و بە هیچ جۆرێك یارمەتی کورد نادات و هیچ کاربەدەستێکی ئەمریکاش ناتوانێت چاوی بە مستەفا بارزانی بکەوێت"[٣].

لە هەوڵێکی تردا لەپێناو پشتگیریکردن لە دۆزی کورد، بارزانی لە ڕێکەوتی ١٨ تەموزی ١٩٦٣ نامەیەکی لە ڕێگەی باڵیۆزی ئەمریکا لە تاران ئاراستەی سەرۆك جۆن کەنەدی (١٩٦١-١٩٦٣) کرد، بەڵام بەپێی بۆچوونی باڵیۆزحانەی ئەمریکا لە تاران، هەرچەشنە وەڵامدانەوەیەکی نامەکەی بارزانی لەلایەن سەرۆکەوە پێدەچێت زیان بە پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و عێراق بگەیەنێت، هەر بەو هۆیەوە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا هیچ جۆرە وەڵامێکی نامەکەی بارزانی نەدایەوە. بەدەمەوەنەهاتنی ئەمەریکا وای لە بارزانی نەکرد بێئومێد بێت، بۆیە لە ڕێگەی کەناڵی جۆراوجۆرەوە بەردەوام بوو لە هەوڵەکانی، ئەمجارەیان شەوکەت عەقراوی و لوقمان بارزانی وەك نوێنەری خۆی نارد بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام بەپێی بروسکەی ژمارە ٢٩٢٤ ڕێکەوتی ٢ حوزەیرانی ١٩٦٤ باڵیۆززخانەی ئەمریکا لە قاهیرە، هەوڵی نوێنەرانی کورد لە واشنتۆن هیچ دەستکەوتێکی نابێت و کاتی خۆیان بەفیڕۆ دەدەن[٤]. هەروەك لە بروسکەیەکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کە لە ٥ حوزەیرانی هەمان ساڵدا کە بۆ باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی لە عێراق ناردووەو تیایدا هاتووە کە "نە شەوکەت عەقراوی و نە لوقمان بارزانی ناتوانن ببنە نوێنەری بەرژەوەندییەکانی کورد لە واشنتن. با لەخۆڕا ئەو بارودۆخە ناسکەی کورد نەوروژێنن بە هۆی گفتوگۆکردن و دانوستانمان لەگەڵ چەند کەسێکی نەتەوەپەرستی کورددا"[٥].

پاشان لە ١٢ نیسانی ١٩٦٥، شاندێکی کورد کە لە شەمسەدین موفتی و مەسعود بارزانی پێکهاتبوو، نامەیەکی زارەکی دەگەیەننە باڵیۆخانەی ئەمریکا لە ئێران، کە داوای هاوکاری دارایی سەربازیی ئەمریکیان بۆ شۆڕشی کورد دەکرد، لەربەرامبەر ئەمریکا پێی ڕاگەیاندن کە پرسی کورد کێشەیەکی

---

(١) واحید عومەر محێدین: سەرچاوەی پێشووڵ ١٠٣

(٢) گۆران ئیبراهیم ساڵح: سەرچاوەی پێشووڵ ٦٠

(٣) هەمان سەرچاوەڵ ٧٠

(٤) هەمان سەرچاوەڵ ٧١-٧٣

(٥) وەرگیراوە لە شیرین فواد مەعسوم: کوردو ئەمریکا، پەرەسەندنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر بە کوردی عێراق ١٩١٨-٢٠٠٦، وەرگێرانی رزگاری عومەر عەلی، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، ٢٠٢٠ی ١٥١

ناوخۆییە و ئەمریکا هیچ دەسەڵاتێکی لەو پرسەدا نییە، هەروەك باڵیۆزخانەی ئەمریکاس لە تاران ئاگادارکرایەوە کە بەهیچ جۆرێك گفتوگۆ لەگەڵ ئەو شاندانەدا کە بارزانی دەیاننێرێت گفتوگۆ نەکەن[١].

جارێکی تریش مستەفا بارزانی لەپێناو بەدەستهێنانی پشتیوانی و پشتگیریی ئەمریکا، نامەیەکی بە د. مەحمود دا بۆ سەرۆکی ئەمریکا لیندۆن جۆنسن (١٩٦٣-١٩٦٩) نارد، لە نامەکەدا مستەفا بارزانی داوا لە بەرپرسانی باڵای ئەمریکی دەکات بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە عێراقدا هەیانە رێگا چارەیەکی ئاشتی بۆ کێشەی کورد لە عێراقدا بدۆزنەوە، بەڵام بەپێی یاداشتێکی کۆشکی سپی بە رێکەوتی ٩ ئایار ١٩٦٦ ئاماژە بەوە کراوە کە بەهیچ جۆرێك وەڵامی ئەو داواکارییانە نەدرێتەوە[٢].

دوایەمین هەوڵی دبلۆماسی بارزانی لەو ماوەدا بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی و کۆمەکی ئەمەریکا، ناردنی نامەیەك بوو لە مانگی حوزەیرانی ١٩٦٩ بۆ بەرپرسانی ئەمەریکا، نامەی بە شەفیق قەزاز نوێنەری شۆڕشی کورد لە واشنتۆن نارد بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا و دواتر نامەکە گەیشتە دەست (تالکۆت سیللی) بەرپرسی هۆبەی عێراقی لە وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە، لەو نامەیەدا دوای ئەوەی بارزانی هەوڵی دابوو ئازار و نەهامەتییەکانی گەلی کورد و ئاسوری بۆ حکومەتی ئەمەریکی روونبکاتەوە، داوای پاڵپشتی و کۆمەکی ئەمەریکای بۆ خەباتی گەلی کورد و ئاسوری دژ بە حکومەتی عێراقی کردبوو، لەمیانی ئەو سەردانەی شەفیق قەزازدا بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، چەند کەسایەتییەکی ئاسوری هاوەڵییان کرد، دواجار لەگەڵ ئەوەی (سیللی) خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەو دانیشتنە لەگەڵ قەزاز و هاوەڵەکانی دەربڕی، دواتر قەزازی لەوە دڵنیاکردەوە کە وێڕای هاوخەمی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەگەڵ کێشەی کورد و ئاسورییەکان، بەڵام ئامادە نییە بە نهێنی یاخود بە ئاشکرا پشتیوانی لە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی و ئاسوری بکات[٣].

لە کۆی گشتیی ئەوەی خرایە ڕوو، روونده‌بێتەوە بارزانی لە رێگەی کەناڵی دبلۆماسی جۆراوجۆرەوە هەوڵیداوە نەهامەتی گەلی کورد و مافەکانی بگەیەنێتە بەرپرسانی ئەمەریکا و پاڵپشتی ئەو وڵاتە مسۆگەر بکات، چونکە درکی بە رۆڵ و کاریگەری ئەو وڵاتە لە ململانێکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردبوو، بەڵام هەوڵەکانی سەرکەوتوو نەبوون لە مسۆگەرکردنی پاڵشتی ئەمەریکا، ئەمەریکاش لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئێران، تورکیا و عێراق و ململانێی نێوان هەردوو بلۆکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بە رێبەری ئەمەریکا دەیڕوانییە دۆزی کورد، نەك وەك دۆزی گەلێکی ستەملێکراو، بۆیە وەڵامی ئەرێنی نەبوو بۆ داواکارییەکانی بارزانی، بەڵام دوابەدوای بەیانی یانزەی ئازار و نزیکبوونەوەی عێراق لە سۆڤییەت، ئەمەریکا بە جۆرێکی تر مامەڵە لەگەڵ بارزانی و شۆڕشی ئەیلول دەکات، هەڵبەتە تاران و واشنتۆن لەلای خۆیانەوە بە گومان و دوودڵیەوە لەو پەرەسەندنەی پەیوەندییەکانی (عێراق-سۆڤیەت)یان دەڕوانی، لەم کاتەشدا دەرکەوت کە گەڕانی کورد بەدوای هاوپەیماندا لەگەڵ بەرژەوەندی ئێرانی- ئەمریکیدا کە بریتی بوو لە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سۆڤێت

---

1) هەمان سەرچاوە، ل ١٥٥ ١٥٦

2) گۆران ئیبراهیم سالح: سەرچاوەی پێشوول ٦ ٧.

3) هەمان سەرچاوەل ٦ ٧- ٧٧

له ناوچەکەدا یەکیدەگرتەوە[1]. ریچارد نیکسۆن سەرۆك ئەوکاتی ئەمریکا، مانگێك دوای واژۆکردنی ڕێکەوتننامەی دۆستایەتی و هاوکاری سۆڤێت و عێراق، سەردانی مۆسکۆی کرد و لەوێشەوە لەسەر بانگهێشتی شا بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر سەردانی تارانی کرد بە ئامانجی داڕشتنی پلانێك بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو ڕێکەوتننامەیە، یارمەتیدانی کوردیش یەکێك لە پلانە سەرەکیەکان بوو لەسەر پێشنیار و داخوازی شا[2].

ئیدارەی ریچاردنیکسۆن (١٩٦٩-١٩٧٤) لە ساڵی ١٩٧٢ وەڵامی پێشنیاری شای ئێرانی دایەوە بە یارمەتیدانی بزووتنەوەی کوردی بە پارە و چەك[3]. هنری کێسنجەر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە یاداشتەکانیدا بەناوی "ساڵانی کۆشکی سپی" لەوبارەوە نووسیویەتی: "کۆمەکیکردنی بارزانی سیاسەت یاخود دەستپێشخەریەکی ئەمەریکی نەبوو، بەڵکو ئامانج لێی ڕازیکردنی هاوپەیمانی هەرێمی بوو، کە هەستی بە مەترسی دەکرد لە لایەن ڕژێمی عێراقی شوێنکەوتووی سۆڤێتەوە"[4]، ئەمە ئاماژەیەکی روونە کە چۆن ململانێی نێودەوڵەتی و هەرێمی هۆکاری پاڵشتی ئەمەریکا بوو لە بارزانی و شۆڕشی ئەیلول.

لە ٢٢ حوزەیرانی ١٩٧٢ جەنەراڵ مەنسور پوور نامەیەکی لە شاوە بۆ بارزانی هێنا، ئاماژەی بەوە کردبوو کە سەرۆکی ئەمەریکا ڕەزامەندی لەسەر یارمەتیدانی شۆڕش پیشانداوە، هەروەها ئەمەریکا داوا لە بارزانی دەکات شاندێکی باڵا بنێرێ بۆ دەستنیشانکردنی ئاسۆی پەیوەندی و چۆنیەتی یارمەتیەکان، لە ٢٦ حوزەیراندا "د. مەحمود عوسمان" و "ئیدریس بارزانی" چوون بۆ تاران و پاش پێشوازیکردنی شا لێیان چوون بۆ واشنتۆن[5].

شاندی باڵای شۆڕشی کورد لە واشنتۆن لە (٣٠ حوزەیرانی ١٩٧٢) چاویان بە هەریەك لە (ریچارد هێڵمز) بەڕێوەبەری (C.IA) و (ریچارد کەنەدی) یاریدەدەری (هنری کیسنجەر) لە ئەنجومەنی ئاسایشی ئەمریکی کەوت، لە ئەنجامی گفتوگۆکانی نێوان هەردوولادا، واشنتۆن بڕیاریدا کە یارمەتی و کۆمەکی کورد بکات و پەیوەندی لەگەڵیان هەبێت، بەو مەرجەی پەیوندییەکە تەواو نهێنی بێت[6]. ئەم پشتگیرییە داراییە کاتیەش لەلایەن ئاژانسی هەواڵگری ئیسرائیل (مۆساد) و ئاژانسی هەواڵگری ئێران (ساواك)هوە پێشکەش بە کورد کرا[7].

---

(1) د. گوینتەر دێشنەر: کورد: گەلێکی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، وەرگێڕانی، حەمە کەریم عارف، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩، ل ٢٣٥

(2) نازناز محممەد عەبدولقادر: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٦ ١٩٧

(3) ڕێبوار کریم محمود: العلاقات العراقية-الامريكية منذ عام ٩٨٩ و افاقها المستقبلية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٧، ص ٢٥

(4) وەرگیراوە لە د. عوسمان عەلی: ئایندەی پەیوەندییەکانی ئەمریکاو کورد ئایا کوردستان دەبێتە کۆڵۆنییەکی ئەمەریکی، وەرگێڕانی بەرزانی مەلا تەها، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٤٩ ٥٠

(5) مسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، بەشی دووەم، ل ٢١١ ٢١٢

(6) گۆران ئیبراهیم ساڵح: سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٣ ٩٤

(7) د. عوسمان عەلی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠

ئەمەریکا بڕی ١٦ ملیۆن دۆلاری بە شێوەیەکی سەرەتایی بۆ یارمەتی کورد تەرخان کرد، لە کۆتاییەکانی ١٩٧٢ ئەو بڕیارە جێبەجێکرا، ٦ ملیۆن دۆلاری بە شێوەی نەختینە وەرگیرا و ئەوی تریشی تەرخان کرا بۆ نرخی ئەو چەکانەی دەکڕدرێ[1]، یارمەتییەکانی ئەمەریکا بۆ کورد سنوردار بوو، مەبەستی نیکسۆن و شا سەرکەوتنی کورد نەبوو، بەڵکو بەردەوامبوونی شۆڕشی کورد بوو بۆ لاوازکردنی حکومەتی عێراق هاوپەیمانی یەکێتی سۆڤییەت[2]. بۆیە کاتێك ململانێی نێوان عێراق ئێران بە ڕێکەوتنی جەزائیر کۆتایی هات، ئەمەریکاش دەستبەرداری هاوکاری و پاڵپشتی شۆڕشی ئەیلول بوو.

## ئەنجام

لەم توێژینەوەدا توێژەران بەم ئەنجامانە گەیشتوون:

1- شۆڕشی ئەیلول لە ماوەی بەردەوامبوونیدا کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لەسەر ڕووداوەکانی عێراق، بە شێوەیەك لە ساڵانی شەستەکاندا یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی هەموو ئەو کودەتا و گۆرانکاری و ئاڵوگۆڕانە بوو کە لە عێراقدا ڕوویانداوە.

2- هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لە ساتەوەختێکی مێژوویدا بووە، کە سیستەمی سیاسی جیهان بریتیبوو لە سیستەمی دوو جەمسەری، لە کاتی جەنگی ساردا بووە، ڕەنگدانەوەی جەنگەکەی پێوە دیار بووە و بۆتە بەشێك لە ململانێی هەرێمی نێو دەوڵەتی و لەلایەن ئەو وڵاتانەوە وەك کارتێکی فشار بەکارهێنراوە.

3- لە ماوەی ئەم شۆرشەدا زۆرترین دانوستاندن لە نێوان شۆڕشی کورد و حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقدا ئەنجامدراوە، بە جۆرێك لە کاتی ئەنجامدانی کودەتا و گۆرانی دەسەڵات لە عێراقدا، حکومەت پەنای بۆ دانوستاندن بردووە، چەندین ڕێکەوتنامە و دواجار بەیانی ١١ ئازاری لێکەوتۆتەوە، لە هەموو دانوستاندن و ڕێکەوتنێکدا، یەکێتی سۆڤیەت و تارادەیەك میسر لەگەڵی بوون و وڵاتی ئیسرائیل و بە تایبەتی ئێران لە دژی بووە.

4- سەرکردایەتی شۆرشی ئەیلول هەوڵیداوە پەیوەندی لەگەڵ زۆرترین وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی ببەستێت و لە بەرژەوەندی خۆی سودیان لێوەربگرێت، لەبەر هەژاری شۆڕش لە ڕووی دارایی و کەمی پێداویستیەکانەوە، یارمەتی و هاوکاری هەموو وڵاتێکی وەرگرتووە، بەبێ گوێدانە ئایدۆلۆژیا و ئاراستەی سیاسی ئەو وڵاتانە، ئەوەش زۆر جار بووەتە مایەی لاوازی شۆڕش و کەوتۆتە ژێر کاریگەری و فشاری ئەو وڵاتانەوە.

5- سیاسەتی ئەو وڵاتانەی یارمەتی مادی و مەعنەوی شۆڕشیان داوە سیاسەتێکی تاکتیکی بووە، نەك ستراتیژی، مەبەستیان بەکارهێنانی کورد لە ململانێ هەرێمی نێودەوڵتیەکاندا بووە وەك کارتی فشار

1) مسعود بارزانی: سەرچاوەی پێشوو، بەشی دووەم ل ٢١٢

2) بيتر جی. لامبرت: المصدر السابق ٠ ٧

لەبەرامبەر نەیارەکانیاندا، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و هاوپەیمانەکانیان لە عێراق و ناوچەکەدا.

6- دوای ڕێکەوتنی هەردوو ولاتی عێراق و ئێران و بەپێی ڕێکەوتننامەی جەزائیر بە هاوکاری و ڕەزامەندی هاوپەیمانەکانیان، دواجار هەموو ئەو وڵاتانە کۆتاییان بە پەیوەندی و هاوکاری و پشتیوانییەکانیان هێنا، بەوەش کۆتایی بە شۆڕشی ئەیلول هات و بوو بە قوربانی بەرژەوەندی ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان.

# سەرچاوەکان:

## یەکەم/ کتێب:

### أ. کوردییەکان


1. **ئامانج حەسەن ئەحمەد: برایم ئەحمەد ڕۆڵی لە بزاڤی ڕزگاریخوازیو ڕووناکبیریی گەلی کورددا ١٩١٤-٢٠٠٠، چاپخانەی ڕەنج، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٩.**
2. **ئیبراهیم جەلال: خواروی کوردستانو شۆرشی ئەیلول بنیاتنانو هەڵتەکاندن ١٩٦١-١٩٧٥، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی شێنێ، ١٩٩٨.**
3. **تشارلز تریب: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی عێراق، وەرگێڕانی محەمەد حوسێنو عەبدولقادر کەلهور، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠.**
4. **جەلال تاڵەبانی: کوردستانو بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، وەرگێڕانی، ح-ا، کتێبخانەی جەمالی عەلی باپیر، ٢٠١١.**
5. **جەمال نەبەز: کوردستان و شۆرشەکەی، چاپی سێیەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٧.**
6. **حوسێن محەمەد عەزیز: پێنج کاتژمێر لەگەڵ (برایم ئەحمەد) دا، چاپی سێیەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٢.**
7. **سەلام عەبدولکەریم: ژیانی سیاسی لە باشوری کوردستان ١٩٧٥-١٩٩١، چاپی یەکەم، چاپو بڵاوکردنەوەی چوارچرا، ٢٠١١.**
8. **سۆزان کەریم مستەفا: بەعسیزمو کورد ١٩٤٧-١٩٧٥، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو پەخشی حەمدی، مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)، سلێمانی، ٢٠٠٧.**
9. **شیرین فواد مەعسوم: کوردو ئەمریکا، پەرەسەندنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر بە کوردی عێراق ١٩١٨-٢٠٠٦، وەرگێرانی رزگاری عومەر عەلی، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، ٢٠٢٠.**
10. **عەبدوڵڵا ئەحمەد رەسول پشدەری: شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ دژی ڕژێمی قاسم، بەشی دووەم، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، سلێمانی، ٢٠٠٧.**
11. **عەلی تەتەر نێروەیی: بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە ساڵانی جەنگی عێراق ئێراندا ١٩٨٠-١٩٨٨، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨.**
12. **عوسمان عەلی: ئایندەی پەیوەندییەکانی ئەمریکاو کورد ئایا کوردستان دەبێتە کۆلۆنییەکی ئەمەریکی، وەرگێڕانی بەرزانی مەلا تەها، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠١٠.**
13. **عیسی پەژمان: نهێنیەکانی پەیمانی شومی ئەلجەزائیر ١٩٧٥، وەرگێرانی ناصری ئیبراهیمی، سوئید، ١٩٩٧.**

14. فیبی مار: مێژووی نوێی عێراق، وەرگێڕانی حەمە شەریف حەمە غەریب‌و شێرکۆ ئەحمەد حەویز، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.
15. کەمال مەزهەر: کوردو کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیادا، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی گرین گلۆری، لوبنان، ٢٠٠٩.
16. کوردۆ عەلی: سۆڤیەت‌و بزوتنەوەی نشتمانی کورد، چاپی دووەم، دەزگای چاپ‌و پەخشی حەمدی، ٢٠٠٩.
17. گوینتەر دێشنەر: کورد: گەلێکی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، وەرگێڕانی، حەمە کەریم عارف، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩.
18. گۆران ئیبراهیم ساڵح: دۆزی کورد لە پەیوەندییەکانی ئەمریکاو عێراقدا ٦/ ئازاری ١٩٧٥- ٢/ ئابی ١٩٩٠، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣.
19. مسعود بارزانی: بارزانی‌و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد شۆرشی ئەیلول١٩٦١-١٩٧٥، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.
20. مسعود بارزانی: بارزانی‌و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١-١٩٧٥، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.
21. مەعد فەیاز: بەشێك لە بیرەوەریەکانی مام جەلال، وەرگێڕانی سۆران عەلی، چاپی، یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك، کەرکوك، ٢٠٠٩.
22. مەهدی محمد قادر: پێشهاتە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥-١٩٥٨، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥.
23. موحسین دزەیی: وێستگەکانی ژیانم، وەرگێڕانی ئیسماعیل بەرزنجی، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.
24. مێڤان عارف بادی: موقف الاحزاب السیاسیة العراقیة من القضیة الکوردیة (١٩٤٦-١٩٧٠)، الطبعة الاولی، مطبعه خانی، دهوك، ٢٠٠٨.
25. نازناز محەمەد عەبدولقادر: سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراق ١٩٦١-١٩٧٥، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.
26. نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەنای دانوبەوە بۆ خڕی ناو زەنگ دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٥-١٩٧٨، ١٩٩٧.
27. واحید عومەر محێدین: دانوستانەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردو حکومەتەکانی عێراق (١٩٢١-١٩٦٨)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦.
28. وریا رەحمانی: شۆرشی ئەیلول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا، چاپی یەکەم، تاران، ٢٠١٣.

### ب. عەرەبییەکان:

29. ایوب بارزانی: الحرکة التحرریة الکوردیة و الصراع القوی الاقلیمیة والدولیة ١٩٥٨-١٩٧٥، دار نشر حقائق المشرق، جنیف.

30. عبدالفتاح على البوتانى: موقف الاحزاب السياسية العراقية من القضية الكوردية ١٩٤٦-١٩٧٠، الطبعة الاولى، مطبعة خانى، دهوك، ٢٠٠٧.
31. شكيب عقراوى: سنوات المحنة فى كردستان. أهم الحوادث السياسية والعسكرية فى كردستان والعراق من ١٩٥٨ الى ١٩٨٠، الطبعه الاولى، مطبعه منارة، أربيل، ٢٠٠٧.
32. بيتر جى. لامبرت: الولايات المتحده والكورد دراسه حالات عن تعهدات الولايات المتحده، ت، مركز الدراسات الكورديه وحفظ الوثائق/ جامعه دهوك، الطبعه الاولى، مقبعه خانى، دهوك، ٢٠٠٨.
33. تلار على امين: موقف تركيا من القضية الكردية فى العراق ١٩٣٧-١٩٧٥، مطبعة بينايى، السليمانية، ٢٠١١.
34. سعيد خديده علو: العلااقات العراقيه الايرانيه واثرها فى القضية الكوردية فى العراق ١٤ تموز ١٩٥٨- ٨ شباط ١٩٦٣، الطبعة الاولى، مطبعة حجى هاشم، اربيل، ٢٠٠٦.
35. شلومو نكديمون: الموساد فى العراق ودول الجوار انهيار الامال الاسرائيلية والكردية، ترجمة بدرعقيلى، الطبعة الثانية، دار الجليل للنسر، عمان، ٢٠٠٤.
36. عبدالجليل صالح موسى: جمال عبدالناصر والقضيه الكورديه فى العراق ١٩٥٢- ١٩٧٠، الطبعة الاولى، مطبعة محافڤة دهوك، دهوك، ٢٠١٣.
37. عمار على السمر: المصدر السابق، شمال العراق ١٩٥٨-١٩٧٥ دراسه تحليليه، الطبعه الاولى، المركز العربى للابحاث ودراسه السياسات، بيروت، ٢٠١٢.
38. فاضل البراك: مصطفى بارزانى الاسطورة والحقيقة، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٩.
39. صلاح الخرسان: التيارات السياسيه فى كردستان العراق، قراءة فى ملفات الحركات ولأحزاب الكرديه فى العراق ١٩٤٦-٢٠٠١، الطبعة الاولى، مؤسسة البلاغ، بيروت، ٢٠٠١.
40. ريبوار كريم محمود: العلاقات العراقية-الامريكية منذ عام ١٩٨٩و افاقها المستقبلية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٧.
41. عبدالخالق حسين: ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ العراقية و عبدالكريم قاسم، الطبعة الاولى، دار الحصاد للنشر والتوزيع، دمشق، ٢٠٠٣.

## دووەم/ گۆڤار

1. مجله دانشکده حقوق و علوم سیاسی، دانیشگاه تهران، دوره ٤٩، ١٣٧٩.

# ثورة أيلول في الصراعات الإقليمية والدولية(1975 ـ1961)

## ملخص:

منذ بداية القرن العشرين، اندلعت ثورات عدة في كوردستان، وتميزت ثورة أيلول بأهمها وأطولها في تاريخ تلك الثورات، وهذا يتطلب دراسة الثورة من أبعاد مختلقة، ويهدف هذا البحث توضيح تأثيرات الدول الإقليمية والدولية (الولايات المتحدة الأمريكية والاتحاد السوفيتي) على الثورة ونوع علاقة الثورة وقيادتها بتلك الدول.

وقد استخدم الباحثان المنهجين التاريخي والتحليلي لتحقيق هدف البحث، وفي ضوء أسئلة البحث، وهي :

١.	ما مستوى العلاقة ثورة أيلول وقيادتها بالدول الاقليمية؟
٢.	ما مستوى العلاقة ثورة أيلول وقيادتها بدولتي الولايات المتحدة الأمريكية والاتحاد السوفيتي؟
٣.	ما تأثيرات تلك العلاقة في مسيرة الثورة؟

وقد وصل البحث إلى نتائج عدة، منها:

١-	حاولت قيادة ثورة أيلول إنشاء العلاقات مع الدول الإقليمية والعالمية وتوظيف تلك العلاقة لمصلحة الثورة.
٢-	سياسة تلك الدول هي تكتيكية وليس استراتيجية مع الثورة، وقد حاولت توظيف القضية الكوردية كورقة ضغط لتحقيق مصالحها.

# Aylul Revolution in Regional and international conflict (1961-1975)


## Abstract:

**In the twentieth century have been event several revolutions in Kurdistan parts, but none of them such as aylul revolution did not effect and last, that is why, it could be research in many different aspects. Focusing on regional interests in the region regarding all countries that were divided Kurdistan by them and both eastern and western camps during that stage, it is clear that regional and international conflict have been significant effect on aylul revolution. The main aim in carrying out this research is illustrating to what extend union soviet and the USA had impact on aylul revolution and policy of regional countries.**

**The researchers applied the historical research and analysis method in writing their research. The most important question in this research is that:**

a. **The relation between leading aylul revolution and regional countries were to what extent?**
b. **The relation between leading aylul revolution and both America and soviet were to what extend?**
c. **What was influence of relationships on the situation of aylul revolution?**

**The research has reached some results, such as:**

- **in leading aylul revolution have been tried to establish its relations with many regional and international countries and using them to its interests.**

- **All cooperation with aylul revolution by regional and international countries was tactic not strategic purpose. Finally, they were constantly using Kurdish issue such as pressure factor in regional and international conflicts.**

# وێنەی کورد و شۆڕشی ئەیلول لە ڕۆژنامەگەری ئەڵمانی دا
# لێکدانەوەیەکی زانستی بابەتیانە لە گوتارەکانی هەفتەنامەی
# دی تسایت (Die Zeit)

أحمد طارق جميل

ماستەر – مێژوو ، زانکۆیا ریجنیبورگ – ئەلمانیا

jamil.ahmad@hotmail.de

## پێشەکی

لەسەدەی نۆزدەهەمەوە ئیمپراتوریەتی عوسمانی بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی کەوتبوە ژێر چاودێری لێکۆڵەرەوە وگەڕۆک ونوسەرو زانستڤان وزلهێزەکانی جیهان وئەوروپاییەکان وببوە ئامانجی سەرەکی سەردانیکەران بۆ هەموو مەبەستەکان. هەروەها هەوڵیان داوە کە زۆرترین زانیاری دەربارەی کوردستان و میزۆپۆتامیا کۆبکەنەوە. ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە ئەو هێزانە هەریەکەو ئامانجی تایبەتی خۆیان هەبوە ئینجا هۆکاری ئاینی بێت یان هۆکاری ئابوری بێت یان سیاسی و سەربازی بێت وە یەک لەو هێزانەی کە گرنگیان بەو ناوچەیە داوە ئەڵمانەکان بوون کە زۆرجار بە چالاکی جۆراوجۆرپشتگیری و یارمەتی دەوڵەتی عوسمانیان داوە بۆبەهێزکردنەوەی دەسەڵاتەکەی لە ناوچە کە. بۆیە هەرلەدوای نەمان وهەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهۆی ئاڵۆزی ناوچەکە و دەوڵەمەندی ناوچەکە ببوە بنکەی پێکدادانی بەرژەوەندی یە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتان و هێزەکان کە لە چەندین ئاستی جۆراوجۆر و جیا جیادا بەریەک دەکەوتن . بەتایبەتی کوردستان و پێگە جیۆسیاسیەکەی وای لێکردوە ببێتە مەیدانێکی کراوە بۆ زۆرانبازی وململانێی سیاسی و سەربازی هێزە جیاجیاکان کە لەدەرئەنجامدا بۆتە هۆی ژێر پێخستنی مافەکانی دانیشتوانی ناوچەکەو نانەوەی نائارامی و چالاک هێشتنەوەی ناکۆکی و پێشبڕکێ یە ناوخۆیی و دەرەکی یەکان و هێشتنەوەی بەربەرەکانی یەکان بۆماوەی دوورودرێژ.

کوردستان وەک بەشێکی گرنگی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەوتوتە ژێر سەرنجی زلهێزەکان. هەر لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە کە تیایدا بوە هۆی گەشەسەندنی بیروبۆچوونی نەتەوەیی و لەدوایی یدا لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بەتایبەتی دوای جەنگی جیهانی یەکەم کەیەک لە ئەنجامەکانی دابەشکردن و هەڵوەشاندنەوەی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی بوو کە لەناو ئەوەشدا دابەشکردنی کوردستان بو بۆ چەند پارچەیەک لەنێوان چەند وولاتانی ناوچەکەدا و لە ئەنجامدا بوە

هۆی ژێرپێخستنی مافە نەتەوەییەکانی کورد و پشتگوێخستنی مافەکانی میللەتی کورد لەنێو ڕێکخراوە نێودەوڵەتی یەکان و نەبونی هیچ مافێکی نەتەوەیی بۆ کورد لەسەرانسەری جیهان و پێشێلکردنی مافەکانی کورد دەبێتە هۆکاری بەرپابونی چەندین شۆڕشی ئازادیخوازی کورد لەکوردستان لەهەموو ناوچەجیاوازەکان. بۆیە یەک لەو شۆڕشە گرنگانەی کە لە باشوری کوردستان بەرپا بوو شۆڕشی ئەیلول (سێپتەمبەری١٩٦١) بوو. کە بە وەرچەرخانێک لەمێژووی کورد دەژمێردرێت، ئەویش بەهۆی ئەو دەرەنجام و دەستکەوتانەی کە هەیبووە. شۆڕشی ئەیلول بەهەموو خاڵە لاوازو بەهێزەکانی یەوە بۆتە هۆی هەنگاوی گەورە بۆ گۆڕینی قوڵ و بنەڕەتی لە کۆمەڵگەی کوردستان لەباشور بەتایبەتی و کوردستان بەگشتی لەسەر هەموو ئاستەکان دا سیاسی و سەربازی و ئابوری وکۆمەڵایەتی.

هەر بۆیە ئەوەی کە دەبێت بیزانین وبیکەینە ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوەیە کە ئایا بیر و بۆچوونی ئەڵمانەکان لەوکاتەدا چۆن بووە دەربارەی شۆڕشەکەو سەرۆک بارزانی وە بەچ شێوەیەک لەبڵاوکراوەکانیان لەسەریان نوسیوە؟.

لەسەرەتای لێکۆڵینەوەکە کورتەباسێک دەربارەی هەفتەنامەی" دی تسایت" دەخەمەڕوو دوایی پێشەکی یەکی کورت لەسەر گرنگی پێگەی گیۆپۆلیتیکی کوردستان و ناوچەکە بۆ ئەوروپایی یەکان وەک پێشینەیەکی تێگەیشتنی مێژوویی باس دەکەم . دوایی باس لە ئامانجی لێکۆڵینەوەکە دەکەم ، وە چۆنی یەتی تێگەیشتن لە تێڕوانینی ئەڵمانەکان بۆ دۆز و جولانەوەی ئازادیخوازی کورد لەئاستی ناوخۆیی و دەرەکی و چۆنی یەتی پەیوەندی یەکانی شۆڕشەکە و کاردانەوەکانی لەئاستە جۆراوجۆرەکانی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی.

لێرە باس لە سیازدە ژمارەی دەرچوی هەفتەنامەکە دەکەم کە لە ماوەی ساڵانی شۆڕشی ئەیلول بڵاوکراوەتەوە و لەسەر بارودۆخی کورد لەعیراق نوسیویەتی و زانیاری لەسەر کورد وعیراق وسەرۆک بارزانی بڵاوکردۆتەوە. بێ گومان هەر لەسەرەتاوە نوسینی لێکۆڵینەوەکە بێ بەربەست نەبوە بەڵکو چەندین گیروگرفت و بەربەستم هاتۆتە پێش بەڵام توانیم کارەکەم لەکۆتایی ئەنجام بدەم. هەندێک لەو بەربەستانەی کەلە کاتی لێکۆڵینەوەکە هاتە پێشم بریتی بون لە داخستنی پەڕتوکخانەکان بوو بەهۆی نەخۆشی کۆڕۆنا . وە بۆ ئەوەی ئەرشیفی ڕۆژنامەکان بتوانی بخوێنیەوە دەبێت بەشداری ساڵانەت هەبێت لەو ڕۆژنامانە وبیمەی مانگانە وساڵانە بدەیت. وەهەروەها گرفتێکی تر بریتی یە لە کەمی کات لەبەر کارکردن ، بەڵام لەکۆتاییدا توانیم لێکۆڵینەوەکە بەسەرکەوتویی ئەنجام بدەم و کۆتایی پێ بینم وهەروەها چەندین زانیاری گرنگ بەدەست بخەم و گەنگەشەی بکەم.

بەشێوەیەکی گشتی دەمەوێت لەو لێکۆڵینەوەیەدا باس لە شۆڕشی ئەیلول بەسەرۆکایەتی بارزانی لەڕوانگەی نوسەرە ئەڵمانەکان بکەم. بۆ ئەوەی بزانین کاتی خۆی چۆن وبە چ شێوەیەک لە سەر کوردو کوردستان و بارزانیان نوسیوە.

یەک لەوبڵاوکراوانەی کە لەئەڵمانیا هەر لە دوای شۆڕشی کۆماری عیراق بەچەندین ئارتیکل لەسەر ڕوداوەکانی ساڵانی ١٩٥٨ ەوە لەسەر بارودۆخی عیراق و کوردی نوسیوە هەفتەنامەی **(دی تسایت)** بووە. بۆیە لێرەدا دێین تیشک دەخەینە سەر ئەوهەفتەنامەیە وهەوڵ دەدەین نوسینەکانی بخەینە ڕوو کە لەسەردەمی ساڵەکانی شۆڕش بڵاوکراوەتەوە و ڕاپۆرتەکانی تاووتوێ بکەین. باسی ئەو ڕاپۆرت وئارتیکلانە دەکەین کە لەسەر کورد نوسراوەو ئەو ئارتیکلانە شرۆڤە دەکەین و هەڵیدەسەنگێنین بەهیوای تێگەیشتن لە هەڵوێست و تێڕوانینی ئەوساکەی ئەڵمانەکان بۆ کورد و دۆزەکەی .

وە بۆئەوەی لە بارودۆخەکان تێبگەین وبزانین تا چ ڕادەیەک ئەڵمانەکان ئاگاداری بارودۆخەکە بوونەو تێڕوانینیان و پێشبینیان بۆ ڕووداوەکان و تێگەیشتنیان چۆن بووە دەگەڕێینەوە بۆ ساڵانی پێش هەڵگیرساندنی شۆرشی ئەیلول لە کوردستان و عیراق. بۆ ئەو مەبەستە هەست و بیری ئەڵمانەکان گەنگەشەدەکەین و هەڵیدەسەنگێنین و ئینجا دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکە بەگشتی دەخەینەڕوو.

لە لێکدانەوەی سەرەتاییدا بۆ مەسەلەکە دیارە کە ئەڵمانەکان گرنگی یەکی تایبەتیان بەکورد داوە لەناوچەکەدا، بۆیە لە پێش دەستپێکردنی شۆڕش و شەڕەکاندا لە عیراق گرنگیانداوە بە ڕووداوەکانی ناوخۆی عیراق و لەسەریان نوسیوەو ویستویانە لەهەواڵەکانی ناوەوەی عیراق بەتایبەتی و ناوچەکەش بەگشتی ئاگادار بن هەربۆیەش ڕۆژنامەوانانی ئەڵمانی ڕوویان تێکردوە هەرکاتێک دەرفەتیان بۆ ڕەخسابی.

لێرەدا چەندین پرسیار سەرهەڵدەدەن بۆ لێکۆڵینەوە لێیان لەوەی هەتا چ ڕادەیەک ئەڵمانەکان گرنگیان بە کوردستان و شۆڕشەکەی داوەو بەچ شێوەیەک لەسەر شۆڕشی ئەیلولیان نوسیوە لە بڵاوکراوەکانیان. دیارە لێرە ئەڵمانەکان نەیانویستوە بێ ئاگابن لەڕووداوەکان بۆیە پێ بە پێ ئاگاداری و چاودێری گۆڕانکاریەکان و جموجۆڵەکانیان لە ڕووی سەربازی و سیاسی و ئابوری لەناوچەکە بە ووردی کردوە. هەتا ئەگەر پەیوەندی ڕاستەوخۆشیان بە ڕووداوەکان نەبوبێت بەڵام دوورەپەرێز و بێ ئاگا نەوەستاون.

لەدەرەئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێت کە شۆڕشەکە چەندین دەسکەوتی ناوەکی و دەرەکی مەزنی بەدەستهێناوە جگە لەوە بونی شۆڕشەکە بە فاکتەرەکی پێشکەوتنی بیری نەتەوایەتی کورد بەگشتی لە هەموو کوردستان.وە جیهانیش لەوە گەیشتون کە کورد بۆ ئاشتی و مافی خۆی شەڕی کردوە. وە کورد مافی پێشێلکراوە وەک نەتەوە بۆیەش خەبات دەکات بۆ گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانی وە هەموو کاتێک ڕێگاچارەی ئاشتی هەڵبژاردوە بۆ چارەسەری دۆزەکەی ئەگەر توانرابێت نەوەک شەڕ. وەبارزانیش سومبولی خەباتکردن بوە بۆ ئاشتی و دادوەری لە نێو کورد و دەرەوەدا و بەچاوی ڕێزەوە سەیری کراوە، بەڵام بەرژەوەندی یە سیاسیەکان زۆرجار دوور لە بنەما مرۆڤی و دادوەریەکان هەڵس وکەوتیان لەگەڵ کورد کردوە و مافەکانیان پێشێلکردوە بێ ئەوەی گوێ بدرێتە بنەماکانی مافی چارەیخۆنوسینی میللەتان بەپێی پرنچیپەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان و بنەما نێودەوڵەتیەکان بۆ مافی ئازادی نەتەوەکان ومیللەتان.

## هەفتەنامەی دی تسایت " Die Zeit "

بڵاوکراوەیەکی هەفتانەی ئەڵمانیە لە فێبرواری ١٩٤٦ لە هامبورگ دەستی بەدەرچوون کردوە، وەک یەکەم هەفتەنامەی سەربەخۆ هەژمار دەکرێت کە دوای ڕووخانی دیکتاتۆرو ڕژێمی نازی لە ئەڵمانیا دەستی بە بڵاوکردنەوە کردوە بۆ خستنەڕوو و باسکردنی ڕاستیەکان لەوسەردەمەدا و هەتاکو ئێستاش بەردەوامە .

لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دوەم و سەرەتای دەستپێکردنی جەنگی سارد لەمابەینی زلهێزەکان هاتۆتە مەیدان بۆیە لەوکاتەدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبوە لە خستنەڕوی هەواڵە سیاسیەکاندا لەمابەینی هێزە پێشبڕکێ کەرەکانی جیهان دا. وەهەروەها لێکدانەوەی بۆ ڕووداوە سیاسی یە نێودەوڵەتی یەکان کردوە . دیارە هەر لەو کاتەوەدا کاریگەری خۆی هەبوە لەسەر ڕای گشتی ئەڵمانی و خەڵکی بەدەستیان هێناوە بۆ خوێندنەوەی . ئەو هەفتەنامەیە لە دوای کاتێک هاتوە کە زۆر سەخت بوە کاتێک پێشتر ڕاستیەکان دەشاردرانەوە و ناشیرنیەکان جوان دەکران بەڵام هەر لەگەڵ دەرچوونی هەفتەنامەی دی تسایت ئیتر ڕاستیەکان وەکو خۆیان بەمتمانەوە دەگوتران و دەخرانەڕوو .

## لە ١٩٥٩/٥/٢٩ لە ڕۆژنامەی دی تسایت ئۆنلاین لەژێر ناونیشانی (هەتاکو ئێستاش بەغداد دەکوڵێت)

## دی تسایت ژمارە ٢٢ ساڵی ١٩٥٩ ( ئەی ئاڕ فیلبی )

## کۆمۆنیستەکان باوەڕیان بەخۆیان هەیە - دوودڵ وگومان لەسەر سوپا

لەو ئارتیکلەدا ( نوسەر زۆر بە ووریایی بارودۆخەکەی عیراق لەشێوەیەکی هارمۆنی هەڵدەسەنگێنی و باس دەکات و مەترسی خۆی دەخاتەڕوو لەو گۆڕانە بنەڕەتیانەی کەتا ڕادەیەک درکی پێکردوە. لەدەربڕینێکدا دەڵێت کەوا پێشبینی لەوگۆڕانانە هەیە کە لەئاستە جیاوازەکاندا ڕوو دەدەن لەوانە لەسەر ئاستی سیاسی سەرکردایەتی و کۆمەڵایەتی ومیللی وئابوریدا ڕوودەدەن.

لەوانەدا باس لە پەرەسەندنی بیرو دەسەڵاتی کۆمۆنیستی لەعیراقدا دەکات لە بەرامبەر بێهێزبونی دەسەڵاتی ئیمپریالیستی ڕۆژئاوایی و بەهێزبونی پێشبڕکێی کاریگەری ئەودوو زلهێزە جیهانی یە لەناوچەکە و لە عیراقدا لەسەر دەسەڵات. هەروەها نوسەر ئەوە دەخاتەڕوو وئاگاداری ئەوە دەدات کە چۆن تێڕوانینەکان و جیاوازیەکان وورده وورده پەرەدەستێنن و بەرەو بەریەککەوتن دەچن بەتایبەتی دوای گۆڕانی دەسەڵاتی شانشینی لە عیراق دا و هاتنی سەربازو ئەفسەرەکان بۆ لوتکەی دەسەڵات. ئەلێرەدا باس لە ڕۆڵی ئەفسەرێکی کورد دەکات لەبەغدا بۆ گرتنەدەستی ئەرکەکان دوای کودەتاکەی

بەغدا لە ساڵی ١٩٥٨ دا.  وە بۆ یەکەم جار تیشک دەخاتە سەر پێکدادانێک لە مابەینی گروپە کۆمۆنیستی یە چەکدارەکان لەناوچەی کوردستان . وەهەروەها ناوی ملامصطفی بارزانی وەک سەرکردەیەکی کۆمۆنیستی کوردی گەڕاوە لە یەکێتی سۆڤیەت ناودەبات. وە باس لە نائارامی کۆمەڵایەتی وسیاسی دەکات لە باکوری عیراق و تەشەنەسەندنی ئەو نائارامی یە بەرەو باشوری عیراق. باس لەوەش دەکات کە چۆن عبدالکریم  قاسم دواکەوتوانی عبدالناصر و کۆمۆنیستەکان زیندانی دەکات دوای ئەوەی داواکەی قاسم یان بەهەند هەڵنەگرت لە پابەندبوون بە یاسا و ڕێساکانی دەوڵەت و بەردەوام بونیان لە ئاژاوەگێڕی. دیسان باس لە دابەش بونی کۆمەڵگەی عیراق دەکات لەناوەخۆیدا ودابەش بوونی سوپا دەکات و باس لە نەمانی متمانە دەکات لەمابەینی سەرۆک قاسم و سوپا کەی دا. وە چۆنیەتی پەنابردنی قاسم بۆ ڕۆژئاوا لەترسی کۆمۆنیستەکان ی عیراق بۆ ئەوەی پشتگیری لێبکەن و هەروەها دیارە لێرەدا قاسم متمانەی بە بارزانیش نەبوە و بارزانی وکوردیش متمانەیان بە بەڵێنەکانی قاسم نەبوە.).

لەو ژمارەیەدا باس لەوەدەکات کە هێشتا ڕوسەکان دوودڵن لەهاتنی عبدالکریم قاسم بۆسەر دەسەڵات لە عیراق بەوەی ئایا عیراق بوەتە وڵاتیکی کۆمۆنیستی یان نا، یاخود قاسم (کێرێنسکی) بەغدایە یان نا بەڵام وەڵامی ئەو پرسیارە ناتوانرێت لە یەک هەفتەدا بدرێتەوە.

-جمال عبدالناصر هەوڵی باشکردنی پەیوەندی یەکانی دەدات لەگەڵ قاسم

-قاسم هەوڵی دەدا پشتگیری کۆمۆنیستەکان بۆخۆی مسۆگەر بکات.

نوسەر باس لە ئێوارەیەکی خۆشی ئارامی بێ دەنگ دەکات لە خەونەکانی هەزارویەک شەو لەگەڵ جوانی ئاوی دجلەو  سەوزایی بەدرێژایی سەر ڕۆخەکانی کەناری دجلە دەکات، وە  چۆن لەبەری ئەوبەر خۆر بەرەو ئاوابون دەچیت لەپەنا دار خورماکان، وە هەروەها باس لە ڕەنگدانەوەی هەورە سورهەڵگەڕاوەکان دەکات لەناو شەپۆڵەکانی ئاوی دجلە. هەروەک خەونێکی بێ کۆتایی لەبن نەهاتووی ڕۆژهەڵاتی، بەڵام هەرلەگەڵ هاتنی تاریکی ئەو خەونە بەرەو کۆتایی دەچێت. ( ئەوەش وەک نیشانەیەک و ئاماژە یەک بۆهاتنی کات و بارێکی ناخۆش و سەخت پەیوەست بە عیراق).

هەروەها باس لە بەلەمێک دەکات کە شەپۆڵەکانی ئاو بەرەو ڕۆخی دەریا دەیهێنیت ونزیک دەبێتەوە بە تەپڵ و گۆرانی. کەزیاتر نزیک بوەوە تێکستی گۆرانی یەکە ڕوونتربو،  و دەیانگوت عبدالکریم بەڵای ئیمپریالیزمە و نوری سەعید وەک سەگ لەسەر جادە ڕاکێشراوە. ( ئەلێرەدا نوسەر دەڵێت لەرز دایگرتم بەڵام وادیارە نەک هەر بەتەنها لەبەر ساردی ئاو وهەوا، بەڵکو دیارە مەبەستی ئەوەیە لەترسی ئەوەی کە لەئێستاوە چاوەڕێی عیراق دەکات وەک پێشبینی یەک لەبۆ ڕووداوەکانی دوارۆژی عیراق ).

هەروەها چونکە ڕق وکینەی ژێربەژێر ووردە ووردە سەر دەکەون و بەدەردەکەون لە ناو یەکتری. دوای ئەوەی نوری سەعید بەدەستێکی پۆڵایین ووڵاتی لەهەموو دۆخێکدا لە کاتی گەرما و هەوریشدا بەڕێوەدەبرد. دیارە بارودۆخی خراپی سەدان ساڵەی بۆگەنی ئابوری کاردانەوەی خۆی ئێستا دەکات.

(کەواتە نوسەر لێرەدا دەیەوێت شتێکی گرنگ شی بکاتەوەو بەرەو ڕوومانی بکاتەوە. بەوەی کە باس لە وەرچەرخانێکی مێژوویی دەکات کە بارودۆخی عیراق لە بنەڕەتدا دەگۆڕێت لەکاتێکی پڕ ئارامی و لەنگەرگرتوویی بۆ دۆخێکی نائارام و پڕلە ڕکابەرایەتی و ناجێگیری سیاسی).

دەڵێت عیراق لە سەردمی عوسمانی یەکاندا لەلایەنی ئابوری بە یەک لە دواکەوتووترین ناوچەکان دانراوەو هەژمارکراوە. دیارە ئێستا گەروەکان دەکرێنەوە و شەپۆلی لافاوی ڕق وکینە پەنگ خواردووەکە بەدەردەکەوێت و وادیارە بەسەر هەموو ووڵاتەکە دادەرژێت و ئاوی دەدات. بەڵام پێشبینی دەکرێت ئێستا ووردە ووردە لەچەند هەفتەی داهاتوو نیزام و بەڕێوەبردنی دەسەڵات بگەڕێتەوە باری ئاسایی و بارودۆخەکە لە بەغدا کۆنترۆڵ بکرێت. ئەلێرەدا گرووپە هەڵستاوە ڕاپەڕیوەکان و گرووپە هەڵگەڕاوەکان هاتنە پێشەوەو وادیارە فێری ڕێک وپێکی و چۆنیەتی هەڵسوکەوت کرابون. بەتایبەتی لەگەڵ بیانیەکان لەکاتی کۆنترۆڵ کردنی پاسپۆرتەکانیان. سەرۆکی ئەو هێزانەش (طه بامەڕنی) بوو کە ئەفسەرێکی دیاری کورد بوو لە ڕیزی سوپادا، هەموو پۆستەکانی دەسەڵات لەلایەن سەرۆکەوە بە سەربازانی سوپادا سپێردرابوون. بەڵام پرسیارە گەورەکە لێرە ئەوەیە کە تا چ ڕادەیەک گروپە بەرهەڵستکارە میللیەکان (الجماعات المقاومه الشعبیه) لەژێر کاریگەری کۆمۆنیستی دان ؟. هەروەها تا چ ڕادەیەک بەشێوەیەکی ڕێکخراو خۆیان ڕێکخستوەو لەهەمان کاتدا خۆ ڕێکخستن سومبولی نوێ یەکەی کۆمۆنیستەکانە لەکاتی ئێستادا. داوای دامەزراندنی گروپی نوێ یان دەکرد لە بەرهەڵستکاران، ئەوەش گومانی زیاتری دروست دەکرد بەوەی کە ئەو گروپانە ببنە هێزی چەکداری کرێکارانی دواڕۆژ و داهاتوو . هەروەها ئومێدی ئەوەی لێدەکرا کە ئەو گروپانە ببنە ناوکی(بنەمای تۆوی هێزی دەستەی جوتیاران و کرێکاران). وە لە شارەکاندا ئەو هێزانە لەبۆیان هەبوو تەنها لەکاتی جێ بەجێکردنی ئەرکەکانیان دا چەک هەڵبگرن. کەچی لەناوچە سنوریەکانی سوریا و تورکیاو ئیران کە نائارام بوون هەردەم لەبۆیان هەبوو چەک هەڵبگرن چوونکە لەو سنورانە ئەرکی پاراستنی یان گرتبوە ئەستۆ لە دژی قاچاخچی و تێکدەروسیخوڕان. لەناوچەی ڕەواندوز پێکدادانێکی توند لەمابەینی ئەو گروپانەو گروپێکی کوردی ڕوویدا کە لە دژی سەرکردەی کۆمۆنیستی کوردەکان ملا مصطفی بارزانی وەستابوون و بەرەنگاری ببونەوە. چاوپۆشی لە زۆر لەو ڕووداوە لاوەکی یانە دەکرا کە لە بڵاوکراوە کۆمۆنیستی یەکان زۆر زل وگەورە کرابوون، بۆئەوەی گیان و هەستی میللەت بە جۆش بخەن وبە گڕو گرژی بیهێڵنەوە . (وادیارە نووسەر بەچاوێکی کۆمۆنیستی یەوە سەیری مەلا مصطفی بارزانی کردوە و بەسەرکردەیەکی کۆمۆنیست لە قەڵەمی داوە)

باکوری عیراق هێمن و بێ دەنگ بوو و ئەوکارە تێکدەرانەی کە بەدوای شۆڕشی موصل ڕویاندابوو ببونە هۆی ئەوەی هێزی سیاسی ناوچەکە لەباربات وماندو و شەکەتی بکات. بەڵام وادیاربوو کە نائارامی بەرەو ناوچەکانی خوارو هەڵکشابوو بەرەو بەسرە کە لێرەدا ژمارەیەکی زۆری پرۆلیتاریا هەیەو لەم دواییەدا چەندین جار نائارامی هەڵگیرسابوو. بەڵام سوپا زۆر بە دوودڵی یەوە بەرەنگاری ئەو جوولانەوانە دەبوەوە. هەروەها لەوکاتەدا زیندانەکان پڕبوون لە دواکەوتوانی ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆی عبدالناصر. لەوکاتەدا کەسانی شارەزایانی ڕۆژئاوایی لە بەڕێوەبەران و ئەندازیارانی شاری سەر کەناری (بەندەری بەسرە) کارو ئیشی خۆیان دەکرد کە. لەهەمان کاتدا ئارامی باڵی بەسەر ناوچەکە کێشابوو.

(ئەوەی لێرە بۆمان دەردەکەوێت ئەوەیە کە نووسەر دیارە ئاگاداری زۆر شتە لە ڕووداوەکانی ناوەوی عیراق بەڵام لەلایەنەکی تر دیارە بارزانی نەناسیوەو لە بیروڕاکانی شارەزاییەکی وای نەبوە ولەنزیکەوە نەیناسیوە ، بەڵام هەتا ڕادەیەک ئاگاداری کورد و دۆزی کورد بووە وە ئەوەی دەردەکەوێت ئەوەیە کە کۆمۆنیستەکان گوێڕایەڵی قاسم نەبونەو نەیانویستوە خۆیان وچارەنوسی خۆیان بەدەست قاسم بدەن وە هەوڵی ئەوەیاندا قورسایی خۆیان بەسەر حکومەتدا بسەپێنن).

بەڵام لە بەغدا بەهەر حاڵیک بێت بارودۆخەکە بە ڕاستی بوو، هەروەها قاسم لە ووتارەکەی ئەو دواییەیدا بەبێ هۆ نەبوو دەیگوت کاتی گێرەشێوێنی و چالاکی تێکدەرانە تەواو بوو و تێپەڕی ، ئێستا دەبێت دیسان یاسا سەروەر بێت. هەروەها بانگەوازی هاوولاتیانی دەکرد بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ کارەکانیان و بۆ ژیانی ڕۆژانەیان. بەڵام ئاگادارکردنەوەکانی قاسم نەگەیشتە شوێنی مەبەست و ئابوری عیراق و بەرهەم هێنان بە شێوەیەکی ئاشکرا تێکچوو ودابەزی بەهۆی خۆپیشاندان و ئاهەنگگێڕان و ڕێپێوان . وە ئابوری عیراق و وەبەرهێنان زۆر بەرەو دواوە چووبوو ودواکەوتنی پێوە دیار بوو. وە حکومەت بڕیاری دا کە دیسان بارودۆخەکە نۆڕماڵ بکاتەوە وژیانی ڕۆژانە پەیرەو بکرێتەوە وئەگەر پێویستی کرد هێز لە دژی ئەوانە بەکاربێنێت کە نائارامی دەنێتەوە ئەوەش وا ئاسان نابێت چونکە کۆمۆنیستەکان ئێستا بەهێزترین تەوژمی سیاسین لە وولاتدا. هەرچەندە لەکاتی ئێستادا دوورکەوتونەتەوە لە داواکانیان لە پێدانی مۆڵەتی یاسایی بۆ پارتی کۆمۆنیستی و بەژداریکردنی سەرۆکەکانیان لە کابینەی حکومەتدا بەڵام ئەوە تەنها مانۆڕێک و تاکتیکێکی سیاسی یەو هیچی تر بەڵام بەهیچ شێوەیەک ڕازی نابێت هێزی خەباتکاری کرێکاری پارتەکە و تاکە ئامێری داردەستی بەهێزی پارتەکە لەدەست دەربهێنرێت .جگە لەوە سوپا کە پشتگیری سەرەکی دەسەڵاتی قاسم بوو کەوتە ژێر تۆمەتی گومانی بێباوەڕی و بێ متمانەیی. بەتایبەتی کاتێک ئەندامانی بە کۆمەڵ لەپێش شاشەی تی ڤی یەکان دەوەستان و گوێیان لە ووتارە ئاگرینی یەکانی دادگای مەهداوی یان دەگرت(سەرۆکی دادگای گشتی) لەناویاندا ئەفسەرو پلەداریشی تیادا بوو کە گوێیان لێ بوو بە چ شێوەیەکی ناشیرن جوێنی بە تۆمەتبارە سەرباز وئەفسەرەکان دەداو ئەوان چەپڵەیان بۆ لێدەدا. لەم بارەیەوە کۆمۆنیستەکان دروشمی ترسناکیان بەکارهێناوە بەوەی کە گوێ ڕایەڵی نابێتە پاساو بۆ ئەنجامدانی(تاوانی سیاسی) بۆیە

ئەندامانی سوپا دەبێ لە ئامادەباشی دابن.بۆیە لەژێر ئەو بارو دۆخەدا قاسم ناتوانێت متمانە بە سوپا بکات بۆ کاتی جدی و پێویست کاتێک دەبێت تەقە لە میللەت بکەن و چەک دژی میللەت بەکار بهێنن. هەر بۆیە جێگەی سەر سوڕمان نی یە کە سەرۆکی سوپا لە بەسرادا زۆر بە دوودڵی یەوە بەرەنگاری کرێکارانی بەندەرەکە بۆتەوەو و دژی تێکدەران هەڵس و کەوتی کردوە. کەواتە لێرەدا متمانەی کۆمۆنیستەکان بەخۆیان و بێ متمانەی بە سوپا دەبێتە فاکتەری سەرەکی یەک لاکردنەوەی یاریە سیاسیەکان لە یاری هێزە عیراقیەکاندا.

ئینگلتەرا لە ماوەی ١٢ مانگی داهاتوودا چەند بۆمبهاوێژێکی کانبێراو دەبابەی سینۆریۆن بۆ قاسم دەنێرێت بەبێ هیچ گرنگی یەک .

(ئەو یارمەتی یەش کە ئینگلتەرا داویەتی بە قاسم دیارە بۆئەوەیە تا قاسم و ڕژێمەکەی لەدژی کۆمۆنیستەکان بەهێزبکەن تا لەوکاتەدا بەرەنگاریان ببێتەوە . دیارە نووسەر لێرە ئاگاداری هەندێک لە جموجۆڵە سیاسیە نێودەوڵەتیەکان بووە لەمابەینی وولاتان وە بێ ئاگا نەبوە لە ویستی ئینگلیز و زۆرانبازی دەسەڵاتی وولاتان لەناو عیراق دا ).

## لەڕۆژنامەی دی تسایت لە بەیروتەوە نوسراوە لە بەرواری ١٩٦١/١١/٢٤ ژمارە ٤٨ بڵاوکراوەتەوە لەژێر ناونیشانی

## کوردەکان خۆیان بەدەستەوە نادەن

## خەونێکی کۆنی سۆڤیەتەکان نەهاتە ئامانج

لە ٢٣ ی سێپتەمبەر جەنەڕاڵ قاسم لە ووتارێکی بۆ دەزگا ڕاگەیاندنەکان لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند کەوا هێزی سەربازی یەکەی توانیویوتی بەسەر ڕاپەڕینی کوردەکاندا زاڵ بێت. وە ئەو وەسفی کوردەکانی بە هێزی کۆنەپەرست و دەرەبەگی وجوداخواز کرد. ئەوکات هەڵسا بەبەکارهێنانی بەشێکی زۆری هێزی ووشکایی و هێزی ئاسمانی، دەبوایە چەندین فڕینی بێ ژماری زۆر ئەنجام بدرێت بۆئەوەی بەسەر یاخیبونەکە زاڵ بێت هەرچەندە ئەمڕۆ یاخی بونەکە سەرکپ کراوە بەڵام وادیارە ئاگرەکە بەتەواوی نەکوژێنراوەتەوە. ملا مصطفی بارزانی سەرۆکی کوردە یاخی بووەکان لەدەست پیاوانی قاسم خۆی دەشارێتەوە. لەعیراق وادەزانن کە بارزانی مارشالی ڕۆژهەڵاتی سوپای سوری یەکێتی سۆڤیەتەو گەڕاوەتەوە بۆ سۆڤیەت.

کاتی خۆی لە ساڵی ١٩٥٨ بە لێبوردنی گشتی قاسم بارزانی و ٣٠٠ کەس لە هاوەڵانی وژمارەیەک لە کەس وخزمانی دوای شۆڕشی کۆماری بانگەوازکرد بۆگەڕانەوە بۆ وولات ، کە لەکاتی سەردەمی دەستەڵاتی شاهایەتی هاشمیەکان لەعیراق ڕایانکردبوو. بارزانی لە دیاسپۆرا لە یەکێتی سۆڤیەت دەستی کردبوو بە بانگهێژکردنی (جولانەوەیەکی نیشتمانی کوردی) بۆ ژیاندنەوە. وەک یەکەم کەس مۆڵەتی

پێدرا پارتێک دروست بکات (پارتی دیموکراتی کوردستان) ، لەبەر ئەوەی قاسم پێویستی پێی بوو بۆ بەهێزکردنی خۆی لە سەرەتای ڕۆژانی چەسپاندنی دەسەڵاتەکەی. بارزانی سەرکردەی کەمینەی کورد وەک بارستاییەک بوو بەرامبەر زۆرینەی جولانەوەی عەرەبی ناصری. قاسم پەیمانی زۆری بەکورد دابوو ،کەوا ئامادەیە هەمان مافە سیاسیەکانیان پێبدات ئەوەی کە عەرەبەکان هەیانە.بەڵام ئەو پەیمانانە تەنها قسە دەرچوو دوای ٣ ساڵ پاش شۆرش خێڵە کوردەکان هەر کەمینەی بێ ماف ودەسەڵات مانەوە هەروەک سەردەمی نوری السعید .

پەیوەندی مابەینی قاسم و ملا مصطفی بارزانی بەهێواشی تێکجو و ناکۆکی دروست بوو. ژەنرال قاسم دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵێک و چەسپان وبەهێز بوونی دەسەڵاتەکەی هیچی تر هەستی بە مەترسی ناصریەکان نەدەکرد، بەڵام زەنگی مەترسی لەلایەن کۆمۆنیستەکانی وولاتەکەی لێدەدرا و نائارام ببو لە دەست چالاکی کۆمۆنیستەکان .وە کۆمۆنیستەکان دەیانڕوانییە بارزانی وەک مارشالی شەرەف و بە چاوی هاوپەیمان سەیریان دەکرد.

کۆمونیستەکانی ناوچەی ئەو (بارزانی) فەرمانیان وەرگرتبو بۆئەوەی خۆیان لەگەڵ پارتەکەی بارزانی ڕێکبخەن و یەکبخەن. وە لەوکاتەدا هەموو بلۆکی ڕۆهەڵات دەیان ڕوانی یە جم وجۆڵی کورد لەچیاکانی کوردستان بە دڵخۆشی یەوە.

پلانی کوردستانێکی سەربەخۆ کە زۆرترین بەش لە تورکیاو ئیران و عیراق ی دەگرتەوە، هەرلە زووەوە وەک تێڕوانینێک بوو بۆ یەکێتی سۆڤیەت بۆئەوەی دەسەڵاتیان وکاریگەریان بگەیەنن بە کەناڵی سوێس لە باشور و تاوەکو کەنداوی فارس لە باشوری ڕۆژئاوا. شۆرشی بارزانی لە دژی بەغدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، خۆڕۆشۆف نەیتوانی بڕیای ئەوە بدات کە مارشالی شەرەفی سۆڤیەت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وبەهەمووشێوەیەک و دەزگایەک کە بۆسەرکەوتن پێویستە پشتگیری بکات. وە قاسم لەلایەن خۆیەوە ڕێزی لەوهەڵوێستەگرتوە کاتێک دەڵێت لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، ( هیچ نیشانەیەک و بەڵگەیەک نی یە کە ئەوە بسەلمێنیت کە پەیوەندی لەمابەینی یەکێتی سۆڤیەت و یاخیبوان هەیە).

(ئەلێرەدا نوسەر باس لە شۆرشی کورد دەکات لەسەر زمانی عبدالکریم قاسم و عیراقی یەکان کە دیارە قاسم لە ڕوانگەی خۆیەوە کورد وبارزانی بە کۆنەپەرست و دەرەبەگ و خێڵەکی دواکەوتوو و جوداخواز وەسف دەکات، و ئەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ بیروڕای دوژمنانی کورد و عەرەبە عیراقیەکان . ودیارە ئەو خۆی هەتاڕادەیەک لە مەسەلەی کورد وئامانجەکانی دەگات ودەزانی ئەو وەسفانە ئامانجی تری لەدواوەیە و ئەو هەتا ڕادەیەک لە دۆزی کورد گەیشتوە لە ناوچەکە. وادیارە ئەوە دەزانێت کە عیراقیەکان لە تواناو دەسەڵاتی بارزانی بێ خەبەرن وە لەدوای چالاکی سەربازی و هێزی سوپایی وهێرشەکانیان بۆ سەر کورد، بە شێوەیەکی پڕوپاگەندەکاری ئاخاوتن دەدەن وەک ئەوەی شۆڕش و جولانەوەی کوردیان لەناوبردبێت. وەئەوە دەردەخات کە کپکردنەوەی شۆڕشی کورد وابەئاسانی نابێت وادەردەخات کە جولانەوەکە هەربەردەوامە هەرچەندە عیراقیەکان وادەزانن و وای دەردەخەن

کەبارزانی گەڕاوەتەوە بۆ یەکێتی سۆڤیەت. وادیارە ئەلێرەدا بارزانی وەک ڕێکخەرێکی سیاسی کورد دەناسێنێت وەک وەلام دانەوەیک بۆ قاسم بەوەی کە بارزانی نەوەک تەنها سەرۆک هۆز و دەرەبەگ و خێڵەکی یە بەڵکو خاوەن هزرێکی ئایدۆلۆژی حزبی و سیاسی نیشتیمانی یشە و بەڵکو حزبێکی سیاسی مۆدێرن یش سەرکردایەتی دەکات بە هەبوونی ئەندامانی زۆر پێشکەوتوو).

ئەلێرەدا ئەوەش ئاشکرا دەکات کە قاسم لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی کوردی بەکارهێناوە بۆ چەسپاندنی دەسەلاتی خۆی و هیچ ئامانجێکی دیموکرات خوازی و چاکسازی کۆمەلایەتی و دادوەری سیاسی لە ئامانجدا نەبوە.

( وەهیچ گرنگی یەکی وای نەبوە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە عیراق دا. بەلام لەلایەکی تر بارزانی هەر دوای گەڕانەوەی لە سۆڤیەت بۆعیراق لەسەر داوای قاسم ، دیارە چونکە قاسم پێویستی بە پشتگیری بارزانی هەبووە بۆ بەهێزکردنی دەسەلاتەکەی لە بەرامبەر دواکەوتوانی ناصری یە ناسیۆنالیستەکان وەهەروەهـ ائەوەش دەردەخات کە چۆن یەکێتی سۆڤیەت پشتیان لە بارزانی کردوە لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەتی یەکانی خۆیان. دوای ئەوەی کە کوردیان بەهێزێکی پشتیوانی خۆیان دەزانی لەناوچەکە بۆ گەیشتن بە ناوچەکەو سەپاندنی دەسەلاتیان تیایدا هەرچەندە کە لە سەرەتادا بە چاوی زۆر ڕیزو خۆشەویستی یەوە دەیانڕوانی یە ژەنەڕاڵ بارزانی و بە مارشاڵی شەڕەف و بە هاوپەیمانی خۆیان زانیوە و باسیان لێکردوە وەدیارە دروست بوونی کوردستانی گەورە بە خەونێکی سۆڤیەتی لە قەڵەم دەدات کە نەهاتبێتە دی . ئەوەی کە نووسەر لێرە باسی دەکات لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەموو جیهان دا ئەوەیە کە نەک تەنها یەکێتی سۆڤیەت بەڵکو هەموو بلۆکی ڕۆژهەلات چاوەڕێی جموجۆڵەکانی چیاکانی کوردستان بونەو دڵیان بە خەباتی ڕزگاریخوازی کورد زۆر خۆش بووە و هەردەم چاوەڕێی هەواڵ بوونە لەم ناوچەیەی خەبات و تێکۆشاندا. بەلام بەرژەوەندی یە سیاسیەکان گرنگتر بوین لەهەموو شتێکی تر ).

## ڕۆژنامەی دی تسایت ژمارە ٢٦ ی بەرواری ٢٩/٦/١٩٦٢ دەنوسیت شۆڕشی کوردان

جەنەرال قاسم بەتوندی شەڕ دەکات بەلام بەبێ ئەنجام و سەرکەوتن . ماوەی ساڵێکەکورد یاخیبوە لە عیراق، حکومەتی بەغدا هەموو ڕێگەیەکی گرتە بەر بۆئەوەی ڕاپەڕینەکە سەرکوت بکات بەسەدان گوندو دێ ی وێران و کاول کرد وڕوخاند .بەلام قاسم نەیتوانی بڵێسەی ئاگرەکە بکوژێنیتەوە. وە ئێستا دەستی بە بەکارهێنانی تانک وفڕۆکە کردوە لە دژی یاخیبوان.

قاسم لەدوای هاتنە سەر تەختی دەسەڵات لەساڵی ١٩٥٨ پەیمانی زۆری دابوە کوردەکان کە مافی زیاتریان پێ بدات  بەڵام بەپێچەوانەوە هەرچەندە زیاتر لە دەسەڵات بەردەوام دەبو زیاتر مافی کوردی پێشێل و زەوت دەکرد وسنوردارتری دەکرد کە بوە هۆکاری ڕاستەوخۆی ڕاپەرینی کورد لەدژی.

نارەزایی کوردان دەگەڕێتەوە بۆ کاتی کۆنی سەردەمی پەیماننامەی **سسیڤەرس** کە مافی بڕیارِی چارەی خۆنوسینی بە کورد دابوو بەڵام هەرگیز نەهاتە جێ بە جێ کردن ئەو بەشەی ڕێکەوتنەکە کوردەکان دەبوایە بەو ژیانە ڕازی بن کە بەسەر چوار دەوڵەت دابەش بکرێن و بەسەر تورکیاو ئێران ودوو وڵاتە نوێ یە دامەزراوەکە ی عیراق و سوریا. بەڵام ئەگەر ملا مصطفی بارزانی سەرکردەی یاخیبوان سەرکەوتوو بێت بۆ ئەو یەک ملیۆن کوردەی عیراق ئۆتۆنۆمی بەدەست بهێنێت، ئەوا نابێتە کۆتایی ڕێگاکە و خەباتی شۆڕشگێڕانەی جولانەوەکە بەڵکو ئامانجەکە کوردستانی سەربەخۆیە کە تیایدا هەر پێنج ملیۆن کورد یەک بخاتەوە.

لە تێڕوانینی یەکەم وادیارە کە ڕاپەڕینەکە لە عیراق وەک شۆڕشێکی نمونەی خێڵەکی و تقلیدی یە ، بەڵام بزوتنەوەی ناسیۆناڵی کورد لەمێژە ئەو ئاستەو کاتەی بڕیوە و سۆزو خۆشەویستی خێڵەکی هەتاکو ئێستاش پەیوەندی بەیەکەوەبەستنی خێلەکی مابەینی کوردانە. کە تاکو ئێستا زۆربەیان دوور لە کارتێکردنەکانی شارستانی نوێ لە لادێ یە  کانیان دەژین . بەڵام لەگەل ئەوەشدا شان بەشانی ئەوەش خەریکە چینەکی نوێ سەری هەڵداوە کە ئاسۆیەکەی لە سەر دروست بونی سۆز و پەیوەندی خێلەکی دروست نەبووە وبەلکو سنوردار نی یەو چەکدارە بە زانستی نوێ و خوێندەوار و ڕۆشنبیر بووە و هەتا دێت زیاتر بەرەو پێش دەچیت وزیاتر دەبێت. وە بەسەر ئەو چینە پارتی دیموکراتی کوردستان زاڵە کە لەگەڵ بیروباوەڕی مارکسیزمی ناسیونالیزم دەبەسترێتەوە. وە سەرۆکی ئەو پارتە ملا مصطفی بارزانی یە کە سەرۆکایەتی چالاکی یەکانی ڕۆشنبیران و سەرۆک خێڵەکان بەیەکەوە دەکات هەردوو چینی بەیەکەوە بەستۆتەوە. ئایا بارزانی هاوپەیمانی یەکێتی سۆڤیەتە...

دوای هەمووشتێک سەرۆکی کورد ١٢ ساڵ لە هاندەران لە روسیا ژیاوە و بە بانگەوازی قاسم گەڕایەوە. بەڵام ئەو دوانزە ساڵە بەس نەبوە بۆ ئەوەی بارزانی لەبەرچاوی سۆڤیەتی یەکان ببێتە جێگای متمانەی ئەوان و بارزانی چالاکی ئەنجام دەدات بێ ئەوەی هیچ یارمەتی یەکی سۆڤیەتی پێ گەیشت بێت. هەروەها کۆمۆنیستەکان کار لەدژی جەنەڕاڵ قاسم دەکەن. بەڵام ئاواتەکانی کورد لە ئۆتۆنۆمی وای لە سۆڤیەت کردوە کە پەیوەندی و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کورد سارد بێت ئەویش لەبەر یەک هۆ چونکە عەرەبەکان بۆ سۆڤیەتی یەکان لە کورد گرنترن وە عەرەبەکان بە گشتی نەک هەر قاسم هیچ گرنگی یەک بە ماف و ئۆتۆنۆمی کوردان نادەن.

بارزانی و یاخیبوەکان توانیان زستانێکی سەخت بەسەر بەرن و دەربازبن وە وادیارە یاخیبوەکانی بارزانی توانایان هەیە لە سروشتە سەختە بێ ڕێگاوبانەکانی کوردستان چەندین ساڵی تر لە دژی هێزەکانی حکومەت خۆیان بگرن. وە وادیارە کە کوردەکان نەفەسیان زۆر دوورو درێژە لە خۆگرتن وەک

ژەنەڕال قاسم ، بەڵام ئەو کاردانەوە سەخت و بەربەریانە و هەڵمەتە سەربازیە ناسەرکەوتوانە لەدژی یاخیبوەکان لەلایەن دوژمنەکانی لە بەغدا لەلایەنی ڕامیاری و پڕوپاگەندەیی باش لە دژی قاسم بەکارهێندرابوو.

(وادیارە نوسەرە ئەڵمانی یە بێگانەیە بەجوانی لە گیروگرفتی کورد و حکومەتی عیراق گەیشتوە، وتێگەیشتوە جەنەرال قاسم هەتاکو کاری بەبارزانی وکورد هەبوو گرنگی پێدەداو و پەیمانی بەدەستهێنانی هەموو ماف و ئامانجەکانیانی پێدابوون بۆ پشتگیری کردنیان بۆ گەیشتن بەمافەکانیان لە ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عیراق وبەڵێنی زۆرتریشی پێ دابوون بەڵام هەر کە کار و پێویستی پێ نەمان هێرشی کردنە سەر و بە خێڵەکی و دواکەوتوو و تێکدەر ناوی بردون و باسی ئەوەش دەکات کە چۆن کورد لە پەیمانە نێودەوڵەتی یەکانی مابەینی زلهێزەکان لە ماف و بەڵێنەکان بێ بەش کراون ولەسەر خاکی خۆیاندا مافیان پێ شێل کراوە. هەروەها وەک وەڵامێک بۆ ئەوانەی کە دەڵێن بارزانی و کورد خێڵەکی و کۆنەپەرستن ، نوسیویەتی هەرچەندە پەیوەندی خێڵەکی هەرماوە بەڵام کورد لەمێژە ئەو ئاستەی بڕیوە بە دروست بوونی چینێکی ڕۆشنبیری ناسیۆنالیستی مۆدێرن وکراوە بۆ هەموو گۆڕانکاریە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری هەروەها چەکدار بە زانستی نوێ ئەوچینە نوێیە دوور لە سۆزی خێلەکی هەوڵی بەدەستهێنانی مافە نیشتیمانی ونەتەوەیی یەکانی دەدات . هەروەها ئەوەش ئاشکرا دەکات کەوا ماوەی ساڵێکە شۆڕش دەستی پێکردوەو خەباتکارانی کورد و بارزانی توانیویانە لەژێر بارودۆخی زۆر ناخۆشی سەختی زستاندا بژین و خۆیان دەرباز بکەن بێ هیچ یارمەتی یەکی دەرەکی ئەوەش نیشانەی بەهێزی و خۆڕاگری شۆڕشەکەیەو دیارە دوورو درێژ دەخایەنێت و لەبەرژەوەندی دەسەڵاتی قاسم دا نی یە).

## لەڕۆژنامەی دی تسایت لە بەرواری ١٧٠٨٠١٩٦٢ ژمارە ٣٣ بڵاوکراوەتەوە لەژێر ناونیشانی

## گەلێکی بێ پارێزەر

ماوەی ساڵێکە فڕۆکەکانی قاسم دیسان لادێ و بنکەکانی کوردان بۆمبە باران دەکەن لە باکوری عیراق. یاخیبوە کوردەکان، ئەوانەی قاسم پەیمانی پێدابون لە دوای دەست بەسەردەسەڵات داگرتن بەدەستی خۆی ئۆتۆنۆمیان پێ ببەخشێت. لەوماوەیەدا شەڕێکی تاکتیکی پێشکەوتووانەی سەرکەوتوویان دژی هێزی عیراقی بەڕێوەبردوە.

کاتێک باس لە میللەتە دابەشکراوەکان دەکرێت کە لەژێر پارچەپارچە بون دەناڵێنن .هەردەم میللەتێکی وەک کورد لە بیر دەکرێت. کە چارەنوسەکەیان زۆر ناخۆشترە لە چاو میللەتانی تر. ئەوان میللەتێکی ئازان و شانازن وژمارەیان دەگاتە نۆ ملیۆن کەس و باوەڕیان بەخۆیە و هوشیارن وە

تایبەتمەندی زمان و ڕۆشنبیریان هەیەو مافیان زەوتکراوە و لە مابەینی پێنج وولات دابەشکراون لە عیراق وئێران و تورکیاو سوریا و یەکیتی سۆڤیەت. هیچ کەسێک نوێنەرایەتی دۆزی کوردی عیراق ناکات لە بەرامبەری ڕای گشتی جیهانیدا ، ڕۆژئاوا لەبەرئەوەی هاوسۆزی و هاوپەیمانیان لەگەڵ تورکیا و ئێران هەیە و ڕۆژهەڵاتیش هیچ گرنگیەک بە کورد نادات هەرچەندە سەرۆکی شۆڕشگێڕان مەلا مصطفی بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت پەروەردەی سیاسی و ئایدۆلۆژی کراوە . بەڵام قاسم بۆ ئەوان گرنگترە.

»بەڕاستی جێگەی خۆشحاڵی یە لەکاتی سەدەی مافی چارەی خۆنوسین بژیم «

(لێرەدا لەباسێکی کورتدا نوسەر باسی هێرشی توندی ئاسمانی عیراقی دەکات بۆ سەر لادێ و گوندە کوردیەکان دا بەچەکی قورس بەڵام بێ ئەوەی هیچ ئەنجامێکی هەبوبێت. بەڵکو باس لە سەرکەوتوویی سەربازی هێزەکانی کورد دەکات لەماوەی ئەو ساڵەدا. وە  درک وهەست بە زوڵم لێکردنی کورد دەکات و بە ئاشکرا ڕەخنە لە سیاسەتی جیهان و زلهێزەکان دەگرێت لە پشتگوێ خستنی مافی کورد و گرنگی نەدان بە مافی کورد لەژێر سیستەمێکی بەناو جیهانی نێودەوڵەتی دادوەرو پشتگیر لە مافی کەمایەتی و نەتەوەکان و ئازادیەکان.)

## لەڕۆژنامەی دی تسایت لە بەرواری ١٦٠٤٠١٩٦٥ ژمارە ١٦  بڵاوکراوەتەوە لەژێر ناونیشانی

## جەنگ دژی کوردان

## میللەتێکی شانازبەخۆی و خەون بە وولاتی خۆی دەبینی

کورد دیسان ڕێگەی شەڕکردنیان گرتەبەر، چەند هەفتەیەکە چەندین کرداری توندوتیژی و هێرش کردن لە باکوری عیراق  تۆمارکراوە. بۆ هەموان وا دیارە حکومەت لە بەغدا پلان دادەنێت بۆ هەڵمەتێکی سەربازی نوێ لە دژی میللەتی  تینو بۆ ئازادی بۆ ناوچە شاخاویە سەختەکان کە تا ئیستا ٤٠٠٠٠ سەرباز بۆ ناوچەی ڕاپەڕینەکە نێردراون .

شەڕی ناوخۆ و سیڤیل لەمابەینی حکومەتی عیراق و کەمینەی کورد هەر لەساڵی ١٩٦١ دا بەرەو زیادبون دەچێت و تەشەنە دەستێنیت پێش ماوەی ساڵێک پێش ئێستا سەرۆک و ڕێبەری ئەفساناوی کورد مەلا مصطفی بارزانی شەڕڕاگرتنێکی لەگەڵ بەغدا ڕاگەیاندبوو. بەڵام هەوڵەکان بۆ ئاشتی هەرەسیان هێناو سەرکەوتو نەبون، چونکە حکومەت هیچ کاتێک بیر لەوە ناکاتەوە کە داواکاریەکانی کورد جێ بە جێ بکات. بارزانی داوای گەرەنتی لە نەتەوەیەکگرتوەکان کردوە، بۆ ئەوەی ئۆتۆنۆمی بۆ میللەتەکەی لەناوچەکەو هەرێمی خۆیان بەدەست بهێنی و بەشێوەیەک کە هێزێکی سەربازی تایبەت وسەربەخۆیان هەبێت و بەشێک لە داهاتی نەوتی کەرکوک و موسڵ وەربگرن.

هەرچەندە بەگوێرەی ڕای هەندێک لە سیاسیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان داواکاریەکانی ژەنەرالی یاخیبوەکان بارزانی هێشتا زۆر ساویلکە و ئاساییە چونکە ئامانجەکە بریتی یە لە کوردستانێکی سەربەخۆ کە عیراق و تورکیاو ئێران وسوریاو ئەگەربکرێت یەکێتی سۆڤیەتیش بگرێتەوە. ئەو خەونەی وولاتی تایبەتی بەخۆیان سەدان ساڵ کۆنە و لە ساڵەکانی ١٩٢٠ لەهەموو کاتێک نزیکتربوو بۆ گەیشتن بەم ئامانجە دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کاتێک بڕیار درابوو بەپێی بڕوانامەی ڕێکەوتنی **سیڤەر** میرنشینێک بۆ کورد پێک بهێنرێت بەڵام ئەو پەیمانە نەهاتە دی.

هەروەک زۆربەی عەرەب کوردیش موسوڵمانە، زمانێکی نزیک لەفارسی یە و لە هیندۆ-گێرمانی ڕەچەڵەکن. بەشێکیان لە ژێر ڕەشماڵ دەژین و بەشێکی تریان لە خانوی سادەو قوڕ و قەسەڵ دروستکراو لەبناری شاخەکان بنیاتراو دەژین وەهەروەها پابەندن بە دڵسۆزی بۆ سەرۆک خێڵەکان و باج و پارەیان پێ دەدەن.

زۆر لە کوردە گەنجەکان لە نەوەی نوێ لە نێو ئەوچینە خێڵ و دەرەبەگانە هەڵکەوتون. لە نێو ئەو چینە پارێزگارو دەرەبەگانەدا ئەو نەوە نوێ یە هەڵکەوتوە کە سنوری داب ونەریتەکانی خێڵەکایەتی و دەرەبەگایەتی دەبەزێنن و لێی لایانداوە .

جلال تالەبانی یەک لە دەستەڕاستی بارزانی ووتارێکی دا لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا لەشوێنی خۆی لەهاندەران وەک بیروڕایەکی دیموکراتی کەئەو لەدژی هیچ پێکەوە کارکردنێک نی یە لەگەڵ کۆمۆنیستەکان.

بەهۆی ئەو جیاوازی یەی کە عارف ئەنجامی دا لە جێگیرکردنی خێڵە عەرەبەکان لە ناوچەی دەشتایی یەکانی مابەینی هەولێر و کەرکوک پێگەی بارزانی ناشیرن کرد. ئەو ناوچانە نەدەتوانرا لەلایەن هێزە کوردیەکاندا کۆنترۆل بکرێت. عەرەبەکانی ناوچەی فرات هێنرابون بۆئەوەی لەوێدا جێگیربکرێن.

بەڵام یاریەکەی بەغدا زۆر ئاسان نەبوو، بە بانگەوازی عارف چەک دابنێن، بەڵکو وەڵامی کوردان بە شەڕ دەستپێکردن بوو. هەرچەندە هیوای ئەوەیان دەکرد کە سەرۆک ناصر پارێزەری ڕژێمی عارف و یەکێتی سۆڤیەت (پشتگیری کەرو دابینکەری چەکی عارف ) هەڵگیرساندنی شەڕێکی نوێ قەڵاچۆبکات. بەڵام بێگومان سەرۆک عارف بەووشەی ڕەق وتوند خۆ تێکەڵکردنی باڵیۆزی یەکێتی سۆڤیەت ی نەهێشت و ڕێگری لێکرد.

(ئەوەی سەردێڕی بابەتەکە بخوێنتەوە بۆی دەردەکەوێت کە بەچ شێوەیەک نووسەر لەسەر کوردی نووسیوە، لە پێشەکی بە ناوی [جەنگ دژی کوردان ] دەستی پێکردوە کە ئەوە ئاماژەیەکە بۆئەوەی کە لایەنی تر هێرشی سەر کورد دەکەن نەک بە پێچەوانەوە واتە کورد بە هێرش بەر نازانێت کە لەسەر خاکی خۆی پارێزگاری لەخۆی کردوە. دواییتر باسی ئەوەیکردوە کە کورد میللەتێکە شانازی بە خۆی دەکات و خەون بە دامەزراندنی وولاتی خۆی دەبینی و سەرشۆڕی کەس نابێت و خۆشی بەدەستەوە نادات وئەگەر پێویستیش بکات بە هەموو هێزێکیەوە بەرگری لەخۆی دەکات ، وەک ئەوەی کە ئێستا

ڕوو دەدات، دوای وەستانێکی شەڕو پێکدادانەکان بۆ ماوەیەک بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەتی عیراق بۆ گەیشتن بە چارەسەریەک بۆ پەیوەندی یەکانی کورد لەگەڵ حکومەتی عیراق، بۆبەدەستهێنانی مافەکانی کورد بەڕێگەی ئاشتی و گفتوگۆ. ئەوە مانای ئەوە دەگەیەنێت کەوا ئەڵمان زۆر بەباشی دەزانن کە کورد میللەتێکی شەڕ خواز نی یە و بەڵکو بەدوای مافەکانی خۆیدا دەگەڕێت. وەبارزانیش سەرکردە سیاسیەکانی کورد لەگەڵ گفتوگۆن ئەگەر بکرێت ، بەڵام بەمەرجێ گفتوگۆیەک و ئاشتیەکی سەر بەرزانە بیت. کە کورد تیایدا بەسەربەرزی بەدەربکەوێت . کورد میللەتێکە شانازی بەخۆیەوە دەکات و سەر بۆ دوژمنانی شۆڕ ناکات. بەڵام دیارە حکومەتی عیراق بەپێچەوانەوە هەردەم هەوڵی ڕاپێچکردن و گواستنەوە و بەعەرەبکردنی داوە و ویستویەتی بە سیاسەتی ژێردەستی و زەبروزەنگ کورد ژێردەست ودەستەمۆی بکات وسەری پێ شۆڕ بکات ئەوەش ئەو پەیامەیە کە ئەو ڕۆژنامەنوسە گەیاندویەتی.).

## لەڕۆژنامەی دی تسایت لە بەرواری ٥٠٧٠١٩٦٣ ژمارەی ٢٧ دا بڵاوکراوەتەوە

## جەنگە ناشیرنەکەی عیراق

لە باکوری عیراق لە ناو چیایەکان دەنگی تەقەی چەکەکان لەگەڵ دەنگدانەوەی گرمەی ناپاڵمەکان دێت .دیارە شەڕی سی ساڵەی عیراقیەکان لەدژی کوردەکان دوای شەڕ ڕاوەستانێکی کورت دیسان دەستی پێکردەوەو دوبارە هەڵگیرساوە . دوای ڕوخانی ڕژێمی قاسم لە بەغدا وادیارە پاشگرەکەی عارف بەهەموو هێزێک دەستەڵاتی بەهێزتردەکات و هەموو خێڵە سەربەستەکان دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی. ئەوە شەڕێکی قێزەوەنە و لەهەمان کاتدا شەڕێکی ئاسان نی یە، کە لە مابەینی بیست هەزار لە شەرکەرە کوردە ئازدیخوازەکان بەسەرکردایەتی بارزانی و پەنجاهەزار لە سەربازی سوپای عیراقیدا بە تانک و فڕۆکەی میک پرچەک کراو بەژداربوو. ئەو شەڕە بۆیە قێزەوەن و ناشیرینە لەبەرئەوەی هەرلەسەردەمی قاسم ەوە و ئێستاش بە سەرکردایەتی پیاوە نوێ یەکانی بەغدا بەهەموو هێزوتوانایەکی توند وتیژی لە دژی کۆمەڵێکی خراپ و نابەرامبەر پرچەک کراوی خێڵەکی ئەنجام دەدرێت.

عارف لەپێشان بەیارمەتی کوردەکان دیکتاتۆر قاسم ی قین لێکراوی لەناوبرد. بەڵام عارف کوردەکان کە پەیمانی پێدانی ئەوتۆنۆمیان پێدرابوو لەسەردەمی قاسم، ئیستا لەسەردەمی عارف داخوازی وداواکاری کوردەکان بۆ ئۆتۆنۆمی ئاستەکەی زیاتر بووە وداوای بەشداری کردن دەکەن لەقازانجی نەوت وەبەتەواوەتی جیابونەوە لە بەغدا وایکرد کە عارف لادێ یە کوردیەکان کاول بکات و بۆسەری بارزانی پریمیەک واتە برێک پارە وەک دیاری دابنێت . ئەوەی شایانی باسە لەبۆ هەموو هێزەکان گرنگە کە باڵانسی یەکسانی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست وەک خۆی ڕابگرن و بیهێڵنەوە.

ئەوشەڕە زۆر نارەحەتە مۆسکۆ لە داخۆیانیەکدا گوتبوی، وەزۆر زەحمەتە بەغدا یارمەتی یەکانی پێشوەچوون بەدەست بهێنێت، بۆئەوەی تۆڵەی ئەو خوێنرێژیە لە عارف بکاتەوە کە لە دژی کۆمۆنیستەکان ئەنجامی دابوو دوای دەسەڵات گرتنەدەستی لە عیراق. بەڵام سۆڤیەت جورئەتی ئەوە ناکەن کوردەکان یارمەتی بدەن و پڕچەکیان بکەن و لە دژی عیراق بەکاریان بهێنن.

لەبنەڕەتدا بۆ عارف نەک هەر زاڵ بوون بەسەر کوردەکان گرنگە، بەڵکو لەهەمان کاتدا دەیەوێت پارتی بەعسی عەرەبی کە بێ هێز بوو گوشارێک پێ بدات و هەڵی بستێنتەوە سەر پێ لەبەرامبەر تەوژمی قەومی عەرەبی ناصری لە قاهیرە و بنکەی جەماوەریەکەی فراوانتر بکات. بۆیە جێگای سەرسوڕمان نی یە کە بەعسیەکانی سوریا هێز یا بەتالیۆنێک بنێرن وەک هێزی پشتگیری بۆعیراق بۆ عارف بۆ شەڕکردن و پشتگیری کردنی لە شەڕی کوردان، هەروەها ناصر بەشێوەیەکی ئاشکراو ڕاستەوخۆ پشتگیری داواکاریەکانی بارزانی بۆ ئۆتۆنۆمی نەدەکرد.

(دیارە نوسەر زۆر بە ووریاییەوە دەیەوێت ئەو نابەرامبەریەی هێز لە مابەینی کورد وسوپای عیراق پیشان بدات بەوەی کە ئەو هێزە عیراقی یەی بەتانک وتۆپ وفڕۆکە بەچەکی قورس چەکدارکراو هەوڵی ئەوە دەدات کە کورد سەرکوت بکات بەتایبەتی کە کورد هیچ چەکێکی وابەهێز یان سوپایەکی ڕێکخراوی نی یە بۆ ئەوەی بەرگری لەخۆی پێ بکات. کەواتە بەهۆی درێژبوونەوەی ڕێڕەوی خەبات و زیاد بوونی قوربانی یەکانی وایکرد کە کورد ئاستی داواکاریەکانی بەرزبکاتەوە بەرامبەر حکومەتی عیراق و عیراق یش زیاتر سوور بێت لەسەر لێدانی کورد وبەکارهێنانی هێز لە دژی کورد بۆ ئەوەی لەلایەنی سەربازی بێ هێزی بکات و وای لێ بکات سەری پێ شۆڕبکات و داواکاریەکانی کەم بکاتەوە، بەتایبەتی کەسایەتی بارزانی وەک سمبولی شۆڕشەکەو کورد بۆیە عیراق هەوڵی ئەوەی داوە لەڕێگای دەستگرتن بەسەر کەسی بارزانی گڕوگیڤی شۆڕش سست بکات و وورەی شۆڕشگێڕان بشکێنیت بۆیە پریمیەکی پارەی لەسەر سەری بارزانی داناوە وەک هەوڵەک بۆدەستگیرکردنی، ئەوەش گرنگی کەسایەتی بارزانی دیاردەکات لە ناو جولانەوەی  شۆڕشی کوردستان و کاریگەری ئەفسانەیی کەسایەتی بارزانی وکاریزمای لەسەر شۆڕشەکە دەردەخات).

نوسەربە ووریاییەوە دەڕوانێتە سیاسەتی ووڵاتان بەرامبەر بە کوردی ماف خوراوو ڕوداوەکانی بە ووردی هەڵسەنگاندوە لە پەیوەندی هێزەکان لەگەڵ کورد و چۆنیەتی تێڕوانینیان بۆ میللەتی کورد تەنها لە ڕوانگەی بەرژەوەندی یەکانی خۆیان بەتایبەتی سۆڤیەتی یەکان، کە بێ هەڵوێست بوون لەترسی بەرژەوەندیەکانیان هەتاکو لە لێدان وکوشتنی هەڤاڵانیان لە کۆمۆنیستی یە کانی عیراق. هەروەها دەڵێت ئەوەی لای عارف گرنگ بووە بەهێزکردنی  بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەدژی ناصریەکان ئەویش بەلێدانی کورد ولەسەر حسابی کورد بووە. لەلایەکی تردا ناصریش هیچ پشتگیریەکی ڕاستەوخۆی بۆ کورد دەرنەبڕیوە بۆ داواکاریەکانی بارزانی ،وادیارە کورد هەر بەتەنها بووە لە یاریە سیاسی یەکە ئەوەش ئەوڕۆژنامە ویستویەتی بیڵێت.).

## لەڕۆژنامەی دی تسایت لە بەرواری ٨ / ٧ /١٩٦٦ ژمارەی ٢٨ دا بڵاوکراوەتەوە

## لەکۆتایی یدا هیوایەک بۆ کوردان

پێشنیارەکی ئاشتی بۆ بەغدا ، مۆسکۆ ئامۆژگاری شەڕ ڕاگرتن دەکات، ئایا شەڕی کورد کۆتایی پێ هات؟ دوای چەندین ساڵ شەڕی پارتی زانی لەچیایەکانی باکوری عیراق ، ئەنجومەنی شۆڕشی کوردی پێشنیارەکانی شەڕ ڕاگرتنی حکومەتی بەغدای قبول کرد. بەڵام ئێستاش هەر بەردەوام گومان هەیە، پێشتر لەساڵانی ١٩٦٤ جارێکیان پەیمانی ئاگروەستان بەسترا بوو بەڵام نەگەیەنرا ساڵێک و دیسان پێشێل کراو شەڕ دەستی پێکردەوە.

بەڵێ ئەمجارەیان ئومێدی ئاشتی گەورەترەو بەهێزترە، لەگەڵ توندوتیژی و زۆری ژمارەی تانکەکان وتۆپهاوێژەکان و فڕۆکەجەنگیەکان، سەرباری بۆمبی ناپاڵم و گازی ژهەراوی و هێرشی عیراقیەکان وبەفیڕۆدانی خوێنێکی زۆر کۆتایی بە شەڕ هات.

نە لە زستان و نە لە سەرەتای بەهاردا توانرا کورد لە دابینکردنی یارمەتی یەکان لە دیوی سنوری ئیران بێ بەش بکرێت. سەربازەکان زۆر ماندون لە شەڕکردن ، خەزینەی دەوڵەت بەتاڵە وە یەکێتی سۆڤیەت هاوڕێ ی دەوڵەتی عیراق ئامۆژگاری شەڕ ڕاگرتن دەکات.

کوردەکان میللەتێکی نیمچە کۆچەرن و حەز لە ئازادی و سەربەستی دەکەن وەکو عەرەب موسوڵمانن. کوردی بە زمانە هیندۆ ئەوروپیەکان دادەنرێت بەدرێژایی سەدان ساڵە خەبات دەکەن لە دژی تورک و عەرەب بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی. دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پەیمانی پێکهێنانی وڵاتی سەربەخۆیی خۆیان پێ درابوو، بەڵام لە پەیمانی لۆزان زلهێزەکان خۆیان لە هیواوئاواتی کوردەکان دزیەوە و کوردستان لە مابەینی تورکیا و عیراق سوریاو ئیران وروسیا دابەش کرا. لەکۆی حەوت ملیۆن کورد دوو ملیۆن لە وڵاتی عیراق دەژین. هەروەها نزیکەی یەک لەسەر سێی خەڵکی عیراق لەژێر فەرماندەی ئەفساناوی ژەنەراڵ مصطفى بارزانی هەر لە ساڵەکانی چلەکانەوە بۆئۆتۆنۆمی خەباتیان کردوە. حکومەتی بەغدا هەر لە ساڵەکانی ١٩٦١ ەوە کە قاسم دوای ئەوەی هێزەکەی بە چەکی سەربازی سۆڤیەتی چەکدارکرد دەستی بە شەڕێکی کاولکاری لەناوبەر لە دژی کورد کردو شەڕی بەرپا کرد کە تیایدا منداڵ و ژنیش بە سەلامەتی لێی دەرنەچوون.

سەرۆک وەزیرانی سیڤیل لە بەغدا عبدالرحمن البسار دوای ئەوەی سوپا کۆتایی بە خۆدەرخستنەکەی وکارەکەی هێنا. پێشنیارەکی فراونی دڵخۆشی بۆ کوردان کرد بەوەی کە زمانی کوردی ببێتە زمانی سەرەکی ڕەسمی ناوچەی باکور، هەروەها کورد لە دواڕۆژدا فەرمانبەرەکانی خۆیان بۆ خۆیان دامەزرێنن ، هەروەها ڕۆژنامەی تایبەت بەخۆیان دەبێت، وە بەپێی ژمارەی دانیشتوان لەبەغدا بەشداری لە حکومەت دەکەن وبەشداریان پێ دەکرێت. ئەوەش پەیوەستە بە کورد بەخۆی کە تاچ

ڕادەیەک مافەکانی خۆیان ومافە ناسیۆنالیەکانیان دەتوانن پراکتیزە بکەن. هەروەها ئەوەش ڕوون نی یە ئەگەر کورد لە داهاتی نەوت بەشی دەدرێت هەروەک لەساڵی ١٩٦٤ کە پەیمانیان پێ درا بوو.بەشێک لە نەوت دەکەوێتە کوردستان. پێش هەمووشتێک وپێش ئەوەی چەکدارانی بارزانی چەکیان دابنێن دەبێت حکومەتی بەغدا نیازپاکی خۆی نیشان بدات .

## کودەتایەکی شکەست خواردو

ئاشتی ناوخۆی عیراق دوای مردنی عارف لەمانگی چوار ئەپریل زۆری نەخایاند وبەردەوام نەبوو ، وە وەک چارەسەرێکی ناوەندی و کۆمپرۆمیس بۆ هەموو هێز و گروپە ناکۆکەکان (ناسیونالیستەکان، بەعسیەکان، ناصریەکان )ئەوەبوو کە ژەنەرال عبدالرحمن عارف جێگەی براکەی بگرێتەوە ، بەڵام وادیارە ئەویش ویستی وێنەی بێهێزی خۆی بەوە بشاریتەوە بەوەی بەهێزی خۆی بەسەرکەوتن بەسەر کورد دا جوان بکات . بەڵام هەوڵەکەی سەری نەگرت و شکستی هێنا.

لەکاتی ئێستادا دوژمنەکانی چاوەڕێی ئەوەبون کە کودەتایەکە کەلە پێنج شەممەی ڕابردو کرا بو کە بەشێک لە هێزی سوپا و هێزی ئاسمانی لە دژی ڕژێمی بەغدا ئەنجام درا بە سەرۆکایەتی عارف عبدالرزاق کەلە پایزی ١٩٦٥ بۆماوەی هەفتەیەک سەرۆکی وەزیران بوو. لە پشتگیرانی ناصر بوو ودەیوست هەموو هێزەکانی عیراق بخاتە ژێر دەستی خۆی و یەکێتی لەگەڵ میصر ڕابگەیەنێت، لەکاتێکدا کە سەرۆک مارشال عارف لە کازابلانکا بەشداری کۆنفرانسی عربی دەکرد .

کودەتایکە بەهۆی بەرهەڵستی براکەی سەرۆک لەوکاتەدا شکەستی هێنا. بەڵام مارشال عارف کۆنترۆلی مێشک وهۆشی خۆی کردو ڕاپەرینەکەی بەیارمەتی و پشتگیری هێزە دڵسۆزەکانی خۆی شکەستی بەکودەتایەکە هێنا ، بەڵام وادیارە دوژمنەکانی لە دواڕۆژ لە دیمەشق و قاهیرە وا بەئاسانی و بە ئارامی وازی لێ ناهێنن.

(لەو بابەتە بەناوی هیوایەک بۆ کوردان واتە نووسەر لێرەدا ئاشتی بە هیوایەکی چارەسەر بۆ کورد پێناسە دەکات، کەواتە کوردیش هەر چاوەڕێی ئاشتی بوون و بۆ ئاشتی شەڕیان کردوە وەهەر کاتێک بۆیان ڕەخسابێت خێرا ڕێگاچارەی ئاشتی یان گرتۆتەبەر.بەڵام لە شەڕکردنیشدا ئازا و توندن و سوپای عیراق یان لە شەڕدا زۆر ماندوکردوە و خەزێنەی عیراق لەبەر تێچوی شەڕ بەتاڵ بووە. وەئاماژەی بەوەکردوە کە یەک لەسەر سێی خەڵکی عیراق لەژێر فەرماندەو سەرۆکایەتی بارزانی هەر لە چلەکانەوە خەباتیان بۆ ئۆتۆنۆمی کردوە، لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بارزانی سەرکردایەتی خەباتی میللەتێکی کردوە لە ماوەیەکی زووەوە و کاردانەوەی هەبوە بەسەر ڕووداوەکان. وە نوسەر باسی توندوتیژی قاسم دەکات لەدژی خەڵکی کورد بە منداڵ و ژنیشەوە لەدوای دەست پێکردنەوەی شەڕ.

وادەردەخات دیارە هەندێک جاریش کورد کراوەتە ئامانج تەنها بۆ پیشاندان ودەرخستنی هێزو دەسەڵاتی خۆیان هێرشیان کردۆتە سەر کورد.) .

## لە رۆژنامەی دی تسایت لەبەرواری ١٩٦٦/١١/٤ ژمارەی ٤٥ بلآوکراوەتەوە

## لەژێر ناوی ئەو هەفتەیە دا ....مەلا مصطفى بارزانی

## مارشالی کوردی بەناوبانگ ،لەباکوری عیراق چاوی کەوت بە سەرۆکی وولآت عارف بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئاشتی.

(بارزانی وەک کەسایەتی هەفتە دەناسێنرێت لە ڕۆژنامەکەدا. ئەوەی لێرە تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە لە ئەڵمانیادا لە ڕۆژنامەکە زۆر بە ڕێزەوە باس لە سەرۆکی شۆڕشی کورد دەکات و بە مارشالی سەربازی ناو دەنرێت کەئەوەش جێگەی ڕێزەو هەموو کەسێک وا بەم شێوەیە وەسف ناکرێت. وە لە تایتلێکدا کە هەر هەفتەیەک باس لە کەسایەتی یەکی جیهانی دەکات دیارە ئەو هەفتەیە باس لە بارزانی سەرۆکی کورد وەک پاڵەوانێک باسی لێ دەکرێت وەک کەسایەتی یەکی سەربازی ڕێزدار دەناسێنرێت بە ڕای گشتی ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێت کە کاریزمای بارزانی گەیشتۆتە ناو ئەوروپا و ناوبانگی یەکەی لە جیهاندا بڵاوبوە و ناسراو بوە، لە لایەکی تر ژەنەراڵ بارزانی وەک کەسایەتی یەکی بەڵکو سەرکردەیەکی بەڕێزی میللی کوردی بەناوبانگ بۆ دروستکردنی ئاشتی تیشکی خراوەتە سەر لە پێش ڕای گشتی ئەڵمانیادا ) .

## لە رۆژنامەی دی تسایت لەبەرواری ١٩٦٨/٢/١٦ ژمارە ٧ بلآوکراوەتەوە

## سەرەتای بەروبومی سیاسی پشتگیری عەرەب

## دیگۆل هاوکاریگەرە

جەنەرال لەشوێنی خۆی بوو و ئاهەنگێکی نانخواردنی گەورەی ئامادەکردبوو بەبۆنەی تەشریف هێنانی سەرۆکی عیراق ژەنەراڵ عارف. لەکاتێکدا کە پێکدادانە کۆنەکانی لەگەڵ بەریتانیای مەزن نوێ و گەرم کردەوە بۆ ئەوەی کاریگەریەکانی فەرەنسا لە ناوچەکە نوێ بکاتەوە . هەروەها گلەیی ئەوەی لەبەریتانی یەکان کرد بەوەی کە هەر لەدوای دروست بونی عیراق وەک وولآت خستیانە ژێر دەستی دەرەکی وبیانی تر و نەیانهێشت پەیوەندی یەکی برادەرایەتی لەگەڵ فەرەنسا پێکبهێنن.

لە بیرەوەریەکانی کەلە ساڵەکانی ١٩٤٠ـ١٩٤٢ نوسیویەتی دەڵێ کە بیرۆکەکان ئاسایی بون کە لەگەڵیدا چووم بۆ ڕۆژهەلآتی ئاڵۆز، وە گومانی ئەوەم دەکرد کە لەوێدا یاریەکی یەکلاکەرەوە دەکرێت. وەدەبوایە تیایدا بەشدار بوباین . وە ئەمڕۆکە دوای ٢٧ ساڵ لە چوونی بۆ ئەوێ ژەنەراڵ دەیەوێت ئەمجارەیان بەشدار بێت و فەرەنسا ڕۆڵی هەبێت.

له پێشەکی گفتوگۆکەدا لەمابەینی عارف و دیغۆل دا باسی نەوت و فڕۆکە کرا. فەرەنسا وەک پێشبڕکێکەرێکی یەکێتی سۆڤیەت لە دەرهێنانی نەوتی باکور لە رمیلە هاتەپێش و هەروەها وەک گرنگی پێدەرێک خۆی دەرخست بۆ بەرهەمهێنانی گۆگرد لە کێڵگەکانی میشراق دا. لەبەرامبەر ئەمەدا عیراق پێویستی بە فڕۆکەی جەنگی و تانک و چەکی کورت لەهەموو جۆرەکان هەبوو. لە کاتی شەڕی شەش ڕۆژەدا لەدژی ئیسائیل هەندێکی لە دەست دابوو و دەیویست کەشتی گەلی فڕۆکەکەی نوێ بکاتەوە. دیگۆل دەیویست ئەو هیوا و ئاواتەی عیراق بهێنێتە دی وئەو قەدەغەی سەر چەک کە وولاتانی ڕۆژا بەسەر وولاتانی شەڕکەر سەپاندبویان بشکێنێ و پشت گوێی بخات ، بە بیانگەی ئەوەی عیراق پێگەی شەڕی کورت نی یە. وە لە بڵاوکراوەی کۆتایی سەردانە سێ ڕۆژیەکەی پێویست بوو ئەنجامەکەی بۆ ٢٤ کاتژمێر دوابخرێت پێش ئاشکراکردنی ، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی دەربارەی دانوستاندنەکانی نەوت و ڕادەستکردنی فڕۆکەی تێدا نەبوو. پشتگیری و وەستانی دیگۆل لەگەڵ عیراق جێگەی خۆی گرت . هەروەها دوای ڕێکەوتنی پاریس بازرگانە فەرەنسیەکان ئاشکرای دەکەن کە چۆن دەستکەوتەکانیان لە وولاتانی عەرەبی لەچاو پێشتر زیادی کردوە . ئەوەش لەسەر شانی بەرژەوەندی یەکانی ئەمریکی و بەریتانیەکان بووە ، کە ئەمەش بۆتە هۆی خۆشحاڵی ژەنەڕاڵ.

یەکێک پرۆتێستی تۆمار کردوە، **سەرۆکی کورد بارزانی خەباتکەرە ئازاکە** کە دژی هەموو هەوڵەکان وەستاوە کە دەدرا بۆ ئەوەی بەشداری پێ بکەن لەدەسەڵات دا لە عیراق. ئەو نامەیەکی کراوەی بۆ ژەنەڕاڵ نوسی و داوای لێ کرد کە هیچ نەدات بە عیراق کە بێ گومان لە دژی کورد و بۆ کۆمەڵکوژی کورد و خێڵە چیایی یەکان بەکاری دەهێنێت. دیبلۆماسیەتی فەرەنسی هەوڵی ئەوەیدا کە سەرۆکی کورد ڕازی بکاو هێوری بکاتەوە بەوەی بۆ نمونە " میراج" ناتوانرێت بەهیچ شێوەیەک پێش ساڵی ١٩٧٠ ڕادەستی عیراق بکرێت.

(لەلایەنی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلول دا دیارە کورد چالاک بووەو ناسراو بووە .وە وادیارە فەرەنسا لەگەڵ کورد پەیوەندی سیاسی هەبوە. هەرچۆنێک بێت فەرەنساش هەرچەندە هەوڵی هەڵخەڵەتاندنی کوردی داوە ، چونکە فەرەنسا تەنها رەچاوی بەرژەوەندی یەکانی خۆی کردوە، ،لەگەڵ ئەوەشدا بەڵام ڕێزی لە بارزانیش گرتوە و تێگەیشتوە لە مەترسی یەکانی کورد. هەر بۆیەش وەڵامی نامەی بارزان داوەتەوە وهەوڵیداوە بارزانی دڵنیابکاتەوە لەوەی ئەو چەکەی دراوەتە عیراق لەدژی کورد نی یە، ئەوەش هەرچەندە ئەگەر ڕاست نەبێت بەڵام هەوڵی دڵنیاکردنەوەی بارزانی دراوە هەرچۆنێک بێت دیارە بارزانی وشۆڕشی کورد بۆ فەرەنسی یەکان ناسراو بوە. فەرەنسیەکان شۆڕشی ئازدیخوازی کوردیان ناسیوەو تێگەیشتنیشیان بۆی هەبوە .)

## له رۆژنامەی دی تسایت لەبەرواری ١٩٧٠/٣/٢٠ ژمارە ١٢ بڵاوکراوەتەوە

# ئاشتی لە کوردستانی کێوی

دوای ساڵانێکی دوور و درێژ لە شەڕ و پێیکداداانی بچووک : پێکهاتنەوە لە بەغدا - بارزانی پاڵەوان بێ دەنگە.

نوێ ترین هەواڵەکان لە ( بە نێو کوردستانی کێوی دا) "کارل مای" ئەوەی ڕاستی بێت زۆر و خۆش دیارن، لەمابەینی حکومەتی عیراق و شۆڕشگێرە ڕاپەڕیوەکانی باکوریووڵات دیسان جارێکی تر ئاگر بەستنێک کراوە کە لە ئاشتی دا دوور نی یە.

سەرۆکی عیراق احمد حسن البکر پرۆگرامێکی تێروتەسەلی ئاشتی لە ١٥ خاڵ لەسەر تەلەفزیۆن خوێندەوە کە ئاماژە بە پێکەوەبەستنی ئەوناوچانەدەکات کە کوردنشینن لە هەرێمێکی کوردی بەڕێوەبردنی سەربەخۆ، لەهەمان کاتدا دامەزراندنی پێنج وەزیری کورد لە حکومەتی بەغدا وهەروەها لەگەڵ دامەزراندنی چەندین ئەندامانی نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عیراق.هەروەها ئەو ناوچانەش دەگرێتەوە کە نەوتین بە کەرکوکیشەوە کە پێشتر لەلایەن یاخیبوانی کورد هێرشیان کرابوە سەر.

سەرۆکی کورد مەلا مصطفی بارزانی لەڕێی نوێنەری خۆی د.محمود عوسمان ئاشکرای کرد لە خۆپیشاندانێکی ئاشکرا لەبەغدا ،دوای کۆتایی پێهێنانی ناکۆکیەکان بەڕێگاچارەیەکی برایانە دەتوانرێت ئێستا لولەی تفەنگەکان لە دوژمن بکرێت لە فەلەستین .

یەک لە هۆیەکان بۆ ڕاوەستاندنی شەڕ لەدژی کورد بریتیە لە بارودۆخی سەربازی حکومەتی عیراق لەبەغدا، یەک لەسەر سێی هێزی سەربازی عیراق تاکو ئێستا لە شەڕدا بوو دژی یاخیبوانی کورد. لەهەمان کاتدا دە هەزار سەرباز لە ئوردن بوو و شەش هەزاریش لە سوریادا بوون. هەروەها دیارە بەغدا نەیدەتوانی لە ناوچەی قەیراناوی لەسەر کەنداوی فارسی کە بەرژەوەندە یەکانی هەردوولای عیراق و ئیران بەر یەک دەکەون هیچ هێزێکی چەکداری گەورە بەکار بهێنن. بەڵام کوردە کۆچبەرەکانی ئەوروپا ئەم هەواڵەی ئاشتی یەیان بەچاوی گومانەوە تەماشا دەکرد و باوەڕیان پێ نەبوو.

زۆر جار لەو دواییانەدا ئەو پێکهاتنانەی شەڕ وەستاندن بە هەڵخەڵەتاندن بوون. دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی لە عیراق ، قاسم دەسەڵاتێکی نیمچە ئۆتۆنۆمی دابو بە کوردان بەڵام درێژەی نەبوو و زۆری نەخایاند.

بۆ دەسەڵاتی عیراق پارتی دیموکراتی کوردستان لەژێر سەرکردایەتی بارزانی زۆر بەهێز ببو، چونکە ببوە هێزێکی سەرتاسەری کوردستان وکوردان بەگشتی لە سوریا وئیران وتورکیا ش کە خەبات بۆ سەربەخۆیی خۆیان دەکەن.

بەڵام دوای تێکچونی ئاشتی لەگەڵ بەغدا شەڕێکی پارتیزانی توندوتیژ هەڵگیرسا کە تەنها بە شێوەیەکی کاتی و جاروبار بەسەرپێیی شەڕ وەستاندن دەکرا. شەڕ لە باکوری عیراق بە شێوەیەکی ئاشکراو لەبەرچاوی جیهان نەدەکرا و پیشان نەدەدرا. هەروەک شەڕی ئەوکاتی ناوخۆی نایجریا، تەنها

هەندێک جار نەبێت توانیویانە ڕۆژنامەنوسان خۆیان بگەیەننە بەرەکانی شەڕ لە ناو چیاکان ئەویش بەدزی و بە کەمی . لەڕاپۆرتەکانیان : عیراقیەکان و هێزە ئاسمانی یەکان لەدژی یاخیبوان ڕۆژانە بۆمبی ناپاڵمیان بەکارهێناوە وکاری ڕۆژانەیان بووە. پاڵەوانی کوردانی ڕاپەڕیو سەرۆکی یاخیبوان بارزانی تەمەن ٧٢ ساڵانە چەندین جار پڕوپاگەندەی مردنی کراوە و هەتاکو ئێستاش ڕای خۆی بەرامبەر شەڕڕاگرتن دەرنەبڕیوە .

(دیارە لێرە نووسەر ئاگاداری باشی هەیە لەسەر هەواڵ و ڕوداوەکانی بەغدا وە بە ووردی ئاگادارە دەربارەی کورد و ووتووێژەکانی لەگەڵ بەغدا بۆ ئاشتی و بەدەستخستنی مافەکانی هەروەها خۆشحالی دەردەبڕی بە هەواڵی گفتوگۆی ئاشتی. وادیارە نوسەر لە سیاسەت و گرفتەکانی ناوچەکەش ئاگادارە و دەزانیت پێگەی کورد چۆنەو و ئاگاداریشە لە بیروبۆچونی کوردانی دانیشتوانی ئەوروپا بەرامبەر بە ڕەوشەکەو بارودۆخەکە وچۆنیەتی هەڵوێست و بۆچونیان بەرامبەر بەغدا وهەوڵی ڕێکەوتنی ئاشتی لەگەڵ کورد. واتە ئاگادارە لە بۆچونی کورد لە ناوەوە و دەرەوەی ووڵات ولە کێشە نێودەوڵەتی یەکان).

نوسەر لەدەستپێکدا باس لەئاشتی لە کوردستانی کێوی دا دەکات ئەوەش وەک ئاماژەیەک بۆ پەڕتوکێکی نووسەری بەناوبانگی ئەڵمانی [ کارل مای ] دەکات کە بەناوی [ بەنێو کوردستانی کێویدا] نوسیوە کەلەنێوان ساڵەکانی ١٨٨١ بۆ ١٨٨٢ نوسراوە وبڵاوکراوەتەوە . ئەو پەڕتوکە ڕۆمانە زۆر بەناوبانگە زۆربەی ئەڵمان خوێندویەتیەوە و کورد بەهۆی ئەو ڕۆمانە زۆر بەناوبانگ بوە لەنێو خوێنەری ئەڵمانی، هەربۆیە ویستویەتی خاکی کوردستان و ڕوداوەکانی ئیستا وەک گێڕانەوەکەی کارل مای بناسێنێت. باس لە ئاشتیەک دەکات کە هەردەم لەلایەن حکومەتی عیراقەوە لەکاتی بێهێزیدا داوادەکرێت وپەنای بۆ دەبات و هەرلەگەڵ بەهێزبونی یەوە دیسان پێشێلی دەکات و دەست بە شەڕهەڵگیرساندنەوە دەکاتەوە.

لێرە ڕۆژنامەنوسی ئەڵمانی ئەوە ئاشکرادەکات کە شەڕەکە و ڕوداوەکانی لەبەرچاوی جیهاندا شاراوە بووە و ڕێگەنەدەدرا ئەوەی ڕویدەدا بڵاوبکرێتەوە بۆئەوەی جیهان بزانێت بە چ شێوەیەکی توندوتیژ و ترسناک ڕووبەڕوی کوردان دەبنەوە لەبەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو لە ناپاڵم و چەکی کوشندەی تر. ڕۆژنامەنووسان تەنها بە دزی یەوە زۆر بە دەگمەن توانیویانەخۆیان بگەیەننە ناوچەی شەڕەکان لەکوردستان.)

## لە ڕۆژنامەی دی تسایت لەبەرواری ١٩٧٤/٥/٣ ژمارەی ٢ بڵاوکراوەتەوە لەلایەن دیتریخ شترۆتهینان نوسراوە لەژێر ناونیشانی

## کورد لە بازنەیەکی بۆشدا.

## دیسان ژەنەڕال بارزانی بانگهێژی شەڕ لە دژی بەغدا دەکات .

دوابەدوای شەڕە قسە شەڕە تۆپ دێت، هەر کە ژەنەڕاڵە پیرە زیاتر لە تەمەن حەفتاساڵیەکەی کوردان مەلا مصطفی بارزانی گوتی "کوردستان دەبێتە گۆمێک لە خوێن و تیایدا دوژمن دەخنکێت". بەغدا وەڵامی داوە بەوەی کە بارزانی سەرۆکی تابوری پێنجەمی ئیمپریالیست و زایۆنیزمە وەناکرێت هیچ ئاشتی یەک لەگەڵی بکرێت تەنها ئەگەر ئاڵای سپی هەڵکات .لەوکاتە یەکەمین فیشەگی شەڕتەقێنرا وشەشەمین شۆڕشی کوردان لەماوەی ئەو دەساڵەی دوایی لەدژی ڕژێمی بەعسی لە عیراق بەرپابوو.

ماوەی چەند هەفتەیەکە دیسان دەستیان بەشەڕکردۆتەوە لەنێو چیاو و دۆڵ و گەلی یەکاندا لە دەوروبەری شارەکانی "کوردستانی کێوی" باکوری عیراق. وەک هەر گرفتێک ، لە سیناریۆی پەڕتوکێکی نوسراوی هەردەم دووبارە بۆوە. هەر کاتێک بارزانی ماندونەناس شتێک داوادەکات لە گفتوگۆی ئۆتۆنۆمی یان پارە بێت وەک هەموو جارێک حکومەت لەیەکەم جاردا ڕەتی دەکاتەوە دوایی شەڕ دەست پێ دەکاتەوە تاکو بەعسیەکان دەگەنە ئەو ئەنجامە کە کوردە شەڕکەرەکان تەنها بەڕێگەی سەردانوان بۆ داواکاریەکانیان دەتوانرێت هەڵس وکەوتیان لەگەڵ بکرێت، دوای شەڕ ڕاوەستان مۆر دەکرێت و گفتوگۆ دەست پێ دەکات وپەیمان نامەیەک مۆر دەکرێت و بەڵام دوایی جێبەجێ ناکرێت وشەڕ دیسان دەست پێ دەکاتەوە بەردەوام دەبێت ، ئەمجارەش هەر ئەوها بوو. دوای چوار ساڵ شەڕ ڕاوەستان دەبوایە ئەو ڕێکەوتن نامەیەی ئۆتۆنۆمی لەمابەینی کورد و عیراق دا مۆرکرابوو لەسەرەتای مارس جێبەجێ بکرێت و کورد ڕەزامەندی لەسەر بدات، بەڵام کە بارزانی ڕەزامەندی نەدا، سەرۆک احمد حسن البکر مۆڵەتێکی چواردە ڕۆژی پێدا ودوای ئەم ماوەیە شەڕ دەستی پێ کردەوە. دەڵێن کە فڕۆکە جەنگیەکانی عیراق ١١ گوندی کوردیان سوتاندوە ، وە شەڕکەرە کوردەکانیش ٨٠٠٠ سەربازی عیراقیان لە بنکەکانی خۆیاندا گەمارۆداون، وجارێکی تر هەردوولا پەیمان دەدەن تاکۆتایی بەدرێژایی ٢٠٠ کم شەڕێکی تاڵ ئەنجام بدەن. ئەوەی کە لێرەدا نوێ یە لە خەباتی کوردانی عیراق لەماوەی دەیان ساڵی خەباتیان دا ئەوەیە ئەمجارەیان بارزانی لەگەڵ بەرزبونەوەی نرخی نەوت داوای شاری کەرکوک دەکات و وەک پایتەختی "کوردستانی سەربەخۆ" ناوی دەبات لەگەڵ بەشێک بودجە بەڕێژەی سەدا ٢٥ پێک بێت دوای ئەوەی پشتر کە لە سەدا دوانزە ڕێکەوتنی لەسەر کرابوو. ئەوەی کە ئەمجارە نوێ یە ئەوەیە کە مۆسکۆش ئەم جارە پشتگیری هاوڕێکانی لە بەغدا دەکات، دوای ئەوەی کە پێشتر دڵسۆزی ژەنەراڵە فەخریەکەی بارزانی بوو کە بۆ ماوەی یانزدە ساڵ لە سۆڤیەت ژیاوە و پێشتر لە شەڕەکانی پێشوودا یارمەتیشی داوە بەچەک. لێرەدا وەرگەڕانی کرملین ئەوە دەردەخات کە "شێری چیا" بارزانی و چل هەزار لە پێشمەرگەکانی ئەوجارە لە مەترسی دان. جگە لەوچەکانەی کە دەستی بەسەردادەگیرێت ، هەروەها ئەو چەکانەش کە بەدزی یەوە لە ئێران پێ ی دەگات هیچ یارمەتی یەکی تر نیە بۆ شۆڕش کە پشتی پێ ببەستن. وە داخوازیەکانی لە بەدەستهێنانی چەک لە ڕۆژئاوا نائاسایی بوو. هەروەها ووتی لە یەک لە ئەشکەوتەکانی ناو چیاکان لە شوێنێکی سەختدا کەس نایگاتێ " مرۆڤی خنکاو دەست بە

پوشکەوە دەگرێت " کەواتە  دەست بە هەمووشتێک دەگرێت بۆ ئەوەی خۆی ڕزگار بکات وەدەست بۆهەموو کەسێک درێژ دەکات کە یارمەتی بدات.

لێرەدا مصطفی بارزانی کەهەر لە منالیەوە سەرکردایەتی خەباتی ڕزگاری خوازی کوردی کردوە لەپێنج پارچەکانی کوردستان ( ئیران وتورکتاو سوریاو عیراق و یەکێتی سۆڤیەت) کە بوینەتە قوربانی گۆڕانکاریەکانی ڕۆژهەلاتی ناوین. هەریەکە لە قاهیرە و سۆڤیەت و ڕۆژئاواش پشتیان لە کورد کرد .سۆڤیەت پەیوەندی یەکانی لەگەڵ دیمەشق و بەغدا بەهێزکرد و پشتڕاستی پشتگیری خۆیان بۆ بە غدا دەربڕی . وکەمێک پێش کۆتاییهاتنی مۆڵەتی قبوڵکردنی ئۆتۆنۆمی لە کۆتایی مانگی مارس دا . وەزیری بەرگری سۆڤیەت گریتشکۆ جەختی لەسەر ئەوە کردەوە بۆ بەعسیەکانی هاوپەیمانیان کە مۆسکۆ بە توندی پەیوەستە بە ڕێکەوتننامەی هاوڕێیەتی ساڵی ١٩٧١ کە لەگەڵ عیراقیەکان مۆریان کردوە. لەکاتێکدا سۆڤیەتی یەکان هەردەم لە پشتگیری شۆڕشی کورد و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دابون ئەمجارەیان "پراڤدا" تۆمەتی ئەوەی خستە پاڵ بارزانی بەوەی نۆکەرایەتی ئیمپریالستی کردوەو پەلکێێشی ئیمپریالیستی کردوە بۆ هێنانی بۆناو کاروباری عیراق.

سۆڤیەتی یەکان هەر تەنها ناچار نەبون لەوە بترسێن بەوەی کە بارزانی دەیوت کەرکوک کوردستانی یە بەڵکو لە دروشمی دیموکراتی بۆ عەرەب ترسیان هەبوو  لەوە زۆر توڕە بوون ،چونکە جەسارەتی ئەوەی کردبو بۆ ئەوەی کاریگەری سۆڤیەت لە کەنداوی فارسی و ناوچەکە کەم بکرێتەوە بەرامبەر ئەوەی چەک لە ئیران وەر بگرێت. فارس و عەرەب لە ناوچەی شط العرب وشوێنی بەیەک گەیشینەوەی دیجلە و فرات بۆ ماوەیەکی دوور ودرێژە بەرامبەر یەکتریان گرتوە و ناوەناو تەقەش لەیەکتر دەکەن و هەردەم دووبارە لێکدەدەن .

وە ئەگەر پێشبینیەکانی بارزانی ڕاست بێت ئەمجارەیان بەوەی هەر پێکدادانێکی عیراق و کورد دەبێتە هۆی گۆڕینی دەسەلات لە بەغدا. ئیران دەگاتە هەنگاوێکی نزیک لە گەیشتن بە ئامانجەکانی لە دەست بەسەرداگرتنی کەنداوی فارسی وەک سەرۆکێک وتەنیا هێزێکی بێ ڕکابەر لە ناوچەکە. هەرچەندە بەڵام لەگەڵ سەنگەرگۆڕینی مۆسکۆ وا دیارە ئەستێرەی شەشەمین شەڕی ڕاپەڕینی کورد بەرەو کوژانەوە دەچیت. بارزانی دوای ئەوەی کە پێش مانگێک وای دەرخست لەسەرپەیمانی ئۆتۆنۆمی ڕازی یە .هەر لەگەڵ ڕۆژانی کۆتایی مۆڵەتەکەی حکومەت ، دەستی کرد بە بەرزکردنەوەی ئاستی داواکاریەکانی بەوەی داوای شاری کەرکوک و بودجەیەکی زۆر زیاتری لە بەشێک لە داهاتی نەوت کرد کە لەلایەن عیراق ەوە لەساڵی ١٩٧٢ خۆماڵی کراوە.

هەروەها داوی پۆستی زیاتری کرد بۆ هەڤاڵەکانی لە بەشەکانی بەڕێوەبردن و دبلۆماسیەت و سەربازی لەناو حکومەتی عیراق، وەداوی سەرژمێرکردنێکی نوێی کرد لەساڵی ١٩٥٧ کە دواجار بوە و دەڵێن ژمارەی سەرنشینی کورد خۆی دەدا لە ٨٠٠ هەزار کەس ئەو کات. کەچی ئێستا دەڵێن گەیشتۆتە

دوو ملیۆن و نیو لەکۆی گشتی ژمارەی عیراق لە دە ملیۆن و نیو کەچی ئەو مەزەندەیە بۆ بەغدا جێگەی قبوڵکردن نی یە.

لەبەر ئەمە دیسان دوژمنانی سەرسەخت سەرلەنوێ لە بەرەکانی جەنگ دەگەڕێن بۆئەوەی بەختی خۆیان تاقی بکەنەوە. وە بە شانازیەوە ڕادیۆی_**دەنگی کوردستان** ئەوە بڵاودەکاتەوە کە هەموو بنکەو سەربازگەکانی سوپای عیراق لە باکور لەلایەن پێشمەرگەوە دەورەدراون و کۆپتەرێکی پشتگیری ناردنی ئازوخەی سوپا بەردراوەتەوە.

هەروەها بە توڕەییەوە کوڕی ژەنەڕاڵ بارزانی بەناوی عبیدالله بارزانی هەڵسا بە شەرمەزاریەوە بە تاوانبارکردنی باوکی بە خیانەتی مەزن لە کورد و پەیوەندی خیانەت لەگەڵ سوپای ئیسرائیل وئیران تۆمەتباری کرد. وە هەروەها رادیۆی بەعس ئاماژەی بە سەرکەوتن کرد بەسەر خائینان لە نزیک سنوری ئیران لە حاجی ئۆمەران بەوەی چواردەوری بارەگاکەیان گرتون. بەڵام هەروەک دەزانرێت کە هیچ لایەکیان نە چل هەزار شەڕکەرەکەی بارزانی و نە نەوەد هەزار سەربازەکەی بەکر توانیان شەڕ بۆ خۆیان یەکلایی بکەنەوە. سوپای بەغدا لە بارودۆخێکی خراپ دایە لەو ناوچە چیاییە سەختە بێ ڕێگاوبانە خراپەی باکوری عیراق . وە هێزەکانی بارزانیش بێ هیوان لە بردنەوە. ئەوا ئەو شەڕەش دبردرێت بەرەو شەڕوەستاندنێکی نوێ کە بەدوای خۆیدا گفتوگۆی نوێ دەهێنێت ودەبێتە بەستنی پێکهاتنێکی نوێ ی ئۆتۆنۆمی بەمەرجی نوێ ، ئەوەش بازنەی سوڕاوەی بێ کۆتایی پێکدادانی کوردە.

تورک هەڵسان هەرلە زووەوە بە دەستەمۆکردنی کورد لەکاتی دەسەڵاتی ئەتاتورکەوە کە بە (تورکی چیایی) ناویان دەبردن، سۆڤیەت وایان لێکردن کە بە بێرومەتی ژێردەست بکرێن.

کورد لە سوریاو ئیران دەژین بە شێوەیەکی یەکسان دا. بەڵام لە عیراق ، پیاوێکی پیر کە دووژمنەکانی هەر لە پێنج ساڵیدا خستبویانەتە زیندان. وە لەوکاتەوە دیارە ئەو هیچ شتێک نازانی تەنها شەڕو ئاژاوە نانەوە نەبێت. هیچ نەبێت دەیەویت کۆتا پاشماوەی (کوردستانی ئازاد ) هێمای بەرخۆدان و سەرهەڵدان کە هەڕەشە ی پارچەپارچە بوون و لێک جیابونەوەی هێواشی لەسەرە ڕزگار بکات، هەرچەندە ناپاڵم نایەوێت بەسەری زاڵ بێت لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شەڕێکی بێ هیوا بەڕێوە دەبات.

(نووسەر دەست بە بابەتەکەی دەکات بە گوتەیەکی بارزانی کاتێک گوتویەتی " کوردستان دەبێتە گۆمێک لە خوێن کە تیایدا دوژمن دەخنکێت " ئەوەش نیشانەی گرنگیدانی نووسەرە بە ووتەی بارزانی وتێڕوانینەکانی و پێشبینیەکانی بۆ ڕوداوەکان کە گرنگی تایبەتی هەبووە لای نووسەر و ڕۆژنامەوانەکە. بەوەی دەتوانرێت ڕووبدات وممتمانەیەکە بە ووتاری بارزانی و پێشبینیەکەی).

هەروەها نووسەر دەڵێت شەشەمین شۆڕشی کورد لەماوەی ئەو دە ساڵە دەستی پێکرد، واتە بە ووردی دەزانیت کورد لەکەیەوە دەستی بە شۆڕش کردیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی و کەی بارزانی دەستی بە ڕاپەڕین کردوە و ئەوەی ئێستا چەندەمین خولی شەڕە دەست پێ دەکات. کەواتە بە ووردی ئاگادار بووە لە ڕوداوەکانی ناو عیراق. هەروەها ڕووداوەکان وەک پەڕتوکێکی دووبارەکراوەی نوسراو

وەسف دەکات لەبەر زۆری دووبارەبوونەوەی سیناریۆیەکان و ڕووداوەکان بە لێکچوویی .وادیارە لێرەدا مەبەستی ئەوەیە دووبارەبونەوەی مێژوو و ڕووداوەکانە هەرلە ڕاگرتنی شەڕ بۆ ماوەیەک کاتێک حکومەت بێهێز دەبێت وشکەست دێنی وە دووبارە دەستپێکردنەوەی هێرشەکانی حکوموت بۆسەر کورد هەرکاتێک کە بەهێزبۆتەوە .

ئەلێرە مەبەستی نووسەر دۆزی کورد هەر لە شوێنی خۆیدا خول دەخواتەوە و هیچ بەرەوپێشچوونێکی ئشکرا لەنێوەندە نێودەوڵەتیەکان بەخۆیەوە نابینێت. بەڵکو لەکۆتایی خەباتی شۆڕشگێڕی سیاسی و سەربازیدا هەر لە جێگای خۆیدایە و ئامانجەکانی زۆر بەکەمی و سستی دێتەدی یان بەڵکو هەر نایەتەدی و تەنها وەک کارتی پەستان بۆسەریەکتری بەکاردەهێنرێت لە گۆڕەپانی سیاسیدا . هەروەها ئەوە دەگەیەنێت کە نووسەر لە ڕووداوەکاندا هوشیارە بەوەی ئەوەی کەلە پێشدا چەندین جار لە مێژووی کورد ڕویداوە لە کۆتایی پێهێنانی شۆڕش. هەمان ڕووداو دیسان بەهەمان شێوە دووبارە دەبێتەوە .ئەو هێزانەی کەلە کاتێکدا خۆیان بە هاوڕێ و دۆستی کورد داناوە هەر لەناکاو دا پشتیان لەمیللەتی کورد کردووە و لەمەیدانی زۆرانبازی وبەربەرەکانی یەکانی سیاسی و سەربازی نێودەوڵەتیدا بەتەنها بەجێ ماوە بۆ بەرەنگاربونەوەی کاردانەوەی کاریگەریەکانی بێ بەزەییانەی دوژمنە سەرسەختە شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستەکانی ئەو میللەتە. کە بەو هۆیەوە مافەکانی پێشێشێلکراوە بێ هیچ  سڵ کردنەوەیەک لە یاسا نێودەوڵەتی یەکان.لێرەدا نووسەر تۆمەتی ئەوەی خستە پاڵ یەکێتی سۆڤیەت بەوەی کە پشتی لە بارزانی کرد بەرامبەر ڕازیکردنی هاوپەیمانانی لەعەرەبەکان. وەک نوسەر دەڵێت دیارە هەر هێزە و ویستویەتی کورد و شۆڕشەکەی بۆ ئامانجەکانی خۆی بەکار بهێنێت چ سۆڤیەتی یەکان و چ ئەمریکی یەکان ولەگەڵ هێزەکانی ناوچەکەشەوە.

ناوهێنانی بارزانی وەک_**شێری چیا** ئاماژەیەکە بۆ ڕێزو گەورەیی ئەو مرۆڤە کە وەک نوسەر باسی لێدەکات کە هەرلە سەرەتای ژیانی منداڵیەوە ڕوی لە خەبات کردوە لەپێناوی سەربەخۆیی میللەتەکەی وهەموو تاڵی وناخۆشیەکی بینیوە لەو پێناوەدا و هێشتاش هەر بە خۆڕاگری ماوەتەوە. وەهەتاکو ئێستا خۆی نەداوە بەدەستەوە و هە بەردەوامە لە خەباتی سەربازی و پارتی زانی هەندێک جاریش بێ پشت بەستن بە یارماتی دەرەکی هەر بەردەوام بووە لە خەباتی چەکداری. هەتا ئێستاش هیچ جۆرە چەکێک ئەژنۆی پێ دانەداوە و خۆی بەدەست هیچ هێزێک نەداوە و هیچ لە دوژمنەکانی نەیانتوانیوە بەسەری زاڵ ببن. ئەویش بۆ میللەتەکەی بەدڵسۆزی ماوەتەوە و لگەڵ پیاوەکانی وبەهاوشانی شەڕکەرانی شەڕی دوژمنانی کردوە لە بەرەکانی جەنگ هەر دیارە بۆیەش وەک شێر ناوی بردراوە لە بڵاوکراوە ئەڵمانیەکان.

## لە رۆژنامەی دی تسایت لەبەرواری ١٩٧٥/٤/٤ ژمارەی ١٥ بڵاوکراوەتەوە لەلایەن دیتریخ شترۆیهمان نوسراوە لەژێر ناونیشانی

## کۆتا ڕاوی شێرە پیرەکە

## دوای ١٤ ساڵ مارشاڵ ملا مصطفی بارزانی ناچاربوو چەک دابنێت

## بۆهەندێک ماچی برایەتی بوو بەڵام بۆ هەندێکی تر ماچی مردن بوو.

ئەوکاتەی شای ئیران لەسەرەتای مانگی ٣ ی مارس دا لە جەزائیری پایتەخت لە گەڵ جێگری سەرۆکی عیراقی دەستیان لەملی یەکتر کردوو دووبەرەکی یەکی کۆنیان ژێرخان کرد و دواییان هێنا بە تێکۆشانی کورد لە پێناو ئازادی بۆ ئەوەی ئیران گەرەنتی دەست کەوتنی نیوەی شط العرب لە عیراق بکات لە شوێنی بەیەکگەیشتنی دوو ڕووباری دجلەو فرات لە کەنداوی عەرەب . شای ئیران دەستی هەڵگرت لە پێدانی چەک بە کورد و سنورەکانی خۆی بەرامبەربە کورد لەسەرەتای ئەپریل دا داخست.

پێکهاتنی هەندێک لا لەلای هەندێکی تر خیانەتە. پێکەوە لەگەڵ هەریەک لە ادریس و مسعود ی ژەنەڕال ملا مصطفی بارزانی تەمەن ٧٢ ساڵ ناچار بوو بۆ هەڵاتن بۆ ئیران و زۆربەی شەڕکەرەکانی چەکیان دانا و دەیان هەزار کەس هەوڵی خۆڕزگارکردنیان دا لەدەست پێشکەوتنی هێزە عیراقیەکان و ڕایان کرد بۆناو خێوەتی پەنابەران بۆ ناو ئیران ، لە ناکاو کۆتایی هات بە خەونی بەڕێوەبەرایەتی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان . وەخەباتی بیست هەزار کوردی پێشمەرگە لە دژی نۆوەد هەزار سەربازی عیراقی کۆتایی پێ هات بە هۆی واقیعی سیاسەتی هێزەکان.

ئەوەش خەونێکی کۆن و خەباتێکی دوورودرێژ بوو، خەونی وڵاتی کوردستان ی فیدراڵی لە چوارچێوەی عیراقدا لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی تایبەتی خۆی بە بیرە نەوتەکانی کرکوک و موسل یشەوە. هەروەها بەشێک و پشکی دادوەرانە لەبودجەی بەڕێوەبردنی حکومەت و پۆستەکانی بەڕێوەبردن. هەروەها نوێنەرایەتی ئەو خەباتەی کرد بۆ ئەو بارە سەربەخۆیە لە ڕژێمی بەغدا کە نایەوێت بە هیچ شێوەیەک هەموو داواکارییەکانی کوردان جێ بەجێ بکات. پێش چل ساڵان لەوکاتەی کە بارزانی ویستی لە دژی بەریتانیەکان و ڕژێمەکەیان بوەستێتەوەو ڕێڕەوی خۆی بگرێت بەڵام دەستگیرکرا و دادگایی کراو ئیشی قورسی بەسەرسەپێنرا لە دواییدا پێش ١٤ ساڵان سزادرا بەزیندانی وياخيبونەکەی دەستی پێ کرد لەدژی بەعسی یەکان لە بەغدا و ڕانەوەستا تەنها هەندێ جار بە پچڕپچڕی و ناوە ناوە نەبێت.

ئێستا( شێری چیاکان) وەک بارزانی ناودەبرێت خۆی بەدەستەوەدا، ڕاپەڕینەکەی مارس ی ١٩٧٤ بووە دوا ڕاوکردن . بەو واتایەی کە ئەو ویستی لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بە ئارامی دابنیشی دوای ئەوەی پێشتر لە ساڵی پار گوتبوی کوردستان دەبێتە دەریایەکی خوێن. ئەوە دوای ئەوەی کە بڕیاری سزای مردنی چالاکییەکانی بەسەر درا لە پایتەختی جزائیر، کاتێک کە هاوپەیمان و هاوڕێ یەکەی جێی هێشت ، دەبوایە دان بەوەبنێ ( شەڕەکە کۆتایی هات و ئێستا ڕۆژانی ڕەش بەسەرماندا هاتن).

له کۆتایی ڕۆژەکانی، شۆڕشگێری زیندوو له لێکدانەوەکانیدا هەڵه بوو، ئەوەی که ماوه له پاڵەوان تەنها ئەفسانەو ناخۆشی بوو، ئەفسانەی ئەوشەڕکەرەی که وادیار بوو ناتوانرێت بشکێنرێت . ئەوەی که خۆی زۆر جار و دووباره دەخسته ناو ناخۆشی و ژێرباری قورسایی وا لەدژی هێزی زۆر له خۆی گەورەتر لەکاتی تورەیی یدا. هەرچەنده هەندێک جار سەرکەوتنی بچوکی بەدەست دەهێنا ، بەڵام هەرگیز قەد سەرکەوتنی کۆتایی و بریقەداری بەدەست نەهێناوه. بەڵام مەینەت و ناخۆشی چێشتنی ئەوانەی ئێستا له ژێر خێوەتی کەمپەکانی هاندەران دەژین وچاوەڕێ ی چارەنوسی نادیارن یان ئەوانەی که ئێستا له ژێر دەست و چەپەڵۆکی سەرکرده سەرکەوتووەکان دان له وولاته خۆشنەویستەکانیان هەست به ژێرکەوتوویی دەکەن دەبی چی بێت ئایا ئەوانه هەموو شایانی ئەو شەڕوخۆبەختکردنانەیه.؟

مەلا مصطفی بارزانی خەباتکارێک و شەڕکەرێک بووه له منداڵیەوه، بەڵام  هیچ کاتێک سیاسیەک نەبووه که به ئارامی هێزوتواناکانی دوژمنەکانی هەڵبسەنگێنی.

هەردەم خەونێک یاوەری بووه وگرنگی بەڕاستی و واقیع نەداوه. ئەوکاتەی تەمەنی ٥ ساڵان بووه کەتۆته ناوزیندان و زیندانی کراوه ئەو و دایکی لەلایەن تورکەکانەوه ئەوکات.

دوای ئەوەی که بەریتانیەکان  گرتیان و سزایان دا، هەروەها دوو ڕاپەڕین لەژێر سەرکردایەتی ئەو تێکشکا و له دواییدا کاتێک که ئیران لەساڵانی ١٩٤٦ که کۆماری کوردی یەکەم وتاقانەی کوردیان لەناوبرد و دەرچوو بەڕیرەوێکی دوورو درێژ بەرەو یەکێتی سۆڤیەت. هەر لەوێدا ماونەتەوه و دەستی به خوێندن کردووه له مێژوو و جوگرافیا و سیاسەت و ئابوری بۆ ماوەی ٩ ساڵ دوایی بەبونی سۆڤیەت لەدواوەی که دەیانویست لەوکاتەدا سوود له گیانه شۆڕشگێڕ و خەباتگێڕیەکەی وەرگرن و بەکاری بێنن بۆخۆیان. دوای ساڵانی ١٩٥٨ گەڕاوەتەوه بۆ عیراق دوای ئەوەی عبدالکریم قاسم ڕژێمی شاهانەی ڕووخاند وکۆتایی پێ هێنا. بەڕای قاسم شۆڕشگێر بارزانی و یاخیبوەکانی وەک بەردێکی ڕێگر بوون لەپێش قاسم بۆ دەست بەسەرداگرتنێکی بێ سنووری دەسەڵات.

پێشبڕکێ لەمابەینی هەردوولادا دەبوایه سەرهەڵبداو دروست ببێت ئەوەش خۆی بینی یەوه له یەکەم ڕاپەڕینی کوردان له پایزی ١٩٦١ دا . دوای ١٤ ساڵ لەوکاتەوه هەموو شتێک بەشێوەی ڕێکاری بنەڕەتی و نەگۆڕ دەڕوات . هەرکاتێک که یاخیبوەکان لەباکوری عیراق پێشنیارێکی حکومەتیان بۆ ئۆتۆنۆمی کوردی ڕەت کردبێتەوه یان حکومەت هەر پێکهاتن و پەیمانێکی لەگەڵ کوردان جێ بەجێ نەکردبێت یەکسەر شەڕ هەڵگیرساوه. وه سەرۆک قاسم بۆ ماوەیەک له دەسەڵات مایەوه ، دوایی لەسەردەستی دوژمنەکانی کوژرا له ١٩٦٣. عارف لەلایەن پێشبڕکێ کەرانی یەوه لادرا له ساڵی١٩٦٨ ، ئەوکاتەی البکر به رەسمی له شوێنی خۆی بوو لەوکاتەدا لەگەڵ بارزانی له ساڵی١٩٧٠ ڕێککەوتنی ئاشتی مۆرکرد بەڵام دوایی ناچاربوو ئیش وکارەکان بۆ جێگرەکەی صدام حسین جێ بهێڵێت.

صدام حسین لەگەڵ شاهی ئێران پێکهاتەوەو مەسەله ودرامای کوردی بەڕێگەی تایبەتی خۆی کۆتایی پێ دەینی. بەسۆز و بەزەیی یەوه لەگەڵ ئەوانەی خۆیان بەدەستەوه دەدەن و بەبێ بەزەیی یش

بەرامبەر ئەو ( ٩٠٠٠) کەسانەی کە نایانەوێت شوێنی خۆیان لە لوتکە و کون و دۆڵی چیاکان بەجێ بهێڵن لەسەرەوە لەو شوێنە سەختانەی کە کەس نایانگاتێ و خۆیان لە نزیک سنورەکانی تورکیا حەشارداوە.

ئەو ڕۆژانەی ماون بە پەنجە دەژمێردرێن بۆ ئەوەی پەردەکە دابدرێتەوە لەسەر ئەو دەیان ساڵە بێ هیواو ئومێدیەی خەباتی میللەتێکی بچوک لەبەرامبەر سیاسەتی جیهانی وهیواکانی ملا مصطفی بارزانی جەنەڕاڵە بێ بەختەکە کە دەبێتە تەنها ئەفسانەیەک و هیچی تر (لەکوێ میللەتێک و نەتەوەیەک هەبێت ئەلەوێشدا خەبات وتێکۆشانی نیشتمانی میللەتێک دەبێت) . هەرچەندە بەشێک لەمێژووی خەباتی نەتەوەیەک دەگاتە کۆتایی بەڵام بزوتنەوەکەی بەرەو پێشەوە دەڕوات .

بەڵێ نەتەوە لەکوێ یە، میللەت لەکوێ یە ، و بزوتنەوە لەکوێ یە ؟ لە یەکەم جاریەکێتی سۆڤیەت بە تەنها بەجێ ی هێشتن لەبەر هۆکاری ستراتیژی و بەرژەوەندی یەکانیان لەگەڵ ئەمریکا لایەنی عەرەبیان هەڵبژارد. دواییش لەلایەن ئێران ەوە فرۆشران کە بۆ لەنگەری هێزی خۆیان لە ناوچەی کەنداو و نایانەوێت دوژمنایەتی عەرەبەکانی دراوسێیان بکەن چی تر. ئێستا کۆتا سەربازگەی کوردان تێک شکا کە زیاتر لە دووملیۆن  کەس لێی دەژیا. وە شەش ملیۆن کورد کەلە باشوری پارێزگاو ناوچە کوردیەکانی تورکیا دەژیان کە هیچ مافێکیان نی یەو بەبێنرخ وئاست وەک ( تورکی چیا ) ناویان دەبردن. وە پێنج ملیۆن لە ئێران هەر دیار نەماون و خۆیان بزرکردوە، نیو ملیۆن لە سوریا و سەدوزپەنجاهەزار کورد لە یەکێتی سۆڤیەت لەمێژە لەناو ئەو میللەتانەی لە ناویان دەژین بزر بوون و قوت دراون.

هەتاکو ئێستا هەندێک شەڕکەری کوردی عیراقی ماون کە باوەڕیان بە بارزانی وەک سومبوڵ ماوە و لەژێر کاریگەری ئەوپەیکەرەن. ئەوەی کەماوە ئەو پێشبینی یە بەئەنجام نەگەییوەیە کە هەردەم نایەتە دی کە ڕۆژێک لەڕۆژان ووڵاتی سەربەخۆیی خۆیان دروست بکەن .بێ ئەوەی هیچ دڵخۆشیەکی گەورەیان هەبێت بەو ئەوتۆنۆمیە ی کە بەغدا پێشکەشیانی دەکات. ئەوەی کە تورەی کردون پەیمانەکانی حکومەتن بۆ ئاشتی و ئۆتۆنۆمی یە کە هەردەم نایانگەیەنێتە ئەنجام و لەکۆتاییدا دەبێتە هۆی زیاترکردنی داواکاریەکانی یان و کە دەبێتە هۆی ناڕەزایی حکومەوت و لەئەنجامدا بەرەو چارەنوسێکی تاڵ دەڕۆیشتن و لەکۆتاییشدا تێکشکان و خۆبەدەستەوەدان.

نەتەوەی کورد لەمێژە لە ژێر پارچەیی وبەربڵاوی لە دیاسپۆرا دەژیت .بزووتنەوەکە تێکشکا هەروەها کۆتایی بە زیاتر لە بەشێک لە مێژووی کاریگەری جولانەوەی کورد هات. ئەو ئەنجامەی کە بۆمبی ناپاڵم وفۆسفۆڕو ئەو چەکەی کە سوپای عیراقی بەکاری دەهێنا لەدژی پارتیزانانی بارزانی لە چەند مانگی ڕابردوو بۆکۆتایی پێهێنانی شەڕ بەدەستی نەهێنا . هەروەها بارزانی ئەو ژەنەراڵە پیرە بەتەمەنە خەیاڵ وخەونەکانی بەدەست نەهێناو بەئەنجامی نەگەیاند بەوەی کە جیهان لە چواردەوری بە شێوەیەکی کاریگەر گۆڕا کە نەیدەتوانی لەڕوداوەکان تێ بگات، بارزانی لە چیاکانی (کوردستانی کێوی ) لە جیهانی تایبەتی خۆی ژیاوە لەوێدا پێش ساڵێک کاتێک لێدوانێکی کۆتایی ئاراستەی

دەستەلاتدارانی بەغدا کردوە گووتی بەشێوەیەکی گشتی بە متمانەیەکی زۆر بەخۆوە (هەرچەندە قوربانیەکانمان زیادبکات ئەوەندە داواکاریەکانمان زیاتر دەبێت ) . ئەو ووتەیەی دەگوترا لەلایەن خەڵک (کورد هاوڕێی نی یە) بەڕاستی سەپێندرا . بەڵام ووتەی بارزانی توندوتیژ و دوژمنانە کە بەدرێژایی ژیانی یاخیبونی دەیگوت ڕاست دەرنەچوو بەوەیکە دوژمنەکانی لەناو دەریای خوێن دەبێت بخنکێن . ئەو گووتنە ڕەقە لێناگەڕێت بەغدا بەبەزەیی هەڵس وکەوت لەگەڵ کۆتا شەڕبکات ئەوانەی کە مردن هەڵ دەبژێرن لەوەی کە ببنە عیراقی .

ئەوەش هاتەدی ئەوەی کە ملا مصطفی بارزانی لەلوتکەی هێزو ئەفساناویەتی گووتی . وەک دروشم (خوا یان ڕزگارمان دەکات یان دەمان کوژێت)، کاتی ڕزگاربوون تێپەڕی ئایا کاتی مردن و نەمانە ؟

ئەوەی کە لێرە نوسەر دەستی پێکردیە ئەوەیە بە نوسین لەسەر ڕۆژانی کۆتایی شۆڕشی ئەیلول بەناونیشانی _**کۆتا ڕاوی شێرەکە** بەمانای نازناوی بارزانی سەرۆک و ڕابەری شۆڕشەکە. ئەوەی شایانی باسە بە شێر وەسف کردنی هەرکەسێک مانایەکە لە ئازایەتی و بەهێزی وخۆڕاگریدا خۆی دەبینیتەوەو ئەوەش دەگەیەنێ کە بەزاندنی وا بەئاسانی نابێت .نوسەر دەڵێت **هەرچەندە کە لێرەدا کۆتایی شەڕکردن وخەباتی بارزانی و شۆڕشەکە دێت بەڵام ئەفسانەی بارزانی ناتوانرێت بشکێنرێت** .هەرچەندە ئەوەی کە بارزانی پێشبینی دەکردولێکدانەوەی بۆ کردبوو نەهاتە دی لەوەی[ کوردستان دەبێتە دەریایەکی خوێن ] ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە هیچ کاتێک سیاسیەک نەبووە کە بە ئارامی هێزوتواناکانی دوژمنەکانی هەڵبسەنگێنی.

وە ئەو خەونەی کە ژەنەڕال بارزانی لە تەمەنی خۆیدا هەیبو بەدەستی نەهێناو بەئەنجامی نەگەیاند بەوەی کە جیهان لە چواردەوری بە شێوەیەکی کاریگەر گۆڕا کە نەیدەتوانی لە ڕوداوەکان بەڕونی تێ بگات ، ئەو لە چیاکانی (کوردستانی کێوی ) لە جیهانی تایبەتی خۆی ژیاوە هەردەم خەونێ سەربەخۆیی کوردستان یاوەری بووە وگرنگی بەڕاستی و واقیع نەداوە.

هەروەها شانبەشانی ئەوەش کۆتایی هێنان بە ناکۆکی نێوان عیراق و ئیران. بەوەی ئیران شۆڕشی بارزانی وەک کارتێک بەکاردەهێنا بۆ ناچارکردنی عیراق بۆ سەردانەواندن بۆ داواکاریەکانی ئیران لەوەش سەرکەوتوو بو لەکۆتاییدا. بەڵام بەزاندنی شێر ئاسان نی یە بۆیە زۆرانبازی سەربازی لەگەڵ کورد و بارزانی بەکارێکی ئاسان نابینێت. دیارە دوای ئەوەی حکومەتی عیراق و سوپاکەی لە هەموو هەوڵە سەربازیەکانیان بە هێرش کردنە سەر پیاوانی بارزانی بەهەموو جۆرە چەکێکی قورس و سوک سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا ، بۆ ناچارکردنیان بۆئەوەی خۆیان بەدەستەوە بدەن . ئیتر هیچ ڕێگەیەکی تریان لەپێشدا نەماوە تەنها ڕێکەوتنی سیاسی نەبێت لەگەڵ دوژمنەکانیان وخۆبەدەستەوەدان نەبێت بۆ جێ بە جێکردنی داواکاریەکانی ئیران بۆ ئەوەی سنورەکانی لەکورد دابخات بۆ ئەوەی چیتر یارمەتی لۆجیستیکی نەگاتێ.

نوسەر ئەو شۆڕشە وەک شانۆیەک دەخاتە ڕوو و دەڵێت زۆری نەماوە پەردەی ڕووداوەکان دابخرێت و کۆتایی بە شۆڕشەکە بهێنرێت دیارە لەلایەن ئیرانەوە . نووسەر بەتەواوی هوشیار بووە لەبەرامبەر ڕووداوەکانی ئەوسەردەمەو دەربارەی مێژووی کورد ، و دەڵێت کۆتایی بە بەشە خەباتی ئەمجارە دێت بەڵام پێشوەچوونی بزووتنەوەی کورد لێرە ڕاناوەستێ وهەر بەردەوام دەبێت بۆبەرەوپێش چوون بەرەو دواڕۆژ. )

## لە ڕۆژنامەی دی تسایت لە بەرواری ١٤٠٤٠١٩٧٢ ژمارە ١٥ دا بڵاوکراوەتەوە لەژێر ناونیشانی

## نەوتەکە هی خۆمانە یاخود نەوتی خۆمان بۆ خۆمان

## لە پۆکەری نەوت دا عەرەب خول لە دوای خول سەرکەوتوو دەبێت کلاوس – پیتەر شمیدت

حەفتەیەک تێ ناپەڕێت بێ ئەوەی شێخەکانی نەوت دەربارەی خۆیان قسە بکەن، نوێ ترین هەواڵی مەترسیدار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە گەورەترین سەرکردەکانی گەورە کانگاکانی نەوت پێشنیاریان کردوە بۆ کڕیارە یابانییەکان کەلە دواڕۆژدا بازرگانی لەگەڵیان ئەنجام دەدەن بێ ئەوەی کۆمپانیا نەوتی یە گەورەکان بەشدار بن.

وەزیری دەرەوەی یابان (کیچی ئایتچی) هیچ لاریەکی نەبوو بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەڵس و کەوت لەگەڵ عەرەب بکات بەڵکو بەپێچەوانەو چاوەڕوانی نرخی هەرزان بوو کە بۆ ئابوری یابان بەدەستی بهێنێت. بەڵام لایەنی عەرەبی چاوەڕێی زیاتری دەکرد بە وەی بەگەیشتن بەڕێکەوتن لەگەڵ یابان کڕیاری یەکەم دەتوانن گورزێکی توندی کوشندەی ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی کۆمپانیا نەوتی یەکانی ڕۆژئاوایی یەکان بکەن. ئەو گورز لێدانە دەبێتە چارەنوس ساز، لەبەرئەوەی نیشانەکان ئەگەر دەستخەڵەت نەبن ئەوەدەردەخەن، کاتی سەدەی زلهێزەکانی نەوت ئەوانەی کە ئیشی نەوتیان هەرلە بیرهەڵکەندنەوە هەتاکو لولەی بەنزینخانەکان لەژێر دەستان دابوو بەهێواشی کۆتایی پێ دێت.

هەروەک ڕۆژنامەیەکی سویسری ( سۆننتاگ جۆرناڵ) بە ئاگاداری یەوە نوسیویەتی لەماوەی دەساڵی تردا کۆمپانیەکانی نەوت چی تر وەکو ئێستا نامێننەوە. وولاتانی نەوت فرۆش بێ منەتن و هەروەها بەئاشکرا دەریدەخەن کە دەیانەوێت ئیش وکاری نەوت لەدەست خۆیان بگرن هەر لە دەرهێنانەوە تاوەکو بەکارهێنانی و لە کۆتاییشدا بۆئەوەی خۆیان لە ژێرکاریگەری داگیرکەران دەربهێنن. هەروەها وەزیری نەوتی سعودی و ووتەبێژی وولاتانی نەوت دەرهێنەر ئۆپیک احمد جمانی گفتوگۆی یەکی داو بەئاشکرا گوتی ( نەوتی خۆمان بۆخۆمان) .

## دەرەنجامی کۆتایی

## ڕاو و بۆچونی نوسەرە ئەڵمانەکان بەوشێوەیەی خوارەوە تێبینی کراوە

لە ڕۆژنامەکە لەساڵی ١٩٧٥ دیتریخ شترۆیهمان نوسیویەتی هەرچەندە شۆڕشەکە لەلایەنی سەربازی وئەو بەشەخەباتەی ئێستا گەیشتە کۆتایی بەڵام بزووتنەوەی کورد لە بەرەوپێشچوون دایە.

ئەوەی کە لەئەنجامدا دەستمان کەوتوە ڕای نوسەرەکان دەربارەی کورد لەو سەردەمەدا بۆمان دەردەکەوێت چۆنیەتی باسکردنە لە بارودۆخی کوردستان و عیراق لە پێش و هەروەها لە سەردەمی شۆرشی ئەیلول لەبڵاوکراوەکانی ئەلمانیا دا کاتێک ڕۆژنامەکە لەسەرەتای شۆڕشی ١٩٥٨ دا مەترسی خۆی دەرخستوە بەرامبەر ڕووداوەکان وپێشبینی هاتنی کاتێکی مەترسیداری بۆ عیراق کردوە . هەروەها چۆنیەتی باسکردنی بارودۆخی عیراق پێش و پاش شۆرشی ١٩٥٨ ی کۆماری قاسم و هەوڵی قاسم وەک هەنگاوی یەکەم بۆ چاککردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ کورد و بەرەوپێش بردنی پەیوەندییەکانی ئەویش بەمەبەستی بەهێزکردنی بەرەی ناوخۆی عیراق و دەسەڵاتەکەی بووە. بۆئەو مەبەستەش هەوڵی گەڕانەوەی بارزانی و هەڤاڵەکانی لە یەکێتی سۆڤیەتەوە بۆ عیراق داوە،

ئەلێرەدا ڕۆژنامەکە ئەوەش ئاشکرا دەکات کە قاسم لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی کوردی بەکارهێناوە بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی.

عبدالکریم قاسم پەیمانی بەکورد دابو بە پشتگیری کردنیان بۆ گەیشتن بەمافەکانیان وبگرە بەڵێنی زۆرتریشی پێ دابوون لە بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عیراقدا بەڵام بەپێچەوانەوە هەر کە کار و پێویستی پێیان نەما دوای چەسپان وبەهێز بوونی دەسەڵاتەکەی پەشیمان بۆوە هەر کە هیچی تر هەستی بە مەترسی ناصریەکان و کۆمۆنیستەکان نەدەکرد بۆیە پەیوەندی مابەینی قاسم و ملا مصطفی بارزانی بەهێواشی تێکچو و ناکۆکی دروست بوو، ڕۆژنامەکە باس لە نائارامی کۆمەڵایەتی وسیاسی لە باکوری عیراق و تەشەنەسەندنی ئەو نائارامی یە بەرەو باشوری عیراق دەکات.

قاسم هێرشی کردە سەر کورد و بە خێڵەکی و دواکەوتوو و تێکدەر ناوی بردون. کەبوە هۆی دەستپێکردنی جولانەوەکەی کورد و بارزانی لە دژی حکومەتی عیراق لە ساڵی ١٩٦١ بەوەی کە ئەو پەیمانانەی کە قاسم بە کورد و بارزانی دابوو بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان بەجێ ی نەگەیاند ولێییان پەشیمان بوەوە .

هەروەها حکومەتی عیراق دەستی پێکرد بە بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو لە ناپاڵم وچەکی کوشندە. ئینگلتەرا یارمەتی سەربازی پێشکەش بە قاسم کرد بۆئەوەی قاسم و ڕژێمەکەی لەدژی کۆمۆنیستەکان وکورد بەهێزبکەن وبۆ ئەوەی بەرەنگاریان ببێتەوە .لەسەردەمی شۆڕشدا ڕۆژنامەنووسان تەنها بە دزی یەوە زۆر بە دەگمەن توانیویانەخۆیان بگەیەننە ناوچەی شەڕەکان لەکوردستان. چونکە ئەو شەڕە پیسە وەک ڕۆژنامەکە ناوی ناوە بەدزی و بە نهێنی ئەنجام دراوە دوور لەچاوی

ڕاگەیاندن.گرنگی کەسایەتی بارزانی لە ناو جولانەوەی شۆڕشی کوردستان و کاریگەری ئەفسانەیی کەسایەتی بارزانی وکاریزمای لەسەر شۆڕشەکە بەهێزبوە.

## ڕۆژنامەکە لە یەک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەکەدا بارزانی وەک کەسایەتی یە جیهانی یەکاندا بە کەسایەتی هەفتە دەناسێنرێت لەساڵی ١٩٦٦ .

ژەنەڕاڵ مصطفی بارزانی ئەو کەسایەتی یەیە کە سەرۆکایەتی چالاکی یەکانی ڕۆشنبیران و سەرۆک خێڵەکان بەیەکەوە دەکات و هەردوو چینی بەیەکەوە بەستۆتەوە لە ڕێڕەوی خەباتی شۆڕشگێڕانەی ئازادیخوازی کورد.

بوونی بزووتنەوەیەك بە ناوی پارتی دیموكراتی كوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ كە بارزانی خۆی سەرۆكایەتی دەكرد. ئەوەش بە مانفێستی بوونی بیری مستەفا بارزانی هەژمار دەكرێت بە تایبەت لە راگەیاندنێكدا لە بارەی ئەوەی بارزانییەكان ناوچەی چیایان دەوێت و دەڵێـت " من بانگەوازم ئاراستەی هەردوو گەلی كورد و عەرەب كرد كە هاوكارمان بن هەولەكانمان یەكبخەن بۆ خەباتی هاوبەش دژی دوژمنێكی هاوبەش - ئیستعمار و بەكرێگیراوەكانی  بۆ ئەوەی هەر گەلێك لەسەر خاكی خۆی بە ئازادی و سەربەخۆ بژی (سعدالله، ٢/٢٠٠٨، ص١٠٩)،  بەمەش خەبات دەچێتە قۆناغی كاركردن لە چوارچێوەی پارتێكی پێشكەوتنخواز بۆ بەدیهێنانی ئازادی  و دیموكراسی و مافەكانی گەلی كورد لە عێراقدا (هەورامی، ٢٠٠٣، لا١٠١)، تا ئەو رادەیەی كە پارت و بزوتنەوەكانی تر دەچنە پاڵ هەنگاوەكانی بارزانی بۆ داكۆكی كردن لە دۆزی كورد لەژێر سێبەری یەك دروشم و بارزانی خۆی رابەرایەتی بزوتنەوەكە بكات. ئەوانیش بزووتنەوە و كۆمەڵەی ژیانەوەی كورد بوون (ژ.ك) ، تەنانەت ئەو سوپایەی پارێزگاری لە كورد و خاكەكەی دەكات لەباشوور لە تەواوی پیكهاتە و چین و توێژەكانی هەرچوار پارچەی كوردستان بن.  ئەوانە تەواوی خواستەكانی هزری بارزانی بوون  وایكرد كە ئەو دروشمە نەتەوەیە ببێتە باس لە رۆژهەلات كە چ گرنگیەكی هەیە لەسەر دۆزی كورد بەتایبەت لە دروستكردنی لەشكری كوردستان  بۆ بەریگری كردن لە كۆماری كوردستان لە مەهاباد (تالبانی . ٢٠١٠، ص ١٩٩-٢٠٠)، بەرامبەر بە هەڵوێستە جوامێرانەی بارزانی بۆ تەواوی پرسی كورد لەو سادا، لەباكۆی  پایەتەختی ئازەربایجان دوای پەرینەوەی بارزانی خۆی و هەڤاڵەكانی بۆ یەكێتی سۆڤیەت لە بۆنەیكدا ، دەلیت " ئێمە لەو حەرەكاتی پارتیزانییە كە لە ئێران و عێراق و توركیا كردمان ، میللەتی كورد سۆزی هەستی نەتەوایەتی خۆی بە ئاشكرا نیشاندابن، لە وەختانەدا وەتەن و  رەئیسە كوردپەروەرەكان زۆر بە راستگۆی و برایەتی و سەمیمەتەوە پێشوازیان لێكردین و بەرێیان دەخستین " هەروەها دەڵێت " میللەتی كورد بە بێ ئەوەی ئەهمیەتێك بداتە ترس و زوڵم و چینایەتی دوژمن ، بەهەزاران دیێهات و رەئیس و گەورەی وەتنپەروەر  خۆیان و ماڵ و منداڵیان  لەگەل ئەرزاق و نان  و جلوبەرگ كە بۆیان مومكین دەبوو بۆیان دەهێنابن، خۆیان لەو رێگە سەختە دەدا و تێپەر دەبون و پێشوازیان لێدەكردین و لە پاش ئەوەی سەلامی میللەتی كوردیان پێدەگەیاندین . دواتر بەدەنگێكی بەرز هاواریان دەكرد، بەسەلامەت برۆن و لە وەختیكی زۆر نزیكدا بۆ رزگاریمان چاوەرێتان دەكەین" (گەوهەری، ٢٠١٧، لا١٥٩). دەكرێت ئەو پەیامە بە وەلامێكی روون خواستەكان و داواكاری  كوردانی رۆژهەلات لێكبدەینەوە كە لە پێش و دوای ئەزمونی كۆماری كوردستان لە بارزانی هەیانبووە، تەنانەت لە پارچەكانی تری كوردستانی گەورەش هەمان كاریگەری هەبووە، هەروەك عەبدولحەمید دەروێش لە بارەی كاریگەری گەرانەوەی بارزانی لە یەكێتی سۆڤیەتەوە بۆ عێراق لە دوای شورشی ١٤ تەمووزی سالی ١٩٥٨ لەسەر رۆژئاوایی كوردستان دەڵێت " گەرانەوەی بارزانی سەركەوتنێكی گەورەبوو بۆ گەلی كورد و جولانەوەی رزگاریخوازیەكەی هەموو كوردستان، ئەم

ڕووداوانە کاریگەری ئەرێنیان لەسەر کوردی سوریا هەبووە لە بەرزکردنەوەی پێگەی حزبەکەمان لە ناوەندی گەلی کورددا " (دەروێش ، ٢٠١٣، ص٣٣) . ئەمەش وایکردووە تێڕوانینی مستەفا بارزانی بۆ پرسی کورد لە عێراقدا بە پرسێکی سەرتانسەر بزانێت ، لەو بزافە نیشتمانییەی بۆ دیاریکردنی چارەنوسی سیستەمی سیاسی وڵات دەستی بە هەماهەنگی لەگەڵ هاو ئامانجەکانی بەرنەدات. هەمیشە سوور بووە لەسەر پەیوەندی کورد و عەرەب و باوەشی کراوە بووە، بۆ بەشێکی چەپ و دیموکراتەکان (البراك، ٢٠١٠/ ١٧٤٨، جريده المدى البغداديه)،. پرسی دیموکراسیەت و ژیانی پەرلەمانی لە راگەیاندن و پەسندی کۆنگرەکان بە روونی بە دیار کەوتووە ، لەم بارەیەوە لە کۆنگرەی حەوتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان  بارزانی داوا لە کۆمیتەی ناوەندی دەکات بەردەوام لە هەوڵی پێکهێنانی هاوپەیمانی نیشتمانی بێت لەگەڵ هێزە سیاسیەکان عێراقیدا ، بە مەبەستی زامنکردنی سیستەمی پەرلەمانی و دیموکراتی دروست، بۆ گەشەپێدانی مافە نەتەوەییەکانی کورد(قەرەداغی، ٢٠١٧، لا١٨٢). ئەمەش لە و سۆنگەیەوە بووە کە مافەکانی گەلی کورد بە چەسپاندنی دیموکراسیەت لەسەرتانسەری عێراقدا دەستەبەر دەبێت ، بۆیە پێویستە تەواوی حزب لایەنە سیاسییەکان و تێکۆشەرەکان لەیەك سەنگەردا بجەنگن بۆ زامنکردنی دیموکراسیەت و دادپەروەری کۆمەلایەتی دژی شۆفینیزم و داخرانی نەتەوەیی خەبات بکەن (البراك ، ٢٠١٠/ ١٧٤٨، جريدة المدي البغدادية) هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی پێشوازی لە سەرکەوتنی شۆرشی ١٤ تەمووزی سالی ١٩٥٨ بکەن بۆ بەدیهێنانی دروشمی دیموکراسیەت و پێکەوە ژیانی هاوتا و هاوسەنگی گەلانی عێراق کە ئامادەی ئەو پشتیوانیە بوون (جواد، ١٩٩٠، ص٣٦)،  لە ئەنجامی ئەوەشدا دەستووری کاتی عیراق لە ساڵی ١٩٥٨ لەمادەی سێ دانی نا بە هاوبەشی کورد و عەرەب  لە عێراقدا (الوقائع العراقية ، ١٩٥٨/٢) بۆ خزمەتکردن بە پرۆژەی نیشتمانیەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی  مستەفا بارزانی، ریکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکانی وەك یەکێتی مامۆستایان و یەکێتی لاوان  چالاك کران(محوی، ٢٠٠٨، ص١٥٠) . مۆلەت بۆ دەرکردنی رۆژنامەی خەبات دەرکرا (زەنگەنە، ٢٠١٠، لا١٠١-١٠٢) ، دواتریش مۆلەت بۆ چالاکی سیاسی و دیموکراسی پارتی لە دوای دەرچوونی یاسای کۆمەڵەکان وەرگیرا (الحاج، ١٩٩٤، ص ٢٨)، بۆ گەیاندنی پەیامی نیشتمانی لەو قۆناغەدا ، ئۆرگانی خەبات کرایە عەرەبی .

لەدرێژەی ئەو چەسپاندنە دەستورییەی ماف و ئازادییەکان بەرپابوون و لە ئەنجامی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراقی لە حوزەیرانی سالی ١٩٦٦ ، جارێکی تر حکومەت ناچارکرا بە داننان بە مافەکانی کورد لە هەموارکردنی دەستوور ، حکومەتی بەغدا رازی بوو بە بوونی ئەنجومەنی هەلبژێردراو بۆ پرسە ناوەخۆی و کارگێرییەکان لە کوردستان و (حمیدی، ٢٠٠٠، ص ٦٠-٦١) ئەنجامدانی هەلبژاردنی پەرلەمانی لە عێراقدا و دواتریش ئازادی رێکخستنی سیاسی و دەربڕین رۆژنامەوانی لە چوار چێوەی یاسادا (قەرەداغی، ٢٠١٧، لا ١٠٧-١٠٨)  بۆ ئەوەی ئەم بنەمایانەش بچەسپێت و هێزێکی

گەورەو چارەسەری ئاشتی و دەستووری بۆ  پرسی کورد دروست بکات ، بۆیە مەلا مستەفای بارزانی بە دکتۆر مەحمود عوسماندا نامەیەك ئاراستەی لینۆن جۆنسن سەرۆکی ئەمریکا دەکات (سالح، ٢٠١٣، لا ٧٦)، چونکە ئاشتی چارەسەری پرسی کورد و دیموکراسیەتە لە عێراق ، کە وەك بنەمایەکی بەهێزی بیری مەلا مستەفای بارزانی پێکهاتووە. هەر لەو سەربەندەدا داوا لە بریتانیا دەکات کە یارمەتیدەربن بۆ کۆتایهێنان بە جەنگ لە رێی پێدانی مافە بنەرەتیە دیموکراتیەکان بە پێی پرەنسیپە کانی  نەتەوە یەکگرتووەکان و راگەیاندنی مافەکانی مرۆڤ و شەڕ بە شەرەمەزاری بۆ عەرەب و کورد دەزانێت سەرەای بوونی پەیوەندی ئاینی و بەرژەوەندی و خاکی هاوبەش (قەرەداغی، ٢٠١٧، لا ١١٩-١٣٠)، مەلا مستەفای بارزانی لەگەل پاراستنی دۆستایەتی کورد و عەرەب و خەباتی هاوبەش بوو ، لە پێناو دیموکراسیەت و دەستەبەرکردنی  ماف و ئازادییە گشتیەکان، هەروەها سوور بووە ، لەسەر پاراستنی ئەو هاوسەنگیەی  نێوان نەتەوەکانی ژێر دەسەلاتی شۆرش لەو کاتەدا ، کە بەناوچەی ئازاد کراوەکان ناسرا بوو. ئەمەش پالنەری سەرەکی بوو بۆ ژمارەیەك لە نیشتمان پەروەرانی عەرەب کە وەك سەرکردەیەکی نیشتمانی سەیری بکەن و هەندێکیشیان هاتنە پال شۆرش. دواتر خەباتی شۆرشی بارزان لە رێکەوتنامەی ١١ ئاداری ١٩٧٠ دەگاتە ئاستێکی بالای چەسپاندنی نیشتمانی بۆ پرسی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد و هەموار کردنی دەستور بەجۆرێك کە زەمینەسازی بۆ بریاری ئۆتۆنۆمی بکات (القرارت العامە لمجلس قیادە الپورە ١٩٦٨-١٩٧٧، ص ٥٩٩-٦٠١) ئەگەر چی دواتریش حکومەت لە جێبەجێکردنی ناوەرۆکەکەی پاشگەز بۆیەوە لە ئەنجامدا گەرێکی تری شەر بەرپا بوو تا نسکۆی ١٩٧٥ (سعید، ٢٠١٧، لا٣٠-٣١)، بارزانی وابەستەی هیچ  جۆرە کۆت و بەندێکی ئاینی و ئایدۆلۆژی  نەبووە لە چاوپێکەوتندا لەگەل رۆژنامەنوسێکی عێراقی لە وەلامی پرسیارێکدا دەربارەی ئایدۆلۆژیای سۆشیالیزم بارزانی دەلێت " دواین بریار لە دەستی گەلدایە. ئێمە رەزامەندیین لەسەر ئەوەی گەل پێی رازییە،ئەگەر گەل سۆشیالیزمی ویست لەهەر جۆریك بێت، ئێمەش لەگەل ئەوەین (قەرەداغی، ٢٠١٧، لا ١٣٢) سەرەرای ئەوەی هیچ کات ئاین و تەریقەتی نەقشبەندی بارزانی رێگر نەبووە لە مامەلە کردن لەگەل ئاینەکان و پێکەوە ژیان لەناوچەکەدا ، تەنانەت دژی هەر جیاکارییەك بووە کە بەرامبەر نەتەوەو شارستانیەتی ئاینەکانی تربێت ، بەڵکو بنبری کردووە (گەوهەری، ٢٠١٧، لا ١٥٩). هەربۆیە کریستانەکان و جووەکان لە کوردستان لەسەر شێوازی پێکەوەژیان جوانترین نمونەی بیری سیاسی و شوناسی نەتەوەی شوێنەواری نەتەوەکان بووە لەسەردەمی بارزانیدا .

## تەوەرەی سێەم : ڕۆڵی مستەفا بارزانی لەپاراستنی شوناس و شوێنەوار.

شوێنەوار و کەلەپوور بەشێکن لە بنەما سەرەکیەکانی شوناسی نەتەوەیی و نیشتمانی . بەتایبەت شوێنەوارە ئاینیەکان . مستەفا بارزانی لە سۆنگەی هەستکردن بە لێپسراویەتی پارێزگاریکردن لە شوناسی گەلی کورد وەك نەتەوە و کوردستان وەك نیشتمان، زۆرکات لە پاڵا ئەرکی سیاسی و سەربازی خۆیدا ، وێرای هەوڵدان بۆ ئاشنا کردنی خەلکانی بیانی لەوانەی سەردانی کوردستانیان دەکرد بە کولتووروشارستانیەتی کوردی لە ڕێگای جەختکردنەوەی لەسەر پەند و چیرۆکە کوردیەکان ، لە ووتار و گفتوگۆکانیدا لەنێو کۆروکۆبوونەوە جەماوەری و سیاسی و تایبەتیەکانی ، هاوکات هەوڵی داوە سیما و تایبەتمەندیە نەتەوەییەکانی کوردی لەبەرچاوی میوانە بیانیەکانی زەق بکاتەوە و بەکولتووری کوردی ئاشنایان بکات. بەخشین و ناردنی خەنجەر)دەبان) بەدیاری لەچەندین بۆنەی جیاوازدا بەسەرۆك و دیبلۆماتکار و نێردە بیانیەکانی سەردانی کوردستانیان دەکرد سەلمێنەری ئەو راستیەن کە خەباتی بارزانی لەپێناو پاراستنی شوناس و شوێنەواری کوردستان بووە. بۆ وێنەش ناردنی خەنجەرێك بەسەرۆکی عیراق ئەحمەد حەسەن بەکر لەدوای راگەیاندنی رێککەوتنامەی ئاداری ساڵای ١٩٧٠، کە جگە لە لەمیللەتی کوردی هیچ میللەتێکی دیکە بەکاری ناهێنێت، وێرای گوزارشتکردن لەپاراستنی تایبەتمەندیە نەتەوەییەکەی، هاوکات نیشانەی بەردەوامبوونە لەسەر کولتووری سەرکردەو ڕێبەرانی جولانەوەی رزگاریخوازی کوردی پێش وخۆی لەنموونەی شێخ مەحمودی حەفید، کە وێنەی خەنجەری وەك هێما دانابوو لەسەر پوولەکەی حکومەتی باشووری کوردستان لەساڵی ١٩٢٠. ئاماژەو بەلگەی زیاتر لەسەر خۆشەویستی بارزانی بۆ زەقکردنەوەی تایبەتمەندیە نەتەوەییەکانی ، لەو ژمارە خانووەی کە بۆ شەهیدانی شۆرشی ئەیلول لەدوای رێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ لە شاری هەولێر لەلایەن حکومەتی عیراقیەوە دروستکرا دەردەکەوێ، دوای ئەوەی هەموو خانوەکان وێنەی خەنجەریان لەسەر دیواری دەرەوەیان نەخشێنرا. ئەمەش هەرچەندە بەلگەی ئەوەمان دەست نەکەوت کە ئەم وێنەیە بەپێشنیاری مستەفا بارزانی لەسەر دیواری دەرەوەی خانوەکان نەخشێنرابێ ، بەلام گومانی تێدا نیە ئەو کارە رەنگدانەوەی سیاسەتی هەمیشەیی سەرکردەی شۆرش بووە لەلایەن کادیرانی حزبەکەی سەرکردایەتی دەکرد ، بۆتە بنەما بۆ خەباتی سیاسی و سەربازی لەو قۆناغە مێژووییەدا (ئیسماعیل، ٢٠١٦).

بەشێکی هۆکاری گرنگیدان و هەوڵدان بۆ پاراستنی شوناس و شوێنەوار لەلای مستەفا بارزانی ، هەلقولاوی ئەو ڕێبازە ئاینیە بووە کەناوبراو لەسەری پەروەردە بووە. بەدیدگای ئێمە ئەوە هۆکاری هەرە بەهێزبووە بۆ ئەوەی بارزانی بیری سیاسی خۆی لەنێو بابەتێکی کومەلایەتی بەرجەستەبکات و بڵاوبکاتەوە. ئەو لەو سۆنگەوە وێرای ئەو پاشخانە ئاینییەی هەیانبووە هەوڵیداوە زیاتر گرنگی بە مزگەوتەکانی ناوچەی بارزان بدەن بۆ زیاتر ئاشنا کردن و ناساندنی تێروانینی نوێخوازی بارزان

بەخەلکی ناوچەکانی دەوروبەریان (لشکری ٢٠١٨، لا ٢٩ ) .هەربۆیە یەکێك لە قوتابخانە ئاینیەکانی کە بارزانی تێدا خوێندووە ، بە مزگەوتی عاقد ناسراوە، مەلا مستەفای بارزانی بە قوتابخانەی ئاینی مەلا احمد ئەفەندی لە گوندی بارزان ناساندوویەتی ، ئەو دەلێت ئێمە لێرەوە فێری بنەما سەرەکیەکانی ئاین دەبین(نیکتتین ٢٠١٧، ص ٣١٤ ).

بۆیە لەبەر گرنگی ناوچەکەو شوێنەواری مزگەوتی عاقد، مەلا یحیی مزووری چەندین قوتابی لە ژێردەستی فێری پەروەردەو ئاین بوون. هەرچەندە مەلا یحیی پێشتر لە قوتابخانە ئاینیەکەی مزگەوتی ئاکرێ کە بەناوی مزگەوتی گەورەی ئاکرێی نلسراوە بروانامەو ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە( خچر : ٢٠١٤. ص ١٢٨) . ئەوەش رێبازێکی نوێ فێرکردنی تیادا پیادەکراوە لەسەر رێبازو عەقیدەی نەقشەبەندی قوتابیەکانی پەروەردە کردووە ، بۆ وێنەش یەکێك لە قوتابیەکانی ئەوکاتەی ئەو مزگەوتە شێخ عەبدوسەلامی بارزانی بووە (لشیخ عبد السلام البارزانی -١٣٣٣هـ -١٩١٤م( هو عبد السلام بن محمد بن عبد السلام بن عبدالله بن ملا بکر المعروف باحد شیوخ البارزانیین من زعماو وعشائر بارزان الکوردیە تمرد علی السلگات الترکیه سنه ١٩٠٨ فاعتقلته وأعدمته فی موصل سنه ١٩١٤م. ( الصویرکی، د.ت، ص٤٢٩.) کە ئەوکاتەی مەلا یحیی مزوری هاوەلەکانی فەرمانی دەستبەسەرییان بۆ دەرچوو بوو لە موسڵ و بەغدا و شام تاوانبار کرا بوون بە ئاژاوەگێری هەولدان بۆ هەلگەرانەوە لەدژی دەسەلات بەسوود وەرگرتن لەپاییەی ئاینیان. تۆمەتبارکردنیان بە خراپ بەکارهێنانی مزگەوتەکان بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوە سیاسیە نهێنیەکانیان وەك ئەو کۆبوونەوەی لە مزگەوتی گەورەی ئاکرێ رێکخراوە(خچر: ٢٠١٤ ، ص١٨٧).

دواتر ئەو قوتابیانە لە ناوچەی بارزان هەمان رێبازی ملایحیی مزویری دەگرنەبەر. چەندین کۆشك و خانووی کەلەپووری و مزگەوت وەك قوتابخانە و تەکیە بەکاریان دەهێنا بۆ فێرکردن و ئاشنا کردنی خەلکی ناوچەکە بەئاینی ئیسلام و تەریقەتی نەقشبەندی لە دەڤەری بارزان کە ئەوکات ناوچەیەکی پارێزراوبووە بۆ هەموو ئاینەکان، (ئەرگووشی ٢٠٢٠، ص ٤٧ ) هەر بۆیە لەسەردەمی شێخەکانی بارزان ئەو ناوچە شوێنەواریانە پارێزراو بوونە، وەك تەکیەی نەهری و کەنیسەی بێدیال و تەکیە بارزان و قوتابخانەی شانەدەر ئاینی و پەرستگاو ئەتاشگای جووەکان و هتد(قادر، ٢٠٢٠، لا ١٨٢-١٨٤). ئەم شوێنانە لە هەموو توندوتیژیەك پارێزراو بوینە، هەروەها کارلەسەر پێکەوەژیان ویەکتر قبولکردن کراوە. لە نزیك مالی شێخەکانی بارزان پەرستگای هەرسێ ئاینی (ئیسلام - جولەکە - کریستیان) بوونی هەبووە، تا ئێستاش بەشێکیان شوێنەواریان ماوە. کریستیانەکان بە درێژای مێژوو لەم دەڤەرە ژیاون بەتایبەتی لە گوندەکانی(بێدیال - بێخشاش- بێرێس- ئاردیل - کانی هنارکێ..) بەڵام گوندی بێدیال کۆنترینیانە و تائێستا ژیان تێیدا بەردەوامە دانیشتوانەکانی ژمارەیان(٥٠)کەس دەبێت هەمووشیان لە پێکهاتەی ئاینی کریستیانن. ناوچەکە گۆرستانێك و کلێسایەکی زۆر کۆنی تێدایە بەناوی مارگۆرگیس و

کلێسای بێدیال، کریستیانەکان سوێند بەشێخی بارزان دەخۆن و هەمان جل و بەرگ و کولتوورو داب و نەریتی بارزانیەکانە هەیە . ئەوان لەنێو بزاڤی رزگاریخوازی کوردیدا لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا بەشداری کارایان هەبووە لە نموونەی هورمز مەلك چەکۆ و ماریا گورگیت و فەرەنسو هەریری و چەندانی دیکە (Dana Adams Schmidt ,p114 ( ,١٩٦٤).




**کلێسای بێدیال بارزان**

پێکهاتەیەکی دیکەی کوردستان بەگشتی و ناوچەی بارزان بەتایبەتی یەهودیەکان بوونە. یەهودیەکان لەسەردەمی ئاشوریەکان لە نێوان سالانی(٨٥٩-٦٨١پ.ز)دوای داگیرکردنی مەملەکەتی ئیسرائیل لەلایەن ئاشور پانیپال بەسەر ناوچە شاخاویەکان پەرش بلاو کراون بۆ ئەوەی پەیوەندیان بەیەك نەمێنێت، لە زۆربەی گوندەکانی دەڤەری بارزان بوونیان هەبووە بەتایبەتی (مێرگەسۆر-گۆرەتوو-شێروان-سەروکانی-بارزان-ئەرگۆس-کۆرکێ-سەندی-پێندرۆ..)لەهەندێ گوند ژمارەیان لە موسلمانەکان زیاتر بووە، جولەکەکان دەست رەنگین بووە زۆربەی جلوبەرگ و کاری دەستی لەلایەن ئەوانەوە دروست دەکران.

ناوی هەندێك لەوانەی کەلە مێرگەسۆر ژیاون (بنیامێن-ئیلیاهۆ -سەینە -یەعقوب -داود-جبرائیل-ئافرام.. (الصویرکی، د.ت، ص٤٢٩)



**بارەگای بنکەی پۆلیسی شانەدەر کە ئەوکات نزیك لە ئەشکەوتی شانەدەر**

بەلام لەگەڵ چوونی مەلا مستەفای بارزانی بۆ شاری سلێمانی، ناوچەیەك دەستنیشان دەکات بۆ پشوودان و مانەوەی خۆی پێشمەرگەکانی لەگەلیدا بوون، ئەمیش خانووەکەی شێخ مەحمودی حەفیدە کە بەیەکێك لە شوێنەوارەکانی شاری سلێمانی دادەنرێت . ئەوکات مستەفای بارزانی لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٣٩-١٩٤٣ بە هۆکاری سیاسی لەگەڵ برا گەورەکەی شێخ ئەحمەدی بارزانی و خاوخێزانەکانیان بۆ سلێمانی دوور خرانەوە(نیکتتین ٢٠١٧، لا ٢٣٥) بۆ ماوەیەکی زۆر لە خانووە کۆنەکەی شیخ مەحمود مانەوە پارێزگارییان لێ کردوەئەم خانووە لە گەرەکی مەلکەندی بووە. مەلا مستەفای بارزانی کاتێك ئاماژە بەو دۆخە سەختەی بارزانییەکان پێدا تێپەربوون دەکات، باس لە گرنگی پارێزگاری کردن ناوچە شوێنەواری و کەلەپورییەکان دەکات ، ئەو لەهەر شوێنێك بووبێ هەمیشە ئامۆژگاری هاوەڵەکانی کردوە کە زیاتر گرنگی بەپاراستنی باخ و بیستانەکان بدەن. ئەوە نەك لەپێناو ئەوەی ئەوان پشتیان بە " خۆ ژیاندن "بەستووە، نەخێر بەلکو گرنگیان بە شوناسی شارستانی نیشتمانی و نەتەوەیی کوردستان داوە، تەنانەت لەماوەی شۆرش بەو برە پارەیە کەمەی کە لە ژێر دەستیان بووە و هەندێك جار هەولیانداوە ناوچە شوێنەواریەکانی پێ ئاوەدان بکەنەوە (گەوهەری، ٢٠١٤. لا ٣٥ ) ئەوە لە کاتێکدا ناوبراو لە ساڵی ١٩٤١ دا مانگانە بری ٢٠ دیناری لە شێخ ئەحمەد بارزانی پێدراوە. تا لە ساڵی ١٩٤٣ بۆیکراوە بە ٣٥ دینار . نیوەی زیاتری ئەو پارەیەی بۆ ناوچە شوێنەواری مێژوویەکان خەرج کردووە،

چونکە زۆربەی کات ئەو شوێنانەیان وەك پەناگەو حەشارگەی پارتیزانی بۆ خزمەت کردنی شۆرش بەکارهێناوە(قادر: ٢٠٢٠، لا ٢٣٦).

دوای ئەوەی مستەفا بارزانی لە سلێمانی دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی بارزان. جگە لەوەش ، کاری پارتیزانی و شۆرشگێری لە چەندین ناوچەی تر دەست پێدەکات لەوانە زاخۆ ، دهۆك ، خانەقین ، هەروەها سەنتەری شاری موسل. ئاشکرایە لە سروشت و وردەکاری ئەو شۆرشگێرییە ناوچە شوێنەوارییەکان بۆ کۆر و کۆبونەوەی ئەو بزوتنەوە رزیگاریخوازە بارزانی نەمر سەرکردایەتی دەکرد بەکارهاتووە . (Dana Adams, 1964, p74).

بۆیە لە وکاتەی پێشمەرگەکانی شۆرش هێرشیان کردۆتە سەر بارەگاکانی ئەو کاتەی حکومەتی عێراقی کە بەشێك لە بارەگاکانیان قشلە و پاشماوەی شوێنەواری بوون کە لەلایەن نزیکەی سی پیاو پارێزگاریان لە ناوچەکە کردووە . بەلام بارزانی نەمر و مێرخاسەکان هەموویان دەیانویست بەبێ هیچ زیانێك ناوچەکە گەمارۆ بدەن و بێ ئەوەی زیانی بیناسازی بگەیننە دامەزراوەکانی حکومە . بەلکو ئامانجیان دەرکردنی دوژمن بووە لە ناوچەی کوردان . کە ئەو رووداوانە لە قشلەی چەمی لە چەمی ڕەزان روویانداوە ، لە قشلەی چەمی ئەو سوپایە جێگیر ببون بۆیە مەلا مستەفای بارزانی (بارزانی نەمر) دەیوت ئەو شوێنانە مۆرکی نەتەوەیین پێویستە لای ئێمە پارێزراو بن لەساڵی ١٩٥٨ ( Dana Adams , 1964, p81)

سەرەرای ئەوەی هەندێك لە حەشارگەکانی پێشمەرگە لە ناوچە دوورە دەستەکان بوون وەك ئەشکەوتەکان ، دوای پێشەکییەکی فراوان بۆ بارودۆخی ناوچە کوردییەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی و دواتر ئیدارەی عێراق ، وەك ئەوەی بارزانی خۆی لە ئەشکەوتی (باپیران) لە گوندی پیران سەر بە قەزای مێرگەسوور کە ژیانی بەسەر دەبرد پێشنیازی کرد ڕێوشوێنەکانی " چەسپاو " بۆ چاککردنەوەی بارودۆخەکە بەدیاریکراوی بگرنە بەر : کە دەڵێت کوردی نەوەی کوردان ئێمە بە درایژایی مێژووی لە ناوچە شاخاویی و ئەشکەوتەکان ژیان گوزەرمان کردووە لەسەر مانەوەمان هەر ئەشکەوت و شاخەکان بوونمان و ئاینمان و پارێزگاریمان لە خۆمان و شارستانیەتی کودرمان کردووە بۆیە هیزی دوژمنێك ناتوانێت لە ناومانبەرێت (ملفات وزارة الداخلية ، رقم الاضبارة ٢٧/١٦ دائرة ١٩٢٧)، اضبارة شرطة العراق عدد/ ١٨١٥/ ٢٧، تشريني الثاني عام ١٩٢٧).

هەر لەوێشەوە مستەفای بارزانی چەندین بریار دەردەکات و دەڵێت : کە شوێنە مێژوویەکان وەك ناوچە شوێنەواریی و کەلەپووریەکان کەلکیان لێوەربگیرێت بۆ ئەمە مەبەستانەی خوارەوە:

1. بەکار هێنانی ناوچە شوێنەوارییەکان وەك قوتابخانە بۆ بڵاوکردنەوەی کەلتوور لەنێو دانیشتواندا بە شێوەیەك کە لەگەڵ ئەقڵییەتی خۆیاندا ڕابێت ( بخوێنەوە : بە تایبەتمەندی خۆیان وەك کورد و بە عەرەبی قسە نەکردن) .

2. ئەشکەوتەکان بۆ پارتیزانی و شۆرش و کۆر و کۆبنەوەی بزتنەوەی رزگاری خوازی کورد .
3. کۆشك و قشلە کان بۆ مەبەستی پێشوازی کردن لە سەرکردەکانی دوژمن بۆ ئەوەی تێبگەن کە هزرمەندی سەرکردایەتی کورد بۆ پارێزگاری کردن لە ناوچە شوێنەوارییەکان چەند جێگای پارێزگاری کردنی شوناسە.

ئەوەی جێگای سەرنجە کە ناوچەی بارزان وەك تاکە ناوچەی شوێنەواری و کەلەپووری چەندین پاشماوەی شوێنەواری کە تا ئێستا وەك خۆی پارێزگاری لێکراوە . کە ئەوەش یەکێك بووە لە بنەماکانی پارێزگاریی کردنی شوناسی نەتەوەیەك کە بارزانی نەمر رابەرایەتی کردووە .( mizuri ,2019, p 22-26) بە پێی ووتەکانی رێکار مزووری کە دەڵێت "دوای ئەوەی رووپێوی ناوچەکەمان کردووە بۆمان دەرکەوتووە کە چەندین پاشماوەی شوێنەواری و خزمەتگوزاری وەك خۆی ئاماژەییان پێکراوە لە لەدەڤەری مێرگەسوور و ناوچەی بارزان کەبەشێك لەوانە ئێستا شوێنەوارو و پاشماوە کەلەپوریین ماونەتەوە . وەك ئەو رووپیویە خوارەوە .

| Deportation year | No. of Villages | Heads of Families | Schools | Mosques | Hospitals |
|---|---|---|---|---|---|
| 18 Nov. 1975 | 76 | 1479 | 5 | 27 | 3 |
| 7 July 1978 | 77 | 2136 | 15 | 27 | 4 |
| 1 Jan. 1982 | 2 | 165 | 1 | 1 | 1 |
| 10 May 1989 | 34 | 485 | 2 | 4 | - |
| 6 June 1990 | 8 | 440 | 3 | 3 | 2 |
| Total | 197 | 4705 | 26 | 63 | 10 |

سەرچاوە : رووپێوی ناوچە خزمەتگوزراریەکانی ناوچەی بارزان ( rekar mizuri (2006), P 34)

ئەوەی شایانی باسکردنە ئەو هزرمەندییە شوناسە لە شێخەکانی بارزان بە زەقی دیارە هەروەك ئەوەی کە شاندێکی میوان لە ناوچەی بامەرنێ کە لە شێخەکانی تەریقەتی نەقشبەندی بوون کات بەسەردانێك دێنە لای شێخ ئەحمەدی بارزانی هەروەك لە لێدوانی ئەوان گێردراوەتەوە کە دەڵێن " کات پێنجی ئێوارە بوو کاتێك گەیشتینە ناوچە بارزان لە خانوویەکی گوندەکە پێشوازیمان لێکراوە، کە خانووی شوێنەواری کۆن بوو بەناوی کۆشکی شانەدەر کۆمەڵە پیاوێك لەبەردەمی خانووەکە وەستابوون . کۆمەڵە ئەسپێك دەوری خانوەکەیان دابوو. کەوەك هۆڵێکی میوانی بەکاریان دەهێناو (دبلیو ٢٠١١، ص ١٤).

هەندێ لە پاشماوە شوێنەوارییەکان وەك تاکە مەنزل و شوێنی کات بەسەر بردن و کۆرو کۆبونەوەی سیاسی بەکارهاتوون وەك ئەوەی لە گوندی بلی سەر قەزای مێرگەسوو کراوە ، شوێنەواری کۆشکی میرانی مێرگەسوور کە وەك چایخانەیەك بەکارهاتووە و بۆ بەرێوەبردین و کارنامەی شۆرشەکانی بارزان و ناوچەی خواکورك ( (Barzan 1826-1941. p.25هەربۆیە لە بەشی خوارەوەی کۆشکی میران و باپیران لە گوندی بلی سەرچاوەی ئەوە پارێزگاری و شوناسەیە کە مەلا مستەفای بارزانی وەك هەنگاوێکی مێژووی کردوویەتی لەپالی هەنگاوەکانی بزوتنەوەخوازەکانی شۆرشی کورد لە باشوری کوردستان بروانە وێنەی کۆشکی میران (باپیران).




**چایخانەی عەبدوڵا لە گوندی بلی کە لەبنەرتدا کۆشکی باپیران مێژووەکەی بۆ کۆتای سەردەمی عوسمانیەکان دەگەرێتەوە ( ئەرشیفی رێکان مزیری ٢٠٢١)**

سەرەرای ئەوەی بەشێك لە کوردە نەیارەکانی کە ژێر بە ژێر دەستیان لەگەل حکومەتی عێراقی هەبوو ، خەریکی کاولکاری شوناسی نەتەوەی بوون ، وەك ئەوەی کە گروپێکی لە جاش و خۆفرۆشانی ناوچەی دهۆك بەشێك لە شوێنەواری مەسیحیەکانیان تێکداو وێرانیان کردووە ، بە بەردەوامی بە ووتە و بە شێوەیەکی نارەوایی کە زێبارییەکان بوون هەڵیانکوتایە سەر ژمارەیەك گوندی مەسیحی لە رۆژئاوای شاری دهوك و تالآنیان کردن. کەنیسەی چالدیانی وێرانکرد لە قەزای ئامێدیی کە بەشێکی وێران بوو. بەلام دواتر لە لایەن مستەفا بارزانی نۆژەنکرایەوە. (Dana Adams Schmidt, 1984, p82)

لە یەکێك لە دەستنوسەکانی مەلا موحەمەدی بالیسانی حاکمی شۆرش و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی ئەیلول بوو ئەوسا . بارزانی کاتێك لە شاخە بەرزەکان بوو قورئانی پیرۆزی لەگەڵ

خۆی هەڵگرتبوو ، جگە لەوەش  دیوانەکەی ئەحمەد جزیری لە خۆی دوور نەدەکردەوە" . لەنێوان هەستی نەتەوەیی و ژیانی سیاسی کەم  سەرکردەی مێژووی هەیە، کە بتوانی لە ڕێیێ خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆیدا ئاین و پاراستنی شوناس ئاشت بکاتەوە، بۆ ئەوەی ووەك تاکە زانای ئاینی پۆلێن بکرێت  (البارزانی، ١٩٩٧، ج١، ص ٢٣)

سەبارەت بە پێگەی مستەفای بارزانی لەسەر بابەتی پێکەوە ژیانی ئایینی (پلۆرالیزم) بەرەو ئەوە مان دەبات، کە لە گوندێك هەموو پاشماوە شوێنەوارییەکان وەك خۆیان بمێننەوە  لەنێوان مزگەوت و کەنیسە و پەرستگای ( کونەیس ) بۆ جولەکەکان. خەڵکی کوردستان بتوانن لە ناوچەیە وەك یەك نەتەوە گوزەران بکەن (عقراوی، ٢٠٠٧، ص٣١٥).

کەنیسەی مارتۆراتیلە لە گوندی بیدیالی ناوچەی بارزان ، مەلا مستەفای بارزانی ئەوکاتە چەند کەنیسەیەکی لەسەر ئەرکی  خۆی دروست کردووە ، بۆ نموونە کەنیسەی سانت ئۆرهام لە هاودیان لە ساڵی ١٩٧٠ ، کاتێك کاپتن ستۆکس نوێنەری باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە عێراق لە ٢٥-٣-١٩٤٥ دەچێتە هاودیان، بارزانی لە ماڵی ڕیهانا شێخۆ چاوەڕێی دەکرد کە وەرگێڕی بوو، بارزانی سێ ڕۆژ لە هاودیان مایەوە، ئەوانەی پاسەوانیان دەکرد مەسیحی بوون ئەوانیش ( زیا مەنسوور ، یۆرش تووما ، ئادەم باوید ، خەزران نیسان ، شەمسۆن سەرکیس ) ، بێ گوێدانە جیاوازی ئاینی و مەزهەبی و نەتەوەیی ، هەناسەیان بۆ شۆڕشە زۆرەکانی بارزانی ڕۆحی دڵسۆزی و ڕاستگۆیی ولەلایەن منداڵەکانیەوە هەڵمژی کە ئەو پیاوە مەزنە لە ناوچەی کریستانەکان زۆر جێگای تقدیر بووە،( قاسم، ١٩٩٠،  ص١٦٦ ).

## فەرهەنگ و تایبەتمەندییەکانی بارزانی نەمر :

١- دوعاکەی دایکی : دایکی بە بارزانی گووتەوە خوای گەورە عومرت (بەچەلو چیاوە) بدات، واتە لە یەزدان دەپارێمەوە تەمەنت درێژ بیت. بەلام بارزانی نەمر دەلێت "من درێژایی ژیانم  تەمەنم لەشاخو داخ بردە سەر".

٢- جلوبەرگی بارزانی:  هەر لە وێنەکانی مستەفا بارزانیدا دیارە  کە زۆربەی کات  جلوبەرگی کوردی لەبەرکردوە، جلەکانی سادە بووە، ئادگاری کوردبوونی پێوەدیاربووە . کە برتی بووە لە کوتەك و شەرواڵ و بەلەپێچ و بەرگوێز یان قاتی پێشمەرگە و ئێلە گێکیی خاکی  لەبەرکردووە ، کە لەگەل پشتێنی کاڵ و خاك سپی یان رەشی کردوە، بەسەر پشتێنەکەدا فیشەکدانی بەستوە، هەمیشە خەنجەری لە قەدی دالاندووە، سەرەرای ئەوەی جامانەی سووری بە دوو پارچەیی هەلگەراو لەسەری ئالاندووە کە یەکێك بووە لە تایبەتمەندییەکانی بارزانی نەمر کە ئەوەش رەمزو سمبولی تایبەت بە لێهاتووی سەرکردایەتی بووە ، هەموو کاتەکانی جامانەی لەسەری ئالاندووە بەلام لە

ساتەکانی پشووی لە تەنیشت خۆیەوە دایاناوە. گۆرەویو پوزەوانەی خوری خۆماڵی لەپێ دەکرد. لەهاویناندا کڵاشی هەورامی لەپێ دەکرد. سەرو ریشی بەکێردی بچووك دەتاشی، پێش سەرو ریش تاشین کێردەکەی بە مەسەو هەسان تیژو ئامادە دەکرد. (البلداوی : ٢٠١٢ ، ص ٢٦)

٣- دار جگەرەکەی: زۆربەی کاتەکانی کە سەرقالی بیرکردنەوە بووە لە هەنگاونانی شۆرشگێرانەی نەتەوەی دار جگەرەکی دەردەهێنا و جگەرەکیەکی توتنی ناوچەی بارزانی دەکێشا . کە بەیەکێك لە توتنە ناوازەکانی عێراق هەژمار دەکرێت. لەگەل ئەوەش دا بەشێك لە دارو کەرەستەی داتاشینی دارەکانی بە کێرد ئەنجامدەدا ، بۆیە زۆرجار لە دار جگەرەکەی لەشێوەی خەجەر دروست دەکرد کە ئەوەش رەمزی کوردبوون و کاریزمایی بارزانی بووە .هەندێ جار لە پاڵ جگەرە کێشان چای کەم رەنگی خواردۆتەوە .

٤- چەكو برنۆوەکەی : زۆربەی کاتەکانی ژیانی لەکاتی شۆرش و ئاساییدا تفەنگێکی جۆری برنەوی (ژمارە ١٧)ی بەشانەوە لەگەڵ نزیکەی (٥٠ - ٦٠) فیشەك. خەنجەرێکی لەبەر پشتێنی دەئالاند بۆ ئەوەی دروشمی کوردبونی خۆی دەربخا بۆ بەرامبەرەکەی . (Dana Adams 1964, p 88).

## دەرئەنجام:

١- یەکێك لەبنەماکانی عەقیدی ئاینی شێخانی بارزان، خۆشەویستی زێدو پارێزگاریکردن بووە لەرەعیەتەکانیان.

٢- ئەم تێروانینە هزریە ئاینیە کەلەتەریقەتی نەقشەبەندیەوە لەتەکیەی بارزان سەرچاوەی گرتبوو، کاریگەریی لەسەر هەڵوێستە نیشتمانی ونەتەوەییەکانی مستەفا بارزانی هەبووە.

٣- فەلسەفەی ئیسلام لەسەر بنەمای ئازادی ئاین و باوەڕی جیاجیا پێکهاتوە، ئەگەر دوای دەقەکانی قورئانی پیرۆز و سوننە بگرین، ئەوا بڕێکی زۆر دەقی ئایینیمان بۆ دەدۆزینەوە کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە دەربارەی چیین وتوێژەکان بۆیە بارزانی هەمان بیرۆکەی پەیرەو کردووە.

٤- سەبارەت بە پێگەی بارزانی لەسەر پێکەوەژیانی ئایینی (پلۆرالیزم) بەرەو ئەوە مان دەبات کە باسی گوندی بارزان بکەین، گوندەکە لەنێوان مزگەوت و کەنیسە و پەرستگای ( کونەیس ) بۆ جولەکە کان یەك رێباز و بنەمای پیکەوژینی هەبووە.

٥- سەرەرای ئەوەی بەشێك لە کوردە نەیارەکانی کە ژێر بە ژێر دەستیان لەگەل حکومەتی عێراقی هەبوو ، خەریکی کاولکاری شوناسی نەتەوەی بوون کە ئەوەش دژی بیرو باوەرەکی بارزانی بووە .

٦- بارزانی وابەستەی هیچ جۆرە کۆت و بەندێکی ئاینی و ئایدۆلۆژی نەبووە وەهەروەها سوور بووە لەسەر پاراستنی ئەو هاوسەنگیەی لە ناوچەکانی ژێردەسەلاتی شۆرش کە بەناوچە ئازاد کراوەکان

ناسرا بوون ئەمەش پالنەری سەرەکی بوو بۆ ژمارەیەك لە نیشتمان پەروەرانی عەرەب کە وەك سەرکردەیەکی نیشتمانی سەیری بکەن.

## سەرچاوەکان.


### بەلگەنامە عیراقیە فەرمیەکان:

1. القرارات العامة لمجلس قيادة الثورة ١٩٦٨ -١٩٧٧ ، د. ت ، د. م .
2. ضبارة شرطة العراق شعبة التحقيقات الجنائة المركزية سري عدد/ ١٨١٥/ ٢٧، تشريني الثاني عام ١٩٢٧.
3. ملفات وزارة الداخلية ١٩٢٧م و د اضبارة النشاطات السياسة الكردية في الالوية الشمالية رقم الاضبارة ٢٧/١٦ دائرة المفتش الادارية في لواو كركوك ولواو ديالي / سري العدد ٤٠/١٤٠ ، ٢٦ تموز.

### نامەی ماستەرو تێزی دکتورا:

4. خضر : ئاراس اسماعيل ، ٢٠١٤، العناصر المعمارية والنقوش الزخرفية في العمائر العثمانية الباقية في اقليم كوردستان خلال فترة ١٧٠٠م-١٩٢٠م، اطروحة دكتوراه، جامعة القاهرة ٢٠١٤.
5. ئەرگوشی : يادگار محمد سليم ٢٠٢٠، المواقع الاثرية والتراثية في منطقة بارزان ، اطروحة دكتورا جامعة صلاح الدين.
6. سعيد ، نەوشێروان شريف ٢٠١٧، ئەزمونی ئۆتۆنۆمی لە باشووری کوردستان ١١ ئاداری ١٩٧٤ - ١١ ئاداری ١٩٩١ ، ماستەرنامە زانکۆی سەلاحەددین .

### کتێبەکان

7. أحمد , كمال مظهر ١٩٧٨ .. دور الشعب الكردي في ثورة العشرين العراقية. بغداد: مطبعة الحوادث،
8. البراك . فاضل ١٩٨٩ ، مصطفي البارزاني الاسطورة والحقيقة بغداد .
9. البلداوي : عادل تقي عبد محمد ٢٠١٢، نضال الشعب الكوردي وموقع البارزاني في الوثائق العراقية السرية تقديم ومراجعة عبدالفتاح علي البوتاني مركز الابحاث العلمية والدراسات الكوردية مطبعة جامعة دهوك .
10. الحاج ، عزيز، ١٩٩٤، القضية الكردية في العراق ، التاريخ والافاق ، ط١، المؤسسة العربية للدراسات والنشر ، بيروت.
11. الركابي عكاب يوسف ٢٠١٧. "العامل الدولي وأثره في القضية الكردية في العراق ١٩٥٨-١٩٩١." مجلة كليي التربية (جامعة واسط)،.
12. الصويركي، محمد علي، معجم أعلام الكرد، مطبعة مؤسسة حمدي للطبع والنشر، السليمانية - العراق.: الصويركي، حممد علي، معجم أعلام الكرد
13. الونداوي، مؤيد ٢٠٢١، شخصيات عراقية كردية في وثائق بريطانية ١٩١٩-١٩٥٨، مكتبة دجلة ط١، بغداد.
14. جواد ، سعد ناجي ١٩٩٠ ، العراق والمسألة الكردية ١٩٥٨- ١٩٧٠ لندن.
15. حميدي، جعفر عباس ٢٠٠٠، تاريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري ج٦ بيت الحكمة بغداد.
16. سعدالله ، صلاح الدين محمد ٢٠٠٨، كردستان والحركة الوطنية الكردية من كتاب كتابات في المسألة الكردية ،ج٢ ، بنكةي ذين لاحياو التراث والوثائقي والصحفي الكردي - سليمانية .

17. شكيب عقراوي ٢٠٠٧، سنوات المحنة في كردستان.. دار النشر: الدار العربية للموسوعات-بيروت
18. شيرزاد، محمد ، ٢٠٠٨ ، نضال الاكراد ، من كتاب كتابات في المسألة الكردية اعداد وتقديم رفيق صالح ، ج١ ط١ بنكةي زين لاحياو التراث والوثائقي والصحفي الكردي – سليمانية .
19. طالباني، مكرم ٢٠١٠، مراحل الحركة القومية الكردية مجل٢ مؤسسة حمدي للطباعة والنشر السليمانية .
20. عبد الكريم قاسم ، كتاب (الحقيقة) - هادي حسن عليوي بغداد ١٩٩٠،.
21. عبدالرحمن ،حمدي ٢٠٠٥، جيفارا الافريقي : دراسة في فكر السياسي لتوماس سنكارا ، مركز البحوث العربية والافريقية ،ط١ القاهرة .
22. عبدالفتاح علي يحيي البوتاني٢٠٠١.. وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية. أربيل: مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر،
23. فالسترؤم ، تؤرد ١٩٩٨، ليس من اصدقاو غير الجبال ، ريبورتاج من كوردستان ، ت عبدالسلام نعمان دهوك.
24. قرقس، سمير، اشكاليات الهوية العربية وتحدياتها ، التقدير العربي الثامن للتنمية الثقافية مؤسسة الفكر العربي ،ط١ بيروت.
25. محوي . شاكر خدر، ٢٠٠٨، المسألة الكوردية في العراق المعاصر ت عبدي حاجي ، ط١ ، دار سبيريز لطباعة والنشر ، دهؤك.
26. مسعود بارزاني١٩٩٧. البارزاني والحركة التحررية الكردية(ج١). بيروت- لبنان: كاوا للثقافة الكردية،
27. نيكتتين باسلي ٢٠١٧: الكرد دراسة سوسيلوجية وتاريخية دار الساقي
28. هنكنتون، صموئيل ٢٠٠٥، من نحن – التحديات التي تواجه الهوية الامريكية ، ت حسام الدين خضور ، دار الحصاد ط١ . دمشق .
29. أبراهيم حەبيب مصطفي. ٢٠٢٠ ڕۆڵی ڕێساكانی داب و نەریت لەژیانی بارزانیەكان. هەولێر: ئەكادیمیای كوردی.
30. بەكر، محەمەد. ٢٠٠٠. "سیستەمێ بنەماڵا(بارزان) پێكهاتە وگەشەكرن." مەتین (دەزگایێ خانی یێ رەوشنبیری و ڕاگەهاندنێ)، گولان .
31. دبليو ای ويكرام ٢٠١١ : شيخ البارزان ت ريبوار رەمەزان ، سەنگەر بەریوەبەرايیەتی گشتی كتیبخانەكان هەریمی كوردستان دەڤەری بارزان
32. دەباغ.فەیسەل١٩٩٧. حزبی هیوا و شۆڕشی(١٩٤٣-١٩٤٥)ی بارزان. هەولێر،
33. درويش . عبدالحميد ٢٠١٣، أضواو علي الحركة الكوردية في سوريا ، احداث فترة ١٩٥٦- ١٩٨٣، ط٢، مؤسسة مارطريت ومؤسسة جمال عرفان الثقافية السليمانية .
34. زەنگەنە، عەبدولا ، ٢٠١٠، سەرجەم بەرهەمە رۆژنامە نووسیەكانی شەهید جەبار جەباری ، بلاوەكراوەكانی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان هەولێر .
35. سالح، محمەد ئیبراهیم ، ٢٠١٣، دۆزی كورد لە بازنەی پەیوەندییەكانی ئەمریكا و عێراقدا ، ٦ ئاداری ١٩٧٥ – ٢ئابی ١٩٩٠ چ١ ، ناوەندی هونەرلا و رۆشنبیری ئەندێشە ، سلێمانی
36. گەوهەری ، حامید ٢٠١٤، ئیدریس مستەف بارزانی و بارزانیكان باشتر بناسین ، ستۆكهۆڵم ، چ شەهاب
37. قادر, سەرۆ ٢٠٢٠.. بارزان ، مێژووی بزووتنەوە كۆمەلایەتیەكانی كوردستان. تاران: خانەی موكریانی بۆ چاپ و بلاوكردنەوە،

38. قەرەداغی، محمەد مستەفا ، ٢٠١٧، کورد لە بەلگەنامە نهێنیەکانی برتانیا دا ١٩٦٦-١٩٧٩ ، دەزگای دوا رۆژ بۆ رووناکبیری و راگەیاندن – سلێمانی .
39. کەریم غفور میرزا ٢٠٠٢. راستیەکان چەواشە ناکەم. سلێمانی: چاپخانەی رەهەند،
40. هەورامی ، ئەفرەسیاو ، ٢٠٠٣، مستەفا بارزانی لە هەندێك بەلگەنامەی سۆڤیەتدا ١٩٤٥-١٩٥٨، تۆمارێکی مێژووی گەلی کوردا ، دەزگای چاپ و بلاوکلاوەی ئاراس ، هەولێر.
41. وایخ، سۆفیا ئیزابیلا ،٢٠١٤ پەرەسەندنی شوناسی نەتەوایەتی کورد و ئەگەرەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ کوردستان، و یاسین سەردەشتی ، دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان ، چ سلێمانی
42. ی.ئی.ڤاسیلیەڤا ١٩٩٧. کوردستانی خوارووی رۆژهەڵات لەسەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە(کورتەیەکی مێژووی میرنشینانی ئەردەلان و بابان). ترجمە رەشاد میران. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.
43. ئیسماعیل ، نەجمەددین عەبدوڵلا ،٢٠١٦،هەولێر لەنێوان سالانی ١٩٧٠-١٩٧٩، هەولێر، دەزگای رۆسا.

## گۆڤارو ڕۆژنامەکان:

44. البراك، مهند ٢٠١٠، مصطفي البارزاني الزعيم الوطني ، جريدة المدي البغدادية ع ١٧٤٨.
45. الحص ، سليم ٢٠٠٥، الهوية والقضية مجلة مستقبل العربي ، ع ٣١١.
46. حيدر ، المسلمون في كوردستان، مركز المسبار للدراسات والبحوث ، مجلة المسبار ٢٠١٨.
47. الوقائع العراقية – بغداد ع ٢ ٢٨-٧-١٩٥٨.سایتی ئەلیکترونی
48. ستونی عرفات کرم. ١٤, ٣, ٢٠١٧. تاريخ الوصول ١ ,٥ ,٢٠٢١).
www.gulan-media.com/arabic/articles
49. سالار مەحمود. لاپەڕەی نووسەر. ٨, ٧, ٢٠١٨. تاريخ الوصول ١ ,٥ ,٢٠٢١).
http://diplomaticmagazine.net/politics/810
29. Barzan and the Kurdish Awareness Movement 1826-1941.poket book ( in Arabic)
30. Dana Adams Schmidt 1964 ANATOMY OF A SATELLITE JOURNEY AMONG BRAVE MEN 1964 An Atlantic Monthly Press Book LITTLE, BROWN AND COMPANY * BOSTON * TORONTO Canada
31. Mizuri; rekar 2019 the mass genocide of the barzanis, peper research.
32. Mizuri, rekar 2006, The tragic narrative of the barzanis Manuscript in Kurdish
33. Studies Branch of the Politburo of KDP1988, From the Mass-murder Crime in Iraqi Kurdistan in, (in Arabic) Khabat Press,

# الاتجاه والهوية الوطنية في الفكر السياسي لمصطفى البارزاني 1979-1903


## ملخص:

بارزان كان اقليم الذي اصبح في القرن التاسع عشر مركزا للتعايش الديني بين الاديان الاسلامية والمسيحية واليهودية. مصطفي بارزاني ولد في هذه البيئة في ١٤/ اذار/١٩٠٣ و ان سبب اهتمامه بهذا التوجه و الهوية القومية يعود الي البيئة التي نشأت فيه. يرجع البارزاني في الاساس الي عائلة ملتزمة بأسس الدين الاسلامي، التي تربي فيها العديد من الرجال الدين. أخذ الهامه في منطقة بارزان، وبعد ان يصبح هذا الاقليم مركزا للحركة السياسية والدينية في جنوب كردستان، هو في منطلق روية شيوخ بارزان لتحرير كردستان و تحقيق حقوق القومية لشعب كردستان ، يعمل من اجل توحيد و تنظيم المكونات المختلفة في حركة قومية و وطنية واسعة. من الواضح ان القبيلة والعشيرة كان احدي اهم اسس و عمود الاساسي لمكونات المجتمع الكردي علي مر التاريخ، ان التزام هذا المجتمع الرعوي والزراعي المتعصب القبلي، تحقق او نشأ فيها نوعا من الاتحاد و المحبة الزائدة ، في المرحلة التي قاد فيها ملا مصطفي الحركة التحرر، اعطاه خصوصية سياسية وطنية، بعد تجمعهم حول حزب سياسي و التزام عدد كبير من هذه المكونات بالقيادة الحركة التحررية في جنوب كردستان، بعد توجههم داخل الحركة الوطنية والقومية من اجل الاهداف والمصير المشترك.


# Direction and national identiy in the political thought of Mustafa Barzani 1903-1979


## Abstrsct.:

**Barzan was a province that in the nineteenth century became a center of religious coexistence between the Islamic, Christian and Jewish religions. Mustafa Barzani was born in this environment on March 14, 1903, and the reason for his interest in this orientation and national identity is due to the environment in which he grew up. Barzani goes back mainly to a family committed to the foundations of the Islamic religion, in which many clerics were brought up. He took his inspiration in the Barzan region, and after this region became a center for the political and religious movement in southern Kurdistan, he is on the basis of the vision of prominent sheikhs to liberate Kurdistan and achieve the national rights of the people of Kurdistan, working for the unification and organization of the various components in a broad national and national movement. It is clear that the tribe and the clan were one of the most important foundations and basic pillars of the components of the Kurdish society throughout history. The commitment of this tribal pastoral and agricultural society was achieved or a kind of union and extra love arose in it, at the stage in which Mullah Mustafa led the liberation movement, gave him A national political peculiarity, after they gathered around a political party and the commitment of a large number of these components to the leadership of the liberation movement in southern Kurdistan, after their orientation within the national and national movement for the common goals and destiny.**

# عیسمەت شریف وانلی نوێنەری شۆڕشی ئەیلوول لە ئەوروپا

# ١٩٦٤-١٩٧٥

پ.د. ئیسماعیل محمد حصاف

بەشی مێژوو - کۆلێژی ئاداب / زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر

Ismaîl.hassaf@su.edu.krd

م. هاوکار کریم حمەشریف

بەشی مێژوو - کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر

hawkarhamasharif@su.edu.krd

## پێشەکی:

عیسمەت شریف وانلی یەکێك لە کەسایەتییە ئەکادیمی و سیاسی و نەتەوەییە کوردییەکانە کە لەسەر شانۆی سیاسی لە ئەوروپا و کوردستانی عێراق ڕۆڵێکی گرینگی گێڕاوە، وەك نوێنەری مستەفا بارزانی **ریبَري** شۆڕشی ئەیلوول و لە ئاراستەکردنی کاروباری دەرەکیی شۆڕش لە کۆڕە نێودەوڵەتییەکاندا، لە دوای خۆیدا مێژوویەکی سیاسیی پڕشنگداری بەجێهێشت، سەرەڕای گرینگیی کەسایەتی و ڕۆڵی وەلێ تا ئێستا لە لایەن توێژەرانەوە بایەخی تەواو و پێویستی پێ نەدراوە بۆ دەرخستنی ڕۆڵی لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردی بە شێوەیەکی گشتی و لە کوردستانی عێراق بە شێوەیەکی تایبەتی، بەتایبەتی لە شۆڕشی ئەیلوول کە تێیدا سەرپەرشتی دۆسیەی کاروباری دەرەکی دەکرد، لە بواری یاسا و سیاسەت و مێژووی سیاسیدا ئەکادیمییەکی پسپۆڕ بوو، لە چەندان زانکۆ پلەگەلی زانستی وەدەست هێناوە، ژمارەیەك لێکۆڵینەوەی زانستی نووسیوە کە هەموویان لەبارەی کێشەی کوردەوە بوون، بۆیە لە سیاسەتمەدارە کوردە دەگمەنەکان و خاوەن ئەزموونێکی کەسیی خودان تێڕوانینێکی ستراتیژی نەگۆڕ و ڕوون بنیاتنراو لەسەر یەکێتی و یەکگرتنی ئۆرگانیی کوردستانی دادەنرێ.

زێدەباری زمانی کوردیی دایك زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی و فەڕەنسی بەباشی دەزانی، کە لە ئەوروپا فێری ببوو، ناوبراو کەسێکی دەنگ ناسك و ڕۆشنبیرێکی کارامە بووە، بیر و هزرەکانی بەزیرەکییەکی زۆرەوە هەڵدەبژارد، بەشێوەیەك ئاگاداری سیاسەتی نێودەوڵەتی بوو و لە هاوسەنگییەکانی تێگەیشتبوو، بۆ کێشەی نەتەوەیی گەرموگوڕ و بەپەرۆش بوو، باوەڕی بە سەرکەوتنی هەبوو، ئەرك و ئامانجە سیاسی و ئەکادیمییەکانی خۆی دەزانی، خەباتکارێکی پتەو و قایم بوو بەدرێژاییی ژیانی نەرم نەدەبوو، زۆر کاری کرد و زۆری بەخشی، بۆ هەتا هەتایە ناو و مێژووی لە یادگەی گەلی کورد بە نەمری دەمێنێتەوە.

توێژەر پشتی بە ژمارەیەك سەرچاوە و ژێدەری پەیوەست بە بابەتەکەوە بەستووە لە نێویاندا یاداشتەکانی (عیصمەت شەریف وانلی) و هیتر کە لە پەراوێزەکاندا باس کراون.

## ١. لەدایکبوون و خانەوادەکەی:

عیصمەت لە گەڕەکی کوردان (حی الاکراد) ناسراو بە گەڕەکی (رکن الدین)(١) لە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٢٤ لە دایك و باوکێکی کورد لە دایك بووە(عبدالله، ٢٠١٢ : ٤٨٥)،لەبارەی لەدایکبوونیەوە عیصمەت شەریف دەڵێ: (بەپێی پاسپۆڕتە بەرایيەکانی سووریا (کە پاراستوومە) لە شاری دیمەشق لە ساڵی ١٩٢٤ لە دایك بووم و لە تۆماری فەرمانگەی ئامار لە (دیمەشق - صالحیە - ئەکراد ژمارە ٥٩١) تۆمارکراوە، هەروەها باپیری لە لایەن باوکییەوە (شەریف) لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە (لەوانەیە لە دەوروبەری ساڵی ١٨٩٠) لە گوندی (زیڤیك)ی دەوروبەری شاری وانەوە کۆچی کردووە بۆ دیمەشق، لە تۆمارەکانی ناسنامەی سووریی عوسمانی ناونراوە (شەریف وانلی) بە پێی نەریتی کوردی(وانلی، ٢٠١٤ : ١٩).

لەبارەی باوکییەوە عیصمەت شەریف دەڵێ: (ناوی باوکم خودا لێی خۆش بێت ناوی محەمەد شەریف وانلی بوو، ناوی مامی خوالێخۆشبووم مەحموود شەریف وانلی بوو کە دە ساڵ لە باوکم گەورەتر بوو، ئەو سەرپەرشتی پەروەردەکردنی کردووە، لەدایکبووی ١٨٩٩یە، لە ساڵی ١٩١٦ لاوێك بوو ناوی لە قوتابخانەیەك لە قودس تۆمار کرابوو بۆ ئەوەی ببێتە دادوەر، عوسمانییەکان بۆ خزمەتی سەربازی لە تورکیا بردیان و کردیانە ئەفسەر بە پلەی (مولازم)،لە ساڵانی ١٩١٦ - ١٩١٨ لە بەرەی قەفقاس دژی ڕووس و ئەڕمەن خزمەتی کردووە، پاشان لە بولگاریا، دوای تێکشکان و ئاگربەس گەڕایەوە سووریا و وەکوو ئەفسەرێك لەساڵی ١٩٢٠ بەشداری کردووە لە شەڕی مەیسەلوون دژ بە فەڕەنسییەکان، پاشان فەڕەنسییەکان کردیانە ئەفسەر لە جەندرمە (دەرەك)، کوردی و عەرەبی و فەڕەنسی و لەوانەیە کەمێك لە تورکیشی زانیوە، دواجار بووە بەڕێوەبەری سەربازیی (فەرمانگەی هۆزەکان) لە سووریا، لە ساڵی ١٩٦٥ لە تەمەنی ٦٦ ساڵیدا دوای نەخۆشییەکی دوور و درێژ کۆچی دوایی کرد(وانلی، ٢٠١٤: ١٩-٢٠).

عصمت شەریف لەبارەی کۆچی دوایی باوکی و سەردانی گۆڕەکەیەوە نووسیویەتی: (نەمتوانی سەردانی گۆڕی وی و گۆڕی دایکم بکەم (لە گۆڕستانی شێخ خالید) تەنها لە ساڵی ١٩٩٤ نەبێ (بە پاسپۆڕتێکی تورکی بە غەیری ناوی خۆم) بەڵام بە وێنەی خۆمەوە، دوای چەند مانگێکی کەم لە مردنی

(١) رکن الدین، ناوچەیەکە لەڕووی کارگێرییەوە سەر بە دیمەشقە، دەکەوێتە بەشی رۆژهەڵاتی لوتکەی چیای قاسیون، لەلای رۆژهەڵات و دەوروبەری گەڕەکی صالحیە، گەرەکێکە زۆربەی دانیشتوانی لە نەتەوەی کوردن بەو هۆیەوە ناوی گەڕەکی کوردانی بەسەردا براوە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١١٧٠ز لە ماوەی دەسەڵاتی ئەیوبیەکان. ئەو گەڕەکە لەدواتردا چەندین کەسایەتی سیاسی و ئاینی لەوانە پرۆفیسۆر "عصمت شریف وانلی، سیاسەتمەداری کوردی "عثمان صبری" ودکتۆر "نورالدین زازا" بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: ( الشیباني ج ١، ١٩٩٩؛ ملا ، ٢٠١٤).

له ساڵی ١٩٦٥ ئینجا به کۆچی دواییی باوکم زانی، کەئەو کات له بەیرووت بووم وەك وتەبێژی فەرمی بە ناوی مەلا مستەفا بارزانی و نوێنەری شۆڕشی ئەیلوول لە دەرەوە، کوردێك لە بەیرووت بە ناوی (جەمیل محۆ) پێی گوتم، بەلام بە هۆی پەیوەندییەکانم لەگەڵ شۆڕش ئەو کات نەمدەتوانی له بەیرووتەوە بچمە دیمەشق بۆ دیتنی دایکم و کەسوکار و سەردانی گۆڕی باوکم. پاسپۆڕتێکی ئێرانیم بە ناو و وێنەی ڕاستەقینەی خۆمەوە پێبوو،چەند مانگێکی کەم بەر لە کۆچی دواییی باوکم لە لایەن حاکمی سەربازیی سووریاوە حوکمی لەسێدارەدان و دەسبەسەرداگرتنی موڵکەکانم دەرچووبوو (بە تۆمەتی پیلاندانان دژ بە سووریا و بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی عەرەب لە جنێڤ و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان)،ئەو حوکمە لە ڕۆژنامەی فەرمیی سووریا لە ژمارە ٢٣ی بەرواری ٣ی تەممووزی ساڵی ١٩٦٥ بڵاو کرایەوە، دوای دەرچوونی یان کەمێك پێشتر ئەفسەرێکی دادوەریی سووری هاتبوو فەرمانی کردبوو بۆ ئەوەی بە ماڵەوەمان لە گەڕەکی ئەکراد بڵێت ئامادەی دادگا بم، کاتێ دایکم بەوەی زانی پێڵاوەکانی لە پێ کردبوویەوە و پێی لە ئەفسەرەکەیدا بوو و پێی گوتبوو: (ئێوە شەرمەزار نابن؟! بڕۆ لێرە، مێردەکەم نەخۆشە و عیسمەتیش لێرە نییە). کەسوکارم و خەڵکی گەڕەکەکە بە گشتی بەم پەرەسەندنانەیان دەزانی. کەسوکارم هەواڵی نەخۆشکەوتنی باوکم و پاشان مردنیان پێ نەدابووم (وانلی، ٢٠١٤: ٢٠).

دایکی کە ناوی (خەیرییە)یە لە گەڕەکی ئەکراد لە دیمەشق ساڵی ١٩٠٨ لە دایك بووە، کچی عەبدوڵڵا ئالەڕەشییە کە دانیشتووی هەمان گەڕەکن ، ڕەنگە (ئالەڕەشی)ناوێکی عەشایەری بێت نەك جوگرافی (وەکوو وانلی یان کەرکووکلی)، بنەچەی خانەوادەکەیان لە (ناوچەی ئامەد – دیاربەکر)ەوە بوو(عبدالرحمن ومحمد،٢٠١٥ :٢).

## ٢. خوێندنی بەرایی و وەدەسهێنانی زانستی:

عیسمەت سەرەتایی لە قوتابخانەیەکی گەڕەکی ئەکراد خوێندووە، ئەو قوتابخانەیەی لەسەر تابلۆیەکی سەر دەرگاکەی دەستەواژەیەکی عەرەبی نووسراوە و دەڵێ ئەم قوتابخانەیە لە لایەن خاتوو عادیلە خاتوون خوشکی سەلاحەدین ئەیووبی بنیاتنراوە, لە گەڕەکی ئەکراد کە لە بەرد دروست کراوە، لەسەر دیوارەکانی و لەسەر دەرگاکەی نەخشێك بە عەرەبی هەیە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەو (الصاحبة)یەی (وەك وەقف) ئاوەدانی کردۆتەوە ڕەبیعە خاتوونی خوشکی سەلاحەدینی ئەیووبی بووە،ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە گەڕەکی ئەکراد لەسەر بناری چیای قاسیون ڕۆژگارەکەی بە لای کەمەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەلاحەدین و ڕەنگە کۆنتریش. (وانلی"٢٠١٤: ٢٢),هەروەها خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە پەیمانگەی عەرەبی – فەڕەنسی (لایبك) بووە، بڕوانامەی دیبلۆمی لە بیرکاری و بەکالۆریۆسی لە زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی فەڕەنسی – یەسووعی لە بەشی زانستە سیاسییەکان لە لوبنان وەدەست هێناوە(جمبلی، www.gamyakurda.net).

لەبەرئەوەی باوکی عیسمەت لە ڕەوتی جەندرمە (وەك فەرماندەی دەرەك) خزمەتی کردووە و لە نێوان شارۆچکەکانی ئەو کاتی سووریا هاموشۆی کردووە وەکوو (قطنة، القنیطرة، الزبدانی، دیرالزور) بۆیە ئەویش خوێندنی سەرەتایی لە چەند قوتابخانەیەکی جیاواز درێژە پێ داوە, عیسمەت شەریف دەڵێ: (گواسترامەوە دیمەشق لە قەڵا ئەو کاتەی لە دواناوەندی بووم و تەمەنی ١٢ ساڵان بوو),بێگومان هاتوچۆکردنی لە نێوان ناوچە سوورییەکان و خوێندنی لە نێو دەستە کولتوورییە جیاجیاکان توانای ناسینی گرووپ و شێوەزار و سروشت و نەریتی کۆمەڵگای ئەو کاتی سووریای پێ بەخشی. دواتر لە دیمەشق پەیوەندی کرد بە خانەی (التجهیز الاولی) کەوا لە ساڵی ١٩٤٤ بەکالۆریۆسی سووری (بەشی بیرکاری) بەدەست هێنا(). لە گەڕەکی ئەکڕادەوە بۆ قوتابخانەی (التجهیز) لە ناوجەرگەی دیمەشق بە پیادە دەڕۆیشتن(وانلی"٢٠١٤: ٢٢).

دوای وەدەسهێنانی بڕوانامەی دواناوەندی، لە لوبنان درێژەی بە خوێندن دا، لەم بارەیەوە دەڵێ: (نەمویست لە دیمەشق و بە زمانی عەرەبی بخوێنم، بەڵکوو خوێندن بە زمانی بیانیی ڕۆژئاواییم پێ باشتر بوو. لە ساڵی ١٩٤٥ بۆ بەهێزکردنی ئینگلیزییەکەم خولێکی زمانی ئینگلیزیم لە زانکۆی ئەمریکی لە بەیرووت کرد، هەروەها لە ساڵی خوێندنی (١٩٤٥ - ١٩٤٦) خۆم لە کۆلیژی ئەندازیاریی ئەمریکی تۆمار کرد (خەونم بە دروستکردنی پرد و بەنداوەوە وەك ئەندازیار دەبینی، لەبەر ئەمە لقی بیرکاریم لە بەکالۆریای سووری هەڵبژارد),بەڵام بۆم ڕوون بوویەوە کە ئارەزووم بۆ ئەندازیاری نەبووە، بۆیە لە میانەی ساڵی خوێندن بەباشی نەمخوێند و لێی سەرکەوتوو نەبووم. بەڵکوو لە هەمان کات ناوم تۆمارکراو بوو لە بەشی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی یەسووعیی فەڕەنسی لە بەیرووت (عبدالله, :٨) ئەم لقە نوێ بوو و ماوەی خوێندنەکەشی تەنها دوو ساڵ بوو و پێویستی بە بڕوانامەی بەکالۆریا نەبوو، واتە بڕوانامەکە بەهادار نەبوو، ئەو کات من بە هۆی نزیکی ماوەی نێوانیان زۆر لە نێوان بەیرووت و

(١) خانەی (ثانویة جودت الهاشمی) یەکەم ئامادەیی فەرمی بووە لە دیمەشق بەناوی قوتابخانەی تجهیزیە دروستکراوە بان (مدرسة تجهیز الاولی) بەناوی جودت هاشمی نووسرابوو کە ناوبراو بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بوو، لەم قوتابخانەیەدا خولی یەکەمی دەرچوون کۆمەڵێك قوتابی بوون کە دواتر بوونە بەرپرسی باڵا لە دەوڵەت لە بوارەکانی کارگێڕی و سیاسی و عەسکەری گرنگ. لە مامۆستاکانی تری بریتی بوون لە (میشیل عقلق و صلاح الدین البیطار کە دامەزرێنەری حزبی بەعس بوون، ئامادەیی جودت هاشمی یەکەم ئامادەیی بوو لە دیمەشق کە ئەوانەی تێدا دەردەچوون ئامادەبوون بچنە ژیانی کرداری وەرگرتنی بەرپرسیارێتی لە کاروباری دەوڵەت، هەر بۆیەشە بە قوتابخانەی (التجیز الاولی) ناسرا، لەوانەیە لەبەر پێشختن و مەزنی ئەو ناوەی لێنرا بێ. لە سەردەمی تاج الدین الحسینی داوا لە وەزیری مەعارف سلیم جنبرت کرا بە بنیاتنانی ئەو قوتابخانەیە، دروستکردنی قوتابخانەکە لە کۆتایی کانونی دووەمی ١٩٢٩وە کۆتایی پێهات لە کۆتایی کانوونی یەکەم ساڵی ٩٣٣ ١، (سلێمان ئەبو شعر) ئەندازیاری سەرپەرشتیاری دروستکردنی قوتابخانەکە بوو، بەشێوەیەکی فەرمی ئەم قوتابخانەیە لە ساڵی ١٩٣٦بەڕووی خوێندندا کرایەوە، تا ناوەڕاستی پەنجاکان ئەم ناوەی هەڵگرتبوو دوایی ناوەکە گۆردرا بە ئامادەیی جودەت هاشمی ، ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ ڕێزلێنانێك لە مامۆستای ناوبراو لە دوای کۆچککردنی، ئەم قوتابخانەیە ڕۆڵی گرنگی هەبوو لەدەرچواندنی سەدان قوتابی بەتوانا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا لەنێو ئەمانیشدا عصمت شریف وانلی بوو- ویکیبیدیا الموسوعة الحرة.

دیمەشق هاتوچۆم دەکرد(وانلي، ٢٠٠٤: ٢٤)، بەڵام شتێك ڕووی دا کە پێشبینیکراو نەبوو کە ڕێڕەوی خوێندنی گۆڕی، لەم بارەوە نووسیویەتی: (جارێکیان لە ماڵی باوکم بووم لە گەڕەکی ئەکراد کە پێشوازی لە چەند کەسایەتییەکی دیاری کوردی دەکرد، یەکێك لە میوانەکان دکتۆر موحسین بەرازی بوو (لە حەما، پێشتر سەرۆکایەتیی حکومەتی سووری کردبوو)، لەبارەی خوێندنەکەوە لێی پرسیم، پێم وت: زانستە سیاسییەکان لە یەسووعییە، پێی وتم: (تۆ وەك ئەو ئەسپە وایت کە لەگەڵ کەر خۆی دەبەستێتەوە: پێویستە لە یەسووعییە ماف (حقوق) بخوێنیت). دوای گەڕانەوەم بۆ بەیرووت بە گوێرەی ئامۆژگاریی ئەو لە کۆلیژی ماف خۆم ناونووس کرد (ئەو کات زۆربەی پارێزەرە لوبنانییەکان لە دەرچووانی ئەم کۆلیژە فەرەنسییە بوون)، بەڵام من لەگەڵ نورەدین زازا[1] زانستە سیاسییەکانم تەواو کرد، ئەویش لە هەمان بەش ناونووس کرابوو، لە هەمان خولی ساڵی ١٩٤٦ بڕوانامەی (زانستە سیاسییەکان)مان وەدەست هێنا، لە کاتی خوێندنی لە لوبنان جێگیر نەبوو بە هۆی هاتوچۆی بەردەوامی لە نێوان هەردوو پایتەخت و پێویستیی کارکردن ڕەنگە بە هۆی تەنگدەستیی دارایی بووبێت، لەوبارەیەوە عیسمەت شەریف باسی ئەوە دەکات و دەڵێ: (لە ماوەی هەردوو ساڵی ١٩٤٧ – ١٩٤٨ زۆر پشکنینم لە کۆلیژی مافی یەسووعی لە بەیرووت پێشکەش کرد و تێیدا سەرکەوتوو بووم. بەڵام من لە ماڵەکەمان لە گەڕەکی ئەکراد لە دیمەشق دادەنیشتم و تەنها بۆ پێشکەشکردنی پشکنینەکان دەچوومە بەیرووت هەروەك ماوەیەك لە یەکێك لە فەرمانگەکان لە دیمەشق کارم کردووە (وانلی"٢٠١٤: ٢٤-٢٥)).

## ٣.خوێندنی لە سویسرا:

لە تشرینی دووەمی ١٩٤٨ عیسمەت شەریف لە ڕێی دەریاوە بە هاوەڵێتیی باوکی لە بەیرووتەوە بەرەو ئیتاڵیا گەشتی کرد و لەوێوەش بە شەمەندەفەر بۆ لۆزان کە ڕۆژی ٢٩ی هەمان مانگ گەیشتە ئەوێ. گەشتەکەی دوای گەشت و کاریگەریی هەریەك لە هاوڕێی خوێندن نورەدین زازا و زاواکەی محەمەد مەتینی لە هاوینی ساڵی ١٩٤٧ بۆ خوێندن لە زانکۆی لۆزان هات.

---

(١) نوسەرو سیاسی و تێکۆشەر د. نورالدین زازا لە ساڵی ١٩١٩لەشاری مادن لە باکوری کوردستان ، لە ساڵی١٩٣٨ ئاوارەی سوریا بووە لە شاری قامشلو نیشتەجێ بووە و لە ساڵی ١٩٤٩پەیوەندی بە زانکۆی لوزانی سویسری کردووە، لە ساڵی ١٩٥٦، بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری فەلسەفە بەدەستهێناوە، دوای گەڕانەوەی بۆ سوریا بووەتە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سوریا. بەهۆی چالاکییە سیاسییەکانی چەندین جار دوچاری گرتن و راوەدونان بووەتەوە لە هەر یەك لە سوریا، عراق، ئەوردن، لوبنان، و لە ساڵی ١٩٧٠گەڕاوەتەوە بۆ سویسراو لە شاری لۆزان جێگیر بووە، لە ڕێکەوتی ٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٨کۆچی دوایی کردووەو لەسەر وەسیەتنامەی خۆی هەر لەوێ بە خاك سپێردراوە، لەدوای خۆی چەندین کتێبی جێهێشتووە لەوانە یاداشتەکانی د.إسماعیل محمد حصاف، تاریخ کردستان سوریا، معهد کردستان واسیا الصغری للدراسات الاستراتیجیة روسیا الفیدرالیة – موسکو، فرع کردستان، الجزء الثالث، أربیل، ٢٠١٧ی ١٥٤

له زانکۆی جنێڤ مۆڵەتی یاسای وەرگرتووە و له زانکۆی لۆزانیش له سویسرا دکتۆرای له زانسته سیاسییەکان وەدەست هێناوە، داکۆکی له نامەی دکتۆراکەی کردووە که به ناونیشانی: (لەبارەی ستراتیژیەتی سیاسی و سەربازیی بزاڤی نیشتمانیی کورد - تێڕوانینێك بۆ ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو)، پاشان ماستەری له مێژوو و دکتۆرای له ئابووریی سیاسی له زانکۆی جنێڤ بەدەست هێناوە، پاشان له زانکۆی سۆربۆن له فەرەنسا بووە مامۆستا له مێژووی کوردستان، له ساڵەکانی ١٩٦٠ تا ١٩٦٢ لەسەر پێشنیازی کامیران بەدرخان، له زانکۆی سۆربۆن وانەی مێژووی کورد و کوردناسی گوتووەتەوە، کەوا پرۆگرامی مادەی شارستانێتیی کوردستانی داناوە و له زانکۆی سۆربۆن وتوویەتییەوە(عبدالله،٢٠١١ :٩).

شیاوی باسه، له دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ و گەڕانەوەی سەرکردەی کورد مستەفا بارزانی (١٩٠٣ - ١٩٧٩) بۆ عێراق، حکوومەتی فەرەنسی لقێکی تایبەتی خوێندنی لەژێر ناوی (شارستانێتیی کوردستان) له زانکۆی سۆربۆن کردەوە، ئەوە یەکەم جار بوو له جیهان بۆ خوێندنی شارستانێتی و مێژووی کوردستان، عیسمەت شەریف دەڵێ: (به پێشنیازی دکتۆر کامەران بەدرخان وەزارەتی مەعاریفی فەرەنسا بۆ وتنەوەی ئەم لقه نوێیه دایمەزراندم، ئەز وانەبێژ (محاضر) بووم ناسناوی پرۆفیسۆرم هەڵنەدەگرت (حەزم لەم ناسناوەش نییه که دواتر ڕۆشنبیرانی کورد بەسەریاندا بڕیم). له بەرنامه و ناوەڕۆکی وانەکانم ئازاد بووم. ڕەنگه کەمئەزموون بووبم له بواری خوێندنی باڵا. سەرجەم وانەکانم له ماوەی مانگێك یان کەمێك زیاتر بوو. مووچەکەم به حاڵ بەشی خەرجییەکانی گەشتکردن له سویسرا و مانەوە له پاریسی دەکرد، ڕاستتر ئەوە قەرەبووی وانەکان بوو نەك مووچە. (وانلی،٢٠١٤: ٢٩)، هەروەها له دیمانەیەکیدا لەگەڵ تەلەڤزیۆنی میدیا ئامادەکاری بەرنامەکه پرسیاری لێ دەکات: (بەوپێیەی ساڵانێکی دوور و درێژه ڕۆشنبیرن، پێناسەتان بۆ ڕۆشنبیر و ڕۆڵی له کۆمەڵگادا چییه؟) وانلی وەڵام دەداتەوە و دەڵێ: (ئەم ناوە بۆ خۆم قەبووڵ ناکەم و خودی خۆشم ئەم ناوە له خۆم نانێم، ڕەنگه له لای ئەوانیتر ڕۆشنبیر بم، بەڵام من ئەم ناولێنانه ڕەت دەکەمەوە، ئێوە دەمناسن و گەلەکەشم دەمناسن، ئەمەشم بەسه، من ئەم ئێوارەیه دەمەوێ به ناوی گەلی کورد و هەستەکەیەوە قسه بکەم، ئەمەش شەرەف و ڕێزێکی گەورەیه بۆم..) ( تەلەفزیۆنی میدیا، دیمانه، ١٩٩٨).

## ٤.هاوسەرگیری:

عیسمەت شەریف لەگەڵ کچێکی سویسرایی به ناوی کارمن له مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥٣ له شاری لۆزان هاوسەرگیری کرد،هاوسەرگیرییەکه ساده بوو، کچەکه به کەسوکارەکەی نەگوت تەنها دوای هاوسەرگیری نەبێ کەوا عیسمەت ئەوانی ناسی، نورەدین زازا و پارێزەرێك له هاوڕێکانیان شایەتی هاوسەرگیرییەکه بوون،کارمن به دڵسۆزی و خۆشەویستی و کارەکەیەوە زیاتر له عیسمەت ماڵی بەڕێوە دەبرد. کاتێ له ساڵی ١٩٥٧ به (سیامەند) سکپڕ بوو عیسمەت بردیەوە دیمەشق بۆ ئەوەی منداڵەکەی له ماڵی دایك و باوکی له گەڕەکی ئەکراد ببێت و له دیمەشق عیسمەت چاوی دەکەوێت به

عەبدولڕەحمان قاسملوو کە لە ڕێگادا بوو بەرەو ئەوروپا، هەر ئەویش ناوی سیامەندی بۆ پێشنیاز کرد لە حالەتێکدا ئەگەر منداڵەکە کوڕ بوو. منداڵەکە لە مانگی ئابی ١٩٥٧ لە دایك بوو و ناوی لێنا سیامەند.

## ٥. گەڵاڵەبوونی هۆشیاریی نەتەوەیی:

لە سەرەتای تەمەنیدا عیسمەت شەریف پەرۆشی کوردایەتی بوو و حەزی لە مێژوو بوو (بە تایبەتی مێژووی کورد) و وەرزش(www.yek-dem.com)، ئەندامێکی (یانەی کوردستانی وەرزشی) بوو کە تێکۆشەر و ئەدیبی کۆچکردووی کورد عوسمان سەبری لە دیمەشق لە ساڵی ١٩٤٠ دایمەزراند،هەروەك لە سەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابردوو پەیوەندی کرد بە سەرکردایەتیی کۆمەڵەی خۆیبوون و جەلادەت بەدرخان و مەمدووح سەلیم و قەدری[1]جان و عەلی ئاغا زەلفۆ و ئەکرەم[2]جەمیل پاشا و نورەدین زازای ناسی(التاخی، العدد ٩٢١٤،٢٠١١) ،لێیانەوە واتاکانی خۆشەویستیی نیشتمان و بەها باڵاکانی وەرگرتووە، ڕۆژێکیان وتی: (بۆ یەك ساتیش ئاواتی سەربەخۆیی کوردستان و سەرکەوتنی کورد بەسەر دوژمنان و داگیرکەران لە یاد و ویژدان و هۆش و دڵ و کارم ون نەبووە)(إيلاف، ٧،٣. ٧. ٢٠١٧).

لەبارەی سەرەتاکانی گەڵاڵەبوونی خۆناسین و خودئاگایی لە لای عیسمەت شەریفی لاو نووسیویەتی و دەڵێ: (لە سەرەتاکانی لاوێتیمدا کوردێکی نەتەوەیی و خاوەن بیرکردنەوەی عەلمانی بووم (ڕەنگە بە هۆی کاریگەریی فەڕەنسییەوە بووبێت کە دەوڵەتی ئینتیداب بوو، یان بە هۆی سروشتی بیرکردنەوەم. من باوەڕم بە بوونی بوونەوەرێکی خولقێنەری دواوەی سروشت نییە)، پێکەوە لەگەڵ چەند لاوێکی کورد (یانەی کوردستان) بۆ ڕۆشنبیری و وەرزشمان دامەزراند (تیمی کوردستان بۆ تۆپی پێمان هەبوو)، ئەو کاتە دەستم کرد بە دەستخستنی کتێب، لە نێویاندا کتێبی (مێژووی کوردستان)ی محەمەد ئەمین زەکی و کتێبی (لە عەممانەوە بۆ ئامێدی یان گەشتێك لە (کوردستانی باشوور)ی عەلی سیدۆ گۆرانی، ئەم دووانە تاکە کتێب بوون کە لە جانتاکەمدا بوون کاتێ سووریا و لوبنانم بەرەو ئەوروپا بەجێهێشت، کتێبەکەی محەمەد ئەمین زەکی لە وەرگێڕانی (محەمەد عەلی عەونی) وەکوو قورئانێك وابوو بۆ من و

---

(١) ممدوح سلیم: ڕۆژنامەنووس و سیاسەتمەدار ، لە پێشەنگەکانی ڕۆشەنبیرانی کوردە، لە قوتابخانەی باڵا (المدرسة العليا) لە ئەستانە خوێندنی تەواو کردووە، لەنێوەندە نێودەوڵەتیەکاندا نوێنەرایەتی کوردی کردووە لەژێر ناوی (اسکندر بك)، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە هێژی لە ساڵی ١٩١٢ڕۆژنامەی ژینی دەرچواندووە و سەرنووسەری گۆڤاری ڕۆژی کورد بووە و دواتریش گۆڤاری هەتاوی کورد، لە بواری هزری و ئەدەبی و سیاسی زۆر کاری کردووە کراوە بە سەرپەرشتیاری پەروەردەی لە پارێزگای حەسەکە بەهۆی چالاکییە سیاسییەکانەوە دوورخراوەتەوە بۆ ناوچەی درعا، لە ساڵی ١٩٧٦لە شاری دیمەشق کۆچیدوایی کردووەو لەوێش نێژراوە (الصویرکی الكردي،، ٢٠٠٨: ٣٦٩ ٣٧٠).

(٢) قەدری جان، عەلی ئاغا زلفو: لە ساڵی ١٨٧١لە گوندی (بدوان العليا) سەر بە قەزای جرموك لە ئەیالەتی دیاربەکر، دواتر لە گەڕەکی کوردان لە دیمەشق نیشتەجێ بووە، دەوڵەمەند بوو، نیشتمانپەروەر بووە و بەرهەڵستکاری داگیرکاری فەرەنسی کردووە لە سوریا لە ساڵی ١٩٢٥پەیوەندی بە شۆڕشی گەورە کردووە، ئەندامی کۆمەڵەی خۆیبوون بووە، لە کۆتایی ژیانیدا لە گەڕەکی ئەبو رمانە لە دیمەشق نیشتەجێ بووە، لە ساڵی ١٩٥٧کۆچیدوایی کردووە لە دیمەشق. بڕوانە: (الصویرکی الكردي،، ٢٠٠٨: ٣٦٩ ٣٧٠).

لە یانەی کوردستان وانە و موحازەراتم لەبارەی مێژووی کوردەوە لەسەر بنچینەی ئەم کتێبە پێشکەش دەکرد.(وانلی،٢٠١٤ :٢٣)، لە ڕاستیدا لەو ماوەیەدا کتێبی کوردی زۆر دەگمەن بوو و بەردەست نەبوو، لەبەرئەوە ئەم دوو کتێبە بە تایبەتی ئەوەی یەکەم ئاسۆی زانیارییەکانی فراوان و دەوڵەمەند کرد لەبارەی مێژووی کورد و ڕێڕەوی خەباتی نەتەوەیی کوردی پەرەپێدا، چونکە ئەو لە سەردەمی لاوێتیدا حەزی بە مێژوو بوو(التاخی،ژمارە٩٢١٤،٢٠١١).

لە پاڵ کتێبدا کاریگەرییەکی تر هەبوو بەسەر گەڵاڵەبوونی خودئاگایی و هۆشیاریی کوردی لە لای عیسمەت شەریف وانلی ئەویش دیدارەکانی بوو لەگەڵ کەسایەتییە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی کورد و لەم بارەیەوە دەڵێ: (لە سەرەتای لاوێتیمەوە هاودەمی سەرکردە کوردەکان بووم لە قاوەخانەکانی دیمەشق (خواردنگەی سوقرات) و قاوەخانەکانی (شەقامی بەغداد) لە ئێوارەکانی هاویندا. لەوانەی لە کوردستانی باکورەوە کۆچیان کرد دوای شکستی شۆڕشی شێخ سەعید و لە شام نیشتەجێ بوون وەکوو مەمدووح سەلیم و قەدری جەمیل پاشا و ئامۆزاکەی ئەکرەم بەگ. بەڵام جەلادەت بەدرخان چەندان جار لە گەڕەکی موهاجیرین لەماڵەکەی خۆیدا سەردانم کردووە وەلێ ئەو تێکەڵی (سەرکردەکان)ی تر نەدەبوو، بۆ زانین، ئەو کاری لە بواری زمانی کوردی و بڵاوکراوەکان و ڕۆژنامەوانیی کوردی دەکرد (بێ تێکەڵبوون بە باسوخواسی قاوەخانەکان کە قسەی پڕوپووچ بوون). هەروەك چەندان جار لەگەڵ عوسمان سەبری کۆبوومەتەوە و ئەویش تێکەڵی ئەوانیتر نەدەبوو، بەڵکوو کاری لەسەر پەروەردەکردنی لاوان لە گەڕەکەکە لەسەر هەستی نەتەوەیی کورد دەکرد. هەروەها دوو جار لەگەڵ محەمەد ئەمین زەکی بەگی نووسەر کۆبوومەتەوە و زانی گرینگی بە کتێبەکەی دەدەم وێنەیەکی پێشکەش کردم، ئەوەش لە سەردانێکیدا بۆ دیمەشق،هەروەها سەرۆك (کاپتن) عزەت عەبدولعەزیزم لە سەردانێکیدا بۆ دیمەشق ناسی..)(وانلی،٢٠١٤: ٢٣)

لە بەیرووت کەسایەتیی چالاکی کورد کامەران بەدرخان دەناسێ، لەبارەی ئەمەوە لە یاداشتەکانیدا نووسیویەتی: (لە کاتی نیشتەجێبوونم لە بەیرووت پەیوەندیم لەگەڵ دکتۆر کامەران بەدرخان بەهێز بوو کەوا نووسینگەیەکی هەبوو و گۆڤاری (ڕۆژا نوو)ی بە کرمانجی و فەڕەنسی بڵاو دەکردەوە، وە لە کاتی جەنگی جیهانیی دووەم لە (ڕادیۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست - کە هاوپەیمانان و بەریتانییەکان سەرپەرشتیان دەکرد) بە زمانی کوردی بڵاو دەکرایەوە، هەر کەسێ لە کوردانی بەیرووت حەزی بکردایە فێری کوردی دەکردن، دکتۆر کامەران بەدرخان چووە پاریس (پێم وایە لە ئاخروئۆخری ١٩٤٦ بوو) لەوێ دەستی کرد بە فێرکردنی کرمانجی لە زانکۆی سۆربۆن و بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەیەکی وەرزی بە زمانی فەڕەنسی لەبارەی کێشەی کوردەوە (هێشتا هەندێ ژمارەیم لایە). دوای جەنگی جیهانیی دووەم یاداشتێکی لەبارەی کێشەی کوردەوە بەسەر باڵوێزخانەکان لە بەیرووت بڵاو کرایەوە. (وانلی،٢٠١٤: ٢٥) شیاوی ئاماژەپێدانە، دکتۆر کامەران بەدرخان نوێنەری بارزانی بوو کە دواتر عیسمەت شەریف وانلی شوێنی گرتەوە.

## ٦. دیداری لەگەڵ مستەفا بارزانی:

عیسمەت شەریف ڕەنگە یەکێك لە دیارترین ئەو کەسایەتییانە بێت لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردی لە کوردستانی عێراق و ڕۆڵێکی گرینگی گێڕا لە ئاراستەکردنی کاروباری دەرەوەی بە دانایی و بەرچاوڕۆشنی ( مصطفى و درويش ٢٠١٣، ٣٠١)،لە ناوەڕاستی شەستەکان و لەگەڵ سەرکەوتنەکانی شۆڕشی کوردی، لێدوانەکانی عیسمەت شەریف و دیدارە ڕۆژنامەوانییەکانی دووبارە بوونەوە و ناوودەنگی بڵاو بوویەوە، چاو و سەرنجەکان ڕوو لەو بوون وەکوو باڵوێزی گەل و شۆڕشەکەی و سەرکردەی ئەم شۆڕشە و نوێنەرەکەی لەگەڵ دکتۆر کامەران بەدرخان و ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لە کوردستان (عونی، K21، العدد ٩، ٢٠١٠).

لەبارەی دیداری لەگەڵ بارزانی وانلي دەڵێ: (لە نیوەڕۆی ڕۆژێکدا و دوای کۆتاییهاتنی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتیی قوتابییانی جیهانی، بۆ یەکەم جار چاوم کەوت بە سەرکردە و سەرۆك مستەفا بارزانی لە خانوویەك کە لە شاری بەغدا تێیدا نیشتەجێ بوو لەگەڵ ژمارەیەك لە هاوڕێیان لە کۆمەڵەکە و سەرانی قوتابییانی کوردستان، بارزانی لە چاوەڕوانیماندا بوو، لە ساتە بەراییەکان لە کاتی دیتنمدا موچوڕکەیەك بە لەشمدا هات و هەستم کرد لە بەرانبەر پیاوێکی گەورەی شۆڕشگێڕدام، کاریزمایەکی خاوەن کەسایەتیی بەسام و هەیبەت، دەستی گرتم و زۆر بەخێرهاتنی کردین و ستایشی چالاکییەکانی کۆمەڵەکە و خودی منی کرد و قسەکردنی لە دڵەوە بوو و بە شێوەیەکی گشتی لە دۆخی سیاسی ئاسوودە نەبوو و هەستەکانی نەشاردەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جەختی کردەوە لەسەر پاراستن و پارێزگاریکردنی کۆماری عێراق و پاڵپشتیکردنی عەبدولکەریم قاسمی سەرۆکی، کاتێ قسەمان کرد لەبارەی ڕووداوەکانی کۆنگرە و سەرنەکەوتنمان لە قەبووڵکردنی ئەندامێتیی کۆمەڵەکەمان لە یەکێتیی جیهانیی خوێندکاران و ئەو ئاڵۆزییانەی لە کاتی کۆنگرەکە ڕووی دا، بارزانی لەم بارەیەوە وتی: (ئەی لەبارەی مافی چارەی خۆنووسینی گەلان چی؟!.ئەوە یەکەم دیدار بوو لەگەڵیدا بۆ خواحافیزی لێکردنی و ڕێزی خۆمم پێشکەش کرد، سکاڵای کرد لە دیکتاتۆرییەتی عەبدولکەریم قاسم و دابەشکردنی چەك بەسەر ئاغایانی کورد لە زێبار بۆ دەسدرێژیکردنە سەر بارزان، وتی: چیتر لە بەغدا سەلامەتیم ئەمین و پارێزراو نییە و بیر دەکەمەوە بۆ گەڕانەوەم بۆ بارزان، هەروەها وانلی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بارزانی سەبارەت بە قەبووڵنەکردنی کۆمەڵەکە لە یەکێتیی خوێندکارانی جیهانی پێی وتووە: (بێئومێد مەبن، لە کارتان بەردەوام بن تا ئەوەی ڕۆژێك قەبووڵ دەکرێن و حەتمەن دادپەروەری شوێن و ڕەوتی خۆی دەگرێت بەڵام گرینگتر لەوە ئەوەیە کێشەی گەلەکەتان لە بیر مەکەن، ئێمە پێویستمان بە هەوڵ و کۆشش و کاری نیشتمانیی ئێوە هەیە و پارێزگاری لە یەکگرتووییتان بکەن و دوورکەونەوە لە ناکۆکی و

فرتوفێڵی دوژمنان...). (وانلی،٢٠١٤: ٣٣-٣٤)، بەم جۆرە خەونەکەمان هاتەدی دوای بەردەوامبوونمان لە کار کەوا کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ئەندامێتیی یەکێتیی خوێندکارانی جیهانی لە کۆتاییەکانی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٤ وەدەست هێنا(عبدالرحمن ومحمد، ٢٠١٥ : ٢)

لە ساڵی ١٩٦١ واتە دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ڕزگاریخوازی ئەیلوول، وانلی وازی لە وانەوتنەوە لە زانکۆی سۆربۆن هێنا کە وانەی لەبارەی (شارستانێتیی کوردستان) دەوتەوە بۆ ئەوەی بۆ کاری سیاسی لەبارەی کێشەی کورد یەکلابێتەوە، لە ساڵانی ١٩٦٠ - ١٩٦١ کتێبێکی بە زمانی فەڕەنسی دانا لەبارەی (شارستانێتیی کوردستان) لە ٥٠٠ لاپەڕەدا، لەوبارەیەوە وانلی دەڵێ: (هێشتا نوسخە چاپنەکراوەکەم لە کن ماوە، کاتێ ئێستا سەیری دەکەم کەموکورتی تێدا دەبینم، مرۆڤ لەگەڵ کات و زەمەن زانست و زانیاری زیاتر دەبێت، نازانم چی لێ بکەم. لە ڕووی شیکردنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە بیرێکی مارکسییانە نووسیومە (بەڵام شیوعییانە نا)، لە کەموکورتییەکانی، لاوازیی ڕەخنەگرتن و سەرچاوەیە. ئەگەر بارودۆخ لەبار بوو و ژیان ڕێی پێدا ئەوا دەروازەیەك دەنووسم ئاماژە بە کەموکورتییەکانی دەکەم (دوای ٤٥ ساڵ لە نووسینی بابەتەکە)، ئەو شیکردنەوە کۆمەڵایەتیانەی تێیدایە ڕەنگە بێ سوود نەبن و وەکوو خۆی بۆ نەوەی داهاتوو بەجێی دێڵم. (وانلی،٢٠١٤: ٢٩-٣٠)

دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول مستەفا بارزانی سەرکردەی شۆڕش عەبدوڵڵا ئیسحاقی کەسایەتیی ناسراوی کورد و سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی ڕاسپارد پەیوەندی بە عیسمەت شەریف وانلییەوە بکات بۆ ئەوەی ببێتە وتەبێژی شۆڕش لە یاداشتەکەیدا عیسمەت شەریف وانلی دەڵێ: (لە هاوینی ساڵی ١٩٦٢ هەواڵێکم لە خواڵێخۆشبوو عەبدوڵڵا ئیسحاقی (سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان/ ئێران بوو) پێگەیشت کە لە بەیرووت بوو و لێی پرسیم ئاخۆ ئەگەر بتوانم بۆ دیتنی سەفەر بۆ بەیرووت بکەم و هەواڵی لە لایەن مستەفا بارزانی و شۆڕشەوە پێیە، ڕێککەوتین سەفەر بکەم و لە ڕێی دەریاوە سەفەرم کرد و ئیسحاقی و هەندێ کوردی بەیرووت لە بەندەرەکە چاوەڕێم بوون. شوقەیەکی بچووکی بەکرێ گرتبوو، دەستی کرد بە پەیوەندیکردن بە ناوەندە ڕۆژنامەوانییە هیچ پەیامێکی لە شۆڕشەوە بۆم پێ نەبوو بەڵام گوتی: بارزانی پرسیویەتی بۆچی لەگەڵ شۆڕش کار ناکەم؟ پێم گوت: ئەمە لە خۆمەوە دەستم پێ کردووە بە ناوی (لیژنەی داکۆکی مافي طفلي کورد). پاشان گەڕامەوە ئەوروپا و ئەویش گەڕایەوە کوردستانی عێراق لەگەڵ دانا آدمز شمیدت بەرپرسی نووسینگەی ڕۆژنامەی (نیویۆرك تایمز) بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە ناوەندی شۆڕش لەگەڵ بارزانی کۆبوویەوە و لە ساڵی ١٩٦٤ کتێبێکی لەبارەوە نووسی و بە هۆیەوە خەڵاتێکی ئەمریکی وەدەست هێنا، ئیسحاقی (ناسراو بە ئەحمەد تۆفیق) لە خزمەتی بارزانیدا بوو و زۆر بۆی دڵسۆز بوو، مرۆڤێکی ئازا و زیرەك و بوێر بوو. قەناعەتی وابوو کە لە بەرژەوەندیی هەموو بەشەکانی نەتەوەی کورددایە کار بکەن بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی کوردستانی عێراق. واتە بیر و هزرەکانی زۆر لە بیر و فیکری من نزیك بوو. (وانلی،٢٠١٤: ٣٥)

عیسمەت دەڵێ: (ویستی قەدەر وابوو جاری دووەم لە چیاکانی کوردستان چاوم بە بارزانی بکەوێتەوە کە لەوێ سەرکردایەتی ئەو شۆڕشەی دەکرد کە لە یازدەی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ هەڵگیرسا، دیدارەکە بە واتای وشە ڕۆمانسی بوو، ئەو بە شێوەیەکی ئەفسانەیی وەکوو جەنگاوەر و چەکدارێك بەرجەستەی خەباتی گەلێکی دەکرد بە برنۆ و خەنجەرێك کە بەدرێژاییی چواردە ساڵ لێی دانەبڕان، ساتی بەیەکگەیشتنەکە لە خانوویەکی قوڕین بوو لە گوندێکی نزیك شارۆچکەی ڕانیە، ئەو سەردانەمان دوای بڕیارێك لە کۆنگرەی نۆیەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا هات کە لە شاری هانۆڤەری ئەڵمانیا لە ماوەی نێوان ٣ – ٦ آب ١٩٦٤ گرێ درا بە ناردنی شاندێك کە پێکهاتبوو لە د. کەمال فوئاد و من بۆ سەردانی کوردستان لە ڕێی تارانەوە بە مەبەستی دیدار لەگەڵ سەرانی شۆڕش و هەڵسەنگاندنی ئەو ناکۆکییەی لە لوتکەی سەرکردایەتیی شۆڕش و حیزب دروست بووە و هەوڵدان بۆ چاککردنەوەی ئەو لێکترازان و شەقبوونە و ڕێنەدان بە فراوانبوونی زەمینەی ناکۆکیی نێوان براکان و هاوڕێیان بەڵام وێڕای هەوڵە جیدییەکانمان لێرە و لەوێ بەڵام کۆششەکانمان سەرکەوتوو نەبوون و ئەوەی لێی دەترساین ڕووی دا و هەڵەیەکی گەورەش بوو(وانلی،٢٠١٤: ٣٥). لە کاتی بوونی عیسمەت شەریف لە ڕانیە و لەسەر داوای بەرپرسانی شۆڕش بەشداری کرد لە کۆبوونەوە میللی و حیزبییەکان بۆ دانانی (ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش)، وە لەسەر داوای بارزانی، عیسمەت شەریف دەڵێ: (بوومە وتەبێژ بەناویەوە لە دەرەوەی نیشتمان و نوێنەری شۆڕش لە دەرەوە)(وانلي، ٢٠١٤، ٣٧).

لەوەتەی هۆشم کراوەتەوە ئەم سروتە نەتەوەییانە ئەنجام دەدەم و هاوەڵەکانم لە هەموو بەشەکانی کوردستانی گەورە جۆری بیرکردنەوەی نەتەوەییم و مومارەسە کردەییەکانم لەم بوارەدا دەزانن، من و د. کامەران بەدرخان و پاشان لەگەڵ نورەدین زازا ڕۆژێکیان پەیمانمان دا بە ئەندازەی سەرەپەنجەیەك لەم ئاراستەیە لانەدەین و لە ئاکامدا هەڵبژێردرام بۆ سەرۆکایەتیی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لە ساڵی ١٩٥٦ و دوای کەمتر لە هەشت ساڵ سەرۆکی کۆچکردوو مستەفا بارزانی وەك نوێنەری خۆی و وتەبێژ بە ناوی شۆڕشی کوردی و ئەندام لە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش لە کوردستان هەڵیبژاردم واتە لە (١٩٦٤ – ١٩٧٠) ، بە لامەوە گرینگ نییە لەبارەمەوە چی دەڵێن، من یەکەم و دوا جار هەر کوردم و ڕوو لەو شوێنە دەکەم کە نەتەوەی کوردم پێویستی پێمە، دانم بەو سنوورە دەستکردە نەناوە و نایناێم، دیاربەکر و کەرکووك و قامیشلۆ و کرماشان ناوگەلێکن بۆ شارەکانی کوردستان، لە ڕووی ڕۆح و دڵ و جەستەوە بە هەموویانەوە پەیوەستم، تەنها ناوەکانیان لە لای من جیاوازن(فرهاد عوني، K21، العدد ٩، ٢٠١٠).

فرهاد عەونی ڕۆژنامەوان **لە سەر** زاري وانلي دەڵێ: ئەم وێنەیە لە ساڵی ١٩٦٤ لە چیاکانی کوردستان لەگەڵ بارزانیدا گیراوە لە سەردانێکم بۆ لای لە کاتی ئاگربەس لەگەڵ حکوومەتی عێراق کاتێ عەبدولسەلام محمد عارف سەرۆك كۆمار بوو، ئەو سەردانەم بە بڕیارێکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بوو – لە کۆنگرەی چوارەمی لە ساڵی ١٩٦٤، د. کەمال فوئاد و منیان ڕاسپارد بە مەبەستی

بەشداریکردن لە چارەسەرکردنی گرفتە هەڵپەسێردراوەکان لە سەرکردایەتیی حیزب و شۆڕش، سەرەتا لە تاران چاومان کەوت بە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و مامۆستا جەلال تاڵەبانی و هیتر، کاتێ گەیشتینە کوردستان ڕوومان کردە ئەو شوێنەی بارزانی لە یەکێك لە گوندەکان لێی بوو، بەپێی توانا هەوڵمان دا تێڕوانینەکان لە یەکتر نزیك بکەینەوە و گەیشتن بە ئاکامێکی ڕازیکەر وەك سووربوونێك لەسەر یەکێتی و یەکگرتوویی پارتی و شۆڕشی ئەیلوول، لەم دیدارەدا بارزانی پرسیارێکی دیاریکراوی لێ کردم: ئایا دەتوانیت لە دەرەوە نوێنەرایەتیی شۆڕش بکەیت و ببیتە وتەبێژ بە ناویەوە؟ دەمودەست وتم: سەر سەر و سەر چاو، شەرەفێکی گەورە و ئەرکێکی مێژوویییە کە بەم کارە ڕاسپێردرێم، بەڕێز بارزانی من لە پێناو خزمەتکردنی کورد و قوربانیدان لە ڕێی کوردستان دروست کراوم و سوێند بە خوای گەورە و شەرەفی نەتەوەییم دەخۆم بۆ ئەم ئەرکەم دڵسۆز بم هەرچەند لەسەرم بکەوێت. بارزانی هەڵوێستەکەمی بەدڵ بوو و برایانی لە سەرکردایەتی ڕاسپارد کارئاسانی و ئەوەی گونجاوە بۆم بۆ بکەن لە پێناو سەرکەوتنی ئەم ئەرکە گەورەیە (عونی، K21، العدد ٩، ٢٠١٠).

بەم جۆرە لە چوارچێوەی دووبارە ڕێکخستنەوە لە ٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ ئەرکی نوێنەری شۆڕش لە دەرەوە بە سیفەتێکی ڕەسمی چێ کرا.(محمد،٢٠١٥: ٤٧).

## ٧. سەردانی بۆ ئیسرائیل و چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ شاندەکانی ئەفریقی:

عیسمەت شەریف بەشداری کردووە لە چەندان چالاکی و دیداری دیبلۆماسیی نهێنی و ئاشکرا بە ئامانجی دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەکی لە نێویاندا ئیسرائیل، لە دەی ئاداری ١٩٦٤ لە ماڵی (ئیریك رولو) ڕۆژنامەوانی فەرەنسی جوولەکە لە پاریس کۆبوونەوەی کوردی - فەرەنسی گرێ درا بە بەشداری میر دکتۆر کامیران بەدرخان و جەلال تاڵەبانی و دکتۆر عیسمەت شەریف وانلی و ژمارەیەك کەسایەتیی تری کورد (پێی وایە دکتۆر کەمال فوئاد و وریا ڕەواندوزی پزیشك و سەعدی ئەمین دزەیی برای سیاسەتمەدار موحسین دزەیی تێدا بوو)(مرعي، (ب.ت): ١١٧) ،عیسمەت شەریف وانلی دەڵێ: (لە کاتی بوونم لە ڕانیە لە هاوین و سەرەتای پاییزی ١٩٦٤ دیتم شۆڕشگێڕانی کورد چەکی پێویستیان کەمە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای بەغدا تەنها چەکی برنۆی چیکۆسلۆڤاکی نەبێ کە بەس نییە. لەگەڵ هەندێ کەسایەتیی سەربازیی کورد لەبارەی پێداویستییەکانیان لێکۆڵینەوەم کرد، شەوێکیان لەگەڵ بارزانی لەژێر خێوەتەکەیدا تەنها بووم، لێم پرسی: حەز دەکات بە مەبەستی وەدەسهێنانی یارمەتی سەردانی ئیسرائیل بکەم؟ وتی: بەڵێ. بەم وەڵامە وازم هێنا. لەبارەی پێویستییەکانی شۆڕش بۆ هیچ کەسێك باسی لێکۆڵینەوە کەسییەکانم نەکرد. دوای دوو ڕۆژ گەڕامەوە تاران و شەوێ لە پاشان سەردانی حسن باکرافان سەرۆکی ساڤاکم کرد کە ئەم پۆستەی دوای جەنەڕاڵ بەختیاری وەرگرتبوو، باکرافان مرۆڤێکی باش بوو و حەزی دەکرد بە زمانی فەرەنسی قسەم لەگەڵدا بکات کە تێی دەگەیشت،

دوای قسەکردن لێی پرسیم ئاخۆ هیچ داواکارییەکم هەیە؟ وتم بەڵێ دەمەوێ سەردانی ئیسرائیل بکەم. گوتی: باشە کاری پێویست دەکەم بۆ ئەوەی سبەی سەفەر بکەیت. (وانلی، ٢٠١٤: ٣٩).

لە بیست و پێنجی کانوونی یەکەمی ١٩٦٤ (حەسەن باکرافان) سەرۆکی ساڤاکی ئێرانی بە ئیسڕائیلی ڕاگەیاند کە عیسمەت شەریف وانلی کەسایەتیی کوردی بە ڕەزامەندیی ئێران سەردانی دەکات، عیسمەت شەریف وانلی وەك میوان لە لای هروبن دابەزی(مرعی، ب.ت :١١٨)، موقەدەم هروبن (ئەفسەری هەواڵگریی سەربازی لە دەستەی ئەرکانی ئیسڕائیلی) هاوڕێیەتی کرد لەو کۆبوونەوەیەی کە گرێی دا لەگەڵ مائیر عامیت سەرۆکی مۆساد و یەعقووب کروزی جێگری و یەعقووب لیبی بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی دەرەوەی ئیسڕائیل و ئەهارون یەریفی سەرۆکی هۆبەی هەواڵگریی سەربازی و عەیزرا دەنین و یاعیل فەرد بەرپرسی هۆبەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوە، وانلی بۆ هەموو ئەمانە پەیامێکی تایبەتی لە بارزانییەوە پێشکەش کرد کە ئەو بە وتەبێژی گشتیی شۆڕشی کوردی دیاری کردووە،(نکدیمون،١٩٩٧: ١١٢).

وانلی داوای هاوکاری لە ئیسڕائیل بۆ شۆڕشی کورد کرد، وەکوو: چەك بە تایبەتی تۆپ و ڕەشاشی قورس، هەروەها پارە و دەرمان، وە داوای دامەزراندنی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە سەرکردایەتیی کوردەوەی کرد، هەروەها وانلی داوای لە ئیسڕائیل کرد هاوکاری بکات بۆ ڕێکخستن و ئامادەکاری بۆ هەندێ سەردان بۆ ئەوەی بە ناوی شۆڕشەوە لە دەرەوە قسە بکات(محمد، ٢٠١٥: ٥٠)، دوای سەردانەکە و ئەو باسوخواسانەی کران دامودەزگاکانی ئیسڕائیل بەخێرایی دەستیان بە کار کرد و مۆساد هەستا بە ئامادەکردنی لیستێك لەو چەکانەی وانلی داوای کردبوو و ئامادەکاری کرا بۆ گواستنەوەی بۆ تاران و لەوێوەش بۆ کوردستان، لە چوارچێوەی یارمەتییە ئیعلامییەکان، نامیلکەیەکی ئیعلامی لە ئیسڕائیل ئامادە کرا و لە سەرتاسەری جیهان دابەش کرا، لە لایەن خۆیەوە (دیڤید قەمجی) پیاوی مۆسادی ئیسڕائیلی ئاماژەی بۆ ئەو سەردانە کردووە کە وانلی وەکوو نوێنەری بارزانی بۆ ئیسرائیلی ئەنجام داوە لە کانوونی یەکەمی ١٩٦٤، ئیسڕائیل بەشێك لەو ڕێککەوتنەی جێبەجێ کرد کە لەگەڵ وانلی پێی گەیشتبوو بە ناردنی ئەو فڕۆکەیەش کە لە نیسانی ١٩٦٥ چەکی هەڵگرتبوو، وە پێکهێنانی دەستەیەکی تایبەت بۆ هاوکاریکردن لە کۆکردنەوەی پارە لە بەرژەوەندیی کورد، هەروەها ڕێکخستن و پارەدارکردنی سەردان و گەڕانی وانلی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ،ناوبراو لە ڕۆژانی سەرەتای کانوونی دووەمی ١٩٦٥ ئیسڕائیلی بەجێهێشت، سەردانەکەی بەوە وەسف کرا کە هەنگاوێکی یەکلاکەرەوە بوو لە بواری گەڵاڵەکردنی پەیوەندییەکانی ئیسڕائیل – کورد، پاشان گەڕایەوە کوردستان و ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی لەبارەی ئاکامی سەردانەکەی بۆ ئیسڕائیل پێشکەشی بارزانی کرد (نکدیمون،١٩٩٧: ١١٢- ١١٣ ، ١٢١)،

لەبارەی ئاکامەکانی سەردانەکەی بۆ ئیسڕائیل وانلی نووسیویەتی: (دوای گەڕانەوەم بۆ شارۆچکەی ڕانیە، ئیسڕائیل پیاوێکی نارد بۆ پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لە نێوان سەرکردایەتیی شۆڕش و دەسەڵاتدارانی

ئیسرائیلی کە ئامادەکرابوو بە ئامرازی پەیوەندیی تەکتیکی و لە دەرەوەی شارۆچکەکە دەژیا و ناومان لێنابوو هاوڕێی خۆشەویست. من لە دژی عەرەب داوای ئەم یارمەتییەم نەکرد بەڵکوو بۆ بەرگریکردن لە گەلی کوردی ستەملێکراو و یارمەتیدانی.(وانلی، ٢٠١٤: ٣٩).

## ٨. سەردانی عیسمەت شەریف بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:

دەستەی ئیسرائیلی کە وانلی دیداری لەگەڵ کردن پێشنیازیان بۆ کرد دەستەیەکی تایبەتی کوردی پێك بهێنێت بۆ ناردنی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ کارکردن لەسەر وەدەسهێنانی پاڵپشتیی سیاسی و ماددی و پێی وترا کە ئیسرائیل ئامادەیە ئەرکی دارایی ناردنی ئەم دەستەیە لە ئەستۆ بگرێت(مرعی، ب.ت :١٢٠)، لە شوباتی ١٩٦٥ لە ڕێی سەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەستان بە هەڵمەتێکی ئیعلامی لەوێ ڕووی کردە ئەوروپا، لە سەرەتای ئەو گەڕانەی وانلی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوەڕاستی نیسانی ١٩٦٥ دەستی پێ کرد بارزانی ڕایگەیاند: هەر دەوڵەت یان نەتەوەیەك ناتوانێ هەبێت و بژی تەنها مەگەر پاڵپشتی یەکێك لە دوو کوتلە گەورەکە بەدەست بێنێت. لەبەرئەوەی تێڕوانینەکانی کورد ئەو کاتە لەگەڵ ئەو بیر و هزرانە ناکۆك بوو کە سۆڤییەت دەیخستەڕوو بۆیە بەڵگەنەویست بوو کە بۆ داوای یارمەتی ڕووبکەنە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. وێڕای ئەوەش تا ئێستاش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەڵامی خواستەکانی کوردیان نەداوەتەوە (نکدیمون،١٩٩٧: ١١٣-١١٤)

بە ئامانجی گەیاندنی دەنگی شۆڕشی کورد بە کۆشکی سپیی ئەمریکی و کۆکردنەوەی پاڵپشتیی نێودەوڵەتی، عیسمەت شەریف سەردانی ئەمریکای کرد، لە یاداشتەکانیدا لەبارەی ئەو سەردانەوە دەڵێت: (ئیسرائیلییەکان لە مانگی مایسی ١٩٦٥ گەشتێکیان بۆ ئەمریکا بۆ ڕێکخستم، ئامانج لێی پەیوەندیکردن بە حکومەتی ئەمریکی و ڕۆژنامەکان و زانکۆکان و نەتەوە یەکگرتووەکان بوو. هەر ئیسرائیلییەکانیش شوێنێکیان لە ئوتێلێکی ناسراو لە نیویۆرك بۆ گرتینو هەروەها ئەوان ڕێکخراوێکی تایبەتمەندی ئەمریکییان بۆ هەڵبژاردم بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانم و وەرگرتنی وادەکان لەگەڵ دەستە و کەسایەتییە ئەمریکییەکان (ئەم ڕێکخراوانە بە ئینگلیزی پێیان دەوترێ public relation) ئەو ڕێکخراوەی بۆیان هەڵبژاردبووم بریتی بوو لە ڕێکخراوی (Lem Jenes Cozp)، ئەمەش لە ئەمریکا ناسراو بوو بە پەیوەندیی پتەو بە پەنابەرانی کووبایی لە ئەمریکا دژی ڤیدل کاسترۆ، هەندێکیان لە سەردەمی جۆن کینیدی سەرۆکی ئەمریکا هاوڕێیەتیی سوپای ئەمریکایان کردبوو لە هەڵمەتەکەی بۆ سەر کووبا،کە هەڵمەتەکە شکستخواردوو بوو، بە واتایەکی تر ئەم ڕێکخراوە نەیاری شیووعییەت بوو یان (کۆنەپەرستی)، من هەرگیز شیووعی نەبووم بەڵام کارم دژایەتیکردنیان نەبوو، هەروەك من یەکێتیی سۆڤییەت و خودی ڕووسیام خۆشدەویست لەبەر سیاسەتیان لە بەرانبەر کوردەکانیان، ئەگەرچی لەوەتەی ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەتەوە شکستخواردووە. لە ئەنجامدا بەداخەوە گەشتەکەم بۆ ئەمریکا

سەرکەوتوو نەبوو، دەسەڵات و حکوومەتی ئەمریکا ڕەتیان کردەوە دیدارم بکەن تەنها (CIA – ئاژانسی هەواڵگریی نهێنی) نەبێت، ئەمەشم پێ خۆش نەبوو و نەشیتوانی هیچ شتێك بکات.(وانلی،٢٠١٤: ٤٠).

لە هەمان کاتدا، باڵوێزخانەی عێراق لە واشنتۆن هەوڵی زۆر گەورەی دا لە پێناو شکست پێ هێنانی سەردان و گەڕانی وانلی و فشاری زۆری خستە سەر وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، لەم بوارەدا سەرکەوتنی گەورەی وەدەست هێنا بە جۆرێك هەموو لایەنە باڵاکان - جگە لە هەندێ ئەندامی ئەنجومەنی پیران و یاریدەدەرەکانیان نەبێ - ڕەتیان کردەوە پێشوازی لە وانلی بکەن و قسەی لەگەڵدا بکەن. کاتێ وانلی پەیوەندی کرد بە فیلیپ تالبووت یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سکرتێرەکەی ڕەتی کردەوە بیگەیەنێت پێی و بە وانلی گوت هیچ کارمەندێکی وەزارەتی دەرەوە قەبووڵ ناکات قسەی لەگەڵدا بکات، کاتێ ئەو ڕاوێژکارەی ئیسرائیل کە هاوڕێیەتی وانلی دەکرد پەیوەندی بە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەکات بە ڕاشکاوی پێی وترا: ڕەوش لە عێراق بای پێویست ئاڵۆزە و ویلایەتە یەکگرتووەکانیش حەز ناکات پەنجەی تۆمەتی ئاراستە بکرێت بەوەی یارمەتیی کوردی ئەوێی داوە، بەڵکوو وەزارەتی دەرەوە سەرکەوتوو بوو لە هەڵوەشاندنەوەی ئەو کۆبوونەوەیەی کە وانلی بە نیاز بوو لەگەڵ سەرۆکی یەکێك لە لیژنە فەرعییەکانی لیژنەی دەرەوەی سەر بە ئەنجومەنی پیران گرێی بدات، هەروەها ئەو کۆبوونەوەیەی بڕیاربوو گرێ بدرێ لە نێوان وانلی و ولیام دوگلاس دادوەری دادگای باڵا  کە بە دۆستایەتیی کورد ناسراوە، هیچ شتێك لەبەردەم وانلی نەمایەوە جگە لە سازدانی چەند دیدارێك و پەیوەندیکردن بە سەرانی ڕێکخراوە خۆبەخشییەکان و گرێدانی چەند کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی و پێشکەشکردنی چەند موحازەرەیەك لەبەردەم هەندێ ناوەندی ئەکادیمی و پێشکەشکردنی عەریزە بە شاندە جیاوازەکان لە نەتەوە یەکگرتووەکان. لە یەکی ئایاری ١٩٦٥ وانلی نامەی بۆ کۆمەڵێك ئەندامی ئەنجومەنی پیران و ئەنجومەنی نوێنەران نارد، زانیاریی هەمەلایەنی لەخۆگرتبوو لەبارەی ئەوەی لە بەرەی کوردی ڕوودەدات(نکدیمون،١٩٩٧: ١١٤-١١٥)

بە سروشتی حاڵ، لای ئەمریکاییەکان شتێك نەبوو بە ناوی کێشەی کورد کەوا بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتانە کۆك بوو کە کوردستانیان بەسەر دابەش کرابوو. عیسمەت شەریف وانلی زیاتر دەڵێ: (نامەیەکم بۆ ویلیام دۆگلاس دادوەری ئەمریکی کە ئەندامی دادگای باڵای فیدراڵی بوو نووسی، ناوبراو پێشتر کتێبێکی لەبارەی گەشتێکی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ساڵی ١٩٥١ نووسیبوو تێیدا شتی جوانی لەبارەی گەلی کوردەوە باس کردبوو، داوای یارمەتیم لێ کرد. بەڵام قەبووڵی نەکرد هیچ هاوکارییەك بکات. ژمارەیەك موحازەرەم لە زانکۆ بەناوبانگەکانی ئەمریکا پێشکەش کرد وەك زانکۆی (ڤیرجینیا) و پەنسلڤانیا. لە چەند دیدارێك قسەم لەگەڵ خوێندکارە ئەمریکییەکان کرد، دیدارێکی ڕۆژنامەوانیم لەگەڵ ناودارترین یانەی ڕۆژنامەوانیی ئەمریکی لە واشنتۆن (National club) کرد، تەنها کەمێك ڕۆژنامەوان ئامادەی بوون. داوای دیدارێکم لەگەڵ باڵوێزی یەکێتیی سۆڤیەت لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە ناوی مورزوڤ بوو، لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان دیداری کردم، ئاگای

لە کێشەی کورد و بوونی جالیەی کوردی لە ڕووسیا هەبوو، بە زمانێکی گلەییکارانە لێی پرسیم: هاتووی بە ناوی کوردەوە لە ئەمریکا چی بکەیت؟ پێم گوت: تۆ لێرە بە ناوی ڕووسیا و یەکێتیی سۆڤیەت چی دەکەیت؟ ئەمریکا وڵاتێکی مەزنە و لە بەرژەوەندیی کورد و بزاڤەکەیدایە پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا و لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت پەیدا بکات(وانلی، ٢٠١٤: ٤٠-٤١)

## ٩. سەردانی عیسمەت بۆ ئەفریقیا:

عیسمەت شەریف وانلی زۆر گرینگی بە کاری دیبلۆماسی دەدا بۆ وەدەسهێنانی دۆست بۆ کێشەی کورد و بەنێودەوڵەتیکردنی، کۆششی کرد بۆ ئەوەی کێشەی کورد بباتە ناو نەتەوە یەکگرتووەکان و چاوی کەوت بە ژمارەیەك لە نوێنەرانی وڵاتانی ئەفرۆ – ئاسیایی و پشتی بەست بە دیبلۆماسیەتی نامە بۆ دیبلۆماتکار و وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بە ناوی شۆڕش و بارزانی سەرۆکی(مصطفی و درویش، ٢٠١٣: ٣٠٨)، ئیسرائیلییەکان سەردانگەلێکیان بۆ ئەفریقیا بۆ ڕێکخست لە میانەیدا چاوی کەوت بە سەرانی کۆمارەکانی (ساحل العاج و لیبیریا) بەڵام هیچ سوودێکیان نەبوو، هەروەها بە هۆی ئیسرائیلییەکان چاوی کەوت بە سەرۆك کۆماری مەدەغەشقەر لە فەرەنسا بەڵام ئەویش بێ سوود و بێ ئەنجام بوو،لەبارەی چالاکییەکانی تری عیسمەت شەریف لە یاداشتەکانیدا دەڵێت: (جگە لەوە، خۆم وادەم دادەنا لەگەڵ ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوەکان وەکو دەستە ڕۆژنامەوانییەکان و ئاژانسە جیهانییەکانی هەواڵ. خۆم کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکانم لە ئوتێلێکی ناسراو لە جنێڤ ڕێکدەخست و ژمارەیەکیان ئامادە دەبوون. سەردانی هەموو ئاژانسەکانی هەواڵم لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان کرد و پەیوەندیی شەخسیم لەگەڵ بەرپرسانی دامەزراند و هەر هەواڵێکم بۆ دەناردن بڵاویان دەکردەوە و هەواڵەکە لە هەموو جیهان پەخش دەکرا. دوو جار لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە (لیژنەی مافەکانی مرۆڤ) لەبارەی کێشەی کوردەوە قسەم کرد، لە ساڵی ١٩٥٩وە پەیوەندیی کەسییم هەبوو لەگەڵ (لیژنەی خاچی سووری نێودەوڵەتی)، سەرکەوتوو بووم لە ناردنی هاوکاریی دەرمان لە ڕێی ئەوەوە بۆ کوردستان و وام لێکردن بە پێچەوانەی بنەماکەیان کە پێویستە بە بەغدا و بە ڕەزامەندیی حکومەتی عێراق بچێت بینێرن (بۆ زانین لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتی، ناوچەی شۆڕش بەشێك بوو لە دەوڵەتی عێراق)، هەروەك ئەمیر سەدرەدین ئاغا ڕاسپێردراوی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان لە کاروباری پەنابەر و ئاوارەکان کەسی خۆی لە نووسینگەکەی لە نەتەوە یەکگرتووەکان بەگەرمییەوە هەموو کات پێشوازی لێ دەکردم، پەیوەندیی بەهێزم لەگەڵ هەندێ گەورە بەرپرس لە ڤاتیکان لە ڕۆما پەیدا کرد کەوا سەردانم دەکردن بەڵام دیدارم لەگەڵ پاپا نەبوو تەنها لە ساڵی ١٩٩٤ نەبێ بە هۆی ناسینی پێشتری ئەو کاردینالانەی هاوکاری دەکەن.(وانلی،٢٠١٤: ٤١-٤٢) بەم جۆرە دەبینین عیسمەت شەریف وانلی وەکوو نوێنەری بارزانی و شۆڕش سەرکەوتوو بوو لە دامەزراندنی تۆڕێکی فراوان لە پەیوەندی لەگەڵ

حکوومەتی وڵاتان و ڕێکخراو و لایەنە نێودەوڵەتییەکان لە سەردەمێکدا کە مەسەلەی کورد لە قەدەغەکراوەکان بوو.

## ١٠. ئاڵۆزی (إشكالية)ی خستنەڕووی ئۆتۆنۆمی:

عیسمەت شەریف لە کاتی دیدارەکانیدا ڕووبەڕووی ئیشکالیەتی داواکاری شۆڕش بە حوکمی زاتی بوویەوە، ئەو بابەتەی کێشەی کوردی کردە مەسەلەیەکی ناوەخۆیی کە ڕێگری کرد لە پاڵپشتیی ڕاستەوخۆی نێودەوڵەتی. لەم بارەیەوە عیسمەت شەریف نووسیویەتی کە بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندییە سیاسی و نێودەوڵەتییەکان (جگە لە پەیوەندییەکان بە ئاژانسەکانی هەواڵ و خاچی سوور نەبێ) سوودەکانیان دیاریکراو بوون، بۆ زانین داواکاریی ڕەسمیی شۆڕش حوکمی زاتی بوو بۆ کوردستانی عێراق، بە واتای ئەوەی کێشەکە عێراقییە – ناوەوەی عێراقە نەك بە ڕەسمی کێشەی ڕزگاریی نیشتمانی و مافی چارەی خۆنووسین بێت. ئەمەش بۆ نموونە سەرکردایەتیی حیزبە گەورەکانی ئیتاڵیا بە ڕاست و چەپیانەوە پێیان گوتم وەکوو حیزبی شیووعی و هەردوو حیزبی سۆسیالیستی و حیزبی دیموکراتیی مەسیحی و حیزبی کۆماری، پوختەکەی ئەوە بوو: (گەلی کورد گەلێکی ستەملێکراوە و مافی چارەی خۆنووسینی هەیە، بەڵام ئێوە کێشەکەتان وەکوو کێشەیەکی ناوەخۆی عێراقی دەخەنەڕوو. ئەگەر وەکوو کێشەی ڕزگاریی نیشتمانی داوای مافی چارەی خۆنووسین بکەن ئەوا ئەرك وا لێمان دەخوازێ پاڵپشتی خەبات و تێکۆشانتان بکەین) ئەمەم بە براکانم لە کوردستان گوت و لەبارەیەوە نووسیم بەوەی ئێمە گەلێکی ستەملێکراوین و ژمارە زۆرین بەڵام کەمدەست و چەکین، وەك ئەوەی دانایی و ئازایەتی ئەدەبی دەیخوازێ خۆمان لە شوێنی شیاو دانانێین و دەترسین داوای مافە ڕەواکانمان بکەین ئەمە بێجگە لە شەڕ و ململانێی ناوەخۆییمان(وانلی،٢٠١٤: ٤٢).

## ١١. نوێبوونەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٧٤ و ڕۆڵی عیسمەت شەریف:

لەگەڵ دەسپێکردنەوەی شەڕ لە کوردستانی عێراق لە ناوەڕاستی ئاداری ١٩٧٤ شۆڕش داوای لە عیسمەت شەریف کرد بە هاوکاریی لەگەڵ جەمال عەلەمدار و میر کامەران بەدرخان و ئەوانیتر کار بکەن بۆ ئابڕووبردنی سیاسەتی بەعس و پەیداکردنی پاڵپشت بۆ شۆڕش. لەم چوارچێوەیەدا عیسمەت شەریف لە یاداشتەکانیدا نووسیویەتی: (تەرکیزی گەورەم کردە سەر بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی شۆڕش بە هۆی ئاژانسە جیهانییەکانی هەواڵەوە لە جنێڤ و هاوکاریی دەرمان و شیری منداڵان لە لایەن خاچی سووری نێودەوڵەتی و کێشەی پەنابەران و هەندێ پەیوەندی لەگەڵ وڵاتان و حیزبە سیاسییەکانەوە، زیاتر دەڵێ: (دوای ڕێککەوتنی جەزائیر لە نێوان سەددام حوسێن و شا و نەهێشتنی شۆڕشی کورد لە

لایەن سەرکردەکانی و پەنابردنی بەرپرس و گەورەکانیان بۆ ئێران یان خۆبەدەستەوەدانیان بە حکوومەتی بەعسی عێراقی وەکوو هەموو کورد تووشی بێهیواییەکی گەورە بووم. لە بەعس و سەددام و شا تووڕە بووم و بە ئاشکرا لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانی و بەیاننامەکاندا لەبارەیەوە دەموت: (خەنجەری لە پشتی گەلی کورد دا) ڕۆژنامە و ئاژانسە هەواڵییەکانی جیهان بڵاویان کردەوە، لە هەڵسەنگاندنی ئەوەی ڕووی دا، عیسمەت شەریف پێی وایە ئەوەی ڕووی دا چاوەڕوانکراو بوو لە لایەن سەددامەوە کە هەر شتێك بکات بۆ ڕزگاربوون لە شۆڕش بەناچاری تەنانەت گەر بە ڕێککەوتن لەگەڵ شاش بێت. سەرکردایەتیی شۆڕش چووبووە نێو شەڕی بەرەییەوە لەگەڵ سوپای عێراق بە هۆی ئەو چەکە قورس و تۆپانەی کە سوپای ئێرانی بە ناوی شۆڕشەوە لە کوردستانی عێراق بەکاری دەهێنان. وە پشتی دەبەست بە بەڵێنە ناڕوونەکانی ئەمریکا لە ڕێی (CIA)ەوە وەکوو گرێنتییەك بۆ بەردەوامبوونی هاوکاریی شا بۆی. واتە لەژێر ڕەحمەتی شا و بەڵێنە درۆیینەکانی ئەمریکادا بوو. ڕاستتر وەدەسهێنانی بەڵێنی فەرمیی ئەمریکا بوو نەك نهێنی ئەگەر بکرابووایە لەگەڵ حکومەتی ئەمریکی لە واشنتۆن و گرێنتی ئەمریکی بۆ مومارەسەی مافی چارەی خۆنووسین، بەتایبەتی کە ڕووسیای سۆڤیەتی لە ساڵی ١٩٧٢ەوە لەگەڵ حوکمی بەعسی عێراقی (پەیماننامەی هاوکاری و دۆستایەتی) بەست و لە بەرانبەر پارە (نەوتی کورد لە کەرکووك) چەکی قورسی پێ دەدا، ئەمەم لە کتێبێکدا نووسیوە کە بۆ ئەڵمانی وەرگێڕدراوە و لە ساڵی ١٩٨٤ چاپ کراوە. (وانلی،٢٠١٤: ٤٧ - ٤٨)

بەم جۆرە دەبینین کە عیسمەت شەریف وانلی ڕۆڵێکی گرینگی گێڕا لە نوێنەرایەتیکردنی شۆڕشی ئەیلوولی و وتەبێژ بە ناوی مستەفا بارزانیی، کەوا سەرکەوتوو بوو لە ناساندنی شۆڕشی کورد و گەیاندنی دەنگی بە دەرەوە و چنینی تۆڕێك لە پەیوەندیی فراوان نەك لەگەڵ تەنها هێز و ڕێکخراو و دەستە نێودەوڵەتییەکان بەڵکوو لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە حکوومەت و حیزبە دەسەڵاتدارەکان بۆ ئابڕووبردنی ئامانج و پلانەکانی بەغدا کە بوونی کوردی بە ئامانج گرتبوو لە ڕێی هەڵمەت و پەلامارە سەربازییەکان کە چەکی سووتێنەر و قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی وەکوو ناپاڵم و هیتری بەکاردەهێنا.

چالاکییەکانی عیسمەت شەریف چەندان بواری گرتەوە: میدیایی و سیاسی و دابینکردنی چەك و هاوکاری بۆ شۆڕش و ناردنی ژمارەیەك ڕۆژنامەوان و دیبلۆماتکار بۆ ناوچەکانی شۆڕش، ئەوانەی چاویان کەوت بە سەرکردەی شۆڕش مستەفا بارزانی بە ئامانجی شکاندنی ئەو گۆشەگیرییەی بەسەر کوردستاندا سەپێنرابوو و لابردنی ئەو شاردنەوە ئیعلامییەی لەبارەی ناوچەکانی شۆڕشەوە هەبوو، وە ڕوونکردنەوەی ڕەوایی خەباتی نەتەوەیی کورد لە پێناو مافە پێشێلکراوەکانی. نابێ لێرەدا ڕۆڵی پێشمەرگە پاڵەوانەکان و ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستانمان لە یاد بچێت کە بەشداریان کرد لە سەرخستنی عیسمەت شەریف لە ئەرکەکانیدا.

هەروەك پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە تەنانەت دوای کۆتاییهاتنی شۆڕشیش لە ساڵی ١٩٧٥ دوای ڕێککەوتنی جەزائیر عیسمەت شەریف لە کاری خەباتگێڕانەی خۆی بەردەوام بوو لە چوارچێوەی

تر، ئامانجی ئاشکراکردنی درۆی حیزبی بەعسی عێراقی بوو لەبارەی حوکمی زاتیی ساختە و بانگەشەکانی حکوومەتی بەغدا بەوەی کێشەی کوردی چارەسەر کردووە، ئەو بابەتەی وای کرد عیسمەت شەریف لە لایەن پیاوانی باڵوێزخانەی عێراق لە سویسرا تووشی هەوڵی تیرۆرکردن ببێت.

بێگومان ئەم توێژینەوەیە کە پێشکەشی کۆنفرانسە بەڕێزەکەتان کراوە تەنها ڕووماڵی بەشێکی کەم لە چالاکییەکانی عیسمەت شەریف وانلی کردووە، ئومێدەوارم ئەگەر کەمێکیش بێت سەرکەوتوو بووبم.

## ئەنجام:

١-بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان لە ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ شۆرشێکی گەورەی بەرپاکرد کە بە شۆرشی ئەیلول ناسرا کە تاکو سالی ١٩٧٥ بەردەوام بوو  کە شۆرشێکی نەتەوایەتی بوو و هەر ئەم چوارچێوەیەش وایکرد کە دەرگایەکی ئومێد بەسەرکوردانی پارچەکانی تری کوردستان لە سیاسی و سەربازی و رۆشنبیرانی پارچەکانی تری کوردستان بکاتەوە بەو هۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی پارچەکانی تر هاتنەنێو ریزی شۆرش و توانیان رۆڵی کارای خۆیان لەم نێوەندە بگێرن.

٢- یەکێك لەوانە عیسمەت شەریف وانلییە وەك کەسایەتییەکی سیاسی دیپلۆماتکار ئەکادیمی لە دەرەوەی وڵات توانی رۆڵی خۆی بگێرێت.

٣- ساڵی ١٩٦٤ سەرکردەی شۆرشی ئەیلوول مستەفا بارزانی بەمەبەستی نیشاندانی دۆزی کورد بە نێوەندە نێودەوڵەتییەکان هەر زوو دیاریکردنی کەسانی بە تواناو جێگای ئومێد دەستنیشانکرد تاکو نوێنەرایەتی نەتەوەی کورد بزوتنەوەی رزگاریخوازەکەی بکەن لە دەرەوەی وڵات هەر بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٩٦٤ وانلی راسپارد بۆ ئەم کار.

٤-دیاریکردنی هۆکاری خۆی هەبوو ناوبراو زمانزانێکی بەتوانا بوو وو هەر لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەوە جگە لەوەی کە خەریکی خوێندنی ئەکادیمی بوو و توانی تۆرێکی پەیوەندی لەگەڵ نێوەندە ئەکادیمیو سیاسییەکان دروستبکات.

٥- وانلی توانی لەسەر ئاستی ئەوروپاو ئەمرکیاو هەتا ئیسرائیلیش نوێنەرایەتی شۆرشی کوردستان بکات و وێنەی شۆرشی ئەیلوول نیشانی رای گشتی جیهان بدات وەکو بزوتنەوەیەکی رزگارریخوازی و سەرەرای هەموو ئەو کردەوە داپلۆسێن و دوژمنکارییانەی لەدژی بەکاردەهێنران کە دوور بوو لە هەموو پرەنسیپێکی بەها مرۆڤایەتی و پێشێلکاری یاسا نێودەوڵەتییەکان بوو کە لە میساقی نەتەوەیەکگرتووەکان بریاری لێدراوە، کەچی لەبەرامبەرا شۆرشی ئەیلوول تارادەیەکی زۆر پابەندی یاسانێودەوڵەتییەکان و یاساکانی  جەنگ بوو.

٦- وانلی لەو رێگەیەوە جگە لە ناساندنی دۆزی کورد و شرۆشەکەی توانی پشتگیریی سیاسی و کۆمەکی سەربازی و دارایی و پزیشکی بۆ شۆرش دەستەبەر بکات، هەروەها لە پەیوەندی بەردەوام

دابوو لەگەل سەرکردایەتی شۆرش تاکو زانیارییەکان هەمیشە لە بەردەوامیدابن وو نوێنەرایەتیکردنی ئەویش زیاتر ئاگاداری کاروباری ناو شۆرش بێت.

٨- وانلی جگە لە کاری نوێنەرایەتیکردنیی نەتەوەی کوردو شۆرشەکەی وەکو ئەکادیمیکیش رۆڵی کارای گێرا و توانی چەندین کتێب لەسەر کورد و کوردستان و بزوتنەوە رزگاریخوازەکەی بە زمانە جیاجیاکان لەنێوەندە ئەکادیمی و زانستییەکان بلاوبکاتەوە.

٩- لایەنێکی تری چالاکی وانلی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بوو لە ئەوروپا و توانی بووی لە هەر وڵاتێکی ئەوروپا قوتابیانی کورد کۆبکاتەوەو لەکاتی پێویستدا کارو چالاکی ئەنجام بدات.

١٠-گرفتی وانلی لە نوێنەرایەتیکردنی نەتەوەی کورد و شۆرشەکەیدا کەتبوونەکەی سالی ١٩٦٤ بوو ئەمە لەمپەرێکی گەورەی خستە بەردەم کاروچالاکیەکانی وانلی کە بۆی ئاسان نەبوو لەسەر باڵێك خۆی یەکلابکاتەوە.

## لیستی سەرچاوەکان

### کتێب


1. حصاف ,إسماعيل محمد(٢٠١٧) ، تاريخ كردستان سوريا، معهد كردستان وآسيا الصغرى للدراسات الإستراتيجية، روسيا الفيدرالية - موسكو، فرع كردستان، ج ٢-٣ ، أربيل.
2. الشيباني ،قتيبة(١٩٩٩)، معجم دمشق التاريخي، باب: حرف الحاء، ج١، منشورات وزارة الثقافة، دمشق.
3. عبدالرحمن, ميفان عارف و شيرزاد زكريا محمد(٢٠١٤)، عصمت شريف وانلي ودوره في ثورة ايلول في كوردستان- العراق ١٩٦١- ١٩٦٤ ، جامعة دهوك .
4. عبدالله ،نجاتي(٢٠١٢) ، عصمت شريف وانلي الأكاديمي والدبلوماسي والمؤرخ الكردي، ملحق في كتاب: عصمت شريف وانلي، كردستان العراقية هوية وطنية، ت:سعاد محمد خضر، مركز ذين، السليمانية.
5. الكردي ،محمد علي الصويركي(٢٠٠٨)، الموسوعة الكبرى لمشاهير الكرد عبر التاريخ، مج ٣-٤ ، الدار العربية للموسوعات، بيروت.
6. ملا ،عزالدين علي(٢٠١٤)، حي الأكراد في مدينة دمشق بين عامي (١٢٥٠ - ١٩٧٩) دراسة تاريخية - اجتماعية - اقتصاديةعرض وتقديم: رمزي الحاج عقراوي، remziakrawi@yahoo.com،دمشق .
7. نكديمون, شلومو(١٩٩٧) ، الموساد في العراق ودول الجوار إنهيار الآمال الاسرائيلية والكردية، ترجمة:بدر عقيلي، دار الجليل للنشر والدراسات والأبحاث الفلسطينية، عمان.
8. وانلى، عصمت شريف (٢٠١٤), من مذكرات عصمت شريف وانلى,مؤسسة ژين, السليمانية.
9. وانلي ، عصمت شريف (٢٠٠٤)، موسوعة جياي كورمانج - الموسوعة الكردية الحرة، عفرين.


### وتار و توێژینەوە

10. آرام علي مصطفى و عبدالرحمن كريم درويش (ايلول ٢٠١٣)، الرؤية الإستراتيجية لعصمت شريف وانلي لحل القضية الكردية ،جامعة السليمانية، دراسات قانونية وسياسية، السنة الأولى، العدد الأول، السليمانية.
11. عوني ،فرهاد(٢٠١٠) ،على مقربة من قصر اوشي في لوزان كان لي حوارا مع عصمت شريف وانلي، مجلة(K21) ، العدد(٩)، اربيل.
12. محمد ،شيرزاد زكريا(٢٠١٥) ، مجلس قيادة الثورة في كوردستان (دراسة في علاقاته الخارجية ١٩٦٤ - ١٩٦٦)، مجلة جامعة زاخو، المجلد: ٣(B)، العدد ١، زاخو.
13. مرعي ،فرست(٢٠٢٠) ، كاميران أمين عالي بدرخان ١٨٩٥ - ١٩٧٨ مهندس العلاقات الكردية - الإسرائيلية،(الحوار المتمدن- العدد ٦٥٩٨ ).

## رۆژنامە

14. امين ، هوزان(تشرين الثاني ٢٠١١) ، وفاة الشخصية الوطنية الكردية عصمت شريف وانلي ، التآخي، العدد ٩٢١٤، اربيل.
15. المدى، رئاسة إقليم كردستان تنعى عصمت شريف وانلي، العدد (٢٣٠١)، ١١،١٢، ٢٠١١.
16. إيلاف، ٧. ٣. ٢٠١٧.

## ئینترنێت

17. https://www.youtube.com/channel/UCe0KIUbHaFv5DnLazNS8NPA
18. جمبلي ،جمال(٢٠١١)، لمحة عن حياة السياسي الكردي المعروف البروفيسور عصمت شريف وانلي، وەرگیراو لە : http://www.gemyakurda.net/&req=article&sid=45083Îsmet Şerîf Wanlî - Ismet Cheriff Vanly, pîrmûs 1998, Youtub
19. حصاف ،إسماعيل ، ساعات مع الأكاديمي والسياسي الكردي البارز عصمت شريف وانلي في موسكو، وەرگیراو لە :. www.gemyakurda.net/&req=article&Sid
20. كتابات في الميزان،الشخصية الوطنية الكردية والسياسي المخضرم عصمت شريف وانلي في ذمة الخلود، وەرگیراو لە : www.yek-dem.com

# عصمت شريف وانلي ممثل ثورة أيلول في أوروبا ١٩٦٤ ـ ١٩٧٥

## ملخص :

لعب وانلي دورا مهما كممثل لقائد ثورة أيلول مصطفى البارزاني في توجيه شؤون الثورة الخارجية في المحافل الدولية. فهو يعد من الساسة الكرد القلائل وصاحب تجربة شخصية ذات رؤية إستراتيجية ثابتة وواضحة. ومع نجاحات الثورة الكوردية، تكررت تصريحات عصمت شريف ومقابلاته الصحفية وذاع صيته، كانت الأنظار متجهة إليه كسفير لشعبه وثورته ولقائد هذه الثورة. شارك عصمت شريف في العديد من النشاطات واللقاءات الدبلوماسية السرية منها والعلنية بهدف إقامة جسور مع العالم الخارجي ومن بينها اسرائيل والولايات المتحدة الأمريكية وأوروبا وأفريقيا، حيث إلتقى مع شخصيات دبلوماسية من أعلى المستويات، وبذلك تمكن إلى حد كبير من إيصال صوت الثورة الكردية إلى العالم الخارجي

وإلى هيئات الأمم المتحدة والصحافة وأماكن القرار. وقد نجح احيانا في مهامه الدبلوماسي ووفر للثورة المال والسلاح والأدوية وما شابه ذلك، وأخفق مرات أخرى بسبب قوة الجبهة المعادية للكرد.

ومع ذلك فإن دور ومكانة عصمت شريف وانلي في النضال التحرري القومي الكردي يتسم بأهمية بالغة. ونتيجة لنضالاته صدر بحقه حكما بالإعدام ومصادرة أملاكه من قبل الحاكم العسكري السوري في منتصف الستينات من القرن العشرين، لكنه لم يكترث لذلك، إذ بقي وفيا ومدافعا نشطا عن الثورة الكردية ومصالح الشعب الكردي حتى الأخير.

الكلمات المفتاحية: عصمت شريف، ثورة أيلول، أوروبا، ممثل ، الصحافة.

# Ismat Sherif Vanly, representative of the September Revolution in Europe 1964-1975

## Abstract:

Wanli played an important role as a representative of the leader of the September revolution, Mustafa Barzani, and in directing the foreign affairs of the revolution in international forums. He is one of the few Kurdish politicians and has a personal experience with a fixed and clear strategic vision. With the successes of the Kurdish revolution, Ismat Sharif's statements and press interviews were repeated and his reputation became known. Attention was directed to him as an ambassador for his people, his revolution, and the leader of this revolution. Ismat Sharif participated in many secret and public diplomatic activities and meetings with the aim of building bridges with the outside world, including Israel, the United States of America, Europe and Africa, where he met with diplomatic figures of the highest levels, and thus was able to a large extent to convey the voice of the Kurdish revolution to the outside world and to United Nations bodies, the press and places of resolution. Sometimes he succeeded in his diplomatic duties and provided the revolution with money, weapons, medicine and the like, and he failed other times because of the strength of the anti-Kurdish front.

However, the role and position of Ismet Sharif Wanli in the Kurdish national liberation struggle is of great importance. As a result of his struggles, he was sentenced to death and his property was confiscated by the Syrian military ruler in the mid-sixties, but he did not care about that, as he remained loyal and an active defender of the Kurdish revolution and the interests of the Kurdish people until the last.

Key Words: Ismat Sherif, September Revolution, Europe, representative, press

# هەلۆیستێ ئەمریکا ژ شۆرەشا ئەیلۆلێ ١٩٧٢-١٩٧٥

کاروان صالح وەیسی
پشکا مێژوو،ڤەکۆلتیا زانستێن مرۆڤایەتی، زانکۆیا زاخۆ، هەرێما کوردستان-عێراق
salih.waisy@uoz.edu.krd

**پۆختە**

ئەڤ ماوەیە ب گرنگترین قۆناغ ژ دیرۆکا شۆڕەشا ئەیلۆلێ دهێتە سالۆخەت دان. چونکی دڤێ قۆناغێ دا بوو ویلایەتێن ئێکگرتیێن ئەمریکا هەلۆیست و سیاسەتا خۆ بەرامبەری پرسا کوردی و شۆرەشا ئەیلۆلێ ل عێراقی گهوری و پشتەڤانیا شۆرەشا ئەیلۆلێ بهاریکارییا ئیرانێ و ئیسرائیلێ کر بوو. ئەڤ ڤەکۆلینە بزاڤێ دکەت بهویری ئەوان فاکتەران دیار بکەت ئەوێن بووینە ئەگەر و پالدەر ژبۆ گهورینا هەلۆیتسێ ئەمریکا، هەروەسا هەولددەت چەوانیا دەستپێکرنا پەیوەندییان دناڤبەرا سەرکردایەتیا شۆرەشی و ئەمریکا دا دیار بکەت. دهەمان دەمدا، هەولددەت ئارمانجێن ئەمریکا یێن نهێنی و چەوانیا "کێشانا بەرکێ دبن پێن کوردا ڤە و هێلانا وان بتنێ " دبن زولما حکوومەتا عێراقی ڤە شرۆڤە بکەت. ئەڤ ڤەکۆلینە پشت بەستنێ ب هندەک ژێدەرێن بەلگەنامەیی یێن ب بزمانێ کوردی و ئنگلیزی و یێن ب تایبەت ب بابەتیڤە دکەت.

ئەڤ خواندنە ژ پێشەکی، دەرازینك و چوار تەوەران پێك دهێت. دەرازینکا ڤەکۆلینێ رووکرنەکێ ددەت سەر هەلۆیستێ ئەمریکا ژ پێشهاتێن شۆرەشا ئەیلوولێ هەر ژ سالا ١٩٦١ تا سالا ١٩٧١ێ. ژبۆ شرۆڤەکرنا روویدانێن گرێدایی ب ناڤەرۆکا بابەتی ڤە، تەوەرێ ئێکێ یێ ڤەکۆلینێ شرۆڤەکرنەکێ ددەت سەر هەول و بزاڤێن سەرکردایەتا شورەشا ئەیلوولێ ژبو بدەستڤەئینانا پشتەڤانیا ئەمریکا (١٩٧٢-١٩٧٣). تەوەرێ دووێ یێ ڤەکۆلینێ ئاماژێ ددەت رووبدانێن پشتەڤانیا هەوالگێریا ئەمریکا ب شورەشا ئەیلوولێ (١٩٧٣-١٩٧٤). تەوەرێ سێێ ژ ڤەکۆلینێ ب هوشیاری و ب کورتی بەرێخۆددەت رووبدان و پێشهاتێن شەرێ کورد و هێزێن عێراقی و هەلویستێ ئەمریکا ژێ (١٩٧٤-١٩٧٥). دتەوەرێ خۆ یێ چوارێ دا، ئەڤ ڤەکۆلینە رووکرنەکێ ددەت سەر پێشهات و بوویەرێن سیاسی هەلۆیستێ ئەمریکا ژ ناڤبرنا شۆرەشا ئەیلۆلێ دناڤبەرا (کانوونا دووێ ١٩٧٥- ئادارا ١٩٧٥). دەرئەنجام رووکرنان ددەت سەر وان دەرئەنجامان یێن خۆدانێ ڤەکۆلینێ دماوێ ڤەکۆلینێ دا گەهشتی یێ.

پەیڤێن کلیلدار: مەلا مستەفا بارزانی، شۆرەشا ئەیلۆلێ، ئەمریکا، ئیران، ئیسرائیل، عێراق و ئێکەتیا سۆڤییەتی.

## پێشەکی

هەر ژ دەستپێکا پەیدا بوونا پرسا کوردی سەرکردایەتیا سیاسیا کوردی بزاڤکرییە پشتەڤانیا نێڤدەولەتی بدەستڤەبینت ب تایبەتی و ئەگەر ب هویری بەرێ خوەبدەین رویدانێن گرێدایی ب شورەشا ئەیلوولێ ڤە، ئەڤ چەندە دێ ب ب شێوەیەکێ ئاشکەرا دیاربیت، کۆ سەرکردایەتیا شورەشێ گرنگیەك زێدە دایە ستراتیژیا بدەستڤەئینانا پشتەڤانیا نێڤدەولەتی ب تایبەتی ویلایەتێن ئێکگرتیێن ئەمریکا. ژبەر

هندێ ماوێ دناڤبەرا سالێن ١٩٧٢- ١٩٧٥ێ دا، ب ئێك ژ گرنگترین قۆناغێن دیرۆكا هەلۆیستێ ئەمریكا دبوویەر و پێشهاتیێن سیاسی یێن باشۆرێ كوردستانێ دهێته هژمارتن، ژبەركو دڤی ماوەیدا باشوورێ كوردستانێ د هندەك كاودانێن سەخت و دژوار دا دبوری و ئەمریكا برێكا وەلاتیێن هەرێمی هاتیە پالدان پشكداریێ دڤان پێشهاتان دا بكەت، ئەگەرێ ڤێ چەندێ دزڤریت بۆ وێ سیاسەتا تۆندا حكوومەتا عێراقێ بەرامبەری بەرژهوەندیێن ئەمریكا لدەڤەرێ پەیرەو دكر و ببوون ئەگەرێ هندێ ئەمریكا پێداچوونێ د هەلویست و سیاسەتا دا خو هەمبەری پرسا كوردی ل عێراقێ بكەت .

لبەر ڕووناهیا ئەڤ چەندا ل سەری هاتیە شرۆڤەكرن گرنگیا ڤی بابەتی دزڤریت بۆ هندێ، كو تانۆكە چوو نڤێسین لدۆر هەلۆیستێ ئەمریكا ژ شۆرەشا ئەیلوولێ دپێشهاتێن سیاسی یێن شۆرەشا ئەیلوولێ دناڤبەرا سالێن ١٩٧٢-١٩٧٥ێ ل باشوورێ كوردستانێ نەهاتینە ئەنجامدان و ئەڤ بابەتە تارادەیەكێ هاتیە پشت گوهـ هاڤێتن و هند گرنگی پێنەهاتیە دان و ئەگەر تشتەك لدۆر هەلۆیستێ ئەمریكا ژ شۆرەشا ئەیلوولێ دڤی ماوەیدا هاتبت نڤێسین ب شێوەیەكێ گشتی هاتیە نڤێسن و ماوێ شۆرەشێ هەمی بخۆڤە گرتینە.

یادیارە گرنگیەك زێدە ب شورەشا ئەیلوولێ ژلایێ ڤەكولەران ڤە هاتیە دان وپتریا وان گرنگی دایە رویدانێن شورەشێ لسەرئاستێ ناڤخویی وهەلویستێ نێڤدەولەتی ژێ تارادەیەكی دناڤ لاپەرێن زانستی دا ڤەشارتی مایە، ئارمانجا سەرەكی ژ ئەنجامدانا ئەڤێ ڤەكۆلینێ ئەوە، كو ڕوونكرنەك دیرۆكی یا زانستی بدەین سەر هەلۆیستێ ئەمریكا ژ پێشهاتێن لەشكەری و سیاسی یێن شۆهشا ئەیلوولێ ، چونكی دڤی ماوەیدا ئەمریكا ڕۆلەكێ بەرچاڤ و كاریگەر دپێشهاتێن شۆرەشێ دا گێرایە و هندەك ژ وان ب چالاكیێن خو سەلماندی یە، كۆ ئەمریكا دشێت ڕۆلەك كاریگەر د دانەنیاسینا پرسێن نەتەوەیدا ببینت.ژبەرهندێ ئارمانجا سەرەکی یا ڤێ ڤەكولینێ ئەوە دویڤچونا هەلویستێ ئەمریكا ژشورەشێ بكەت، چونكی سەركردایەتیا شورەشێ هەولێن زۆر بۆ بدەستڤەئینان پشتەڤانیا حكوومەتێن ئەمریكا بو شورەشا ئەیلوولێ ئەنجام دابوون.

یا زانایە ئەنجامدانا ڤەكۆلینێن زانستی بێ كێماسی و ئاستەنگ نابن، لەوڕا ئەنجامدانا ئەڤێ ڤەكۆلینێ هندەك ئاریشە هەبووینە، چونكی ژێدەر لدۆر ئەڤی بابەتی زۆر دكێم بووینە و ئەو ژێدەرێن ئاماژە ب هەلۆیستێ ئەمریكا ژ پێشهاتێن شۆرەشا ئەیلوولێ دناڤبەرا سالێن ١٩٧٢-١٩٧٥ێ داین ، ئەڤ چەندە ژی زۆر بزەحمەت بوو ژبۆ خۆدانێ ڤەكۆلینێ، ژبەركۆ پێدڤی وەختەكێ زێدەبوو، داكۆ بهویری و كویری ئەڤان ژێدەران بخوینت و ئەو پێزانینێن لدۆر هەلۆیستێ ئەمریكا تێدا هاتینە ئاماژە دان بدەستخۆڤە بینت. هەرچەوابیت، هندەك ژێدەرێن گرێدایی ب بابەتیڤە هاتینە بدەستڤەئینان و بووینە ستوینێن سەرەكی دئەنجامدانا ئەڤێ ڤەكۆلینێ دا.

هندەك ژێدەرێن گرنگ ب ماوێ ڤەكولینێ ڤە گرێدایی هاتینە بكارئینان ومفایەك باش ژێ هاتیەدیتن بتایبەتی نامەیێن زانستی، وەک دكتۆرنامەیا هەورامانی علی،( The Iraqi Kurds, the Cold

War and Regional Politics: 1958-1975 (Doctoral dissertation) و بریان روبێرت گیبسن ( US foreign policy, Iraq, and the Cold War 1958-1975) و ماستەرنامەیا دزنی ( The Kurdish Nationalist Movement and External Influences) دڤان نامەیێن زانستی دا بەحسێ سیاسەتا ئەمریکا  بەرامبەری ڕۆژهەلاتا ناڤین وعێراقێ و رویدانێن گرنگ یێن گرێدایی ب شورەشا ئەیلوولێ ڤە دماوێ شەرێ سار دا هاتینە شروڤەکرن.

ژلایەکێ دیڤە هندەک مفایەک گرنگ ژ هندەک پەرتووکێن بەلگەنامەیی یێن گرێدایی ب پرسا کوردی ڤە دبەلگەنامەیێن ئەمریکی دا هاتیە وەرگرتن وەکو پەرتووکێن وریا رەحمانی،( مێژووی پەیوەندییەکانی کوردوئەمریکا) و (شورەشی ئەیلوول لەبەلگەنامە نهێنیەکانی ئەمریکا دا) دڤان پەرتوکاندا بەحسێ پرسا کوردی و شۆرەشا ئەیلۆلێ هاتیە کرن، هەروەسا پەرتوکا، لقمان ابراهیم میحۆ (کورد و کوردستان لە بەلگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا، بەشی یەکەم: کوردستانی عیراق) کودڤێ پەرتوکێ دا ب درێژایی باسێ پرسا کوردی ل ڕۆژهەلاتا ناڤین و سیاسەتا ئەمریکا هاتیە کرن، ڕێژەکا دیارا بەلگەنامێن ئەمریکی لدۆر شۆرەشا ئەیلۆلێ تێدا دیارکرینە، دهەماندەمدا مفا ژ هندەك ڤەکولین و ژێدەرێن دی یێن گرێدایی ب سیاسەتا ئەمریکا بەرامبەری عیراقێ ب گشتی هاتیە وەرگرتن. هەروەسا دڤەگەراندنێن روویدانێن دیرۆکیدا. دهەمان دەمدا، مفا ژ چەندیێن ژێدەرێن دی هاتیە وەرگرتن و بووینە ئەگەرێ زەنگینکرنا ڤەکۆلینێ.

رێبازا دڤێ ڤەکۆلینێ دا هاتیە بکارئینا (رێبازا شرۆڤەکرنا چەندایەتێ یە) ژبەرکۆ ئەڤ رێبازە لدۆیڤ شێوازێ بابەتێ ڤەکۆلینێ دگونجیت، چونکی خۆدانێ ڤەکۆلینێ بزاڤکرینە پشت بەستنێ ل سەر کۆمەکا ژێدەرێن کوردی، عەرەبی، ئنگلیزی و بەلگەنامە بکەت، ئەڤ رێبازە ب هوویری و کویری دۆیڤچوونا چەوانیا شرۆڤەکرن و بەرێخودانا پێزانینان دناڤ ژێدەران دا لدۆر هەلۆیستێ ئەمریکا ژ پرسا کوردی ب گشتی و شۆرەشا ئەیلۆلێ ب تایبەتی  دکەت و کارڤەدان و هەلۆیستێن حکوومەتێن ئەمریکا ژ پرسا کوردی بۆ تەخا خواندەڤانان دیار دکەت.

## دەرازینك

هەر ژ دەستپێکا رویدانا شورەشا ئەیلوولێ ل سالا ١٩٦١ تا ١٩٧٠ێ ویلایەتیێن ئیکگرتیێن ئەمریکا (سیاسەتا نەمایتێکرن دکاروبارێن نافخوییێن عێراقێ دا بەرامبەری پرسا کوردی ل عێراقێ)،بکارئینایە (Gibson, 2013,11; Korn, 1994, Carter, 2014). بەلێ پشتی راگەهاندنا رێکەفتناما ١١ ئادار١٩٧٠ێ ئەمریکا هەلویستێ خوە بەرامبەر پرسا کوردی گهوری، ئەو ژی پشتی حکوومەتێن ئیسرائیلێ و ئیرانێ بوحکومەتا ئەمریکا دیارکری، کۆ بهاریکاریا حکومەتا ئێکەتیا سوڤیەتی ئەڤ رێکەفتنامە هاتیە مورکرن( Vis,2014,18). پشتی ئەڤا لسەری ئاماژە پێهاتیەدان حکوومەتا ئەمریکا بهویری دویڤچونا ئەڤێ چەندێ دکر، ئەو ژی  پشتی کۆ ئیران، تورکیا و سوریا لسەر ئاستێ هەرێمی دژایەتیا خوە بەرامبەر

ڤێ ریکەفتنامێ دیارکری و حکومەتا ئێکەتیا سوڤییەتی هەلویستێ خوە هەمبەری ڤێ رێکەفتنامێ بو رایا گشتی راگەهاندی و دیارکری، حکومەتا عێراقێ پێنگاڤەك گرنگ بۆ چارەسەرکرنا پرسا کوردی هاڤێتیە و هیڤی خواست بەندێن ڤێ ریکەفتنامێ دماوەیێ هاتیە دەستنیشانکرن دا بهێنە جێبەجێکرن (Shukri,2017 ).

ئەڤ هەلویستێ ئێکەتیا سوڤییەتی بو ئەگەرێ هندێ، کۆ ئەمریکا دگەل هەڤ پەیمانێن وێ ل دەڤەرێ کەفتنە دبزاڤاندا و دەست ب چالاکیێن نوی یێن دبلوماسی کرن و ئێك ژ پالدەرێن سەرەکی یێن ڤان بزاڤان شاهێ ئیرانێ (محەمەد رزا شاه پەهلەوی١٩٤١-١٩٧٩)بوو(ئەمین،٢٠١٥، ١٥١-٢٥٤) · دهەمان دەمدا، سەرکردێ شورەشێ (مەلا مستەفا بارزانی ١٩٠٣-١٩٧٩) بەرەڤ تەهران برێکەفت و چاڤ ب شاهێ ئیرانێ کەفت، دڤێ چاڤپێکەفتنێ دا شاهی ب ناڤێ خوە و ئەمریکا سوزێن گرنگ ب مەلا مستەفا بارزانی دان ب مەرجەکێ ئەو ریکەفتناما ١١ ئادارا ١٩٧٠ێ، یا دگەل حکومەتا بەغدا مورکری ب هەلوەشینت. بەرۆڤاژی هزروبیرێن شاهی مەلا مستەفا بارزانی پێگیریا خوە ب رێکەفتنامێ راگەهاند ( Franklin,2019,20).

هەژییە بێژین مەلا مستەفا بارزانی وەسا بو دچوو دێ حکومەتا عێراقێ سوزا خوە دەربارەی جێبەجێکرنا بەندێن ڤێ رێکەفتنامێ بجهئینت، بەلێ بەرۆڤاژی هزروبیرێن ناڤبری حکوومەتا عێراقێ ئەڤ رێکەفتنامە وەك تەکتیکەك سەبازی بو دووبارە رێکخستن و بهێزکرنا هێزێن خوە یێن سەربازی بکاردئینا، ژبەر هندێ ل نیسانا ١٩٧٠ێ رێکەفتنەك سەربازی دگەل ئێکەتیا سوڤییەتی مورکر ب مەرەما پێشڤەبرنا هێزێن خوە یێن سەربازی ژ بەر ڤێ چەندێ حکومەتا ئێکەتیا سوڤییەتی چەندین جورێن چەکی یێن پێشکەفتی(تانك،توپ،فرۆکە) پێشکێشی حکومەتا عێراقێ کرن (Gibson, 2013,155). ل دوماهیا سالا ١٩٧٠ێ و دەستپێکا ١٩٧١ێ ژبەرکو حکومەتا عێراقێ پابەندی جێبەجێکرنا بەندێن رێکەفتناما ١١ ئادارێ نەبوو، لەورا کورد بڤێ چەندێ نیگەرانبوون و سەرەرایی هندێ دڤی ماوەی دا هەڤرکی دناڤبەرا سەرکردایەتیا شورەشێ و حکومەتا عیراقێ بەرەڤ توندیێ دچوون، پتریا جاران هەوالگێریا ئەمریکا( CIA ) پێزانین ب رێکا راوێژکارێ سیاسی یێ ئیسرائیلێ (بن یوهانان) ل تەهران وەردگرتن، ژبەکو دڤی ماوەی دا ئیسرائیلێ بنهێنی ب هاریکاریا ئیرانێ پشتەڤانیا شورەشێ دکر، هەروەسا ئیران و ئیسرائیل هەڤپەیمانێن بهێزێن ئەمریکا بوون لدەڤەرێ(سالح،٢٠١٣، ٨٩).

دهەمان دەمدا، دوستیێن کوردا ل ئەمریکا دڤیا ب رولێ خوە رابن د هاریکاریکرنا کوردان دا، داکو ئەمریکا پالدەن پشتەڤانیا دوزا وان یا نەتەوەی بکەن و بوڤێ مەرەمێ ل ١٦ کانونادووێ ١٩٧١ێ نوینەرێ شورەشا ئەیلوولێ ل ئەمریکا (کامیران بەردخان) بهاریکاریا دوستێ کوردا دادوەرێ ئەمریکی(ویلیەم دووگلاس) جڤاتا هاریکاریا کوردی ئەمریکی دامەزراندبوو( Gunter,1994,465-474) ، دووگلاس سەروکێ فەخری یێ ڤێ جڤاتێ بوو، هەروەسا ل دەمێ کامیران بەدرخان نە یێ ئامادە (د.شەفیق قەزاز) جهێ وی دگرت، هەژییە بێژین ئەڤێ جڤاتێ نێزیکی ٤٠ نامەیان بوو دەزگەهێن

حکومی یێن ئەمریکا هنارتبون و تێدا باسێ رەوشا ئابووری و سیاسی یا کوردستانێ کر بوو، هەروەسا داخواز ژ ئەمریکا کربوو سەر ژنوو کوردستانێ بنیات بنن پشتی شەرێن دەهـ سالی یێن دناڤبەرا هێزێن پێشمەرگەی و حکومەتا عێراقێ دا هاتین رویدان، کۆ ئەڤە ئێکەمین نوینەراتیا کوردی بوو ل دەرڤە و بارەگایێ وێ ل (ماشتتیوس) بوو ( Franklin,2019,79-89).

هەروەسا ژ لایەکێ دی ڤە مەلا مستەفا بارزانی ب بەردەوامی بزاڤ دکرن پشتەڤانیا ئەمریکا بدەستڤەبینت و بوڤێ مەرەمێ ل ١٦ تیرمەها ١٩٧١ێ نوینەرێ خوە (زید ئوسمان) هنارتبو بالیوزخانا ئەمریکا ل (بیرۆت)ێ ، هەژییە بێژین ناڤبری نامەیەك دابو ڤێ و دڤێ نامێدا داخوازا دانوستاندنێن نهێنی دگەل نوینەرێن ئیسرائیل، ئیران و ئەمریکا ل بیرۆت کر بوون، و مەلا مستەفا بارزانی پێخوشبوو هزرێن ویلایەتێن ئێکگرتییێن ئەمریکا ل دۆر سەرهلدانەکا کوردی عەرەبی ب دژی رژێما بەعسا عێراقی بزانت (میهو،٢٠٠٩، ١٩٤). ژلایێ خوەڤە بالیوزخانا ئەمریکا بو ئوسمانی دابو دیارکرن : "سیاسەتا ویلایەتێن ئێکگرتییێن ئەمریکا ئەوە کو نەڤێت مایتێکرنێ دکاروبار و کێشەێن نافخوییێن وەلاتەکێ دی دا بکەت" . هەروەسا بالیوزخانا ئەمریکا دابو دیارکرن کو ئوسمانی ل بەرە ژ لەندەن ڤەگەرت عێراقێ و دبیت سەرەدانا بالیوزخانا ئەمریکا ل بەغدا بکەت داکو بزانیت کا هەلویستێ ئەمریکا بەرامبەری پرسا کوردی گهورین بسەردا هاتیە یان نە(رەحمانی،٢٠٠٩، ٢٥٨).

ل ٢٩ ئەیلوولا ١٩٧١ێ حکومەتا عێراقێ بزاڤا تیرورکرنا مەلامستەفا بارزانی کر و ئەڤێ بزاڤا حکومەتا عێراقێ باوەری دناڤبەرا هەر دوو لایەنان  دا ب تەمامی لاوازکر، و دبەرامبەردا سەرکردایەتیا شورەشێ بزاڤکرن دەرگەهێن دانوستاندنا دگەل شاهێ ئیرانێ ڤەکەن، ژبەرکو دڤی ماوەیدا ئیران مژویلی پرسا کەنارێ کەنداڤی بو دگەل عێراقێ، هەروەسا دڤی ماوەیدا بەریتانیا هێزێن خوە ژ کەنداڤی ڤەکێشا بوون، بڤێ چەندێ ئیران ببۆ زلهێزەك هەرێمی یا بهێز بۆ پاراستنا بەرژەوەندێن ئەمریکا ل دەڤەرێ، ژبەر هندێ ئەمریکا ب هاریکاریا ئیرانێ بزاڤدکرن سنورەکێ بۆ عێراقێ یا کو دڤی دەمیدا بەرەڤ بلوکێ ئێکەتیا سوڤییەتی دچوو دانت ( Franklin,2019,79-89). لڤێرێ شاهێ ئیرانێ پێشنیارا پشتەڤانیکرنا شورەشا کوردی ژ ئەمریکا کر(Gunter,1994,467).

ب درێژاهیا سال ١٩٧١ێ سەرکردێ  شورەشا ئەیلوولێ مەلا مستەفا بارزانی ب بەردەوامی بۆ روژنامەڤان و دبلوماتکارێن ئەمریکی دایە دیارکرن، کۆ بتنێ رژێما عێراقێ ب هاریکاریکرنا کوردا دێ هێتە ژناڤبرن یان لاوازکرن، دگەل هندێ دا ویلایەتیێن ئێکگرتییێن ئەمریکا ب بەردەوامی پێشکێشکرنا هاریکارییان ب شورەشا ئەیلوولێ رەتکرییە و واشنتۆن ل هیڤیا هندێ بوو کۆ رژێما بەعس ژلایێ دوژمنێن وێ یێن ناڤخویی و هەرێمی ل سەر دەستهەلاتێ ل عێراقێ لادەن. ژبەر وان ڤەرزێن ئابووری یێن کەتین سەر عێراقێ و نەرازیبوونا کوردا ژ شێوازێ حکومرانیا وێ، هەوەسا نەئارامیا نافخوی ببوو رێگر د رێکا حکومەتا عێراقێ دا کۆ هێزا خوە نیشا دەرڤە بدەت، لەورا ل سالا ١٩٧١ێ، هندەك

دبلوماتکارێن ئەمریکا ل روژهەلاتا ناڤین و بەرپرسێن ل واشنتۆن ل وێ باوەرێ بون دێ رژێما بەعسا عێراقی بتنێ ماوەیەك کورت ل سەر دەستهەلاتێ مینت ( Little,2010,63-98).

روژناما(نیویورك تایمز The New York Time NewsPaper) یا ئەمریکی دایە دیارکرن ژ دەستپێکا سالا١٩٧١ تا دەستپێکا ١٩٧٢ مەلامستەفا بارزانی بو چەندین جارا بارەگایێن خوە گهورینە و بەردەوام د مەترسیا تیرورکرنێ دابو، چونکی دڤی ماوەیدا دوو جاران بزاڤا کوشتن و تیرورکرنا وی ژلایێ حکومەتا عێراقێ ڤە هاتبودان، لەورا پشتی ڤان بزاڤان ناڤبری بنگەهێن خوە زۆر ئاسێ و بهێز کربون و زور زەحمەت بو ئێك خوە بگەهینت بارەگایێ وی، چونکی ژمارەکا زورا خالێن پشکنینێ ل دەوروبەرێن بارەگایێن وی هاتبوون دانان، پشتی بزاڤێن تیروکرنا مەلا مستەفا بارزانی سەرکردایەتیا شورەشێ پتر بزاڤکرن پرسا کوردی ب جیهانێ بدەن نیاسین، گوتار و راپورت ب رێکا روژنامەیێن جیهانی ب تایبەتی یێن ئەمریکی ل دور پرسا کوردی د نڤێسان و تێدا کاودانێن گشتی یێن کوردا ل ژێر دەستهەلاتا رژێما بەعسا عێراقی شروڤەدکرن( Little,2010,67).

## تەوەرێ ئێکێ: بزاڤێن سەرکردایەتیا شورەشا ئەیلوولێ ژبۆ بدەستڤەئینانا پشتەڤانیا ئەمریکا (١٩٧٢-١٩٧٣)

ناسناما گەل هەڤبەسەتە ب جگرافییا سیاسی یا دیارکری کو گەلێ رەسەن ل وێ هەرێمێ دەستەلاداریێ ل خۆ بکەت و ئەڤ چەندە وەك گۆتارەکا گرنگا ناسیۆنالیزما سیاسی دهێتە شوپاندن. ژ بەر گرنگییا ڤێ گۆتارێ، مادێ (٤)ێ رێککەفتنا ١١ێ ئادارا ١٩٧٠ێ دیار دکەت کو "هەرێمێت زۆرینە کورد بن پێدڤییە هەمی فەرمانبەر ژ کوردان بن یان ژی ب کوردی دان و ستاندنان بکەن."[1] مادێ (٨)ێ درێژە پێدەرێ گرنگیدان ب هەمان جگرافییا سیاسی یە بەلێ ب فورمەکێ دیتر، ئانکو داکۆکیکرن و پاراستنا خاکا نەتەوێ بۆ ناسیۆنالیزما سیاسی ژ گرنگترین پلانێن ئایدۆلۆژی یە. ئەڤ مادە دوپات دکەت کو "ئەو کوردێن ل جهێن وان هاتینە دەرخستن پێدڤییە بزفرنە جهێن رەسەنێن خۆ"، ئەڤ چەندە هەڤبەستە ب سیاسەتا عەرەبکرنا دەڤەرێن کوردستانی کو ل پشتی سالێن ١٩٣٠ ژلایێ حکوومەتێن جوراوجورێن عێراقێ هاتینە جێبەجێکرن.

گۆتارێن ناسیۆنالیزم د ئەڤان چەند مادێن هاتینە دیارکریدا ب دویماهی ناهێن و ئەڤ گۆتارانە زۆرتر د چارچووڤێ پێگەهێ بوویەرێن سیاسی یێن وی سەردەمی دا و هەروەسا ل سەر بنیاتێ پێگەهێ ئابوری-سیاسی و جڤاکی یێ گەلێن کوردستانێ هاتینە نەخشاندن. بۆ گۆتارا ناسیۆنالیزما کوردی یا سەردەمێ سالێن ١٩٧٠یان پرسا خۆدمختاری یان ئۆتۆنۆمی ژ هەمی پرسان گرنگتر بوو، ئانکو هەر پازدە خالێن رێککەفتنێ ل دەردورێ پرسا "ئۆتۆنۆمی" دگەرن کو د مادێ (١٤)ێ دا ئاماژە ب ڤێ چەندێ هاتیەکرن.[2] بەخشینا[3] ئۆتۆنۆمی جەوهەرێ بنیاتێ ئارمانجا شۆرشێ سەرراستکر کو سەرۆکانیا وێ ژ سلۆگانا شۆرشا ئەیلوولێ سەرهەلدایە دەما دبێژیت، "دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان." بەلێ پرسا دیموکراسی تێگەهەکێ شاسە بۆ کاودانێن وی سەردەمێ عێراق و کوردستان تێدا دەربازدکر کو هەتا ئەڤرۆ یا بەردەوامە.

ئەڤ پرسا خۆرێڤەبرنێ بەروەخت وەك ئالاهەلگرێ گۆتارا ناسیۆنالیزما سیاسی ل دەردورێ ناڤەراستا شۆرشێ بەرهەڤی بوو هاتیەکرن و د گۆتارا عسمەت شەریف وانلی، نوێنەرێ شۆرشێ ل ئەورۆپا، دا رەنگڤەدایە. ئێك ژ خالێن گرنگێن وانلی هەلسەنگاندن بووکری و د هەمان دەمدا وەك ئارمانجا ناسیۆنالیزما سیاسی دهێتە هەژمارتن پرسا "سەروەری یا دەولەتێ ( state sovereignty")یە، بەلێ زۆرتر مەرەما سەروەری یا ناڤخۆ (internal sovereignty) یە، دەما دبێژیت: "هەرێمێن ئۆتۆنۆمی ژ پێنج پارێزگەهان پێکدهێت و ستوینێن گرنگ کو ئۆتۆنۆمی ل سەر دهێتە ئافاکرن دەستەلاتا یاسادانانە،

---

(١) هەمان ژێدەر.
(٢) هەمان ژێدەر، ل. ٢٨
(٣) هەمان ژێدەر.

ئەو ژی ب رێکا هەلبژارتنان دەستەبەر دبیت، و جڤاتا جێبەجێکارە."(١) وانلی، هەروەسا درێژە ب گۆتارا ناسیۆنالیزمی ددەت و داکۆکیێ ل سەر "کاروبارێن دەرڤە و بەرگری دێ ل ژێر کنترۆلا حکوومەتا ناڤەندی بیت"،(٢) و ئەڤ ئچەندە وەك بەلگە دهێتە هەژمارتن کو شۆرشێ، ژ بەر کۆمەکا ئەگەرێن ناڤخۆیی و دەرەکی، داخوازا سەروەری یا دەرەکی (external sovereignty) یان دەولەتا سەربخۆ نەکریە.

درستکرنا لەشکەرەکێ ئێکگرتی، گرێدانا تۆرێن پەیوەندیێن جوراوجور ب سەرکردایەتیا ئێکگرتی، پەروەردە و خویندەواری ژ ئالاڤ و پێنگاڤێن ناسیۆنالیزمێ دهێنە هەژمارتن و ب ئەڤان رێکاران قوناغا رێکخستنا سیاسی یا نەتەوەیەکێ بەرەف ئاقارەکێ گەشەتر دبەت. بۆ نموونە، ریچارد کاتم ( Richard Cottam)، هەبوونا لەشکەرەکێ رێکخستی و ئێکگرتی ژ بوویی سەرخستنا پلانێن ناسیۆنالیزمێ د خزمەتا نەتەوێ دا ب مەرجەك سەرەکی دبینیت، بەلێ ب تنێ هوزێن کوردان شیان هێزا سەربازی فەراهەم بکەن.(٣) ئانکو ئەۆ چینا ناڤەراست، ئەگەر هەبیت، یان چینا بژاردە، بەراورد دگەل سەرۆك هوزان، ب شێوەیەکێ گشتی د وی ئاستی دا نەبوون هێزا سەربازی کۆم بکەن. بێ گومان، گۆتارا ناسیۆنالیزما سیاسی ل کوردستانا عێراقێ زۆرتر کاریگەری ل سەر جڤاکێ کوردی درستکرییە بەراورد دگەل گۆتارا ناسیۆنالیزم ل پارچێن دیێن کوردستانێ.(٤)

گۆتارا ناسیۆنالیزما کوردی ل سەردەمێ شۆرشا ئەیلوولێ زۆرتر نەبوو قوربانیا پرسگرێکێن ناڤخویێ شۆرشێ، ب هەر ئەگەرەکێ هەبیت: چ ل سەر بنیاتێ ڤێ چەندێ کو هندەك سەرکردێن شۆرشێ ل هندەك دەڤەرێن کوردستانێ دژبەریا سەرکردایەتی یا شۆرشێ دکرن، یان د بیاڤێ رێکخستنی و مۆبیلیزەکرنێ دا د ئاستەکێ پێدڤی دا نەبوون و... هتد. بەلێ، ب شێوەیەکێ گشتی، شۆرشا ئەیلوولێ بۆ قوربانیا پرسگرێکێن ململانا سیاسەتا ناڤدەولەتی کو دەستپێکا شۆرشا ئەیلوولێ هەڤدەمە دگەل تۆمارکرنا بلندترین گرژی و ململانا دناڤبەرا ئەمریکا و ئێکەتی یا سۆڤیەتێ دا ل سەردەمێ شەرێ سار، ب تایبەت ل سالێن ١٩٦٠ێ. ململانا دەولەتێن زلهێز (ب تایبەت ئەمریکا و ئێکەتی یا سۆڤیەت) ل سەردەمێ شەرێ سار (١٩٤٧-١٩٩١) گەلەك دەڤەرێن جیهانێ کرنە قوربانیا پارستن و گەشەکرنا بەرژەوەندیێن تایبەت، ژ پارچەبوونا کۆریا بۆ دوو بەشان هەتا دگەهیتە تیبێت ل چینێ و شەرێ فیتنام و پارچەبوونێ

(1) Israel T. Naamani (1966), 'The Kurdish Drive for Self-Determination', *Middle East Journal*, Vol. 20, No. 3, P. 290.

(٢) هەمان ژێدەر.

(3) Richard M. Cottam (1979), *Nationalism in Iran* (University of Pittsburgh Press), P. 72.

(4) Israel Naamani 1966, P. 287.

و... هتد. کێشا کوردی ژی ل سەردەمێ شۆرشا ئەیلوولێ بۆ قوربانیا ئەڤان پرسێن ناڤدەولەتی کو ب رێککفتنا جزایر ل سالا ١٩٧٥ێ هاتیە بناڤکرن.[١]

## ئەنجام

ناسیۆنالیزم پێداگیریێ ل سەر ناسنامە یا عاتفی و واقعی ل دوور پرسێن دەولەتێ دکەت، ئەڤ پێداگیریە زۆرتر د چارچووڤێ دابەشکرنا زمان، کلتور، بها و نرخ، ئاین، سنوور و... هتد دناڤ نەتەوەکا ئێکگتری بۆ ئارمانجەکا دیارکری دا دکەت. ناسیۆنالیزم هەستا وەفاداری بۆ رێکخراوێن ناڤدەولەتی، وەك نەتەوێن ئێکگرتی، یان رێکخراوێن نەحکۆمی نینە و ب تایبەت چ وەفاداری بۆ ئومەتا ئێکگرتی یا ب ناڤێ ئاینی نینە، بەلێ ئاین وەك ئامرازەکێ گرنگێ ناسیۆنالیزما کلتوری و ب تایبەت یا سیاسی یە بوو گەهشتن ب ئارمانجێن نەتەوەیی. ب شێوەیەکێ گشتی، ناسیۆنالیزما کوردی ناسیۆنالیزمەکا راستەقینەیا ب رامانا وەرگرتنا راستەوخۆیا مفاوەرگرتن ژ پرەنسیپێن ناسیۆنالیزما ئەورۆپی نینە، بەلکو زۆرتر ب رێکا ناسیۆنالیزما سیاسی نەتەوێن بالادەست ل دەڤەرا رۆژهەلاتا ناڤین (تۆرك، فارس و عەرەبان) ژ پرەنسیپێن ناسیۆنالیزما سیاسی هشیار بوویە، ب تایبەت ل سەر بنیاتێ ناسناما فەلسەفا کومەلناسی یا سیاسی "ئەم" و "هین" هاتیە نەخشاندن. ب شێوەیەکێ گشتی، هەتا بەری جەنگا جیهانی یا ئێکێ کارێکتەرێن کلتوری و ئاینی بوو ناسناما کوردی گرنگیەك تایبەت هەبوو، بەلێ پشتی جەنگێ جیهانی یێ ئێکێ کارێکتەرێن سیاسی یێن هەڤبەست ب پرسێن سنوور و بنەمایێن دەولەت-نەتەوە بوو ب وەرچەرخانەکا گرنگا بنەمایێن ناسناما سیاسی یا کوردان.

زۆرینا بزاڤێن رزگاریحوازی یێن کوردان جڤاکێ کوردی و د هندەك ئاستان دا کوردستانی ب ئاوایەکێ بەرفرەهـ پشتەڤانیا شۆرشان کرییە، بەلێ سەرکێشێن شۆرشان ئاراستەیی کۆمەکا ئاریشان بووینە کو ب شێوەیەکێ گشتی دابەشی فاکتەرێن ناڤخویی و دەرەکی دبن. هێزا رێکخستنی و ب تایبەت مۆبیلیزەکرنا هێزا جڤاکی و نەخاسمە سەربازی ل سەر شەنگستێ مۆدێرن وەك فاکتەرەکێ ناڤخویێ شۆرشێ د ئاستەکێ پێدڤی دا نەبوو. گەلەك جاران دناڤ بزاڤێن رزگاریخوازی یێن گەلێ کورد دا تەفلی هەفی دناڤبەرا هێزا رێکخستنی دگەل مۆبیلیزەکرنێ دا دهێتە دیتن و ئەڤ چەندە دبیتە فاکتەرەکێ هاریکار بۆ خۆشکرنا زەمینێن فاکتەرێن دەرەکی بۆ لاوازکرنا بزاڤێ .

(١) قوربانیا شۆرشا ئەیلوولێ دناڤ پرسێن ناڤدەولەتی دا، بنێرە پەرتووکا بنرخ یا :
Bryan R. Gibson (2015), *Sold Out? US Foreign Policy, Iraq, the Kurds, and the Cold War* (Palgrave Macmillan).

راسته گەلەك جاران هەڤكاری و هەڤگرێدان دناڤبەرا رێكخستن و مۆبیلیزەكرنێ دا دهێته دیتن و بۆ ئێكلاكرنا پرسێن گرنگ پێدڤی یە ئەڤ هەر دوو تێگەهە تەمامكەرێن ئێك بن، بەلێ د هەمان دەمدا كارێ رێكخستن دگەل یێ مۆبیلیزەكرنێ جیاوازن. بۆ نموونە، رێكخستن هەول ددەت ژ هەیكەلێن جوراوجورێن جڤاكی هەیكەلەكێ ئێكگرتی یێ جڤاکی دروست بكەت و ئەڤ هەیكەلێ ئێكگرتی رادەستی مۆبیلیزەكرنێ ددەت بۆ بەرەف شۆرشێ، ئانكو كارێ رێكخستن دروستكرنا هەیكەلی یە و كارێ مۆبیلیزەكرنێ هەیكەلی بەرەف شۆرشێ دبەت. ئەڤ جیاوازیە ب دروستی دناڤبەرا ناسیۆنالیزما كلتوری و ناسیۆنالیزما سیاسی دا دهێته دیتن، ناسیۆنالیزما كلتوری زۆرتر هەڤگرێدانا هەیە ب هێزا رێكخستنی و ناسیۆنالیزما سیاسی زۆرتر پەیوەندییا هەیی ب مۆبیلیزەكرنێ .

ل دوور بزاڤێن رزگاریخوازی یێن كوردان ل سەدێ بیستێ، دیسكۆرسا نیشتیمانی ل سەر بنیاتێ كومەلناسی یا سیاسی گورانكارییێن ریشەیی بۆ كێشا كوردی دەستەبەر نەكرن. ب شێوەیەكێ گشتی، ئەڤ بزاڤێن رزگاریخوازی یێن كوردان هەمی ئەتنیك و ئاین-مەزهەب (سونی، شیعە، ئێزدی و... هتد) و ئەتنیك-زمانی (كرمانجی، سورانی، زازاكی، هەوارمی و... هتد) دناڤ سنوورەكێ سیاسی یێ ب ناڤێ ناساما نیشتیمانەكێ ئێكگرتی دا حەلنەكرن. بەلێ ئەگەر بەراوردیەكا سیاسی بوو ئەڤان بزاڤێن رزگاریخوازی ل سەدێ بیستێ بكەین، شۆرشا ئەیلوولێ ئێك ژ كاریگەرترین شۆرشان بوویە كو حكوومەتا ناڤەندی مەجبور ب پەسەندكرن و دانپێدانا فەرمی یا مافێن كلتوری و سیاسی یێن گەلێ كورد كر. شۆرشا ئەیلوولێ ب رێكا هێزێ (پێشمەرگە، سەركردایەتییا ئێكگرتی، خۆباوەری یا تاك بەرەف كۆم ب دوزا نەتەوەیی و... هتد) حكوومەتا عێراقێ تەسلیمی ئیرادا خۆرێڤەبرنا سیاسی و ئیداری یا بناڤێ "ئۆتۆنۆمی" كر و ل سەر ئاستێ جڤاكێ ناڤدەولەتی بوو ب دیفاكتۆیەكا فەرمی.

ل سەر كۆمەكا ئەگەران نسكۆ ب سەر ئۆتۆنۆمی یا شۆرشا ئەیلوولێ هات، بەلێ ژ هەمیا گرنگتر فاكتەرێن دەرەكی دەورەكێ هەری سەرەكی هەبوو ژبوویێ سەرگرتنا ڤێ نسكۆیێ. راستە ل سەر گۆتارا ناسیۆنالیوما كوردی ل پشتی رێككەفتنا جزایر ل ١٩٧٥ێ رەشبینیەك سیبەرا خۆ راكێشاند بوو و ئەو هێزا ئێكگرتی، د هەمی بیاڤان دا، پارچە پارچە بۆ، بەلێ درێژەپێدەرێ گۆتارا ناسیۆنالیزما شۆرشێ (ب فۆرمەكێ دیتر) بۆ ئێك ژ ئەگەران كو حكوومەتا عێراقێ ل پشتی ١٩٩١ێ جارەكا دی هزرا دوبارە ساخكرنا ئۆتۆنۆمی یێ بۆ دەڤەرێن كوردی چالاك بكەت. هەروەسا، رێزبەندی و پێنگاڤێن كو ناسیۆنالیزم گۆتاران بەرجەستە دكەت، ب ئاوایەكێ سیستماتیك دناڤ گۆتارێن ناسیۆنالیزما كوردی دا ب زەلالی ناهێتە دیتن، ئەگەر بهێتە دیتن ب لەنگی دەربازی قوناغ ب قوناغان بوویە. ب هندەك پەیڤێن دیتر، گۆتارا ناسیۆنالیزما كوردی رێرەوەك راست و موكۆم و بەردەوام نەبوو، ژبەر هندێ ل بەری شۆرشێ، ل ناڤ شۆرشێ و ب تایبەت ل پشتی شۆرشا ئەیلوولێ و هەتا نوكە ناسیۆنالیزما كوردی گۆتارەكا هەڤگرتی و بنبەست نەبوویە .

# لیستا ژێدەرا :


1. Andrews, Geoff and Michael Saward (2005), 'Nationalism, Self-determination and secession', in: Geoff Andrews and Michael Saward, *Living Political Ideas* (Edinburgh: Edinburgh University Press, Open University).
2. بارزانی، مەسعود (٢٠٢٠)، بۆ مێژوو (هەولێر: ڕۆکسانا، چاپی دووەم، تشرینی یەکەمی)، بارزانی،
3. مسعود (٢٠٠٤)، بارزان: بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد، شۆرشی ئەیلوول ١٩٦١-١٩٧٥، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر.
4. Canovan, Margaret (1996a), *Nationhood and Political Theory* (Cheltenham: Edward Elgar).
5. Cottam, Richard M. (1979), *Nationalism in Iran* (University of Pittsburgh Press).
6. Edmonds, C. J. (1971), 'Kurdish Nationalism', *Journal of Contemporary History*, Vol. 6, No. 1.
7. Flynn, Simone I. (2009), 'Resource Mobilization Theory', *Theories of Social Movements*, Publisher EBSCO.
8. Gibson, Bryan R. (2015), *Sold Out? US Foreign Policy, Iraq, the Kurds, and the Cold War* (Palgrave Macmillan).
9. Glort, Pabio (2015), 'Cultural Nationalism: How are cultural practices involved in the nation-building process', University of Girona.
10. Greif, Avner (1994), 'Cultural Beliefs and the Organization of Society: A Historical and Theoretical Reflection on Collectivist and Individualist Societies', *Journal of Political Economy*, 102 (5).
11. Harrison, Kevin and Tony Boyd (2003), *Understanding Political Ideas and Movements* (Manchester and New York: Manchester University Press).
12. Hellmeier, Sebastian (2021), 'How foreign pressure affects mass mobilization in favor of authoritarian regimes', *European Journal of International Relations*, Vol. 27 (2).
13. Hobsbawm, Eric J. (1990). *Nations and Nationalism Since 1780: Programme, Myth, Reality* (Cambridge: Cambridge University Press).
14. Hutchinson, John (2013). 'Cultural Nationalism', in J. Breuilly (ed.), *The Oxford Handbook of the History of Nationalism* (Oxford: Oxford University Press).
15. Kohn, Hans (1960), *The Idea of Nationalism: A Study in its Origins and Background* (New York: Macmillan, 5th edition).
16. Leerssen, Joep (2006), 'Nationalism and the cultivation of culture', *Nations and Nationalism*, 12 (4).
17. Malesevic, Sinisa (2013), *Nation-States and Nationalism: Organization, Ideology and Solidarity* (Polity Press).
18. Miscevic, Nenad (2020), "Nationalism", *The Stanford Encyclopedia of Philosophy*, Edward N. Zalta (ed.), URL = https://plato.stanford.edu/archives/fall2020/entries/nationalism

19. مەلاقادر، محەمەد (٢٠٠٧)، خەباتنامە - کورتە مێژووی پارتی و کولتووری بارزانیی نەمر، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
20. Naamani, Israel T. (1966), 'The Kurdish Drive for Self-Determination', *Middle East Journal*, Vol. 20, No. 3.
21. Nerwiy, Hawar Khalil Taher (2012). *The Republic of Kurdistan, 1946* (PhD Thesis, Leiden University).
22. Panebianco, Angelo (1988), *Political Parties*: *organization and power* (Cambridge: Cambridge University Press).
23. Pearmain, Andrew (2020). *Antonio Gramsci*: *A Biography* (Bloomsbury Publishing).
24. Romano, David (2006), *The Kurdish Nationalist Movement*: *Opportunity*, *Mobilization and Identity* (Cambridge: Cambridge University Press).
25. سالح، گوران ئیبراهیم (٢٠١٣)، دۆزی کورد لە بازنەی پەیوەندیەکانی ئەمریکا و عێراق، ١٩٧٥-١٩٩٠، هەولێر.
26. Smith, Anthony D. (2001). *Nationalism*: *Theory*, *Ideology*, *History* (Cambridge: Polity Press).
27. Spohn, Willfried (2003), 'Multiply Modernity, Nationalism and Religion: A Global Perspective', Volume 51 Issue 3-4.
28. Summers, James (2007), *Peoples and International Law*: *How Nationalism and Self-determination Shape a Contemporary Law of Nations* (Leiden and Boston: Martinus Nijhoff Publishers).
29. Tilly, Charles (1978), *From Mobilization to Revolution* (New York: Random House New York, The University of Michigan).
30. Vincent, Andrew (1995). *Modern Political Ideologies* (Oxford UK & Cambridge USA, Blackwell, Second edition).
31. Voller, Yaniv (2012), *From Rebellion to De Facto Statehood*: *International and Transnational sources of the Transformation of the Kurdish National Liberation Movement in Iraq into the Kurdish Regional Government* (Doctoral thesis, London School of Economics and Political Science University).
32. Wanche, Sophia Isabella (2002), *Identity*, *Nationalism and the State System*

# تنظيم وتعبئة حركة التحرير في سياق القومية:
# ثورة ايلول انموذجا (١٩٦١-١٩٧٥)

## ملخص :

يركز هذا البحث على تنظيم وتعبئة الأقوام الكردية ابأن ثورة أيلول (١٩٦١-١٩٧٥)، وهو موصوف على أساس الخطاب السياقي للقومية. ويرجع ذلك إلى تقييم بعض الأعراف والقيم والمواقف القومية التي تحاول من خلالها تنظيم وتعبئة رموز الأمة في إقامة وضع سياسي رسمي. وإن خيال القومية بالنسبة للأمة في الفترة الانتقالية، هو بذل جهد لتأسيس وتطوير سياسة مركزية التي تعد بدورها أحد الأسباب الحاسمة لتنظيم وتعبئة العمل الجماعي للفئات

الاجتماعية المختلفة. على سبيل المثال، من أجل حركة تحرير الأقوام الكردية خلال ثورة إيلول في كردستان العراق ومن المفترض أن تتحد هذه المجموعات الاجتماعية تحت قيادة واضحة من خلال المنهج الوصفي وتعبئة الموارد، وعلية فأن هذا البحث يقيّم مبادئ القومية، لا سيما فيما يتعلق بأساسيات تنظيم وتعبئة الأمة لتنمية وضمان مصالح الأمة.

## Organization and Mobilization of the Liberation Movement in the Context of Nationalism: The Case of Aylul Revolt (1961-1975)


### Abstract:

**This research focuses on the organization and mobilization of the Kurdish liberation movement in Iraq during the Aylul revolt (1961-1975). This research is grounded firmly on the contextual discourse of nationalism. This is due to the evaluation of norms, values, and nationalism attitudes that through organization and mobilization of the symbols of nation attempt to establish a formal political status. The imagination of nationalism, especially for the nation in the period in transition, is to make an effort to establish and develop centralistic policy. This policy is considered as one of the crucial reasons behind the organization and mobilization of the collective action of different social groups. For example, for the sake of the Kurdish liberation movement during the Aylul revolt in Iraqi Kurdistan, these social groups are supposed to unify under a sole leadership. Through a descriptive method and the method of resource mobilization, this research evaluates the principles of nationalism, particularly on the foundation of organizing and mobilizing a nation to develop and assure the interests of the ambition of nation.**

# شۆڕشی ئەیلوول لە ژمارە (یەکی) گۆڤاری "دەنگی کوردستان"
# لێکۆڵینەوەیەکە لە ناوەرۆکی گۆڤارەکە

پ. د. ئازاد عوبێد ساڵح
بەشی مێژوو/ کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر
azad.salih3@su.edu.krd

**پوختە:**
ئەم لێکۆڵینەوەیە باس لە گۆڤارێکی دەگمەن و ناوازەی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١، دەکات کە لە کانوونی دووەمی ١٩٧٥ بەناوی (دەنگی کوردستان) ئەو تاقە ژمارەیەی لەلایەن ئەمانەتی گشتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و لاوان - ئێستگەی دەنگی کوردستان لێ دەرچووە، کە بۆ نووسینی مێژووی ئەو قۆناغەی شۆڕشی کوردستان بایەخی زۆری هەیە، لەڕووی ئەوەی بە بارست و قەوارە و ناوەرۆك و بابەتەکانی دەوڵەمەندە.
کلیلە وشە: شۆڕشی ئەیلول، دەنگی کوردستان، پێشمەرگە.

## پێشەکی

ئاداری ١٩٧٤ - ئاداری ١٩٧٥، ساڵێکی تا بڵێی تاڵ و پڕ ئازار و مەینەتی بوو لە مێژووی نەتەوەی کورد بەگشتی و شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ بەتایبەتی، ساڵێکە کۆتایی قۆناغێکی زۆر ناسکی دیرۆکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردە. دەستپێکردنەوەی شەڕ دوای چوار ساڵ ئاشتی، هاتنەڕیزی ئەو هەموو خەڵکە بە هەموو چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵی کوردەواری، دەتوانین بڵێین زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان یەك ڕیز بوو، جگە لە پارتی کۆمەنیستی عیراق و هەندێ حزبی کارتۆنی داتاشراو.

لەم هەل و مەرجە نوێیەی شۆڕشی کوردستاندا، سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان دام و دەزگای ڕاپەڕاندنی بەناوی ئەمانەتی گشتی بۆ ژمارەیەك بواری پێویست دامەزراند کە سەرمەشقیان (ئەمانەتی گشتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و لاوان) بوو، ئێستگەی (دەنگی کوردستانی عیراق)یش یەکێك بوو لەو دەزگا زۆر گرنگ و بایەخدارانەی کە کاریگەریی بێ ئەندازەی هەبوو بۆ بەردەوامی خۆڕاگری و بەرەنگاری پێشمەرگەی کوردستان لە بەرانبەر سوپای دەوڵەتێکی پڕ چەك و بە ژمارە زۆر.

یەکێك لە کارە دیارەکانی ئەو ڕۆژگارەی ئێستگە دەرکردنی دوو بڵاوکراوە بووە، بە زمانی عەرەبی و کوردی بەناوی (هنا صوت كوردستان العراق) و (دەنگی کوردستان).

"دەنگی کوردستان"، گۆڤارێکی دەگمەن و ناوازەی ئەو ڕۆژگارە بوو، بە قەبارە و بارست گەورە و ناوەرۆك دەوڵەمەند، لەبەرئەوەی گۆڤارێکی دەگمەنە و تۆماری زیندوو و ڕاستەوخۆی ئەو ساڵەی ئێستگەی دەنگی کوردستانی لەخۆ گرتووە، بە باش زانراوە وەك کارێکی زانستی لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی ناوەڕۆکی گۆڤارەکە بکرێت.

ئەم لێکۆڵینەوە پێکهاتووە لە پێشەکی و کورتەیەکی زۆر چڕی مێژوویی ئێستگەی دەنگی کوردستان، پاشان ناساندنی ژمارە (١)ی گۆڤاری (دەنگی کوردستان)، دواتریش لە ناوەڕۆکی گۆڤارەکە کۆڵراوەتەوە کە چەندین بابەتی سەرەکی لەخۆ دەگرێت لەوانە:

- بابەتە سیاسییەکان
- وتارەکانی ئێستگە
- پرسی کورد و ڕای گشتی جیهان.
- ئەدەب و شۆڕش

• هەڵبژاردە.

گرفتەکانی ئەم لێکۆڵینەوە زیاتر ئەوەبوو کە کۆپیەکی گۆڤارەکە بە کەموکورتی هەندێ لاپەڕەوە لەبەردەستە، کە ڕەنگە هەندێ بابەت و نووسین زانیاری باشیان تێدابێت، نەتوانرا کەڵکیان لێ وەربگیرێت، وێڕای ئەمە بەداخەوە ئەوەی سەرپەرشتی گۆڤارەکەی کردووە لەو ماوەیەدا کۆچی دوایی کرد، کە زانیاری زۆر زیاتر و هەندێ لایەنی نەزانرا و ڕوون بکرابوایەوە و بابەتەکە دەوڵەمەند دەبوو.

بۆ ئەم کارە پشت بە هەندێ سەرچاوە بەستراوە کە ڕاستەوخۆ سەروکاریان بە بابەتەکەوە هەیە، لەوانە (کاریگەریی شۆڕشی ئەیلوول لەسەر ڕۆژنامەوانیی کوردی لە باشووری کوردستان ۱۹٦۱ - ۱۹۷۵، ئازاد عوبێد ساڵح، ڕۆژنامەی (خەبات)، (گۆڤاری دەنگی کوردستان)، خۆی وەك سەرچاوەی سەرەکی توێژینەوەکە.

## ١- سەرەتای پەیدابوونی پەخش لە جیهان:

ساڵی ۱۹۲۰ ئاماژەیەکی مێژووییە کە پەخش وەك ئامرازێکی ڕاگەیاندنی ڕێکوپێك، بەرنامە و بابەتی جۆراوجۆری ڕاگەیاندن بڵاو دەکاتەوە، کۆمپانیای ویستنکهاوسی ئەمریکایی لە تشرینی دووەمی ۱۹۲۰ مۆڵەتی دامەزراندنی یەکەمین ئێستگەی پەخشی بەناوی (K. D. K. A) لە شاری بترسبرج لە ولایەتی بنسلڤانیا وەرگرت(راچی، بلا، ۱۰٦).

یەکێتی سۆڤیەت یەکەمین وڵاتە کە پەخشی نێودەوڵەتی بە ڕاسپاردەی ڕاستەوخۆی (لینین) لەدوای شۆڕشی بەلشەفی لەساڵی ۱۹۱۷ بەکارهێناوە، هەر ئەو وا وەسفی پەخشی دەکرد کە ڕۆژنامەیەکی جیهانییە، سنوور و لەمپەرەکان بەبێ سانسۆر دەبەزێنێت(البیاتی، ۱۹۹۲، ۱٥٦)، لە تورکیاش لە ٦ی ئایاری ۱۹۲۷ پەخشی ڕادیۆ دەستی پێکردووە(راچی، بلا، ۱۳۲)، پەخشی ڕادیۆی عیراقیش لە ۱۹۳٦/۷/۱ لە بەغدا و ڕادیۆی تارانیش لە ۱۹٤۰/٤/۲٤(بابی لالۆ، ۲۰۱٤، ٥۰ - ٥۱).

پەخشی کوردی لە ڕۆژی ۱۹ی تشرینی دووەمی ۱۹۳۹ دەستی بە بڵاوکردنەوە کردووە(بابی لالۆ، ۲۰۱٤، ۱۰۹).

ڕادیۆی کوردی بەغداد لە ۱۹۳۹/۱۱/۱۹ یەکەمین جار لە بەغداد بۆ ماوەی (۱٥) خوولەك دەستی بە پەخش کردووە، یەکەمین بێژەر کامل کاك ئەمین لەنێوان ۱۹۳۹/۱/۲۹ - ۱۹٥۸ دواتر پەرەی پێ دراوە و پەخشەکەی زێدە بووە و ژمارەیەکی زۆر ڕووناکبیر و نووسەر و ڕۆژنامەوانی کورد و .... کاریان لەو ڕادیۆیە کردووە و بەرنامەیان هەبووە(ردێنی، ۲۰۰۳، ۱۹ - ۲٥؛ باکوری، ۲۰۰۹، ٥۲).

## ٢ - شۆڕشی ئەیلوول و پەخشی کوردی:

لەدوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی ۱۹٦۱ سەرکردایەتی شۆڕش تا ساڵی ۱۹٦۳ هیچ هەنگاوێکی بۆ دانانی ئێستگە و ڕادیۆ نەناوە، بەڵام لەو ساڵەدا بڕیاری دامەزراندنی ئێستگە لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان دراوە، بۆ ئەم کارەش د. کەمال فوئاد(۱۹۳۲ - ۲۰۱٤) بەرپرسی پارتی لە ئەوروپا و سکرتێری گشتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بۆ ئەو کارە ڕاسپێردراوە، دوای هەوڵێکی زۆر بۆ پەیداکردن و کڕین و هێنانەوەی بۆ کوردستان لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان لە ناوچەی (ماوەت) لە ئەشکەوتی (گردەڕەش) دانادراوە(ئیسماعیل، ۲۰۰۱، ۱٤۱ - ۱٤۳).

سەبارەت بە ڕۆژی پەخشی ئەم ڕادیۆیە بەپێی سەرچاوەیەکی ئەو ڕۆژگارە و بە سەرناوی (دەنگی کوردستان لە خزمەتی گەل و شۆڕش)دا نووسیویە: لە ۲۰ی ئابی ئەمساڵ ئێستگەی (دەنگی کوردستان) بە وتەیەکی بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕابەری شۆڕش کە لە جیاتی بارزانی سەرهەنگ دکتۆر عەزیز شەمزینی بە کوردی خوێندراوەتەوە، پاشان وتاری ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان لەجیاتی مەکتەبی سیاسی پارتی خوێندراوەتەوە(خەبات، ع ٤۷۰، ایلول ۱۹٦۳، ۱).

(دەنگی کوردستان) بەرنامەی ڕۆژانەی لەسەر شەپۆلی کورتی، درێژی ٤۳م بۆ ماوەی سەعات و نیوێك لە سەعات ۸ی ئێوارە تا نۆ و نیو بە کاتی بەغداد بڵاوکردووەتەوە، ئێستگەکە لە دوو بەش پێکهاتووە: بەشی کوردی بەناوی (دەنگی

کوردستان) کە بەرنامەکانی لە سەرەتای پەخشی بەرنامەی ڕۆژانە بڵاو دەکاتەوە و بەشی عەرەبیش بەناوی (دەنگی برایەتی عەرەب و کورد) لە ماوەی دوایی بەرنامەکان واتە لە نۆ تا نۆ و نیو . بەرنامەکان باس لە پەرەسەندنی ڕۆژانەی ڕووداوەکانی بارودۆخی سەربازی لە کوردستان، وێڕای دواهەواڵی جیهان و سەرباری گفتوگۆ و بابەتی دیکە... لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەو مژدە ڕووداوە خۆشە بۆ گەلی کورد و عێراق، داوایان لێ دەکات ڕۆژانە گوێ لە بەرنامەکانی بگرن و هەواڵ و تێبینی خۆیان سەبارەت بە پەخش و بەرنامەکان بنێرن بۆ ئەوەی لە پێشخستنی ئێستگە لە هەموو لایەنەکانی بەشدار بن، چونکە لەوانە و بۆ ئەمانە(خەبات، ع ٤٧٠، ایلول ١٩٦٣، ٢).

بێگومان ئەوە سەرەتای دەستپێکردنی ئێستگەی دەنگی کوردستان بوو، دواتریش بەپێی هەلومەرجی پەرەسەندنی ڕووداوەکان و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر شۆڕشدا هاتووە، چ بەهۆی دووبەرەکی و لێکترازانی ساڵی ١٩٦٦ و سەردەمی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ و هەروەها دواتر کودەتای ١٩٦٨ تا ساڵی ١٩٧٠، ئێستگە وەستاوە بەپێی ڕەوشی ڕووداوەکان دەستی بە پەخش کردووەتەوە.

ئەوانەی لە سەرەتادا لەم ئێستگەیە کاریان کردووە: حەبیب محەمەد کەریم، ساڵح حەیدەری(١٩٢٢ – ٢٠٠١)، سامی عەبدولڕەحمان(- ٢٠٠٤)، عومەر دزەیی، حوسێن قەرەداغی، بورهان قانع.... هتد، لەگەڵ چەند تەکنیککارێك بەتایبەتی ئەمجەد عەبدلوەهاب و عەبدولخالق مەعروف (١٩٣٥ – ١٩٨٥) کە ئەوەی دواییان دەوری یەکجار گرنگی هەبووە لە کاری تەکنیکی ئێستگەدا، دواتر بەهۆی بارودۆخی شۆڕشەوە ئێستگەش گۆڕانی بەسەردا دێت و چەندان ڕووناکبیر و نووسەر و ... هتد لە هەڵسوڕاندنی ئێزگە بەشدار دەبن(ساڵح، ٢٠٠٧، ٩٨ – ٩٩).

ڕادیۆ ببووە یەکێك لە کۆڵەگە بەهێزەکانی خەباتی سەردەمانەی کوردایەتی و کۆڵەگەیەکی سەرەکی یەکخستنی ڕیزەکانی گەلی کورد و بەستنەوەی بە خەباتی شار و گوند بەیەکەوە و زۆر بە چاکی توانیبووی پەرە بە هۆشیاریی و بیر و ڕۆشنبیریی و زمان و هونەری کوردی بدات(خەبات، ژ ٩٤٤، ١٩٩٩/١٠/١).

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە، قۆناغە هەرە گرنگی ئێستگەی (دەنگی کوردستان ئاداری ١٩٧٤- ١٩٧٥) بوو، دوای ئەوە دەسەڵاتدارانی بەغدا یەکلایەنە حوکمی زاتیان ڕاگەیاند و وێڕای گەلێ هەوڵی چڕ بۆ ئەوەی بەر لە هەڵگیرسانەوەی شەڕ بگیرێت بە ناردنی وەفد بۆ بەغدادلە ڕۆژانی سەرەتای ئاداری ١٩٧٤(ساڵح، ٢٠٠٧، ل ٢٤٠ – ٢٤١).

لەو هەوارەدا کە شەڕ دەستی پێکردەوە، ژمارەیەکی زۆر ڕووناکبیر و نووسەر و خاوەن بڕوانامەی بەرجەستەی جۆراوجۆر چوونە ڕیزی شۆڕشی کوردستان، ئەمەش وایکرد ئەوانە ببنە هەوێنی داڕشتنی پەیکەری ئێستگەی (دەنگی کوردستان)، کە سەر بە ئەمانەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و لاوانی سەر بە شۆڕش کە دارا تۆفیق (١٩٣٢ - ١٩٨٠) ئەمیندار و د. کەمال مەزهەر ئەحمەد (١٩٣٧ – ٢٠٢١) و د. کەمال سەعید خەبات یاریدەدەری بوون(ساڵح، ٢٠٠٧، ٢٥١).

سەرەنجام بەهۆی ڕێککەوتنی ٦ی ئاداری ١٩٧٥ لەنێوان شای ئێران و سەدام حوسێن لە جەزائیر شۆڕش دووچاری نسکۆ هات و لەسەر حیسابی تێکشکانی شۆڕشی کوردستان(ساڵح، ٢٠٠٧، ل ٢٨٣، ٢٨٥)، لەکۆتاییدا لە ٢٦ی ئاداری ١٩٧٥ بە کردەوە کۆتایی بە شەڕ هێنرا(عوسمان، ١٩٩٨، ).

سەبارەت بە چارەنووسی ئێستگە، لەدوای ئەوەی ئیدی دامودەزگاکانی شۆڕش لەبەریەك هەڵوەشایەوە و هەریەکەو بەلایەکدا ڕۆیشتووە، "لەماوەی ١٩٧٥/٣/٦ – ١٩٧٥/٣/٢٠، .... نووسەر و بێژەرەکان جگە لە کاك دارا حەمەعەلی و دوو ئەندازیاری خەڵکی سلێمانی ئەندازیار ئەمجەد عەبدولواحێد و کاك نەریمان و کاك ئەحمەد دەشتی ئیدی پاسەوان و تەنانەت پێشمەرگەکانی سەر دۆشکە چوار لوولەکان، هەریەکەیان گەنم گرد و جۆ بڵاوەیان لێکرد... ناچار من و کاك ڕەشید و کاك دارا وتارمان ئەنووسی و خۆشمان ببوین بە بێژەر و کاك ئەحمەد دەشتی خۆی و تێکۆشەر و بوێر و نەبەز بۆی تۆمار ئەکردین و شەو بڵاومان ئەکردەوە، لە ڕۆژەکانی ١٨، ١٩، ١٩٧٥/٣/٢٠ بەرنامەکانی ئێستگە و وتارەکانی ڕۆژانی ڕابردوو و شیعرە شۆڕشگێڕی و نەتەوەییەکانی مام هەژار و دڵدار و کامەران و قانیع و شێخ سەلام ڕێکئەخست....)( ئاگرین، ٢٠١٣، ١٥).

"ئاخر نووسەر لە شەوی نەورۆزی ٢٠-١٩٧٥/٥/٢١ لە ئێستگەی دەنگی کوردستانی عێراقەوە سۆزی هەناسەی دەنگی لە ئێستگەی شۆڕشی ئەیلوولەوە (دەنگی کوردستانی عیراق)، بەرزبـووەوە بەنـدەتان بـوو کە وتـم: "پێشـمەرگە قارەمانەکـانی کوردستان، هاونەتەوە دڵسۆزەکانمان، لەبەر چەند خەلەلێکی فەنـی ئێسـتگەکەمان (ئێسـتگەی دەنگـی کوردسـتانی عیـراق) لەکار ئەوەستێت، تا بەیەکگەیشتنەوەیەکی دی بەخوای مەزن و میهرەبانتان ئەسپێرین"(ئاگرین، ٢٠١٣، ١٨).

## ٣- ئەمانەتی گشتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و لاوان:

لە ئاداری ١٩٧٤ حکومەتی عێراق یەکلایەنە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان ڕاگەیاند وەك ئەوەی خۆی دەیەویسـت، لە ئاکـامی ئەوە وەزیر و پارێزگارە کوردەکان دەستییان لەکار کێشایەوە و ژمارەیەکی یەکجار زۆری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ڕوویان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی کوردستان کرد، وەك وەڵامی ئەو هەڵوێستەی حکومەت، شـۆڕش ژمـارەیەك ئەمـانەتی گشتی دامەزراند، کە یەکێکیان ئەمانەتی گشتی رۆشنبیری و ڕاگەیاندن و لاوان بـوو، دارا تۆفیـق ئەمینـداری بـوو د. کەمـال سەعید خەیات و کەمال مەزهەر ئەحمەد یاریدەدەری بوون(ساڵح، ٢٠٠٧، ٢٥٢).

ئەو ئەمـانەتە یەکێـك بـووە لە ئەمـانەتە چالاکەکـان و دەورێکـی زۆر کـاریگەری لە نـاو شـۆڕش بینیـووە، چ لە ڕووی بایەخدانی سەرکردایەتی شۆڕش بەو لایەنە، چ لەڕووی ئەوەی کە ژمارەیەکی نووسەر و ڕۆشنبیر و هونەرمەندانی کوردستان لەو دەزگایەدا کاریان پێ سپێردرابوو، تەنانەت یەکەمین ئەمانەت بوو دامەزرابوو و پارەی بـۆ تەرخـان کرابوو(سـاڵح، ٢٠٠٧، ٢٥٤؛ کـاکەیی، ٢٠٠٢/٥/١٥، مەتـین، ع ٥١، نیسـان ١٩٩٦، ٧٢ – ٧٣)، وێـڕای بەڕێـوەبردنی ئێسـتگەی (دەنگـی کوردسـتان)، ئەمانەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و لاوان چالاکی دیکەشی هەبووە، لە بواری پێکهـاتەی ئەمـانەتەکەدا لەڕووی ڕۆشـنبیری و ڕاگەیاندن و لاوان.

ئەوەی لێرە مەبەستمە زیاتر چالاکییەکانی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنە، لە بواری چـاپ و بڵاوکـردنەوە و دەرکردنـی گۆڤـاری (دەنگی پێشمەرگە)، وەك خوولی سێیەم، لە ژمارە (گوڵان ٢٥ – ٢٨) ڕەزبەری ١٩٧٤ و پاشبەندی دەنگی پێشمەرگە ٢٧ی لێ دەرچووە، گۆڤاری (کـادیر)یش وەك گۆڤـارێکی تیـۆری پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان ژمـارە (٢١ – ٢٥) شـوبات تـا کـانوونی دووەمی ١٩٧٥) دەرچووە(دیاری لاوان) ئەمانەتی گشتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و لاوان، (١) ژمارە (١٩٧٤/١٠ – ١٩٧٥/١).

سەرباری ئەوانە، ئێستگەی دەنگی کوردستان وەك دەزگایەکی سـەربەخۆ و کـاریگەر دوو جـۆر بڵاوکـراوە و گۆڤـاری بە عەرەبی و کوردی دەرکردوون، کە پوختەی هەڵبژێردراوی وتار و بابەتەکانی ڕۆژانەی ئێستگەی دەنگی کوردستانن، بڵاوکراوە عەرەبییەکە بەناوی (هنا صوت کوردستان – العراق)، سێ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە (هنا صوت کوردستان – العراق)( سـاڵح، ٢٠٠٧، ل ٣٤٦).

## ٤- گۆڤاری دەنگی کوردستان:

لە بواری چاپەمەنیدا: لە کۆتایی ١٩٧٤ئەمانەت بڕیاریدا زنجیرەیەك گۆڤار یەکیان بە کوردی و ئەوەی دیـکە بە عەرەبـی دەربکات، بۆ ئەوەی ئەوەش لە ئێستگە پەخش دەکرێت تۆمار بکرێت، سێ ژمارە بە عەرەبی و بەناوی (صـوت کوردسـتان) دەرچوون، کە نموونەی لێدوانی سیاسی و بەرنامەی ڕووناکبیری لەخـۆ دەگـرت، یەك ژمـارەش بە کـوردی بە نـاوی (دەنگـی کوردستان) بە چـاپێکی جـوان بە سەرپەرشـتی یاریـدەدەری ئەمینـداری گشـتی بـۆ نووسـین خـۆی و بە هاوکـاری قەڵەمـی جۆراوجۆر لە پارێزگا جیاوازەکان بەشداربوون (کاکەیی، متین، ع ٥١، نیسان، ١٩٩٦، ٧٦).

دەنگی کوردسـتان: گۆڤارێکی سیاسـی و ئەدەبـی و کـۆمەڵایەتییە ناوبەنـاو دەردەچـێ، ئەمـانەتی گشـتی ڕۆشـنبیری و ڕاگەیاندن و لاوان – ئێستگەی دەنگی کوردسـتانی عیـراق ژمـارە (١)ی لە کـانوونی دووەمـی ١٩٧٥ دەرچـووە، یەکـێکە لەو گۆڤارە دانسقانەی کە بە درێژایی شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١ – ١٩٧٥ دەرچوویێت، گۆڤـارەکە بە قەوارەی گەورە و بە نـاوەرۆك دەوڵەمەند و بە بارستی نزیکەی (٢٥٠) لاپەڕەی چاپێکی پوخت و جواب و ڕێکوپێك (دەنگی کوردستان، ١٩٧٥/١ ١ – ٢٤٥)،

گۆڤـارەکە لە ژێـر سەرپەرشـتی ڕاسـتەوخۆی د. کەمـال مەزهەر ئەحـمەد یاریـدەدەری ئەمینـداری گشـتی ڕۆشـنبیری و ڕاگەیاندنی لاوان بۆ کاروباری نووسین و بە بەشداری ژمارەیەك قەڵەمی جۆراوجۆری پارێزگا جیاوازەکـان دەرچووە(کـاکەیی، متین، ع ٥١، نیسان ١٩٩٦، ٧٦؛ ساڵح، ٢٠٠٧، ٣٤٧).

هەروەها بڕیاریش وابووە ژمارە (٢)ی "دەنگی کوردستان"یش تەرخان بکرێت بەبۆنەی ٢٨هەمین سـاڵەی دامەزرانـدنی پارتی دیموکراتی کوردسـتان و یـادی ١٣هەمـین سـاڵەی شۆڕشـی ئەیلـوولەوە، کە لە ئێسـتگەوە دوو پرۆگرامـی تـایبەتی بـۆ پێشکەش کراوە، هەریەکەیان سێ ڕۆژی خایاندووە و ڕۆژی یەك سەعات لە ڕۆژانـی دیـکەی زیـاتری پـێ چـووە، پرۆگرامـی یەکەمیـان بە وتەیەکـی بـارزانی کـراوەتەوە لە ژمـارە (٥٢٢)ی (خەبـات) وا بـڵاو کـراوەتەوە و لە هەردوو پرۆگـرامەکەدا ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە و ئەندامانی مەکتەب سیاسی و لیژنەی مەرکەزی پارتی دیموکراتی کوردستان و گەلێك نووسـەر و رووناکبیر و شاعیر بە قسە و نووسین بەشدارییان کردووە و گەلێك وتـار و لێکـۆڵینەوەی گرنـگ بە بـۆنەی هەردوو یـادەوە بڵاوکراوەتەوە(دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ٨٨).

## ٤-١ ناوەرۆکی گۆڤارەکە :

پێڕستی بابەتەکانی دەنگی کوردستان زۆر بە ڕێکوپێکی و زانستیانە دابەش کـراوە بەسـەر چەنـد سـەرناوی سـەرەکی بەپێی بایەخی بابەتەکان:

- لە لێکۆڵینەوە سیاسییەکانی ئێستگە.
- وتارەکانی ئێستگە.
- مەسەلەی کورد و رای گشتی جیهان.
- ئەدەب و شۆڕش.
- هەڵبژاردە.

لەم دابەشـکارییەدا شـارەزایی و لێزانـی و بە ئەزمـوونی سەرپەرشـتیاری گۆڤـارەکە د. کەمـال مەزهەر ئەحـمەد چ وەك کەسێکی ئەکادیمی چ وەك - ئەمینداری کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا - کە تا ئەو کاتە گەورەترین گۆڤاری زانستی بە زمـانی کوردی دەرکردبوو هەر د. کەمال خۆی سەرپەرشتی دەکرد، بەڕوونی دەردەکەوێت.

## ٤-٢- لەڕووی نەخشەسازییەوە:

سەرەتا لۆگۆی ناوی گۆڤارەکە (دەنگـی کوردسـتان) بە فـۆنتی گەورە نـووسراوە و تەوریسـەکەی دابەشـی سـەر سـێ لاکێشە کراوە و لە لای راستی دا ئەمانەتی گشتی رۆشنبیری و راگەیاندن و لاوان – ئێستگەی دەنگی کوردسـتان" نـووسراوە، لەلای چەپیشی "ناوەڕۆکی ئەم.... ئەم بەرهەم و وتارە... بەشی کوردی.... دەکرێتەوە جگە...." نووسراوە.

بۆ ئەو سەردەمە و لە شاخ و بەپێی ئەو توانا و کەرەستە و ئامرازانەی بەردەست باشـە، بەڵام لەبەر ئەوەی فۆتۆکـۆپییە، نازانین ئاخۆ رەنگی جیاوازی تێدا بەکارهاتووە یان نەْ ، وێڕای ئەوەی نزیکەی (٢٠) وێنەی دیمەنەکـانی بۆمبـای نەتەقیـوە و بۆردومـانی شـارەکانی قەڵادزێ و ڕوانـدز و وێـنەی ئـافرەت و منـداڵانی کـورد لە شـوێنی جیاجیـا و ئۆردووگاکـانی تێـدا بڵاوکراوەتەوە. (دەنگی کوردستان، ژمارە ١، ١٩٧٥، ٢٩، ٣٤، ٤٣،... ٢٢٤).

## ٤-٣ لەڕووی زمانەوانی :

دەنگـی کوردسـتان، زمـانێکی زۆر پوخـت و ڕەوان و کـوردانەی بـێ گـرێ و وشـە و زاراوە و بـڕگە و دەسـتەواژە و دەربڕینەکانی بۆ ئەو ڕۆژگـارەی شـۆڕش لەجێـی خـۆیەتی و توانیـویەتی چـۆن مامەڵەیـان لەگەڵ بکـات و پەیـامی شـۆڕش بگەیەنێتە گـوێگر و گیـانی بەرگـری و بەرەنگـاربوونەوە لەدڵـی خەڵـك بروێنێـت و لەو هەڵـمەت و پەلامـاری پێشـمەرگەی کوردستان زاخاو بدات و ورە بخاتە گیانیان لە بەرانبەر دوژمنێکی دڕندەدا، کە چەکی بیروباوەڕ و ڕەوایی دۆزەکە بووە.

هەڵەی ڕێنووسی هەر نییە، ئەمەش بەڵگەی وردی بایەخدان و دیقەت و سەلیقەی سەرپەرشتیار دەردەخەن.

### ٤-٤- لەڕووی خاڵبەندی:

زۆر ڕێکوپێکە و کەوانە و خاڵ وێرگوڵ و هێماکانی دیکەی خاڵبەندی بەگشتی بە دروستی لە شوێنی شیاوی خۆیان بەکارهاتوون و بابەتەکانیان جوانتر کردووە. بایەخدان بە پەراوێز و ڕوونکردنەوەی پێویست و لێدوان لەو جێگایانەی پێویستی کردووە، بەمەش زانیاری ورد و پێویستی تۆمار کردووە کە بۆ تێگەیشتنیان بۆ خوێنەر زۆر پێویستن.

## ٥ ـ تەوەرەکانی گۆڤارەکە :

ژمارە (یەکی) گۆڤارەکە زۆر بە جوانی پێڕست بۆ بابەتەکانی کراوە، بە چەندین ناوونیشانی سەرەکی خراوەتە ڕوو:

سەرەتا دارا تۆفیق ئەمینداری گشتی ڕۆشنبیر و ڕاگەیاندن و لاوان وەك بەرپرسی یەکەمی ڕاگەیاندن، وتاری ئێستگەی دەنگی کوردستانی (بەداخەوە لاپەڕە یەك نییە) نووسیوە، تێیدا ئاماژە بەو چین و توێژانەی خەڵکی کوردستان دەکات، هەر لەو پاڵە و کرێکار و جووتیار و قوتابی و ڕووناکبیرانەی هاتوونەتە ڕیزی شۆڕش بۆ پارێزگاری لە خاکی کوردستان هەروەها دەڵێت:

بە دەست پێکردنەوەی پەخشی (دەنگی کوردستانی عیراق) هەوارێکی نوێ لە ژیان و کاری (ئێستگە) دەست پێدەکات کە پرۆگرامەکانی لەسەر سێ شەپۆلی کورت و سێ شەپۆلی ناوەند بە پێنج زمان (کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و ئاسووری و تورکمانی)، بڵاوکردوەتەوە، ئەرکەکانی ئێستگە دەستەیەك ڕووناکبیری پێشمەرگە بەڕێوەی دەبەن، ئێستگە زۆر بە خێرایی لە هەموو قوژبن و کەلەبەرێکی عیراقدا دەنگی دایەوە و خەڵکی بە پەرۆشەوە گوێی لێ ئەگرن، هەر لەو ڕووەوە، ئاماژە بەوە دەکات بەمەبەستی خستنەبەردەستی بەرهەمەکانی ئێستگە بە چاپکراوی بۆ پاراستنیان و گەیاندنی بە هەموو لایەك و دووەمیشیان بۆ ئامادەکردنی سەرچاوەی پێویست لەبارەی شۆڕش و بەرەوپێش چوونیەوە(دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ٢ - ٣).

هەر بەبۆنەی کردنەوەی پەخشی ئێستگەی دەنگی کوردستان وتاری سەرۆك بارزانی بەبۆنەی کردنەوەی ئێستگە لێرە پەخش کراوە، ئەم وتارە لەو هەلومەرجە زۆر ناسکەدا بایەخی زۆری هەیە کە لە ڕۆژی ١ی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی ١٣٩٤ك، ٢٩ی مارتی ١٩٧٤ بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: "چەندم پێ خۆش بوو کە ئێستا دەگەڵ ئێوەدا دەخێوم و وڵاتە خۆشەویستەکەمان ئاڵای هێمنایەتی و خاترجەمی بەسەردا بشەکایەوە و یەکیەتی نیشتمانی و خۆشی و کامەرانی بۆ هەموو خەڵکی عیراق لەئارادا بوایە و ئەو ئاواتە دێرینەمان پێك بهاتایە کە چەندەها ساڵە خەباتی بۆ دەکەین و بە هەزاران پیر و لاومان لەو پێناوەدا سەری داناوە و ئاسایشی خۆی و ئارامی دواڕۆژی لەڕێی ئازادی و بەختەوەری گەلی عیراق و مافی گەلی کوردی بەش خوراو بەخت کردووە، بەڵام زۆر بەداخەوە دەڵێم کە ئەمڕۆ ئەو ئاشتی و خۆشی و ئازادییە کە دەمانەوێ دەس ناکەوێ و مەترسی و هەڕەشەی شەڕخوازی و ئاژاوە نانەوە دووبارە ئاسۆی نیشتمانەکەمانی داگرتووە، بەیانی ئازار کە ئێمە و حکومەت لەسەری پێك هاتووین حکومەت نایەوێ جێبەجێی بکات و ....( دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ٤).

پاشان دەڵێت: "من ئەم هەلە بە دەرفەت دەزانم کە بەوپەڕی دڵگەرمی یەوە بەخێرهاتنی ئەو هەزاران کوردانە بکەم کە لە هەموو لایەکی کوردستانەوە....)( دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ٩).

### ٥-١ لێکۆڵینەوە سیاسییەکان:

لە تەوەرەی لێکۆڵینەوە سیاسییەکاندا ئەم بابەتی جۆراوجۆری لەخۆگرتووە:

- ئێرە دەنگی کوردستانی عیراقە.
- ئەمجارەش هەر بارزانی.
- شۆڕشی کورد بەشێکە لە بزوتنەوەی دیموکراسی و ڕزگاری خەباتی گەلی عیراق و گەلانی جیهان.

- خەباتا مللەتی کورد ژ خەباتا مللەتی عیراق و هەمی مللەتیت ئازادی خواز جودا نابیت.

- کریاریت درندانەیەت بەعسیا دلی مللەتی کورد ژ خەباتی سار ناکەن.

- کێ کۆنەپەرستە و کێ تەقەدومی؟

- کام گەل و کام هێزی سیاسی.

- وەریسی درەوایی کورتە.

- گەشت و گەڕیان... ل سەر حسابا بەعسیان!

- حساب چەوا خەلەت بوو؟!

- برا ئاسوورییەکان وا بە گەرمی پشتی شۆڕشی کورد دەگرن؟

- بیرەوەری ٢٩ی حوزەیرانا دەرسێکی تری سەرکەوتن.

- لە وتاری ئێرە دەنگی کوردستانی عیراقە: ئێستگەی دەنگی کوردستانی عیراق، کە دەنگی شۆڕشی کوردە و خۆی بەدۆست و دڵسۆزی هەموو خەڵکی عیراق بە کورد و عەرەب و کەمینەکانییەوە دەزانێ(دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ٩).

هەر لەو لێکۆڵینەوەیەدا ئامارێکی بڵاوکردووەتەوە کە تۆمارێکی گرنگە بۆ زانینی ئەوانەی هاتوونەتە ڕیزی شۆڕشی کوردستان: پێنج هەزار پۆلیس، سەدان هەزاران کەسی دیکە، (٦٠) پزیشك، (١٥٠) ئەندازیار، (٣٥٠) ئەفسەری پۆلیس، (١٠٠) ئەفسەری سوپا، زۆربەی حاکمەکان، (٤٠٠٠) مامۆستا، (٥٠) زانای ئایینی لە سلێمانی بەتەنیا، (٢٣٠) قوتابی ئامۆژگای ئایینی، (٦٠٠) شاگردی زانکۆی سلێمانی(دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ١١).

- ئەمجارەش هەر بارزانی، بابەتێکە حەوت لاپەڕی بۆ تەرخان کراوە گێڕانەوەیەکی پانۆڕامەیی باس لە خەباتی بارزانی دەکات، کە هەمیشە بەشی زۆری ڕق و کینەی ژەهراوییان ئاڕاستەی بارزانی سەرۆکی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد کردووە(دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ١٣ – ١٩).

بابەتێکی گرنگ سەبارەت بە پشتیوانی ئاسوورییەکان لە شۆڕشی کورد وەك لە سەروتارەکەدا هاتووە "بۆ برا ئاسوریەکان وا بە گەرمی پشتی شۆڕشی کورد دەگرن؟"، لەو وتارەدا وێڕای هێنانەوەی چەندین نموونەی هاوسۆزی و دۆستایەتی کوردی ئاسوری لە هاوکاری و داڵدەدانی ئاسوریەکان لە ناوچەکانی کوردستان هەروەك لە نامەیەکی مارشمعون بۆ کۆمەڵەی گەلان ناردوویەتی دەری خستووە(دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ٤٢ – ٤٥).

- بیرەوەری ٢٩ی حوزەیران دەرسێکی تری سەرکەوتن.

- لەپای چی و بۆ کێ؟ لەبارەی هەڵوێستی حزبی شیوعی – لیژنەی مەرکەزی دەدوێت کەوا چۆن بوونەتە کراسی سووری بەرلەشکری فاشی بەعس....( دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ٢١).

## ٦ـ گۆشەی ئێستگە:

ئێستگەی دەنگی کوردستان چەند گۆشەیەکی هەفتانەی تایبەتی بڵاوکردووەتەوە کە ئەمانەن:

- پۆستەی شۆڕش، شەممە.

* وێنەیەك لە ژیانی شۆڕشگێڕی نەتەوەکەمان، یەکشەممە.
* سەقافەتی حیزبی یەکشەممە ، پێنج شەممە.
* ئەدەب و شۆڕش، دووشەممە.
* دەمەتەقێی خوشکە گەزیزە، دووشەممە.
* پۆستێ گوهدارا، سێشەممە
* گۆشەی لوڕی، سێ شەممە و هەینی.
* بۆ هەر هێزە گوڵێ، هەینی(دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ١٢).

له ڕوونکردنەوەیەکدا سەبارەت بە "نامەی گوێگران" دەنگی کوردستان نووسیویە:"هەموو هەفتەیەك بە دەیان نامە و بە دەیان وتار و هەڵبەستی لە گوێگرە خۆشەویستەکانی کوردستانەوە پێ دەگا کە پڕە لە هەست و سۆز و پێشنیاری بەکەڵك و ئافەرینی دڵخۆشکەرە، دەزگای ئێستگە بایەخی زۆر ئەدا بەو نامانە کەڵکی باشی لێ وەردەگرێ و دوو گۆشـەی تایبەتیشـی لە پرۆگرامی کوردی و گۆشەیەکی لە پرۆگرامی عەرەبیدا بۆ تەرخان کردووە..."(دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ٥٥).

## ٧- وتارەکانی ئێستگە :

هەر لە ڕێگەی ئێستگەوە گەلێك وتاری جیاوازیش لەبارەی زۆر ڕووی ژیانی شۆڕشگێڕی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕووناکبیری بڵاوکراونەتەوە کە پڕن لە بەڵگە و نموونەی پڕ مانا.

- چەند ئامۆژگارییەکی تایبەتی بۆ دەزگاکانی پارتیمان، کە لەلایەن مەکتەبی ڕێکخستنی سەر بە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان وەك بەیاننامە بەسەر ڕێکخراوەکاندا بڵاوکراوەتەوە، وەك ئامۆژگاری بۆ ئەندام و لایەنگرانی پارتی بۆ چۆنیەتی کارکردن لە ناوچە ئازادکراوەکان(دەنگی کوردستان، (ژ ١، ١٩٧٥، ٢٨ – ٦١).

- بەعس ئاژەڵ دەپارێزن یا جاش؟

- لە نابووتی خۆیانا پەنا ئەبەنە بەر مناڵیش.

- بەعسیانی عیراق ڕۆڵە لەبەر دایك ئەفڕێنن.

- دگەل مەتەلەکا کوردی.

- جەماهیرێ میسلێ چ داخاز کربوون؟؟

- فاشستەکانی بەغدا و شوێنەوارە پیرۆزەکانی کوردستان.

- با هەر شەکاوە بێت ئاڵای ڕۆژنامەگەری کوردی شۆڕشگێڕانە:

وەك بایەخدان بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی ئەو وتـارە لە ٢٢ی نیسـانی ١٩٧٤ بڵاوکراوەتەوە(دەنگـی کوردسـتان، ژ ١، ١٩٧٥، ٧٩ – ٨١).

یەکێك لە بەڕێوەبەرانی سەرەکی ئێستگە لەو ڕۆژگارە ئاوا باس لە کاری ڕۆژانە دەکات: "سەرەتا لەسەر داوای مام هەژار شەهید دارا تۆفیق کە هاوڕێی دێـرینم بـوو، هەروەهـا لێپـرسراوی ڕاگەیانـدن بـوو، کردمـی بە یاریـدەدەری مـام هەژار کە بەڕێوەبەری ئێستگە بوو، بەڵام دوای چەند مانگێك مام هەژار بەخواسـتی خـۆی منـی بـۆ شـوێنی خـۆی پـاڵاوت و لەلایەن ئەمینداری گشتی ڕاگەیاندن شەهید دارا تۆفیق فەرمانی ڕەسمیم بۆ دەرچوو و بووم بە بەڕێوەبەری ئێسگە/ بەشی کـوردی، مام هەژار خۆشی بوو بە لێپـرسراوی زمـانەوانی، سـەرجەم وتارەکـانی ئێسـگە دەبینـی و لەڕووی زمـانەوە ڕێکـی دەخسـتن، (کامەران قەرەداغی)ش بوو بە بەڕێوەبەری بەشـی عەرەبـی، (سـەلاح عەلـی عیرفـان)یش بەرپرسـی بەشـی ئینگلیـزی بـوو، (فەلەکەدیـن کـاکەیی) بەڕێـوەبەری گشـتی ڕاگەیانـدن بـوو، د. کەمـال مەزهەر یاریـدەدەری ئەمینـداری گشـتی کاروبـاری ڕاگەیاندن بوو، ئێستا کە بیر لەو ڕۆژگارە دەکەمەوە چەند دڵسۆزانە کارمان دەکرد، بڕوا بکە لە بەیانییەوە تـا سـەعات نـۆی شەو من ئەو خێوەتەی خۆم لە هاوین و بەهار و پایز، لە زستانیش لە (قصر السلام) تا بەرنامەکانی رادیـۆکە تەواو دەبـوون، ژوورەکەم بەجێ نەدەهێشت(عەبدولواحێد، ٢٠١٩، ١٢١ – ١٢٢).

- عەسکەری کاشان حیزبە کارتۆنییەکانی ئەمڕۆی بەغدا.

## ٨- مەسەلەی کورد و ڕای گشتی جیهانی :

### ٨-١ - مەسەلەی کورد وەك مەسەلەیەکی ڕەوا ڕای گشتیی جیهانی لەگەڵە:

لەو گۆشەیەدا، دەنگی کوردستان لە هەموو پرۆگرامەکانیدا بە کوردی و عەرەبی و ئاسووری و تورکمانی و ئینگلیزی ڕوویەکی ئەو بایەخپێدانەی ڕای گشتی جیهانی خستووەتە ڕوو، بە پێشکەشکردنی پوختەی نووسینی چاپەمەنی هەندەران و هەڵوەستی دەزگا دەوڵەتی و مرۆڤییەکانی بەرامبەر بە شۆڕشی کورد، بەشێکی کەمی لەوەی بەدەست ئێستکە گەیشتووە، هەر بۆ نموونە ١٩٧٤/٤/١ - ١٩٧٤/٥/٣١ لە ماوەی دوو مانگ (١٥١) وتار و هەواڵ بە ئەڵمانی لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان بڵاوکراونەتەوە(دەنگی کوردستان ژ ١، ١٩٧٥، ٩٤ - ٩٩).

- وەڵامی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سەرۆك بارزانی: کە لە ٦ی حوزەیرانی ١٩٧٤ بۆیانی ناردبوو سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان(دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ١٠٠ - ١٠١).

بارزانی پێشەوا و گۆڤاری "کویك"ی ئەڵمانی، لە ژمارە (٢٠)، ١٩٧٤ وتارێکی بە ناوونیشانی "شۆڕشگێڕی گەورەی ئەم ڕۆژگارە"دا بڵاوکردووەتەوە(دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ١٠١ - ١٠٢).

"گاردیان و مەسەلی کورد یان دەرسێك لە قەڵادزە" باس لە بۆردوومانی شاری قەڵادزێ دەکات کە تێیدا (١٣٤) کوژراو و برینداره‌کانیش زیاتر بوون کە ژمارەیەکیان قوتابی و مامۆستای زانکۆ بوون......، هەروەها ڕۆژنامەکە ئاماژەی بە ئاماری ئەوانە کردووە کە چوونەتە ڕیزی شۆڕش، وەك پێشتر ئاماژەیان پێکرا(دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ١٠٢- ١٠٤).

## ٨-٢ - "مەسەلەی کورد و کۆنگرەی کەمینەکان لە "ئوهرید":

لە ٢٥ی حوزەیرانەوە تا ٨ی تەمووز لە شاری (ئوهرید) لە یوغسلافیا بە سەرپەرشتی ئەنجوومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان سیمینارێك بۆ بەرگری لە مافی مرۆڤ و نەتەوەکان گیرا، تێیدا (٣٥) دەوڵەت و کۆمەڵێ ڕێکخراو و هەندێ شەخسیاتی گەورەی جیهانی بەشداربوونە، وەفدی حکومەتی بەعسی عیراق بابەتێکی بە ناوی "چارەسەرکردنی ئاشتییانەی مەسەلەی کورد لە عیراقدا" خوێندووەتەوە، لە بەرانبەریشدا پارتی دیموکراتی کوردستانیش باسێکی درێژی دەربارەی باری ئەو ڕۆژگارەی کوردستان و شەڕی دژ بە میللەتی کورد دابووە سیمینارەکە بە ئاشکرا بە بەڵگە و بە وێنەوە هەموو ڕووداوەکانی شەڕی کوردستانی ڕوون کردبووە و تاوانی کاربەدەستانی بە وردی خستووەتە بەردەم بەشدارانی سیمینارەکە(دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ١٠٥ - ١٠٩).

## ٨-٣- "مەسەلەی ڕەوای کورد لە تریستای ئیتالیا دەنگ ئەداتەوە":

لە ١٠ - ١٤ی تەمووزی ١٩٧٤ کۆنفرانسێکی دەوڵەتی بۆ کەمینەکانی ئەوروپا بەستراوە، وەفدێکی پارتی و شۆڕش بەشداریان تێدا کردووە و دەورێکی باڵای بینیووە و بووەتە هۆی دەنگدانەوەی مەسەلەی ڕەوای کورد لە هەموو ئیتالیا، ئەوەی جێی ئاماژەیە وەفدی کورد وێڕای نارەزایی حکومەتی عیراق و هەڕەشەی پچڕاندنی پەیوەندی دیبلۆماسی لەگەڵ ئیتالیا، بەڵام سەری نەگرت و عیسمەت شەریف وانلی (وەك نوێنەری شۆڕشی کوردستان بەشداری کردووە و دەورێکی باڵای بینیوە لە خستنەڕووی بارودۆخی کوردستان) سەرئەنجام بە پێشنیاری (دە) وەفدی بەشداربوو توانرا سێ بڕیار دەربکرێ لە شێوەی بانگەواز بۆ هەریەك لە:

١- جەنراڵ بارزانی سەرکردەی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، تێیدا پشتگیری خۆیان لە گەلی کورد و شۆڕشەکەی دەربڕی بوو.

٢- بۆ جەنراڵ ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆك کۆماری عێراق - بەغداد، تێیدا تووڕەیی و نارەزایی خۆیان بەرامبەر شەڕی حکومەتی عیراق دژی گەلی کورد دەربڕیوە... هتد.

٣- کورت ڤالدهایم - سکرتێری گشتی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان - نیویۆرك: تێیدا داوای لێ کراوە مەسەلەی (شەڕی کوردستانی عیراق) بخاتە ناو لیستی داهاتووی کارەکانی ئەنجوومەنی گشتی و ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان(دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ١١١ - ١١٥).

## ٨-٤- "ڕای گشتی جیهان باش لە هەردوو لامان گەیشتووە":

لە ئاکامی ئەو بارودۆخەی کوردستان و شەڕی کوردستان،... ڕۆژنامەنووسانی جیهان ڕوویان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش کردووە بەمەبەستی ڕوومالکردنی ڕووداوەکانی، ئەو ڕۆژنامانە زۆر بە دروستی و بە بێ لایەنی بابەتەکانیان بڵاوکردووەتەوە، بەتایبەتی دواهەوڵەکانی ئاشتی و پێشنیار و بۆچوونەکانی سەرکردایەتی بزووتنەوەی کورد، لەمەدا ڕۆژنامە دیارەکانی وەك (لۆمۆند)ی فەڕەنسایی، (فایانشەڵ تایمس)ی ئینگلیزی، گۆڤاری (میدل ئیست)ی ئینگلیزی، وێڕای ئاژانسەکانیش، (ئیکۆنۆمیست)ی بەریتانیا، بارودۆخی کوردستان و هەڵوێست و ڕەفتاری حکومەتی عیراق لە پێشێل کردنی مافەکانی گەلی کورد خستووەتەڕوو، ڕوونیان کردووەتەوە کە کێ لەسەر هەقە و کێ ستەم دەکات(دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ١١٧ - ١٢٢).

### ٨-٥ - "مەسەلەی کورد لە ڕۆژنامە و گۆڤارە ئەڵمانییە کاندا":

لێرەدا ناوی (١٣) ڕۆژنامە و گۆڤاری هێناوە کە وتار و بابەتیان لەبارەی مەسەلەی کورد نووسیووە و بڵاوکردووەتەوە، هەروەك پێشتر ئاماژەی پێ کرا لە ماوەی دوو مانگدا (٤/١/- ١٩٧٤/٥/٣١) زیاتر لە (١٥١) وتار و هەواڵی لەسەر مەسەلەی کورد و هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە(دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ١٢٢).

ئەمەش نیشانەی بایەخدانی رای گشتی ئەوروپایین بە مەسەلەی کورد، هەر ناوی وتارەکان بە ئاشکرا ناڕەزایی چاپەمەنییەکانی ئەڵمانیا بەرانبەر ڕەفتارەکانی دەسەڵاتدارانی عێراق دەردەخات(دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ١٢٢ - ١٢٤).

### ٨-٦- لە فەڕەنسا چۆن باسی شۆڕش دەکەن؟:

بەهەمان شێوە لە وڵاتی فەڕەنساش ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیان بایەخی زۆریان بە شۆڕشی کوردستان داوە، بە دەیان وتاری گەورەیان لەبارەیەوە بڵاوکردووەتەوە و ئەوان بە چاوی خۆیان کارەساتەکانی کوردستان و شەڕەکانی پێشمەرگەی کوردستانیان بینیووە، یەکێك لەو وتارە گەورانە وتارێکی ئیمێل گیکۆڤاتی ڕۆژنامەنووسە لە ژمارە (١٢٧)ی گۆڤاری "ئێکسپرێس" لە ٢٦ی ئاب - ١ی ئەیلوولی ١٩٧٤دا، بەناوی "بەغدا جارێکی تریش بە تانك و فڕۆکە شەڕی دژی جەنراڵ بارزانی هەڵگیرساندەوە"، لەبەر گرنگی دوو جار بە کوردی و جارێکیش بە عەرەبی بڵاوکراوەتەوە، وتارێکی درێژی تێروتەسەڵ و پوخت لەبارەی دۆزی کورد داوە و ڕووی ڕاستەقینەی کاربەدەستانی بەغداد و ڕەوایی پرسی کورد و بێ خەمی ڕۆژئاوا و وڵاتانی زلهێز و بەرژەوەندخواز و ستەم و زوڵملێکراوی کورد و وره بەرزی پێشمەرگە لە شەڕ و پەشیمان بوونەوەی بەعس لە ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بە کورد و دەرهاویشتنی کەرکووك لە نەخشەی کوردستان و فڕۆکەی پێشکەوتووی سۆڤیەتی و چەکی کۆنی پێشمەرگە و ... هتد و زۆر لایەنی دیکەش لەو وتارە دەوڵەمەندەدا خراوەتە ڕوو(دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ١٢٦ - ١٣٤).

### ٨- ٧ - مەسەلەی کورد لە کۆنگرێسی ئەمەریکیدا:

ئەندامێکی کۆنگرێسی ئەمریکا بەناوی دۆمینیك دانێللی لە وتارێکی درێژدا لەبەردەم کۆنگرێسدا باسی مەسەلەی کوردی لە عیراق کردووە، ئەم ئەندامەی کۆنگرێس گەڕاوەتەوە سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیست و لکاندنی باشووری کوردستان بە عیراق و باسی شۆڕشەکانی شێخ مەحموود و بارزانی و شۆڕشی ئەیلوول و ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ و تا ئەوەی شەڕی ١٩٧٤، پاشان پڕۆژە بریارێك دەداتە کۆنگرێس تییدا داوای "مافی چارەنووس بە کوردەکان بدرێ" دەکات(دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ١٣٤ - ١٣٧).

- وەفدی پارتی لە ئەوروپا: لەو ڕۆژگارەدا وەفدی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان ئەندامی مەکتەبی سیاسی و موحسین دزەیی پێکهاتبوو سەریان لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان و ژمارەیەك وڵاتی ئەوروپا داوە و چاویان بە زۆر کەس و لایەنی سیاسی کەوتووە و باری گەلی کورد و شۆڕشی کوردستانیان خستۆتە بەرچاویان، ئەم

جموجۆڵانە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و ئاژانسی هەواڵەکانی وڵاتانی ئەوروپا بایەخیان پێ دراوە و باسیان کراوە، لەوانە ڕۆژنامەی (ڕۆتەردام) و (ڤـۆرڤێرت)ی ئۆرگـانی حیزبـی سۆسیالیسـتی ئەڵمانیـای فیـدراڵی و ڕۆژنـامەی (ئەربـاتیر زاتیۆنـگ)ی حزبـی سۆسیالیستی نەمسایی و ئاژانسی دەنگوباسی فەڕەنسا(دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ١٣٧ - ١٤٠).

- لە چەند نموونەیەکی تردا "باس لە نموونەی دیـکەی هەنـدێ ڕۆژنـامەی دیـکە دەکـات لە وڵاتە جیاجیاکـانی ئەوروپـا، فایناشناڵ، ئوبزێرڤەری ئینگلیزی، جگە لەوە چالاکی وەفدی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە یوگسلافیا بەشداری سیمینارێکیان کردووە بۆ خستنەڕووی پرسی کـورد بە قوتابیـانی بەشـداربوو، ڕادیـۆی لەنـدەن و ژمـارەیەك ئـاژانس و ئێسـتگە و هەر لەو ڕۆژانە زانای فیزیایی هەرە بەناوبانگی سۆڤیەت ئەندرێ ساخارۆف نـامەیەکی نـاڕەزایی تـایبەتی دژی شـەڕی قەڵاچـۆکردنی کوردی عیراقی بۆ کورت ڤالدهایمی سکرتێری گشتی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و لیۆنیـد برێژنێڤـی سـکرتێری یەکەمـی لیژنەی مەرکەزی حزبی شیوعی سۆڤیەت ناردووە. وێڕای ئەمانە باسی چالاکی وەفدی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە میسر دەکات کە لەگەڵ یەکێتی قوتابیانی ئەم وڵاتە لە سەر چەندین خاڵ پێکهاتوون.

لە هۆڵەندەش ڕۆژنامە و گۆڤار و ئێسـتگە و تەلەفزیـۆن وتـار و پرۆگـرام لەسـەر کوردسـتان بڵاوکـرانەتەوە، کـۆمەڵێکی تایبەت بۆ پاراستنی مافی کورد دامەزراوە بۆ کارکردن لەسەر مەسەلەی کورد(دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ١٤٠ - ١٤٩).

## ٩ - "ئەدەب و شۆڕش":

تەوەرەیەکی دیکەی دەنگی کوردستان "ئەدەب و شۆڕش"ە، لە سەرەتادا بـاس لە "ئەدەب و شـۆڕش و قۆنـاغێکی نـوێ" دەدوێت و دەڵێت: شاعیران و ئەدیبـانی کـورد دڵسـۆزانە چـاکی کاریـان لـێ کـردووە بەلادا و بە جـوانترین شـێوەی وێـنەی سـەرکەوتنە گەورەکـانی پێشـمەرگە و دەرد و ئـازاری ئاوارەبووەکـانی کوردسـتان و نەخشـەی دواڕۆژی کـورد ئەکێشـێ و ئێسـتگەی دەنگـی کوردسـتانیش زوو زوو بەرهەمە ڕەنگینەکانیـان بـڵاو دەکـاتەوە، یەکێـك لە گۆشـەکانی ئێسـتگە بەنـاوی "ئەدەب و شۆڕش" ڕۆژ نییە شیعر و پەخشان و چیرۆکی نوێی ئەدیبە لاوەکان نەگەنە ئێستگە، ئەدەبـی نـوێ بـۆ شۆڕشـە و شۆڕشیش بۆ گەلە(دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ١٥٢ - ١٥٣).

لە وتارێکیدا بەناوونیشانی "ئەبێ پێشمەرگە لە ئەدەبی ئەمڕۆمانـدا چـۆن ڕەنـگ بـداتەوە؟" تێیـدا ئامـاژە بەوە دەکـات "کەواتە ئەبێ ئەدەبەکەمان، ئەبێ شیعر و چیرۆك نووسینمان هەموو لە خزمەتی پێشمەرگە و جیهانی پێشمەرگەی تێـدابێ، ئەبێ ئازایەتی و جوامێری پێشمەرگە... ئەبێ خۆڕاگرتنی پێشمەرگە... ئەبـێ جەرگ و ئـاوابوونی هەتـاوی گیـانی پێشـمەرگە بێ... ئەبێ وشەکان بەخۆیان ببنە پێشمەرگە!!"( دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ١٥٤ - ١٥٥).

دوابەدوای ئەمە، شـیعرە بەناوبـانگەکەی شـێرکۆ بـێکەس (بـۆ بـارزانی) کە لەدوای هەوڵـی غـافڵکوژی بـارزانی لە ٢٩ی ئەیلوولی ١٩٧١ لەو شیعرە گوتراوە و جارێکی یەکەم لەو ڕۆژنامەی (التآخی) بە عەرەبی و بە کوردیش بەشێکی لە گۆڤـاری ڕۆژی کوردستان و یەکەم جاریش بە دەنگی خـۆی ڕۆژی ١٩٧٣/٧/١٤ لە کـۆڕێکی ئەدەبـی یەکێتـی نووسـەرانی کـورد لقـی سلێمانی لە ناوپردان خوێندراوەتەوە، لەیادی دامەزراندنی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانیش لە ١٦ی ئـابی ١٩٧٣ لە سـلێمانی خوێنـدراوەتەوە و لە ١٩٧٣/٨/١٧ لە کەرکـووك و لە سـەرەتای کـردنەوەی ئێسـتگەی دەنگـی کوردسـتانیش دووجـار بڵاوکراوەتەوە، جاری دووەمیان بە دەنگی خۆی لە پرۆگرامی ڕۆژی ١٩٧٤/٤/٢٢ پێشکەشی کردووە، سەرەتای شیعرەکە:

خۆشمان ئەوێی
بەقەد ڕقی شمشێری ناو چاوی ئەوان
خۆشمان ئەوێی
هەرا بۆ مەرگ/ نامانەوێی
ئەی بارزانی(دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ١٥٦ - ١٥٩).

- چیرۆکی "خەوەکەی سەفین" لە نووسینی ئامانج ، ڕووداوێکی ڕۆژانەی کەسوکاری پێشمەرگە لەژێر دەسەڵاتی کاربەدەستانی عێراق دەگێڕێتەوە، کە خێزانەکانیان لە باروودۆخێکی دژوار لە سەر ماڵی خۆیان دەربەدەری چیاوچۆڵ و دەشت و دەر دەکەن، کە ئەو ڕۆژانە بە هەزاران خێزانی پێشمەرگەی کوردستان وەك گوشار بۆ سەر شۆڕش و پێشمەرگە و سەرکردایەتی کاربەدەستان خەڵکیان ئاوارە کردووە(دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ١٦٠ - ١٦٢).

- سەرکەوتنی ئەمجارەتان، شیعرێکی محەمەد ڕەسوڵ هاوارە کە بۆ سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە مانگی ئاب و ئەیلوولی نووسیوە:

پێشمەرگەکان، سەرکەوتنی ئەم جارەتان

مایەی شانازی هەمووانە..

پێشمەرگەکانی سەنگەری

کۆڕەك و دەوری سەرچیا

پێشمەرگەکانی گوڕەز و

دەوری سەفین و کێوەڕەش

پڵنگەکان لە بێتواتە و لە ماکۆك و لە گەلی یا

هەمیشە سەرکەوتوون

لەپێناوی ئازادیا، لەپێناوی سەربەستیا

بەچکە شێران لە ئاسۆس و

لە دهۆك و ئامێدیا

پێشمەرگەکانی ئەزمڕ و

گۆیژە و شێخان و زمناکۆ

دلاوەرانی حەمرین و دەشتی هەولێر

لە سەختیا، لە تەختیا

هەمیشە دوژمن شکێن بن(دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ١٦٣ - ١٦٦).

- چیرۆکێکی دیکە بەناوی "مناڵێکی شڕۆڵی ڕێواس فرۆش تەیارە بەزێن" لە نووسینی براخاس، کەلە ڕووداوێکی ڕاستەقینە وەرگیراوە، کە مندالان و یەکیان دەڵێت لە تەیارە ناترسم و دەچم ڕێواس کۆدەکەمەوە و دەیفرۆشم تا یارمەتی ماڵەوەمان بکەم(دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ١٦٧ - ١٦٩).

- (سڵاوێك و چەپکە گوڵێك) ئەم پەخشانە هەست و بڕوای ڕووناکبیرێکە بۆ پێشمەرگە و لەگەڵیدا تابلۆیەکی هونەرمەند سمکۆ تۆفیق بڵاوکراوەتەوە، کە لە کۆتاییدا دەڵێت: ئەی پێشمەرگەی ناو سەنگەری شەرەف و سەربەرزی سڵاو ... سڵاو لە خۆت... لە سەنگەرەکەت... لە سەرۆکەکەت.... لە چەکت.... چەپکی گوڵی ڕازاوەش بۆ خۆت... بۆ چەکەکەت(دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ١٧٠ - ١٧١).

- پەیمان بۆ شەهیدێن کوردستان، ئەم پارچە پەخشانە هەوێنی ڕووداوێکی زانراوە، پەیامنێری دەنگی کوردستان لە دهۆکەوە ناردوویەتی، تێیدا باس لە هاتنەڕێزی کوڕی زیندانییەك دەکات کە هاتووەتە ڕیزی شۆڕش تا تۆڵەی باوکی بکاتەوە(دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ١٧٢).

- هەواڵێکی زامدار پەخشانێکە ئەنوەر قادر جاف بۆ لەیلا قاسم و هەڤاڵەکانی نووسیووە کە بڕیاری خنکاندنیان بۆ دەرچووە(دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ١٧٣).

- "گوڵاڵە بچکۆلانە" چیرۆکێکە لە نووسینی لاوك، باسی دەربەدەرکردنی خێزانی ئەوانە دەکات کە چووبوونە ریزی شۆڕشی کوردستان، کە بە سەدان خێزان دووچاری ئەم ڕەفتارە نامرۆڤانە بوونەتەوە(دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ١٧٥ – ١٧٧).

بە هۆزانەك بۆ سەرکێشی مەزن بابەلیسکی شیعری عەبدورەحمان مزوریيە(دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ١٧٨ – ١٨١).

- "جەنگ جەنگی خاکە بۆیە وا گەرمە" لە نووسینی براخاس، ئەم پەخشانە باس لە گیانسپاردنی جووتیارێکی یەکێك لە ئاوایيەکانی گەرمیان بە حەسرەتی گەڕانەوە بۆ گوندەکەی دەکات، بەڵام ئەم عەشقە بەتینە ئاگری تفەنگی هەموو پێشمەرگەیەکی چالاك دەدا، ئەمڕۆ لە دوێنێ زیاتر بڵێسەی عەشقی خاك و تاوی نیشتمان هانمان دەدا بۆ بەرگری و فیداکاری.... هەموو کوردێك هەر یەکێك بە شێوەیەکی تایبەتی بەشداری شۆڕشە!، هەریەکێك چ پیا و چ ئافرەت، چ گەورە، چ بچووك، چالاکانە فەرمانی خۆی جێبەجێ دەکات، هەموو دەزانن جەنگە... جەنگی خاکە بۆیە وا گەرمە(دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ١٨٣).

"نامەیەك بۆ لەیلا" پەخشانێکە بۆ لەیلا قاسم نووسراوە(دەنگی کوردستان، ژ ١، ١٩٧٥، ١٨٤ – ١٨٥).

4. الجمهورية العراقية، مبادئ ثورة ١٤ تموز في خطب سيادة الزعيم عبد الكريم قاسم، ج١، مطبعة الحكومة، بغداد، ١٩٥٩م
5. عبد الفتاح البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية، مؤسسة موكرياني للنشر، أربيل، ٢٠٠١م.
6. محاضر مجلس الأعيان تقرير عن أعمال اللجان الدائمة ١٩٣٧م؛ المطبعة الحكومية بغداد، ١٩٣٨م
7. مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ط٢، ج١، ١٩٩٧م.
8. وليد محمد سعيد الأعظمي، ثورة ١٤ تموز وعبد الكريم قاسم في الوثائق البريطانية، المكتبة العالمية، بغداد، ١٩٨٩م.

**المذكرات**

9. توفيق السويدي، مذكراتي نصف قرن من تاريخ العراق والقضية العربية، ط٢، المؤسسة العربية للدراسات، بيروت، ٢٠١٠م.
10. طالب مشتاق، مذكرات سفير عراقي ١٩٥٨-١٩٦٥، ج٢، بيروت، ١٩٦٩م

## المصادر والمراجع العربية والمعربة:

11. إبراهيم الداقوقي، أكراد تركيا، ط٢، دار آراس للنشر، أربيل، ٢٠٠٨م.
12. أحمد نوري النعيمي، السياسة الخارجية التركية بعد الحرب العالمية الثانية، دار المعرفة الجامعية للنشر، الإسكندرية، ١٩٧٥م.
13. أحمد نوري النعيمي، السياسة الخارجية التركية بعد الحرب العالمية الثانية، دار الحرية للنشر، بغداد، ١٩٧٥م.
14. أدمون غريب، الحركة القومية الكردية، دار النهار للنشر، بيروت، ١٩٧٣م.
15. أمين سامي الغمراوي، قصة الأكراد في شمال العراق، القاهرة، دار النهضة العربية، ١٩٦٧.
16. بيار مصطفى سعد الدين، تركيا وكوردستان العراق الجاران الحائران، دار الزمان للنشر، سورية، ٢٠٠٩م
17. جلال طالباني، كردستان والحركة القومية الكردية، منشورات جريدة النور، بغداد، ١٩٧٠م.
18. جليلي جليل وآخرون، الحركة الكوردية في العصر الحديث، ترجمة: عبدي حاجي، ط٢ مطبعة خاني، دهوك، ٢٠١٢م.
19. جمال مصطفى مردان، عبد الكريم قاسم البداية والسقوط، د.ط، دار الشرقية للنشر، بغداد، د.ت.
20. جورج حجار، المسألة الكردية، دار القدس للنشر، بيروت، ١٩٧٥م.
21. حنا بطاطو، العراق-الشيوعيون والبعثيون والضباط الأحرار، ج٣، ط٢، ترجمة: عفيف الرزاز، مؤسسة الأبحاث العربية، بيروت، ١٩٩٩م.
22. دانا آدامز شميدت، رحلة إلى رجال شجعان في كوردستان، ترجمة: جرجيس فتح الله، د.ن، أربيل ١٩٩٩م.
23. درية عوني، عرب وأكراد خصام أم وئام، دار الهلال للنشر، مصر، ١٩٩٣م، ص٦٥-٦٦.

24. ديفيد فرومكين، سلام ما بعده سلام ولادة الشرق الأوسط ١٩١٤-١٩٢٢، ترجمة: أسعد الياس، دار الريس للنشر، لندن، ١٩٩٢م.
25. ديفيد مكدويل، تاريخ الأكراد الحديث، ترجمة: راج آل محمد، دار الفارابي للنشر، بيروت، ٢٠٠٤م،
26. روبير مانتران تاريخ الدولة العثمانية، ترجمة: بشير السباعي، ج٢، دار الفكر للنشر، القاهرة، ١٩٩٣م.
27. روهات آلاكوم، خويبون وثورة آكري، ط١، ترجمة ونشر رابطة كاوا للثقافة الكردية، بيروت، ٢٠٠١م؛ متولي، كرد العراق، ص١٥٨-١٦٢.
28. سلام ناوخوش، دراسة سياسية حول احتلال وتقسيم كردستان، ترجمة: يوسف كمال، دار التفسير للنشر، أربيل، ٢٠٠٢م.
29. سي جي أدموندز، كرد وترك وعرب، ترجمة: جرجيس فتح الله، دار آراس للنشر، أربيل، ٢٠١٢م.
30. شوكت شيخ يزدين، البارزاني من مهاباد إلى آراس، ترجمة: شاخوان كركوكي، دار آراس للنشر، أربيل، ط١، ٢٠٠٣م.
31. عبد الحميد العاني وآخرون، تاريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري ١٩٥٨-١٩٦٨م، منشورات بيت الحكمة، بغداد، ط٢، ج١، ٢٠٠٠م.
32. عبد الرحمن البزاز، العراق منذ الاحتلال حتى الاستقلال مطبعة العاني، بغداد، ١٩٦٧م
33. عبد الرزاق الحسني، تاريخ العراق السياسي الحديث، ط٧، ج٣، دار الرافدين للنشر، لبنان، ٢٠٠٨م، ص٢٩٩.
34. عزيز قادر الصمانجي، التاريخ السياسي لتركمان العراق، دار الساقي للنشر، بيروت،١٩٩٩م.
35. عصمت السعيد، نوري السعيد رجل الدولة والانسان، دار مبرة السعيد للنشر، لندن، ١٩٩٢م.
36. عصمت شريف وانلي، كوردستان العراقية هوية وطنية، ترجمة: سعاد خضر، مطبعة شفان، السليمانية، ٢٠١٢م.
37. غنثر ديشنر، الكرد شعب بلا دولة تاريخ وأمل، ترجمة: جورج كتورة، دار آراس، أربيل، ٢٠١٤م.
38. فاضل حسين، مشكلة الموصل دراسة في الدبلوماسية العراقية البريطانية التركية في الرأي العام، ط٣، مطبعة اشبيلية، بغداد، ١٩٧٧م.
39. كاوس قفطان، الانتفاضات البارزانية- صفحات من تاريخ الحركة التحررية الكردية في النصف الأول من القرن العشرين، ط٢، دار آراس للنشر، أربيل، ٢٠٠٣م.
40. كريم مطر حمزة الزبيدي، سياسة الولايات المتحدة الأمريكية تجاه تركيا، دار الرضوان للنشر، عمان، ٢٠١١م.
41. كمال مظهر أحمد، انتفاضة ١٩٢٥م الكردية في تركيا دراسة تحليلية، د.ن، بيروت، ٢٠٠١م.
42. كمال مظهر أحمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الأولى، ترجمة: محمد الملا عبد الكريم، دار الثقافة والنشر الكردية، بغداد، ٢٠١١م.
43. لوقا زودو، المسألة الكردية والقوميات العنصرية في العراق، دار السنابل للنشر، بيروت، ١٩٦٩م.
44. م.س لازاريف، المسألة الكردية ١٩١٧-١٩٢٣م، ترجمة: حاجي عبدي، دار الفارابي، بيروت ١٩٨١م.
45. محمد الجعفري، الليلة الأخيرة مجزرة قصر الرحاب مصرع العائلة الهاشمية المالكة في بغداد يوم ١٤ تموز، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠٠٢م.
46. محمد عزة دروزة، تركيا الحديثة، دار الكشاف للطباعة، بيروت، ١٩٤٦م
47. محمد نور الدين، تركيا في الزمن المتحول قلق الهويات وصراع الخيارات، دار رياض الريس للنشر، لندن، ١٩٩٧م.
48. المس بيل، فصول من تاريخ العراق القريب، ترجمة: جعفر الخياط، دار الرافدين، بيروت، ٢٠١٠م
49. مصطفى الزين، ذئب الأناضول، دار الريس للنشر، لندن، ١٩٩١م.

50. معروف جياووك، مأساة بارزان المظلومة، المطبعة العربية، بغداد، ١٩٥٤م.
51. نعمان ماهر الكنعان، ضوء على شمال العراق، دار الجمهورية للنشر، بغداد، ١٩٦٥م
52. هنري فوستر، نشأة العراق الحديث، ترجمة: سليم طه التكريتي، ط٢، دار الأهلية للنشر، عمان، ٢٠٠٩م.
53. هنري لورانس، اللعبة الكبرى المشرق العربي المعاصر والأطماع الدولية، ترجمة: عبد الحكيم الأربد، الدار الجماهيرية للنشر، ليبيا، ط٢، ٢٠٠٧م.
54. وليم انغلتون الابن، جمهورية مهاباد الكردية ١٩٤٦م، دار آراس للنشر، أربيل، ط١ ٢٠١٢م.

## الرسائل العلمية

55. عوني عبد الرحمن السبعاوي ، العلاقات العراقية التركية ١٩٣٢-١٩٥٨م، مركز الدراسات التركية، جامعة الموصل، ١٩٨٦م.
56. تالار علي أمين، "موقف تركيا من القضية الكردية في العراق ١٩٣٧-١٩٧٥م دراسة تاريخية"، أطروحة دكتوراه منشورة، كلية التربية، قسم التاريخ، جامعة الموصل، ٢٠٠٩.
57. جهاد مجيد محي الدين، حلف بغداد، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الآداب، قسم التاريخ، جامعة عين شمس، ١٩٧٠م.
58. سحر صادق جابر، السياسة الخارجية التركية تجاه الوطن العربي ١٩٥٨-١٩٧٣م، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية للبنات، جامعة بغداد، ٢٠٠٩.
59. عبد القادر عبد الرزاق أحمد السامرائي، "السياسة الخارجية التركية تجاه العراق ١٩٥٨-١٩٦٧م"، رسالة ماجستير غير منشورة، المعهد العالي للدراسات السياسية والدولية -الجامعة المستنصرية، ٢٠٠٤م،
60. علاء طه ياسين، عصمت اينونو ودوره السياسي في تركيا ١٨٨٤-١٩٧٣م، أطروحة دكتوراه غير منشورة، كلية التربية، جامعة المستنصرية، بغداد، ٢٠٠٦م.
61. عوني عبد الرحمن السبعاوي، تركيا وقضايا المشرق العربي ١٩٤٥-١٩٦٧م، أطروحة دكتوراه غير منشورة، مقدمة إلى كلية الآداب، جامعة الموصل، ص١٩٩٠م.
62. قحطان أحمد سليمان، "السياسة الخارجية العراقية من ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ الى ٨ شباط ١٩٦٣م"، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية القانون والسياسة، جامعة بغداد، ١٩٧٨.

## الدوريات الأكاديمية

63. شذى فيصل رشو، أكراد العراق في العلاقات العراقية الإيرانية ١٩٥٨-١٩٧٥، مجلة آداب ذي قار، كلية الآداب، جامعة ذي قار، بغداد، مج٢، ع٦، ٢٠١٢.
64. شيرزاد زكريا، أثر حلف بغداد ١٩٥٥ على الحركة التحررية القومية الكوردية، بحث منشور مركز الدراسات الكوردية وحفظ الوثائق، جامعة دهوك، ٢٠١١م.
65. الموسوعات
66. محمد علي الصويركي، الموسوعة الكبرى لمشاهير الكرد عبر التاريخ، مج٥، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠٠٨م
67. محمد علي الصويركي، معجم أعلام الكرد في التاريخ الإسلامي والعصر الحديث في كردستان وخارجها، مؤسسة زين للنشر، السليمانية، ٢٠٠٦م.

# سیاسەتا حکۆمەتا تورکیا بەرامبەر دۆزا کوردی ل عیراقێ (١٩٥٨ – ١٩٦٣)


## پۆختە:

درۆستبوونا شۆرەشا ١٤ تیرمەها سالا ١٩٥٨ بوویە ئەگەرێ لێدانا پەیوەندیێن عیراقێ دگەل تورکیا، کو ل پێش وەخت پەیوەندی و هەڤپەیمانیێن دووقوولی و هەرێمی یێن خورت دناڤبەرا وان دا هەبووینە وەك سعد ئاباد ل ١٩٣٧ و هەڤپەیمانیا بغداد ١٩٥٥، هەروەسا ئەو سیاسەتا نافخوییا باش یا حکۆمەتا عیراقێ یا نوی لدەستپێکێ بەرامبەر دۆزا کوردی بوویە ئەگەرێ نەرازیبوونا تورکیا و ب خرابی کارتێکرن لسەر پەیوەندیێن هەردوولا کریە، کو حکۆمەتا عیراقێ هەولا چارەسەریا دۆزا کوردی کریە ب رێکا نڤێسینا دستورەکێ نوی بۆ وەلاتی، و دانپێدانا وێ ب مافێن کوردی لدویف بەندێ سێ ژ دستورێ بەروەخت یێ حکۆمەتا عیراقێ. حکۆمەتا تورکیا دەست ب هەوەکا پرۆپاکندێ کر وەك هەولەك ژلایێ وێ ڤە داکو باوەریێ بۆ رازیکرنا بۆچوونا گشتی یا جیهانی لدۆر هەبوونا مەترسیەکا کوردی و پێتڤی یە دەولەتێن هەڤسنۆر مایتێکرنێ تێدا بکەن ژبۆ راوەستاندنا وێ. دەستهەلاتا تورکی هزر د هەوەکا لەشکەری دا کر ل عیراقێ ژبۆ لێدانا کوردان، لێ شکستن د ئەڤێ پلانێ دا ئینا، ئەوبوو بەرف سیاسەتا دوو بەرەکیێ ڤەچوو ب ریکا راکێشنا هندەك شێخ و ئاغاواتان داکو دژی مەلا مستەفا بارزانی ب راوەستن و ژبۆ لێدانا ئێکگرتن و سەرکردایەتیا کوردان، هەروەسا تورکیا ئەو رویدانێن کەرکوکێ بخۆ ب دەلیڤە زانی ژبۆ مایتێکرنێ د کارۆبارێن عیراقێ و لێدانا کوردان و داکو ئەڤ بزاڤە نەگەهیتە دەڤەرێن وێ یێن کوردی.

ڤەکۆلین کار ژبۆ دویفچوون و شرۆڤەکرنا پێشڤەچوون و گۆرانکاریێن سیاسەتا تورکیا دکەت بەرامبەر دۆزا کوردی ل عیراقێ و ئەو کاودانێن بووینە ئەگەرێ وێ سیاسەتێ، دگەل دیارکرنا ئەنجامێن وێ بەرامبەر دۆزا کوردی، لڤێرێ ئارمانجا ڤەکۆلینی رۆنکرنا کارتێکرنا شۆرەشا (عبدالکریم قاسم)ی ل سالا ١٩٥٨ ل عیراقێ لسەر بەرژەوەندیێن تورکیا. پالپشتیا ڤەکۆلینێ لسەر چەند ژێدەرێن سەرەکی یێن جۆرە و جۆر بووینە، وەك کۆمەکا بەلگەنامێن عەرەبی، هەروەسا پەرتۆکێن بەلگەنامەیی ببوونە ئەگەرێ دەولەمەندکرنا ڤەکۆلینێ، دیسان بیرهاتنێن سەرکردە و سیاسەتمەداران پێزانینێن گرنگ دەربارەی سیاسەتا تورکیا بەرامبەر دۆزا کوردی ل ڤەکۆلینێ زێدەکرینە، ئەڤە و نڤێسینێن عەرەبی و یێن عەرەبکری ژێدەرێن گرنگێن ڤەکۆلینێ بوون کو مفا و پێزانینێن باش تێدا هەبووینە دەربارەی پێشڤەچوونێن دۆزا کوردی د ئەوی ماوێ ڤەکۆکولینێ یێ دەستنیشانکری دا،

بابەتی وەسا خاستی یە بهێتە دابەشکرن بۆ (دەستپێك و دوو تەوەر و دۆماهیکهاتن و پاش لیستا ژێدەر و لێڤەگەران). تەوەرێ ئێکێ بەحس لسەر پێشڤەچوونێن سیاسەتا حکۆمەتا تورکیا دکەت بەرامبەر دۆزا کوردی ژ سالا ١٩٥٨ - ١٩٦١، تەوەرێ دووێ دویفچوون و ڤەکۆلینا سیاسەتا تورکیا دکەت بەرامبەر شۆرەشا کوردی.



الکلمات المفتاحیە: تورکیا - شۆرەشا کوردی - عیراق - مستەفا بارزانی.


# The policy of the Turkish Government towards the developments of the Kurdish Question in Iraq 1958–1963


## Abstract

**The outbreak of the Iraqi revolution in 1958 AD dealt a decisive blow to Iraq's relationship with Turkey, which was strengthened after they concluded bilateral and regional alliances in Saadabad in 1937 AD, and the Baghdad Pact in 1955 AD, where Turkey expressed its**

condemnation of the changing situation in Iraq.Initially, the positive internal policy of the Iraqi government towards the Kurdish issue led to the annoyance and anger of the Turkish state over these developments, which was negatively reflected in the Iraqi-Turkish relations, as the Iraqi government sought to settle the Kurdish issue, which was represented by writing a new constitution for the state, and its recognition of rights In accordance with Article 3 of the interim constitution of the Iraqi Republic, the Turkish authorities began launching a propaganda campaign and spreading rumors about the advance of Kurdish armies towards Baghdad, in an attempt to convince world public opinion of the existence of a Kurdish danger that requires the intervention of neighboring countries Turkey and Iran to stop it..

Turkey proposed the idea of military intervention in Iraq with the aim of striking the Kurds, but it failed to implement this scheme, so it proceeded to follow a policy of divide and rule, by wooing a number of sheikhs to stand in the face of Barzani for the goal of striking Kurdish unity and its leadership. In addition, Turkey took advantage of the Kirkuk incidents between the Kurds and Turkmens, to take it as a pretext to interfere in Iraqi affairs and strike the Kurds, so that this movement does not infiltrate its Kurdish areas.

Therefore, the Turkish intervention was a repetition of the content of the Saadabad Pact and the Baghdad Pact, and although Turkey had differences with Iraq, the Turkish state was keen on the sovereignty and unity of Iraqi lands and opposed any project that would grant the Kurds real autonomy, for its fear of Transmission of its infection to the Turkish interior.

The research problem in the study and analysis of developments and transformations of the Turkish policy towards the Kurdish issue in Iraq, and the circumstances that led to it, and the consequences of this policy towards the issue. Hence, the research aims to clarify the impact of the revolution led by Abdel-Karim Kassem in 1958 in Iraq, Turkish interests.

The study relied on a range of different primary sources, as well as a group of Arabic documents, and formed the books of documentary tributary whatever the richest research, as well as the diary leaders and politicians have influenced research important for the Turkish government's policy with information about the Kurdish issue, as represented Arabic literature and Arabized source whatever the study, which reported significant research on the developments in the case of the Kurdish information during the study period. the study also relied on a number of references in Arabic and research related to the topic of research, which formed an important tributary of the axes of research.

The nature of the subject necessitated dividing it into an introduction, two axes, a conclusion and a list of sources and references. The first axis dealt with the policy of the Turkish government towards the developments of the Kurdish issue 1958-1961 AD, and the second axis dealt with the policy of the Turkish government towards the outbreak of the Kurdish revolution.

Keywords: Turkey - Kurdish revolution - Iraq - Mustafa Barzan

# كورته ڤەكولين

# أوراق بحثية

# شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و ڕەنگدانەوەی

# لە هونەری میللی کوردیدا .. !

**ئەسعەد عەدۆ**

**نڤیسەر و رۆژنامەڤان**

Asadado99@gmail.com

## دەروازە :

دوابەدوای ئەوە کە عوربچیەکان بە تایبەت کلوفس مقصود لە رێگای رۆژنامەی (الپورە) لە ساڵی ١٩٦٠ داوای توانەوەی میللەتی کوردیان دەکرد .. پارتی و سەرۆك بارزانی مەردانە بەرانگاری ئەو داوا گڵاوە بوونەوە بەڵام ئەو دەروون نەخۆشانە بەمەیش رانەوەستان بەڵکو مێشکی رەحمەتی عبدالکریم قاسم دژ بە بارزانی و کورد بەکینەوبوغز ئاودەداو تۆی دووبەرەکیان بڵاودەکردەوە .

سەرەڕای ئەوەش سەردانی سەرۆك بارزانی لە ٥ / تشرینی دووەمی/ ١٩٦٠ بۆ یەکێتی سۆڤیەتی ئەوکات و ێشوازیکردنی لەلایەن (خرۆشۆفەوە) بوەتە هۆی زێدە نیگەرانی مەرحوم عبدالکریم قاسم .. هەرچەندە بارزانی مستەفا بۆ چارەسەری گیروگرفت و دڵنیابوونی زەعیم لە ١٣ / کانوونی دووەمی / ١٩٦١ سەردانێکی بەغداو دیدەنی قاسمی کردوە بەڵام پلان و گومڕانیکردنی خۆپەرستان لە ناخی زەعیم دژ بە سەرۆك بارزای پەنگی داوەتەوە !

کاتێ بارزانی گەیشتە ئەو قەناعەتە کە سەرەداوی چاکبوونەوە لەنێوان (خۆی وکورد)لەلایەك ، زەعیمش لەلایەکی دیکە نادۆزرێتەوە بۆیە لە سەرەتای ئاداری ١٩٦١ بۆ یەکجارەکی بەغدای جێهێشتوەو گەڕاوەتەوە (بارزان) و دەستی کردە کڕینی چەك وخۆئامادەکردن ، هەرچەند کۆمیتەی ناوەندی پارتی لە تەمموزی ١٩٦١ نوێنەری ناردۆتە لای جەنابی بارزانی بۆ چارەسەرکردنی ئەو بارودۆخە نوێیە ، هەرچەندە بارزانی نەمر ئەوکاتی بۆ سەرهەڵدانی شۆڕش بەگونجاو نەزانیوە . بەڵام بارودۆخ بەرەو خراپتر دەچوو ئەوەبوو لە رۆژی دووشەممە رێکەوتی ١١ / ئەیلوول / ١٩٦١ بڵێسەی ئاگری شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە سەرۆکایەتی سەرکردەی هەمیشەیی نەتەوەکەمان بارزانی مستەفا هەڵگیرسا ..

دوورنیە هێندێك کەسانی سیاسی و رۆشنبیری کورد سەرهەڵدانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی کوردیان لەوکاتدا (١١ / ٩ / ١٩٦١) بەماکاو زانیبێ یان بە ناکامی لە قەڵەم دابێ ! بەڵام بە مەزندەو بۆچونی هێندێکیش هیچ مەفەڕێکی دیکە لە دەست پارتی و سەرۆك بارززانیدا نەبوە بۆ پەرچدانەوەی داوا نارەواکان و پلانە گڵاوەکانی خۆهەڵپەرستەکانی دەوروبەری زەعیم قاسم .

ئەگەر بەووردی سەیری ئەو جموجۆلیەی میری لە کوردستاندا بکەین وەك دابەشکردنی چەك لەسەر هۆزو خێلەکانی نزیك بارزان و فەرماندانی خۆگورجکردنی سوپای عیراق .. هەمووی دەلالەتی سەرکوتکردنی کوردی تێدا بەدیدەکرا ! بەڵام هۆشیاری و پسپۆری بارزانی لەو مەیدانەدا هەردەم بوەتە هۆی نەهاتنەدی خۆزگەو ئاواتی دوژمنان .. بە مانایەکی تر بڕیاردانی مێژوویی سەرهەڵدانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لەلایەن مەلا مستەفای بارزان تاکە رێگای حەتمیەتی بەرگریکردن بوە دژ بە سیاسەتی توانەوەو لەنێوبردنی میللەتی کورد .

## ئەدەب وهونەری میللی و فۆلکلۆری

جگە لە هونەرمەندان و رۆشنبیرانی کورد خەڵکێکی زۆر تا ئێستا جیاوازیەکی ئەوتۆ لەنێوان ئەدەب و هونەری میللی و فۆلکلۆر ناکەن ، ئەگەر هەموو ئەدەب و هونەری سەرزارەکی نەتەوەکەمان لە لاوك ، حەیران ، بەیت ، پەندی پێشینان ، سەرگوزشتە ، قسەی نەستەق ، داستان ، لەلایەن خەمخۆرانی میللەتەکەمان بنوسرێتەوە یان نۆتە بکرێ و لەفەوتان رزگار بکرێن بێ سێودوو دەکەوێتە خانەی فۆلکلۆر چەنکە خاوەنی ئەو بەرهەمانە نەناسراون بۆیە بە موڵکی میللەت لە قەڵەم دەدرێ و رۆڵەکانی شانازی پێوەدەکەن و هەریەکە بۆی هەیە مامەڵەی دەگەڵ بکات ، جا ئەو مامەڵەکردنە ناوچەیی بێ یان فراوانتر.

جاریواش هەیە ئەدەبی میللی قۆناغێك بەهۆی ئەو بارودۆخە هەمیشە نالەبارەی کوردو کوردستان دەدرێتەوە پاڵ فۆلکلۆر یان بە پێچەوانە ، بەڵام پسپۆرانی لێهاتویئەو مەیدانە بەرفراوانە زۆرجار لێکیان (دانوئاوێر) دەکەن و هەریەکەی بەرەو رێچکەو بەراوی خۆی دەگەڕێنتەوە .. جاریش هەیە جیاکردنەوەیان گەلێ ئەستەمە ! هەندێ جاریش فۆلکلۆرو مێژوو پاڵوەیەك دەدەن هێندەی داوەمووێك لێك ناترازێن .

ئەدەب وهونەری میللیش کە وەك نەتەوە شانازی پێوە دەکەین و لەچاو میللەتانی دیکەی جیهان جۆخینێکی گەورەو دیارمان هەیە ، کەچی بەداخەوە تا ئێستا بۆمان نەلواوە لێکۆلینەوەو دیراسەی لەسەر بکرێ .. کە ئەوەیش دەگەڕێتەوە سەر ئەو بارودۆخەی میللەتەکەمانی تێدا دەژی یان تێدەپەڕی .

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو سەربردەو داستانانەی فۆلکلۆری کورد .. گەلێ لایەنی حەشاردراوی مێژوویی میللەتەکەمانی لەبەر دەنوسرێتەوە چونکە تا ئێستا کورد نەیتوانیوە مێژووی خۆی بە دەستو زوبانی زکماکی بنوسێتەوە بۆیە هەر لە رێگای ئەم نووسینەوە بۆ جاری دووەم داوا لە مێژوونوسان و ئەو بەرێزانە دەکەم کە پەیوەندیان بەو لایەنەوە هەیە وەك میللەتی(فینلاند) با سوود لە داستان و بەیت و سەرگوزشستەکانی فۆلکلۆر وەرگرن بۆ نووسینەوەی مێژووی کورد .. لەمەیشیان دڵنیاین کە هەموو سەربردەیەکی ژیان وبەسەرهاتی ئەم ناوچە هەردەم هەڵگیرساوە نەبۆتە وێردی سەرزاری شایەران و گۆیندەبێژان بەڵکو هەندێك لەو بەسەرهاتوو شەڕوشۆڕانە کە بوونەتە مایەی دڵسوتانی

خەڵکی کوردستان و غەدرلێکردنی ئەموئەو لە میللەتەکەمان لەنێو دڵ ودەروونی کەسانێك پەنگی خواردۆتەوە ! پێویستە فۆلکلۆرپەروەروەران هیممەتیان بۆ بکەن .
هەر ئەوجۆرە رووداوە دڵتەزێنانەی ناخ ودەروونی خەڵکی کوردستان بوەتە (سۆییکی حەفتلۆ) بۆیە بە ئاوازێکی بەسۆزو غەریبی یان سەرسامبوونی شەڕی پێکدادان و ماڵوێرانی لەلایەن شایەران درکاندراوەو گوێچکەی گوێگرانی دیوەخانەو پاوان و ئاقاری کوردستانی پێ زرنگاوەتەوە تا گەیشتۆتە نەوەی ئێستاکێ و زڤزی زڤزی ، ئێمەیش هەر گوێ بیست دەبین و شانازیشی پێوەدەکەین و زۆرجاریش فرمێسکی حەژمەت دەڕژێنین !

## سەرەتای رەنگدانەوە

هەر لەو رۆژەی دەنگوباسی بەرپابوونی شۆڕش لە رێگای رێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردستان گەیشتە نێو خەڵکی کوردەواری لەچوارچێوەی کوردستاندا دەنگی دایەوە .. خەڵکان بە تایبەتی جحێڵەکان بە پەرۆشەوە بەرەوپیری چوون و دەنگی تەقینەوەی گوللە تڤەنگی قۆنداخ بەگرێ و کوچکچاپ و جامبێزار ئۆقرەی لە سوپای داگیرکار هەڵگرتبوو ، ئەو دوڵ و چیا سەرکەشانەی کوردستانیش لە دوژمنان ببوونە(لەمەچێتر)و زراوی پۆستاڵ رەشانی رژاندبوو .
ئەو خەڵکە لێکرا خۆی لە دەوروبەری شۆڕش و سەرکردە بە وەفاکەی لوولدا بوو ، جگە لە ئەندام و لایانگیرانی رێکخستنی پارتی خەڵکی نێو شاروگوند بەوپەڕی سەربەرزیەوە دەستی یارمەتی و کۆمەککردنی بۆ شۆڕش درێژ دەکرد بە تایبەتی دێهاتی کوردستان بنکەی شۆڕشگێڕی پێشمەرگەی کوردستان بوو هەر بۆیە لەم دواییەدا رژێمی بەعس هەموو تواناکانی خۆی بەکارهێنا بۆ خاپوورکردنی پێنج هەزار گوندی کوردستان بەمەیان توانی گەورەترین بنکەی شۆڕشگێڕی کورد لەنێوببباو ئاستەنگ لەنێوان کۆمەڵگای کوردەواری و شۆڕشی رزگاریخوازی کورد دروست بکات ، بەڵام ئیرادەی میللەتان هەردەم لە زەبروزۆرداری رژێمی میللەت نەویست بەهێزترە .
هەر لە سەرەتای پێکدادانی هێزی رژێم و سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان داروودەستەی دەوڵەت گەیشتە ئەوە کە هەڵۆکانی بارزانی بەو پیاوە ناپهووتانەی لەمەڕ خۆیان دڕ نادرێن بۆیە بیریان لە تۆی دووبەرەکی میللەتی کوردیان کردەوە .. ئەوەبوو لە رێگای هەڵوێست لەرزۆکانی کورد چەك و جبەخانەیەکی زۆریان لەسەر دابەشکراو ئاگری دووبەرەکیان لەنێوان هاودەنگ و هاوخەمان بەزێدە هەڵگیرساند ، ئەگەر چاوێك بە مێژووی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بخشێنین هەست بەوە دەکەن کە رژێم بە هیچ شێوەیەك نەیتوانیوە سەرکەوتن لەبەرەی شەڕ وەدەست بێنێ جگە لەو سەنگەرانە کە پاڵپشت و رێنیشاندەرەکانیان کوردی خۆفرۆش بوە ! هەر بۆیە ئەم لایەنە (واتە بەکرێگرتنی خۆفرۆشان لەلایەن رژێمانی یەك لەدوای یەکی عیراق) کارێکی کاریگەری لەسەر مێژووی سیاسی و عەسکەری شۆڕشەکانی کورد هەبوە .

شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ئومێدو ئاواتی هەموو کوردی کوردستانی گەورە بوهو بۆیە بە چاوێکی پڕ لە ڕێزو حورمەتەوە سەیر دەکرا ، هەر نوشستیەکی شۆڕش بە نوشستی کۆمەڵگای کوردەواری لەقەڵەم دەدرا ، بە مەزندەو ئاگاداری ئێمە بۆردومانی کوردستان لەلایەن فڕۆکەی شەڕکەری سوپای عیراق و کوشتنی پێشمەرگەی ناوداری کوردستان ( محمود کاوانی) لە ٢٠ / ئابی / ١٩٦٢ لە (ئاقووبان) بەهەوەڵ ڕەنگدانەوەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە هونەری میللی کوردیدا دەژمێردرێ کە شایەر دەڵێ :

**فەرمانە سەت جاران بەمن فەرمانە .**

**ڕەبی خودێ خرابکا مالێ بابی کەلحێ ڕێکانی .. لۆ صدیق میرانە .**

**ئەوڕۆ لەمن بوونە سەرێ سەبەبکاری عامی کوردانە .**

**بەرێ ئەویدیکە حمدەمین میرخانە ، وەکی لەمە بریندار کرا لە مستەشفایێ موسرێ دەبابۆ قەومی ڕێکانیاندا بەر دەمانچانە !**

**دەنگۆ نزانن تاقمێ محمود کاوانی دەبابۆ شەمڕا وا لەسەر کانیی دەبەحرێیە .**

**دەنگۆ نزانن ئەوڕۆ جووتێ تەیارێ مێکی لەمن هەرستان خائینی جەمبورەتێ لاسلکی وێیە .**

**بەرێ حەیفێ من دەمینێ ئەوڕۆ محمود کاوانی دەهاتە کوشتنێ بابۆ لەسەر کانیێ .. ناوەڵلا لەبن وێ گیزێیە .**

**میرانیان دەکوشت مار بەبێ خودانی**

**کێ میرانی کوشت محمود کاوانی**

**کێ سەورەی هەرکرد شێخی بارزانی .**

ئێمە لەوەیش دڵنیاین کە چەندین هەزار شۆڕهسواری کورد لە مەیدانی سەرفرازی کوردستاندا خۆیان کردۆتە قوربان ، بەڵام هەروەکو لە سەرەتادا باسی ئەوەمان کرد کە هێندێك ڕووداو و کارەساتی زێدە دڵتەزێن لەلایەن خەڵکی کوردەواری دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی ناسورێکی ژاندار .. ئەمەیشیان ئەوە ناگەینێ کە هوانەی نێویان نەکەوتۆتە نێو لاوکوحەیران و لاوژهی کوردەواری لە پلەی خۆبەختکردنیاندا کەم دەبێتەوە .. نەجێر ، بۆ بەڵگەیش ئەو نموونە کۆنە دەخەینە ڕوو :

ئەگەر سەیری لاپەڕهکانی مێژووی کورد بکەن بۆمان دەردەکەوێ کە چەندان میروبەگلەرو فەرمانڕهوای ئیمارەتەکانی کوردو پیاوماقوڵان و ناودارانی کورد لە ڕێگای کوردایەتی یان موڵکی کوردان فەوتاوە یان فەوتێنراوە ! کەچی ژمارەیەکی زۆر کەم بوونەتە هەوێنی سۆزی گۆیندەبێژانی کوردەواری .. ئەگەر لەنێوبردنی سلێمان بەگی شاقوڵی بەگ بە پلان و دەسیسەی نەیاران نەبوایە کە بوو بەهۆی ئەوە لەلایەن والیی بەغدا ژهەرخوارد بکرێ و ئەو تراژیدیایەی بەخۆوە نەدەبینی ! ئەگەر پیلانی لەنێوبردنی شۆڕمحمودو لەلایەن مامەی ساز نەکرابوایە بۆ ئەوەی مەرزن گیانی کچی نەداتێ ، وەکو سەدان دڵدارانی دیکە شوێنەواریان ون دەبوو بەڵام هەندێ نەریتی دوور لە مرۆڤایەتی دەبێتە هۆی چەسپاندن و تۆمارکردنی ئەوجۆرە ڕووداوانە لەنێو دەروونی کۆمەڵگا .

لەنێو میللەتانی دیکەیش ئەمجۆرە نموونانە هەیە وەك : (ابوزيد الهلالى) و ( ليلى ومجنون) لەنێو عەرەبداو تراژیدیای شەهیدبوونی ئیمام حسێن لە مێژووی ئیسلامدا ، رۆمیۆ جولێد لە ئینگلستان و( ئەصلوکەرەم)لە ئەدەبی تورکماندا و چەندانی تریش .

دوابەدوای شەڕە بەناوبانگەکەی چیای سەفین لەنێو هونەری میللیدا باڵەفڕکێ دەکاو لەسەر داواکردنی ئامر هێزو بەتالیۆنەکان سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان سەرۆکی کوردان بارزانی مستەفا فەرمانی بەرپەرچدانەوەی هێرشکراوان دەداو تین لەخۆفرۆشان دەدا بۆ ئەوەی واز لە پاڵپشتکردنی رژێم بێنن و لوولەی تڤەنگیان بەرەو سینگی دوژمنانی کورد راگرن ، بەڵام ملهوڕیان لەراست بانگەوازی بارزانی دەبێتە مایەی سەرشۆڕی و کوشتارێکی زۆرو لە ئەنجامدا پاککردنەوەی سەفینەشێتی خۆشناوان لەدەست نەیارانی کوردو بارزانی .

دوا نموونەی ئەو سەرەتایەمان بەو لاپەڕە دڕندەی شێخ حەنەش دراوسێی کورد کە هەردەم لەلایەن خەڵکی کوردەواری رێزو حورمەتی تایبەتی خۆی وەك هۆزێکی کۆنە دراوسێی دەشتی هەولێر هەبوە ، کەچی دوور لە نەریتی رەسەنی عەرەب و ئیسلام دراوسێیاتی دەخاتە پشتگوێ ئەو ناوچەیەی کەوتۆتە لێواری زێی بادینان لە بەکرێگیراوان دەتەنی و ماوە ماوە وەك تیرەمارێکی بێ ئیجازە دەکەوێتە گیانی ئەو پێشمەرگانەی هێزی دەشتی هەولێر .. ئەوەتە گۆیندەبێژ لەدوا پەلاماردانی بۆ سەر پێشمەرگەی شۆڕشگێڕی کوردستاندا دەڵێ :

**ئەمن دەرێم بەوێ سبیانێ بە دەشتی هەولێرێ داکەتم لەمن بە دوکانە .**

**دەوجا دیسان شێخ حەنەشی دەیگۆ کوڕێ من حومادی ئەوڕۆ لە ڕکی فەتتاح ئاغای هەرکی بەوێی سبیانێ دەرێم شەڕەکی دەکەم لەگەر کوردانە .**

**ئەوجا دەرێم بابە ئەوەتانە شەڕیان هێخستەوە دەشتی شەمامکێ ، زەوێ کانی وەکازەیێ خۆمان ، کلکەیێ میجانی ، زەوێ عارەبکوژان ، ئاقاری میلی ئۆردی ، سەروسەرێ کەندێناوێ ، گردی کراوڕەشی ، ئاقاری سێساری .**

**ئەرێ ماروێران بەوێ سبیانێ دەیانکوشت تایەرو ئەنوەر هەردووکیان برانە .**

**لە من فەرمانە**

**ئەوە کاغەزەك هاتیە لەبۆ ئامر بەتالیۆن و ئامر هێزانە**

**دەنگۆ رابن بۆسەکی دابنێن لەکەندی بنبێرزی ، لەبەری چەمی عەلیاغا ، لەگردی فنجانی لەبۆ مە بکوژن شێخ حەنەش شێخی تەیانە ***

**ئەمان بۆسەکیان دادەنا لەبەری چەمی عەلیاغا ، لەگردی فنجانی ، لەکەندی بنبێرزی برا دەیانکوشت شێخ حەنەش شێخی تەیانە .**

**ئاگریان بەردایێ لەگەر بەرمیلی نەفتی دوکەری رۆیی لۆ بەری ئاسمانە .**

**دەیانگۆت ئەوە خینی دوو مێرو سێ مێری تەلەرخێمانە .**

دڵنیام لە شوێنەکانی تری کوردستان گەلێ کارەساتی وەك ئەمانە روویداوە ، هەروەها لە گۆرانی هەمەجۆری میللی کورد رنگیداوەتەوە بەڵام من درکم پێ نەکردوە بۆیە داوای لێبوردن لە خوێنەران دەکەم ئەگەر توشی هەلەیەکی نائەنقەست بووبم .

## دووەم قۆناغی رەنگدانەوە

ئەو قۆناغە ترسناکەی مێژووی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بەجۆرێکی سەرسوڕێنەر کاری کردۆتە نەك هونەر کوردی بەڵکو خودی کیانی کورد نەتەوەکەمان چونکە رژێمی عیراق توانی بە فراوانی تۆی دووبەرەکی لەنێو میللەتی کورد بڵاوبکاتەوە تا گەیشتە ئەو رادە کە ئەو ماوەیە نێوبنێین (براکوژی) جا زامێك بێ لەگیانی میللەت بێت و بەدەستی کورد حەیاتەکە خۆی بێت چۆن بەزێدەیی رەنگ ناداتەوە ؟

دەتوانین کارەساتی ئەسکەفتی (خۆرتودەککا) لە ناوچەی ئاکرێ کە (٧٢)ئافرەت و منداڵو پیرەمێردی تێدا سوتێنرا ! کە بەگەورەترین مۆری نامرۆڤی دوژمنانی کورد لەو سەردەمەدا دەژمێردرێ و لەنێو لاوکی کۆچك ودیوانا کوردەواریدا شوێنی خۆی گرتوە ، هەتا دونیا ماوە ئەو کارە نامرۆڤییەی دوژمنان دەبێتە میداڵی نامرۆڤی سەرسینگیان و مێژووی برایەتی و دراوسێیی لەراست ئەو کارە نائەمواره هەردەم شەرمەزارە !

ئەگەر بەووردی مەسحێکی چوارچێوەی کوردستان بکەین دڵنیام بەنووسینێك و دووان کۆتایی نایە ، بەڵام وا دەردەکەوێ هەر ئەو بەرهەمە میللیانەی دەوروبەری دەشتی هەولێر کەوتۆتە ژێر دەستم ، ئەوەتە

شەڕی (دەشتی هەولێر) لەلایەن حسن حەیرانی پێشمەرگە بوەتە داستانێکی جەرگبڕ یان شەڕی (ماستاوە) هەروەها شەهیدبونی (علی تەکتریۆف) لەنێوان ( قوشتەپە)و(پردێ) و چەندانی تر .

دوانموونەی ئەو قۆناغە بە لاوکی شەڕی (شاخۆڵان) کۆتایی پێدێنم چونکە مێژووی رووداناکە نزیکەو لەهەموو سەربردەکانی دیکە دڵتەزێن ترەو لایەنەکانی هێزی شەڕکەر یەکسان نەبوە بەڵکو زۆربەی هێزی ئۆردی هەولێرو سەدان خۆفرۆشی کورد بەپاڵپشتی تانکو فڕۆکەی هێلیکۆپتەر دژ بە دوو پێشمەرگەی قارەمان لەکاتی هاتنەوەیان بۆ سەردانی ماڵومنداڵیان .

ئەو کارەساتە لەناوچەی (بەڕانەتی) لە گوندی (شاخۆڵان)روویداوە ، ئەو هێزە دڕندە گەمارۆی گوندەکە دەدەن و هێرش دەکەنە سەر ئەو خانوبەرە کە ئەو دوو پێشمەرگانە لەناودا خۆیان حەشاردابوو بەڵام بەرەنگاربوونی ئەو دوو نەبەردە دژ بەو هێزە دەبێتە مایەی ئەوە کە دوژمنان بکەونە پیلاندانان بۆیە چەند حاجی و مەلاو ریش سپیی گوند دەنێرنە لای پێشمەرگەکان ۆ ئەوەی خۆیان بدەنە دەست ، بەڵام ئەو دوو قارەمانە تا دوا فیشەك سەر بۆ تەڵەکەبازی دوژمنان دانانێن و لەبەرگریکردندا بەردەوام دەبن ! هێشتا نەیاران دڵنیا نابن بۆیە بە تانکی زنجیرکراو خانوبەرەکە بەسەر ئەو دوو نەمرانە دەڕوخێنن و تەرمی پیرۆزیان بە راکێشراوی بەرەو ئۆردی هەولێر دەبەن !

**وایلۆ وایلۆ بەرێ حەیفێ من دەمینێ رێگا قوەتێ جمبورەتێ دەگەنە وەرچار گوندان بابۆ شەمڕا غەریب ناوەڵلا کاولێ شاخۆرانە .**

**بەری دەوروبەری سپێدێ سەحەرا لەقوەتێ جمبورەتێ راست دێتن جووتێ پێشمەرگانە .**

**بەری دەوڕۆ خەلیلی دگۆ کوڕۆ سەید فەتحی توو وەرە سوندی بخۆ بە قورئانێ منێ سوندی دەخۆم بە تەلاقێ ، بەرێ ئێمە خۆ تەسمیل ناکەینە وەچەنگی وان خائینانە .**

بەڵێ .. کەس نیە نەمرێ بەڵام ئەوجۆرە مردنە هەردەم نەمری و شانازی رۆڵەکانی بارزانی و کوردستانن .. شۆڕشێك بێ ئەوجۆرە نەبەزانەی هەبێ و سەرکردەکەیشی باوکی کورد بارزانی بێت چۆن مێژووی نەتەوەی کورد هەتا هەتایە شانازی بەو شۆڕشەو سەرکردەو رۆڵەکانی ناکات ؟بۆیە بە یەقینەو دەڵێم : هەتا کورد ماوە شۆڕش بەرپا بکات مەحاڵە ئەو شۆڕشە رەگی لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولە دەبێت ، هەرچەندە شۆڕشی کورد لق وپۆی بۆ دروستبێ .. ئەیلوول بە داکانە شۆڕشی کورد دەژمێردرێ و شانازیەکەیشی هەر بۆ بارزانی نەمرە .

کێ هەیە لە ئێمەمانان گوێچکەی بەم دروشمانەی سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕش نەزرینگابێتەوە؟ کە دەمانگووت :

**بژی بابی لوقمانی**
**شەش خەریتەی لە شانی .**
**جوابەکی بدەنە ئیدریسی**
**کاغەزەکمان بۆ بنویسی**
**تەسمیل بکا بە رەئیسی .**

## سێیەم قۆناغی رەنگدانەوە

ئەو قۆناغە لەنێو هونەری میللیدا لەو رۆژەوە سەریهەڵدا کە ناحەزانی کورد نەخشەی پیلانی لەنێوبردنی گیانی باوکی کورد بارزانیان کێشاوە تا دەگاتە نسکۆهێنانی ساڵی ١٩٧٥ بەڵام دڕندایەتی دوژمن هەردەم بوەتە هۆی کپکردنی ئەو دەنگە رەسەنانە و پەرژینێکی دڕکاویان لەنێوان کۆمەڵگای کوردەواری و شۆڕشی رزگاریخوازی کورد دروستکردبوو ئێستایش لە سایەی ئەو بارودۆخەی ئازادی ودیموکراتیەو دەستوبازووی رۆڵەکانی کورد ئەو تەمومژەی ئاسمانی کوردستان پەرتوبڵاو بۆتەوە .. دوارۆژی میللەتەکەمان پڕوچڕی ئەو رەنگدانەوە بەخۆوە دەبینێ بۆ ئەوەی نەوەی نوێ بە رابردی نەتەوەکەیان شانازی بکەن و ببنە جێگری شوێنەواری بابوباپیران .

## ئەنجامی باسەکە

هەرچەندە ئەمجۆرە نوسینانە بەسەرەتایەکی ئەو مەیدانە بەرفراوانە دادەنرێ و لەکەموکووری بەدەرنیە، بەڵام ئومێدەوارین لەدوارۆژدا پەرەبسێنێ و ببێتە گفتوگۆیەکی بەپێزی رۆشنبیران و فۆلکلۆرپەروەرانی کورد بۆ ئەوەی لەدوارۆژدا سودێکی  بۆ مێژووی ئەدەبی و سیاسی نەتەوەکەمان هەبێ ، ئەم نووسینەش ئەوەمان بۆ دەردەخا کە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول شۆڕشی هەموو کوردێکی جیهان بوەو لەناخی جەماوەری کوردستانی گەورە هەڵقوڵاوە بۆیە بە درێژایی سەرهەڵدان ونسکۆهێنانی لەژیانی رۆڵەکانی رەنگی داوەتەوە بەهیچ جۆرێکیش نابێ لەیادی بکەین هۆی رەنگدانەوەو گیانی بە گیانی ئەیلوول و میللەت دەگەڕێتەوە بۆ کارامایی سەرکردەی هەمیشەیی کورد بارزانی نەمر ، ئەوەتە ئێستاکێ رێبازی بارزانی بە پاکترین و پووختەترین رێبازی کوردایەتی لە مێژووی کورد دادەنرێ .

## سەرچاوەو پەراوێزەکان:

- **بەرگی چوارەمی کتێبی کاك مسعود بارزانی .**
- **کاتێ مەڕوبەرخ لێکجیا دەکرێنەوە پێی دەگوترێ : دانوئاوێر .**
- **قونێرێکی کوشندەیە لەشوێنی هەستیاری مرۆڤ سەرهەڵدەدا .**
- **پەیڤی زڤزی زڤزی لە زاری ژنە شەهید صبری نێرەوەیی دایکی هەڤاڵ عصمت بیستومە واتە نەوە لەدوای نەوە .**
- **نموونەی لاوکەکان لە نەواری محمد گۆران و حسن حەیران وەرگیراوە .**
- **نامیلکەی ئایشە گوڵ ۱۹۸۳ و گەنجینەی نەتەوە کورد ۱۹۸٤ ئەسعەد عەدۆ .**
- **لەو شەڕەدا ئەو قارەمانانە شەهیدبوون :**

  **١- انوەر مەلا محمد پیرداود رۆژبیانی ١٩٣٨- ١ / ٦ / ١٩٦٣**

  **٢- تایەر مەلا محمد پیرداود رۆژبیانی ١٩٣٥ - ١ / ٦ / ١٩٦٣**

  **٣- محمد علی صادق محمدامین رۆژبیانی ١٩٤١-_-١ / ٦ / ١٩٦٣**

  **٤- عزیز عوسمانابراهیم رۆژبیانی ١٩٤٤ _ ١ / ٦ / ١٩٦٣**

**ئەو شەهیدانە گۆڕیان لەسەر گردی تەلەرخێمە ، کاتێ حسن حەیران رۆژبیانی لە ١٩٨٤ بەکارەساتی دڵتەزێن لە رۆژهەڵات مرد لەسەر وەسیەتی خۆی گۆڕەکەیان هێنایەوە نزیك ئەو خزم و برادەرانەی.**

**ئەو دوو قارەمانانە :**

**١- خلیل امین ١٩٤٠ _ ٢١ / ٢ / ١٩٦٩**

**٢- سید فتحی سید محمود ١٩٤٦ _ ٢١ / ٢ / ١٩٦٩  بەداخەوە لە سجلێك لە ئارشێفی م.س لای کاك هاشم عقراوی نووسراوە ١٩٦٨ !**

- **حەنەش لە ١٣ / نیسان / ١٩٦٨ کوژرا .**

# بزاڤی میدیایی سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول
# دامەزراندن و پێشەنگی
# ١٩٦١-١٩٧٥

پ.ی.د. محمد خدر مولود
زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب - بەشی راگەیاندن
Muhammad.maulood@su.edu.krd

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە (بزاڤی میدیایی سەردەمی شۆرشی ئەیلوول ، دامەزراندن و پێشەنگی 1961-1975 ) باس لە بزاڤی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە خوێندراو- رۆژنامە ، بیستراو – رادیۆ ) دەکات وشرۆڤەی دەرچوون و کاریگەری ئەو رۆژنامەو ئۆرگان و گۆڤارو بلاوکراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکا کە لەماوەی شۆرشی ئەیلوولدا (1961-1975 ) چ لەشاریا لە نێوشاخدا چاپکراون و بلاوکراونەتەوە .

هەروا ئەم توێژینەوەیە شرۆڤەی رۆڵ و کاریگەرێتی راگەیاندن – میدیای بیستراو – رادیۆی دەنگی کوردستان دەکات وەک یەکەمین رادیۆی نیشتیمانی شۆرشگێڕ لەنێوخاکی کوردستاندا و پەخشی لە رۆژی 30-8-1963 بلاوبۆتەوە ، بەچڕی قۆناغەکانی و شوێنەکانی پەخشی رادیۆییەکەش تاوتوێ دەکات و لەبایەخی میدیای بیستراو لە دیدو هزری سەرکردایەتی شۆرش بەگشتی و رابەری شۆرش مستەفا بارزانی بەتایبەتی دەکۆڵێتەوە.بە شێوەیەکی گشتی ئەم توێژینەوەیە (بزاڤی میدیایی سەردەمی شۆرشی ئەیلوول دامەزراندن وپێشەنگی 1961-1975 ) سەرباری پەیڤێک کەدەروازەیە بۆ رۆژنامەی پارت وکۆمەڵەو رێکخراوە کوردییەکان ، بەسەرئەم بەشانە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکراوە :

پەیڤێک: دەروازەتێک بۆ رۆژنامەگەری پارت وکۆمەڵە ورێکخراوە کوردییەکان تا سەرهەڵدانی رۆژنامەگەریی پارتی دیموکراتی کوردستان .

بەشی یەکەم: رۆژنامەگەریی لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا 1961-1975 ریژنامەی خەبات ، ئەلتەئاخی ، برایەتی ، رۆژنامەو گۆڤاری تر

بەشی دووەم: رادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق لە قۆناغەکانی شۆڕشی ئەیلوول لە 30-8-1963 وە دامەزراندن و پێشەنگی.

## بایەخی توێژینەوەکە :

بایەخی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدەبینێتەوە کەوا ئامانجیەتی پۆلێنی زانستی میدیای ماوەی سالانی 1961-1975ی تەمەنی شۆرشی ئەیلوولدا پۆلێنی رۆژنامەو گۆڤارەکان ، بە ئۆرگان و رۆژنامە و بلاوکراوەی دیکە بکات کە چ بە نهێنی چاپ بوونە یا بە ئاشکرا ، هەروا لەبواری چاپی نهێنی دەستی رۆنیۆوە تا چاپخانە و ئامێری زەبەلاحی چاپ ولەسەردەمی بەدامەزراوەیی کردنی کاری رۆشنبیری وراگەیاندن، شرۆڤەی زانستی بایەخی دەرچوونیان بکات وهەروا چۆنیەتی بەدامەزراوەکی کاری میدیایی لە سالی 1794-1975 رۆلی ئەمینداریەتی گشتی رۆشنبیری وراگەیاندن ولاواندا لەماوەی هەلگیرسانەوەی شەڕدا لە 1975. هەروا بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەشدا بەدیاردەکەوێ کەوا ڕۆل و کاریگەرێتی رادیۆی دەنگی کوردستان بۆ ئەو سەردەم و قۆناغەدا چۆن بووەو چی کردووەو دامەزراند و پێشەنگیەکەی لەچی دایە .

## میتۆدی توێژینەوە :

لەم توێژیەوەیەدا ، توێژەر میتۆدی مێژووی و وەسفی – مێژووی بەکارهێناوە . بە داتاو مێژوو وئاماژەی شوێن و کات لە میدیای سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول 1961-1975 دەدوێ . هەڵبەتە کات و شوێنیش ، داتاو و مێژووی پەخش و بلاوکردنەوەو بۆ کاری میدیایی بە خوێندراووبیستراوشرۆڤەی زانستی ووردو دروست دەداتە دەست خوێنەرو ئامانجی توێژینەوە دێنێتە دی .

## سنووری توێژینەوە :

سنووری ئەم توێژینەوەیە وەک لە ناونیشانەکەی دا ڕادیارە بزاڤی ( میدیایی سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول 1961-1975 دامەزراندن و پێشەنگی )یە ، لەواری پراکتیکی،پراکتیزەی میدیایی دا ڕووماڵی ئەو 14 سالەی تەمەنی شۆرشی ئەیلوول دەکات بەسوود وەرگرتن لە ماوەی 52 سالی تەمەنی میدیایی پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە رۆژنامەی خەبات زمانحالی پارتی دوای 3 مانگ لە مۆلەت وەرگرتنی لە رۆژی 4-4-1959 یەکەمین ژمارەی ئەو رۆژنامەیە لەشاری بەغدا چاپ و بلاوکراوەتەوە ، بە گەڕانەوە بۆ دەرچوونی رۆژنامەی (رزگاری – 1958 ) باگڕاوەندو سەرەتای باسکردن وشرۆڤەی توێژینەوەکەن .

## یەیڤێک : دەروازەییک بۆ رۆژنامەگەری پارت و کۆمەڵەو رێکخراوەکان :

لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا کە بەراوردی یەکەمین رۆژنامەی کوردی (کوردستان – قاهیرە 1898) ی میقداد مەدحەت بەدرخان لەگەڵ رۆژنامەکانی دراوسیی کورد دەکەین بەتایبەتی لەگەڵ رۆژنامەی (تەقویمی وەقائیع - تورک 1832 ورۆژنامەی فارس وەقائیع کاغەز 1862 و زەورای عێراقی 1869) بۆمان دەردەکەوێ کە رۆژنامەی ئەوسێ نەتەوەیە تورک وفارس و عەرەب ، هەرسێکیان رۆژنامەی فەرمی دەولەتی بوون و حکوومەت و دەولەت دەریکردن و چاپ و بلاویکردنەتەوە .

بەواتایەکی تر پشتیوانی یاسایی و دارایی دەچوونیان حکوومەتی بوونە ، بە پێچەوانەوە یەکەمین رۆژنامەی کوردی لەچاو ئەوان وبەپێچەوانەی میللەتانی دراوسێ رۆژنامەی کوردستانی بەدرخانییەکان رۆژنامەیەکی تاکەکەسی ئەهلی بووەو پەپشتیوان و توانای دارایی کەسی دەرچووە .

پرسیار لێرەیەدایە میقداد مەدحەت بەردخان بۆ چووەتە ژێرئەوئەرکە قوورس وگران و زەبەلاحەی چاپی رۆژنامەوە ..؟ وەڵامی ئاسان ئەوەیە:

میقداد مەدحەت بەدرخان وەک رۆشنبیرو تێکۆشەرێکی بنەماڵەی بەدرخانییان گەر لەرق و داخی دەوڵەتی عوسمانیی ولەتۆڵەی داگیرکاری و چەوسانەوەو ژێردەستەیی هەستی پێکردووە کورد هیچ دەوڵەتێکی نییەو خاوەن هیچ دەزگایەکی میری فەرمی نییە تا بەو ئەرکە هەڵسێ . بۆیە خۆی بەتەنیا و تاکەکەسی شانی داوەتە بەروو رۆژنامەی چاپ و بڵاوکردۆتەوە وسەرەنجام بەقەد دەزگایێک کاری کردووە لەگەڵ بنەماڵەو براکانی 31 ژمارەی بەچەندین قۆناغ و لەچەندین شارو وولاتان چاپکردووە ( د.فەرهاد پیربال ، 2007 ، لاپەرە 32 ) سەرباری ئەم جیاوازییە گرنگە ، یەکەمین رۆژنامەی کوردی (کوردستان -قاهیرە – 1898 ) تایبەتمەندیەکی تری لەوەدایە کە رۆژنامەیەکە بەناوەرۆک رۆشنبیری و ئەدەبی و هەڵگری پەیامی نیشتیمانی و نەتەوەیی بووە، لەکاتێکیش دا تا ئێستا بەتەواوەتی ساغنەبۆتەوە کە ئایا رۆژنامەی (کوردستان قاهیرە – ئەوروپا 1898 ) رۆژنامەیەکی ئۆرگانی – زمانحاڵی سیاسیی پارتی (ئیتتیحادوتەرەقی ) نەبووە ..؟ ( هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لاپەرە 37 ) .

لەدوای( کوردستان – قاهیرە 1898 ) لەسەرەتاکانی سەدەی تازەدا لەگەڵ باشتر گەڵاڵە بوونی هزری نەتەوەیی نیشتیمانی و سەرهەڵدان و دامەزراندنی پارت و کۆمەڵەو رێکخراوی کوردی ، سەرەتا لە باکور،لەکوردستانی تورکیاوە ، پاشان لەبەشەکانی دیکەی کوردستان بە رۆژهەلات و باشوورو رۆژئاواوە پەیتا پەیتا رۆژنامەگەری پارت ورێکخراووکۆمەڵە کوردییەکان سەرهەڵدەدەن .

ئەو کۆمەڵەو پارت و رێکخراوە سیاسییانەی ئەو سەردەمە هەر لە کۆمەڵەی تەعالی تەرەقی، کۆمەڵەی هێڤی، کۆمەڵەی ژێ کاف ، کۆمەڵەی خۆیی بوون بە رۆژنامەو گۆڤاری .

تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی ساڵی 1908 لە ئەستەمبۆل ،رۆژی کورد- هەتاوی کورد لەساڵی 1913، لە رۆژئاوا رۆژنامەی هاوار 1932، رووناهی 1942 .

لەرۆژهەڵات، کوردستانی ئێران، بڵاوکراوەو هەواڵدەری (رۆژی کورد- شەوی عەجەم 1922 ) نیشتیمان – مەهاباد 1945، کوردستان – مەهاباد 1945 (فارو عەلی عومەر 2001 لاپەرە 170-185 )

لە باشوور، لەکوردستانی عێراق رۆژنامەگەری رێکخراوەیی هەر لەسەرەتای سەرهەڵدای شۆرشی شێخ مەحموودی حەفید و دامەزرانی حکومەتەکەی لەرۆژنامەگەری حکوومەتی سەرهەڵدەدات بەرۆژنامەکانی ( بانگی کوردستان – ئۆرگانی حکوومەت - 1992 ، رۆژی کوردستان -1922 ،ئۆرگاانی حکوومەت، ئومێدی ئیستیقلال ، ئۆرگان 1923) (محمد خدر مولود 1999لاپەرە 12-17 ) .رۆژنامەگەریی رێکخراو کۆمەڵە و پارتە کوردییەکان برەو دەستێنێ لە باشوور

تا دامەزراندنی پارت و لایەنە سیاسییەکانی وەک حزبی هیواوشۆڕش ، دارکەر و رزگاری ، حزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان وەکزمانحاڵی حزب وپارتەکان ،وەک ئۆرگان دێنە نێو گۆڕەپانی ململانێی سیاسیی لەدوای جەنگی دووەمی جیهانەوەش لە ساڵی 1946 وە بزاڤی رۆژنامەری رێکخراوو کۆمەڵە و ئۆرگانی حزبی گەرم و گوڕی زیاتری تێدەکەوێیت .

## بەشی یەکەم :

## رۆژنامەگەری لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا ۱۹٦۱-۱۹۷۵

## ریژنامەی خەبات ، ئەلتەئاخی ، برایەتی ، رۆژنامەو گۆڤاری تر

سەرەتای دامەزراندنی رۆژنامەگەری پارتی دیموکراتی کوردستان مێژوویەکی ئالۆزوتێکەڵی پڕلە نووسین و گێڕانەوەی هەمەجۆری هەیە،هۆکاری ئەم تێکەڵ وئاڵۆزیەی ئەم مێژووە گەر بۆ چەندین هۆکاری بابەتی و خودی بگەرێتەوە لەم دوو هۆکارانەی خوارەوە بەدەرنییە :

**یەکەم :** تۆمارنەکردن و بەدیکۆمێنت نەکردنی هەموو ئەو رووداوانەی پەیوەندیان بەدەرچوون وچۆنیەتی چاپکردن وبڵاوکردنەوەی هەردووئۆرگانی پارتی ، رۆژنامەی ( رزگاری-1958) و رۆژنامەی ( خەبات – 1959 ) وە هەیە لەسات و ئانی خۆیاندا بەشێوەیەکی بابەتییانەی راستەقینەیی وەک هەبووە تۆمارنەکراوە، بەڵکو وەک میزاجی کەس و مەیل و لایەنگری نووسراون .

**دووەم :** زاڵبوونی مەیلی کەسی وەک لەخاڵی یەکەم ئاماژەمان پێداوە و بابەتی تایبەتییانەی کەسان و خولانەوە لەنێو میزاجی ئەوکەسانەی لە نزیکەوە لەگەڵ ئۆرگانەکان کاریان کردووە .

لەدوای دەرچوونی رۆژنامەی (رزگاری – 1958 ) پاشان دووەم رۆژنامە هەر بە ناوی (رزگاری لە 1-3-1959 ) تا دەرچوونی رۆژنامەی ( خەبات لە 4-4-1959) ناوی چەندین بڵاوکراوەیەی تریش دێ دیارترینیان ( خەباتمان ) و ( بۆ پێشەوە ) و پاشان ( خەباتی کوردستان ) و گۆڤارێکیش بە ناوی ( مرۆڤ – 1948 ) کە لەوماوەیەدەرچووە ( وریا جاف ، 1996 ، لاپەڕە 16 ).

نووسەران وتوێژەران کەتائێستایش دەستەوەستاون لەبەرای ئەو قۆناغەو ئەو ناوونیشانانە هۆکارەکە تا ئێستا بۆئەودەگەرێتەوە کە بەردەست نەبوونی زانیاری پێویست و زانستی وای کردووە توێژینەوە لەم سەردەمەی رۆژنامەگەری بکەوێتە ژێر بیروبۆچوون وشرۆڤەی کەسی مەیلدارولایەنگیر.

## رۆژنامەی خەبات لەسەردەمی شۆرشی ئەیلوولدا :

رۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان چۆن و کەی بوو بەو رۆژنامەیەی کە هەیە ..؟ ئایا لە رۆژنامەی (خەباتمان) یا لە رۆژنامەی ( خەباتی کوردستانە) وەبۆتە ئەو( خەبات) ەی کەهەیە..؟

هەموو ئەو بۆچوونانەی بەرێزان : عەبدوڵڵا زەنگەنە ، وریا جاف ، جەماڵ خەزنەدار ، نەوزاد علی ئەحمەد ، سدیق ساڵح و رەفیق ساڵح ، فایق بەتی ، دلشاد مستەفا وەسانی و نووسەرانی تریش ئەوەندە بە هەند وەردەگیرێ کە بۆ خودی بڵاوکراوەکان ( خەباتمان وخەباتی کوردستان )تا ساڵی 1958 شیاوە و وەرگیراوە هەرواڵە رووی زانستی وئەدەبییەوەش شرۆڤەی گێرانەوەو باسکردنەکەی بەرێز خورشید شێرە وپشتراسکردنەوەکەشی تەنیا وەک خۆیان وبۆخودی بڵاوکراوەکان ( خەباتمان و خەباتی کوردستان ) شیاوەو دەشێ ولەرووی زانستییەوە وەردەگیرێ ( دلشاد وەسانی، 2021، لاپەرە 26 ) بەڵام بۆ بەستنەوەی ئەو بیروبۆچوونانە وبەستنەوەیان بە دەرچوونی ( رۆژنامەی خەبات لە 4-1959-4 ) وەرگیراو وزانستی نین . بۆ ..؟ لەوەڵامدا دەڵێیین:

لەکاتێکدا رۆژنامەیەکی تازە ، بەناوونیشان و تایتل و لۆگۆیەکی تازە لەدایک دەبێ ، دەبێ ئەو رۆژنامە تازەیە وەک خۆی وەربگیرێ و توێژینەوەی زانستی لەسەر بکرێ و تیشکی بارودۆخی دەرچوونی بخرێتە سەر. هەڵبەتە جیاوازترە لەهەر بڵاوکراوەیەکی پێشخۆی ، ئەم جیاوازییەش گەر لە کات و مێژووی دەرچوون و شوێنی دەرچوونیش بێیت ئەزموونێکی تازەیە ، ناوێکی تازەیە بەلۆگۆی تازە وە .

مێژووی رۆژنامەگەری پارتی دیموکراتی کوردستان ، هەرلە دامەزراندنییەوە ،تا نەشونوماکردن و سەرهەڵدانی کاری رۆژنامەگەری بەچەندین قۆناغ دا تێپێڕیووە و لە قۆناغ و سەردەماکانیشدا بە چەندین شێوەو تەرزی جیا خۆی نواندووە و نووسەران و توێژەران بۆ قۆناغبەندی کردنی ئەم مێژووە بیروڕای جیاوازیان خستۆتە بەر باس و لێکۆڵینەوە .

کە بەدیقەت لە قۆناغ بەنیکردن یا بەقۆناغ باسکردنی هەربڵاوکراوەورۆژنامەیێک بکەین یا بەتنیا باسی یەکێک لە رۆژنامە و بڵاوکراوەکان بکەین لەنێوئەم مێژووەی بزاڤی رۆژنامەگەری پارتی دیموکراتی کوردستاندا ، باسکردن و شرۆڤەکردنیان لەڕووی زانستییەوە هیچ کەموکورییەکی تێدا بەدی ناکرێیت چونکە مێژووە

دێرینەکەی پارتی بەچەندین قۆناغ و سەردەم دا تێدەپەڕێ بەگوێرەی سنووری ئەو توێژینەوەیە ( بزاڤی میدیای سەردەمی شۆرشی ئەیلوول دامەزراندن و پێشەنگی 1961-1975) مێژوویەکی تەمەن 14 ساڵەیە وبەڵام مێژوویەکی تەمەن 15 ساڵی

ئەم بزاڤەمان تێپەڕاندووە کە لەساڵرۆژی دامەزراندنەوە 1946 دەست پێ دەکات تا هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلوول لە 1961 – 1975 پاشان لەهەڵگیرساندنی شۆرشی گوڵان لە 1976 تا 1991وقۆناغی دامەزراندنی پەرلەمان و حکوومەتی .

## رۆژنامەی خەبات دەرچوون و دامەزراندن :

رۆژنامەی خەبات لە رۆژی مۆڵەت وەرگرتنییەوە لە 4-4-1959 وە دەبێتە ناونیشانێکی دیاری رۆژنامەگەری کوردی و یەکەمین زمانحاڵی رۆژنامەیەکی سیاسیی - ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان -عێراق.ئەم رۆژنامەیە بۆئایندە دەبێتە تەمەنداروبەرهەم دارترین رۆژنامە ومافی خۆیەتی وا ناوزەدیکەین:

رۆژنامەی خەبات قوتابخانەیەکی رۆژنامەگەری ئەدەبی ورۆشنبیرییە ، هەڵگری پەیامی سیاسیی نەتەوەیی نیشتیمانی یە ، لەمێژووی رۆژنامەگەری کوردیدا،خاوەن پێگەو رۆڵی کاریگەرانەی ئەکتیفی رۆشنبیری وراگەیاندنە ، هەر لە سەردەمی شۆرشی ئەیلوولدا -1975-1961دا تا سەردەم و قۆناغەکانی تر شۆرشی گوڵان 1976-1991 و پاشان لە 1991 تا سەردەمی ئەمرۆ .

بەجیای بیروبۆچوونی نووسەران و توێژەران و قۆناغبەندکردنی ، رۆژنامەی خەبات دەرچوون و بڵاوبوونەوەی لەسەردەمی شۆرشی ئەیلوولدا 1961-1975 لەوتوێژینەوەیەماندا لە پێنج وێستگەدا قۆناغبەندی دەکەین :

1-وێستگەی 1961 -1964

2-وێستگەی 1964-1966

3-وێسگەی 1968- 1970

4-وێستگەی 1970-1974

5- وێستگەی 1975-1976تا شۆرشی گوڵان

وێستگەی یەکەمی دەرچوونی رۆژنامەی خەبات 1961 -1964 بە هۆی بەرپابوونی شۆرشی ئەیلوول بەسەرکردایەتی رابەرو سەرۆک مستەفا بارزانی لە 1961-11-9 لەتەواوی نێوخاکی کوردستاندا ، رۆژنامەی فەرمی مۆڵەتدراوی خەبات لەبەغدا دەکەوێتە نێو قۆناغی دەرچوونی نهێنی و ناتوانێ وەک پێویست و وەک رۆژنامەیەکی خاوەن پەیام و پڕ خوێنەر رۆڵی رۆژنامەیەکی فەرمی مۆڵەتپێدراو ببینێ ، سەرباری وەستانی بۆ ماوەیێک و دواتر دەرچوونەوەی لەسەرەتای مانگی نیسانی 1962بەژمارە (465) خەباتی رۆژنامە جارێکی دیکە دەگەرێتەوە گۆرەپانی رۆژنامەگەری نیشتیمانی ، (دلشاد مستەفا وە سانی 2021)

لەبارەی هەردوو ژمارەی (463-464) هەر بیروبۆچوونێک هەبێ و چۆن دەرچوو‌بێت بەگوێرەی بیروبۆچوونی بەرێزان (د.ئازادعوبێد ساڵح ، عەبدوڵلا زەنگەنە، نەوزادعەلی ئەحمەد ،سدیق ساڵح ورەفیق ساڵح ، وریا جاف ، فەرهاد عونی د.فائق بەتی د.نەجاتی عەبدوڵلا، فەرهاد محمد ئەحمەد، دلشاد مستەفا وەسانی ورزگار نوری شاوەیس ..تد ) هەموو ئەوە دەگەینێ دواژمارەی خەبات لە بەغدا ژمارە (462 ) لە 28-3-1961 )دا دەرچووە و لەبارەی ژمارە (465 )ی خەباتیش لەبەرئەوەی بەنهێنی و بەتیراژی کەم و بە ئامێری سادەوساکاری رۆنیۆ بەمەبەستی ئاراستەکردن و بڵاوبوونەوەی دەستاودەستی

، هەموو بۆچوونەکانی دەرچوونی خەبات لەم وێستگەیە دا ئەو راستییانە لەخۆدەگرن تا ئەو ئاستەی بڵێین دەکرێ هەمان ژمارە (465) هەر بەنهێنی لەلایان کادیرانی پارتی لە سلێمانی و هەولێر پێکەوە دەرچووبن یا ستێنسلکرابنەوە یا فۆتۆکۆپی کرابنەوە . بۆیەهەردوو بیربۆچوونی پێچەوانەی بۆچوونەکەی د.ئازادعوبێد ساڵح لەلایەک بیروبۆچوونی عەبدوڵڵازەنگەنەو نەوزاد علی ئەحمەد ، بەهەند وەردەگیرێن.

ئەوەی بۆئەم وێستگەیەی دەرچوونی ئەو رۆژنامەیە خاڵی جیاکردنەوەیە لەم ژمارەیەوە بەدواوە (465) خەبات لەکۆتایی 1962 دەگوازرێتەوە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان و پێچەوانەی قۆناغی بەغدا ئازادانە بەسەر شارو شارۆچکەو ناوچەکان وکەرت و رێکخستنەکانی پارتی دابەش دەکرێ و دەگاتە وەرگر- خوێنەر،وەک بڵاوکراوەیەکی سیاسیی پەیامدار .

لەوێستگەی دووەمی دەرچوونیدا (1964-1966 ) خەبات ، نەک هەر رۆژنامەکە بە چاپخانە بچووکەکەشییەوە تووشی پەتای دووبەرەکی دەبێ ، بەڵکو نووسەران و خوێنەرانیشی تووشی ئەم دووبەرەیی و دووبەرەکییە دەبنەوە .

ئەم پەتایە ، تاماوەیێک لەدوای ئەو لێبووردنەگشتییەی کە سەرۆک مستەفا بارزانی لعساڵی 1965 دا بۆ گروپە جیاخوازەکەی کۆنفرانسی ماوەت 1964یش دەری کردبوو ،رەنگدانەوەی پەتاکە هەرمابوو. ئەم بەتایە بۆ رۆژنامەی خەباتی تێکۆشەر بەم شێوەیە کەوتەوە :

لەبەغدا گروپی ماوەت تاساڵی 1968 بەلاپەڕەی جیاواز (11) ژمارەیان لە چاپخانەی تایمس لەبەغدا چاپکردوە. ئەو(11) ژمارەیە هەمان ئەو (11) ژمارەیە بوون کە لەسەردەمی شۆرشی ئەیلوول و چاپکراون.

کەواتە (11) ژمارەی خەبات بە دوو جۆرە چاپ لەدوولاوە لە بەغدا لای گروپی ئیبراهیم ئەحمەد لە چاپخانەی تایمس ولە نێو شۆرشی ئەیلوولیش لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێردەسەڵاتی شۆرش بەئامێری چاپی تازە چاپکراون .

لەوانەی بەسەرهات و چیرۆکی دەرچوونی ئەم (11) ژمارەیە لە ژمارە 474 وە تا 484 لەمێژووی رۆژنامەگەری رووداوێکی دەگمەن بێ . لەکاتێکدا هەموو سەرچاوەکان باس لەبێ ئاگای ئیبراهیم ئەحمەد ناکەن لە دەرنەچوونی 11 ژمارەی نێو شۆڕش ، بەڵکو هۆکارەکەرەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە ئیبراهیم ئەحمەد ناووناوبانگی رۆژنامەی خەباتی لەبەغداو ناوەندی رۆژنامەگەریی عێراقی بەهەند وەگرتووە و بۆ بەرژەوەندی خۆی قۆستۆتەوە و بۆ مەبەستی کەسی خۆشی لۆگۆی رۆژنامەکەو ناوی پارتی دیموکراتی کوردستانی لەسەر رۆژنامەکە بەکارهێناوە.

ئەم کارە رۆژنامەگەرییە، بەتایبەتیش بۆ رۆژنامەگەری سیاسیی پارتێک لەگەڵ رژێمی بەغدا لەچیاکانی کوردستان لە شەڕدابێ و لەبەغدا پارتایەتی وکوردایەتی کردن تا ئاستی گیران و بەندکردن و

راپێچکردنی زیندانەکان قەدەغەبێ ،کاروکردەوەی پێچەوانەیین و ئاسایی نین بە ئاسانی بۆکەس نالوێ ، مەگەر بۆ گروپی چاپخانەی تایمس و شەوانی حەمۆرابی بەغدا لوابێ و ئاسایی بووبێ !!

رۆژنامەی خەبات لەنێو شۆرشدا ، پاش پاکتاوبوونی لە دووبەرەی ، لە مانگی شوباتی ساڵی 1966 ژمارە 485 ی لێ دەردەچێتەوە ،لەوێستگەکانی دیکەشی تا نسکۆی شۆرشی ئەیلوول لەدوا وێستگەی تەمەنی شۆرشی ئەیلوول 1970-1975 بە پێنج وێستگەدا تێپەڕیوە و 526 ژمارەی لێ دەرچووە و هەندێ سەرچاوەش ئاماژە بە 527 ژمارە دەکەن . (د.ئاریانا ئیبراهیم ، 2018 ،لاپەرە 54) .

## گۆڤارو بڵاوکراوەی دیکەی سەردەمی شۆرشی ئەیلوول :

هەرلەماوەی قۆناغی شۆرشی ئەیلوولدا ، بزاڤی رۆژنامەگەریی پارتی دیموکراتی کوردستان چەندین ناونیشانی تری نوێی رۆژنامەو گۆڤار و بڵاوەکراوەی تازە شان بەشانی رۆژنامەی خەبات، دێنە نێوکاروانی مێژووەکەوە کە هەریەکەیان پێگەو ڕۆڵی کاریگەریان هەیەو، نەک هەربۆ مێژووی رۆژنامەگەری کوردیی ، بەلکو لەسەر ئاستی مێژووی رۆژنامەگەریی عێراقی وعەرەبیش ئەم ڕۆڵە بەرزەنرخێندرێیت لەوانەش رۆژنامەی (التاخی) .

ئەم ناویشانانەی خوارەوە ناونیشانی ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی سەردەمی شۆرشی ئەیلوولن :

1-**اخبار کوردستان :** بڵاوکراوەی وەرزی ، بەرۆنیۆ چپکراوە 1965-1969

2- **دەنگی پێشمەرگە :** گۆڤارێکی مانگانە بوو ، 24 ژمارەی لێ چاۆکراوە ، سەرەتا بە رۆنیۆ پاشان لە چاپخانەی خەبات ، بایەخی بە هەواڵ و چالاکییەکانی پێشمەرگە داوە قەوارەی گۆڤار 28 لاپەڕە بووە .

3- **صوت کوردستان :** گۆڤارێکی سیاسیی لقی یەکی پارتی بوو ، بەزمانی عەرەبی دەردەچوو ، بایەخی بە وتاری سیاسیی و کاروباری نێو شۆرش داوە.

4- **سەفین :** گۆڤارێکی سیاسیی یە لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان دەریکردووە ، ژمارەیەکی لە مانگی 11-1967 لە ناوچەی هیران – هەولێر دەرچووە .گۆڤارێکی وەرزی سیاسیی و رۆشنبیری بووە . لەقۆناغی یەکەمدا ئەم گۆڤارە دواژمارەی لە مانگی 4-1970 دا دەرچووە کە ژمارە (30 ) بڵاوکراوەکەیە. سەفین یەکێگە لەوگۆڤارە سیاسییە رۆشنبیرییانەی سەردەمی شۆرشی ئەیلوول کە پێگەو بایەخی تایبەتی گۆڤاری ناوچەیی هەیە و لەلایەن لقی دووی پارتی دەرچووە و لەقۆناغی شۆرشی گوڵانیش درێژەی دەرچۆوەتەوە و دوای راپەڕینیش لەسەردەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا لەساڵی 2005 چەند ژمارەیەکی دیکەی لە قۆناغی سێیەمدا لێ چاپکراوە .

5- **مەشخەڵ :** گۆڤارێکی سیاسی رۆشنبیری لقی سێیی پارتی دیموکراتی کوردستانە لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 1968 بڵاوبۆتەوە بەهەرسێ زمانی کوردی وتورکمانی و عەرەبی .

6- **رزگاری :** گۆڤاری لقی چواری پارتی بووه ، گۆڤارێکی سیاسیی بوو ، بایەخی بە کاروباری شۆرش و چالاکییەکانی دەدا .

7- **کادر :** گۆڤاری رۆشنبیری بوو ژمارە یەکی لە تەمموزی ساڵی 1968 دەرچووە تا 1975 کادر 25 ژمارەی لێ دەرچووە .

ئەمەو چەندین ناونیشانی دیکەی دیاری بواری رۆژنامەگەری لەسەردەمی شۆرشی ئەیلوولداگرنگە لەسەر ناونیشانە دیارەکان وەک رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)و ( برایی – برایەتی ) گۆڤارو رۆژنامەی رۆژانە هەڵوەستەیێک بکەین .

**8-خەباتی قوتابیان :**گۆڤاری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بوو، ژمارە یەکی لە تشرینی دووەمی ساڵی 1967 لەدوای کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتییەکە دەرچووە ، (ساسان عەونی ، 1998 ، لاپەرە 26-60-61) .

خەباتی قوتابیان، گۆڤارێکی تایبەتمەندی بواری چالاکی رێکخراوەیی وراگەیاندن ورۆشنبیری یەکێتیی قوتابیانی کوردستانە و ئۆرگانی ئەم رێکخراوەیە، لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا وەک رۆژنامەگەریی تایبەتمەند، پێشەنگ ورابەرە چ بۆ کاری رۆژنامەگەریی چ بۆ ئاشناکردن وراهێنانی قوتابیان بۆ بواری رۆژناگەریی و دروستکردن و بەرهەم هێنانی کارمەندی رۆژنامەنووس .

لەدوای گۆنگرەی حەوتەم ، ئەم گۆڤارە بەرەو پێشکەوتن هەنگاوی ناوەو جا چ لە رووی قەبارەو ناوەرۆک بێ یا دەرچوون و چاپی . لە لایەنی دەرچوونییەوە لە ژمارە (11-ی ساڵی 1973) بە 48 لاپەرە بەهەردوو زمانی کوردی وعەرەبی دەردەچێ و دواتر لقەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ، لقی هەولێر، لقی دیالا، لقی نەینەوا،لقی سلێمانی ، لقی کەرکووک ، لقی دهۆک گۆڤاری تایبەت بە رێکخراوەکەی خۆیان دەردەکەن .

لەمێژووی رۆژنامەگەریی قوتابیاندا، یەکێتیی قوتابیانی کوردستان نەک هەر لە چاپکردن و دەرکردنی گۆڤارەکانیان پێشەنگن ، بەڵکو لە تەرخانکردنی چەند لاپەڕەیێکیش لە رۆژنامەی برایەتی بەناوی لاپەرەی (خەباتی قوتابیان) چوارجار لە ژمارە کانی 5-25 ی رۆژی 6-2-1974 دا .

لاپەڕەی خەباتی قوتابیان وەک رۆژنامەیەکی تایبەت بوو، لەنێو یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی کوردی برایەتی دا . سەرباری هەواڵ و چالاکی و کورتە رێپۆرتاژی تایبەت بە یەکێتیی قوتابیان لەنێوهەر چوارژمارەکەدا سەروتاریش هەبوو بەناونیشانی ( رێبازی قوتابیان ) بۆیەدەکرێ بەم پرۆسە رۆژنامەگەرییە بڵێین : دوو رۆژنامە لە نێو رۆژنامەیەک دا .

## رۆژنامەی التاخی پێشەنگی رۆژنامەگەری کوردی، بەزمانی عەرەبی بۆ رۆژنامەگەریی عێراقی و عەرەبی لەماوەی 1967–1974 دا.

دوای شەش ساڵ لەتەمەنی شۆرشی ئەیلوولدا سووربوون و بەردەوام بوون لە  خەبات و تێکۆشانیدا ئامانج و ستراتیژیەتی خەبات بوو بۆ ێنانەدی مافەرەوایەکانی گەلی کورد لە پێکەوە ژیانی ئاشتییانە و شادبوون بە مافە سیاسیی ونیشتیمانییە نەتەوەییەکان  ومافی کارگێری وحوکمرانی راستەقینەکەی  خۆ بەرێوەبردن لە عێراقێکی دیموکراتیدا ، بەمەرجی دان نان  بەهەموو مافە نیشتیمانی وکەلتووری ونەتەوەییەکانی لە دەستوورو یاسا کارپێکراوەکانی دەوڵەتی عێراقدا بنێ ومافەکانی گەلی کوردو شۆرِشەکەی ،داخوازییەکانی جەماوەری گەلی کوردستان بەیاسا و پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان ڕێزلێگیراو بێ . سەرکردایەتی شۆرشی ئەیلوول و سەرۆک بارزانی پێویستیان بەکەناڵێکی دیکەی گەیاندنی ئەو پەیامە هەبوو ، دەبوایە ئەم کەناڵەش لەرێگای رۆژنامەیەکی زمانحالی راستەقینە بێ بەزمانی عەرەبی وەک رۆژنامەی ( التاخی ) و رۆژانە لەگەڵ هۆش و بیریان بدوێ و بیانهەژێنێ . بۆیە دەرچوونی التاخی بەزمانی عەرەبی بۆ خوێنەری عەرەب ئەوسا گرنگ بوو ئەوەیان لەبەر دووهۆکار بوو :

1-تا بەگوتاری رۆژنامەوانی بوارو واری دۆستایەتی نێوان گەلانی کوردوعەرەب فرەوانتربێ ولایەنگران و دۆستانی عەرەبیش  تێگەیشتن وهاوسۆزی راستەقینەیان بۆئامانج وخەباتی گەلی کوردستان وتێکۆشانی نەتەوەیی زیاتربێ ودەنگ وهەڵوێستی دەستەبژێرانیان لە سیاسیی و هزرمەند و رۆشنبیرانی عەرەب  بن بە کۆمەک و پشتیوانی کردنی راستەقینە لە شۆرشی ئەیلوول ورەوایەتی خەبات وتێکۆشانی گەلی کوردستاندا.

2- کپکردنی ئەو دەنگ و گوتارە شۆڤێنییە عەرەبییانەی ئەو پارت ولایەنە جیاوازانەی لەبەغداوە وجارناجاریش لەوڵاتانی عەرەبیش دژی شۆرِشی گەلی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان وبزاڤەنیشتیمانییە رزگاریخوازییەکەی بەرزەبوونەوەو ئامانجیان دیماگۆگیەت وچاوبەستەیی وفریودانی ناوەندی عەرەبی وعێراقی بوو ، تا بۆیان بلوێ شۆرشی گەلی کورد ناشیرین وناڕەوا پێشان بدەن.

بۆ هەڵسەنگاندنی ڕۆڵ و پێگەی (التاخی ) سەدان نووسین و دەیان سەرچاوەی زانستی پاوەڕپێکراولەبەر دەست داهەن وباس لە گرنگی و پێگەو بایەخی دەکەن ، لەم توێینەوەیەدا ئەم بیرووبۆچوونەی د.فائق بەتی بەنموونە دێنینەوە :

(ژمارە یەکی  التاخی لە 29-4-1967 دەرچووە ، ئەو رۆژنامەیە بەیەکێک لە پرخوێنەرترین و بڵاوترین رۆژنامەی عێراقی دادەنرێیت لەو قۆناغەدا ، وێرای ئەوەش ئەم رۆژنامەیە لەبەر هەڵوێستە نیشتیمانییەکانی ودلسۆزی بۆ پرسی راستەقینەی گەلانی عێراق بەکوردو عەرەبەوە  چەندین جار لەلایەن بەغداوە ئاگادارکراوەتەوەهەڕوگیڤی داخستنی لێکراوە(د.فائق بەتی ،2011، لاپەڕە 253)

ئەو هەڵسەنگاندنەی د. فائق بەتی باشترین بەڵگەی نووسەرو قەڵەمێکی دیاری عێراقی و ناوچەکە یە بۆ رۆژنامەکە و وای پێشان دەدات (التاخی ) جوانترین و دلسۆزترین سەکۆی ئازادی ڕادەبرین و بوێری نووسین ولاپەڕەی قەڵەمی دلسۆزو خاوێنی نیشتیمانی گەلی کوردو شۆرشی ئەیلوول و سەرۆک

ورابەرەکەی مستەفا بارزانییە بۆرۆژنامەگەری عێراقی وخوێنەرانی لە زاخۆوە تا فاو لە بەسرا،هەروا سەکۆیەکی بڵندی دیموکراتییانەی گوتاری رۆژنامەوانی رۆشنبیرو هزرمەندانی کوردە بۆ عەرەبی عێراقی.

لەم بارەیەوە د. فائق بەتییە بەراوردی رۆژنامەی التاخی لەگەڵ چەندین رۆژنامەی ناودارەکانی بەیروت و قاهیرە دەکات ورۆژنامەی تائاخی بەرۆژنامە راستگۆو بە هەڵوێستەکەی بەرەی میللەت وبەرۆژنامەخودان دەیەها نووسەر و رۆژنامەنووسی بوێرو پرۆفیشناڵ بەکوردوعەرەبە لەقەڵەم دەدات.

وتارەکانی التاخی هەڵقولاوی نێو رووداوەکان و رۆژەڤی پرسە گەرمەکان بوو، چ ئەو وتارانەی لەسەر دەستووری کاتی دەنووسران یا ئەو بابەتانەی لەسەر سامانی سروشتی نەوت و کانزاو کشتوکاڵ و مافەکانی کرێکاروجووتیار و مافی گەلان و پێکەو ژیانی ئاشتییانی پێکاتە جیاجیاکانی کۆمەڵگا..یائەو بابەتە چارەنووسسازانەی راستەخۆ سەر بە پرسە نیشتیمانییە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستانەوە هەبوو .

رۆژنامەی التاخی لەم قۆناغەی دا لە 29-4-1967 وە تا کوردەتاکەی بەعسیان لە 1968-7-17 و هاتنە سەرحووکمیان ، (427) ژمارەی لێ دەرچوو .

لەقۆناغی دووەمی دا التاخی بەگوورِوتینێکی لە قۆناغی یەکەمی بەجۆشترەوە لە رۆژی 9-1970-5 ژمارە (428 ) ی چاپ و بڵاودەکرێتەوە و ەژمارە (1583)ی رۆژی 12-1974-3 دەنووسێ : لەبەر ئەو بارودۆخە سیاسییە ناسکە، مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بریاری دا هەردوو رۆژنامەی التاخی و برایەتی بۆ کاتێکی دیاری نەکراو رابگرێ ) .

## برایەتی لە رۆژنامەو گۆڤارەوە بۆ یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی کوردی لەمێژووی رۆژنامەگەری کوردیدا لە 6-5-1967 تا 24-1974-2

بەخششێکی دیکەی شۆرشی ئەیلوول بۆ بزاڤی رۆژنامەریی کوردی دەرچوونی رۆژنامەو گۆڤارو پاشان رۆژنامەی رۆژانەی پارتی دیموکراتی کوردستانە . برایەتی وەک ناونیشانێکی تازەی بڵاوکراوەی رۆژنامەگەریی گوڵەگەنێکی دیکەیە بۆسەر خەرمانەی رۆژنامەگەریی کوردی و قۆناغێکی دەوڵەمەندی ئەو بوارەیە .

## وێستگەکانی دەرچوونی :

دوای حەفت رۆژ لەدەرچوونی رۆژنامەی التاخی ، لەرۆژی 6-1967-5 لەگەڵ ژمارە (8) ی التاخی ژمارە (1) برایی – برایەتی دەکەوێتە دەست خوێنەران . ئەم رۆژنامەیە لەم وێستگەیەدا 72 ژمارەی لێ دەرچووە .

لەوێستگەی دووەمی دەرچوونی دا وێرای چەندین گۆرانکاری لە ناو وشوێنی دەرچوونی ناوی لە(برایی دەبێتە برایەتی)و شێوازی دەرچوونی لەرۆژنامە وە دەبێتە گۆڤارو چەند ژمارەیەیێکیشی جگەلە بەغدا لەسلێمانی دەردەچێ و پاشان وەک رۆژنامەش جارێکی دیکە هەر لەبەغداو سلێمانییەوە

دەردەچێتەوە . هەمووی بەیەکەوە لەبەغداو سلێمانی بە گۆڤارورۆژنامەوە 14 ژمارە وەک گۆڤار و17 ژمارە لەرۆژنامەو (پاشکۆی برایەتی)،لەسلێمانی 12 ژمارەی ئەو پاشکۆیەش دەچێتە نێو مێژووی سەروەری رۆژنامەگەریی کوردی لە سەردەمی شۆرشی ئەیلوولدا .

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوەهۆکاری دەرچوونەوەی برایەتی بەرۆژنامەوگۆڤار وپاشکۆیەوە لەشاری سلێمانی دەبێ لەچییەوە سەرچاوەی گرتبێ ..؟

لەوەڵامدا ئەو هۆکارانە دەخەینە ڕوو :

1-تا سەرکردایەتی شۆرشی ئەیلوول بیسەلێنێ کاریگەرێتی باڵی جیابۆوەوە ناتوانێ دەستەبژێرانی سلێمانی و رۆشنبیرو نووسەرانی لەشۆڕش دابڕێنێیت .

2- سلێمانی وەک ناوەندێکی رۆشنبیری کاراوچالاک شایانیەتی رۆژنامەو گۆڤاری لێ چاپبێ وەدەربچێیت .بەتایبەتی رۆژنامەو گۆڤاری شۆرشی ئەیلوول .

## رۆژنامەی رۆژانەی برایەتی و پێشەنگی و ئەڤراندن :

لە کتێبی(برایەتی یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەیە لەمێژووی رۆژنامەگەریی کوردی دا ) نووسینی نەژاد عەزیزو سورمێ وپێشەکی فەرهاد عەونی – هەولێر ، چاپی دووەم – 1997 ) فەرهاد عەونی نووسیویەتی :

برایەتی لەم خولەداپیی نایە قۆناغێکی گەورە لەمێژووی ژیانی رۆژنامەگەریی کوردیدا ئەویش بوونی بەرۆژنامەیەکی رۆژانە بۆیەکەم جار ئەوشەرەفەش بەر پارتی دیموکراتی کوردستان کەوت کەبەکۆششی براو مامۆستای داهێنەرمان داراتۆفیق کە ئەوکاتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی وسەرنووسەری هەردوو رۆژنامەی ( التاخی وبرایەتی ) بوو توانرا بۆیەکەمجار بڕیاری دەرچوونی برایەتی بدرێ بەشێوەیەکی رۆژانە .(نەژاد عزیزسورمێ ،1977 ،لاپەڕە 13).

نووسەری کتێبەکەش نەژاد عزیز سورمێ بیروبۆچوونی بۆئەم دەستپێشخەرییە، بەم شێوەیەیە:(کردنی برایەتی بەرۆژانە کەپێشتر پاشکۆیەکی حەفتانەی رۆژنامەی التاخی بوو پێشتریش گۆڤارێکی بەناو مانگانەبوو ، نیشانەیەکی دیارە لەمێژووی رۆژنامەگەری کوردی دا و دەستپێشخەرییەکی بەجێش بوو، بەڵام دوای چی ؟! دوای ئەوەی زەمینەی لەبار تێکچوو بوو بۆنی شەڕ دەکرا ..دەبوایە هەر دوای بڵاوبووبوونەوەی رێککەوتننامەی 11ی ئازاری 1970 هەست بەم کەلێنە فەرهەنگی یە بکرابوایەو هەنگاوێکی بۆ بهاوێشترا بووایە . (نەژاد عزیز سورمێ ، 1997 لاپەڕە 21-22) .

بەهەموو بارێکدا وبە لەبەر چاوگرتنی بارودۆخی دەرچوونی رۆژنامەی برایەتی وەک یەکەمین رۆژنامەی رۆژانە لەمێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا ، دەستپێش خەری وبەخششێکی گرنگی پڕبەهایە بۆ توانای نووسەرو رۆژنامەنووسانی کورد لەوساوە دەسەلمێنێ کە لێزانن و شیاوی ئەوەن رۆژنامەی رۆژانە بەزمانی کوردی چاپبکەن و بڵاوبکەنەوە .

هەروایش کەوتەوەتواناو باوەڕ بەخۆبوون و شیاوی ولێزانی وکارامەیی نووسەران وکارمەندانی ڕۆژنامە نووس و پاڵپشتی شۆڕشیی ئەیلوول و سەرکردایەتی شۆرش و سەرۆک ورابەری شۆرش مستەفا بارزانی لەپشت بوو.

پشتیوانی و پشتگیری خوێنەرانی ڕۆژنامەکە ش هۆکارێکی ترە جا چ لە بەغداوە یا زیاتریش لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان بۆ کرین و خوێندنەوەی و بوون بە بەشدارێکی سەرەکی دەرچوون و بەردەوام بوونی .

بە هەموو پێوەرێکی زانستی بەردەوامی لەدەرچوونی هەر بڵاوکراوەیێک ڕێژەی وەرگر- خوێنەر تاکە پێوەریەتی وئاستی پێشوازی لێکردنی لەلایەن خوێنەرەوە بەهەند وەردەگیرێ . وەک ئەو پێشوازییە بێ وێنەیەی خوێنەرانی لە برایەتی دەکراهۆکاری وەستانیشی هەر بۆ ئەم خاڵە بگەرێتەوە ، چونکە ڕۆژانە خوێنەران لەبەردەم کتێبخانی شارەکانی کوردستان وەک لە هەولێر دەیان جار گرد بوونەوە لەچاوەڕوانی گەیشتنی برایەتی خۆپێشاندان و نمایشێکی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی بوو . نووسەری کتێبی برایەتی یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانە نووسیوویەتی :

برایەتی کە کرایە ڕۆژانە، لەگەڵ ئەوەی لەئاستی گەلێک ڕۆژنامەی دیکەشمان دا نەبوو پێشوازییەکی بێ نەزیری لێ کرا بەرادەیێک وای لە حکومەت کرد بە ئاگادارکردنەوەیێکی تایبەتی دای بخات وەک لە ئاگادارکردنەوەکەدا هاتبوو بە بیانووی ئەوەی بەرەسمی داوانەکراوە ڕۆژانە دەربچێیت ،( نەژاد عزیز سورمێ ، 1997 ، لاپەرە 22 ) .

لەم ڕۆژنامە ڕۆژانەیە جوانەمەرگەی برایەتی لەماوەی دەرچوونیدا 26 ژمارەی لێ دەرچووە بەم شێوەیە :

- ژمارە (سفری) برایەتی لە ڕۆژی 1-1-1970 دەرچووە،ژمارەی ئەزموونیەتی .
- ژمارە (1) ی لە 8-1-1970 دەرچووە .
- ژمارە (26 ) ی لە 7-2-1970 دەرچووە .

بەگشتی ڕۆژنامەی برایەتی لە قۆناغی ڕۆژانەیدا 27 ژمارەی لێ دەرچووە ، و دوای ڕاگیرانی بەفەرمانی وەزیری ڕاگەیاندنی حکومەتی مەرکەزی بە بیانووی نەبوونی (مۆڵەتی فەرمی دەرچوو وەک ڕۆژانە )،برایەتی جارێکی دیکە گەڕایەوە دەرچوونی حەفتانەی لە ڕۆژی 24-3-1973 ژمارە (85 ) ی بڵاوکراوەتەوە

## بەشی دووەم : سەرهەڵدان و دامەزراندنی رادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق قوناغەکانی پەخشی لەشۆڕشی ئەیلوول ١٩٦٣ دا

مێژووی داهێنان و دامەزراندنی رادیۆ لەگەڵ دۆزینەوەی شەپۆلی کورت و بوارەکانی کارۆموگناتیسی وتاقیکردنەوەکانی گۆگیلمۆ مارکۆنی زانای ئیتاڵی و ئەلێکسەندەر بۆبۆڤ زانای رووسی

دەست پێ دەکات ( ا.م.د. سعد سلمان المشهدانی ، 2013، ص 160) ئەو مێژووە ئەوسا دەبێتە دەزگای رادیۆیی بەخش و بڵاوبوونەوە ، کاتێ مارکۆنی پەیامێکی دەنگی لەرێگای تەڵگرافەوە دەنێرێتە نێو رووباری مانش کە ماوەی 2کم دووری نێوانیان بوو،هەر مارکۆنی توانی دواتر لەماوەیەکی کورتدا ماوەی گەیاندنی دەنگ و شەپۆلەکانی بگەیەنێتە دووری 55 کم و ئەو شەپۆڵە دەنگییە کەبە شەپۆلی دەنگی هێرتز ناودەنرێ ئەوسا دەبێتە دەزگا و ئامێری رادیۆ و لە ئەمریکاو ئەوروپاوە ئامێرەکە دروست دەکرێ (د. مصطفي حميد كاظم الطائي ، 2007 ، ص20) . لەو مێژووە جیهان پەیتا پەیتا ئێزگەی رادیۆی بۆ وڵاتەکانیان دادەمەزرێنن .

لە عێراقدا دامەزراندنی ئەم دەزگایە بەشێوەی فەرمی بۆ رۆژی 22-1932-3 دەگەرێتەوە بەڵام پەخشەکەی بە شێوەی ئەزموونی بە چەندین قۆناغ دادەروات تا لە 1-1936-7 ئێزگەی بەغدا دەبێتە دامەزراوەیەکی فەرمی رادیۆیی .

دوای ئەو مێژووە ، رێگادرا بە فەرمی پەخشی ئێزگەو رادیۆی بەغدا هەواڵ بە زمانی کوردی بخوێنێتەوە لەرۆژی ١٩-١١-١٩٣٩ خوێندنەوەی هەواڵ سپێردار بە (کامل ئەمین ) وەک یەکەم بێژەری کورد ( باکوری ، ٢٠٠٩ ، لاپەرە ٤٠ ) .

دوای یەکەمین پەخشی هەواڵ بەزمانی کوردی ، لەبەشی کوردی کە ماوەی پەخشەکە لە نێوان (١٠-١٥) دەقیقە بوو ، لە چەندین رادیۆی دیکەی دەوروبەر لەبەیروت ٥-٣-١٩٤١، لە فەلەستن -یافا بەهاری ١٩٤٣، لەقاهیرە ١٩٥٧ ، لە یێرڤان لە ١٥-١٢-١٩٥٥ ، پەخشی بەشی کوردی لەرادیۆی تاران لە ١٩٥٨و چەندین پەخشی تریش لەبەر گەلێ هۆکار گرنگترینیان هۆکاری سیاسیی و بەرنامەی تایبەتی وڵاتانی زلهێزی ناوچەکەیە سەرهەڵدەدەن ،

دامەزراندن و سەرهەڵدانی دەنگی رەسەنی شۆرشگێری کوردی لە کوردستانی عێراق لەسەردەمی شۆرشی ئەیلوولدا لەرۆژی ٣٠-٨-١٩٦٣لە ئەشکەفتی گوندی (گردەرەش )، ( وەسفی حسن ردێنی ، ٢٠١١ ، لاپەرە ٥٨ ) قۆناغێکی تازە لە مێژووی میدیای کوردی بیستراو دێنێتە ئاراوە بەجۆرێ لە مێژووی ئەم تەرزە میدیایەدا پارتی دیموکراتی کوردستان پێشەنگ و رابەر بێیت .

## رادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق پێشەنگی میدیای بیستراو :

بۆ باسکردن لە پێشەنگ و بەخشیی میدیای بیستراوی شۆرشی ئەیلوول لەبواری رادیۆ وتەکنەلۆجیای میدیای بیستراودا ، جگە لە رادیۆی جوانە مەرگی دەنگی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، لەکوردستانی عێراق رادیۆیەکی کوردی نەبووە زادە و هەڵقولاوی ناخی سیاسیی و نەتەوەیی کوردی بێ .

لە روانگەی فرەوانترەوە ، ئەم توێژینەوەیە قوڵتر دەچێتە نێو ناوەرۆکی بایەخی ئێستگەی دەنگی کوردستانی -عێراق وئەم پێشەنگی و ئەم بەخششە میدیایەی وتەکنەلۆجیا بیستراوەی شۆرشی ئەلوول لەم سێ خاڵانە چرەکاتەوە :

١-دەنگی کوردستان یەکەمین رادیۆی کوردییە ، بە ستۆدیۆی تۆمارودەستگا و ئامێری پەخشی لەنێو خاکی نیشتیمان و لە کوردستانەوە پەخش بکرێ .

٢- جگە لە پەیامی ئەدەبی و رۆشنبیری و میدیایی ، هەڵگری پەیامی سیاسیی و هزری سیاسییانەی پارتی دیموکراتی کوردستان بووۆشۆڕش وبەرخودان بووە، لەبەرامبەر هێرش و پەلامارو ئینکاری کردن لە بوونی نەتەوەی کورد.

٣- پێشەنگییەکی تری شۆرشی ئەیلوول هەر لەبواری کاری ئەم رادۆییەدا جگە لە نووسەران ورۆژنامەنووسانی بواری رۆژنامەگەریی کۆمەڵێک تەکنیکاری بواری تەکنەلۆجیای رادیۆیش کەهەموویان کوردبوون و خۆماڵی بوون ئەم رادۆیە بەرێوە دەبەن و کۆمەڵێ کادیری تری بواری تەکنەلۆژیای رادیۆش دروست دەبن .

به لەدایک بوونی رادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق لە٣٠-٨- ١٩٦٣ جۆرە رادیۆیەک لەدایک دەبێیت کە پێی دەگوترێ رادیۆی شۆرشگێر یا میدیای دەنگی ئاراستە کراو یا پەخشی نهێنی شۆرشگێری بۆ مەبەستێک لە مەبەستەکان کە مەبەستی گەیاندنی دەنگ و پەیامی سیاسیی نەتەوەییە ،چالاکی پێشمەرگەو هەواڵی بەرگری وبەرخودانە ، لە رووی زمان و ئەدەبیاتیشەو گرنگی پەخشی رادیۆی نهێنی لەوەدایە وەک ئەمیر حەسەن پوور دەڵێ : لەدەمی هەرواو هۆریا و پێکدادان لەسەر زمان ، پەخشی رادیۆی نهێنی گرنگە بە تایبەتی لەژێر هەلومەرج ودۆخێکی سنووردار لەلایەن حکوومەتەکانەوە کە دەیسەپێنێ بەسەر کوردستانەوە گرنگییەکەش لەوەدایە کە گوێگران ئەتوانن ، بەبێ زێدە مەترسییەوە لە کپکردنی ، زۆرجاران دەنگوباس و سروودی نیشتیمانی شۆڕشگێرانە و شتی تریان گوێ لێبێ و وەریانگرن لە ئێزگە نهێنییەکاندا ( ئەمیر حەسەن پوور . ٢٠١٠ لاپەرە ٤٠)

بۆیە هەمیشە ئەم رادیۆیە بە مەبەستی کپکردنی پەیام ودەنگی شۆڕشگێرانەکەی لەلایەن حکوومەتەکانی عێراق ورژێمەکانی بەغداو ناوچەکە تێکۆشاون و ئامانجی سەرەکییان کپکردن وبێ دەنگ کردنی بووە وبۆئەم مەبەستەش درێغییان نەکردووە وهەموو شێوازێکیان گرتۆتە بەر، لەم شێوازانەش باسی ئەم دوو لایەنەی دژایەتییە بەردەوامەکانی رژێمی رژێمەکانی بەغدا دەکەین:

١- ئێران و عێراق پێکرا تەشویش(واتا تێکدان) یان دەخستە سەربەرنامەکانی ئەو ئێزگەیە و بەمۆسیقای نارێک و بەدەنگی بەرز وایان لەدەنگی ئەو رادیۆیە دەکرد کەس لێی تێنەگات و بگرە لێشی وەڕس بێ و وازی لێ بێنێ .(ئەمیر حەسەن پوور ، ٢١٠ ،لاپەڕە ٤٠) . ئەم تێکدان و تەشویشە بە دەنگی ( هانی هانی ) لەگەڵ کردنەوەی پەخشی ئێزگە دەستی پێ دەکرد . هانی هانی گۆرانیەکی کۆرسی بیانی رۆژئاوای بوو، لەگەڵ پەخشی ئێزگە بەدەنگی بەرزتر لە دەنگی بێژەری ئێزگە دەخرایە پەخشی رادیۆکە . (باکوری ، هەمان سەرچاوەی پێشوو) . هانی هانی ئەوەندە بێزارکەروو تێکدەرو رێگرو کپ کەربوو بۆ بیستەرو گوێگری برسی هەواڵ و دەنگوباس و وتارو سرودی نیشتیمانی شۆرشگێر و چالاکییەکانی پێشمەرگە لای ئەدیبانو هونەرمەندان بەجۆرێ گوزارشتی لێکراوە ،

گوزارشتەکان دەچنە نێو خانەی ئەدەبیاتی شۆڕشگێری و بەرگری سەردەمی ئەیلوولی تایبەت بە میدیای بیستراو – ئێزگەی دەنگی کوردستان بۆ نمونە شیعرەکەی هەژار ( هانی هانی ) ونووسینی نووسەرانی ئەوسەردەمە.( هەژار.٢٠١٠ لاپەرە ٢٥٩-٣٠٠)

٢- هێرش و پەلاماردانی سەربازی وهێرش و بۆردومانی فرۆکە جەنگییەکان بۆسەررادیۆ و ئێزگە. رادیۆی دەنگی کوردستان لەترسی بۆردومانی تۆپی دوورهاوێژوبۆردومانی فرۆکە وهێرش وپەلاماردانی سەربازی ، جێگۆڕکێ پێکردن وگواستنەوەی شوێن وجێگای و پەنادانی لە پەناگای ئارام یەکێک بووە لەو سیفەت و تایبەتمەندیانەی ئەوسەردەمەی و پەنادای لە ناوچەیەکی ئارام بۆ تۆماری بەرنامەو پەخشی کارێک بووە لە کارەکانی نێو ئەو میدیایە .( د. مغدید سەپان ٢٠٢٠ ، لاپەرە ٦١ ) .

کە بەراوردێکی سەرپێیی لە نێوان میدیای خوێندراو بیستراو دەکەین،واتە لەنێوان رۆژنامەورادیۆدا زیاترهەست بە بایەخی رادیۆ دەکەین لە چاورۆژنامە بۆگەیاندنی پەیام وناوەرۆک ، ئەوەشیان لەبەر گەلێ هۆکارە دوولەم هۆکارە گرنگانە :

١-خێرایی لەگەیاندنی پەیامی رادیۆی ، لەچاوپەیامی رۆژنامەی کاغەزی .

٢-وەرگری رادیۆی لەهەر ئاستێکی رۆشنبیریدا بێ، خوێنەربێ ، یا نەخوێندراوو کۆڵەوار، بیرتیژ بێ یا بیرکۆڵ ، بینا بێ یا نابینا دەتوانێ گوێبستی پەیامی رادیۆی بێ و بەئاسانی پەیامەکە وەرگرێ ، بە بەراورد لەگەڵ ئاستەنگە هەموجۆرەکانی وەرگر- خوێنەری پەیامی رۆژنامەی .

هەر بۆیە شۆرشەکانی جیهان بۆگەیاندنی پەیامی سیاسییان بایەخی تەواویان لە کاری میدیای بیستراو و تەکنەلۆجیای میدیای رادیۆی داوە ، شۆرشی ئیلوولیش هەرلەسەرەتاوە لە خەمی دەستەبەرکردنی ئەم تەرزە میدیاییەدابووە .

## پەخش و دامەزراندنی رادیۆی دەنگی کوردستان :

دەربارەی مێژووی پەخش و دامەزراندنی رادیۆی دەنگی کوردستان ، هەر جۆرە جیاوازییەک لەکات و ساتی پەخش و دامەزراندنی هەبێ ، لەم توێژینەوەیەدا هەموو بیرو بۆچوونی هەموو ئەوسەرچاونەش بەبایەخەوە وەردەگرین و رێز لە وانیتریش دەگرین ، بۆیە بەگوێرەی هەموو بۆچوون وبیرورا مێژوویەکان ، هاوڕای ئەم تێروانییە زانستیەی خوارەوە ین بۆ پەخشی دەنگی کوردستان.

رادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق، کە ئەوسا لەکاتی پەخشی دا (عێراق) ی پێوەلکابوو لەسەردەمی شۆرشی ئەیلوول دا لە رۆژی ٣٠-٨-١٩٦٣ پەخشی خۆی دەسپێکردووە و دەستپێکی پەخش وتاریش بە وتەیەکی رابەرو سەرۆکی نەتەوە مستەفا بارزانی پەخشی دەستپێکردووە .

ئەوەیان پەخشی رادیۆیە لە سەردەمی شۆرشی ئەیلوول دا ، کە رۆژی 30-8-1963 رۆژی پەخشە و هەڵبەتە دوای پەخشیش رادیۆو ئێزگە ماوەیێکی پێویستە تا بەتەواوەتی دامەزرێ و نەخشە رێگای

کارەکانی خۆی  لە بەرنامەرێژی و کاتەکانی پەخش و زمانی پەخش بۆ هەواڵ و ڕیپۆرتاج و بەرنامەکان وبەشەکانی دارێژێیت ئەوکاتەش با مانگێکی خەیاندبێ بۆیە بەپشت بەستن بەو سەرچاوە زانستیانەی ئاماژەمان پێ داوە لەم توێژینەوەیەدا ئەم بیروڕایە دەچەسپێنین کە :

1-ڕۆژی سێشەممە 30-8-1963 ، ڕۆژی کردنەوەی پەخشی دەنگی کوردستانە .

2-ڕۆژی شەممە 28-9-1963 ، ڕۆژی دامەزراندنی دەنگی کوردستانە وەک رادیۆی فەرمی شۆڕشی ئەلوول ، لە ئەشکەوتی گوندی ( بەردەڕەش ) لە ناوچەی ماوەت لە پارێزگای سلێمانی پەخشی خۆی راگەیاند . ( سالارعوسمان ، 2013 لاپەڕە 69 ) و ( وەسفی حسن ررِدێنی ، 2011 ، لاپەڕە 58 ) و ( ئەمیر حەسەن پوور ، 2010 ،لاپەرە 40 ) و چەند سەرچاوەی تر .

لەماوەی پەخشی رادیۆی دەنگی کوردستان لە ٣٠-٨-١٩٦٣ وە تا دوای ڕێکەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ کە بەگوێرەی بەندێک لەبەندەکانی ڕێکەوتنامەکە پەخشی وەستا و لە دوای ئازاری ١٩٧٤  دەستی بەپەخش کردەوە ) ئەم رادیۆیە چەندین گۆڕانکاری و پێشەوەچوون و پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە جا چ لەبواری جۆری بەرنامەکان و چاپکراوەکانی بێ یا لەرووی زیادبوونی زمانی بەرنامەکان و پەخش یا شوێنی پەخشی . گرنگترینیان ئەمانە بوون :

١-لە بەهاری ساڵی ١٩٦٥  یەکێتیی سۆڤیەت رادیۆیەکی تازەو نوێ دەکاتە دیاری شۆڕش و ئەم رادیۆیە لە لە دەڤەری باڵەکایەتی لەودیوی گوندی (وڵاش ) دادەمەزرێندرێ .

٢-لەحوزەیرانی ١٩٦٦ بەگوێرەی ڕێکەوتن لەگەڵ بەغدا بۆماوەی ساڵێک و پەخشی دەوەستێ .

لە پایزی ١٩٦٧  جارەکی دی لە ئەشکەوتی (سەردیلمان ) لەناوچەی قەسرێ دەست بە پەخشی خۆی دەکاتەوە ولە هاوینی ساڵی ١٩٦٨ جارێکیتر دەگوازرتەوە  بۆ گوندی ( مەمی خەلان)، (رەسفی حسن ڕدێنی ، ٢٠١١ لاپەرە ٦١-٦٥ ) .ئەم گۆڕانکارییانە واپێش دەکەون کەرادیۆ لەگەڵ چاپخانەی خەباتدا لە شوێنێکی پارێزراوادابن بۆ باشتر گەیاندنی پەیامی میدیایی شۆڕش ورادیۆش ماوەی پەخشی زیاتر دەبێ و جگە لەزمانی کوردی و عەرەبی پەخشی بەزمانەکانی ( تورکمانی، ئینگلیزی، سریانی، فەرەنسی) بۆ بەرنامەکانی زیاد دەبێیت ودەبێتە رادیۆیەکی بیستراو بەچەند زمانی تر جگە لەزمانی کوردی.

## سەرۆک مستەفا بارزانی و بایەخپێدانی بە رادیۆو ئێزگە :

مستەفا بارزانی نەک هەروەک سەرۆک ورابەری شۆڕش و دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان ، بەڵکو وەک پیاوێکی رۆشنبیرو ئایندەیی وووردبین ودونیا دیتەی خودان  ئەزموون هەرلەسەرەتاوە بە بایەخەوەرووانیویەتییە کاری میدیایی وئامرازەکانی گەیاندنی پەیامی شۆڕش بە جەماوەرولایەنی بەرامبەر .

هەستکردن بە بوون و بایەخی خەباتی رۆژنامەگەریی ورادیۆیی وئێزگە لەهزری سەرۆک بارزانی دا ئامادەگییەکە هەمیشە بەرەو پتەوتر و کاریگەرتردەچێ ، بەجۆرێ ڕەگاژۆوئاوێتەی شۆرشی چەکداری دەبێ، کەلەسەردەمی کۆماری کوردستان لەمەهابادا لەواری واقیعدا هەست بە بوونی بەشی کوردی لە ئێزگەی تەبرێز لە کۆماری ئۆتۆنۆمی ئازربایجان لەماوەی ساڵانی 1945-1946دا دەکاو پاشان بوون و بایەخی ئێزگەی کوردی لەشاری مەهابادی پایەختی کۆماری کوردی لە رۆژی 30-1946-4 وەک وەرچەرخانی خەبات وتێکۆشان دەبینێ و ئەرک و ڕۆڵی دەنگ و سەدای ئێزگەو رادیۆ وەک کەناڵێکی دیکەی کاریگەری ڕۆڵبینەریئەکتیف،رادیۆی لە هزروبیریدا وەک کەناڵی(دەنگ و وشەی شۆرشگێر ) ی کوردی لەلا بەهادارو بەرزو کاریگەردەبێ .

ئەم واقیع وحەقیقەتە لە تێگەیشتنی سەرۆک مستەفا بارزانی بۆ ئێزگەو رادیۆ و ڕۆڵی دەنگ و سەدای شۆرشگێری ئێزگەیی لەهزری بارزانی دا تۆماری ووردی مێژوویین و لە ژمارەکانی رۆژنامەی کوردستان – مەهاباد تۆمارکراون هەر لەو کاتەی دەگاتە شاری مەهاباد ، وەک لە رۆژنامەکەدا وا وەسفکراوە :

جەنابی ئاغای مەلامستەفا قائیدی کوردی بارزان رۆژی 9-1324-12 ساتی 5ی پاشنیوەڕۆواریدی مەهاباد بوو ..... تد .(کوردستان ژ 21، ل4 ،ژ22،ل 3 ). سەرۆک مستەفا بارزانی لەو رۆژ و ساتەی وەک رۆژنامەی کوردستان نووسیویەتی ( واریدی مەهاباد بوو ) بەرگری شۆرشگێرانەی لەبەرەکانی جەنگ لە کۆمارکردووە و قارەمان و لێزان لە شەرەکان سوپای دوژمنی تێکشکاندووە تا رووخانی کۆمار بە پیلان و گەمەی نێودەوڵەتی و کۆتایی پێهێنان بە پەخشی رادیۆی کۆمار لە مەهاباد ، سەرۆک بارزانی دوای ئەم رووداوە ، هەرزوو لەوتارێکیدا لە رادیۆی (باکۆ) لە ئازەربایجانی سۆڤیەتی لە ساڵی 1949 بڵاوکرایەوە ، وتارەکە کاریگەری لەسەر حکوومەتی ئێران هەبوو،ناچاری کرد رادیۆیەکی کوردی دامەزرێ .

لەبارەی کاریگەرێتی ئەو وتارە یەک کاژێرییەی سەرۆک مستەفا بارزانی بۆ رادیۆی باکۆ ئەمیر حەسەن پوور بەم جۆرە باسی لێوەدەکات.

کەوتنی کۆماری کورد لە مهاباد لەمانگی کانوونی یەکەمی 1946 کۆتاییشی هێنا بە ڕۆڵی پەخشی ئێزگە کوردییەکەی – ئێران ، هەرزوو دوای رووداوەکە وتارێکی یەک سەعاتی لە رادیۆی ( باکۆ)ی کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەتی لە 1949 بڵاوکرایەوە لەلایەن ( مەلامستەفای بارزانی ) پێشەوا و رابەری شۆرشی کوردی عێراق و قوماندارێکی سوپای کۆماری کورد بووە ، پەلاپیتکەی زیندوو کردنەوەی ئێزگەیەکی رادیۆ ، بەڵام لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بوو . لە لێدوانەکەیدا مەلامستەفا داوای یەکێتتی کوردستان و ئازادی بۆ خەڵکی کوردستانی دەکرد لە ئێران و تورکیاو عێراق( ئەمیر حەسەن پوور ، 2010 لاپەرە 20 )

ئەمانە کە تێگەیشتن و هەڵوێستی سەرۆک مستەفا بارزانی بوو بۆ رادیۆو رۆڵی کارتگەری بۆ شۆرش و گەیاندنی پەیامدا چ لەسەردەمی کۆماری کوردان لەمهاباد ، یا لەسەردەمی بوونی لەیەکێتیی سۆڤیەت

هەڵبەتە دوای هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلوولدا مستەفا بارزانی سەرۆک ورابەر بایەخی هەرە پێویست وگرنگ بە کاری میدیایی بە گشتی وئێزگەی رادیۆیی بەتایبەتی دەدات چ بۆ پەیداکردنی ئامێرو کەرەستەی چاپخانە بێ بۆ چاپکردنی بڵاوکراوە یا دابین کردنی ئامێرو دەزگای پەخشی رادیۆ.

## ئەنجامەکانی توێژینەوە :

ئەم توێژینەوەیە (بزاڤی میدیایی سەردەمی شۆرشی ئەیلوول 1961-1975 دامەزراندن و پێشەنگی)، کە بەشێکە لە توێنەوەی ( میدیای پارتی دیموکراتی کوردستان 1946-2011) ، بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتووە :

1-لەبواری رۆژنامەگەریی لەسەردەمی شۆرشی ئەیلوولدا لە ساڵی 1961 تا پەتای دووبەەکی گرفتی هەرەسەرەکی پێشنەکەوتنی بواری رۆژنامەگەریی ئەو قۆناغەیە .

2- لەدوای دەرچوونی ژمارە (485) لە مانگی شوباتی 1966 بەرەوسەرەوە کاری دووبەرەکی نامێنێ و رۆژنامەگەری شۆرشی ئەیلوول بە گوڕو تین و ئەزموونی کارو دامەزراوەیی دەزگای چاپ دەرواو پێشەنگی وەدەست پێشخەری پێویست پێشکەشی مێژووی رۆژنامەگەری کوردی دەکات نموونەی دەرچووی رۆژنامەی التاخی و گۆڤارو پاشان رۆژنامەی رۆژانەی برایەتی وجوانترین نموونەی ئەو قۆناغەن .

3- هەر لەدوای ساڵی 1966 و گواستنەوەو دامەزراندنەوەی ئێزگە بۆ ناوچەی جیاجیاکانی باڵەکایەتی و نزیک بارەگای مەکتەبی سیاسیی و بارەگای بارزانی ئێزگەی دەنگی کوردستان پێشکەوتنی گرنگ بەخوەدەبینێ چ لە رووی ئامێری پە خشەوە بووبێ ، یا کاتی پەخش و بەرنامەکانی بە چەندین زمان .

4- دوای رێککەوتن نامە مێژووییەکەی 11ی ئازاری 1970 ئەو پێشکەوتنە میدیایی و رۆشنبیری و هونەرییانەی بۆ کورد هاتوونەدی بەتایبەتیش لە شاری بەغدا جا چ دامەزراندنی کۆری زانیاری کورد بووبێ ، یا یەکێتیی نووسەرانی کورد ، یا دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکراوەی کوردی یا هەر چاپکراو بڵاوکراوەی کۆمەڵەو رێکخراوە رۆشنبیرییە کوردییەکانی بەغداو شارەکانی کوردستان بووبێ ، یا بایەخ پێدان بە بەشی کوردی رادیۆی بەغداو بوونی بە رادیۆیەکی سەربەخۆی پەخش یا پەخشی تەلەفزیۆنەکان بوو بێ یا هێنانی چاپخانەی تازە هەموویان لەسایەی شۆرشی ئەیلوول وسەرکەوتنی خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگەکانی کوردستان بووە کە مایەی ناچارکردنی رژێمی بەغدا رێککەوتن نامەی 11ی ئازاری 1970 لەگەڵ سەرکردایەتی شۆرش ئیمزابکات .

# سەرچاوەکان :

## یەکەم : بەزمانی کوردی


1-. فەرهاد پیربال ،چەند باسێک لەبارەی مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردییەوە ،سلێنانی ، چاپی یەکەم 2007

2- فاروق عەلی عومەر ، وەرگێرانی تاریق کارێزی و ساخکردنەوەی :، عەبدوڵلا زەنگەنە ، رۆژنامەگەریی کوردی لەعێراقدا، بەراییەکان 1914-1939 ،هەولێر - دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی ، چاپی یەکەم 2001

3- محمد خدر مولود ، بزاڤی رۆژنامەگەریی حکوومەتەکانی کوردستان ،لێکۆڵینەوە - بەدواداچوون ، بلاوکراوەی وەزارەتی رۆشنبیری -چاپی : چاپخانەی رۆشنبیری هەولێر 1999.

4 - وریا جاف، مێژووی رۆژنامەگەریی پارتی دیموکراتی کوردستان 1946-1996 چاپی یەکەم ، چاپخانەی خەبات - دهۆک 1966 .

5- دلشاد مستەفا وەسانی ، خەبات بەردەوامە پوختەیەک دەربارەی رۆژنامەی خەبات 1959-2019 ، هەولێر چاپی یەکەم 2021

6-د.ئاریانا ئیبراهیم،رۆژنامەی خەبات ،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین 2018

7- برایەتی 1971-1970 دووەمین گۆڤاری سیاسیی ئاشکرای پارتی دیموکراتی کوردستان ، ئامادەکردن و لەچاپدانەوەی : ئاری نانەکەلی ، پێشەکی : د،نەجاتی عەبدوڵلا ، هەولێر 2020 .

8- نەژادعزیز سورمێ ،فەرهاد عەونی ، برایەتی یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەیە لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی دا

9- د.ئازاد عوبێدسالح ، کاریگەری شۆرشی ئەیلوول لەسەر رۆژنامەوانی کوردی 1961-1975 ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی رۆشنبیری - هەولێر 2007

10- بەشەک لە ئەشیڤی گۆڤاری سەفین لەسەردەمی شاخدا ، بەرگی یەکەم ، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی لقی دوو - مەکتەبی رۆشنبیری و راگەیاندن - هەولێر چاپخانەی حاجی هاشم 2016

11- وەسفی حسن درێنی ، رادیۆو یەلەفزیۆنێیت کوردی 1939-2002 دهۆک رێڤەبەرییا راگەهانی ل پارێزگاها دهۆک - چاپخانا زانا ، 2011

12 باکوری ، ئێزگە ی کوردی بەغدا ، هەولێر چاپخانەی شەهاب 2009

13- دەبگی کوردستان نیوسەدە بەخشش ، سالار عوسمان ، وەزارەتی رۆشنبیری بەرێوەبەرایەتی چاپ - چاپخانەی رۆشنبیری 2013

14- ساسان عەونی ،یەکێتی قوتابیانی کوردستان چەند لایەنێکی تێکۆشان و مێژوو ، لەبلاوکراوەکانی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ، هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە 1998

15- د.سێرگێی میخایلۆڤ و د.مغدید سەپان پەخشی رادیۆی کوردی ، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بلاوکردنەوە چاپخانەی ماد 2020.

16- ئەمیر حەسن پوور ، نەتەوایەتی و زمان لەکوردستاندا 1918-1985 وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە : باکوری ، هەولێر - وەزارەتی رۆشنبیری چاپخانەی رۆشنبیری ، 2010 .

17- فەرهاد ؛ەونی رۆژگارم ئەوها تێپەڕی بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم چاپخانەی رۆژهەلات - هەولێر 2016 .

18-جەمال خەزنەدار ، رۆژی کورد ، بلاوکردنەوە وپێشەکی لەسەر نووسینی ، بەغدا، چاپی یەکەم 1981

19- رەفیق سالح و سەدیق سالح ، رۆژنامەی کوردستان ، پرۆژەی هاوبەش ، دەزگای ئاراس چاپی یەکەم 2007.

20- هەژار بۆ کوردستان ، دیوانی شیعر دەزگای ئاراس ، چاپی یەکەم - هەولێر ، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس 2002.
21-نەوزادعەلی ئەحمەد ، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان ، نیسانی 1962-کانوونی دووەمی 1964، بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان ،سلێمانی 2008 .

## دووەم بەزمانی عەرەبی :

١-رزگار نوری شاوەوس ، (رزگاری ) ثم (خەبات ) ، منشوارات برایەتی و خەبات 1998
2-فرهاد محمد احمد ، جریده خەبات 1961-1969 دراسه تاریخیه ،دهوک - خانی 2008
3- د، فائق بطي ، الموسوعة الصحفية الكردية في العراق تاريخها و تطورها ، دارلامدي - بغداد 2011
4- ا.م.د. سلمان المشهداني ، تاريخ وسائل الاعلام في العراق - النشاة و التطور - عمان - الاردن 2013
5- نوزاد على احمد ، خەبات لسان حال الحزب الديمقراطى الكوردستانى ( جناح المكتب السياسى ) السويد 2011 .

# کۆمەڵا خوێندکارێن کورد ل ئەوروپا

Kurdish Students Society in Europe (KSSE)

**م. عارف رشدي**

**ماستەر ب مێژوویا نوی**

arifrushdi@hotmail.com

## پێشەکی

پشتی بدوماهیک هاتنا شەڕی جیهانیێ دووێ ، دپێخەمەتا پەیداکرنا هەژمون و دەسەلاتداریێ لسەر ئاستێ جیهانی ، قوناغەکا نویا ململانێ دەستپێکردناڤ بەرا هەردوو بلوکێت (سوسیالستی و سەرمایەدارێی) دا ، کو ل ئەدەبیاتێت سیاسیدا تیتە ناسین ب(شەڕی سار) ، هەڤرکیی بتنی دچوارچوڤێ (ئایدیولوجی ، لەشکەری ، ئابوری و ئیستراتیجی)دا نەما ، بەلکو سەر کێشا بۆ دەراڤێت گرێدای برێکخستنێت سیاسی ، جڤاکیڤە ، نەخاسمە بزاڤا چین و توێژێت (کرێکار، قوتابیان ، ئافرەتان و گەنجان)، وەک دەرەنجامەک چەندین رێکخراوێت جودا پەیدابوون گرێدایێ هەردوو بلوکێت مە ئاماژە پێکری . دناڤ توێژا خویندەڤانادا دوو رێکخراوێت قوتابیانێت جیهانی )هاتنە دامەزراندن ئێک ژوان ساڵا ١٩٤٦ بناڤی ( ئێکەتیاقوتابیێت جیهانێ ius) کو سەر ببلوکێ سوشیالست ڤەبوو ، ویادووێ ساڵا ١٩٥٠ بناڤێ (سکرتارییەتا هاریکاریێ لناڤبەرا قوتابیێت رووژئاڤادا coses) کو سەر ببلوکێ سەرمایەدارێڤە بوو .ئەڤ دوو ریکخراوە دبەرەبەزینکانێدابوون داکو هەر ئێک ژوان بشێت پرانیا رێکخراوێت قوتابیێت وڵاتان بئالێ خۆڤە راکێشیت .

دڤی دەمیدا خویندکارێت کورد ئەوێن ل ولاتیت ئەورویی دخواندن ، لبن کاریگەرییا ڤان لڤینادا ژئالییەکێ و هەبوونا بزاڤا کوردایەتیێ لهەر چوار بەشێت کوردستانێدا و پێتڤی بونا پیناسەکرنێ بۆ گەلێن جیهانێ و نەخاسمە تەخا خوێنکارا ژئالییەکی دیڤە ، دەست بکارکرنێ کرن داکو بشێن ل ریکخراوەکا نەتەوەییدا شیان و پێچیبونیت قوتابێیت کوردوستانی ڤەجەمینن .

دوی دەمیدا چوناخویندکارین کورد بەرف ئەوروپابۆ چەند هۆکارەکا دزڤری :

١- رزگاربوون ژستەما دەسەلات و حکومەتێت گەلین سەردەست ێن دابەشکەریت کوردوستانێ.

٢- پەیداکرنا دەلیڤەو کاودانێت باشتر ژبۆ پشکدارییەکا گەرم و گورتر دبزاڤا رزگاریخوازییا کوردستانێدا .

٣- بلندکرنا ئاستێ روشنبیری و بدەستڤەئینانا باوەرنامێت بەرزیت زانستی دهەمی دەراڤادا .

ژبەر وان ئەگەرێت مە ئاماژە پێکرین  خوێندکارێت کورد بـفەر دزانـین ببـنە خـودانێ رێکخراوەکـی خوێنـدکاری نەتەوەیـی تـایبەت ، لەورا هەوڵێـت دامەزرانـدنا کـومەڵا خوێنـدکارێت کـورد ل ئەوروپـا دەستپێکرن و ب دووقوناغا کومەڵە  هاتە دامەزراندن .

## قوناغا ئێکی ١٩٤٩- ١٩٥١:

ل دەمەکێدا لسالا ١٩٤٧ێ لقەکی (رێکخـراوا هیڤـی) یـا  قوتابیێـت کـورد ل وڵاتـێ سویسرا هەبـوو، هەروەسا لسەر دەستێ (نـورەددین زازا) و چەنـد خوێنـدکارەکێت دن (رێکخـراوا کـومەڵا خوێنـدەڤانێن کـورد) ل زانکویـا بەیروتـێ هـاتە دامەزرانـدن ، خوێنـدکارێت کوردوسـتانی ئەوێـن ل زانکوێـت ئەوروپـا دخوانـدن بەردەوام دهەوڵ و بزاڤـادابوون داکـو بشـێن رێکخراوەکـا خوێنـدکاری (پیشـەیی ، سیاسـی و نەتەوەیی) تایبەت بۆ خوێندکارێت هەر چوار بەشێت کوردوسـتانێ دامەزریـنن  ، چـونکە گەیشـتبوونە وێ باوەرێ ئەو رێکخراوە پێتڤییە ژبۆ جەماندنا شیانێت خۆ لسەرئاستێ ئەوروپا بـۆ پشـتەڤانیکرنا بزاڤـا رزگاریخوازییـا گەلـێ کوردوسـتانێ ل هەر چـوار پارچێـت داگیرکریـدا برێکـا سـازدانا کـورو کوبـونەوە، خوپێشاندان ، ئامادەبوون د فیستیڤاڵ و کونگرێت رێکخراوێت هەڤکیفدا ، هەروەسا   وەشاندنا دەنگـو باس و زانیارییا دەربارێ مێژوو ، کلتور و خواستا  ڕزگاربونا گەلیمە ژبندەستیێ، ئەو بوو ل سـالا ١٩٤٩ێ دەرفەتەک پەیدابوو و (٥) خوێندکارێت کورد لە باژێرێ (لوزانا وەڵاتی سویسرا) جڤیان و پشتی چەندین گەنگەشێت چڕ رێککەفتن ل سەر پێکئینانا رێکخراوەکێ بناڤێ (کومەڵادیموکراتا لاوێن کورد ل ئەوروپـا) و د ئێکەم کونگرا خودا کو ل باژێرێ (لوزانا سویسرا ) هاتبووە گرێدان (نـورەددین زازا ) وەک سـەرۆکێ کومەڵێ هاتە هەڵبژارتن . هەروەسا بریارهاتەدان گوڤارەک تایبەت هەبیت وەک کەناڵەکی ڕاگەهانـدنێ بنـاڤێ (دەنگـێ کوردوسـتانێ) ب سـێ زمانـان بێـتە وەشـاندن (کـوردی ، ئنگلیـزی و فەرەنسـی) ، ژوان خویندکارێت خودان شیان و بزاڤ کو سەرپەرشتییا کومەڵێ دکرن ( نـورەددین زازا ، عسـمەت شـەریف وانلی ، عبدالرەحمان قاسملو ، ئەحمەد قاسملو ) بوون . نورەددین زازا دەربارێ گوڤارا دەنگی کوردستان دبێژیت :

((گوڤارامە سیاسەتا ملهوڕییا وڵاتێن داگیرکەر (تورکیا ، عیراق ، ئێران و سوریا)دژی گەلـێ کـورد وەک دەنگو باس و راڤەکاری ددایە بەرچاڤان و بویە هۆکارەک ژبو راکێشانا سـوزا خوینـدکارو روژنامەگەرییـا دیموکراسی بەرف دوزا گەلێمە ، ژلایەکی دیـڤە ئەڤ پێنگـاڤە بـویە هۆکـارێ دژایەتیکرنـێ ل گەل مەدا ژلایێ نوێنەرایەتییا ولاتێت دەست بسەرکوردستانیدا گرتین و  ژبلی کەرب و کینا پارتێت کومونستی )).

## هەڵوێستێ کۆمونستا؟؟

کۆمونستێت  هەر چوار ولاتا دژبەرایەتی کۆمەڵێ دکرن ولنک وان پەسند نەبـوو رێکخراوەکـا تـایبەت بۆ خوێندکارێت کورد هەبیت، بەلکو دخواستن خوێندکارێت کورد ببنە ئەندام دناڤ رێزێت رێکخراوێـت

سەرتاسەری ولاتێت کوردوستان پێڤە گرێدای، چونکە بهزرا وان هەبونا رێکخراوەکی سەربەخۆێ کوردان دێ زیانێ گەهینیتە بزاڤا گەلان!!! ، ئەڤەژی دەرهاوێشتێ هزرا رەق ونەبابەتییا وان بوو . نورەددین زازا دەربارێ هەڵوێستی کومونستا دبێژیت : کومونیستیێن گەلێن سەردەست دبن بارێ هزرا دوگمایا ستالینیدابوون، دژی کۆمەڵامە دخەبتین ، هەبونا کومەڵی بدژایەتی دزانین بەرامبەر یەکبونا چینا کرێکاران ، ئەرکێ هەڵوەشاندنا کومەڵێ دابوونە دەست حزبا (تودە) نەخاسمە ئەندامێت کورد ، نورەددین زازا هەتا دوماهیکا تەمەنێ خۆ بگازندەبوو ژ ڕولێ (عبدلرەحمان قاسملو و براێ وی ئەحمەد قاسملو).

هەرچەندە ژیێ ڤێ رێکخراوێ گەلەک نەڤەکێشا ، لێ بێ بەرهەم و چالاکی نەبوو ، ئێک ژوان چالاکییێت بەرچاڤ ، پشکداریکرن بوو دفیستەڤالا دووێ یا خوێندکارو لاوێت جیهانیدا کو ل هاڤینا ساڵا ١٩٤٩ دا هاتبووە بەرهەڤکرن ل باژێرێ (بۆدابستا پایتەختێ هەنگاریا) ، نوێنەرێت کومەڵێ ێن بەشدار دفیستیڤالێدا شیابین چەوساندنا بندەستیێ وکاودانێت بەرتەنگێ ژیانا گەلێ کوردوستانێ ل هەر چوار بەشادا بباشی ڕاڤەبکەن بۆ ئامادەبوویان ، ئەوا هەژی گوتنێ بیت شاندێ کومەڵی لبن سیبەرا ئاڵا رەنگینا کوردستانێ بەشداربوو. بەلێ وەک ئەنجامێ بیرتەنگییا شاندێت کۆمونیست و نەتەوەپەرست رازینەبوون ناڤێ کوردوستانێ بێتن دبانگەوازا دوماهیکا فیستڤالیدا یاکۆ بناڤێ (بانگەوازا نوێنەرێت ڕوژهەلاتا ناڤەراست) هاتییە ڕاگەهاندن ، لێ گوهداریا وان نەهاتەکرن و ناڤێ کوردوستانێ ل ڕێزبەندییا چەندین وڵاتادا هاتە تومارکرن .

**ئەڤە ژی دەقێ بانگەوازێیە:**

ئەم نوێنەرێت لاوێن (مسر ، فەلەستینا عەرەبی ، ئیسرائیل ، لوبنان ، سوریا، عیراق ، کوردوستان ، تورکیا ، ئیران و قوبرس) کو بەشداربین دفیستیڤالا جیهانییا لاوو خوێندکارێت دیموکراتدا ل باژێرێ (بودابست) گازی لاوێن وڵاتێن خۆ دکەین هەلگرێ هەر بیروباوەرێکی سیاسی ،کۆمەڵایەتی بن ، داخازێ ژوان دکەین ئێک بگرن و خەباتێ بکەن دژی ئمپریالییا ، ئەوێن وڵاتین مە دکەنە گورەپانا شەڕێن ئمپریالیستی و بازرگانیێ ب بەرژەوەندی و خوینا گەلێن مە دکەن .

جهێ داخێیە هەڵویستی تودا ئیرانێ و حزبا شیوعییا عیراقێ زور توند بوو بەرامبەری هەبونا کومەڵێ ، ژئەگەرا بەرنگارییا کۆمونیستا چەند ئاریشەک پەیدابوون دناڤبەرا وان و ئەندامێن دیێن نەتەوەخاز ، داخازا گرێدانا دووەم کونگرێ هاتە کرن ل باژێرێ (لوزان) ، هەر چەندە لایەنگرێت تودە نەشیان پرانییا دەنگان بدەست ڤە بینن بۆ سەرۆکایەتی و سکرتارییەتا کومەڵێ ، وەلێ نورەددین زازا پێداگیربوو لسەر هەڵوەشاندنا کومەڵی هەتاکو دەمەکی دی خوێندکارێت کورد باشتر خۆ سازبدەن و رێکخراوەکا موکومتر دامەزرینن .

## قوناغی دووەم : ١٩٥٦- ١٩٧٥

پشتی هەلوەشاندنا کومەڵی ل ئەنجامێ چەند گیروگرفتەکا لسەرەتایا ساڵا ١٩٥١ێ ، بەلێ پێتڤییا هەبوونا رێکخراوەکا سەربخۆ بۆ خوێندکارێت کورد هەر خواستەکی نەڤەشارتی بوو لجەم کۆمەڵەک کەسێن چالاک وەک ، ( نورەددین زازا، عسمەت شەریف وانلی ، کامەران بەدرخان ) و چەندین خوێندکارو کەسایەتیێن دی بتایبەتی خەلکێ کوردوستانا عیراقێ وەک (سعدی دزەیی ، دارا توفیق و تحسین هەورامی) چاڤەرێ دەرفەتەکی گونجاوبوون بۆ وێ مەبەستێ ، زێدەبوونا هەژمارا خوێنکارێت کورد ل وڵاتیت ئەوروپادا ، نەخاسمە پشتی ژناڤبرنا کومارا کوردوستانێ ل مەهابدێ ساڵا ١٩٤٦ وخورتبوونا بزاڤا سیاسییا کوردایەتیێ ل دەستپێکا ساڵیت پێنجییادا بتایبەتی پشتی شورشا ١٤ی تەمووزێ ل عیراقی و پاشی دژواربوونا کاودانا ، کارتێکرناخۆ هەبوو لسەر پتربوونا رێژا خوێندکاریت کورد ، لەوما وەکو دەلیڤەیەکی باش بوو بۆ خۆ رێکخستنێ دچوارچوڤی رێکخراوەکی پیشەییدا . کۆمەڵە وەک قەوارەیکی کوردوستانی هاتە دامەزراندن ، خویندکارێت هەر چوار بەشێت کوردستانێ بی گوهدانا ئاراستا هزری و رێکخراوەیی دشیان ببنە ئەندام دکومەڵیدا بەلێ هەژمارا بلندترا ئەنداما خوێندکارێت کوردوستانا عیراقێ بوون .

چەند هۆکارەک هەبوون بۆ گیروبونا دامەزراندنا رێکخراوەکی نەتەوەیی بۆ خویندکارێت کورد ل ئەوروپا ، ئێک ژوان هوکارا وەکو مە ئاماژە پێکری کێمییا هەژمارا خوێندکارابوو بۆ نمونە عیسمەت شەریف دبێژت : دەما من سەردانەکی ئێکەتییا سوڤیەتکری من دیت ژکویێ (٤٠٠) خوێندکارێت عیراقی بتنێ (٣٥) کەس کوردبوون ؟؟، هەروەسا زاڵبوونا ئاراستا ئایدیولوجییا سیاسی ، حزبایەتییا بەرتەنگ و دژبەرییا پارتێت کومونست ژهۆکارو رێگرێت دیاربوون .

قوناغا دووێ یا پێکئینان رێکرخراوا کۆمەڵا خویندکارێت کورد ل ئەوروپا لساڵا (١٩٥٦)ێ دەست پێکر ، دەما دەستەکەک ژخوێندکارا ل باژێرێ لەندەنا پایتەختێ ولاتێ بەریتانیا دکومبونەکێدا بڕیارا دامەزراندنا کومەڵێ دان، پشتی خۆ سازدان و پەیوەندیکرن ب هەژمارەکی خویندکارێت کورد، شیان ئێکەمین کونگراخۆ لبەروارێ (١٠-١٦/ ٨ / ١٩٥٦)ێ ل باژیرێ (ڤیسبادنا ئەلمانیا ڕوژئاڤا ) گرێدەن ، دوێ کۆنگرێدا بتنی (١٧) خوێندکار ئامادەبوون ، لێ مخابن ژئەگەرا هەبونا گرفتەکی ئایدیولوجی دناڤبەرا وان خویندکارادا کو (٩) ژوان سەر ب پارتێت کۆمونیست ڤەبوون ، نەشیان بریارێ بدەن لسەر پێکئینان رێکخراوەکی سروشت نەتەوەیی ، ژبەر وێ چەندێ برایارا دامەزراندنا رێکخراوەکا زانستی دان بناڤی (کۆمەڵا زانستییا خوێندکارێت کورد ل ئەوروپا) . ئەو (١٧) خوێندکارە وەک دەستەیا دامەزرێنەر هاتە ناڤ کرن و ئەڤ کەسە بوون :

| | |
|---|---|
| ١-نورەددین زازا | کوردوستانا تورکیا |
| ٢- عیسمەت شەریف وانلی | ========== |
| ٣- تەحسین هەورامی | کوردوستانا عیراقێ |

| | |
|---|---|
| ٤- سەعدی دزەیی | =========== |
| ٥- یوسف ئەدیب | =========== |
| ٦- دارا توفیق | =========== |
| ٧- تاهر خەفاف | =========== |
| ٨- مەحمود کانەبی | =========== |
| ٩- حسن زولفەقار | =========== |
| ١٠- بەدیع قوتب | =========== |
| ١١- زاهر حسن | =========== |
| ١٢- عومەر رەمزی | =========== |
| ١٣- فوئاد سالّح رەشە | =========== |
| ١٤- ئەحمەد ڕەسولّ | کوردوستانا سوریا |
| ١٥- ئەحمەد زەمچی | =========== |
| ١٦- دانش عارف | =========== |
| ١٧- مستەفا قازی | کوردوستانا ئێرانێ |

پشتی بدوماهی هاتنا کونگرێ ، دبەیاننامەیەکی (١١) خالیدا بڕیاریت کونگرێ هاتنه وەشاندن ، راسته نەشیان رێکخراوەکی نەتەوەیی ڕابگەهینن ، لی ئەو بریاریت دبەیینامێدا هاتین بڕیاریت نەتەوەخوازێ بوون ، ئەڤە ژی کورتەیەکا بەیاننامێیە :

((گەلێ کورد وەک هەمی گەلێن روژهەلاتا ناڤەراست ، مافێ دیاریکرنا پاشەڕووژا خۆ هەیە ، بەلێ پیادەکرنا وی مافی دڤی دەمیدا رێگری هەنە ، بزاڤا کوردایەتیێ بزاڤەکی ئازادیخوازە ، ئیک ژ ئارمانجێت وێ پرێڤە برنا حکومرانییەکی دیموکراسییە دوان وەلاتادا یێن کو کوردوستان دابەشکرین ، دیموکراسی دبەرژەوەندییا هەمی گەلێن دەڤەرێدایە ، هەروەسا داخوازێ ژ گەلێن سەر دەست دکەین (تورک ، عەرەب و فارس) پشتەڤانییا مافێن رەوایێن گەلێ کورد بکەن )).

دکۆنگرێدا (ئەحمەد زەمچی) وەک سکرتێرێ کۆمەلّی هاتە هەلّبژارتن ، ناڤبری ئەندامێ حزبا کۆمونیستا سوریا بوو، دوان دوو سالّین ئەو سکرتێر نەهێلا کۆمەلّە چالاکانە کاربکت ، پشتی چەند سالەکا ل رونشتنەکێدا ل گەلّ سعدی دزەیی گوتبوو : لسەر داخازا سکرتیرێ حزبا کومونستا سوریا (خالد بەگتاش) ی من وەنەکر کومەلّێ چالاکێن بەرچاڤ هەبن .

هەژی گوتنێیە کۆمەلّی پەیرەوەکێ ناڤخۆیی هەبوو ، لبەر روشناهییا پەیرەویدا پەیکەرێ رێکخراوەیی ، دەستهەلّات وشێوازێ کارکرنێ ، ئارمانج و ئەرکێت کومەلّی و ژێدەرێت دارایی تێدا هاتبوونە دەستنیشانکرن .

## ئەندامەتییاکۆمەڵێ :

دبەندا چارێیا پەیرەوێ ناڤخودا چەوایەتییا ئەندامبوونێ درێزیت کۆمەڵێدا هاتبوو پێناسەکرن بڤی رەنگی :

١-هەمی خوێندکارێت (کوردو کوردوستانی) ئەوێن ل وڵاتیت ئەوروپا دخوێنن دشێن ببنە ئەندام درێزێت کۆمەڵێدا بڤان مەرجا :

أ- باوەرئینان ب دەستورێ کۆمەڵی و تێبکوشت دپێخەمەتا بجهئینانا ئارمانجێت کۆمەڵێ.

ب- سالانە ئابونێ بدەت بلاێ کێمڤە (سێ پاوەنێت ئنگلیزی یان قەدەرێ وان) .

٢- کۆمیتا لقێ ، ب راوێژا کۆمیتا برێڤەبەرا گشتی ، دڵنیابن ژهەبونا مەرجێت ئەندامەتیێ ل جەم وان خوێندکارا کو دخوازن ببن ئەندام .

٣- ئەگەر ئەندام بەروڤاژی بەندو برگێت دەستورێ کۆمەڵی کاربکەت ، یان کارەکی وەسا بکەت زیانێ ب گەهینیتە کومەڵێ و گەلێ کورد ، ب ئێک ژڤان سزایا دێ ئێتە سزادان :

أ - ب بریارا کۆمیتا لقێ : سرنج ڕاکێشان ، ئاگەهدارکرن ، سەرزنشتکرن.

ب - سرکرن ب(بریارا کۆمیتا برێڤەبرنا گشتی).

ج - دەرکرن ب(بریارا کۆمیتا برێڤەبرنا گشتی).

## پەیکەرێ رێکخراوەیی ێ کۆمەڵێ :

**١-کۆنگرا گشتی :**

أ- بلندترین دەسەلاتێ کۆمەڵێیە .

ب_ ساڵێ جارەکێ دهاتە سازدان، ئەگەر پێتڤی کربا کۆنگرەکێ نەئاسایی دهاتە سازدان.

**٢- کۆمیتا برێڤەبرنا گشتی :** بلندترین دەسەڵاتێ کۆمەڵێیە دناڤبەرا دوو کونگرادا و ژ(٧) ئەندام و (٢) جێگرا ، پێکدهات . ژوانە (٣) کەس دبونە سکرتاریەت (سکرتێر و دوو ئەندام).

**٣- لق :** ئورگانێ سەرەکێ کۆمەڵی بوو ل هەر وڵاتەکێدا ژ (٣-٧) ئەندناما پێکدهات ، سالانە ئەندامێت لقێ دهاتنە هەلبژارتن .

**٤- کومیتا پەیوەندییا :** ئەرکێ وێ رێکخستنا پەیوەندییێت کۆمەڵییە لگەل رێکخراوێت خوێندکاری و هەر سازییەکا دی ، هەر وەسا بەلاڤکرنا بەلاڤوکێت کۆمەڵێ و کومکرنا هاریکارێی ژدوست و لایەنگرو کەسایەتیا.

## كونگرێت كۆمەڵا خوێندكارێت كورد ل ئەوروپا:

كونگرا دامەزراندنێ ، وەک كونگرا ئێكێ هاتە هەژمارتن ، لـوێ كونگرێـدا خوێنـدكارێت نەتەوەخـواز وەک مە ئاماژە بوكرى نەشيان رێكخراوەكـى نەتەوەيـى ئاڤابكەن بئارمانجـا گرێـدانا خەباتـا پيشـەيى و سياسى ، لەو را پشتى نێزيكى سـاڵ و نيڤەكـێ كـونگرا دووێ ل بەروارێ ( ٢-٤ / ٨ / ١٩٥٨ ) ل بـاژێرێ لەندەنا پايتەختێ ولاتێ بەريتانيا هاتە سازكرن و (٢٢) خوێندكار ئامادەبوون .

دڤـێ كونگرێـدا چەنـد بريارەكێـت گرنـگ هـاتنە وەرگـرتن وەک : دەرێخسـتنا گوڤـارەكێ بنـاڤى (كوردوستان ) وەک ئورگانێ ناوەنديێ كۆمەڵێ و، داخواز ژپسپورێت زمانێ كوردى هاتەكرن هەوڵبدەن زمانێ كوردى بپارێزن ژ پەيڤێت بيانى ، داخاز ژهونەرمەندێت كورد هاتە كرن هونەرێ كوردى پێشـبێخن و هاريكاربن ل گەل كۆمەڵى ل بـوارێ ديزاينكرنـا گوڤـارا كوردوسـتانێ و سـازدانا ئـاهنگەكێ بهەلكەفتا جەژنا نەوروزێ ل ولاتى ئنگلتەرا . هەروەسا بريارهاتە دان كونگرا سێ دهاڤينا وێ ساڵيدا بهێتە سازدان ، مەبەستا وان ژێ ئەو بوو ، ببيتە دەرفەتەک بۆ ئەنجامدانا گوهورينكاريا (د ناڤ وسروشت و شێوازێ كاركرنێ دكۆمەڵێ)دا ، دا داكو بشێت وەک رێكخراوەكى پيشـەيى سياسـى نەتەوەيـى دقـادا خەباتێـدا چالاک و خودان كەسايەتيا تايبەت بيت .

ل بەروارێ( ٤-٨ / ٨ / ١٩٥٨ ) دا سييەم كونگرا كومەڵێ ل باژێرێ (ميونيخ) هاتە پرێڤەبرن ، ديسـان ( ١٧) ئەندام ئامادەبون ، گرنگترين برِيارى كونگرێ گهورينا ناڤى كۆمەڵێ بوو ، ژوى دەمـى پـێڤە هـاتە ناڤكرن ب (كۆمەڵا خوێندكارێت كـورد ل ئەروپا) ئەو پێنگـاڤە بنەسـتر بـوو بـۆ چەنـدين گورانكاريـا د شێوازێ كاركرنا كومەڵيدا و ئێدى وەک (رێكخراوەكى پيشەيى سياسى كـوردى) هـاتە پاناڤـا خەبـاتێ و، هەمـاهەنگييەكى باشـتر دروسـت بـوو لـگەل خەباتكارێـت كـوردايەتێ دناڤـا ولاتێـت دابەشـكەرێت كوردوستانێ بتايبەتى ل كوردوستانا عيراقا و پارتى ديموكراتا كوردوستانێ ، كونگرێ بەياننامەيەک بەلاڤكـر چەند خالەكێت گرنگ تێدا هاتبوون :

(داخاز ژ رێكخراوا ئێكەتييا لاوێت ديموكراتێت جيهانى دكەين ئێكەتييا لاوێن ديموكراتێت كوردوستانا عيراقێ وەكو ئەندام بهێتە وەرگرتن ، داخاز ژ هێژا (دكتور كـامەران بەدرخـان) دكەيـن بنگەهەكـێ بـۆ رێزمانێ كوردى بئەزمانێ توركى دارێژيت بۆ كوردێت كوردوستانا توركيا ، هەر وەسا داخـاز ژ پسـپورێت زمانێ كوردى كرن فەرهەنگەكێ (كوردى – توركى) بنڤيسن ب زاراڤێ كرمانجييا سەرى و پيتێت لاتينى . ژلايەكى ديڤە وەک پێنگاڤەكى سياسى ل سەر ئاستێ جيهـانێ كـۆمەڵێ نـامەيەک ئاراسـتەى سـكرتێرێ گشتيێ نەتەوێت ئێكگرتى كر دەربارێ ناساندنا پرسا كوردى وەک بەشەک ژ تەنگژا ڕووژهەلاتـا نـاڤين و نەهێتە پشتگوە ئێخستن . بريارەكى دى بريتى بووژ : ئاراستەكرنا نامەيەكى سوپاسگوزارێ بو سـەرۆكێ حكومەتا سوڤيەت بەرامبەر وێ هاريكاريا لگەل كوردێـت ئێكەتييـا سـوڤيەت هـاتيە كـرن ل دەراڤـێ ڕووشنبيرييێدا و نامەيەكى دى بو سـەرۆكێ كومـارا عەرەبـى ئێكگـرتى بەرامـبەر رێـدانێ بـۆ پەخشـەكى راديويى ل قاهيرە .

دكونگرا چوارێدا ، كو ل بەرواریێ( ٢٣-٢٦ / ٧ / ١٩٥٩ ) دا هاتبیی گرێدان ، ئەو خوێندكارێت سەر ب حزبێت كۆمونستڤە ، پێڤەكولەكی گەلەك كرن داكو پروگرامێ كۆمەلێ لبەر روشناهییا بیرو باوەرێت ماركسی بهێتەدارشتن ، لێ سەركەفتی نەبوون ، دوێ كونگرێدا (٤٠) ئەندام ئامادەبون و پرانییا وان نەتەوەخوازبوون .

چەند پیروزباهییەك ئاراستەی كونگرێ هاتبینە كرن ، ژوان پیروزباهییا پیروزباهییا (بارزانیێ) نەمربوو، چۆنكە هاتبییە ڤەخواندن بۆ كونگرێ ،لێ هەروەك دناما پیروزباهییاواندا هاتبوو دبیژیت:((خۆشك و برایێت هێژا ئەندامێت كونگرا چاریێ یا كۆمەلاخوێندكارێت كورد ل ئەوروپا ، سلاڤێت گەرمێت تێكوشانێ دپێخەمەتا گەل و نیشتیمانیدا، گەلەك بخوشحالی ڤە ناماهەوە من وەرگرت، لێ جهێ داخێیە، من نەشیا بەشداربم دكونگرا هەوەدا ، هەمی پشتەڤانییەكی من بووە هەیە ، داكو دەنگێ گەلێمە بلندكەن و بگەهیننە گەلێت ئەوروپا و پرسا مەیا رەوا ژوانرا بهێتە دیاریكرن ، هەر وەسا ژكونگرێ خاستییە پشتەڤانییا شورشا ١٤ی تەممووزێ بكەن )).

زێدەباری ئامادەبونا ئەندامێت كونگرێ و تەلەگرافێت پیروزباهییا ، چەندین كەسایەتیێت سیاسی ،رووشنبیری كوردو بیانی ئامادەدبوون .

ژبریارێت سیاسیێت كونگرا چواریێ : پشتەڤانییا شورشا ١٤ی تەمووزێ دكەین و داخازا چارەسەرییەكی ئاشتیانە بۆ پرسا گەلێمە لهەر چوار بەشێت كوردستانێ . كونگرێ ئەندامەتییا (شەرەف)ێ دایە ڤان كەسایەتییا : (د.كامەران بەدرخان ، ڕەوشەن بەدرخان و پروفیسور قەناتێ كوردو). هەروەسا ئەندامێت كونگرێ داخازكرن ژ حكومەتا سوریا شاعرێ بەرنیاسێ كورد (قەدری جان) ئازادبكەتن و پاسپورتا (نورەددین زازا) بزڤرینیتەڤە. ژبریارێت سیاسیێت گرنگ لكونگرێدا هاتینە وەرگرتن ( پشتەڤانییا مافێ چارەنڤیسێ ) بوو بۆ گەلێ كوردستانێ.

لكونگرا پێنجێدا ، گرینگی ب پرسا كوردی ل كوردوستانا توركیا و ئیرانێ هاتە دان و دوو بروسكە هاتە هنارتن : ئێك ژوان بۆ(جەنەرال جەمال گورسێلێ تورك)داخازژێكرن گرتیێت سیاسیێت كورد ئازادبكەت و، یا دووێ بۆ شاهێ ئیرانی بوو تێدا هاتبوو: فەرە دەمودەست وان چوار قارەمانێت كورد (ئیسماعیل قاسملو ، عەزیز یوسف ، رەحمەت الله شەریعەتی و غەنی بلوریان) بهێنە ئازادكرن .

بكورتی كومەلی شیا هەتا سالا ١٩٧٥ێ (١٧) كونگرا سازبدەتن ، دوان سالادا گەلەك ناكوكی پەیدابوون وەك هەلویستی كومونستا ، هەلوێستێ ولاتێت داگیركەرێت كوردوستانێ و لێكترازانا سالا (١٩٦٤-١٩٦٦) یا پارتا دیموكراتا كوردوستانێ، وان هەمی ڕویدانا نەشیا كۆمەلێ ژبەر یەك هەلوەشینیت ، بەلێ توڤێ دووبەرەكی و سیبەرەكێ هاتبووە ڕەشاندن و پیلانا نێڤ دەولەتیا دژ ب شورشا ئەیلولا مەزن و ڤەمراندنا خەتیرا شورشێ دكونگرا (١٧)ێ دا ئەو ئاریشە بۆنە دەلیڤەك بۆ لێكترازانا سیاسی و حزبی و كۆمەلە ژی لسەر بنگەهێ حزبایەتیی بوی دەردی برن و لجهێ كۆمەلەیەكی نەتەوەخوازو پێشڤەرو، كومەلە دابەش بوو ب سەر سێ رێكخراوادا :

**١-كۆمەلا خوێندكارێت كورد ل ئەوروپا (Ksse)**، وەک درێژەپێدەرێ كومەلی هاتە ناسین و ، سەنتەرێ كاركرنا وێ لناڤبەرا بون و بەرلین دابوو ، پرانیا ئەندامێت وی سەر ب پارتا دیموكراتا كوردوستانێ ڤەبوون خوێندكارێت نەتەوەخوازبوون , ببووە چەترا بەهرا پترا خوێندكارێت كورد ، بەلكو دەما لكونگرا (١٧) دا ئاریشە دروستبووی ، ژكوێ (١٣٢) ئەنداما (٩٦) ئەندام مابون و (٣٦) ئەنداما هولا كونگرێ بجە هێلا.

**٢- كۆمەلا خوێندكارێت كوردوستانێ ل دەرڤەی ولاتی(Aksa)**، ئەندامێت وێ سەر ب ریكخستنێت ینک ڤە بوون .

**٣- كۆمەلاخوێندكارێت كورد ل ئەوروپا (Ksse)**، هەر بڤی ناڤێ ، خوێندكارێت كورد یێت كو سەر ب حزبێت كومونست ڤە بوون خۆ رێكخستنەڤە و سەنتەرێ كارێ وان ل باژێرێ (پراگ ) پایتەختێ چیكوسلافاكیا بوو.

كۆمەلا وەسا ب بەلاڤكری ما هەتا كو حزبێت كوردوستانی بەرێ كوردوستانی ڕاگەهاندن و دخالەكی پروگرامێ بەرەیدا هاتبوو ، هەمی رێكخراوێت پیشەیی ل دەرڤەی ولاتی یەكبگرن .

## ئاریشێت ناڤخۆیی ودەرەكیێت كۆمەلێ :

كۆمەلێ چەند ئاریشەیەک هەبوون ، بەراهیكێ هەلۆێستێ نەرینیێ خوێندكارێت كومونیست بوو لبەر روشناهییا فەرمانێ حزبێت خۆ ، لگەل وێ چەندێ نەبوون خوێندكارێت كورد ل ئەوروپا بەلكو ل كوردوستانێ ژی رێكخراوەكی سەربخۆ نەتەوەیی هەبن ، دڤیان خوێندكارێت كورد ببن ئەندام درێكخراوێت سەرتاسەرییێن ولاتێن داگیركەردا ، هەلویستێ نەرێنیێ كومونیستا رێگربوو درێكا ئەندامبوونا كۆمەلێدا درێكخراوا (ئێكەتییا قوتابێت جیهانیدا ) هەتا سالا (١٩٦٤) ێ ئەڤ هەلۆێستە درێژی هەبوو هەتا ریدانا كودەتایا سالا (١٩٦٣ ) ێ و لێدانا بزاڤا حزبا شیوعی و گرتن و ژناڤبرنا سەدان ئەندام و سەركردێت وان ، پشتی وان ریدانا هەلویستێ كومونستا بەرامبەری كۆمەلێ هاتەگهورین و خوێندكارێت كومونیست ب دەستە جەمعی بەرف كۆمەلێڤە هاتن ، ل هندە لڤا نزیک بوو هەژمارا وان پتربیت ژ خوێندكارێت دی بونمونە : هەردوو لڤێت (ئێكەتییا سوڤیەت و چیكوسلوفاكیا ) ، لەوما كومیتا بەرێوەبەرا گشتی ژبەر تێكنەچونا هاوسەنگییا پێكهاتا وان لڤا هەولدا وەرگرتنا وان پێكڤە نەبیت.

ئاریشەكا دێیا زەڤا كۆمەلێ ئەوبوو ، پشتی ڤەڤەتیانا دناڤ رێزێت پارتی دیموكراتا كوردوستانێدا پەیدابووی سالا (١٩٦٤)ێ و دابەشبوونا خوێندكارێت كورد بوو بسەر هەردوو بالێت پارتیدا ، ئەو ئاریشە ڤەكێشا هەتا رێككەفتننا (١١) ی ئادارا سالا (١٩٧٤) ێ دناڤ بەرا شورشا ئەیلولێ برێبەرایەتییا مەلا مستەفابارزانی و حكومەتا عیراقێدا ، دیارە پشتی راگەهاندنا رێككەفتنێ، بالی دهاتە ناسین ب

(باڵی مەکتەبا سیاسی یان جەلالی) خۆ هەڵوەشاند و تێکەل ب پارتی بوونەڤە و هەروەسا لە سەر ئاستێ ریکخراوێت پیشەیی ژی ئەو تێکەلییە دروست بوو و کومەڵا خوێندکاریت کورد ل ئەوروپا ژی ڤەگرت .

دەربارێ ڤێ ئاریشێ (دکتور کامەران بەدرخان) دنامەیەکێدا بۆ کونگرا (١١)یا کۆمەڵێ ب ئەزمانێ عەرەبی بوچونا خۆ دیارکرییە ، ئەڤەژی چەند پەرەگرافەکێت وی نامێنە :

((إن كردستان قد تدمرت وأصابنا الوهن نتيجة للحقد والأنانية السائدتين فى صفوفنا، وهذه العوامل هى التى أدت إلى الكوارث التى لاقيناها فى التأريخ وتلاقيها حتى اليوم )).

((إن اللذى جمع صفوف الأكراد ووحدهم فى هذا العصر هو(مصطفى البارزانى) ورفاقه اللذين دافعوا عن كرامة شعبنا الخمس السنوات المنصرمة، إن لهم أن يكافؤا وانتم تعلمون بأن من لايعمل لا يخطأ)).

((إن التراب الذى تحت أقدام البارزانى ، أكرم عندى ألف مرة من المكان اللذى أذل فيه نفسى أدنسها عن طريق الإرتماء فى أحضان الأعداء)).

ئاریشەکا دی یا کومەڵی بریتی بوو ژ هەڵویستێ ولاتێت بلوکێ سوشیالیستی ، نەخاسمە پشتی هەڤپەیمانییا دۆستایەتیێ دناڤبەرا ئێکەتیا سوڤیەت و عیراقێدا سالا (١٩٧١) ێ هاتییە مورکرن ، دوان وەلاتادا هەر هەڵویست و چالاکیەکی کۆمەڵێ دژی عیراقی با رێ لێدهاتە گرتن ، بۆ نمونە : لقا چیکوسلافاکیا ساڵا (١٩٧٤) ێ دخواست خۆپێشاندنەکێ رێکبێخیت دژی سەرهلدانا شەڕی ژلای حکومەتا بەغداڤە و دەستپێکرانا هێرشان لسە باژێرو گوندێت کوردستانێ وەک بودومانکرنا باژێری قەلادزێ ، حکومەتا وی وەڵاتی بەر بەست دروستکرن و بەلکو چەند خوێندکارەک دەستەسەرکرن و دویرئێخستن ژوی وەڵاتی ، ئەو خوێندکارە ئەڤەبوون : (محمد هەردی ، ئازاد مستەفا خۆشناو ، کەماڵ رەشید و رەئوف محمد ). هەر وەسا ئێک ژئاریشێت دەرەکییێت کۆمەڵێ چونکە وەک رێکخراوەکی پیشەیی دهاتە ناسین ، ترس هەبوو بهێتە سزادان ئەگەر چالاکیێت سیاسی دیار هەبن ، ب تایبەتی پشتی تێکچونا پەیوەندی و بارودوخا دناڤبەرا بزاڤا ڕزگاریخوازییا گەلێمە و دەستهەڵاتدارییا عبدالکەریم قاسمی و سەرهلدانا شورشا ئەیلولێ بریبەرایەتیا پارتا دیموکراتا کوردوستانێ ، لەوما دەستەکەک ژ ئەندامێت کۆمەڵی ل وڵاتێ سویسرا سالا (١٩٦١)ێ رێکخراوەکی سیبەر دامەزراندن ب ناڤێ(کومیتا بەرگریێ ژمافێت نەتەواکورد) ، ژوان کەسێن دیار دسەرپەرشتیکرنا کاروبارێت ڤێ رێکخراوا سیبەردا (عسمەت شەریف وانلی و حسن سلێمان زەهاوی ) بوون ، هەروەسا دناڤبەرا ساڵا( ١٩٥٧- ١٩٥٨) ێدا لیژنەک هەبوو سەر ب کۆمەڵێ ڤە ب ناڤێ (کومیتا کوردی ل ئەوروپا).

لێ ئاریشا هەرە مەزن پشتی پیلانا نێڤ دەولەتی دژی شورشا مەزنا ئەیلولێ بوو ، هەمی ئاریشێت مەبەحس ژێکرین نەشیان رێزێت کۆمەڵێ ژبەریەک ببەن ، بەلێ مخابن ئەو خەرزێ ناکوکیێت کومبوی دوی دەمیدا دەلیڤە پەیداکر و پشتی بورینا (١٩) ساڵا لسەر ژینێ کۆمەڵێدا وەک چەترەکی ئێک دەستێ خوێندکارێت کورد ، ل ژێر گڤاشا لێکترازانا سیاسی و حزبی درێژێت بزاڤا ڕزگاری خوازییا کوردوستانێدا

ئەوا هەتا نوکە (ژبەر دنالین) ، کۆمەڵە ژی دابەش بوو ب سەر (٣) رێکخراوێت جوداو دژ بیەکدا ، ئەو دابەشبوونە ڤەکێشا هەتا ساڵا(١٩٨٨)ێ دەمێ ئاڤاکرنا بەرێ کوردوستانی .

بەلێ ئەوا هەژی گوتنێبیت ، ئێکەم لئێک جودابوون دناڤ رێزێت کۆمەڵێدا دروستبووی ، ڤەگەریتە ساڵا (١٩٦٤)ێ ، ژئەگەرا ڤەقەتیانێ دناڤ رێزێت پارتی دیموکراتا کوردوستانێدا دەستەکەک خوێندکار بسەر پەرشتییا جەمال نەبەز جودابوون و ریکخراوەک ب ناڤێ (ئێکەتییا نەتەوەییا خوێندکارێت کورد نوکسە) دامەزراندن .

## ئەرک و چالاکییێت کۆمەڵا خوێندکارێت کورد ل ئەوروپا :

کۆمەڵێ شیابوو لبەهرا پترا ولاتێت ئەوروپا تاێت خۆ دامەزرینیت ، هەر لڤەکی کۆمەڵێ وەک بالیوزخانەکی کوردوستانێ بوو ، ژێدەرێ زانیاریا بوون دەرباری شۆڕش و بزاڤا سیاسی و سەربازی ل کوردوستانێ بۆ ڕاگەیندکارو و لایەنێت سیاسی و رێکخراوێت پیشەی ل ولاتێت تێدا نیشتەجێ ، هەروەسا زەلالکرنا پێرابوونێت هوڤەکی و ستەمکاریا ولاتێت داگیرکەر دەرحەق گەلێمە ل هەر چوار بەشێت کوردوستانێدا ئەرکەکی هەرە گرنگێ کۆمەڵێ بوو ، دوان واراندا پرسا مللەتێمە دهاتە ناساندن و ، چەندین یاداشتنامە ئاراستەی (رێکخراوا نەتەوێت ئێکگرتی ، سەرۆک و حکومەتێت ولاتان) کرینە ، ژلایەکی دیڤە ئەنجامدانا خۆپێشاندان و مانگرتنان ئێک ژچالاکێێت دیارێت کۆمەڵێ بوون .

هەر بۆ نمونە : **یاداشتا کۆمەڵێ ل ساڵا( ١٩٥٨) ێ بۆ سکرتێرێ گشتی نەتەوێت ئێکگرتی** ، تێدا داخازهاتیە کرن پرسا کوردی وەک پرسەکی گرنگێ ڕۆژهەلاتا ناڤین بهێتە باسکرن ، **سوپاسنامەک بۆ سەرۆکێ حکومەتا ئیکەتییا سوڤیەت** ، تێدا سوپسگوزارییا کۆمەڵێ دیارکریە ژبۆ هاریکاریا کۆمارێت وی ولاتی بتایبەتی هەردوو حکومەتێت (ئەرمینیاو ئەزربیجانێ) لبیاڤێ ڕوشنبیریدا لگەل کوردێت سوڤیەت، **<u>یاداشتا کۆمەڵێ بۆ سەرۆکێ کوماری عەرەبی ئێکگرتی</u>** ، هەروەسا دەمێ شاهێ ئیرانێ سەردانا پایتەختێ بەریتانیا کری ساڵا ١٩٥٨ێ کۆمەڵێ **یاداشتەک ئاراستەی شاهی کرو** داخوازا چارەسەرا پرسا کوردی ژێ کرن و ئەو کریارێت نەدرێدا دەرحەق ب خەلکێ کوردوستانا ئیرانێ راوەستینیت . هەروەسا هەڵوێستەکی سیاسی و هەماهەنگ ل گەل پارتا دیموکراتا کوردوستانێدا پشتەڤانی و پێشوازییا گەرما کۆمەڵی بوو ساڵا (١٩٥٨)ێ ل هەمبەر **(ڤەگەرانا مەلا مستافایێ بارزان و بارزانیيان ژ وەلاتی سوڤیەت بۆ عیراق و کوردوستانێ)** ، ژبلی وێ چەندێ هەمی ساڵا بهەلکەفتا جەژنا نەوروزێ فیستڤال و شاهی و دیلان دهاتنە سازکرن لسنورێ لقێت کۆمەڵێدا ، زێدەتر ل ولاتێت مەزنێت ئەوروپا وەک : ئەلمانیا ، فەرەنسا ، بەریتانیا و هتد .ژلایەکی دیڤە کۆمەڵێ دوارێ کارێ پیشەییدا ل دیف شیانێت خۆ خەم ژخواست و پیتڤیێت خوێندکارا دخوارو هاریکارییا ئەندامیت خو دکرو هەوڵا چارەسەرکرنا کێشەو گرفتێت وان ددا .هەروەسا داخواز ژ ئەندامێن خۆ ئەوێن خوێندنا خۆ بدوماهیک تینان ، پەیوەندێ ب

ڕێزێت پێشمەرگەی ڤە بکەن ، یان ل باژێرا دناڤ ڕێزێت ڕێکخراوێت نهێنیێت حزبیدا کاربکەن و، وەک پاداشتەک ئەندامەتییاوان دکۆمەڵێدا دێ بەردەوام بیتن .

هەر دوارێ پیشەیی و زانستیدا کۆمەڵێ شیا دناڤبەرا سالێت( ١٩٥٨- ١٩٧٥) ێ دا ، سەدان زەمالێت خوێندنێ بۆ قوتابیێت کوردستانێ لهەمی دەراڤیت زانستی و ئەدەبیدا دابین بکەتن و گەلەک ژوانا بوونە خودان باوەرنامێت بلند وەک (ماجستێرو دکتورا).

کۆمەڵێ دبیاڤی روژنامەگەرییدا وەکی دەراڤەکی هەستیار حساب بوکری بزاڤەکی بەرچاڤ هەبوو ، ژبلی گوڤارا(کوردوستان) وەک زمانحال ، لهەمی لقا گوڤار، بەلاڤوک و بەیاننا مە داهتنە وەشاندن ، بەلکو بۆ هەیامەکێ ل رادیووا موسکو بەرنامێ تایبەت دهاتە پێشکەشکرن .ئەڤە ژی ناڤێ هندەک ژگوڤارو بەلاڤوکێت کومەڵێنە :

(هەواڵنامە : ب زمانێ ئنگلیزی ، القافلە ب زمانێ عەرەبی ، المبدأ: ب زمانێ کوردو وەک بەلاڤوکەکی تێرو توانج بوو ، دەنگێ کۆمەڵێ ب زمانێ کوردی ، نەوروز: ب زمانێ کوردی ،هیڤییا وەڵێت : ب زمانێ کوردی زاراڤێ کرمانجییا ژووری).

## ژێدەرێت دارایی:

کۆمەڵێ چ ژێدەرکی دیارکری بەردەوام نەبوو ، بەلکو گەلەک بزەحمەت دراڤ پەیدادکرن بۆ ئەنجامدانا کۆنگرەو چالاکیێت بەرفرەهێت سالانە ، ژێدەرێت داراییا کومەڵێ بریتیبون ژ چەند ڤان هاریکارییا :

١- ئابوونا ئەنداما ، سالانەبوو یان هەر چەند هەیڤەکا بوو ، فەربوو ئەندام ئابونێ بدەت چونکە ئێک ژمەرجێت ئەندامبوونێ بوو ، پارێ ئابونێ رێژەیەک دهاتە داراییا کومیتا رێڤەبەرا گشتی و رێژەیەک باشتر بۆ لقا دزڤرییەڤە.

٢- هاریکارییا کەسایەتیێت دەوڵەمەندێت کورد .

٣- هاریکاریا پارتا دیموکراتا کوردوستانێ ئەڤ هاریکارییە ژهەمی هاریکاریێت دی زێدەتربوو ، بتایبەتی پشتی راگەهاندنا رێککەفتننامەا (١١)ی ئاداری ب رێک و پێکی دهاتە شاندەن ، لەوما ژالاکییت کۆمەڵێ بەرفرەهتر لێهاتن . هەروەسا جارەکێ قتنێ حزبا شیوعییا عیراقی هاریکارییا کۆمەڵێ کربوو.

٤- قازانجێ ئاهەنگ ، فیستڤالیت کەلتوری و هونەری ، پارێ فروتنا بەڵاڤوکا .

گەلەک جارا کۆمەڵی نەدشیا کونگرێت خۆ ل دەمی دیارکریدا سازبکەتن ژبەر دەستکورتێی ، هەمی ئەو خوێندکارێت ژوەڵاتان دهاتن بۆ بەشداریکرنێ دکونگرادا مەزاختنا وان لسەر بەریکێت وان بوو .

## پەیوەندیێت کۆمەڵێ :

ئەم دشێین پەیوەندیێت کۆمەڵی دابەشکەین ب سەر سێ بابەتادا :

### ١-پەیوەندێیت کوردوستانی

کۆمەڵێ ل ئاستێ جودادا پەیوەندی هەبوون ل گەل هەمی حزبێت کوردی ل هەر چوار بەشێت کوردوستانێدا ، لێ پەیوەندییێت خورتر ل گەل کوردوستانا عیراقێ و پارتا دیموکراتا کوردوستانێ هەبوو ، ئەوژی ب هۆکارێ پێشڤەچونا بزاڤاکوردی و دەستپێکرنا شورشا ئەیلولێ ، هەروەسا کۆمەڵێ پەیوەندی هەبوون ل گەل ئێکەتییا قوتابییێت کوردوستانێ ، ئێکەتییا لاوێت دیموکراتێت کوردوستانێ ، رێکخراوا خوێنکارێت کورد ل ئەمریکا ، رێکخراوا خویندکارێت کورد ل هەردوو زانکوێت (کاردیف و لیڤەرپول)دا.

هەروەسا ل د سالا (١٩٦٠) ێ دا کۆمەڵێ ل گەل رێکخراوێت قوتابییێت کورد ل (کوردوستانا عیراقێ ، کوردوستانا توركیا و ئێکەتییا خوێندکارێت کورد ل زانکوێت ئیرانێ) دا ، فیدراسیونەک پێکئینا ب ناڤێ (یەکێتییا نیشتیمانییا گشتی رێکخراوێت قوتابیێن کوردوستانێ) ، پشتی پێکئینان فیدراسیونێ چەند رێکخراوەکێن دی یێن قوتابیان هاتنە رێزا وێ ئیکەتیێ وەک : رێکخراوا قوتابییێت کورد ل کوردوستانا سوریاو خوێندکارێت زانکویا تەهرانێ . هەروەسا پەیوەندییێت کۆمەڵێ لگەل گەلەک کەسایەتێت نیشتیمانپەروەرێت کورد هەبو وەک : د. کامەران بەدرخان ، قەناتێ کوردو ، بازرگان هاشمێ سوهەیلی ، توفیق وەهبی ، دکتور عیسمەت کتانی و چەندان کەسایەتی دیتر .

### ٢-پەیوەندیێت کۆمەڵێ و لایەنێت ئەوروپی:

کۆمەڵە پەیوەندییەکی راستەخۆ ل گەل ولاتاندا نەبوو ، بەلکو گەلەک ولاتا نەخاسمە ئیکەتییا سوڤیەت و ولاتێت سوسیالیستی ب رێکا حزبێت کومونیستی ل (عیراق ، سوریا ، ئیران و تورکیا ) ، ژبەر بەرژەوەندییێت خۆێت سیاسی و ئابوری ، فشار لوانە دکرن داکو رێگرێ ل هەبونا رێکخراوێت پیشەیی نەتەوەیی کوردی دروست ببن ، نمونەیەک بۆ هەڵویستێ نەرێنیێ سوڤیەت : ددەمێ گریدانا کومبونا سالانەیاکو بناڤی (ناڤەندا نێڤ دەولەتی ) ل دەڤەرا (قەرم) لسەر داخوازنامەیا فەرمی کۆمەڵا قوتابییێت سوڤیەت نوێنەرێت کۆمەڵێ ئامادەبوون ، لجهێ ڕونشتنا شاندێت بەشدار ناڤێ رێکخراوێ و ولاتێ وان هاتبوویە نڤیسین ، لێ لجهێ نوێنەرێت کۆمەڵا خوێندکارێت کورد بتنێ ناڤێ کۆمەڵێ هاتبووە نڤیسین ، دەمێ پرسا نەنڤیسینا ناڤێ کوردوستانێ ژ رێڤە بەرێ کوبونێ کرین بەرسڤا وی ئەڤەبوو (کوردوستان نەدەولەتە؟؟!! ) هەر دوی دەمیدا چەندین رێکخراوێت دێین قوتابیان سەر ب وڵاتێت داگیرکریڤەو دەولەت نەبوو ،ناڤی ولاتێت وان هاتبوویە نڤیسین . پشتی ریدانا کودەتایا سالا( ١٩٦٣) ێ و هەرفاندنا رژێما عبدالکەریم قاسمی ، هەڵوێستی بلوکی سوسیالیستی بەرامبەر کومەڵێ هاتە گهورین ب ئەرینێڤە.

هەروەسا ژبەر هەڵوێستی نەرینیێ ولاتێت سوسیالیست ، ئەندامبوونا کۆمەڵێ د رێکخراوا قوتابییێت جیهانیدا گیروبوو هەتا گرێدانا کونگرا هەشتێیا وێ رێکخراوێ سالا( ١٩٦٤) ێ.

## ٣- پەیوەندییێت کۆمەلێ لگەل رێکخراوێت خوێندکارێن بیانیدا.

ئێـک ژخواسـتێت سـەرەکییێت کـۆمەلێ و بەردەوام هەوڵ بـۆ ددا ، ئەنـدامبوناوێ بـوو د رێکخـراوا خوێندکاریێا دیموکرتا جیهانیدا ، چونکه ئەندام بوونا وێ دەرفەت لـبەر دهـاتنه ڤەکـرن بشـێت لهەمـی ولاتێت سەر ب بلوکێ سوسیالیستی ڤە ئازاد تر کارو چالاکی هەبن ، هەروەسا پشـکداربیتن ل کـۆنگرەو فیستڤال و کوربەندادا ، دوی دەمیدا ژبەر هەبوونا هەژمونێ هزرێت سوسیالیستی زێدەتر ئەو چالاکییه ل وڵاتێت سوسیالیستی و ولاتێت ڕوژئاڤا برێکا حزبێت سـەر بـوی بلـوکیڤه دهـاتنه ئەنجامـدان و بـوێ پشـکدارییێ دێ شـێتن پرسـا گەلـی کـورد و سـتەما ڕژێمێـت داگیـرکەر بـۆ هـزاران بەشـداربووا باشـتر پێناسەبکەتن ، هەر وەسا کۆمەلێ پەیوندی لـگەل چەنـدین ئێکەتـی و کۆمەلێـت دیێـت خوێنـدکاری ل گەلەک ولاتا هەبوو ، ئێک ژوان ولاتێن دیار یوغسـلاڤیا بـوو ، دەمـێ ل ولاتێـت سوسیالسـتیدا کـۆمەلێ دەرفەتا کارکرنا ئازاد نەبوو ، پەیوەندییێت کۆمەلێ لگەل ئێکەتییا خوێنـدکارێت یوغوسـلافیا ل ئاسـتەکی زور باش دابوو ، ئەو ژی ڤەدگەرا بۆ جوداهییا هێلا هزری و سەربخویی و تایبەمەندیا دیدو بوچونیـت (تیتـو) . ل وەلاتێـت ڕوژئاڤـادا ژی پەیوەنـدیێت کـۆمەلێ ل گەل هەژمارەکـا بەرچـاڤ ژ رێکخراوێـت خوێندکاری هەبوو ، لێ ژبەرکو کۆمەڵەو پرانییا ئەنـدامێت وێ دبـن کاریگەرییا ئاراسـتا هـزری چەپ دابوون ، پتر مەیلا هەڤاڵبەندییا ئێکەتی و رێکخراوێت هەڤ رەنگ هەبوون ئانکو ێن چەپرەو .

دەمێ حکومەتا بەعس رێککەفتنا ١١ی ئادارێ پشتگوە ئێخسـتی و دەسـت بشـەڕی کـریەڤە لـگەل خەلکی کوردوستانێ و هێزیت پێشمەرگێ شورشا ئەیلولێ ل سالا( ١٩٧٤) ێ ، (٥) خوێندکار( لیلی قاسم و هەڤالێت وێ) هاتنه زینـدانکرن و پاشـی سـێدارەدان، بـوێ هەلکەفتـێ (٨) رێکخراوێـت خوێنـدکاری نامەیەکی شەرمزارکرنێ ئاراسـتەی (ئەحـمەد حسـن البکر)کـرن . پەیوەنـدییت کـۆمەلی نەپتنـێ لسـەر ئاستێ کومیتا رێڤەربەر بوون ، بەلکی لقێت کۆمەلێ ژی ، مافێ وێ چەنـدێ هەبـوو پەیوەنـدی هەبـن لگەل کۆمەڵەو ئێکەتیێت خوێندکاریدا ل زانکـۆ و پەیمانگەهێـت وان ولاتێـت تێـدا دخوانـدن وخورتییـا پەیوەندییا لسەر ئاستێ بزاڤ و شیانێت لقا رادوەستییا .

## ٤- پەیوەندیێت کۆمەلێ و رێکخراوێت عیراقی و عەرەبی:

کـۆمەلێ زور پێبـاش بـوو پەیوەنـدیێت تەندروسـت هەبـن ل گەل رێکخـراوا (ئیکەتیـا گشـتییا خویندکارێت عیراقی) ، لێ ژبەر گرێداییاوێ رێکخراوێ ب سیاسەتا حزبـا کۆمونیسـتا عیراقـێ ڤە وەک پێتڤی نەدهاته پێش و بەلکی بهەمی رەنگا دژایەتییا کۆمەلێ دکر و ، بفەرمانێ حزبا کومونسـتا عیراقـی ئەندامێت کوردێن کومونست خۆ ژ ئەندامەتییا کۆمەلێ ڤەکێشان ، ئەو هەلوێسته بەردەوام بـوو هەتـا سالا (١٩٦٠) ێ ، پشتی هینگێ هندەک ژوان خوێندکارا لسەر داخوازا (جـمال حیـدەری) ڤەگەرانه نـاڤ رێزێت کۆمەلێدا ، بەلی ل ئاستێ پرسا گەلێ کورد و خواستەکێت شوڕشـا ئەیـلولێ هەتـا ریـدانێت سـالا (١٩٦٣) ێ هەلوێستەکی نەرێنـی هەبـوون ، گەلەک جـارا ئێکەتیـا گشـتییا قوتابیێـت عیراقـێ نەدهـێلا

دکورو کوبونادا پرسا کوردی ببیته بابەتێ بەحسکرنێ هەروەک نموونە : دکونگرا شەشێ یا ئیکەتییا قوتابیێت دیموکراتا جیهانیدا کو ل سالا (١٩٦٠) ێ ل بەغدا هاتبووە سازدان ، دەما نوینەرێ کومەلێ (کەمال محی الدین )ی ڤییای بەرسڤابوچونێت لەنگیت هندەک شوڤینیا بدەتن ، سەروکێ شاندا ئیکەتییا گشتی قوتابییێت عیراقێ(مهدی الحافظ) هاتە دەنگ و رێنەدا نوینەرێ کومەلی باخڤیتن و گوت : نابیتن کەسەک بناڤێ خوێندکارێت کورد باخڤت ، چونکە کوردوستان یەکیتی و قەوارەیەکی سیاسی نینە!!!.

کومەلێ ژبلی ئیکەتییا گشتی قوتابییێت عیراقێ ، شیابوو پەیوەندییێت باش ل گەل گەلەک ڕێکخراوێت خویندکاری عەرەبیدا دروست بکەتن وەک ڕێکخراوێت خوێندکارییێن : سودانی ، فەلەستینی ، ئوردنی ، حەبەشە ، تونسی ، جەزائیری و مەغربی .

## لقێت کومەلێ:

ل بەهرا پترا ولاتێت ئەوروپی کومەلێ ل دیف هەژمارا خوێندکارێت کورد( لق) هەبوون ، ل دەستپێکێدا لق ل وەلاتێن ئەوروپا ڕووژئاڤا هاتنە دامەزراندن وەک : (بەریتانیا ، فەرەنسا ، سویسرا ، ئیتالیا ، نەمسا و سوید) پاشی دەمێ ئەرێنی بوونا هەلویستێ ولاتێت سوسیالیست لقێت کومەلێ ل وێرێ ژی هاتنە ڤەکرن وەک (سوڤیەت ، بولغاریا ، ڕومانیا پولونیاو هەنگاریا) ، ل ولاتێت فیدرالیدا وەک سوڤیەت و یوغسلافیا کومەلێ دهەرێمادا پێکهاتەکی ڕێکخراوەیی بچیکتر بناڤێ (چلّ) دادمەزراند.

لق بەرزترین دەسەلات و نوینەرێ کومەلێ بوو ل سنورێ خودا ، سالانە دکونفرانسەکێدا بارودوخێت لقا دهاتنە گەنگەشەکرن و پاشی کومیتا نویا لقێ دهاتە هەلبژارتن، ژبلی چالاکییێت سەرەکی کو کومیتا ڕێڤەبەراییا گشتی پێ رادبوو ، هەمی لقا چالاکی و پەیوەندی لگەل ڕێکخراوێت هەڤ کیفێ خو هەبوون ل ولاتێت تێدا ئاکنجی. کومیتا ڕێڤەبەرا گشتی پشتی سازدانا کونگرا نەهێ ، ژبلی چالاکیێت تایبەتێت لقا چەند چالاکییەکییەکی ناوەندی دەستنیشانکرن و ژ هەمی لقا خواست لدیف شیانێت خوسالانە پی رابن وەک :

١- ڕوژا ٢٢/ ١ / ، ڕوژا دامەزراندا کومارا مەهابادێ ١٩٤٦.
٢- ٢١ / جەژنا نەوروزێ
٣- ٥/١٥ / ڕوژا سێدارەدانا شێخ سعیدێ پیران /١٩٢٥.
٤- ٦/١٩/ ڕوژا سێدارەدانا هەر چوار ئەفسەرێت کورد / ١٩٤٧.
٥- ٩/٦ / ڕوژا شەرێ بەر دەرگەهێ سەرایا سلێمانیێ سالا (١٩٣٠) ێ ، کوهاتییە ناسین ب ڕوژا رەشا شەشێ ئەیلولێ.
٦- ٩/١١ / ڕوژا دەستپێکرنا شورشا ئەیلولێ.
٧- ٩/١٤/ روژا دامەزراندنا حکومەتا شیخ مەحمودێ حەفید.

ئەڤ هزرکرنە وێ چەندێ دگەهینت، کۆمەڵێ وەک رێکخراوەکی نەتەوەیی دخواست برێکا سازی و ئەندامێت خو مێژووا بەرخودانا گەلێ کوردوستانێ بدەتە نیاسین و بێژتە خوێندکارو دەستهەلادارێت وان ولاتا ، ئەڤەیە خەباتامە و ستەما داگیرکەرێت وڵاتێمە .

هندەک لق ژ لقێن دی چالاک تر بوون چونکە : هەژمارا ئەندامێت وان زێدەتر بوون و شیانێت دارایی باشتر بوون ،چ وەک کومکرنا ئابونێ یان هاریکاریا کەسایەتیێت کورد ، هەروەسا ئاستی رێپیدانا وان ولاتان ، لەورا لقێت وڵاتێت رۆژئاڤا چالاکتر بوون ژ لقێت ولاتێت سوسیالیستی چونکە رێپێدان سنورداربوو ، ئەو لقێت پتر چالاک ئەڤەبوون : (بەریتانیا ، ئەڵمانیا روژئاڤا ، یوغوسلافیا ، نەمسا، سوید) .

چالاکیەکی سیاسی بەرچاڤێ لقا بەریتانیا ، هنارتنا نامەیەکێ بوو بۆ (شاژنا) بەریتانیا ل بەرواریێ (١٠/١٥/ ١٩٦٣) ێ نامە ب ئیمزا (عومەر شێخموس)ێ سکرتێرێ لقا بەریتانیا بوو ، تێدا رەخنە ل هەڵوێستێ وی وەڵاتی گرتبوو بەرامبەر هنارتنا چەکی بۆ رژێما عیراقێ و داخواز کربوو ئەو هاریکارییە بهێتە راگرتن ، ژلایێ وەزارەتا دەرڤەی بەریتانیا بەرسڤا نامێ ل بەرواریێ( ١١/١٩/ ١٩٦٣) دا ، هاتە دان و تێدا هاتبوو : **((ناما هەوە هنارتی بۆ شاژنا بەریتانیا گەهشت و هاتە شاندن بۆ بەشی سیاسیێ وەزارەتێ و داخوازا هەوە لبەر چاڤ هاتە گرتن )) .**

لقا نەمسا ئێک ژ لقێت چالاک بوو ، دئەنجامێ چالاکیێت بەرچاڤ ، ب بریارەکی فەرمیێ حکومەتا عیراقێ ناسناما هاوڵاتیبوونا (وریا رەواندزی) هاتە ڤەکێشان .

هەروەسا لقا سوێدێ هەر چەندە هەژمارا ئەندامێت وێ لناڤبەرا (٥٠-٦٠) ئەنداما بوون ، بەلێ چالاکی و پەیوەندیێت باش هەبوون و ژبلی رێکخراوێت خوێندکاری لگەل کەسایەتی و رێکخراوێت مەدەنی و روژنامەڤانا ژی پەیوەندی هەبوون، برێکا وان پەیوەندییا شیابوون چەندین چالاکییا ئەنجام بدەن وەک :

- پێشکەشکرنا (٩) وانا دەربارێ دیروکا گەلێ کورد بۆ هەژمارەکا نوێنەرێت پارتێت سیاسی ، رێکخراوێت خوێندکارو گەنجان .
- ڤەکرنا پێشەنگەهەکی کلتوری کوردی ل ستوکهوڵما پایتەخت .
- کومکرنا هاریکاریێت نوشداری و هنارتنا وان بۆ کوردوستانێ .
- لسەر زانیاریێت لقا سوێد ، رێکخراوا لێبورینا گشتییا جیهانی سەبارەت کاودانێت کوردوستانێ راپورتەک ئاراستەی لایەنێت پەیوەندیدارێت نێڤ نەتەوەیی کر.
- ب پشکدارییا (١٢) رێکخراوێت خوێندکاری و پیشەیی کوردی و بیانی ، ل بەرواریێ ( ٦/١٥/ ١٩٧٤)ێ ، خۆنیشاندنەکی مەزن سازکر و لبەر دەرگەهێ بالیوزخانا عیراقێ و یاداشتنامەیەکی شەرمەزارکرنێ خواندن.

چالاکییەکی ديارو گرنگێ لقا یوغوسلافیا : دەقێ مەرسومێ (الحزام العربی) یاکو حکومەتا سوریا ل سالا (١٩٦٦) ێ بنهێنێ بریار لسەردای، دپێخەمەتا گەمارەدان و تەعریبکرنا دەڤەرێت کوردوستانی ،

پشتی وەرگێرانێ بۆ سەر زمانێت (فەرەنسی ، ئنگلیزی و تورکی) ژلایێ لقا ناڤبریڤە لسالا (١٩٦٨)ێ هاتە بەلاڤکرن .

## دەرنجام :

١-دامەزراندنا کۆمەڵێ نیشانا پێشکەفتنا هزرا نەتەوەیی نیشتیمانی بوو لجەم خوێندکارێت کورد ل وڵاتێت ئەوروپا و دانەبراندنا وان بوو ژپرسا گەلێ کوردوستانێ.

٢-کومەڵە وەکرێکخراوەکی کوردوستانی ، ببوو سیبەرەک بۆ هەمی خوێندکارێت کورد ژهەرچوار بەشێت کوردوستانێ ، دپێخەمەتا کارێ دەستە جەمعی.

٣- ب ئەگەرێ گەشبوونا بزاڤا ڕزگاریخوازیی و نیشتیمانییا گەلێ کوردوستانێ ب تایبەتی پشتی دەستپێکرنا شوڕشا ئەیلولێ ل کوردوستانا عیراقێ ، پتر کارو چالاکیی کۆمەڵێ ددەراڤێ سیاسی و نیشتیمانپەروەرییێدا بوون و کێمتر بئەرکێت پیشەیی رادبوو .

٤- ژبلی فشارا بەرژەوەندێیت سیاسی و ئابوری دناڤبەرا ولاتێت داگیرکەرو ئەوروپیدا ، بهۆکارێ ناسناما نەتەوییا خۆ، کومەڵە ژلایێ حزبێت کومونستڤە بهیجەتا تێکنەدانا خەباتا ئێکگرتی دهاتە دژبەری کرن ، ئەڤە ددەمەکێدابوو وان حزبا بچ رەنگا هەتا ریدانا سالا(١٩٦٣)ێ پشتەڤانی ل خواستەکێت رەوایێ گەلیمە نەدکرن.

٥- کۆمەڵێ بریا چالاکی و پشکدارێ دکورو کوربەندێت جیهانیدا ، شیابو وەک دەنگەکێ رەسەنێ کوردایەتیێ دقادا خەباتێدا بیت .

٥- کۆمەلە بێ کێشەو گرفتێت نافخویی نەبوو وەک : دەستکورتییا دارایی، ململانێیا حزبی ، هەڵوێستی نەرێنیێ ئەندامێت سەر ب حزبێت کومونست ، هەتا گەهشتییە ژبەریەکهەڵوەشانێ پشتی ڤەمراندنا خەتیرا شوڕشا ئەیلولێ.

## ژێدەرێت ب کارهاتی :

**١-چاف پێکەتن : لگەل هەژمارەک چالاکڤانیت کۆمەڵێ بۆ نمونە : د.کەمال فوئاد ، د. کەمال علی ، د. عزەددین مستەفا رەسوڵ ، سەعدی دزەیی ، جەمشید حەیدەری و رەمزی شەعبان و چەندین کەسێت دی.**

**٢-ئەدەبیاتێت کۆمەڵێ :بەیاننامە، بەلاڤوک ، ڕاسپاردێت کونگرا.**

**٣-روژنامە : ژین ، خەبات ، کوردستانی نوێ ، ،.**

**٤-گوڤار: هیوا ، ڕوژی نوێ، کوردوستان (زمانحالێ کومەڵێ).**

**کتێبێت عربی :**

**١-کاوس قەفطان، دکتور، الحركة القومية الكوردية في كوردستان العراق ١٩٥٨- ١٩٦٤ ، ط١، المديرية العامة للطبع والنشر ، السليمانيه، ٢٠٠٤.**

٢-باسیل نیكیتین ، الكرد دراسة سوسیولوجیة ، ط٢، مؤسسة حمدی للطباعةوالنشر ، السلیمانیة ، ٢٠٠٧.
٣-حبیب محمد كریم ، تأریخ الحزب الدیموقراطی الكوردستانی-العراق فی محطات رئیسیة ، ١٩٤٦-١٩٩٣، ط١، مطبعة خەبات، دهۆک ، ١٩٩٨.
٤-شكیب عقراوی ، سنوات المحنة فی كوردوستان أهم الحوداث السیاسیة والعسكریة فی كوردستان العراق ١٩٥٨-١٩٨٠، ط٢، مطبعةمناره ، اربیل، ٢٠٠٧.
٥- صلاح سعدالله ، المسألة الكوردیة فی العراق، ط٢، دارالمثنی للطباعة والنشر ، بغداد ، ٢٠٠٣.

### بەڵگەنامێت كوردی:

١-كەمال مەزهەرئەحمەد ، د، كوردو كوردوستان لە بەڵگەنامەكانی حكومەتی بەریتانیادا ، ب١، چ١، چاپخانا گرین گالوری ، لوبنان ، ٢٠٠٨.
٢-نەوزاد علی ئەحمەد، لە بەڵگەنامەكانی كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد لە ئەوروپا ،١٩٦٣ - ١٩٧٣، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ، ٢٠٠٩.
٣-شازێن هێرش ، رێكخراوە دیموكراسی و پیشەییەكان لە چەندین بەڵگەنامەی مێژووییدا ، ١٩٥٨- ١٩٦٨، چ٢، چاپخانەی راز ، سلێمانی ، ٢٠٠١.

### كتێبێت كوردی :

١-ئاكۆشوانی ، شاری سلێمانی ١٩١٨- ١٩٣٢، لێكوڵینەوەیەكی مێژوویی سیاسییە، چ١، چاپخانەی زانست ، سلێمانی ، ٢٠٠٢.
٢-جەلیل گادانی ، پەنجا ساڵ خەبات -كورتە مێژوویەكی حیزبی دیموكراتی كوردوستانی ئێران ، ب١، چ١، چاپخانەی خانی ، دهۆک ، ٢٠٠٨.
٣-جەمال نەبەز، كۆبەرهەم ، ژمارە٧، چ١، چاپخانەی مەنارە، هەولێر، ٢٠٠٧.
٤- هەستیار محمد علی ، كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد لە ئەوروپا.

# ناکۆکی وململانێ ناوخۆییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی -عێڕاق لەماوەی شۆڕشی ئەیلولدا

**د. چنار سەعد عەبدوڵڵا**
بەرپرسی سەنتەری دیراسات وتوێژینەوە و ئەکادیمیای پارتی
Chnarsaad@gmail.com

## پێشەکی:

میللەتان دوای ململانێ  وبەریەککەوتنیان لەگەڵ بەربەست و دابو نەریت وسستەمە دەمارگیرو وچەوسێنەرە کۆمەڵایەتی وسیاسی یەکان، هەوڵی زۆریان داوە تاکو دەرفەت وگۆڕانکاری لەکایە جیاوازەکاندا بخوڵقێنن، دواجار ئەو دەرفەتانەش وەرچەرخان وپێشکەوتنی گەورەیان  لەژیانی کۆمەڵگاکان دروست کردووە ، کە دامەزراندنی کۆمەڵەو ڕێکخراو و پارتی سیاسی، پەرەسەندنی ژیانی مەدەنی و حزبی، یەکێکە لەو گۆڕانکاریانە، و لەناوچوونی دەیان سستەمی حوکمڕانی تۆتالیتارو چەوسێنەر،گەشەسەندنی سستەمی دیموکراسی بەبەشێک لەو پێشکەوتنە هەژمار دەکرێت .

پارتی سیاسی  وەک پێویستی ژیانی پەرلەمانی و  نوێنەرایەتی ورێکخراوەیی لەسەدەی هەژدە، سەرەتا لە بەریتانیا و فەڕەنسا لەدایک دەبێت ،و دواتروەکو مۆدێلێکی تازەی کاری سیاسی بۆ وولاتانی تری جیهان پەل دەهاوێت.

ئەزموونی کاری حزبایەتی ئەگەر لەئاستی جیهاندا چوار سەدەی دەربازکردبێت، ئەو ئەزموونە بۆ کوردستان  زۆر تازەگی هەیە و مێژووی سەرهەڵدانی پارتی سیاسی لە کوردستان بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە.

بەهۆی نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ و چەوسانەوەو ژێردەستەبوونی گەلی کورد، پارتەسیاسییەکانی کوردستان لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە ، لەچوارچێوەی پارتی جەماوەری نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی دا ، سەرکردایەتی جولانەوە نەتەوەخوازییەکانی گەلی کوردیان کردووە ، کە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێڕاق بەیەکێک لەو پارتەسیاسییە مێژوویانە هەژمار دەکرێن  لەناوەندی سیاسی دا وەک کەرستە وەک دەرفەت ، تەکانی بە جولانەوەی سیاسی گەلی کورد لە جوارچێوەی دەوڵەتی عێڕاق داوە. و ڕۆڵ بینینی لەکایەی سیاسیدا دەچێتە ئەو چوارچێوەیەوە.

دامەزراندنی پارتی لە ١٦ئابی ١٩٤٦ بەسەرکردایەتی مستەفابارزانی وەك سەرکردەیەکی ئازاو کاریزما, بووە هەوێنی کۆکردنەوەو یەکخستنی گشت چین و توێژەکانی کوردستان لەدەوری ئەو بزووتنەوەیەدا . پارتی لە پێناو ئامانجە باڵاکانی کە بەدەستهێنانی مافی گەلی کوردستانە , ڕووبەڕووی ڕژێمە یەك لە دوایەکەکان ( پاشایەتی , کۆماری , بەعسی) لە عێراق بوویتەوە , لەو پێناوەدا سەختی و نشوستی و شەهید و قوربانی زۆری داوە.

ویرای مێژووی دەولەمەند ودوورودرێژی پارتی کە بەشێکی گرنگی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستانە، کەچی تا ئێستا زۆر ڕووداو ویستگەی مێژووی ئەو پارتە بەشاراوەیی ماوەتەوەو لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی لەبارەوە ئەنجام نەدراوە ، پرسی ناکۆکی ودووبەرەکی لەناو پارتی هەر لەسەرەتای دامەزراندنی یەوە بەتایبەتی لەماوەی شۆڕشی ئەیلولدا یەکێکە لەو بابەتە ئاڵۆزانە ، لەپەراوێزی بابەتەکانی تری مێژوودا ئەو بابەتە هەندێ قسەوباس وزانیاری لەسەر هەیە، کە لەهەندێ بارودۆخدا زیاتر خراوەتە خزمەتی وەڵامدانەوەو ڕاستکردنەوەی زانیارییەکان .

وێرای هەستیاری وسەختی ئەو بابەتە، بەتایبەتی لەدەستڕاگەشتن بەسەرچاوەی پێویست ، ئێمەلەو باسەدا هەوڵدەدەین بەسوودوەرگرتن لە میتۆدی مێژوویی و شیکاری زانیاری ڕاستی بەشێک لە ڕووداوەکان بخەینە بەردیدی خوێنەران. بەو هیوایەی ئەو باسە ببێتە بنەما بۆ چەندین باس ولێکۆڵینەوەی تر لەداهاتوودا .

## دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێڕاق لە ١٩٤٦، ڕەنگدانەوەی ژینگەی کۆمەڵایەتی وسیاسی لەسەر ئەو ڕووداوە.

خوێندنەوەو شیکارییەکانمان سەبارەت بە سروشتی پارتی و ئارێشە ناوخۆییەکانی وەک پارتێکی سیاسی کە سەرکردایەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستانی دەکرد ، بابەتی و دروست دەرناچن ئەگەرتیشک نەخەینە سەر سیما سەرەکییەکانی دۆخی کۆمەڵایەتی وسیاسی ئەو سەردەمە.

### • ژینگەی کۆمەڵایەتی کوردستان :

لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی پسپۆڕو کوردناسان جەخت لەو راستییە دەکەنەوە کە تا کۆتایی سەدەی بیستەمیش، سستمی ژیانی کۆمەڵایەتی لەکوردستان، سستمێکی خێڵەکی وهۆزگەراییە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر ئەو بنەمایە بنیاد نراون.

هەر لەو روانگەیەوە کوردناسان لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا کۆمەڵگای کوردیان بەسەر دوو توێژی سەرەکی دابەش کردووە، توێژی یەکەم، خێڵەکییەکانن کە ژیانی کۆچەری یان هاوشێوە دەژین و بایەخ بە ئاژەڵداری دەدەن. توێژی دووەم ، جوتیارەکانن (**جویدە ،٢٠١٣،ل٨٧**).

لەڕووی ئاینییەوە هەرچەندە کۆمەڵگای کوردی پابەندییەکی بەهێزیان بەئاینەوە هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە ڕووداوەکان ئەوەیان سەلماندووە کە پابەندی خێڵایەتی میللەتی کورد لە پابەندیان بە ئاین بەهێزتر بووە (**جویدە، س.پ ، ل١٠١** ).

بەپێی پێکهاتە ودابەشبوونی دیموگرافی کۆمەڵگای کوردی لەو سەردەمەدا ئامارەکان بەپێی سەرژمێری ساڵی (١٩٥٧) دەری دەخەن کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان بەڕێژەی(٧١٪ ) لەو قۆناغەدا گوندنشین بوون و تەنها ڕێژەی ( ٢٩٪) دانیشتوان شارنشین بوون (**جویدە، س.پ ، ل١٠١ )**.

نزمی ئاستی خوێندەواری دۆخێکی نەخوازراوی ترە کە کۆمەڵگای کوردستانی تێدا دەژیا. بۆنموونە سەبارەت بە دۆخی نەخوێندەواری لەکوردستانی ئێران عەبدورەحمان قاسملۆ دەڵێت: زیاتر لە ٧٠٪کۆی دانیشتوان ، زیاتر لە ٨٠٪ی ئافرەتان بەتایبەتی لەساڵی ١٩٧٠ نەخوێندەوار بوون( **قاسملۆ، ٢٠٢١ ،ل١٩)**. هەرچەند ئەو ڕێژەیە ئاماژە بەدۆخی نەخوێندەواری کوردستانی ئێران دەکات، بەڵام بارودۆخی خوێندەواری لەکوردستانی عێراقیش لەوە باشتر نەبووە.

## • ژینگەی سیاسی کوردستان :

لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و دابەشکردنی میراتی دەسەڵەتداری عوسمانی بەسەر دەوڵەتانی براوەی جەنگ، دەولەتی عێراق وەک غەنیمە دەکەوێتە ژێر هەژموونی ئیمپریالیزمی ئینگلیز کە ئەویش ڕژێمی پاشایەتی لەو وڵاتە دادەمەزرینێت. لەماوەی ٢٥ ساڵەدا (١٩٢١- ١٩٤٦) تا دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، چەندین ڕووداوی سیاسی لەکوردستان ڕوودەدەن .

حوکمڕانی شێخ مەحمود لەسلێمانی ساڵی ( ١٩٢٢) ، هەڵگیرسانی شۆڕشی یەکەمی بارزان ساڵی ( ١٩٣٢ )، پێکدادان و هەڵگیرسانی شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و بەگژداچوونی ئینگلیز ، هەڵگیرسانی شۆڕشی دووەمی بارزان (١٩٤٣) و چوونی مستەفا بارزانی و بارزانییەکان بەناچاری بۆ ڕۆژهەڵات (١٩٤٥). نائومێدی کورد لە ڕژێمی عێراق و دەوڵەتی پاشایەتی ئینگلیز لە بەدەستهێنانی مافی گەلی کورد و پشتگوێ خستنی بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلان سەبارەت بە مافی کورد دوای کۆتایی هاتنی ماوەی ئینتیدابی بەریتانی و دەرچوونیان لە عێراق.

بەرەوپیرەوەچونی ژمارەیەک گەنج و خوێندەواری کورد بە ئاڕاستەی سۆسیالیزم و چەپگەرایی ، دیارە وەک ئەدمۆندس دەڵێ ،گەشەسەندنی تەوژمی سۆسیالیستی و پێشوازی کردنی بەشێک لە گەنج وڕۆشنبیری کورد لەبەر تێگەیشتن و بایەخدانیان بە بیری مارکسی نەبوو، بەڵکولەنائومێدی بەدوای دەرفەتی تر دەگەڕان ( **جویدە، ٢٠١٣ ، ل٦٢٩)** .

دامەزراندنی چەندین کۆمەڵەو ڕێکخراوی ڕۆشنبیری سیاسی وەکو (کۆمەڵەی خۆیبوون لە ساڵی ١٩٢٢،دارکەر لە ساڵی ١٩٣٧،کۆمەڵەی هیوا لەساڵی ١٩٣٩. **(عارف ، ٢٠٠٨ ،ل٤٤و٤٥)**.

## • دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

بەلەبەرچاوگرتنی ڕەوشی سیاسی وکۆمەڵایەتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ و دووری مستەفا بارزانی لە کوردستانی عێراق وبەشداری کردنیان لەکۆمارە تازە دامەزراوەکەی مەهاباد چەند پرسیارێکی گرنگ دێنەپێشەوە، چۆن و بۆچی بڕیاری دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق دەدرێت ؟ ناکۆکی و ململانێ کانی ناو پارتی کەی ، وبۆ ، و لەنێوان کێ هەڵگیرسا؟.

ئامانجی سەرەکی ئێمە لەوباسەدا وەڵامدانەوەی ئەوکۆمەڵە پرسیارەو تیشک خستنە سەردیوە ناڕوونەکانی ئەو ڕووداوە گرنگەیە .

ئەزموونی بارزانی وەکو جەنگاوەرو سەرکردەیەک لە شۆڕشەکانی بارزان وتەنگ وچەڵەمەی دوورخستنەوەو ژیان لە مەنفا، ئاشنابوون بە چەندین کەسایەتی سیاسی وکۆمەڵایەتی و ڕوناکبیر،چ لەناو کۆمەڵەی هیوا لەماوەی مانەوەی لەسلێمانی، ودواتر ئەزموونی لە کۆمار، بارزانی گەیاندە ئەو بیروباوەڕەی کە نەبوونی پارتێکی بەهێزی سەرتاسەری لەکوردستانی عێراق وناکۆکی وململانێی خێڵەکوردەکان وبەگژیەکداچوونیان بە فیتی حکومەتەکانی ناوچەکە هۆکارێکی سەرەکی سەرنەکەوتنی شۆڕشەکانە .

راستە لەو سەردەمەدا حزبی هیوا بوونی هەبووەو پشتیوانی لەو شۆڕشە کردووە، بەڵام بەوپێ یەی ئەو پارتە لە دەستەبژێرێکی مەدەنی پێکهاتبوون، پاڵپشتییەکانیان زیاتر لە چوارچێوەی گەیاندنی زانیاری وبڵاوکردنەوە بووە. هەروەها وەک باس دەکرێت تەنانەت سەرکردایەتی حزبی هیوا لە پشتیوانی کردن ونەکردنی شۆڕشی دووەمی بارزان، بەسەر دوو بەرە دابەش ببوون، بەرەی ڕاستڕەو کە ڕەفیق حلمی سەرپەرشتی دەکرد ، ئەوبەرەیە پێی وابوو ئەو شۆڕشە زیاتر مۆرکی خێڵەکی پێوەیەو خزمەتی پرسی نەتەوەیی ناکات ، بەڵام لەبەرامبەردا ژمارەیەک لە ئەفسەرانی ئازاد کە هەر ئەندامی حزبی هیوابوون لەناویان (میرحاج ئەحمەد، مستەفا خۆشناو، عزەت عبدالعزیز) پەیوەندیان بە شۆڕشی بارزانەوە کرد، وبارزانی بەهەماهەنگی لەگەڵیان بۆ سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی جەنگ لە١٢ کانونی دووەمی ١٩٤٥لێژنەی ئازادی پێکهێنا ( **علی، ٢٠٠٣ ،ل٦٢٧و٦٢٨)**.

دوای ئەوەی بارزانی لەگەڵ لێژنەی ئازادی وجەنگاوەرەکانی تری بارزانی بەرەو کوردستانی ئێران پاشەکشە دەکەن ،قۆناغێکی تری خەباتی سیاسی بۆ گەلی کوردستان وبارزانی دێتەئاراوە.

لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانی دا هاوپەیمانان پەلاماری دەوڵەتی ئێران دەدەن، لەوناوەندەدا ڕوسەکان دەستبەسەر بەشی ئازەربایجان وکوردستانی ئێران دادەگرن وبوار بۆ دامەزراندنی هەردوو حکومەتەکانی کۆماری کوردستان وئازەربایجان دەڕەخسێنن. حکومەتی کۆماری مەهاباد لە

(١٩٤٦/١/٢٢) ڕادەگەیەنرێت و بارزانی بەرپرسیاریەتی سەربازی سوپای کۆمارلەئەستۆ دەگرێت( **علی، ٢٠٠٣ ،ل٧٣٣)**

دیارە بەرلە دامەزراندنی کۆمارلەسالانی بەرایی نوخبەی ڕۆشنبیرو خوێندەواری ئەوبەشەی کوردستان بە پێکهێنانی کۆمەڵەورێکخراوی سیاسی هەوڵیان داوە لەناوکایە سیاسییەکاندا ڕۆڵ ببینن وسەرنجی وڵاتان ورژێمەکان بۆ مافی گەلی کوردستان رابکێشن ،کە پێکهێنانی(ژ.ک) کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لە ١٦ئابی ١٩٤٢بەیەکێک لەو هەوڵانەدادەنرێت.هەر لەماوەی دامەزراندنی کۆماری مەهاباد دا لەژێر کاریگەری وهاندانی ڕوسەکان پارتێکی دیکە لەدایک دەبێت بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان. گشت ئەندامانی کۆمەڵەی (ژ.ک) خەباتی خۆیان بۆ ناو ئەوپارتەدەگوازنەوە( **قاسملۆ، ٢٠٢١ ،ل٢٧و٢٩).**

بەپێی لێکۆڵینەوەو زانیارییەکان دەردەکەویت کە پەیوەندی وهەماهەنگییەکی پتەو لەنێوان سیاسی ورۆشنبیرانی بەشەکانی کوردستان لەگەڵ یەکتری هەبووە، بۆنموونە دامەزراندنی لقی ژ.ک لە سلیمانی وشارەکانی تری کوردستان، سەردانی ئەندامانی حزبی هیوا بۆلای ئەندامانی ڕێکخراوی (ژ.ک) لە ڕۆژهەڵات، ئاڵوگۆڕکردنی بڵاوکاراوەو گۆڤارەکان **(ئەمین ،١٩٩٣،ل٧٢و٧٣).**

بارزانی مستەفاو بەشێک لەوسەرکردانەی لەماوەی حوکمڕانی کۆماردا لە ڕۆژهەڵات بوون، بیریان لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق کردەوە ، ڕەشنوسی پرۆگرام وپەیرەوێک بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکرا وبارزانی هەمزەعەبدوڵای ڕاسپارد کە بگەڕێتەوەو لەوبارەیەوە گفتوگۆ لەگەڵ پارت وکۆمەڵەو ڕێکخراو وکەسایەتییەکان بکات، تاکو بێنە ناو ئەو پارتەوە و ڕیزەکانی خۆیان یەک بخەن.

سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بە هەبوونی جۆرێک لە ناکۆکی و بیروڕای جیاواز دەدەن سەبارەت بە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە عێراق، سەبارەت قبوڵ یا ڕەتکردنەوەی ئەو بیرۆکەیە ئارگیۆمێنتی جیاواز هەبوو.

بەشێک لەوئەندام وکەسایەتیانەی لە لقی سلێمانی پارتی کاریان دەکرد، کە دیارترینیان (ئیبراهیم ئەحمەد)ە وەکو بەرپرسی ئەولقە، لەسەرەتادا ئامادە نەبوون خۆیان هەڵبوەشێننەوەو بچنە ناوڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، بەبیانوی ئەوەی دەبێ ڕوخسەت لە قازی محمد وەربگیردێت، هەروەها باوەری وابووە کە دابەشکردنی خەباتی کورد لەبەشەکانی تری کوردستان، کۆمار لاواز دەکات .

لەبەرامبەردا بارزانی وهاوسەنگەرانی لەوباوەڕەدابوون ،کە خەباتی کورد لە بەشی کوردستانی عێراق بە بەراورد لەگەڵ خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئێران کە لەوکاتەدا لەچوارچێوەی کۆمارێکی ئۆتۆنۆم دا خەباتیان دەکرد ،لەقۆناغێکی زۆر سەرەتاییە، هەروەها دووری نێوان مهاباد و شار و شارۆچکەکانی بەشی کوردستانی عێراق، ڕێکارەکانی گەیاندنی هەواڵ وهەماهەنگی کردنی بەردەوام

کارێکی سەختە، بۆیە پێویستە ئەو دامەزراوەیە سەربەخۆیی هەبێت و لەناو خودی دەوڵەتی عێراق دابێت( **کوچیرا، ١٣٧٣،ل٢٣٧)**.

وێرای ئەو ناکۆکییە سەرەتاییە، پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی تری گرنگ بکەین ئەویش کارتێکردنی فەلسەفەی مارکسی وخەباتی بەشێک لە ڕۆشنبیرو کەسایەتی سیاسی کوردە لەناو ڕیزی کۆمەڵەو پارتە سیاسیە چەپەکانی کوردستانی عێراق ئەو بارودۆخە بەجۆرێکی تر هەوێنی سەرهەڵدانی ململانی بوون لەناو ڕیزەکانی پارتی هەر لەسەرەتای دامەزراندن و دواتریش.

تەنانەت ئەوانەش هەڵگری بیروباوەڕی چەپی بوون لەسەر ئەوە ناکۆک بوون کە ئایا پرسی کورد ومیللەتی کورد، پرسیکی سەربەخۆیەو پێویستە لەچوارچێوەی خەباتی پارتە سۆسیالیستیەکان بەشێوەیەکی سەربەخۆ هەوڵی بۆ بدرێت ،یان زو لّم وچەوسانەوەی گەلی کورد لەچوارچێوەی بەدەستهێنانی مافی مرۆڤ وخەباتی گەلانی چەوساوە و دیموکراسیەتی سەرتاسەری دەستەبەر دەبێت؟ یاخود ئایا ناسیۆنالیزمی کوردی وبیری سۆسیالیزم، دەکرێ لێکتری گرێ بدرێن یان بەلاڕێدا بردنی ئەوئایدۆلۆژەیەیە کە خەبات بۆ چینایەتی دەکات ؟.

ئەو جەدەلە هۆکاری ململانیی چڕی گرووپ وپارتە تازەدامەزراوەکان بوو، تەنانەت هەندێ جار هۆکاری لەبەریەک هەڵوەشانەوە ودامەزراندنی ئۆرگانی تر بوون.

یەکگرتنی کۆمەڵەیەکی چەپی کوردی بەناوی (کۆمەڵەی میلەت) کەساڵی ١٩٤٣ لەشاری هەولێر دامەزرا وصالح حەیدەری سەرکردایەتی دەکرد ،لەگەڵ گرووپێک (جماعە القاعیدە)کە ئەوانیش لە حزبی شوعی عێراقی جیابونەوە لەژێر ناوی ڕێکخراوی یەکێتی تێکۆشین (وحدةالنضال) یەکێکە لەونموونانە.

لە ٢٠نیسانی ساڵی ١٩٤٥ دوای ئەوەی یەکێتی تێکۆشین جارێکی دیکە لەگەڵ حزبی شوعی عێراق تێکەڵ دەبێتەوە ، لەبەرئەوەی لە بەیانی ڕاگەیەندراو سەبارەت بەگەڕانەوەی ئەو گرووپە، هیچ ئاماژەیەک بە کێشەی کورد نەکراوە ، بۆیە سەرکردایەتی لقی کوردی یەکێتی تێکۆشین بڕیاردەدەن ناوی خۆیان بگۆڕن بۆ حزبی شوعی کوردستان- عێراق، بەناوی بڵاوکراوە نهێنیەکەیان (شۆڕش) ناویان دەرکرد.

بەهۆی تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی وئابووری کوردستان ، قبوڵنەکردنی فەلسەفەی مارکسی لەناوەندی کۆمەڵگای کوردیدا بەشێوەیەکی بەربڵاو، ژمارەی ئەندامانی شۆڕش (٣٥٠) کەسی تێنەپەڕاند. هەر لە ساڵی ١٩٤٥ پارتێکی دیکە بەناوی حزبی ڕزگاری کورد لە کۆمەڵێک پێشکەوتوخواز وباڵی نەتەوەیی ناو شۆڕش وبەشێک لەو سەرکردانەی پێشتر لە حزبی هیوا بوون دامەزرا، لەبەرئەوەی پرسی نەتەوەیی وخەبات لەوپێناوەدا ئامانجی سەرەکی حزبی ڕزگاری بوو کە ئەمەش زیاتر لەگەڵ ویستی میللەت دەگونجا، بووەهۆی بەرفراوان بوونی پێگەی جەماوەری ئەو پارتە **(عارف، ٢٠٠٨، ل٤٦-٤٨)**.

کاتێک بارزانی هەمزەعەبدوڵا دەنێرێتەوە کوردستان بۆئەوەی لەگەڵ هەردوو پارتی ڕزگاری وشۆڕش پرسی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان گفتوگۆ بکەن و داوایان لێ بکات بێنە ناوڕیزی ئەو پارتەوە ، ململانێ کان بەتایبەتی لەناو شۆڕش جارێکی دیکە سەرهەلدەداتەوە.

لەجاوپیکەوتنێکی تایبەتی هەمزە عەبدوڵلادا  کە لە ساڵی ١٩٩٨ لەلایان بنکەی ژینەوە ئەنجام دراوە، ناوبراو باسی گەڕانەوەی دەکات بۆ کوردستان ، دوای ئەوەی پەیامی بارزانی وبەیانی دامەزراندن دەگەیەنێتە دەست پارتی ڕزگاری وشۆڕش هەردوو پارت بڕیاری هاتنە ناوپارتی قبوڵ دەکەن، بەڵام لەناو شۆڕش  گرووپێکیان بەبیانوی ئەوەی لەناو پارتی دەرەبەگەکان بەشدارن بۆیە ئامادەنین بێنە ناوپارتی وچوونەتە  ناو حزبی شوعی عێراق .

وەک تێبینی دەکرێت بەرلەدامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێڕاق، کە سەرەتا  بەناوی پارتی دیموکراتی کورد دادەمزرێت ، جۆرەها لێکترازان و ململانی لەو ناوەندە هەبووە، کەواتە زەمینەی ناکۆکی و ململانێ لەئارادابووە، بۆیە ئەو بارودۆخە لەگەڵ دامەزراندنی پارتی دەگوازرێتەوە بۆناو پارتی. سروشت وهۆکاری ناکۆی وململانێ کان دەتوانین بەسەر سێ ئاست دابەش بکەین:

## یەکەم/ ململانیی فکری :

بڵاوبوونەوەی  فکری مارکسی لینینی و چەپگەرایی ودژە ئیمپریالزم بوون، دۆخێکی ناجێگیرو ئیزدواجیەتی  لەناو بەشێک لە نوخبەی سیاسی کورد دروست کرد بوو. بەشێک لەوانەی کەسەر بەو مەدرەسەیە بوون بەئاسانی یەکتریان بە کۆنەپەرست و موالی ئیمپریالیست تۆمەتبار دەکرد.

هەمزە عەبدوڵڵا کە یەکەم سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، یەکێکە لەو قوربانیانە. هەمزە عەبدوڵڵا ،وەکو خۆی لەژیاننامەکەی ئاماژەی پێ داوە هەر لەسەرەتای لاوی لە ساڵانی ١٩٣٤ دەچێتە ناو ڕێکخستنەسەرەتاییەکانی حزبی شوعی عێڕاق بەناو کۆمەڵەی(الاصلاح الشعبی) .ئەو دەڵێت من کاریگەری هەردوو بیری نەتەوەیی وسۆسیالیستیم لەسەر بوو. کەچی کاتێک بارزانی بۆ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕەوانەی عێڕاقی دەکاتەوە، لەلایان هەندێ سیاسی و مارکسی تر ڕەخنەی ئاراستە دەکرێت. جەلال تاڵەبانی لە کتێبی بیرەوەری تەمەندا ئاماژە بەوە دەدات کە ئەندامانی پارتی شۆڕش گشتیان ئامادەبوون بێنە ناوپارتی، بەمەرجێک جلەو وبڕبڕەی پشتی کارەکە بەدەست کەسانی مارکس ولینینیەوەبێت. کەچی کاتێ هەمزە لەمەهاباد گەڕایەوە ئەوبۆچوونەی ڕەتکردەوە وتیۆریەکی زۆر ڕاسترەوانەی داهێنا، گوایە کۆمەڵگای کورد کۆمەڵگایەکی عەشایەرییەو هێزی سەرەکی تێیدا عەشایەرە ، بۆیەدەبێ شۆڕش بۆڕزگاری گەلی کورد سوود لە هێزی عشایەر وەربگرێت (**ڕەشید، ٢٠١٧، ل٥٠**).

کاتێک بەنوێنەرایەتی بارزانی و بەشداری سەرکردەکانی شۆڕش ورزگاری ژمارەیەک کەسایەتی نیشتیمانپەروەر لە ١٦ئابی ١٩٤٦ بەشێوەیەکی نهێنی پارتی دیموکراتی کورد دادەمەزرێت ودەستەی تازەی سەرکردایەتی هەڵدەبژێردێت، بارزانی وەک سەرۆکی پارتی، شێخ لەتیف وکاکەزیادیش وەکو جێگری یەکەم ودووەم وهەمزەعەبدوڵاش دەبێتە یەکەم سکرتێری پارتی .

سەبارەت بە فۆرمی کارکردنی پارتی لەو سەرەتایەدا کریسکۆچێرا دەڵێت: پێکهاتەی حزب بەشێوەی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت ڕێکخرا بوو، ئەنجومەنێکی سەرکردایەتی هەبوو کە ئەفسەرانی نیشتیمان پەروەری وەکو(میرحاج وعزەت عەبدوالعزیز ومستەفا خۆشناو،نوری ئەحمەد تەها)تێیدا ئەندام بوون، هەروەها مەکتەبێکی سیاسی کە دەسەڵات وهێزی سەرەکی لای ئەوانە پێکهاتبوو لە (هەمزەعەبدوڵا وعەلی عەبدوڵا ودکتۆر جەعفەر) **(کوچیرا، ١٣٧٣ ، ل٢٣٨).**

هەرچەند هەر لەسەرەتاوە ئەو پێکهاتە تازەیە بۆ هەندێ لە چەپەکان دەبێتە جێگای گلەیی و تانەلێدان . ئەو ئیزدواجیەتە لەساڵانی دواتر زیاتر زەق دەبێتەوە.

## دووەم/ ململانێ لەپێناو پێگەو دەسەڵات:

دوای ڕوخانی کۆماری مەهاباد وچوونی بارزانی و هەڤاڵەکانی بۆ یەکێتی سۆڤیەت ، ناکۆکی و ململانێ ناوخۆییەکان لەناو پارتی لەعێراق بەهێزتر دەبێت وتەنانەت دەبێتە هۆکاری دابەشبوونی پارتی . سەیرلەوەشدایە هەردوو لا لەژێرکاریگەری بیری سۆسیالیستی وهاوسۆزیان لەگەڵ سۆڤییەت لەخەباتی خۆیان بەردەوام دەبن. لەکۆنگرەی دامەزراندنی پارتی لە بەغدا ، هەرچەند ئیبراهیم ئەحمەد مەیلی بەشداری کردنی لەکۆنگرە هەبووە وەکو چاودێر، بەڵام لەبەرئەوەی ئامادە نەبووە  لقی سلێمانی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبوەشێنێتەوەو بێتە ناوپارتی، هەمزە ڕێگای پێ نادات بەشداری لەکۆنگرەبکات **(کۆچیرا، ١٣٧٣، ٢٣٩).**

ڕەنگە ئەوە دەسپێکی ململانێی نێوان ئەو دوو کەسە بێت، کە دواتر بەرفرەوانتر دەبێت ودەبێتە ململانێی نێوان باڵی هەمزەیی وئیبراهیم ئەحمەد .

کاتێک لە ١٩٤٩دا حکومەتی نوریسەعید دادەمەزرێت، سەرکردەوسیاسییە نیشتیمانییەکان بەرشاڵاوی ڕەشبگیریەکی فراوان دەکەون، ئەو بارودۆخە بەشێک لە سەرکردایەتی پارتیش دەگرێتە. هەمزە عەبدوڵاش دەسگیر دەکرێت و لە ١٩٥٠ ئازاد دەکرێت، لەومیانەدا ناکۆکی گەورە لەنێوان باڵەکان دروست دەبێت، پاشان لە کۆنگرەی دووەمی پارتی دا  کە لە١٩٥١ لەبەغدا دەبەسترێت، بەهۆی ئەوەی هەندێ تۆمەت ئاڕاستەی هەمزە دەکرێت،و داوای لێ دەکەن دەسبەرداری سکرتێری بێت، هەر لەومیانەدا جارێکی دیکە ناوبراو لەلایان حکومەتی عێراق دەسگیردەکرێتەوەو هەوڵی دورخستنەوەی

دەدەن بۆ تورکیا لەبەرئەوەی بەرەگەز عێراقی نەبووە، بەڵام دواتر خۆی دەرباز دەکات و دەگەڕێتەوە شاری موسڵ.

هەمزە لەدەستنوسی ژیانامەکەیدا دەگێڕێتەوەو دەڵێت، هەرچەند جارێ کۆنگرە تەواو نەببوو کەچی لە پشوەکەدا منیان بانگی دەرەوە کرد  کە داوای بوونەوە بە سکرتێر نەکەم و لەبەرامبەردا هەر بە ئەندامی لێژنەی ناوەندی دەمێنمەوە، نازانم ئەوە ڕای هەندێک یا زۆرینە بوو؟ تەنها یەک ڕۆژ لەکۆنگرە مامەوە، بەرەو سلێمانی گەڕامەوە. هەر لەدرێژەی گێرانەوەکانی دەڵێت، بیرمە مام جەلال ئەوەی پێ خۆش نەبوو، بەڵام کاریگەری ئیبراهیم ئەحمەدی لەسەر بوو. لەو کۆنگرەیەدا ئیبراهیم ئەحمەد دەبێتە سکرتێری پارتی .

لە کۆنگرەی دووەمەوە تاساڵی ١٩٥٦پارتی دەبێتە دوو باڵ، یەکێکیان ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری دەبی بەناوی پارتی دیموکراتی کورد- عێراق) کە لەکۆنگرەی سێیەم (١٩٥٣/١/٢٦کەرکوک) ناوەکە دەبێتە(پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق) وهەر ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێر دەبێ، و ڕۆژنامەی ڕزگاری زمانحاڵی دەبێت.

باڵی دووەم هەمزە عەبدوڵا سکرتێر دەبێ لەژێرناوی (پارتی دیموکراتی کورد-عێراق/بەرەی پێشکەوتوو) هەر بڵاوکراوەی ڕزگاری بەزمانەکانی عەرەبی وکوردی وەک زمانحاڵ دەردەکرد(**سالح، ٢٠١١،ل٦)**.

سەیرەکە لەوەدایە کە نەهج وئاڕاستەی کارکردنی هەردوو باڵی فکری پارتی لەوسەردەمەدا ه چەپی بووە ، تەنانەت ئەو ئاڕاستەیە لە ناوەڕۆکی ئەو پەیام وبابەتانەش ڕەنگی دابوویەوە کە لە هەردوو بڵاوکراوەی زمانحاڵیان پەخش دەکران.

بۆنموونە، لەژمارە ١، ساڵی٧ بڵاوکراوەی ڕزگاری باڵی (پارتی دیموکراتی کورد- عێراق) بەبۆنەی کۆچی دوایی ستالین، نامەیەک ئاڕاستەی پارتی دیموکراتی کوردستان کراوە،نامەکە بەو شێوەیە دەست پێ دەکات(بەبۆنەی کۆچی دوایی سەرکردەی مەزنی مرۆڤایەتیی پێشکەوتوو ستالینی نەمرەوە )( **سالح ، ٢٠١١ ،ل١٣٢)**.

کەواتە کاتێک پێکهاتەی پارتی وسەرکردە دیارەکانی ناو پارتی زۆربەیان لەبن کاریگەری بیری چەپین، کەواتە هۆکاری ململانێ کان چی بوو؟

هەرچەندە بارزانی لەسۆڤییەت بوو، هیچ پەیوەندی بەو ناکۆکی وململانێ ناوخۆیەی پارتیەوە نەبوو، کەچی هەندێ لەو سەرکردانە گرفتیان لەگەڵ پێگەی بارزانیش هەبوو وەک سەرۆکی پارتی .

جەلال تاڵەبانی لە کتێبی دیداری تەمەن دا لەوبارەیەوە دەڵێت:مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، ڕەئی وابو، بارزانی لەوڵات نییەوئاگای لێ نییەونازانین ئایا ئەو سەرۆکی پارتی قبوڵە یان نا؟ ئێمە ئەو، وەک سەرۆک قبوڵ ناکەین، لەبەرامبەردا هەمزە عەبدوڵڵا، مەلامستەفای هەر بەسەرۆکی خۆی و گەلی کوردی

دەزانی .عیبارەتێکی داهێنابو لەکۆتایی هەموو نامەیەکدا ئەبوایە بنوسین (الي الامام بقیادة بطل تحریر کردستان. الجنرال مصطفي البارزاني) هەر سەبارەت بەڕای خۆی لەوبارەیەوە جەلال تاڵەبانی دەڵێت، من پێموابوو بارزانی پێویستە هەر وەک سەرۆک بمێنێتەوە، چونکە بەپێی پەیڕەو، ئەگەر هەرکەسێک لەسەرکردەکان بەهۆی چالاکی سیاسی دوورخرانەوە، لەشوێنی خۆیان هەردەمێنن (**ڕەشید، ٢٠١٧، ل٨٤و٨٥**).

## سێیەم/ هەوڵدان بۆڕاکێشانی بارزانی بۆناو ناکۆکییەکان و دەستێوەردانی بیانی لەوبارەیەوە.

بارزانی بەشێک نەبوو لە ململانێ ناوخۆییەکانی پارتی چونکە لە ١٩٤٦ تا ١٩٥٨ لەدەرەوەی وواڵت بوو، تەنانەت لەساڵی ١٩٥٥ کاتێک جەلال تاڵەبانی دەچێتە سۆڤیەت ولەوێ هەولدەدات چاوی بەبارزانی بکەوێت وباسی ئارێشە ناوخۆییەکانی پارتی بۆدەکات، بارزانی بەڕێگای مام جەلال نامەیەک ئاڕاستەی هەردوو پارتی دەکات وداوای تێکەڵبوونەوەو یەکگرتنەوەیان لێ دەکات، ئیتر لە ١٩٥٦ بەرەی پێشکەوتووی پارتی دێتەوە ناوپارتی ولەسەرداوای ئەوان تا کۆنگرەی چوارەم ناوی پارتی دەبێتە(پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان) (**حەسەن، ٢٠٠٩، ل١٢٣-١٢٥**).

دوای شۆڕشی ١٤تەموزی ساڵی ١٩٥٨ وهاتنە سەر حوکمی عبدولکەریم قاسم و گەڕانەوەی بارزانی ویاوەرەکانی لەسۆڤیەت ، بارزانی هەوڵی داوە ئارامی و تەبایی بخاتە ناو ڕیزی میللەتی کورد ،کە ڕاپۆرتێکی باڵیۆزی بەریتانیا لەعێراق کەبۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەی ناردووە لە ئەرشیفی نیشتیمانی ئەو وواڵتە پارێزراوە، ئەو ڕاستیە پشتڕاست دەکاتەوە. لەناوەڕۆکی ڕاپۆرتی ١٩٦٠/٢/١ باڵیۆزی بەریتانیا سەبارەت بە ڕەوشی کوردستان هاتووە، بەپێی تێڕوانین وزانیاری ژمارەیەک لە هەواڵدەرەکانمان ،ئەوە بەدی دەکرێت کە ناکۆکی ودابەشبوونی ناوخێڵەکانی ناوچەکە، بەشێوەکی گشتی یا کاتی چارەسەرکراوە، کە هۆکارەکەی بۆ هەوڵ ورۆڵی مەلامستەفا بارزانی دەگەڕێتەوە لەبنیادنانی ئاشتی دوای گەڕانەوەیان لەسۆڤیەت (**حبیب ،٢٠١٩ ،ل٢٩**).

وێڕای ڕۆڵی بارزانی لە یەکخستن و ڕەواندنەوەی دووبەرەکی لەئاستی کوردستان بەگشتی، کەچی تەکەتولات و گرفت وناکۆکی لە نێوخۆی پارتی دوای گەڕانەوەی بارزانیش لە مەنفا هەر بەردەوام بوو، هەرلایەک بەدروستکردنی ئارێشە بۆئەویتر هەوڵیان ئەدا پشتیوانی وسەرنجی بارزانی بۆلای خۆیان ڕابکێشن، ماوەیەک ئیبراهیم ئەحمەد لەسکرتێری پارتی لادەبرێت وهەمزەعەبدوڵا دەگەڕێندرێتەوە، بەڵام دواتر لەکۆنگرەی چوارەم بەیەکجاری گروپی هەمزە دوور خرانەوە بەتۆمەتی ئەوەی کە دەیانەوێ پارتی بکەنە پاشگری حزبی شوعی. جەلال تاڵەبانی لەوبارەوە دەڵێت، من پارتەکەی ساڵانی ١٩٥٧و١٩٥٨م ئەویست، ئەوان (گروپی هەمزە) ئەیانویست پارتی بکەنە کلکی حیزبی شوعی عێراقی) (**ڕەشید ، ٢٠١٧ ، ل١٤٨** ).

بەهۆی پابەند نەبوونی حکومەتی کۆماری بەبەڵێنەکانی سەبارەت بە مافی کوردو پشتگوێ خستنی داواکاریەکانی ئەوگەلە، پەیوەندی نێوان پارتی و عەبدولکەریم قاسم بەرەو ساردی دەڕوات، لە سالی ١٩٦١وە ئیتر گرژی دەکەوێتە نێوان بارزانی وعەبدولکەریم قاسمەوە،نەک هەرئەوە تەنانەت حکومەت هەوڵدەدات درزبخاتە ناوڕیزەکانی گەلی کورد و پارتی وبەشێک لەخێڵەکان وسەرکردایەتی پارتی لەدژی بارزانی هان بدات. لە گەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٦١ ئەو دۆخە زیاتر پەرەدەستێنێت.

بەڕێز مەسعود بارزانی لە پەرتوکەکەیدا لەوبارەیەوە دەڵێت: لەسەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول بەهۆی لاوازی هەستی نەتەوەیی ودەمارگیری عەشایەرییەوە، خێڵەکان بەش بەش ببوون و بەرژەوەنی خێڵەکی زاڵتر بوو، بەهۆی دوژمنایەتی وکۆنەقینەکانیان، کاتێک هەر خێڵێک دەیبینی دوژمنەکەی لەبەرەی شۆڕشە بۆ تۆڵەسەندنەوە ئەوانیتر دەچوونەبەرەی حکومەتەوەو دەبوونە جاش. **(بارزانی ، ٢٠٠٤ ،ل٢٣).**

حکومەتی عێراق ئەو خاڵەلاوازەی کوردی بەهەل دەزانی بۆیە ، بۆیە لەڕێگای پڕ چەککردنی هەندێ جار برادۆست وزێبارییەکان کێشەو ناکۆکیان لەناوچەی بارزان دروست دەکرد.یەکێک لەو ڕووداوانە لە ئازاری ١٩٦١ ڕوویدا کاتێک بارزانی سەردانی ناوچەی بارزانی کرد، لەوێ لەگەڵ زێبارییەکان کەلەلایان قاسمەوە چەکدار کرابوون توشی بەرەنگاربوونەوە دەبن **(کۆچێرا، ١٣٧٣ ،ل٢٦٦).**

ڕۆڵ وپەیوەندی بارزانی وەکو سەرکردایەتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کوردستان بەرفراوانتر وگەورەتر بوو لەڕۆڵی ئەو تەنها وەک سەرۆکی پارتی، بۆیە بارزانی لەدەرەوەی ڕێکخستنەکانی پارتی پەیوەندی وئیلتیزاماتی تری لەگەڵ زۆر کەسایەتی و سەرۆکی خێڵ وپیاوانی ئاینی وچین وتوێژەکانی کوردستاندا هەبوو. تەنانەت ئەگەر سەر بە ڕێکخستنەکانی پارتیش نەبوونایە . هۆکاری گەورەبوون وبەهێزی بزووتنەوەی سیاسی گەلی کوردستان لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلول وبەدەستهێنانی پاڵپشتی فراوانی جەماوەر بۆئەو جوڵانەوەیەش هەر ئەو تایبەتمەندییەی بارزانی بوو وەک سەرکردەی بزووتنەوەکە. کەچی ئەم حاڵەتە بۆ هەندێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی ومەکتەبی سیاسی ئەوکاتی پارتی مایەی نیگەرانی بوو، تەنانەت هۆکاری دروستبوونی بەشێک لە ناکۆکییەکان بوو. لەو بارەیەوە کریسکۆچێرا دەنوسێت، هەندێ کات پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەوتە دوای ڕووداوەکان، لە مانگی ئەیلولی سالی ١٩٦١وە کوردستان لە دۆخێکی خرۆشاو کوڵان دابوو، بەشێک لەسەرانی خێڵە کوردییەکان بێ ئەوەی فەرمان لە پارتیەوە وەربگرن ئەندامانی خۆیان سازوئامادە دەکەن بۆ هێرشکردنە سەردامەزراوەکانی حکومەت **(کۆچیرا، ١٣٧٣ ،ل٢٦٦).**

ناکۆکییەکان زیاتر قوڵدەبنەوە، بەتایبەتی لەوکاتەی حکومەتی قاسم بە هێزی سەربازی هێرش دەکاتە سەر کوردستان و تەنانەت لەومیانەدا مۆڵەتی کارکردنی پارتی دیموکراتی کوردستانیش هەڵدەوەشێنتەوەو بارەگاکانی دادەخات، کەچی هەندێ لەسەرکردایەتی پارتی بەتایبەتی ئیبراهیم

ئەحمەد، چەند مانگێک دواتر لەبەغدا دەمێننەوەو خەریکی دانوستاندن دەبن لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم. کریسکۆچێرا لەوبارەیەوە دەڵێت، پارتی دیموکراتی کوردستان (سکرتێر وبەشێک لەئەندامانی سەرکردایەتی ومەکتەبی سیاسی) وێڕای دەسپێکردنی شۆڕشی ١١ئەیلولی ١٩٦١، کەچی تاکو ئازاری ١٩٦٢ بەشێوەیەکی جدی بەشداریان لە جەنگدا نەکرد. ئەم حاڵەتە لای کریسکۆچێرا پرسیارێکی جدی دروست دەکات، ئایا لەبەر ئەوەبوو کە ئەو گرووپە باوەڕیان بەسەرکەوتنی شۆڕشەکە نەبوو، لەدڵەوە حەزیان دەکرد بەشکست خواردنی بارزانی لەگەڵ حکومەت، ئیتر بارزانی کە وەک لەمپەر سەیریان دەکرد، لەسەرڕێگایان لابچێت؟ **( کۆچیرا، ١٣٧٣ ،ل٢٦٧).**

وێڕای نیگەرانی بارزانی لەو هەڵوێستەی بەشێک لەسەرکردایەتی پارتی ، بەڵام هەمیشە بۆ ئامانجە باڵاکان خەباتی دەکرد وئەو بەربەست وئارێشە دروستکردنانە چۆکیان بەخەباتی ئەو سەرکردەیە نەدا.

دوای شەڕودەرگیریەکی زۆرلەگەڵ هێزەکوردیەکان وشکانی جەیشی عێراق لەچەند بەرەیەک ، لە تەمموزی ١٩٦٢ حکومەت گەرایەوە بۆ گفتوگۆ. بارزانی هیچ کات لەگەڵ شەڕوماڵوێرانی نەبوو، هەردەسپێشخەریەکی ئاشتی بەهەل دەزانی بۆئەوەی بە ئاشتی چارەسەری پرسی کورد بکرێت،لەوەڵامی ئەو دەسپێشخەریەی حکومەت بارزانی دەڵێت: **ئێمە هەمووکات حەزمان لە ئاشتییە وئامادەین لەوبارەیەوە بکەوینە گفتوگۆ ( بارزانی ، ٢٠٠٤ ،ل٨٦).**

بارزانی سەرکردەیەکی کینە لەدڵ نەبوو، هەروەها وێڕای ئەوەی ١١ ساڵ لە وڵاتی سۆڤییەت دەمێنێتەوە ، بەڵام بیری شوعیەتی قبوڵ نەکردبوو، لەدوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول و هەڵگیرسانی جەنگ ، هەرچەند حزبی شوعی پشتیوانی لە حکومەتەکەی قاسم دەکرد وئەوبەرەیەی هەڵبژارد، کەچی لەکاتی کودەتای ١٩٦٣ی بەعسیەکان ولەناوبردنی عەبدولکەریم قاسم، دەسپێکردنی ڕەشبگیری دژی کۆمۆنیست وچەپەکان، بارزانی هەڵوێستێکی زۆر مرۆڤانە نیشان دەدات وهەوڵی ڕزگارکردن و پاراستنی زۆریان دەدات ، کەچی ئەو سەرکردانەی ناو پارتی کە هەر لەزووەوە خۆیان بە قوتابی مەدرەسەی مارکس ولینینی دەزانی و گلەییان لەبارزانی هەبوو کە پشتیوانی لە دەرەبەگ و سەرۆک خێڵەکان دەکات ، بەپێچەوانەوە مامەڵەیەکی خراپیان لەگەڵ شوعییەکان کردبوو.

بەڕێز مەسعود بارزانی وەک شاهێدحاڵی ڕووداوەکان لەکتێبەکەیدا لەوبارەوە دەنوسێت، ئەوکاتەی بەشێک لەسەرکردایەتی حزبی شوعی گیران ولەداردران، ئیتر کوردستان ببووە پەنگای شوعیەکان، بارزانی ڕێزی لێ دەگرتن وپێداویستی ژیانی بۆ دابین کردن، تەنانەت ڕێگایان پێدرا کە بەردەوام بن لەکاروخەباتی سیاسی خۆیان. هەر لەو کتێبەیاندا دەڵێن من یەکێک لەوخەڵکەزۆرانە بووم کەگوێیان بۆ عزیز محەمەد شل کردبوو، گوتی لەکاتی ڕووداوەکە پەنای بردۆتە ماوەت، کەچی نەک هەر پێشوازی لێ نەکراوە، بەڵکو ئیبراهیم ئەحمەد زۆر بێ ڕێزی وسوکایەتیشی پێ کردووەو دەری کردوون، کەچی بارزانی پەنای داون وڕێزی لێ گرتوون **(بارزانی ، ٢٠٠٤ ،ل١١٠).**

ئەم پاڵپشتیەی بارزانی بۆشوعیەکان مایەی نیگەرانی ئەو بەعسیانە بوو کە بەکودەتا هاتبوونە سەرحوکم. بۆیە هەرچەند بارزانی هەوڵی دا لاپەڕێکی تازە لەگەڵ حکومەتی تازەی عێراق بکاتەوە وداوای گفتۆگۆکرا، کەچی بێ ئەنجام بوو، شەڕ لەنێوان پێشمەرگەو حکومەت هەڵدەگیرسێتەوە.

ڕژێمەکانی ناوچەکە هیچ کات نەیان ویستووە گەلی کوردستان خاوەنی یەک سەرکردایەتی بەهێزبێت، وێڕای ئەوەی بە دنەدانی سەرۆک خێڵ وهەندێ کەسی ناو بزووتنەوەکە بەردەوام لەهەوڵی چاندنی تۆی دووبەرەکی دابوون. تەنانەت لەهەندێ قۆناغدا هاوکاری سەربازیشیان پێشکێشی حکومەتی عێراق کردووە. بەشداری جەیشی سوریا لە ناوچەی دهۆک وزاخۆلە شۆڕشی ئەیلول یەکێکە لەونموونانە ( **کۆچێرا ، ١٣٧٣ ،ل٢٩٧).**

لە ساڵی دا١٩٦٤ گەڕێکی دیکەی دانوستاندن لەنێوان حکومەتی عەبدوسەلام عارف وپارتی دەست پێ دەکاتەوە، هەرچەند ناوەڕۆکی داواکاری وبەندەکانی ڕێکەوتننامەی کورد بۆ بەغدا لەلایان ئیبراهیم ئەحمەدەوە نوسراوەتەوە و جەلال تاڵەبانی وەک نوێنەری پارتی سەرکردایەتی وەفدی پارتی دەکرد بۆ بەغدا، کەچی لە قبووڵکردنی ئاگربەست لەنیوان پارتی وحکومەتی عارف ناکۆکی گەورە لەنیوان پارتی سەرهەڵدەداتەوە. حکومەتی شای ئێران، زۆر هەوڵی دەدا دەسەڵاتی لەناوڕیزەکانی بزووتنەوەی کوردی لەکوردستانی عێراق پەرە پێ بدات، هەبوونی ناکۆکی ودووبەرەکی لەبەرژەوەندی ئەوان دابوو، بۆیە بەڕێگای عقید عیسا پەژمانەوە کە سەربەدەسگای ساواکی ئێران وخەڵکی سنە بوو، ئەو پەیوەندیە لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد بنیاد نرابوو( **بارزانی ، ٢٠٠٤ ،ل١٦٥).**

لە بەڵگەیەکی تردا کە ئاماژە بە هەبوونی ئەو دەستێوەردانە دەکات و مایەی قوڵکردنەوەی ناکۆکییەکانی ناو پارتی بوو، بەڕێزمەسعود بارزانی بارزانی لە کتێبەکەی دا دەنووسێت، کاتێک ڕێککەوتنەکەی شوبات لە ١٩٦٤ئەنجام دەدرێت، ئیبراهیم ئەحمەد لەتاران بوو،هەر دوای گەڕانەوەدەست بە نارەزایەتی وڕەتکردنەوەی ئەو ڕێکەوتنەدەکات و لەناو خەڵکی دەست بە بەدناوکردنی مستەفا بارزانی دەکات، ئەمە لەکاتێکدا هەریەکە لە نووری سدیق شاوەیس وجەلال تاڵەبانی لەکاتی ڕیککەوتنەکە ئامادەییان هەبووە.

ڕەنگبێ ئیبراهیم ئەحمەد لەلایان ئێرانەوە بەڵێنی پاڵپشتیکردنی پێدراوە، کە بەلاوازکردنی بارزانی لە داهاتوودا دەکرێ باشترین بەدیل بێ بۆ سەرکردایەتی کردنی پارتی( **بارزانی، ٢٠٠٤ ، ل١٦٥).**

لۆگیکی قبوڵکردنی بارزانی بۆ ڕێکەوتنی ١٩٦٤ی حکومەتی عارف بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە بارزانی لەخەمی دۆخی هەژاری ونەداری خەڵک بوو، بەهۆی ٣ساڵ جەنگ کوردستان توشی وێرانەیەکی زۆر ببوو، بارودۆخی هێزی پێشمەرگەش پێویستی بە پشووڕێکخستنەوە دەکرد، هەرچەند بارزانی زۆر متمانەی بە بەڵێنەکانی ڕژێم نەبوو، بەڵام ماوەیەک پشوو ئاگربەست لەبەرژەوەندی شۆڕش بوو. دوای دروستبوونی ناکۆکی سەبارەت بە وەستاندنی شەڕوقبوڵکردنی ڕێککەوتنەکە لە ١٧ی ئاداری ١٩٦٤

ئیبراهیم ئەحمەد ،وعەزیزشەمزینی وعومەردەبابە ،هاتنەسەنگەسەر بۆ دیداری بارزانی، بارزانی لەویّ گشت وردەکاری ڕێکەوتنەکەو هۆکاری پشت ئەوڕێکەوتنەی بۆ ڕوون کردنەوە، جەختی لەوە کردەوە کە ئەوڕێککەوتنە تەنها ڕاگرتنی شەڕەبەشێوەیەکی کاتی و تەنیا کارێکی تاکتیکییە، بۆیە داوای لیّ کردن تا لەقەلادزیّ بمێننەوە بۆئەوەی لەکاتی پێویستدا ڕاوێژیان لەگەڵدا بکات. پاش هەفتەیەک مانەویان، نامەیەک ئاراستەی بارزانی دەکەن وبەرەو ماوەت دەگەڕێنەوە.( **بارزانی، ٢٠٠٤ ،ل١٦٧).**

لەڕاپۆرتێکی تری باڵوێزی بەریتانیا لەعێراق کەئاڕاستەی وەزەراتەی دەرەوەی ئەو ووڵاتەکراوە، لەبرگەی ٢ ئەو ناکۆکییە بەو شێوەیەی خوارەوە ئاماژەی پێکراوە.: زانراوە کە لەڕێکەوتی ٧ی تەمووز لەڕانییە یا لەنزیکی کۆبوونەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرکردایەتی بارزانی ئەنجام دراوە. بابەتی گفتوگۆکردن بەگوێرەی ئەو ناکۆکیە بووە کە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لەمەڕ دانوستاندن لەگەڵ حکومەت هەیەتی وڕای وایە هیچ ئەنجامی نابێت.بۆیە ڕایان وایە ئەگەر حکومەت هەر ئەوتاکتیکە بەکاردێنێ ، لەسەر کورد پێویستە هوشداریان پێ بدات و ڕۆژێک بۆدەسپێکردنەوەی جەنگ ڕابگەیەنن، لەبەرامبەردا بارزانی ڕای وابووە کە حکەمەت سەرقاڵە بەکێشەی شیعە و سەرۆک وەزیران پێشنیاری باشی بۆ کورد هەبووە، لەهەمان کاتدا کورد تا تەواوبوونی دروێنەوەو هەڵگرتنی خەلەوخەرمان ناتوانێت جەنگ هەڵبگیرسێنێت. پێویستە بۆ کۆکردنەوەی زەخیرەو پێداویستی شەڕ سوود لەماوەی ئاگربەست وەربگیردرێت( **حەبیب، ٢٠١٩ ، ل١٣٧).**

دوای بەردەوام بوونی ناکۆکییەکان ئیبراهیم ئەحمەد ودەستەکەی بەناوی مەکتەبی سیاسی پارتی لە٤ی نیسانی ١٩٦٤،لە (مالومە) کۆنفرانسێکیان سازدا، لەو کۆنفرانسەدا بەچەند خاڵێک بارزانیان لە هەمو دەسەڵاتەکانی فەرماندەی شۆڕش وسەرۆکایەتی پارتی داماڵی. لەبەرامبەردا کاتێک بارزانی ئەو هەواڵەی خوێندەوە ، گوتی من بەبڕیاری ئەوتاقمە نەبوومە فەرماندەی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان، بەڵکو بەخەبات وماندوبوونی خۆم ئەو پێگەیەم بەدەست هێناوە و لە پێناو مافی گەلی کوردستانیش لەخەبات بەردەوام دەبم وکەسیش ناتوانیت بموەستێنی **(اسماعیل ،٢٠١٦،ل٢٠٦).**

هەر لەو کۆنفرانسەدا بەلاغێک دەردەکەن وگومان دەخەنە سەرئەو ڕێکەوتنە بەو ئاماژەیە(ڕێککەوتنەکەی مشیروبارزانی ئاشتییە یا خۆبەدەستەوەدانە؟)، هەروەها بە بڵاوکردنەوەی قسەی نەشیاو لەناو خەڵکی گوایە( بارزانی کوردستانی بە سێووپڕتەقاڵ فرۆشتووە)دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکەن ( **بارزانی، ٢٠٠٤،ل١٧١و١٧٣).**

ناکۆکییەکان بەوەندە ناوەستێت ، بارزانی بڕیار دەدات سنورێک بۆ ئەودەستەیە دابنێت بۆیە لەڕێگای چەند هێزێکی پێشمەرگەوە هێرشیان دەکەنە سەروئاودیوی سنووری ئێران دەبن ولەوێشەوە دەبرێنە هەمەدان .

دوای ئەو ڕووداوانە لە١٩٦٤ بارزانی بڕیاری بەستی کۆنگرەی شەش لەقەڵا دزە دەدات ولەوێ بڕیار دەدرێت ١٤ ئەندامی لێژنەی سەرکردایەتی پارتی کە لەهەوڵی دووبەرەکی وتێکدانی ڕیزەکانی پارتی کاریانکردووە لەحزب دەردەکرێن ( **کۆچیرا، ١٣٧٣ ،ل٣١٢).**

